# جادووگەری

# گوند

فاضل قەرەداغی

# جادووگەری گوند

رۆمـــان

چاپی دووەم ٢٠١٩

**ناوی کتێب: جادووگەری گوند**

**جۆر: رۆمان**

**نووسەر: فاضل قەرەداغی**

**ساڵی چاپی یەکەم: ٢٠٠٧ – خانەی بڵاوکردنەوەی چوارچرا**

**ساڵی چاپی دووەم ٢٠١٩ – چاپی جیهانی- کۆمپانیای** Lulu

© 2019 by Fadhil Qaradaghi

**پێگەی ئینتەرنێتی نووسەر**

www.zagros.org

**نووسەر خاوەنی هەموو مافەکانە**

جگەلە (شامار) ئەو گوندانەی لەم رۆمانە ناویان هاتووە گوندی راستینو کەوتوونەتە باشووری دەربەندی بازیان لەبناری زنجیرە کێوەکەو لەنزیکی، کەمێکیش دەستکاریی جوگرافیای ناوچەکەم کردووە، مەبەستیش لە (سوڵتان ئاباد)و (گوڵعەنبەر)و (شاری گەورە)و (دەربەندی گەورە)یش (چەمچەماڵ)و (خورماڵ)و (سلێمانی)و (دەربەندی بازیان)ـە. سوڵتان ئاباد ناوێکی کۆنی چەمچەماڵێکی ترە لە کوردستانی ئێران بەڵام لێرە بۆ چەمچەماڵی رۆژئاوای سلێمانیو باکووری رۆژهەڵاتی گوندەکانی ئەم رۆمانە بەکارهاتووە. هەموو ئەم شوێنانە لە کوردستانی باشوورن (کوردستانی عیراق).

## بەهارێکی پاش ڕووداوەکان

سەعاتێك بەر لە ئێوارەی ڕۆژێکی بەهار دوو ڕێبوار بەرەو گوندی (مالۆڵە) دەڕۆشتن. باران زەویی کردبووە قوڕ، ئاسمانیش تێکەڵەیەکی هەورو شینی تێکەڵ بە زەرد بوو. لەوبەریشەوە“ سەرووتر لە زنجیرە شاخەکە، پەلکەزێڕینە ڕێگە ڕەنگینەکەی لەئاسۆوەوە بەرەو بەرزاییەکان بڕیبوو. دوو ڕێبوارەکە دوو ئێسترەکەیان بەرەو ڕۆژهەڵات تاو دەدا تا زوو بگەنە گوندەکە، کارێکیان لە مالۆڵە هەبوو، کەمێك تێی دەمێننەوە دوایی لەوێوە پشت دەکەنە زنجیرە شاخەکەو بەرەو باشووری ڕۆژئاوا شوڕدەبنەوە تا دەگەنە دێی زەنان. دوو ڕێبوار بوون، پیاوێکی بەتەمەن‌و لاوێك سی ساڵی تەواو نەکردبوو.

لەدوورەوە گوندەکەیان لێوە دیار بوو، لەخواریشەوەو هەر لەنزیك بناری زنجیرە شاخەکە تەپۆلکەیەکە قسنێکی لەسەر لوتکە تەختەکەی هەڵگرتووە، داربەڕووە بەرزەکانی قسنەکەش لەدوورەوە نیشانەیەکی دیارتر بوون کە لەو بەرزاییە پیاوچاکێك نێژراوە. پیاوەکە ئێسترەکەی وەستاند، ئاوڕی بۆ خۆری سەر ئاسۆ دایەوەو جارێکی تر ڕووی کردەوە تەپۆلکەکەو زیارەتگەکەی، دەستی بۆ ڕاکێشا:

((ڕەنگە جارێکی تر بۆمان نەکرێ بچین. دەچین‌و کەمێك

ZAGROS WEBSITE

**دەمێنینەوە))**.

خۆیان لە ئاڕاستەی ماڵۆڵە لاداو لای ڕاستیان گرتو گەیشتنە لای تەپۆلکەکە. لە چەمەکەی تەنیشتی پەڕینەوەو دوو ئێسترەکەیان لەخوارەوە جێهێشتو خۆیان سەرکەوتن. نۆ گۆڕ بوون لەسەر ئەو لوتکەیە" گۆڕی پیاوچاکەکەو شەش گۆڕ لەپشتەوەی، حەوت کەس بەڕیز" یەك لەدوای ئەوی ترو وەك نەریتەکە لەناو چاڵەکانیان لەسەر لای ڕاست ڕاکشابوونو ڕوویانکردبووە باشووری ڕۆژئاوا. پیاوچاکەکە لەپێش هەموویانەوە بوو. دوو گۆڕەکەی تریش لەلایەکی تری زیارتگەکە تەنیشت یەك بوون. مەرقەدی پیاوچاکەکە لەگەڵ هەشت گۆڕی موریدەکەی بە شوورایەکی وشکەکەڵەك دەورەدرابوون. لەناو ئەو شوورایەش چەند داربەڕوویەك تازە گەڵایان دەرکردبوو و دەیان پەڕۆی سەوزیان پێوە هەڵواسرابوون.

باران درەختەکانو گۆڕەکانو بەردەکانی شوورای زیارتگەکەی تەڕکردبوو، ئەو گیایەش کە لەسەر گۆڕەکانو لەچواردەوریان خەملێیبوو باوەشی بە تنۆکەکانی باران کردبوو و حەزی نەدەکرد جێیبێڵنو بکەونە سەر زەوی. لاو لەسەر ئەژنۆ بەرامبەر گۆڕی پیاوچاك چۆکی داداو پیاو لەپشتەوەی بەپێوە وەستا. لاوەکە سەری نەوی کردو پاڕایەوە:

((**پیر خدری شامار، پیری غەریبان، کەسێکی غەریبم، دوعام بۆ بکە سەلامەت بڕۆمو سەلامەت بگەڕێمەوەو ئیشەکانم ئاسان بن**)).

پیاوە بەتەمەنەکە بۆی ڕاستکردەوە، پێی وت کە ئەو هەمیشە پیر خدری دەبیست ئامۆژگاریی دەکردنو هەمیشە دەیوت:

((**ڕاستەوخۆ داوا لە خاوەنەکەتان بکەن. دەگریا و دەیوت من کێم تا بمخەنە نێوان خۆتانو خوا. تەنانەت ئاگاداریشی کردینەوە نە بەخۆیو نە بە هیچ ناوێکی تر سوێند نەخۆین**)).

((**خۆت بینیبووت؟**))، پرسیاری لاوەکە بوو.

((**وتەکانیشم بیستبوو**))، وەڵامی پیاوە بەتەمەنەکە بوو.

لاوەکە هەستایە سەرپێ‌و دوعای بۆ پیاوچاك‌و موریدانی نارد. ویستی پارچەیەك پەڕۆی سەوزی سەر لقێك بۆ موبارەکیی سەفەرەکەی لێبکاتەوە. هاوڕێکەی پێی وت پیر خدر ئەوەی بەدروست نەدەزانی. هەردوو چوونە خوارەوەو سواری دوو ئێسترەکەیان بوونەوە. پیاوەکە نەیویست جاریٚ بجوولێٚ. سەری بۆ تەپۆلکەکەو لقەکانی سەرەوەی درەختەکانی سەر لوتکەکەی بەرز کردەوە. لە لاوەکەی پرسی:

((**سیامەند! دەزانی باوکت بۆچی ئەو ناوەی لیٚ نابووی؟**)).

پرسیارەکە ناوەخت‌و ناجۆرو سەیر بوو، پیاوەکە خۆی وەڵامەکەی دایەوە:

((**باوکت بەناوی کەسێکەوە ناوی نابووی سیامەند، منداڵ بووی باوکت مرد، بمایە باسی ئەو سیامەندەی بۆ دەکردی**)).

ئەمجارە لاوەکە پرسی:

((**ئەو سیامەندە وەکو تۆو باوکم خەڵکی شامار بوو؟**)).

یادەوەرییەکانی دڵ زەردەخەنەیان خستە سەر لێوی پیاوەکە. پیاوەکە لەگەڵ ئەو یادانە ڕۆشت تا ئەو کاتەی لاوەکە بە پرسیارێکی تر وریای کردەوە:

((**ئەو سیامەندە چ کارە بوو؟**)).

وەڵامی پیاوەکە وەکو قسەی خەواڵوویەك بوو:

((**شوان بوو. بەڵیٚ شوان بوو**)).

دوو ڕێبوارەکە کەمێك لەو شوێنە مانەوە، پیاوەکە قسەی تری مابوو حەز بە کردنیان بکات. دوو ڕێبوارەکە قسەکانیان کردو لەکۆتایی لاوەکە هاوڕێگەکەی بینی سەیری دوور دەکات‌و گوێی لیٚ بوو دەڵیٚ:

((**ئێێی سیامەند! چۆن کوڕێك بووی!**)).

لاوەکە وایزانی لەگەڵ ئەوێتیو لەقسەکە تێنەگەیشت، پیاوە بەتەمەنەکەش نەیویست تێیبگەیەنێ، ئەو لاوە شتەکانی چۆن بیستووە با هەر وا تێبگات.

پیاوەکە دەستی بەرەو ئاستی زەنان ڕاکێشاو پێی وت کات درەنگەو تازە ناتوانن بچنە ماڵۆڵەو کارەکەی بۆ جارێکی تر هەڵدەگرێ، دەبێ بکەونە ڕێ تا شەو لە زەنان بەرنە سەر.

دوو ڕێبوارەکە ڕۆشتن، پیاوە بەتەمەنەکە بەشی گەشتەکەیان ڕووداوی زەمانێکی دووری هەبوون بێنەوە یادی یان خۆی بۆ ڕۆحو دڵی بانگیان بکات، لاوەکەش بەشی خەیاڵی خۆی هەبوو بیکاتو لە هاوڕێکەیو لەو ڕووداوانە بێئاگا بوو. دوو وڵاخەکەیان تاودا، بەتەنیشت پەلکەزێڕینەکە ڕۆشتنو گەیشتنە گوندی چۆڵو خاپووری شامار کە پیاوە بەتەمەنەکە تەنها بەشی سلاوێك پێی تێدەپەڕێو جێیدەهێڵێ، سلاوێکی لێدەکاتو ڕەنگە تەمەن ئەوەندەی تێ نەمابێ بەشی جارێکی تر گەڕانەوەو سلاوێكو یادکردنەوەیەکی تر بکات.

# بەشی یەکەم

# کوڕی گوند

# 1
## باران

((عاا. عااا. عااا..)).

هەر ئەوەندە هاواری لە ڕانەکەی کردو جارێکی تر لێی بێئاگا مایەوە.

هەور بارانێکی بێ پشووی هەڵگرتبوو، سیامەندیش بێباك لەو هەرەشەیەی بەرزاییەکان دەیانکرد لەسەرخۆ دەڕۆیشت. گالۆکەکەی لەگەڵ هەر هەنگاوێکی توند لە قوڕەکە دەچەقاند یان بەسەر ئەو بەردانەی دەکێشا کە لەڕووی زەوی سەریان دەرپەڕاندبوو. هەور گرمەیەکی تری ناردو ئاگادارییەکی تری شوانەکەی کرد کە خەریکە دەیبارێنم. شوانەکە کەپنەکەکەی سەر شانیی لەخۆی توند کرد. تەماشایەکی ئاسمانی کردو کەپنەکەکەی شلکردەوە" زانی پێویستە وا زوو خۆی بەدەستەوە نەدات، بەدرێژایی ساڵانی کاری شوانی بارانی سەختتری بینیوەو ئەو بارانەی هەور هەڕەشەی ناردنی دەکات جارێ نەگەیشتووە. متمانەی بە کەپنەکی بەریو کڵاوی پانی لبادی سەری کردبوو لەو بارانە بیپارێزن کە بیر لەوە دەکاتەوە بۆ ناو جلەکانیو لەشی دابدات. کەپنەکەکە، کە دەگەیشتە خوار ئەژنۆی، دوو گوێچکەی هەبوو بەشێوەی لوولە لەسەر دوو شانەکەیەوە بۆ دەرەوە دەرچووبوون، دوو گوێچکەکە گورگیان دەترساند. گورگ لێی دەترسێ دەبا هەور هەر بگرمێنێ، بارانیش کەیفی خۆیەتی.





ZAGROS WEBSITE

سـەرەڕای كـزەی سـەرما سـەگەكەی سـیامەند بەدڵخۆشـییەوە كلكی بادەداو لەلای ڕاستی ڕانەكەوە بۆ لای چەپی ڕایدەكردو دوایی بەدەوری دەسووڕایەوە ئینجا دەگەڕایەوە شوێنی یەكـەم. سـەگەكە خۆی هەڵدایە سەر تاوێرێكو لەسەری وەستا، سەری بـۆ هـەور بـەرز كردەوەو بەڕووی وەڕی. تكەیەك كەوتە سەر لووتی.

((عااا. عااا. عااا..)).

جارێكی تر شوانەكە پیڕاندی. ئەمجارە بێئەوەی هەست بـەخۆی بكات.

سیامەند لە ڕانەكەی دواكەوتبوو، هەناسەی قـووڵی دەداو وەكـو كەسێك مەرگی وەرزی كەیفو خۆشییەكەی نزیـك بووبـێو دەیـەوێ زۆرتـرین لـەزەتی لـێ وەربگـرێ هـەوا سـاردەكەی لـە سـییەكانی بەگێردەهێنا، تەماشای زەویی بـەردەمی دەكـردو دیمـەنی ئـەو گیـا سەوزەی تازە دەردەپەڕی لەمێشكی دەهێشتەوە. لای سـەیر بـوو" یەكەم جاری نـەبوو هـەوای ساردو گیـای سـەوز هـاوڕێی بـن، ئـەی بۆچی ئێستا لای بوونەتە شتێكی دەگمـەن؟ تـۆ بڵێـی نزیكـە لێیـان دووربكەوێتـەوە؟ تـۆ بڵێـی كرانـەوەی گرێـی بـەختی نزیـك بووبـێو زستانی چاوەڕوانی بـەهاری ئـاواتی بـەدواوە هاتبـێ؟ یـان لەوانەیـە هەمووی خەیاڵ بێو ئەو هەستەی لەبەر ئەوەیـە چـەند ڕۆژێكـی تـر كاتی شـەوازۆی بـەهار دێو لـەو كاتـەوە تـا دونیـا گـەرم دادێ ئـەو ئازادتر دەبێو شەوان لە دەشتو كێو، نەك لەبەردەستی ئاغـاو دوو كوڕە گەورەكەی، دەباتە سەر؟

سەگەكە بۆ وریاكردنەوەی خاوەنەكەی وەڕی. سەگە زەردە قاچ كورتەكە زۆر لە سەگەكانی گوندەكەو ئەوانەی دەشت جیـاواز بـوو. سـەگەكە بـەدوای ڕانەكـە ڕایـدەكردو پێـی دەوەڕی، بزنـەكان بـێ گوێدانە شوانەكەو سـەگەكەیو ئـەو بارانـەی بەڕێوەیـە بەسـەر ئـەو

قەدپاڵەی ڕوویکردۆتە باشووری ڕۆژئاوا سەردەکەوتن.

سەگەکە خۆی هەڵدایە سەر تاوێرێکی ترو سەیری دووری کردو وەڕی. لە باشوور بەرخەکانو کارەکان، کە لەدایکیان جیاکرابوونەوە تا هەموو شیرەکە نەخۆن، لەگەڵ بەرخەوانەکانیان دوور دیاربوون. سەگەکە ویستی پێیان بڵێ ئەوەتاین لێرە. جارێکی تر وەڕی. تکەیەکی تری باران کەوتە سەر لووتی.

سەگەکە نامەکەی خۆی ناردو لە تاوێرەکە خۆی هەڵدایە خوارەوەو شوێنی بزنەکان کەوت. بزنەکان لە مەڕەکان جیاببوونەوەو بەرزتر هەڵدەزنین. بروسکەیەکی تر لە ئاستی گوند دەرکەوت. شوانەکە وریا بووەوە. هەستێکی نادیار چووە دڵییەوەو بەگوێی خوێندی کە ڕانەکە بەرێتە لای تەپۆلکەکە. بەپەلە لەگەڵ دەنگی گرمەی هەور جووڵاو بەسەر قەدپاڵەکە هەڵگەڕاو پاش کەمێك کەوتە سەرووتر لە بزنەکان، بە هاوارو زەبری گاڵۆك ڕانەکەی بۆ خوارەوە ڕاونا، چغەی لە سەگەکە کرد کە بەدەم ڕاکردنو بادانی کلکە پانەکەیەوەو بە زمانێك لەدەرەوە دەیویست بە خاوەنەکەی بڵێ تۆ نوستبووی‌و من فریایان کەوتم.

بزنەکانو مەڕەکان یەکیان گرتو هەموو بەبارەوە لەژێر فشاری هاوارو دارو جووڵەی سیامەند بۆ چەمەکەی خوارەوە هەڵەداوانیان بوو.

جارێکی تر گرمەی هەور هات. سیامەند بروسکەکەی نەبینی. چەند دڵۆپێك وەکو تیر کەوتن، چاوی لەسەر تەپۆلکەکەی بەردەمی بوو، نەیزانی بۆچی دەیەوێ زوو بگاتە لای. پەلەی کردو گەیشتە تەپۆلکەکەو لەمبەرییەوە لەناو دارەبییەکانی قەراغی چەمەکە کە چەکەرەکانیان بۆ پێشوازی لە وەرزی نوێ سەریان بۆ جیهانی نادیاری دەرەوە دەرکردبوو ڕانەکەی گەیاندە شوێنی گیرسانەوە.

خـۆی چـووه نزیـك داربییـەكی تەنیشـت چـەمەكە. كەپنەكەكـەی لەخۆی توند كردو خۆی دایە دەست ئەو خەیاڵانەی ماوەیەكی زۆرە یەخەی بەرنادەن، یاخود خۆی یەخەیان بەرنادات.

زۆربوونی تكـەكان بیریخسـتەوە هـاوار بـۆ سـەگەكە بكـات بێتـە تەنیشـتی بـەڵام سـەگەكە وایـدەزانی یارییەكـەی ئەوسـایەو هـەر ڕاكردنو كلكبادانی بوو.

دەنگـی ترپـەی دڵۆپـەكان تێكـەڵ بەیـەك بـوونو بوونـە دەنگـی وشەوشێكی بەردەوام. باران ڕەنگی تەمی بەهەوا بەخشیو كۆتـایی بە هێمنیی شوێنەكە هێنا. سیامەند چەند چركەیەكی ژمارد تا باران هەموو تینی خۆی بخاتە گەڕو لەوە بەدوا زیـاتری پێنـەكرێو ببێتـە بارانێكی هێمن، تا ئەو چەند چـركەیەش تێدەپـەڕن مـاوەی ئـەوەی هــەبوو بگەڕێتــەوە بــۆ خەیاڵــەكانی. (شــارەكۆن). نهێنییــەكانی شــارەكۆن. گەنجینــە شــاردراوەكانی. بــەڵام نــەخێر! ئێســتا تەپۆلكەكەی لەبەردەم بوو و لەجیاتی ئەوە با كەمێك لەگـەڵی بـیٚو بەسواری پشتییەوە بەرەو خـەیاڵێكی جیـاواز، جیـاواز لـە سـامانو گەنجینەكانی شارەكۆن بفڕیٚ.

تەپۆلكەی (گـۆڕی كـافران) یـاخود (گـردی كـافران) شـێوەیەكی تایبــەتو سەرنجڕاكێشــی هــەبوو، گردێـك بـوو وەكـو ئەوانـەی بـن زنجیرە شاخەكەو بەرزاییەكانی خـوار شـاخەكە نـەبوو بـەڵكو وەكـو چەند گردێكی هاوشێوەی تری ناوچەكە بوو كە خـەڵك پێیـان دەوت توورەكەڕێژ. گۆڕی كـافران گردێكـی ڕێـك بـوو، سـەرەوەی تـەختو لەشێوە گومەزەییەكەی گردەكـانی تـر نەدەچـوو، لوتكـە تەختەكـە شێوەیەكی بازنەیی هەبوو، لە چـەند شـوێنێك بازنەكـە تێكدەچـوو، بــەڵام بەشـێوەیەكی گشـتی نزیـك بـوو لەشـێوەی بازنــە، لاكـانی گردەكەش تیژو كووڕ، بنەوەشی فـراوانتر. گردەكـە هـەمووی وەكـو

ڕەحەتییەکی بەدەماخراو بوو بەشی سەرەوەی بڕابێ، خۆڵەکەشی هەر سەیر بوو" خۆڵەکەی بەدەگمەن بەردێکی تێ دەبینرا. لەهەموو شوێنێکی ناوچەکەو لەهەموو گردێك تێکەڵەی بەردو خۆڵ بوو، زۆر گرد بەردەکەیان زیاتر بوو، بەڵام ئەو تەپۆلکەیە لەتەگۆزەی زۆری تیابوو.

دەمێك بوو سیامەند سەریسوڕمابوو لەو گردەو لە گردەکانی هاوشێوەی کە لەجیاتی بەرد پڕ بوون لە سواڵەت. شتە سەیرەکان لەوەش زۆرتر بوون. چەند شتێکی ناڕێكو جیاوازی لەخەڵك لەبارەی ئەو گردەوە دەبیست. زۆربەیان گردەکەیان بە گۆڕستانی نەوەکانی کۆن دەزانی، بەڵگەشیان ئەو سێ گۆڕەیە کە بەسەر گردەکەوەن، بەڵام کەس نەیدەزانی ئەگەر گۆڕستان بووبێ بۆچی وا بەرز دروستکراوە؟

هەبوو دەیوت گردەکە دەستکردی مرۆڤە کۆنەکانە کە ویستبوویان لە زەویی دەوروبەری بەرزتربێ، بەڵام بۆچی؟ ئەی بۆچی گردێکی خواکردیان هەڵنەبژارد کە پڕی ناوچەکەن؟ هەندێکی تر دەیانوت گردەکە خاڵێکی چاودێری بووەو پاشایەك هەبووە ئەو خۆڵەی بە کۆڵی خەڵك هێناوە، بەڵام دیسان بۆچی یەکێك لەو گردانەی هەڵنەبژارد کە بەرزترن‌و کاری پاچکاری‌و کۆڵکارییان نەدەویست؟ سیامەند کە قەناعەتی بەهیچ لەو قسانە نەبوو حەزی لەو چیرۆکانە دەکرد کە خەڵك دەیانگێڕانەوەو شێوازێکی تریان وەرگرتبوو:

ئەژدیهایەك ڕۆژانە ڕێگە بە خەڵك دەگرێ، پاشاش تەڵەیەکی بۆ دروست دەکات‌و دەیگرێ. ئەژدیها دیلەکە تیرباران دەکرێ بەڵام کەس ناوێرێ نزیکی بکەوێ، تیرەکانیش سەردەکەن‌و کورتدەکەن، ئەو تیرەش کە بەریدەکەوێ کاری تێناکات. پاشا پرس بە خەڵك

دەكات، پیاوێكیش پێی دەڵێ خۆڵ بكرێتە چواردەوری ئەژدیهاكە ئینجا وردەوردە بەدەم دروستكردنی شووورای خۆڵەوە لێی نزیك ببنەوە، بەم جۆرە بەردەوام دەبن تا دەیخەنە ژێر خۆڵەكەو دەیخنكێنن. پاشا ئەوەی كردو لەمەوە گردەكە دروست دەبێ.

ئەی سێ گۆڕەكە؟ ئەوانە كەسی ئاسایی نین. ئەوانیش چیرۆكی خۆیان هەیە:

پیاوێك پرس بە شەیتان دەكات بۆ بوون بە جادووگەر ئەویش پێی دەڵێ سێ كەس لەسەر گردەكە سەرببڕێو بیاننێژێو چل ڕۆژ سێ كڵاوكوڕە بەسەر ئەو گۆڕانە سەرببڕێ، هەریەك لەسەر گۆڕێك. بۆچی كڵاوكوڕەو چۆلەكە نەبوو؟ كڵاوكوڕە خۆشەویستە، چۆلەكەش پڕ زەرەرە، ئەی هەر چۆلەكە نەبوو، وەك باسی دەكەن، ڕاست بێ یان درۆ، خەرمانی پێغەمبەری سووتاند كڵاوكوڕەش ئاگرەكەی كوژاندەوە؟ هەر چۆلەكە نییە دوژمنی جووتیارو دەغڵەكەیەتی؟ شەیتان مەرجی سەربڕینی كڵاوكوڕەی خۆشەویستی دانا، بەڵام كوشتنی چۆلەكە چاكەیە، شەیتانیش ئەوەیە كە دەیناسین.

دیسان ئەو چیرۆكانە قەناعەتیان بە سیامەند نەدەكردو وەكو حیكایەتی خەیاڵی، بەڵام حیكایەتی خۆش، تەماشای دەكردن. سیامەند زانی زیاد لەپێویست بیری لە تەپۆلكەكە كردووە. زوو لە مێشكی خۆی دەریكردو گەڕایەوە سەر ئەو خەیاڵەی پێش كەمێك خەریك بوو وەكو دەیان جاری پێشووتر خۆی بخاتە باوەشییەوە. دوو چاوی نووقاندن تا وێنەی (شارەكۆن)، كە لەو شوێنەیەوە دیار نەبوو، بێنێتە بەردەمی خۆی. شارەكۆنی بینی، گەنجینە شاردراوەكانی بینی كە چاوەڕێی ئەون دەریانبێنێو لەوە بەدوا ببێتە سیامەندێكی تر، ئەگەر ئەوەش نەكات ڕەنگە بكەونە دەستی

ZAGROS WEBSITE

شاوەیس ئاغای ئاغای گوندو خەونەکانی ئەو بەبا بچن.

ئـــەمجارە بـــاران نەیهێشـــت بیربکاتـــەوە. هەســـتی بـــە کوتـــانی بەتینتری بارانەکە کرد، دوو چاوی کردنەوەو گوێی لە هاژەی چەمی ژێـــر پێـــی کـــرد، چـــەمەکە لـــەنێوان دوو کـــەلی زنجـــیرە کێوەکـــە دەچووەدەر، چـەند سـەد هـەنگاوێك شـۆڕدەبووەو دەگەیشـتە بـنی تەپۆلکەکە، بەدەوری لای بـاکووری، ئـەو لایـەی سـیامەندی لێبـوو، دەســـووڕایەوە. پاشـــان بـــەدەوری لای ڕۆژئـــاواو لـــەکۆتایی بـــەرەو گوندەکە دەڕۆیشت، لە شوێنێك پێش ئەوەی بگاتـە گونـد پێچـێکی تری دەخواردو دەچووە خوارتر.

گردەکە دیارترین خاڵ بوو لەسەر قۆنـاغی یەکـەمی گەشـتەکەی سـیامەندو ڕانەکـەی بـوو کاتێـك لـە گونـد بـەرەو بـاکوور دەچـوونە دەرەوە، بـەڵام ئـەو قـەت وا تەماشـای گردەکـەی نـەدەکرد، خـاڵی سەرەتاو کۆتایی لای ئەو شارەکۆنی تەنیشت گوند بـوو. شـارەکۆن زەوییـەکی بـەردەڵان بـوو خـەڵك بـە پاشمـاوەی شـارێکی گـەورەی کۆنیـان دەزانـی چـونکە ئـەو بەردانـە بـەڕێکی لەسـەر زەوییەکـە دانرابوونو هەر کۆمەڵێکیان لە بناغەی چەند ژوورێك دەچوون. ئـەو کە لە ماڵی ئاغا دەچـووە دەرو بـەرەو بـاکوور دەڕۆیشـت دەکەوتـە نێوان گوندو شـارەکۆن، گونـد لای ڕاسـتیو شـارەکۆن لای چـەپی. کەس جگە لەو شارەکۆنی بە خـاڵی یەکـەمی دەرچـوونو گەڕانـەوە نەدەزانی.

بۆ جاری سێیەم پەتی بیرکردنەوەی پسا. فشاری ئاوی ئاسمـان ئەمجارە ناچاری کرد خۆی گرمۆڵە بکات تا ڕێگە بە کڵاوە پانەکـەی بدات ئەرکی خۆی بـەجێبێنێو بـەر بـەو ئـاوە بگـرێ کـە دەیویسـت لەنێوان کەپنەکەکەیو جلەکانی ژێرەوەی دزە بکات.

باران توندتر بوو و مەودای بینین کـەمتر بـووەوە، پـاش کـەمێك

مەوداکە لەوەش کەمتر بووەوەو چیتر بەردەمی خۆی نەدەبینی. چەمەکە بووە دوان، دووەمیان جۆگەلەیەکی بەخوڕ بوو لەپشتەوە دەهاتو دەی لە قەدی درەختەکەو پاشان لە پشتی خۆی. باران وا بڕوات جۆگەلەکە دەبێتە چەمو لەگەڵ خۆی دەیبات. کەپنەکەکەی بە خوریی بەرخ کە یەکەم جارە بڕاوە، یاخود بەرگن وەك خۆیان دەڵێن، دروستکراوەو تا خوار ئەژنۆ درێژ بۆتەوەو بێ قۆڵەو کونی دوو قۆڵیشی نییە. ئەو کەپنەکە باشترین چارەسەری بارانی بەخوڕە، بەڵام ئەمە باران نییە، ئەمە شتێکی ترە. لەکۆتاییش ئاوی سارد دزەی کردو وەك جۆگەلەیەکی بچووك بەسەر پشتی چووە خوارەوە، ئەوە لەهەمووی ناخۆشتر بوو.

شتێك خۆی پیا کێشا، لوورەیەکی کزیش هاتو دەنگی سەگەکەی ناسییەوە، ئاو لە مووی سەر پێستی سەگەکە دەچۆڕایەوەو سەگەکە هەڵدەلەرزیو بەکزی بەدەوری خاوەنەکەی دەخولایەوە. دەڕۆیشتو جارجار بەسەر قوڕەکە دەخلیسکاو دەکەوتە ناوی ئاوی جۆگەلەکە، لەکۆتاییش زانی دەبێ هەر یەك مشووریی خۆی بخواتو چارەنووسی خۆیو خاوەنەکەی لێرە لەیەك جیادەبنەوە. بەسەر لێوارە کووڕە خزەکە سەرکەوتو لەبەرچاوی خاوەنەکەی لەپشتی بارانەکەوە دیارنەما.

جووڵەی قاچی سیامەند هەموو ئەوانەی لەبیر بردەوە، ئاوی چەمەکەی خوارەوە ئێستا بۆتە لافاوێکی شێتو دوو پێی نوقم کردوونو کردوونی بە دوو پەڕی بەر ڕەشەبایەکی قایم:

**((ئەمڕۆ چەند سەرە مەڕو بزنێك دەبنە قوربانیی باران، ئەمشەو ئاغا برسیم دەکات، قسەی ناشیرینیش پێش برسی کردن. گریمان خۆم مام)).**

جووڵە لەسەر قوڕە خزەکەو لەناو ئاوە بەخوڕەکە ئاسان نەبوو.

بەقنگەخشکێ بەرەو دواوە، بەرەو قەدی داربییەکە، کشا. جارێك خزاو پشتی تەختی ئەو زەوییە بوو کە لەژێر ئاو دیارنەمابوو، بەپێوە هەڵساو خراپتر خلیسکا، ئاسانتر بوو بەرەو پێشەوە بڕوات نەك پاشەوپاش، هەڵسایەوەو ئاوڕی بۆ درەختەکە دایەوە. توانی دوو هەنگاو بڕوات. کەپنەکەکەی لەسەرشان لابرد تا ئەویش لەدەست نەدا. دوو هەنگاوەکە بوونە سێ. چوار. دەستی ڕاستی درێژکردەوەو قەدەکەی گرت، پێویستی بە هێزێکی زیاتر بوو بۆ ڕزگاربوون لەو قوڕو ئاوەی ژێری. هێشتا دارەکەی لەدەست مابوو، دارەکەی خستە پشتی قەدی درەختەکەو هەردوو لاکەی گرت. نەمانی دەنگی باڕەی مەڕەکان تینێکی زیاتری پێبەخشیو زۆری لەخۆی کرد تا تەواو بگاتە قەدەکەو باوەشی پیا بکات. نەمانی دەنگی سەگەکەش زیاتر نیگەرانی کرد. هەستی کرد قاچەکانی لە چەم دەرباز نەبوونو هێشتا دەلەرێنەوە، باوەڕی نەمابوو پێڵاوەکەی کە کڵاشێکە لە بەرگن دروستکراوە لەپێی مابێو وای دانا ئەویش بۆتە قوربانیی لافاوەکە. نەیدەزانی چەند لەو شوێنە بەهەڵواسراوی مایەوە، کاتێکیش هەستی بە کەمبوونەوەی فشاری باران کرد بۆی دەرکەوت بەهەڵە چووبوو کاتێك وایزانیبوو قاچەکانی لەناو چەمەکەدان:

((ئەگەر هەڵەش بووبمو کڵاشە پەرکەکەم لەپێم مابێ برسێتیی ئەمشەو بەخۆشییەوە دەبەمە سەر)).

لەپڕ باران بووە نمەیەکی دۆستانە، نمە هاتو درێژەی کێشا بەڵام لەوە نەدەچوو چەمەکە بەم زووانە دەستبەرداری شێتییەکەی بێ، چی پێشتر باریوە ماویەتی لەبەرزاییەکانەوە بگاتە ئەو شوێنەی خۆی. وای بیرکردەوە بەڵام ئەمجارەش بۆچوونەکەی هەڵە دەرچوو و فشاری چەمەکە خێرا کەمبووەو ئێستا دڵنیایە دوو قاچی

ماون‌و ئاو نه‌یبردوون، وه‌ك ماویشن دوو پێی ڕووت نین‌و كڵاشه‌كه‌ی ماوه‌. چه‌مه‌كه‌ دابه‌زییه‌وه‌و ئێستا ده‌توانیٚ به‌ئاسانی بگاته‌ سه‌رووتریش له‌ دره‌خته‌كه‌. خۆی بۆ ته‌كانێكی به‌هێز ئاماده‌ كرد، به‌ڵام له‌ناكاو حه‌زی نه‌كرد بجووڵێ‌و ویستی ماوه‌یه‌ك وا بمێنێته‌وه‌، باوه‌ش به‌قه‌دی دره‌خته‌كه‌ بكات‌و بیر له‌ ئاواته‌ كۆنه‌كانی بكاته‌وه‌.

دوو چاوی نوقاندبوون‌و خۆی گه‌وره‌ ده‌بینی، بۆته‌ كه‌سێكی دیاری گوند، له‌جیاتی شوانێتیش بۆ شاوه‌یس ئاغا خۆی بۆته‌ ئاغا، شوانی ڕاگرتووه‌، له‌جیاتی یه‌ك شوان ده‌:

**((له‌و ده‌یه‌ ده‌بیٚ جوحای هاوڕێم یه‌كێكیان بیٚ، ده‌مه‌ویٚ بۆی بسه‌لمێنم قسه‌كه‌م ڕاست بوو كه‌ تا ده‌مریٚ هه‌ر شوان ده‌بیٚ)).**

ڕێگه‌كان له‌به‌رده‌می دوو یان سیٚ بوون، ئێستاش لافاوه‌كه‌ ڕێگه‌یه‌كی نوێی بۆ كردۆته‌وه‌:

**((ئه‌گه‌ر لافاو گوندی بردبیٚ، خوابكات وابیٚ‌و ئه‌گه‌ر ئاغا میراتگری نه‌مابیٚ‌و ئه‌گه‌ر بیست سه‌ر. ته‌نها بیست سه‌ر مه‌ڕ مابنه‌وه‌، ده‌توانم ساڵی بیست‌و یه‌كه‌م به‌ باشی له‌شوێنێكی تر ده‌سپێبكه‌م، ڕه‌نگه‌ له‌هه‌مان شوێنیشداو به‌مێشكێكی سافتره‌وه‌ بیر له‌ گه‌وره‌یی‌و ئاغایی بكه‌مه‌وه‌)).**

سیامه‌ند تاكه‌ كه‌سی گوند بوو بزانیٚ كه‌ی له‌دایك بووه‌، ته‌نها ئه‌و ده‌یتوانی ڕۆژانی ته‌مه‌نی بژمێریٚ، چوار یان پێنج ڕۆژی تر ده‌بێته‌ بیست‌و یه‌ك ساڵ، به‌ڵام ئه‌و زانینه‌ له‌ گوند بایه‌خی نه‌بوو چونكه‌ سه‌ره‌ڕای ئه‌و زانینه‌ سیامه‌ند له‌ شوانێك زیاتر نه‌بوو. باوكی ساڵێك پێش مردنی به‌چه‌ند به‌هانه‌یه‌كی جۆراجۆری لاوازه‌وه‌ توانی بۆ شاری سوڵتان ئابادی بنێریٚ‌و بیخاته‌ به‌ر حوجره‌. له‌ماوه‌ی كه‌متر له‌ ساڵێك سیامه‌ند ئه‌و شته‌ فێر بوو كه‌ كردییه‌ تاكی گوند" پاش گه‌ڕانه‌وه‌ی ده‌یتوانی چه‌ند وشه‌یه‌ك بنووسیٚ، له‌وه‌ش زیاتر بخوێنێته‌وه‌، ڕۆژو مانگ‌و ساڵی له‌دایكبوونیشی له‌سه‌ر كتێبێكی

پەڕە زەرد نووسرابوون کە هیچی لێ تێنەدەگەیشت. باوکی ئەو کتێبەی لە شارەکە چەند ڕۆژێك پاش لەدایکبوونی کوڕەکەی بۆ پیرۆزی کڕیبوو و بە مەلای شارەکەی وتبوو مێژووی لەدایکبوونی کوڕەکەی بخاتە سەر.

دەنگێك بیریخستەوە کە کاتێکی گونجاوتر هەیە بۆ خەیاڵکردن لە دوارۆژێکی پڕ ئاوات. چاوی کردەوەو گوێی لە دەنگەکە بوو: ((م م م م م)). دەنگی بزنە شاخ شکاوەکەی ناسییەوە:

((**بە سەگەکەوە دوان، ئەگەر سەگەکە مابێ**)).

دەنگێکی تر، پاشان پـژمینێك لە شوێنێکی ترەوەو باعێك بەدوایەوە. بێئەوەی باوەشی درەختەکەش جێبهێڵێ دەستی کرد بە ژماردن:

((**سێ. چوار. ئەگەر سەگەکە مابێ**)).

تا نۆی ژمارد، گوێی لە ماعێك بوو، گوێی شل کرد، تەماشای ئەو مەڕەی کرد کە خۆی ڕادەتەکاند، لێی پرسی:

((**تۆ دەیەمی یان یەکێکی لە نۆ کۆنەکە؟**)).

قەدی درەختەکەی جێنەهێشت. توند هەڵمەتی بردو خۆی خستە لاکەی تری قەدەکە. ئێستا دەتوانێ پاڵ بەقەدەکە بداتەوەو پشوو بەدەستەکانی بدات.

پشووەکەی کورت بڕییەوە، پشتی لەقەدی درەختەکە توند کردو قاچی چەپی بردە پێشەوەو لە قوڕەکە گیری کرد. بەهەموو هێزێکییەوە بەسەر لێژاییەکە بۆ سەرەوە ڕایکرد، چەند هەنگاوێکی بەخێرایی بڕیو نەخزا ئینجا خێراییەکەی کەمبووەوە، وەستاو پێی ڕاستی خستە سەر قوڕەکەو خلیسکاو بەدەما کەوت:

((**تێگەیشتی؟ هەرکاتێك وەستای یان دوودڵ بووی دەکەوی**)).

هەڵسایەوەو ئەمجارە گوێی نەدایە خزان، بەهێمنی کەوتەوە جووڵە، گەیشتە لای چەند مەڕو بزنێك، سەرلەنوێ دەستی کردەوە

به ژماردنیان:

((**یەك، دوان، سیان، مەڕەکوێر، تەنانەت مەڕەکوێریش ماوە، شوورەیی دەبوو ئەو بمێنیٚو چەم من بەریٚ، بزنێك، بزنێکی تر، بزنی شاخ شکاو، یەکەم دەعبا بووی خۆت ئاشکرا کرد، بەڵام چی بکەی هەر بزنی، کەس خەڵاتت ناکات، جوحای هاوڕێم زۆرتری پێکراوە. هەشت، نۆ، مەڕێك لەپشتی تاشەبەردەکەوە گوێچکەی دیارە شۆڕبۆتەوە، مەڕێکی تر کەللەی خۆی ڕادەتەکێنیٚو گوێچکەکانی شەقەشەقیانە**)).

وەڕینی سەگەکە چاوەڕێکراو بوو:

((**مەڕی گێژ بمێنیٚ، تۆ چۆن نامێنی؟**)).

سەگە بچووکە قاچ کورتەکەی بینی لەسەر تاوێرێکی بەرزەوە دەم بەپێکەنین زمانی دەرهێناوەو کلکە پانەکەی بادەدات. کاتێك سەگەکە زانی خاوەنەکەی تەماشای دەکات دوو جار بەدەوری خۆی خولایەوە، توند خۆی ڕاتەکاندو پاشماوەی ئاوی بارانی ناو مووەکانی هەڵدایە دەرەوە، تەماشای خاوەنەکەی کردو زمانی دەرهێنا:

((**سەم سەم، ئەوەتا ماوم**)).

خاوەنەکەی هەڵوێستی کاتی بارانی سەگەکەی بیرکەوتەوە:

((**سەگی سەگزادە! ڕەنگە سەد جار خۆت ڕاتەکاندبێ بەڵام ئەمجارە لەبەردەمم خۆت دەنوێنی. هەر تۆ نەبووی بەکزی بەسەر قوڕەکە دەڕۆشتی و هەموو گیانت ئاو بوو و چەند جارێك نووزەنووزت کرد ئینجا جێتهێشتم؟**)).

سەگەکە یەك و دووی ژماردو لە تاوێرەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە، هێشتا دەم بەپێکەنین زمانی لە دەمی کردبووە دەرەوەو کلکی بادەدا. گەیشتە لای خاوەنەکەی و بەدەوری خولایەوە. خاوەنەکەی بەسۆزەوە دارێکی هێمنی لە سمتی سرەواند:

((**ناهەقت ناگرم، منیش بوومایە خۆم ڕزگار دەکردو تۆم جێدەهێڵا.**

**لـەم گونـدە سـەگزادەیە تـەنها تـۆم هـەیت، بـا بینینـت بەزینـدوویی بەنیشانەی خۆشبەختی بزانم))**.

سەگەکە تەماشای خاوەنەکەی کردو جارێکی تر خۆی ڕاتەکانـد، جـارێکی تـر تەماشـای کـرد، خـۆی ڕاتەکانـدەوەو سـەیری کـردو بەدەوری خولایەوە:

((**ئەی تۆ؟**)).

خاوەنەکەی تێگەیشت:

((**نـەخێر! مـن سـەگ نـیم ئـاو بچـێتە نـاو مووەکانمـەوە، مـن دەبـێ جلەکانم بگوشم، ئەوە لە ماڵی ئاغای خۆمو خۆت دەکەم**)).

شوانەکە خێرا بەناو ڕانەکە گەڕاو دەستی کردەوە بە ژماردن:

((**دوانـزە بـێ سـەگەکە، سـیانزە بـێ سـەگەکە، پـانزە بـە سـەگی سەگزادەوە، هەر پانزە بەڵام بێ ئەو، شانزە بێ ئەو**)).

هـەموو شـوێنەکەی پشـکنیو زانـی هـەموویان مـاون. شـتێکی سـەیر بـوو، سـەیرتر لـە مانـەوەی دوو پێـی بەپۆشـتەیی، ئەمـە نیشانەی دووەمی خۆشبەختییە:

((**ئەگــەر شــاوەیس ئاغــاو ئاواییەکــەی نــەمابن ئــیتر پێویســتم بەنیشانەی تر نییە**)).

تەپۆلکەکـە کـەوتبووە بـەردەمیو دێیەکـەی لێـوە دیـار نـەبوو، بەدەوری تەپۆلکەکە سووڕایەوەو بەترسەوە چاوی بۆ دەگێڕا:

((**ئەگـەر بـەپێوە مابێو خەڵکەکـەی وەکـو ئـەو سـەگە زیتەڵـە پـاش تەڕبوون مابن تـەنها بە شۆربایەکی گەرمو ئافەرینێکی سارد کۆتایی بەم ڕۆژە تەڕەم دەهێنم**)).

تەپۆلکەکە کەوتە دەستی چەپییەوەو ڕوویکـردە ئاسـتی گونـد، لەپشتی نمەی بارانو کەمێك تەمەوە گوندەکەی بینی:

((**لـەناو تـەپونم وەکـو گوڵاڵەسوورە دەدرەوشـێتەوە، ئـەوەی دیومـە نەیـدیوە. سـیامەندی بەدبـەخت شـۆربا گەرمەکەشـت نـاخۆی، هــەر چـییەکیش بڵێـی بـە درۆی دەزانـن، بێـدەنگ ڕانەکـە بـەرەوەو بێـدەنگ**

**خۆت بخەرە ناو جێگەی پڕ کێچ و ئەسپێتەوە))**.

بەقینەوە هاواری بۆ سەگەکە کرد:

((**سەگ. سەگ. سەگ. سەگی سەگزادە. کوڕو کچەکانی شاوەیس ئاغای ئاغای هەردووکمان خڕ بکەرەوە))**.

بێئومێدییەکەی لە بەدیهاتنی ئەو خەیاڵە بچووکەی لەپڕ بوو بە بێئومێدی لە ژیان. چاوەڕێی سەگەکەی نەکردو ڕانەکەی کۆکردەوە. کەوتە لێدانیان:

((**کوڕو کچەکانی شاوەیس ئاغا، زمان و دەستتان هەبوایە لە ئاغا خراپترتان پێدەکردم))**.

ڕانەکەی ڕادا. بەدرێژایی چەمەکە ڕۆشت و تەپۆلکەکە کەوتە پشتییەوە. نەیویست ئاوڕ بۆ ئەو شوێنە بداتەوە کە خەریک بوو دواشوێنی بێ بێئەوەی لەبەرامبەر هیچی دەستکەوێ. کەمێك ڕۆشت ئینجا نهێنییەکانی تەپۆلکەکەی بیرکەوتەوە. قسەی کەسێك لەناو سەری زرنگایەوە: ((**باران نهێنیی زۆر ئاشکرا دەکات))**. ئاوڕی بۆ تەپۆلکەکە دایەوە:

((**هیچ نەبێ با بۆ جارێك تەماشای بکەم. بۆچی تەماشای بکەم؟ نازانم. ئەی بۆچی نازانم؟ هەر نازانم))**.

تەپۆلکەکە وەکو جاران قوت ببووەوە، وەکو گوندەکە هاتە پێش چاوی، ئەو بارانەی ئەوی کوتیبوو ئەو نەیدیبوو. کەمێکی تر ڕۆشت و بۆ جاری دووەم ئاوڕی دایەوە، ئەمجارە شتێکی جیاوازی بینی، لەڕووی ڕۆژئاوا، لەو شوێنەی چەمەکە بۆ دواجار بەدەوری دەسووڕێتەوە ئینجا جێیدەهێڵێ کەندرێکی نوێی بینی. لەو شوێنە ماوەیەك چەمەکە تەسکتر دەبێتەوەو دەکەوێتە نێوان بنی تەپۆلکەکەو تاوێرێکی گەورە کە تەنها بەشێکی لەسەر ڕووی زەوییەوە دیارەو نازانرێ کەی و چۆن گەیشتبووە ئەوێ و ئەگەر لەو شاخەوە تلبۆتەوە چۆن بە تەپڵی سەری تەپۆلکەکە نەکەوتبوو.

سیامەند پێشتر تێبینیی کردبوو چەمەکە لێرە تین وەردەگریٚو خۆی بەگردەکە دەکێشیٚ، لەبەر ئەوە لەکۆنەوە:

**((لایەکی گردەکە ڕۆشتووەو بەشێکی ئەو لایە لەو شوێنە لاچووەو بۆتە کەندرێکی گەورەو هێندەی بالآی دوو پیاو و منداڵێكو گیسکێكو دوو مەنجەڵو سیٚ کلآوی ئاغاو یەك تاك گۆرەویی ئاغاژن چۆتە ناوەوە، ئەی ئەم کەندرە تازەیە چییە کە لەناو کەندرە گەورە کۆنەکە دروست بووە؟)).**

کاتێك بەدەوری تەپۆلکەکە سووڕابووەوەو بەدوای گوندەکە دەگەڕا تاوێرەکە کەوتبووە دەستە چەپییەوەو بنی تەپۆلکەکەی لیٚ شاردبووەوە، بەلآم ئێستا کە دوورکەوتۆتەوە جوان لێوەی دیارە:

**((شایەتم هەبیٚ لەسەر بەسەرهاتەکەم لەگەڵ لافاوەکە لەم گردەی کە بنکەن بووە زیاتر نییە، ئەوەش ئەگەر عەقڵم لە عەقڵی بزنێك بچووکتر بیٚو باسی بکەم)).**

روویکردەوە گوند، جارێکی تر بینی هیچی لیٚ نەهاتووە، ئینجا تەواو لێی بێئاگابوو و تیشکی چاوی گرتە زەوییەکەی بەرامبەر گوند. کۆنەشارە؟ وا باوەو واش حەز دەکات، ناویشی هەر وا هاتووە" شارەکۆن وەك خەڵك دەڵێن. ئەویش لافاو زەفەری پیٚ نەبردووەو هیچ شوێنێکی زەوییەکەی هەڵنەدڕیوە. پێی خۆش بوو:

**((یەك شوێن هەڵدڕیٚو یەك شت دەربکەویٚ پیاوانی ئاوایی تێی دەورووکێنو خێرا شاوەیس ئاغاو توتکەکانی دەگەنە سەریانو دەریان دەکەن. بۆ ئەوان بیٚیان بۆ شاوەیس ئاغا من لەوێوە دوور دەبم، دەبیٚ شەو بەدزیی خەڵکەوە ناوسکی شارەکۆن هەڵبدرێتەوە)).**

تارماییەك لەسەر زەویی شارەکۆن وەستاوەو وەکو هەموو جارێك پێشوازیی لێدەکات. باران تەنانەت جلەکانیشی تەڕ نەکردووە.

ئێستا گوند نزیکترەو ئەگەر چەند دارێکی تر بە ئاژەڵەکان



ZAGROS WEBSITE

بكێشـێ كـەس نـایبینێ. بـارەی بەچـەند ئـاژەڵێكی نزیـك خـۆی هەڵساند، ئینجا دەستی لێهەڵگرتن. سەگەكە پێش ڕانەكە كـەوتبوو، زمـانی لـەدەرەوە بـوو و كلكـی بـادەداو زیتـەڵ دەڕویشـت. نـزیكتر كـەوتن‌و سـەگەكە زیتـەڵتر ڕۆیشـت. سـەگەكە سـەری بـۆ گوندەكـە هەڵبڕی‌و بەڕووی وەڕی:

((**وا هاتینەوە**)).

2

## شەوچەرەی شامار

بەرلەوەی سیامەند بگاتە یەکەم خانووی گوند بۆی دەرکەوت بەهەڵە چووبوو، باران گوندەکەی کوتیبوو و زیانی پێگەیاندبوو. منداڵێکی بینیو بێئەوەی پرسیاری لێبکات هەواڵەکەی پێوت: سەربانی چوار خانوو لەو گوندە بیست ماڵییە تەپیبوونو ژمارەیەك كەس زامدار ببوون، ئەوانەی بە ساغی مابوون زامدارەکانیان بردبووە ماڵەکانی ترو هەواڵی یەکتریان دەپرسی.

لەو کاتەی سیامەند شەڕی بێهیوای خۆی لەگەڵ لافاو دەکرد خەڵکەکە شەڕێکی هاوجۆریان لەگەڵ بارانەکە هەبوو، سەرەتا گوێیان نەدایە لێزمەکەو دەیانوت دوێنێ بانەکانمان گێڕاوە، ئەمڕۆش بارانە توندەکە خۆی دەیانکوتێو دەیانگێڕێ، بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونی باران ناچاربوون بچنە سەرەوەو بانەکانیان بگێڕن، ئەوەشیان بەزەحمەت بۆ دەکراو زۆربەی کاتەکەیان لەگەڵ وریایی لە کەوتنە خوارەوەو خۆ گرمۆڵەکردن لەژێر لێزمەی هێرشی تیری بەقینی ساردی ئاو بردە سەر.

سیامەند دەیبینی هێشتا کەسانێك ماون بان دەگێڕنو وایزانی تەنها چەند چرکەیەکە بارانەکە وەستاوە، کەمێکیشی پێچوو و زانیاریی زیاتری دەستکەوت: بارانەکە پێنج خانووی تەپاندبوو نەك چوار، جوحای شوانی گورگکوژ نیوەی ڕانەکەی لەدەستدابوو،

یەکێکیش لەو سێ سەگەی شانازیی پێوەدەکردن دیار نەمابوو، خۆشی چەند جارێك خلیسکابوو و دوایەمین جاری خلیسکانی گەشتێکی کورت بوو بەسەر سمت بەسەر بەردەکان بۆ ناو چەم. جوحا خۆی لە چەمەکە ڕزگارکردبوو بەڵام لەدەستدانی بزن‌و مەڕەکانی‌و سەگەکەی‌و زامی سمتی هەموو ئەو ناوبانگەی سڕییەوە کە بەهۆی کوشتنی گورگێکی دڕی برسی بە گالۆکەکەی ساڵی پار دەستی کەوتبوو.

سیامەند وتی ڕەنگە جوحا پاڵەوانانە خۆی لەو چەمە شێتە ڕزگار کردبێ، بەڵام دیارە لەبەر ئەو شکستە گەورەیەی تووشی بووە کەس ئامادە نییە باوەڕ بەو پاڵەوانێتییە بکات، ڕەنگە جوحا پێشوەخت زانیبێتی کەس نییە باوەڕ بە پاڵەوانێتیی کەسێکی شکستخواردوو بکات بۆیە دیارە باسی نەکردووە، بەهەرحاڵ کات مابوو جوحا ببینێ‌و بزانێ چۆن ڕووبەڕووی ئەو چەمە ببووەوە.

سیامەندو ڕانەکەی گەیشتنە ئاستی شارەکۆن. شارەکۆن کەوتە لای دەستی ڕاستییەوەو گوند لای چەپی. ماڵی ئاغا کۆتایین خاڵ بوو لە باشووری گوندو جارێ ماویەتی بیگاتێ، باقیی ماڵەکانی ئاواییش پەرش‌و بڵاوبوون. نزیکترین سێ خانوو کە ڕوویان لە شارەکۆن بوون خەڵکیان بەسەربانەوە بوون‌و وەك باوەڕ نەکەن بارانەکە بەو گێڕانە ڕازی دەبێ زیاتر دەیانگێڕان. سیامەند دوعای ماندوونەبوونی بۆ ناردن. لەخوار ئەوانەوە دوو خانوو بوون، لەپشتەوە چەند خانوویەکی تر، لەوپەڕەوە ژمارەیەك خانووی تر. شارەکۆن لە باکوورەوە بۆ باشوور درێژدەبووەوەو بەرلەوەی بگاتە بەرامبەر ماڵی ئاغا دەوەستاو لەوە بەدواوە زەوییەکی فراوانی تر بوو ڕووی لە ماڵی ئاغا بوو. خەڵکی گوندەکە کاتی بەتاڵی لەو زەوییە دادەنیشتن‌و قسەیان دەکردو بەسەرهاتیان دەگێڕایەوە.

کات درەنگەو زەوی تەڕەو هەوا ساردە دەنا دەچوونە ئەویّو هەر یەك بەشی فشەی خۆی پاڵەوانێتییەکی خۆی دەگێڕایەوە. بێگومان ئەمشەو ئەو حیکایەتانەیان بۆ دیوەخان هەڵگرتووە، ئەگەر خانووەکەی ئاغا زیانی پێنەگەیشتبیّ.

گەیشتە زەوییە فراوانەکەی بەرامبەر ماڵی شاوەیس ئاغاو بۆ خەفەتی ئەو بینی سەلامەتەو هیچ شوێنێکی زیانی پێنەگەیشتووە:

((ڕەنگە باران جوانیشی کردبیّ)).

مەڕو بزنەکانی بردە بەشێکی خانووە گەورەکە:

**((هەر نییە ڕانەکەم بە سەلامەتی هێناوەتەوەو حیکایەتێکم هەیە بیگێڕمەوە))**، دڵنەواییکردنێکی لاوزای ناچاریی خۆی بۆ خۆی بوو، **((ڕەنگە لەناو هەموو ئاوایی تەنها من چیرۆکێکی وام هەبیّ))**.

بێگومان شانازییەك دەبیّ بۆ چەند ڕۆژێك نەك بۆ ساڵێك وەکو جوحای گورگکوژ، ئەوەش ئەگەر چیرۆکەکەی بەهێز بیّ:

**((تەنها سەگەکەم دەزانیّ چۆن لە ڕانەکە بێئاگا مامەوە بۆیە هەرچییەك بیڵێم قبووڵە، هیچیش ناگێڕمەوە تا وا جوان نەیهۆنمەوە ئاغاو پیاوانی ئاوایی وڕ بکەم))**.

سەرەڕای بارانو ئەو زیانەی گەیاندبووی بزنەکانو مەڕەکان بۆ دۆشین ئامادە بوون. سیامەند ویستی بە بیانووی خۆوشککردنەوە خۆی لە گێڕانەوەی پێشوەختی بەسەرهاتەکەی بدزێتەوە تا ئەو گێڕانەوەیە بۆ دیوەخان هەڵبگریّ بەڵام بینی جلەکانی وشك ببوون:

**((بێئومێدی نەك هەر جلی تەڕ وشك دەکاتەوە، دەشیسووتێنیّ، دڵیش دەکاتە خەڵوون))**.

ئینجا ویستی بەناوی یارمەتیی ئەو خزمەتکارەی مەڕو بزنەکانی دەبردە بەردەم ئەو دوو کچەی مەڕەکانیان دەدۆشی خۆی بخلافێنیّ. خزمەتکارە لاوەکە دوو قۆڵی دەکردە ملی دوو مەڕو دەیهێنانە لای دوو کچەکە کە یەکێکیان ڕەزیّ بوو، کچە نیوە

ZAGROS WEBSITE

شێتەکەی شاوەیس ئاغا کە جوحا شێتی بووە ئەویش لێی بێئاگایە. کوڕەکە لەسەر داربێرە، کە دوو دارن، یەکی بوونەتە دوو لق لەزەوی چەقێنرابوونو دوو لقەکانیان لەسەرەوە لەیەك درابوون، دانیشتبوو و دوو کچەکە بەرامبەر یەكو هەریەك لەلایەك مەڕێکی دەدۆشی. سیامەند ویستی ڕەزێش بەکاربێنێ بۆ ئەوەی وەڵامەکان دوابخات تا کاتی دیوەخان دێ:

((**ڕەزەی کچی ئاغای شامارو هەموو دونیا! جوحا ئەمڕۆ دیار نییە یارمەتیتان بدات**)).

تێبینییەکە لای کچە نیوە شێتەکە ئاسایی بوو و هیچی لەودیویەوە نەبینی:

((**داماوە! لەجێگە کەوتووە**)).

سیامەند دووبارەی کردەوە:

((**داماوە!**)).

کچەکە تێبینییەکی هەبوو لەوەی سیامەند بەهێزتر بوو:

((**تۆ بۆچی مەڕەکانت هیچیان لێنەهات؟**)).

خەڵەفاندنی ئەو کچە زۆر ئاسانە:

((**دایکم دوعای بۆ کردبووم!**)).

پێش ئەوەی کچەکەش بیریبخاتەوە دایکی نەماوە زیادیەکی وت کە تەنها لای خۆی پێویست بوو بوترێ:

((**بارانەکە ئەوەندە قایم بوو هەر مەپرسە**)).

کچەکە:

((**ئەی چۆن نەجاتت بوو؟**)).

سیامەند:

((**نەموت هەر مەپرسە؟ بارانەکە وای لێکردم ڕانەکە زۆر پێش وادەی خۆی بۆ بێرە بێنمەوە**)).

وا نەبوو" گەڕانەوەی ڕانەکە زۆر پێش وادەی خۆی نەبوو.

مەڕو بزنەکان هەموو دۆشران‌و کارو بەرخەکان هێنران‌و کرانە ناو دایکانیان‌و هەموو پێکەوە کردیانە ئەو بەزمەی بەدڵی سیامەند بوو. کارو بەرخەکان پاشماوەی شیرەکەیان لە گوانی دایکانیان مژی‌و سیامەند لەناو ئەو قەربالغییە خۆی کردە سەرقاڵی گوند. لەکۆتاییش کاتی شۆربا گەرمەکە هات‌و بەدەم هەڵقوڕاندنییەوە وەڵامە گشتییە بێ وردەکارییەکانی دەدایەوە:

((**ڕانەکە سەلامەتە، هێزم نییە ئێستا شەڕەکەم لەگەڵ لافاو بگێڕمەوە**)).

ئەوەی چاوەڕێی دەکرد بوو و زەردەپەڕی ئێوارەی ئەو ڕۆژە شوێنەواری نەمابوو کاتێك بۆ دیوەخان بانگکرا. دیوەخانەکە درێژکۆلە بوو، لە لا کورتەکەی بەرامبەری حەوت کەس دانیشتوون، دوانیان دوو کوڕی گەورەی شاوەیس ئاغا بوون، ئەم لەناوەڕاست. کوڕێکیان کەوتبووە پشتی سۆپای داری ناوەڕاستی ژوورو جارجار کە سەری دەجوولاند گوێچکەی چەپی دەردەکەوت. دوو لا درێژەکە یەکی پانزە کەس دانیشتبوون، سیامەند تەنیشتی دەرگاکە دانیشت‌و لەو لایە چوار کەس لەلای ڕاستییەوە دانیشتبوون. هەموو ڕیشسپییانی گوند لەوێ بوون لەگەڵ چەند پیاوێکی تازە هەڵکەوتوو. ئاغا تەماشای تەسبیحەکەی دەکرد کە خستبوویە نێوان پەنجە کراوەکانی دەستی چەپی، پەنجەکانی دەکردنەوەو توندی دەکردن‌و تەسبیحەکەی دەخستە تەقەتەق.

شوانەکە چاوی بۆ ئەو تفەنگە هەڵبڕی کە بزمارێکی زل‌و زبر وەکو ئاغاو کوڕەکانی بەسەر دیوارەکەی بەرامبەری لە ژوور سەری ئاغا هەڵیگرتبوو. بۆ یەکەم جاریشی بوو بیربکاتەوە ئەو تفەنگە دابگرێتە خوارەوەو شاوەیس ئاغا بکاتە قوربانیی فیشەکێك‌و چی دوای ئەوە دەبێ با ببێ. دەنگی شاوەیس ئاغا لەکاتی نەڕاندنی

بەسەر خەڵکەکە لای سیامەند وەکو وەڕینی ئەو گەماڵە لەگوێی دەنگی دەدایەوە کە ماوەیەك لەوەوبەر ئاوایی بەپێویستی زانیبوو بکوژرێ چونکە وەڕینو قەپاڵی بێ خاترانە دیارترین بەهرەی بوو. ئاغای کەتەی سمێڵزلی بیرکەوتەوە بەسەر ماینەکەیەوەو ڕۆستەمو زۆرابی دوو کوڕی بەسەر ماینی خۆیانەوە شوێنی دەکەوتن، شاترەکەش پێش هەموویان دەکەوت بۆ ئاگادارکردنی سێ ئاواییەکەی پشتی شاخەکە کە ئاغا بەڕێوەیە تا پێشوازیی لێبکرێ. داخی سیامەند! بارانی ئەمڕۆ نەبوو بە لافاو، دەریاش هەڵنەسا ئەو سێ فیرعەونە بەرێ. دەریا نەهات دەبا تفەنگ ئیشی خۆی بکات. بەخەیاڵ دەستی بۆ تفەنگەکە بردو نیشانەی لە ئاغا گرتەوە. ئاغا نیوەی قسەکەی کرد:

((**دەی سیامەند بۆمان باس بکە چۆن...**)).

ئاغا دەستی لاوەکەی بینی:

((**چیتە؟ دەڵێی تفەنگت بە بارانەوە دەنا**)).

دیوەخانەکەو پیاوەکانی ناوییەوە پێکەنین، سۆپا دارەکەش پێکەنی. سیامەند دەستی گەڕاندەوە:

((**باران وەکو هێرشی گەلەگورگ بوو**)).

ئاغاش قسەکەی تەواو کرد:

**((پێمان بڵێ چۆن توانیت ڕانەکە بە سەلامەتی بێنیتەوە کەچی جوحا نیوەی ئەوەی خۆی لەدەست دابوو، شوانی تریش سێ سەرو چوار سەریان لێ ون ببوون)).**

سیامەند پێی خۆش بوو جوحا لەوێ نییە، پێی نامەردی بوو شانازی بە ئازایەتییەکەی خۆییەوە بکات لەو کاتەی هاوڕێکەی سەری بە شەرمەزارییەوە دادەخات.

سیامەند دەستی کرد بە چیرۆك گێڕانەوە، باسەکانی هێناو برد، دەرفەتی کەم بوو چیرۆکێکی مەحکەم هەڵبەستێ بۆیە

گێڕانەوەکەی هێندە شتی نارێکی تێبوو بەس بوون بۆ دروستکردنی گومان، بەڵام لەبەرئەوەی ڕاستییەکی بەرجەستە لەبەرچاو هەبووە ئەویش هاتنەوەی بێ زیانو بێ لەدەستدانی تاکە مەڕێك یان بزنێك چیرۆکەکە بێ پرسیارو ناڕەزایی تێپەڕی.

جارێکی تر ئەوەی چاوەڕێی دەکرد ڕووی داو هەر ئەوەندە لە چیرۆك گێڕانەوە تەواو بوو ئاغا نەیهێشت لەوە زیاتر لە دیوەخان بمێنێتەوەو پێی وت بچێتەوە ژوورەکەی بنوێو خۆی بۆ کاری سبەی ئامادە بکات.

هێشتا نیوەی لەشی لەناو دەرگای دیوەخانەکە بوو کاتێك غەڵبەغەڵبی پیاوەکانی بیست. وەکو نەریتی ئەو خەڵکەش سوێندیان بەسەری ئاغا دەخوارد. یەکێکیان دڵگەرم بوو:

((**بەسەری ئاغا کەم کوڕی وا هەڵدەکەون، گورجە. چۆن گورجێك**)).

پیاوێکی تر لەو کەمتر نەبوو:

((**بەسەری ئاغا ئەگەر شوانی من بوایە...**)).

شوانەکە دوورکەوتبووەوەو دەنگەکان لەگوێی تێکەڵ بەیەك ببوونو نەیزانی پیاوەکە سوێندی لەسەر چی خوارد" کچەکەی خۆی بداتێ یان هەموو ڕۆژێك گەوڕی پێ پاکبکاتەوە. یەك وشەی ناسییەوە: ((**خەڵات**)). لە خۆی پرسی: ((**خەڵات؟!**)). جارێکی تر وشەی خەڵاتی بیستو ئەمجارە خۆی وەڵامی خۆی دایەوە: ((**تەپاڵە!**)).

گەیشتە بۆشاییە گەورەکەی حەوشە گەورەکە، کۆشکەکەی خۆیو جوحا لەوبەرەوە بوو. هیچ شتێکیش نییە خەفەتی بۆ بخوات:

((**یەك حیکایەتی گەورەو شۆربایەکی گەرمو دانیشتنێکی کورت لە شوێنی خزمەتکارو سەگەکانی دیوەخان کە ڕەنگە سەد ساڵی تر نەیبینمەوە. ناشمەوێ ئاوا بیبینمەوە**)).

زووش زانی هەڵەی کردووە:

((**نەخێر! لەوانەیە زووتر ببیینمەوە، ئەو ڕۆژەی ئاغا لەجیاتی کاری شوانێتی خزمەتی دیوەخانم بێ ڕاسپێرێ، بەڵام بۆ ئێستا نا چونکە لە ئێستاوە تا ماوەیەکی تر من ئەو شوانەم کە متمانەی پێدەکرێ ڕانەمەڕێکی گەورەتری پێبدرێ، ڕەنگە ئەوەی لە ڕانە مەڕەکەی جوحا مابێتەوە بخرێتە سەر ئەوەی خۆم و جوحای نەگبەت بکرێتە خزمەتکاری ژنەکەی ئاغا، جوحای نەگبەت! بەیەك ڕۆژ هەموو شتێکت لەدەست دا**)).

لەو کاتەوەی لە دەشت گەڕابووەوە بۆ ئەوەی زوو بریبی هاوڕێکەی نەکولێنێتەوە سەری لە ژوورەکەی خۆی و جوحا نەدابوو. چووە دەستەیەك لەوبەر دیوەخان و ئەندەروونی ئاغا، دەستەیەك بوو بریتی بوو لە ژوورەکەی خۆی و جوحا و هەیوانێك و کایەنێك لە هەردووکیان گەورەترو گەورێك لە هەر هەموویان گەورەتر.

جوحای بینی لەسەر جێگەکەی دەموچاوی بە جاجمەکەی داپۆشیبوو. دەرگاکەی داخست و بازی بەسەر هاوڕێکەی داو خۆی بەدیوارەکە گرتەوە و چووە جێگەکەی خۆی. سەرەڕای تاریکیی ئەو ژوورە سیامەند زانی هاوڕێکەی نەنوستووە، جوحا بەلای ڕاست پاڵکەوتبوو و پشتی کردبووە دەرگاو ڕووی کردبووە جێگەکەی سیامەند، دەستی خستبووە ژێر ڕوومەتییەوە و جووڵەی نەبوو.

سیامەند حەزی کرد بیدوێنێ:

((**بە سەری ژنی ئاغا ئەمشەو خەوی ناخۆش دەبینی، دەبێ ئاگام لە شەقەکانت بێ**)).

جوحا خوویەکی خراپی هەبوو، بەو تەمەنە بچووکەیەوە دەیپرخاند، شەوێکیش خەوی ناخۆشی ببینیانە پرخەکەی نارێك دەبوو، دوو سێ پرخەی نزم ئینجا لەپڕ دوو سێ پرخەی بەرز، ئەو خولە چەند جارێك دووبارە دەبووەوە و بە لوورەیەك تەواو دەبوو:

((ئوووو)). لەبەر ئەوەش ژوورەکە هێندەی دوو گۆڕ گەورە بوو، شەقەکانی بەر هاوڕێکەی دەکەوتن: بەزۆری بەر قاچی، جاری واش بوو دەبووە لنگەفرتێ‌و دەگەیشتە سکی، سیامەند ناچار دەبوو پشتی تێبکات‌و بە پشت شەقەکانی وەربگرێ.

جوحا وەڵامی نەبوو، سیامەند ڕاستەخۆ مەبەستەکەی وت:

**((بەسەری توتکەکانی ئاغا دەزانم نەنوستووی ئەگینا کوا پرخەو شەقەکانت؟ دەشزانم خەوت لێ ناکەوێ، ئەگەر لەبەر سمتی ڕووشاوت نەبێ لەبەر کەرامەتی شکاوت)).**

جوحا هەناسەی لەخۆی بڕیبوو و سیامەند ویستی زیاتر بیبزوێنێ:

**((دەمزانی ئەو سەروەرییەی دەستت کەوتبوو بە کوشتنی گورگێکی لات‌و ڕێ لێ ونبوو تاسەر نابێ. هەر ئەو ڕۆژەی بیستم عەقڵم نەیبڕی. ئەو ڕۆژە ویستم بڵێم گورگ لەبرسا مردبوو تۆش خۆت کردە خاوەنی، لەوانەشە وەڕینی سەگە زۆربڵێکەت وڕی کردبێ یان لەوانەیە بەدەنگە ناخۆشەکەی بلوێرەکەت لەهۆش خۆی چووبێ، تۆش بە ئیسراحەتی خۆت گاڵۆکەکەت پیا کێشابوو. ئەو کاتەش لەوە دڵنیا بووم کە بینیم دوای ئەوە تاکە سەگەکەت کردە سێ سەگ چونکە دەتزانی هەموو جارێك بە یەك سەگ بە سەلامەتی دەرناچی، ویستبووم ئەوانەت پێ بڵێم بەڵام ترسام بڵێی سیامەند حەسوودیم پێ دەبات. ئێستاش دڵنیا بووم‌و دەبێ بیڵێی‌و نەترسی، هەر ناوی خۆت تەماشا بکە، بەڕاست! جوحا یانی چی؟ ئەی کێ ئەو ناوەی لێ ناوی؟)).**

جوحا نەبزوا، ئەویش لەوە بەهێزتری هەبوو بیڵێ، کەمێك بێدەنگ بوو تا گوێ لە هەناسەی هاوڕێکەی بگرێ. دەستی پێکردەوە:

**((مژدەت بدەمێ. ڕەزێ گیان وتی جوحا داماوە)).**

ئینجا دەنگی جوحا هات، سووچێکی جاجمە شڕەکەی لەسەر

سەری لابرد، لووتیو چاوێکی دەرکەوتن، سیامەند بریسکەی ئەو چاوەی لە تاریکی بینی، ئینجا وەڵامەکەی جوحای بیست:

((**توخوا وای وت؟**)).

**هاوڕێکەی وەڵامەکەی بەپێویست نەزانی، گرنگ ئەوەیە خستییە** قسە. جوحا ئاهێکی گڕاویی نارده ناو ژوورەکە:

((**منی داماو!**)).

سیامەند بابەتەکەی گۆڕی:

((**با وەکو پیاو قسە بکەین. زۆرم پێوتبووی، ئەو نامەردانە لەبەرئەوەی لەم گوندە بێکەسینو نە باوکمان هەیەو نە دایك، نە مامو نە خاڵ کەسیان بە پیاومان نازانن. جوحا! منو تۆ کەسوکاری یەکترین. ئەگەر بکرایە من خۆم دەکردە باوکت یان خۆت بکردایە باوکم**)).

تەماشای دارەڕاکانی بنمیچەکەی کرد کە لەبەر تاریکی نەیدەبینین، پاشان ڕووی کردەوە هاوڕێکەی:

((**ئەگەر لەجیاتی بیستو یەك ساڵی خۆمو بیست ساڵی تۆ. تۆ هەر ئەوەندە دەبی، عومرمان ببێتە سەدو بیست ساڵ هەر بە پیاومان نازانن**)).

جوحا جگە لە ڕەزێکەی خۆی هیچی تری بەلاوە گرنگ نەبوو:

((**بۆچی خۆمان بە پیاو بزانین، بۆچی زوو ببینە پیاو، زۆر خۆشە؟**)).

سیامەند زانی ئێستا ناتوانێ بیکاتە پاڵەوان، بەڵام هەر هەوڵی لەگەڵی دا:

((**شکانی ئەمڕۆت بێتاقەتت نەکا، سەروەریی گورگکوشتن تا هەتا بۆت دەمێنێ**)).

دەنگی جوحا بووە نووزەی هیوابڕان:

((**دڵنیای؟ منیش وامدەزانی بەڵام دەرکەوت وا نییە**)).

سیامەند پشتگیریی کرد:

**((بە ڕشکەکانی سەری ئاغا وایە! ئەگەر هەموو ژیانت گورگت کوشتبێ بەڵام ڕۆژێك سەگێك قەپاڵت لێ بگرێ تا دەمری دەڵێن ئەوە ئەو زەلامەیە کە بە درێژایی ژیانی گورگی کوشتووە کەچی سەگێکی خوێڕی گازی لێگرت)).**

جوحا هیچی نەوت. سیامەند بەپشتا پاڵکەوت‌و قسەکەی تەواوکرد:

**((لەبەر ئەوە دەبێ تا مردن گورگ بکوژیو نەهێڵی سەگ گازت لێبگرێ، ئەو پایەیەی دەستت دەکەوێ بەیەك هەڵەی بچووك لەدەستی دەدەی، جوحا! شتێکم دەوت باوەڕت پێ نەدەکردو واتدەزانی حەسوودییە: ئەو سەروەرییەی دەست کەوتبوو بێکەڵك بوو چونکە دەیانوت جوحا گورگی کوشتووە. ئەی دوای ئەوە؟ ئاغا کچەکەی دایتێ؟ شاوەیس ئاغا ڕەزێ شێتی پێ ڕەوا نەبینی، دەزانی بۆ؟ بەڵێ دەزانی" شاوەیس ئاغا زۆری پێ خۆش بوو گورگت بۆ کوشتووەو تۆی بە شوانێکی بەتوانا زانیبوو لەبەرئەوە بڕیاری دابوو تا مردن شوان بی، ئاغا تۆی بۆ گورگکوشتن‌و پاراستنی ڕانەکەی ویستووە نەك بۆ ئەوەی ببیتە زاوای، یان بۆ ئەوەی لە دیوەخان لە تەنیشتی دابنیشی، لەبەرئەوە بەختت بەرزە کە ئەمڕۆ نیوەی ڕانەکەت لەدەستدا، من لەجیاتی تۆ بوومایە بەدەستی خۆم نیوەکەی تریم فڕێدەدایە چەمەکەو دەمسەلماند بەکەڵکی شوانی نایەم‌و لەو ئیشە ڕزگارم دەبوو)).**

چاوە دیارەکەی جوحا زیاتر بریسکاو جاجمەکەی لەسەر چاوەکەی تری لابرد:

**((ئێستا تێدەگەم، بەڵام بۆچی تۆ ڕانەکەی خۆت فڕێنەدایە چەمەکە؟)).**

ئەمجارە سیامەند دەموچاوی داپۆشی:

**((من ماومە، شتێکی گەورەترم هەیە بیکەم)).**

**هاوڕێکەی پەلی بۆ هاویشت‌و دەموچاوی دەرخست تا نەهێڵێ لە وەڵام هەڵبێ:**

((**ئیشی چی؟**)).

سیامەند جارێکی تر دەموچاوی داپۆشییەوە:

((**خۆشم نازانم، بەڵام کە کردم تۆش دەزانی، بنوو سبەی کارمان هەیە. شوانی. کاری ڕۆژانەمان**)).

پشتی تێکردو بیری لە کاری سبەی نەکردەوە، دەیزانی نیوەی ڕاستییەکەی بە هاوڕێکەی وتووە: ((**جوحای داماو! ڕاستم کرد" لەوانەیە لەدەستدانی مەڕەکان لە شوانی ڕزگارت بکات، بەڵام بۆ جنێو و چەمۆڵەی ژنی ئاغا، یان بۆ پیاهەڵشاخانی ناو دیوەخان**)).

سیامەند دەیزانی چاکترە زوو بنوێ تا ئازاری لووتو دەمی جوحا دەستی پێنەکردووە، بەڵام ئەمشەو لەهەموو شەوێکی تر زیاتر خەو لەچاوییەوە دوورە، ئەمشەو لەهەموو جارێك زیاتر ئەو پرسیارەی لەخۆی دەکرد:

((**بۆچی دەبێ یان شوان بی یان خزمەتکاری ماڵی ئاغا؟**)).

مێشکی بۆ شارەکۆنی نزیك گوند فڕی، ئەو شوێنەی گوایە شارێکی کۆنی وێرانەو ئێستا تەختی زەوییە، حیکایەتەکانی چەند پیاوێکی گوندی بیرکەوتەوە کە شتی بەنرخیان لەوێ دۆزیبووەوەو هەموو ئەو پیاوانە لەبەردەم شاوەیس ئاغا نکوڵییان لەوە دەکرد، ئاغاش باوەڕی پێنەدەکردن، دواتریش ئاغا وای نواند باوەڕی هێناوە بەڵام بەدزییەوە چاودێریی دەکردن تا بزانێ کاتێك دەچنە شارۆچکەکە سەردانی کێ دەکەن.

سیامەند نەیزانی ئاغا چەند کەسی کردبووە سیخوڕ بەسەر ئەو پیاوانە، بەڵام ئەوەی دەزانی کە جارێکیان خۆی کرایە ئەو سیخوڕە، شەوێکیان ئاغا بانگی کردو پاش کەمێك ستایشی ساردو بێتامی تواناو لێهاتووییەکەی پێی وت هەر کاتێك پیاوێکی لەوانە بینی بەرەو شار دەچێ بیوەستێنێو بیدوێنێ، ڕێگەشی پێ لەبەردەم ئەو کەسانە هەندێ قسەی ناشیرینی پێ بڵێ تا گومان

نەبەن سیخوڕی ئەوە:

((**دەمەوێ قسەیان لێ دەربێنیو بزانی بۆچی دەچنە شارو چییان دۆزیوەتەوە، دەزانم کوڕێکی وریای**)).

سیامەند ڕاسپاردەکەی ئاغای بەجێهێنا، بەڵام هیچی وای لەو پیاوانە نەدەبیست جگە لەچەند وەڵامێك کە ڕواڵەتیان ئینکاری بوو و ناواخنیان جێگەی گومان بوو:

((**جا ئەگەر کەس شت بدۆزێتەوە چۆن باسی دەکات؟ مەگەر ئاغا بمرێ**)).

ئەو وەڵامەکەی دەستکاری دەکردو بەڵگەیەکی بەهێزتری تێ دەخنی:

((**ئەگەر ڕاست بوایە ئەو کاتە ئاغا پیاوانی ئاوایی هەموو دەبردو زەوییەکەی سەروبن دەکرد، بەڵام ئاغاش دەزانێ ئەوە ناهێنێ ئەو نانو دۆیەی تیا خەرج بکرێ**)).

شوانەکە توانی ماوەیەك یاری بە عەقڵی ئاغا بکات بەڵام ڕۆژێکیان وەڵامێکی دەستکەوت سەریسوڕماند. ئەو ڕۆژە ڕەشاییەکی بینی ڕێگەکەی گرتۆتە بەر. لەسەر خۆ بەرەوڕووی چوو و بە سەگەکەی وت:

((**ئاگات لە ڕانەکە بێ، ئیشەکەی ئاغای خۆمو خۆت دەکەم**)).

پێش ڕەشاییەکە گەیشتە سەر ڕێگەکەو لەسەر بەردێك دانیشتو چاوەڕێی گەیشتنی کرد. ڕەشاییەکە ماوەیەك کەوتە ناو نزماییەکەو دیارنەما پاشان دەرکەوتەوە، سەرەتا سەری پیاوەکەو پاش چەند چرکەیەك سەری گوێدرێژەکەی:

((**مام سمایلە، کەرە داماوەکەی تاو دەدا، پەلەیەتی بگاتە شار، بە سەری چڵکنی کچە گەورەکەی ئاغا شتێکی پێیە لەوەی شاوەیس ئاغا بۆی دەگەڕێ**)).

قاچەکانی کەرەکە لەژێر فشاری تێوەژەندنی مام سمایل تێکەڵ

بەیەك ببوون. بینینی ئەو شوانە لەسەر ڕێگەکەو دوور لە ڕانەکەی چاوەڕێنەکراو بوو:

((**ها سیامەند! دەڵێی ڕانەکەت جێهێشتووە**)).

تێبینییەکی بێواتا بوو" بێگومان ڕانەکەی جێهێشتووە.

شوانەکە لەبەرخۆیەوە سووکیو ئاسانیی کارەکەی دەخەملاند، لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد:

((**بۆ تۆم جێهێشتووە مام سمایل، بە گونی شۆڕی ئاغا چەند لیرەیەکی ئاڵتوونت پێیە لە شارەکۆنت دۆزیونەتەوە، بەلام تۆ بڵێی بوێری قسە بکەی؟**)).

بۆ پیاوە بەتەمەنەکە هەڵساو داوای لێکرد کەمێك پشوو بدات، پیاوەکە بیانووی کاری زۆری ناو شارو گەڕانەوەی زووی بۆ هێنایەوە، بەلام سیامەند بەهۆی ئەو پرسیارانەی بەردەوام لەو کەسانە دەیکردن بۆ زانینی هۆی ڕۆشتنیان بۆ شارۆچکەکە توانای قەناعەتپێکردنی بۆ دروست ببوو بۆیە بەئاسانی توانی پیاوەکە لە گوێدرێژەکەی دابەزێنێو لەتەنیشتی لەسەر بەردێکی تر داینیشێنێ.

توانای یاریکردن بە قسەو دواندنی بەرامبەر پیاوەکەی کێش کرد بۆ وەلامی پرسیارێك بێئەوەی گومان لە مەبەستەکەی بکات. لاوەکە خۆی وا نیشان پرسیارێکی بێنیاز دەکات:

((**مام سمایل، زۆرم بیستووە لەبارەی ئەوانەی شتیان لە شارەکۆن دۆزیوەتەوە، من باوەڕ ناکەم چونکە نەکەسی وام دیوەو نەهیچ شتێکم لەوەی باس دەکەن بەدەستی کەسەوە بینیوە، ئەی تۆ دەڵێی چی؟**)).

مام سمایل قوتووە تووتنە بچووکەکەی لە باخەڵی دەرهێناو جگەرەیەکی پێچایەوە، جگەرە نارێکەکەی خستە ناو دارجگەرە تەختە درێژە باریکە نەخشدارەکەی. کەرەستەی ئاگرکردنەوەکەی دەرکرد" بەردو ئەستێو قاو. قاوەکە، کە گەلای درکی کەرکۆڵەو هێندە کوترابوو وەکو لۆکەی لێکرابوو، لەدەستی ڕاستی بوو،

خستیه سەر بەردە ئەستێکەی ناو پەنجەکانی دەستی چەپی، بە ئەستێکە، کە ئاسنێکە، کێشای بە بەردەکەو پریشکی لێ هەڵساند. قاوەکە گڕەکەی ورگرتو سووتا. جگەرەکەی داگیرساندو وەك یادێکی کۆن بکاتەوە تەماشای قاوی سووتاوی کرد. ئاگرەکە بەشی جگەرەی زۆری دەکرد بەڵام پیاوەکە هەر بەدەم بیرکردنەوەوە کوژاندییەوە. بەشی مژێکی قووڵی جگەرەکە یادی مابوو. دوو چاوی مام سمایل لەگەڵ مژەکە بریسکانەوەو دوو گووپی چرچی بە مووە سپییە کورتەکانی ڕیشییەوە چوونە ناوە، زەردەخەنەی کەسێکی سەرکەوتووش نیشتە سەر ئەو لێوە باریکانەی دارجگەرەکەیان توند گرتبوو. سیامەند هەناسەی گرت، هەستی کرد ئەو چاوانە شتێك دەزانن، پیاوە پیرەکە نەیهێشت لاوەکە زۆر چاوەڕێ بکاتو ڕازەکەی درکاند:

((**شتیان دۆزیوەتەوە، شت دەدۆزنەوە، بەڵام لەترسی شاوەیس ئاغا دەیانشارنەوە**)).

دڵی سیامەند کەوتە لێدان، نەیتوانی کاری قسەکانی پیاوەکە لەسەر هەناسەکانی بشارێتەوە:

((**مام سمایل! بڕوا ناکەم تۆش شتت دۆزیبێتەوە، تۆ وەکو ئەوانت پێناکرێ، ئەوان شەو دەچنە شارەکۆنو تا پێش بەیانی زەوییەکە هەڵدەکەنن، من ئەو چاڵانەم بینیوە چەند زۆرن**)).

چاڵەکان زۆر نەبوون، پیاوەکەش ڕەخنەی نەگرت چونکە حەزی دەکرد قسە بکات:

((**تۆ هێشتا جحێڵی، من دەتوانم لەوەش زیاتر بکەم، تەماشا بکە**)).

پیاوەکە دەستی کردە ناو باخەڵیو شتێکی دەرهێناو سیامەند چاوەڕێی کرد بریسکەی زێڕی زەرد ببینێ. پیاوەکە شتەکەی لەناو دوو پەنجەکەی سووڕاندەوە:

**((تەماشای ئەمە بکە، لەوانەیە پارەیەکی زۆر نەکات، بەڵام شتێکم هەر بۆ دەکات)).**

سیامەند شتە بچووکەکەی گرت، مستیلەیەکی باریکی زیو بوو نقێمێکی سووری هێندەی دەنکە نۆکێکی جۆری وردی لەسەر بوو. دوو جار لەبەر تیشکی خۆر سووڕاندییەوە تا وێنە هەڵکەندراوە زۆر وردەکەی سەری ببینێ، هیچی دەستنەکەوت. پیاوەکە ڕێنمایی کرد:

**((جوان ورد بەرەوە، من بەم تەمەنەو بەم دوو چاوە کۆن و ڕزیوەم باشتر دەیبینم، قاچەکانی پیاوەکە دەبینی؟ دەبینی کراسێکی لەبەرەو دەگاتە سەر ئەژنوی؟ کراسەکەی سەر تا خوار خەتخەتی درشتە، قەڵغانەکەی دەبینی—)).**

سیامەند نەیهێشت تەواوی بکات:

**((—ئێستا دەیبینم" قەڵغانێکی خڕی درێژکۆڵە، شتێکی درێژ بە لاتەنیشتی، دیارە شمشێرە بەڵام شمشێرێکی ڕێك و پان و کورتە، بەدەستی ڕاستی ڕمێکی درێژی گرتووەو نووکەکەی لەزەوی چەقاندووە، کڵاوەکەی سەیرە، لەسەر ئەو کڵاوە شتێکە وەك داس بەڵام دەسکی داسەکە لەناوەڕاستەو لەمەسەر تا ئەو سەری داسەکە خەتخەتی لەسەرە، لە پووش یان پەڕی باریك دەچن. مام سمایل ئەو پیاوە لەسەرباز دەچێ، بەڵام جلەکانی لە سەربازە ئینگلیزو هیندییەکان ناچن کە ئەو ساڵە ئەوەڵی هاوین قولەکانیان لەسەر شاخەکە جێهێشت و ڕۆشتن و نەگەڕانەوە)).**

مام سمایل دەستی بۆ مستیلەکەی درێژکردەوە:

**((ئەمە سەربازی زەمانێکی زۆر کۆنە، ئەمە لە ئەسکەندەر یان سەربازێکی ئەسکەندەر دەچێ)).**

سیامەند ناوی ئەسکەندەری بیستبوو بەڵام دەیزانی مام سمایل لە ژیانی سەربازێکی ئەسکەندەری نەبینیوە بۆیە بەگومانەوە لێی پرسی:

**((ئەی بۆچی ڕۆستەمی زاڵ نەبێ؟)).**

مستیلەکەی دایەوەو قسەکەی تەواو کرد:

**((یان زۆراب بێ. ڕۆستەمو زۆرابی زەمانی زوو نەك توتکەکانی شاوەیس ئاغا. دەزانم ڕقت لەهەموویانە)).**

پیاوەکە مستیلەکەی خستەوە باخەڵ:

**((وتم هێشتا جحێڵی، ئەگەر دەتەوێ قسە بە ئاغاو کوڕەکانی بڵێی بەدەنگی بەرز مەیڵێ، جنێودان یەك ڕوپێ ناخاتە باخەڵت بەڵکو دار دەسرەوێنێ لە پاشەڵت)).**

سیامەند پێکەنی:

**((مام سمایل بەیت دەڵێ)).**

پیاوەکە دەستی خستە سەر شوێنی مستیلەکە تا دڵنیا بێ مەحکەمەو باسە خۆشە کۆنەکەی کردەوە:

**((ئەسکەندەرە. ئەسکەندەرە بێ شك، بەڵام ئەسکەندەر بێ یان ڕۆستەم یان زۆراب مستیلەکە شتێکم بۆ دەکات، ئەگەر سەربازە ئینگلیزەکان بمانایە زۆرتری بۆ دەکردم، ئەوان شتی کۆنیان دەکڕییەوەو لە وڵاتی خۆیان بە هەزار قات دەیانفرۆشتنەوە)).**

لەو کاتەوەی سیامەند مستیلەکەی بینیبوو شارەکۆن بەشێکی مێشکی داگیر کردبوو، سەربازەکە بە پۆشاكو چەکەکانیو کڵاوی سەرییەوە لەبەرچاوی نزیك دەکەوتەوەو دووردەکەوتەوە. لەو کاتەوە ڕۆژانە سەربازەکەی دەبینی بە کڵاوە پەڕدارەکەیو کراسە کورتەکەیو قەڵغانەکەیو ڕمی دەستییەوە لەناو شارەکۆن وەستاوە:

**((ئەگەر مستیلەی ئەسکەندەر لەو وێرانەیە شاردرابێتەوە دەبێ شتی لەوەش گرانتر شاردرابێتنەوە، کوپەڵە لیرە، بازنەو گوارەی ئاڵتوون، هەموو ئەو ئاڵتوونەی بەسە بۆ ئەوەی بمکاتە پیاوێکی گەورەی ئاوایی)).**

لەو ڕۆژەشەوە تەنها یەك وەڵامی ئاغای دەدایەوە:

((**کەس هیچی نەدۆزیوەتەوە، هەموو گاڵتە بەو قسانە دەکەن**)).

ئەگەر وەڵامیش لەوە بەهێزتر هەبوایە دەیوت. سیامەند پەرۆشی ئەوە بوو ئاغا ئەو بیرە لە مێشکی خۆی دەربکات، کاتێکیش زانی ئاغا باوەڕی بەو چیرۆکانە لاواز بووە گومانی لەبارەی شارەکۆنەوە لە دڵی پیاوانی گوند دەچاند:

((**شارەکۆنی چی؟ خەڵکی پێش خۆمان بوون بەردی زەوییەکەیان کۆدەکردەوەو لەوێ فرێیان دەدان، نەشارەو نەهیچ**)).

لەوەڵامی پرسیارێکی کەللەڕەقیش:

((**ئەی بۆچی دەڵێن کوڕانی ئەختەر لیرەیان تێ دۆزیبووەوە؟**)).

وەڵامی ئامادەی هەبوو:

((**باوەڕ بە شتی وا دەکەی؟ ئەی بۆچی جلەکانی کوڕانی ئەختەر هەر شڕن؟ ئەگەر ڕاستیش بێ دیارە ڕێبوارێك بووە بۆ میزکردن لایدابوو و لەوێ لیرەکانی لێ کەوتبوون**)).

لە یەك شتیش دەترسا: ئەوانەی بەڕاستی شتیان دۆزیوەتەوە لەکاردانەوەی قسەکانی ئەو بەدرۆی بخەنەوە، ئەو نەیدەزانی کێ بەراستی شتی دۆزیوەتەوە، ئەو تەنها مام سمایلی دەناسی، لای مام سمایلیش ئەو قسانەی نەدەکرد.

وا ساڵێکە شارەکۆن بۆتە خولیای سیامەند، هاوینو زستانی ڕابوردوو کە لەبەر سەرماو گەرما خۆیو ڕانەکەی شەوان لە دەشت نەدەمانەوە دەیویست خۆی لە ژوورەکە بدزێتەوەو شوێنێکی شارەکۆن هەڵبکەنێ، ئەمشەویش لەجاران زیاتر حەز دەکات ئەو کارە بکات بەتایبەتی کە مانەوە کەمەکەی لە خوارەوەی مەجلیسی دیوەخانی بیردەکەوتەوە:

((**تەنها یەك ڕێگە هەیە بێ ترسو بەدڵی خۆم بتوانم زەویی شارەکۆن هەڵکەنم، لافاوێك لەوەی ئەمڕۆ گەورەتر ئاوایی چۆڵ بکات**)).

تلی دایەوەو دەستی خستە نێوان سەرینە چڵکنەکەو ڕوومەتی:

((**چۆڵبوونی ئاوایی. بەڵێ چۆڵبوون. لافاو. لافاو؟؟ بەڵام لافاو هاتو ئاوایی چۆڵ نەبوو. یان پەتایەك**)).

دوو چاوی نووقاندنو دووبارەی کردەوە:

((**پەتا. پەتا**..)).

چەند جارێك تلی دایەوە تا خەوی لێکەوت. گوێی لە پرخەو فووی جوحا نەبوو. جوحا خەوی ناخۆشی دەبینیو لنگەفرتێی بوو، سیامەندیش خەوی بینی کەوتۆتە ناو دەریایەکی پڕ لە لیرەی ئاڵتوون. لیرەکانی کۆدەکردەوەو تەواو نەدەبوون، کۆیدەکردنەوەو هی تر دەچوونە جێگەیان. ئینجا بۆ شارایەکی زێڕ دانەوییەوە تا بە دوو دەست چنگێکی تری لیرە هەڵبگرێتەوە، دانەوییەوەو. کەسێك لەپشتەوە لەقەیەکی لێداو خەبەری کردەوە، بینی جوحایە لەژێر هێرشی مێردەزمە لەقە دەهاوێ. دوا وشەی پێش خەوتنی بیرکەوتەوە. پەتا:

((**پەتا. پەتا. بیرم لێ نەکردبووەوە**)).

3

# خەیاڵەکانی شوانێك

سیامەند گوێی خۆی لە قووقەی یەکـەمی کەڵەشـێرەکە کـەڕکرد کە وەکو هـەموو شـتێکی مـاڵی ئاغـا ڕقـی لێـی بـوو. چاوەڕێ بـوو دەنگـی هاوڕێکـەی، کـە نـەڕقی لێـی بـوو و نەخۆشـی دەویسـت، خەبەری بکاتەوە. ویستی جوحا بڵێ هەڵسە ئەویش پێی بڵێ دوێنێ لافاوەکە بەهیلاکی بردینو با کەمێکی تر بنووینەوە. کـازیوەی ئـەو بەیانییـە دەنگێکـی تـری هێنـا، دەنگـی کـەیبانووی مـاڵی ئاغایـە، شەڕانگێزو بێبەزەیی، درۆزنیش:

((**سیامەند، جوحا، هەڵسن نیوەڕۆیە**)).

هەردوو هاوڕێکە جاجمەکەیان لەسەر دەموچاویان لابرد، ڕوویـان لەیەك بوو، سیامەند زانی جوحا وەکو ئەو پێشتر خەبەری بۆتەوە:

((**کێ ئەو ژنەی وا زوو خەبەر کردەوە؟**)).

جوحاش لای سەیر بوو:

((**ڕەنگـە دوێنـێ بـاران تـەڕی کردبـێ و ئـەم بەیانییـە سـەرماو میـز تاویان دابێ**)).

گـورج هەڵسـانو خۆیـان پێچـایەوە، جوحـا ویسـتی نەچـێتەوە شوێنی نەهامەتی:

((**چی دەڵێی سیامەند ئەگەر ئەمڕۆ شوێنەکەمان بگۆڕینەوە، تۆ بۆ لای کانی کەوەو من بۆ قۆڵی ماڵۆڵە؟**)).

پێشنیارەکەی جوحا بیرۆکەکەی سیامەندی هەڵدەوەشاندەوە:

**((نەخێر باش نییە، ئەگەر شوێنەکەمان گۆڕییەوە نەك هەر پیاوان بەڵکو منداڵانیش هاوار دەکەن و دەڵێن جوحا ناوێرێ بچێتەوە شوێنەکەی لەوەڕی خۆی)).**

چاوەڕێی وەڵام یان پێشنیاری تری هاوڕێکەی نەکردو لە ژوورەکە چووە دەرەوە. سەگەکە لە هەیوانەکە خۆی گرمۆڵە کردبوو" سەری بردبووە لای سکی و بە کلکە پانەکەی دەموچاوی داپۆشیبوو. هەر کە بۆنی خاوەنەکەشی کرد هەردوو گوێچکەی قیت بوونەوەو سەری هەڵبڕی، هەڵساو باوێشکێکی داو خۆی کێشایەوە. بەڕاکردن شوێنی خاوەنەکەی کەوت، بەوەڕین لەگەڵ ئەو ڕانەکەی وریا کردەوەو لە گەوڕ دەریکردن، لەبیریشی نەچوو بەڕاکردن دوو جار لەبەردەمی سەگەکانی جوحا، کە بینی تەنها دوانن، بێت و بچێ و خوێ بنوێنێ.

پوورە مینای خزمەتکاری ژنی ئاغا، کە بە پووری گوند بانگیان دەکرد، نانی بۆ دوو شوانەکە ئامادە کردبوو، سیامەند بەڕووی پێکەنی. هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردنەوەو بۆ یەکەم جار داوایەکی لەو جۆرەی لێکرد:

**((پوورە مینا دوعا بۆ هەتیوی چارەڕەش بکە، ئەمڕۆ کارێکی خێرم بەدەستەوەیە)).**

سەگەکەی بێئەوی بزانێ خاوەنەکەی نیازی چییە بەڕووی ژنەکە وەڕی:

**((دوعای بۆ بکە)).**

مێشکی ژنەکە دوور نەڕۆیشت:

**((ئەگەر کچەتیوێکت لە ماڵۆڵە دۆزیبێتەوە بە ئاغا بڵێ. دەبێ بزانێ، کەس لە ئاوایی بەبێ پرسی ئاغا ژن ناهێنێ)).**

شوانەکە دارەکەی هەڵگرت و ڕایوەشاند:

**((ئەگەر نیازم بوو ژن بێنم کچی ئاغا دەخوازم)).**

پشتی کـرده ئـەو ژنـەی قسـەکەی بـە گاڵتـەو گـەپێکی کـاتێکی نەگونجاو زانیو لەدڵی خۆی گڵماندی:

((**پرس بە ئاغا! دەڵەبەبایەکم هێنابیٚ پرس بەو گەماڵە ناکەم**)).

پاشان بەدەنگێکی بەرز:

((**ئاغا خۆی کچەکەیم دەداتیٚ**)).

سـەگەکە کـە ڕووی هەمیشـە لـەوە دەچـوو پێبکـەنیٚ بـە کلکبادانەوە شوێنیکەوت، ئاوڕیشی بۆ ژنەکە دایەوەو وەڕی:

((**ڕاست دەکات**))!

سیامەند لەژێر ئاسمانی پڕ هەورو لەسەر زەویی پڕ قوڕ ڕانەکەی دایە پێش خۆیو خواحافیزی لە هاوڕێکەی کرد، ئـەمڕۆش دۆسـتانە دارەکـەی بـە دووگـی شـۆڕەوەبووی مـەڕەکان دەکێشـا، سـەگەکە بەفیزەوە پێش ڕانەکە کەوتبوو. شوانەکە ئاوڕی بۆ شـارەکۆنی لای دەستەچەپی دایەوە، بەزەردەخەنەی ڕەزامەندییەوە نامەیـەکی بـۆ شارەکە نارد: ((**زۆر نابات دێمو ناوسکت هەڵدەدەمەوە**)).

سەرقاڵبوونی ڕانەکە بە خواردنەوەی ئاوی چەم دەرفەتێکی تری ئەو بەیانییە بوو شوانەکە تێر تەماشای وێرانەکـە بکـات. لـەناو ئـەو تاریکییـەی بەرامبـەر تیشـکە یەکەمـەکانی خـۆر خـۆی بـۆ هـەڵهاتن کـۆدەکردەوە سـیامەند تارماییەکـەی لەسـەر زەویـی شـارەکۆن بینییـەوە، سـەربازەکەی ئەسـکەندەرە وەکـو هـەموو جارێـك بـە پۆشاكو چەکەکانییەوە وەستاوە. بینی ڕمەکەی لەسەر ئەو زەوییە چەقاندووە وەك بڵیٚ: ((**سیامەند ئێرە. ئێرە هەڵکەنە**)).

کاتێك گەیشتە نزیك تەپۆلکەی گۆڕی کافران دنیا هێندە ڕۆشـن ببـووەوە ئـەو بەشـە داڕووخـاوەی ڕۆژگـار لـە جەسـتەی گردەکـە کردبووی وەکو چـاڵێکی تـاریکتر لـە گردەکـە دەرکـەوتبوو. ئـاودڕە نوێکەی بیرکەوتەوە کـە لـەو کەنـدڕە کۆنـە قـووڵتر گردەکـەی کـون

کردبوو. تا گەیشتە ئاستی تەپۆلکەکە دوو جار بیری لەوە کردەوە بچێ لە نزیکەوە ببینێ، هەردوو جارەکەش فیکرەکە هیچی تێ نەبوو پاڵی پێوەبنێ بۆ ڕۆشتنو تەماشاکردن، هەر ئەوەندەش تەپۆلکەکە کەوتە پشتییەوە تەپولکەکەو کونەکەو لافاوەکەی دوێنێی لەبیرچووەوە.

لەڕێگە چەند ویستی بیر لە فیکرەکەی دوێنێ بکاتەوە: ((**پەتا! ئەوە چارەسەرە**))، بەڵام ئەوە تەرکیزێکی زۆری دەویست بۆیە بیرکردنەوە لەو چارەسەرەی دواخست بۆ ئەو کاتەی ڕانەکەی لەوەڕی خۆی تەواو دەکات ئەویش لێی دەگەڕێ خۆی بدات بەزەویداو کاوێژ بکات، ئەو کاتەش خۆی لەسەر بەردێك بێکار دادەنیشێ، سەگەکەش کێشە نییە چونکە بەس بوو بۆ دوورخستنەوەی کارێکی پێ ڕاسپێرێ بەهۆیەوە خۆی بنوێنێ.

ئەو بەتاڵییەی شوانەکە بەدوای دەگەڕا پێشوەخت پاش خۆرهەڵاتن دەستیکەوت. ڕانەکە لەوەڕی خۆی دەکرد، ئەویش چووە شوێنە بەرزەکانی قەدپاڵی شاخەکە، دەیتوانی ڕانەکەو ڕێگەکەی ژێرەوەو گوندەکە ببینێ کە خاڵێکی ڕەش بوو لەناو خاکە سوورەکە.

شوانەکە سەری دەزووەکەی گرت: ((**پەتا**)). نەیتوانی لەوە زیاتر بڕوات: ((**کام پەتا؟ چۆن بگاتە ئاوایی؟**)).

کارەکە لەوە ئاڵۆزتر بوو: ((**چۆن خەڵك ئاوایی چۆڵ بکەن؟**)).

بیرکردنەوە گەیاندییە ئەوەی گرنگە: ((**ئەوەی مەبەستە چۆڵی بکەنو تا مانگێك نەگەڕێنەوە. چۆن؟**)).

بیرکردنەوە لەو خاڵە وەستا، ئەویش هەڵسایەوەو کەوتەوە جووڵە. کاتیش دەڕۆشتو ئەو هێشتا وەڵامەکەی نەدۆزیبووەوە، کاتی گەڕانەوەی چێشتەنگاویش خۆی بۆ خۆی دێو هیچی لەگەڵ

بۆ ناکرێ. بەهاوکاریی سەگەکەی ڕانەکەی کۆکردەوەو گەڕایەوە. تەنیشی تەپۆلکەکە ڕۆیشتو کونەکەی بیرکەوتەوە. ویستی بچێو لەنزیکەوە تەماشای بکات، بەڵام هەستی کرد لەشی سستە، وتی پەلەم نییەو ئەو چوونە بۆ کاتی گەڕانەوە بۆ دەشت پاش دۆشینی مەڕو بزنەکان هەڵبگرم.

گەڕانەوە بۆ گوندو دیسان گەڕانەوە بۆ دەشت تەپۆلکەکەی لەبیربردەوە، دەبوایە هەر کە بەتەنیشی بڕۆشتایە بیری بکەوتایەتەوە. ئەو تەنها شارەکۆنی لەبیرنەدەچووەوە. لە گوندەکە دەرچووەوەو لە تەپۆلکەکە نزیککەوت. بڕیاری دا ئەمجارە بچێ. سەگەکە پێشی کەوتو بەردەمی گرتو وەڕی:

((**نەچی!**)).

شوانەکە لێی تووڕە بوو:

((**چیت وت سەگی سەگزادە؟**)).

بەڵام هەر زوو دامرکایەوە:

((**ڕاست دەکەی سەگ! دەبێ چی لەو شوێنە ببینم؟ پەنجەی ئەژدیهاکە؟ خۆ ناتوانم هەموو ئەو خۆڵە لابەرم تا ئەو ئەژدیهایە دەربکەمو ئاوایی پێ بترسێنم تا چۆڵ ببێو من زەویی شارەکۆن ژێرەوژوور بکەم**)).

خۆی لە گردەکە لاداو ئاوڕی بۆ ئاژەڵەکە دایەوە:

((**هەر ئاوا زیرەك بە. هەڵە نەبووم کاتێك ناوم نەنابووی جوامێر یان شاسوار، لە یەکەم ڕۆژەوە ناوم نابووی سەگ، سەگ بێ هیچ شتێکی تر. لەناو هەموو سەگەکانی دونیا تەنها تۆ لای من سەگی**)).

دوانیوەڕۆی شوانەکە هەر بیرکردنەوە بوو" بیرکردنەوە لە شارەکۆنو سامانی خەونپێبینراوی. کزەیەکی سارد دای لە دەموچاویو وریای کردەوە، تەماشای ئاسمانی کرد، نیوەی سپی، نیوەی شین، شینێکی زۆر ڕوون، هەورە سپییەکانیش شێوەیەکی

ناڕێکیان هەبوو، وەکو پەمووی هەڵوەشاوە بوون، خێرا دەڕۆیشتن، دیـار بـوو لـەو بەرزاییانـە بـا قایمـە، خـۆر دای لـەو شـوێنەی ئـەو، گەرمایییەکی بەتامی بەخشی، بەڵام زوو هەورەکە شاردییەوە:

((**هـەورەکان ڕادەکـەن، هـەموو کـەس دەزانـێ بـا تاویـان دەدا، ئـەی ئەگەر کەسێك هەبێ نەزانێ با چییە؟**)).

بیرۆکەیەکی خراپ نەبوو:

((**ئەی ئەگـەر پەتاکە درۆ بـێ؟ ئەنجام یەکە، خـەڵك دەتـۆقێن، بـەڵام چۆن وایان لێبکرێ هەڵبێن؟**)).

ئاسانترین شت ئەوە بـوو خـۆی وا نیشـان بـدات تووشـی بووبـێ بەڵام دەترسا لەجیاتی ئەوەی ناچاریان بکـات دێیەکـە چـۆڵ بکـەن خۆی بکەنە دەرەوەی دێ:

((**با شتێکی تر بێ، گرنگ ئەوەیە شتێك هەبێ لێی بترسن**)).

تەماشــای ئاســمــانی کــردو بیریکەوتــەوە ماوەیەکــە ناڕوانێتــە جــوانیی دەوروبــەری. لــەو کاتــەوەی خــەونی بــە ســامانەکانی شارەکۆن‌و پلەوپایـەی نـاو گونـد دەبـینی زەوی‌و بـاران‌و ئاسمـان‌و هەوری لەیاد چووبوو:

((**زەوی‌و ئاسمان جوانن**)).

هەر ئەوەندەی وت‌و هەر ئەو نەختە بـیری لـە جـوانیی سروشـت کردەوە ئینجا دیسان کەوتەوە داوی سامان‌و پلەوپایەی خەونەکان. ماوەیەکە ئەو جوانییە بۆتە جیهـانێکی تـرو لێـی دووردەکەوێتـەوە، ئەو جیهانە هەر ڕۆژەی زیاترو زیاتر دوورتـر دەڕوات‌و ئـەو بەلایـەوە گرنگ نییە.

هەڵسـاو قـۆڵ‌و شـانی جووڵانـد، سـەگەکە ئـەوەی بـە نیشـانەی بانگکردن تێگەیشت‌و بە هەڵەداوان گەیشتەوە لای. سیامەند سـەری دارەکەی خستە سەر لووتی سـەگەکە، سـەری سـەگەکە خولایـەوە، چاوی لەسەر دارەکە بوو:

((**لایبە ناخۆشە**))، سەگەکە وەڕی.

سیامەند دارەکەی بەرزکردەوەو نووکەکەی ڕووکردە هەورەکان:

((**دەبێ ڕێگەیەك بدۆزمەوە، ئەمڕۆم لەبەردەمە، شەویشی دەخەمە پاڵ. یەڵڵا**)).

کەپنەکەکەی لەسەر بەردەکەی لەسەری دانیشتبوو هەڵگرت، توند قۆڵی بردە دواوەو تا توانی دوور بۆ خوارەوە هەڵیدا، خۆشی خێرا بەسەر لێژاییەکە تلبووەوەو پێڵاوەکەی قوڕی لەپاش خۆی هەڵدەدا. سەگەکە کەوتە هەڵبەزین و شوێنیکەوت، دەیتوانی پێشبکەوێ بەڵام شوێنکەوتنەکەی پێ خۆش بوو، پێش تەواوبوونی لێژاییەکە خێرا پێشیکەوت و چووە بەردەمی و هەڵبەزییەوە:

((**ئەها پێش کەوتم!**)).

پێش ئەوەی خاوەنەکەشی بیگاتێ پشتی تێکردو بەپەلە چووە خوارەوە بۆ سەر ڕێگەکە.

سیامەند چەند هەنگاوێك پێش ئەوەی بگاتە ڕێگەکە ڕاکردنەکەی کردە ڕۆشتن و بەدەم ڕۆشتنەوە زەوییەکەی بە دارەکەی دەکوتا، گەیشتە ڕێگە قوڕاوییەکەو لەسەر بەردێك گیرسایەوە. دوو سەعات بۆ گەڕانەوە ماون، ئەمڕۆ بێ هیچ چیرۆکێك دەگەڕێتەوە ئاوایی، چیرۆکەکەی دوێنێش سالی جارێکیش دووبارە نابێتەوە:

((**دەترسم ئاشکرا بم دەنا هەموو ڕۆژێك چیرۆکێکم هەڵدەبەست**)).

ئەمەش هەر فیکرەیەکی خراپ نەبوو:

((**ئەگەر لەگەڵ پەتاکە هەر نەگەیشتمە ئەنجام دەتوانم ببمە حیکایەتخوانی دێ، بەلای کەمەوە شوێنێکی باشترم لە دیوەخان دەست دەکەوێ، ئەگەر ئاغاش ڕێگەبدات بە گوندەکان دەگەڕێم، ڕازیشم دەستکەوت بەنیوەیی بێ**)).

بەڵام زوو پەشیمان بووەوە:

**((ژیان بەتاڵە ئەگەر بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خەڵکی تر ببرێتە سەر، من حەز دەکەم بەسەرهاتی خۆم باس بکەم وەکو. وەکو. با بڵێم: ئەمڕۆ ئەژدیهایەکم کوشتووە، سبەی ئەژدیهایەکی تر. ئەژدیها؟ بەڵام کوشتنی ئەژدیها ئەگەر ڕاستیش بێ دەبێ کۆتایی هەبێ)).**

ڕۆژی سیامەند بێئەنجام بەڕێوەچوو، وادەی گەڕانەوەش نزیکتربۆتەوە، ڕانەکەی خڕکردەوەو گەشتی گەڕانەوەی دەست پێکرد. لەسەر ڕێگە وردە چەمی کاتی زۆر بوون‌و ڕانەکە کە گیای تەڕ تینوویەتییەکەی شکاندبوو بەپێی پێویست دەمی بەو وردە چەمانەوە دەنا پێش ئەوەی بگاتە چەمە گەورەکە، بۆیە کەمێکیان لەو چەمە گەورەیەی تەنیشت تەپۆلکەکە لایان داو ئاویان خواردەوە، سیامەندو ڕانەکەی ڕێگەی چەمیان گرتەبەر، سەگەکە خۆی دواخستبوو و لەسەرخۆ دەڕۆشت‌و بۆنی زەویی دەکرد، سیامەند ئاوڕی بۆ دایەوەو پێش ئەوەی هاواری لێبکات بگاتە کاروانەکە سەگەکەی بینی سەر بەرز دەکاتەوەو ڕوو لە تەپۆلکەکە دەکات‌و دەوەڕێ، سیامەند نەوەستا:

**((ئەم سەگە هەندێ جار خەیاڵ دەکاتەوە)).**

ڕۆشتەوەو پاش چەند هەنگاوێك‌و بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە هاواری کرد:

**((سەگ!)).**

سەگەکە کەوتەوە جووڵەو سیامەند ئاوڕی بۆ دایەوەو بینی بەدەم ڕاکردنێکی خاوەوە تەماشای تەپۆلکەکە دەکات‌و پێی دەوەڕێ، گەیشتە لای خاوەنەکەی ئەویش بە سووکی دارێکی لە سمتی سرەواند:

**((بڕۆ دەی، وەکو جاران پێشمان بکەوە، دەزانم حەز دەکەی خۆت هەڵکێشی‌و بڵێی من ڕانەکەم لەوەڕاندبوو لەو کاتەی سیامەند خەوتبوو)).**

سەگەکە هەڵبەزییەوەو ڕایکرد، ئاوڕێکی دایەوەو وەوی کرد:

((**ئەی وا نییە سەم سەم؟**)).

وەڕیـــنی ســـەگەکە بـــەڕووی گردەکـــەو پێشـــتر کـــە نەیهێشـــت خاوەنەکەی بچێ تەماشای کونەکە بکـات کـەمێك مێشـکی سـەرقاڵ کرد، ویستی بگەڕێتەوەو تەماشا بکاتو بزانێ چی هەیە بەڵام وەکو جارەکـــەی تـــر پەشـــیمان بـــووەوە، دوایـــی زۆری لـــەخۆی کـــردو گەڕایەوە، هاوارێکیشی بۆ سەگەکە کردو پێی وت خۆیو ڕانەکە:

((**لەوێ بوەستن، ئێستا دێمەوە**)).

سەگەکە ئەمجارە کارێکی پێسپێردرابوو و کاتێتی خـۆی بنـوێنێ بۆیە گوێی نەدایە چوونی خاوەنەکەی. گوێڕایەڵی فەرمانەکـە بـوو و لەســـەر پاشـــووی دانیشـــتو زمـــانی بـــردە دەرەوە، بـــەڵام زۆر وا نەمایەوەو فزووڵ پاڵی پێوە نا بڕواتو بزانێ خاوەنەکـەی خـەریکی چییە.

ســیامەند ویســتی ســەرەتا بزانــێ ســەگەکە بــە چــی وەڕیبــوو. بــەدەوری لای ڕۆژئــاواو بــاکووری تەپۆلکەکــە ســووڕایەوە، هیچــی نەبینیو لەچەمەکە پەڕییەوەو کەوتە پشتی گردەکە، بـەدەوری لای ڕۆژهــەڵات ســووڕایەوەو لــە شــوێنی پێشــوو گەیشــتەوە چــەمەکەو دیسان هیچی نەبینی، تەماشای سەگەکەی کردو بەچاو لێـی پرسـی چیی بینیبوو. سەگەکە گوێی خۆی لە پرسیارەکە کەڕ کردو لەسـەر جووتـە پاشـووی دانیشـت. سـیامەند بـە دارەکـەی ئامـاژە بـۆ کـرد بڕواتەوە لای ڕانەکە ئەویش بەڕووی نووزەیەکی کرد:

((**پێکەوە دەڕۆین**)).

شوانەکە نەیویست موناقەشەی سەگەکە بکاتو کەوتەوە جووڵـە بەرەو گوند، بۆ دوایەمین جار ئاوڕی بۆ تەپۆلکەکە دایەوە، ئەمجارە کونە نوێکەی لەنزیکـەوە بـینی، کەندڕەکـە لـەوە گـەورەتر بـوو کـە

لــەدوورەوە دیــاربوو، لافاوەکــە تــا ســێ ئەوەنــدەی گالۆکەکــەی گردەکەی بنکەن کردبـوو. سـیامەند بەپێویسـتی زانـی بگەڕێتـەوەو تەماشا بکات. چوو و تەماشای کرد" بەپێوە هەموو کونەکەی لێـوە دیــار نــەبوو، نیشــتە ســەر ئــەژنۆو تەماشــای کــرد، پارچــەیەك قوڕوخۆڵو چەند لەتـە گۆزەیـەك، دارەکـەی بـردە نـاوەوەو دای لـە لەتەگۆزەکان، دای لەیەکێکیانو دەنگێکی جیاوازی بیست، جارێکی تر دارەکەی پیاکێشایەوەو هەمان دەنگ:

((**ئەمە دەنگی کووپەی شکاو نییە**)).

بەدەما کەوتو خۆی بۆ خشاند، پەنجەی لێداو دڵنیابوو:

((**هەر ئەوەندە خۆڵی دەوروبەری دەربکەم**)).

خۆڵەکەی بە دەمـی گالۆکەکـەی لابـردو دڵـی زیـاترو زیـاتر لێـی دەدا، نیــوەی کووپەکــەی دەرخســتو لەبــەر دەنگــی دڵــیو ئــەو خەیاڵــەی چــووە ســەری ئاگــای لــە ســەگەکەی نــەبوو بــەدەوری قاچەکانی دەسووڕایەوەو دەوەڕیو دەیزانـی خاوەنەکـەی خـەریکی کارێکی گرنگە.

دەرخستنی نیوەکەی تر زەحمەتتر بوو بەڵام تـازە بڕیـاری داوە نــەڕوات تــا کووپەکــەی دەســت دەکــەوێ ئەگــەر ڕانەمەڕەکەشــی فەوتابێ. **هاوارێك** کارەکەی پێ وەستاند:

((**سیامەند**! **سیامەند**!)).

خێرا لە کونەکە دەرچوو و خۆی مات دا. گوێی لەدەنگی پیاوێـك بوو بەدەنگی بەرز لەگەڵ هاوڕێکەی قسە دەکات:

((**ئەو کوڕە ڕانەکەی بەرەڵا کردووە، گوێم لەدەنگی سەگەکەی بوو. سیامەند**!)).

ئــەوە دوو کــەس، پیــاوێکی تــری گونــدیش نزیکــە لــە شــار بگەڕێتەوە. دەبێ دوانەکە بڕۆنو چاوەڕێی سێیەمیان بکات تا بێتو تێپەڕێ. ئەمڕۆ هیچی بـۆ نـاکرێو دەبـێ شـەو لەسـەر ئـاگر بـێ تـا

کـازیوەی بەیانییـەکی تـر بـەئارەزووی خـۆی بێـتو بـێ گوێدانـە چاوەڕێکردنەکەی ئەو بگاتە سەر زەوی:

((**خۆزگـە کـاتی شـەوبەکێو بوایـە. دەی! چـارە نـەما.. بـەڵام ئـەو کووپەیە هەر هی منە**)).

بەنـەخوێنی شـەڕواڵەکەی شـلکردەوەو گرتـی بەدەسـتیەوەو بەپێوە وەستا:

((**هۆوو مام سمایل، ئەم هاوارەت لەچییە؟**)).

بەدەم بەنەخوێن بەستنەوە لەنێوان گردەکـەو تـاوێرە گەورەکـە دەرچوو و بەرەو دوو پیاوەکە ڕۆشت کە ئێستا تێگەیشـتن کوڕەکـە کارێکی تایبەتی هەبوو نەیدەتوانی بەکەسی تری بسپێرێ:

((**شوێن بڕاوە کوڕە ئەوێ نەبێ؟**)).

کوڕەکە نەیتوانی هەناسەبڕکێی خۆی بشارێتەوە:

((**مام سمایل ئێرە پەناترە، هەوا نایگرێتەوە، پاشەڵ لە سەرماو لە چاو پارێزراوە، دەنگوباسی شار چییە؟**)).

دەنگوباس چی بێ؟

((**مەڕی چاك یەك ڕوپێو چەند عانەیەك هەرزان بووە، کەسیش لە بزن ناپرسێتەوە، بەهارێکی بێفەڕە**)).

هاوڕێکەی دووپاتی کردەوە کە وایە:

((**بەسەری ئاغا بێفەڕترین بەهار دەبێ**)).

سیامەند دڵنەوایی دانەوە بەڵام نەیدەزانی قسە بۆ خۆی دەکات:

((**خەم مەخۆ مام سمایل، خوا گەورەیە، نازانی چی دێتە ڕێت**)).

دوو پیاوەکـە بەسـواری دوو کەرەکەیانـەوە تێپـەڕینو بۆڵـەیان دەهات، سیامەند لەبەرخۆیەوە بۆ خۆی دووبارە کردەوە:

((**بەڵێ مام سمایل، بە کلکی ماینی ئاغا نازانی چی دێتە ڕێت، زەرەرێك لەبازاڕی شار یان کوپەڵەیەکی پڕ لیرەی ئاڵتوون لە دەشت**)).

تـا گەیشـتەوە گوندەکـە هـەر وڕ بـوو، شـارەکۆنی بیرنـەمابوو، سـەلامی لـە کـەس نـەدەکردو وەڵامـی سـەلامەکانی بەسـاردییەوە

دەدایەوە، ڕانەکەی دایە دەستی دوو کچەکەی هەموو جارێك تا بیدۆشن پێش ئەوەی بخرێتە ناو گەوڕ، فەرمانیشی بەسەگەکە دا:

((**ئەمشەو نامەوێ گوێم لەدەنگت بێ، سبەیش سەرم لێ مەشێوێنە**)).

سەگەکە خۆی بەزەوییەکە نووساند، سەری خستە ناو جووتە دەستی‌و باوێشکێکی داو نووزەیەکی لێهات:

((**خوا بکات تۆ قسەم لەگەڵ نەکەی**)).

سیامەند چووە ژوورەکەو خێرا خۆی خستە نێوان ڕاخەری شڕو جاجمی کۆنی چڵکنی‌و خۆی کردە نوستوو:

((**وەڵامی جوحا نادەمەوە هەتا ئەگەر باوکیشی بمرێ یان زیندووبێتەوە**)).

شەوێکی هێمنی دەویست بۆ ئەوەی بیربکاتەوە ئەو کووپەڵە ئاڵتوونە چی لێبکات، لیرەکان چۆن بێنێتەوەو چۆنیان بشارێتەوە، چۆنیان بفرۆشێ، بەڵام لەهەمووی گرنگتر چۆن ڕووبەرووی ئەو وەزعە نوێیە بێتەوە، خەڵك ببینن کتوپڕ دەوڵەمەند بووە چی دەڵێن؟ چۆن وەڵامیان بداتەوە؟

جوحا گەڕایەوەو هاوڕێکەی بەپێچراوەیی بینی. بۆ خۆشبەختیی سیامەند جوحا تەنها یەك ڕستەی وت‌و ئەویش لەناو جێگەکەی خۆی ون کرد:

((**ئەم ئێوارەیە نانی زوو خواردووە، ئەو ماندوو. من ماندووتر**)).

جوحا پێی خۆش بوو هاوڕێکەی نوستووەو یادی کارەساتەکەی دوێنێ ناکرێتەوە. پرخەو فووی جوحا دەستیان پێکردەوەو پرسیارەکانی سیامەند بەردەوام بوون، لەکۆتایی ماندوو بوو: ((**لەجیاتی ئەوە با بیر لەوە بکەمەوە چۆن سەرفیان بکەم، بیربکەمەوە دەبمە چۆن پیاوێکی گوند کە شاوەیس ئاغا دەخاتە تەنیشت خۆی لەدیوەخان، ڕەنگە گوندێك بکڕم‌و ناوی بنێم سیامەندئاوا**)).

خەياڵەكان ڕەوینەوەو پرسیارەكە گەڕایەوە: ((**بڵێم چی؟**)).

وردەوردە خەو هێرشی بۆ چاوی دەبردو دوو پێڵووی دادەخران، هەمووی چەند چركەیەك بوو و خەوی لێكەوتبوو. خەوی چاو خەوێكی سەری بانگ كرد:

لە گوند نەماوەو چۆتە وڵاتێكی دوور، شتی سەیر لەدەوری خۆی دەبینێ، پۆشاكی تازەو جوان خشڵی زۆری پێوەیە، پۆشاكی ڕەنگاوڕەنگی جیا لەوەی خەڵكی گوند، ڕاخەری پڕ لەهەموو ڕەنگێك، سەرینی زۆری خڕی یەك ڕەنگی بریسكەدار، خۆی بینی بەو جلانەوە تا قولەپێ لەناو لیرەی ئاڵتوون وەستاوە، چنگێك هەڵدەگرێو بەسەر سەری خزمەتكارێكی سەرنەوییەوە بەریدەداتەوە ئەویش پەلاماری دەستی دەداتو ماچی دەكات، پاشان بەسواری ماینێكی سپی زینێكی ڕەنگاوڕەنگی بەسەر پشتەوەیە دەگەڕێتەوە گوندو پیاوەكان بەپیرییەوە دەچن. شاوەیس ئاغاو كوڕەكانی دەستیان خستۆتە سەر ناوكیانو بەسەرێكی كزەوە پێشوازیی لێدەكەن. بەسواری ماینەكەیەوە بەناو ئاوایی دەڕواتو دەڕوات، هەر بەسواری ماینەكەیەوە بە سەر وەڵامی سڵاوەكان دەداتەوەو بە دەست ئاڵتوون دەبەخشێ، دەڕۆشتو ئاڵتوونی دەبەخشییەوە.. لەپڕ زەلامێك خۆی پیاكێشاو خەبەری كردەوە.

خەونەكە دڵی یەكلا كردەوە: ((**چاكترین چارەسەرە، چاكترینیش نەبێ چارەسەری تر نییە، ماوەیەك خۆم ون دەكەمو دوایی بەو سەروەتەوە دەگەڕێمەوە، ئەو كاتە هەزارو یەك چیرۆك هەیە بیانگێڕمەوە، باوەڕ بە هەمووشیان دەكرێ**)).

دڵی بەو چارەسەرە ڕازی بوو و چاوەكانی نووقاندو لەدڵەوە داوای لە كەڵەشێرەكان كرد زوو بقووقێنن.

# 4

# لەوحەكانی قەدەر

سیامەند پێویستی بە كەس نەبوو وریای بكاتەوە، ئەو ماوە كەمەی خەو چووبووە چاوییەوە بەس بوو، پێویستە پوورە مینا نانەكەی زووتر بۆ بپێچێتەوە، ئەویش لە ڕۆژانی تر زووتر دەربچێ، بەڵام وا ئێستا ناچار بوو چاوەڕێ بكات.

چەند جارێك یاریی لەگەڵ سەگەكە دەكردو ڕاوی دەناو دەیخستە وەڕین تا پوورە مینا زوو خەبەری بێتەوە، دواتر دوو سەگەكەی جوحاشی ورووژاند تا بوەڕن بەڵام پیرەژنەكە بەرنامەی خۆی تێكنەداو لەوادەی خۆی هەڵسا. كوڕەكە پاڕایەوە:

((**پوورە مینا گیان! بەرانێك قەرزارت بم نانەكەم خێرا بدەرێ، ئەگەر حازریش نییە هەویرەكەم بدەرێ ئەو شاخەی بۆ دەسووتێنم و دەیكەمە نان**)).

ژنەكە نەیزانی ئەو لاوە پەلەی چییەتی، هەزاران ساڵە شوانەكان لەوادەی خۆیان دەچنە دەشت و هیچ شتێك لەدنیا نەگۆڕاوە. شوانەكە نەیهێشت پرسیار بكات:

((**پەلەمە پووری هەموو گوندەكان**)).

پیرەژنەكەی شپرزكردبوو:

((**بەس بزانم جنۆكە چۆتە لەشتەوە، هێندە پەلەم لێ دەكەی لەجیاتی پیاز خەریكە بەردت بۆ دابنێم، پەلەم لێدەكەی، سەگەكەشت پێم دەوەڕێ و دەڵی خێرا بكە**)).

سەگەكە بەدرۆی نەخستەوە:

**((بەڵێ خێرا بکە، سەم سەم پەلەیەتی و نازانم بۆچی)).**

وەرگرتنی نان و پیازەکە لە دەستی پوورەکەوە بۆ ناو توورەکە بچووکە کۆنە پڕ نەخشەکەی و دوایی دەرچوون لەگوند بۆ سیامەند دووروودرێژ بوو و نەدەبڕایەوە، هێشتا ماوەیەکی زۆری تری مابوو تا دەگاتە گردەکە. دووەم جاریشە لەماوەی ساڵێك لە گوندەکە دەرچێ بێئەوەی تەماشای شارەکۆن بکات.

گەیشتە نزیك گردەکەو ڕانەکەی بەردایە چەمەکە:

**((دەڵێن کەس نازانێ خێر لەچییە، ئەگەر دوێنێ کووپەڵەکەم دەربهێنایە شەو نەمدەزانی چۆن بیشارمەوە بەڵام ئەمڕۆ تا ئێوارەم لەبەردەستە بیربکەمەوە لەکوێ بیشارمەوەو چۆن خۆم لە شوێنێکی دوور لە گوند بزر بکەم)).**

چووە ناو کونەکە گەورەکەو بە سەگەکەی وت ئاگای لە ڕێگە بێ، سەگەکە ڕانی هەڵبڕی، میزی کردو بۆ لای ڕانەکە ڕایکرد.

دەرکردنی کووپەکە هێندە زۆری برد بەس بوو بۆ پڕکردنی دڵی لە ترس و نیگەرانی. هەموو دەقیقەیەك دەترسا کەسێك پەیدا بێ، ئەگەر ئەو کەسە ئاشکرای نەکات دەبێتە شەریکە بەشی. لەکۆتایی زەفەری بە کووپەکە بردو ڕایکێشایە دەرەوەو هەڵسایە سەرپێ، بەرزیکردەوەو ویستی بیدات بە بەردێکداو بیشکێنێ بەڵام پەشیمان بووەوە، تەماشای ئاسمانی پڕ هەوری باراناویی کرد کە دەیویست بە کۆمەکی خۆرەوە لە شینێکی تێرەوە ببێتە سپییەکی زیوین:

**((ئێرە باش نییە)).**

ئەمجارە فەرەنجییەکەی جوحای خواستبوو و کەپنەکەکەی جێهێشتبوو کە دوو قۆڵی نەبوو و لەگەڵ جووڵەی دەستی دەکرایەوە. کووپەکەی خستە ناو فەرەنجییەکە. فەرەنجییەکە بەرزبووەوەو سەگەکە بۆ ئەو شتەی ناوسکی وەڕی. شوانەکە ترسی نەبوو کەس لەڕێگە پێی بگات چونکە بەدەگمەن کەسێك بەو

بەیانییـە بگاتـە گونـدە چـەپەکەکەی خۆیـان، تـەنها نـەهێڵی ئـەو کەسەی لە گوندەکەی خۆیان دەرچێ پێیبگاتەوە ئیتر هەموو شتێك تەواوە.

ڕانەکە پێویسـتی بـە ییخـەو پیڕانـدنو تێسـرەواندنێکی زۆرتـری هەبوو، ئەمڕۆ ڕۆژی خاوەخاوکردن نەبوو، دەبێ کـەمێکی تـر بگاتـە قۆناغی دووەمی گەشـتی ڕۆژانـەیو کووپەکـە بشـکێنێ. نیگـەرانیو پەلەکردن لە گەیشتن نەیاندەهێشت بیر لەو شوێنە بکاتەوە کە بۆی دەچێو خۆی تێ بزر دەکاتو دوایـیش چـۆنێتیی سـەرفکردنی ئـەو لیرانە.

گەیشتن بەو شـوێنەی مەبەسـتی بـوو هێنـدەی شـوانیی مانگێـك ماندووی کرد. بەقەدپاڵەکـە سـەرکەوتو ڕانەکـەی جێهێشـت. گونـد دوورەو کەس بەجوانی نایبینێو نازانێ چـی دەکـات، پێویسـتە زوو کووپەکە بشکێنێو لیرەکان بخنێتە ناو گیرفانەکانییەوە.

کووپەکەی بەرزکردەوە تا بە بەردێکی بەردەمی بکێشێ:

((**سەگ! ئەم کووپەیە بەختەوەریی منو تۆی تێیە**)).

توند پیایکێشاو چـەند پارچـەیەك لـە کووپەکـە بـە چـەند لایـەك فڕین. بەدەست پارچە شکاوەکانی تری لە خۆڵی ناو کووپەکـە جیـا کـردەوە، تۆپــەڵێکی خـۆڵی خـڕ مایـەوە لەگـەڵ ملـی کووپەکـە کـە لێنەببووەوە.

مستی دا لە تۆپەڵە خۆڵەکەو شییکردەوە، مستێکی ترو خـەریك بوو دەستی خۆی بریندار بکات:

((**ئەمە چییە؟ ڕەنجەڕۆ خۆم**)).

خەریك بوو بگری:

((**چی دەبینم؟ خۆڵ؟ ئاڵتوون بۆتە خۆڵ؟**)).

بــەسمتا بەســەر زەوییەکــە خــۆی بەردایــەوە، چــنگێك قــوڕی

هەڵگرتو ویستی لەدەموچاوی خۆی بیسوێ، سەگەکە پێی وەڕی:

((**مەکە!**)).

قوڕەکەی تێگرت:

((**چی دەکەی لێرە؟ بۆ ناچیتە لای ڕانەکە؟**)).

دەموچاوی لەناو دوو لەپی دەستی قوڕاوی ونکردو گریا:

((**ڕەنجـەڕۆ خـۆم، ئاڵتوونەکـە بـووە خـۆڵ، مـن بـۆ خـۆڵ باشـم، نەگبەتو بەدبەخت**)).

سـەری بـەرزکردەوەو تەماشـای هـەورەکانی کـرد کـە بـارانێکی نوێیان پێبوو:

((**خۆڵ. خۆڵ. خۆڵ. بۆچی بەیەك شەو؟ بەیەك شەو ئاڵتوون بوو بە خۆڵ، خوا دەزانێ چەند هەزار ساڵە لەژێر ئەو خۆڵە هەر ئاڵتون بوو، بۆ بەختی من ئەو شەوە بووە خۆڵ**)).

بەمێشکێکی ڕێی لێونبـووەوە بـۆ تەفسـیرێك دەگـەڕا. دارەکـەی گرتو بەڕقەوە زەویی بەردەمی شێواند:

((**دەڵێن بەختی ڕەش شیری شلی سپی دەکاتە بەرد، با شیر ببێتـە بـەرد، دنیـا ئـاخر نـابێ بـەڵام بـەخت لـەوە ڕەشـتتر هەیـە" زێـڕ ببێتـە خۆڵ**)).

دارەکەی فڕێداو ڕوویکردەوە ئاسمان:

((**بـەڵام نـا! بەدبـەختی نییـە، شـتێکە لەبـەخت گـەورەتر، جـادووە، جادووە وای لێکرد، جادووگەرێکی بێبەزەیی خۆشیو پێکەنینی نـاو جێگـەی شـەوی مـنی بـینیو بەزەردەخەنەیـەکی پـڕ مـەکرەوە وتـی: سـیامەند! نـاهێڵم ئـەو خۆشـییە ببـینی. فوویـەکی لێکـردو کردییـە خۆڵ**)).

شوانەکە نەیدەویست باوەڕ بکات نـاو کووپەکـە لەکۆنـەوە خـۆڵ بووە، تا ئەو سـاتە ئـەوە کووپـەی بەختـەوەریی خـۆی بـووەو لـەو کاتەوەی لەناو خـۆڵی گردەکـە بینیبـووی تـەنها نموونـەی کەسـانی گوندی تری لەپێش چاو بـوو کـە وەك بیسـتوویەتی لـەکاتی جـووت

کووپەڵەیان دۆزیوەتەوە، لەو ڕۆژەشەوە پۆشتە بوون‌و چوونەتە دونیای خۆشگوزەرانی، ئەی کەس هەیە نەیبیستووە حاجی ئەوڕەحمانی زەنان کووپەڵەیەکی ئاڵتوونی دۆزیبووەوەو بەو پارەیە بووە دەوڵەمەندی گوندەکەی‌و بەو پارەیە چوو بۆ حەج؟

چەند لەتێکی کووپە شکاوەکە لەبەردەمی کەوتبوون، تۆپەڵە خۆڵێکی گەورە لەناوەڕاستی لەتەکانی کووپەکە کەوتبوو. بەدەستی شییکردەوە. هەموو ئاواتێکی ئەوە تۆپەڵە خۆڵەیە کە تەواو شی نەبۆتەوە. تۆپەڵەکە بووە چەند پارچەیەك‌و دارەکەی هەڵگرت‌و کێشای بەگەورەترینیان، خۆڵەکە یاخی بوو و ورد نەبوو، سیامەند بینی خۆڵەکە وەکو یەك نەبوو، خۆڵی وردی نەرم لەگەڵ چەند تۆپەڵە بچووکێکی خۆڵی ڕەق، لەڕەقی‌و ڕێکی لەبەردی تەخت دەچوون، دارەکەی فڕێداو بەدەستی جیایکردنەوە، ئەوانەی تریشی جیاکردەوە، ئێستا ناوسکی کووپەکە ئاشکراترە، چەند پارچە بەردێکی بچووکی چوارگۆشە بەڕەنگی خۆڵ لەگەڵ کەمێك خۆڵی نەرم. بەردەکانی ڕیز کرد، لەگەورەوە تا بچووك. شانزە دانە بوون، گەورەکەیان نیوەی لەپی دەستی بوو، بچووکترینیان نیو پەنجە پان‌و درێژ. دەستی کرد بەپاککردنەوەی بەردەکان لەو خۆڵەی بەسەریانەوە بوو.

بەردەکان ساف نەبوون، ڕوویان گرنج گرنج بوو. شێوە ڕێکەکەیان سەیر بوو، چوارگۆشەو لاکێشە، لاکانیان ڕێك بوون. بچووکترینیانی هەڵگرت، هەردوو رووی گرنج گرنج. سێ قەراغی ساف‌و لووس، قەراغێکی تری وەکو دوو ڕووەکە، داینا‌و گەورەکەیانی هەڵگرت، هەمان شێوە، یەك لە ڕووەکانی لە دوو شوێنی بچووك ساف بوو. ئەو فیکرەیەی هێرشی بۆ مێشکی شوانەکە کرد وای لێکرد بەپێوە هەڵسێ.

پارچــە بــەردە لاكێشــەكە لــەناو لــەپی دەســتی ڕاســتی بــوو، گواستیەوە بۆ دەستی چەپی، ڕووەكە بەهەموو لایەك وەرچەرخاند، لەوكاتــە هــەتاو تــازە هــەڵهاتبوو و لەبــەینی هەورەكانــەوە ســەری دەركردبوو. بەردەكەی ڕووتێكردو سێبەری چاڵەكانی ئەو نەخشــەی سەری دەجووڵاند:

((**نــەخش! ئەمــە لــە نــەخش دەچــێ، ئــەم ڕێكییــەو ئــەم چــالآییو بەرزاییانەی سەر ڕووی بەگاڵتە نەكراوە، بەگاڵتـەش نییـە ئەم بەردانـە خراونەتە ئەم كووپەیە**)).

لە سووچی سەرەوەی لای چەپ هێنـدەی نینۆكێـك خـەریك بـوو لەڕووی بەردەكە لێبێتەوە. ئەو پارچـەیەی لێكـردەوەو شـوینەكەی چاڵ مایەوە. خستییە نێوان پەنجـەكانیو لـەتی كـرد. ئـەوەی لێـی وردبووووە هەر لە خۆڵ دەچوو:

((**هێندەی بەرد یان شتێك كەمتر ڕەقە بەڵام بەرد نییە، ئەمە قوڕەو تا تاقەت حەزبكات شێلراوە**)).

سەری بەرزكردەوەو تەماشای گوندە دوورەكەی كرد:

((**كووپەیەكی شاردراو لەناو گردێكی سەیر نزیك گوندێكی چەپەك تەنیشت چەمێك چەند بەردێكی تێیـە.. چەند؟ شانزە، بەڵی شـانزە، شـانزە بـەرد، نـەخێر بـەرد نین، قوڕی شێلراوی ڕێككـراون، نەخشیان لەسەرە. هەموو ئەمە بەگاڵتە نییە**)).

پارچە لاكێشەییەكەی لەناو لەپی دەستی ڕاستی هەڵبەزاند:

((**نەخێر مەگەر هیچم نەزانیبێ، ئەمە بەگاڵتەو لە خۆوە نەبووە**)).

جارێكیتر لەو پارچەیە وردبووەوە:

((**ئەگەر نەخش بێ نەخشێكی جوان نییە**)).

وێنــەكان تێكــەڵ بەیــەك بــوون. ســیامەند تــوانی شــێوەیەك جیابكاتەوە لەهەموو شوێنێك دووبارە دەبووەوە:

((**زۆر وردە، نازانم چۆن كراوە. ئەمـەیان دووبـارە دەبێتـەوە، چاڵێك سێ لای هەیەو لەلایەكیان كلكی هەیە، ئەو چاڵانەش وەكو یـەك نین،**

**کلکدارو بیٚ کلك، ڕێکیان هەیە، هەیانە لابەلا وەستاوە، ئینجا ئەو خەتانەی لەمسەر تا ئەوسەر کراون و نەخشەکەیان کردۆتە خانەخانە، بۆنی پشقل عەقڵی نەبردبم ئەمە نەخش نییە، نووسینە، بەخوا نووسینە بەڵام بە چ زمانێك؟ هی چ زەمانێك؟ یەك شتیان لەو حەرفانە ناچن کە فێریان کردبووم، دیارە هی دێر زەمانە، هی ئەوانەیە کە هەزاران ساڵە مردوون، ئەی بە گردەکە ناڵێن گۆڕی کافران؟))**.

گەمەی مەتەڵەکە بەدبەختییەکەی لەبیر بردەوە:

((**بابڵێم وایە، ئەی باسی چی دەکات؟ باسی ئەو کەسانە دەکات ئەو گۆڕی کافرانەیان دروستکردووە؟ نازانم**)).

مشتی لە بەردەکە توند کردو قۆڵی بردە دواوە، قۆڵی چەپی بردە پێشەوە، قاچی ڕاستی بۆ دواوەو قاچی چەپ بۆ پێشەوە، ناو قەدەی و دوو قۆڵی سووڕاندەوەو خۆی بۆ فڕێدانێك ئامادەکرد بگاتە ئەودیو گوندەکە:

((**دەڵێن خەڵکی زەمانی زۆر بەهێز بوون، لەوانەیە لێرەوە تۆیان دەگەیاندە ئاوایی، منیش بەیادی ئەوانەوە فڕێت دەدەم و دەتگەیەنمە ئەودیویشی. کە کەوتیشی بکەوەرە قسەو ئەو حیکایەتانە بۆ ڕێبواران بگێڕەوە کە لەسەرت نووسراون**)).

سەگەکە لەخوارەوە چاوی لەو وەزعەی بوو و زانی خاوەنەکەی شتێك فڕێدەداتو وایزانی بۆ ئەویەتی. یەك جار وەوی کردو بەهەڵەداوان بەرەوڕووی خاوەنەکەی و ئەو شتە ڕایکرد کە خەریکە هەڵدەدریٚو نازانیٚ چییە.

شوانەکە توند قۆڵی ڕاستی بردە پێشەوەو یەك چرکەی مابوو پارچەکە لەدەست بەرداتو وشەی ((**حیکایەت**)) لەگوێی زرنگایەوە، لەو چرکەیە توند پارچەکەی گرتو نەیهێشت بفڕیٚ بەڵام تازە جووڵەکەی بۆ کردبوو و هاوسەنگی لە لەشی نەمابوو، جارێك بەدەوری خۆی سووڕایەوەو کەوت. زەوییەکە نەیگرتەوەو لەسەر لێژاییەکە تەپاوتلی داو تا جلەکانی قوڕاوی نەبوو و ناودەمی پڕ

نەبوو لە قوڕ نەگیرسایەوە. سەگەکە گەیشتە سەریو وەڕی:

((**ئەمجارە ئاگات لە خۆت بێ**)).

سەگەکە لووتی بەزەوی ناو نەیدەزانی لەکوێ بۆ ئەو شتە بگەڕێ کە سیامەند فڕێی دابوو. خاوەنەکەی لەپێی نووقاوی بۆ درێژ کردەوە:

((**سەگی زۆڵزادە، شتەکە لەدەستمە**)).

لە شوێنی خۆی لەسەر قوڕەکە دانیشتو بەردەکەی لەبەردەمی سەگەکە ڕاوەشاند:

((**یەك وشە پەشیمانی کردمەوە**)).

سەگەکە سەرولووتی بۆ دەستی خاوەنەکەی بەرزکردەوەو ویستی شتەکە ببات. خاوەنەکەی دەستی بردە دواوە:

((**نەخێر سەگی نەخوێندەوار، ئەمە لەسەرووی ئاستی عەقڵی سەگەکانە**)).

سیامەند دەست خستبووە سەر وشەکە: ((**حیکایەت**)). بەڵام ئەوە مابوو چۆن ئاکامی ئەو حیکایەتە تەنها شۆربایەکی گەرمی ئێواران نەبێ:

((**ئەگەر بەنەزانی دەست پێبکەم ڕەنگە لەوەش کەمتر بێ. چنگێك هەرزن**)).

کێشەکە ئەمجارە لە جۆرێکی تر بوو:

((**ئەوسا دەموت ئاڵتوونم دەستبکەوێ چۆن ئاشکرای بکەم، ئێستا خۆڵم دەستکەوتووە چۆن بیکەمە ئاڵتوون**)).

شوانەکە گەڕایەوە شوێنی پارچەکانی ترو هەموویانی خنییە گیرفانەکانی. فەرەنجییەکەی کردەوە بەر. لەوحە قوڕەکان ئەمجارە فەرەنجییەکەیان بەرزنەکردەوە، ئەویش کەمتەرخەم بوو و گوێی نەدایە:

((**تا دەگەمە تەکبیرێك نەبینرێن باشە، ئەگەر بینیشیان با ببینن**

**خۆ لیرەکانی سوڵتانی زەمانم پێ نییە))**.

بەڕقەوە شـەقی لـە لەتەکووپـەکان داو چـووە خـوارەوە بـۆ لای ڕانەکەو بە ئارەزوو بڕیاری دا چێشتەنگاو ڕانەکە نەباتەوە گوند.

ئەو بارانەی هەوری چڕی تاڵ هێنابووی نەباری، دوای نیـوەڕۆش تەنها نمە بوو، ئێوارەش گەڕانەوەکـە ناچـاری بـوو و ئەگـەر سـەرما نەبوایە هەر ئـەو ڕۆژە شـەوکەژی دەسـتپێدەکرد. شـوانەکە بـەدەم ڕادانی ڕانەکەیەوە لەوحـە گەورەکـەی دەرهێنـاو بەهـەموو بارەکـان هەڵیگێڕایەوە بەڵکو شـتێکی لـێ هـەڵکڕێنێ، زۆر خـەریك بـوو بـەڵام بێسوود. گەیشتە ئەو شوێنەی گردەکـەی لێبـوو، خێـرا لەوحەکـەی شاردەوە، بینـینی گردەکـە شـەرمەزاری کـرد کـە چـۆن ئـەو گـردە خەڵەتاندیو چۆن مایەپووچی کرد. گەیشتە تەنیشت گردەکەو ئـەم کەوتە دەستە چەپی، ئاوڕی بۆ دایەوەو گەورەیی قەبارەی گردەکـە هەیبەتەکـەی بـۆ گەڕانـدەوە، ئـەو گـردەی کـە هیچـی لێـوە دەستنەکەوت وەکو گەنجینەیەکی پر نهێنی هاتە پـێش چاوییەوە. لەوە زیاتر تەماشای نەکرد، حەزی نەکرد لـەوە زیـاتر مایەپووچـیی خۆی ببینێ.

گردەکـە کەوتـە پشـتییەوەو لەوحەکـەی دەرهێنایـەوەو بیریکردەوە:

**((دەبێ شتێکی تێ هەبێ قەرەبووی ئەو شەرمەزارییەم بۆ بکاتـەوە، ئەی ئەگەر نەیبوو؟ نەشیبێ خۆم دروستی دەکەم))**.

بـەدەم ڕۆشـتنەوە بەدەسـتی ڕاسـتی دارەکـەی لـە قوڕەکـە دەچەقاند. لەوحەکەی بەلـەپی دەسـتی چـەپی گـرت، نەشـیدەزانی تەواو گرتوویەتی یان سەرەوخوار. دەستی پێکرد:

**((هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، پاشایەکی زاڵم هـەبوو ناوی وەیس شا بوو، *نـاوێکی باشـە، نـەختێك زیرەکیـی دەوێ بـۆ ئەوەی بزانرێ ئەمە هەڵگێڕانەوەی ناوی شاوەیس ئاغایە.* وەیس شا**

کچێکی جوانی هەبوو لێی یاخی ببوو و دەیوت شوو بە میرانی مەملەکەت ناکەم بەڵکو حەزم لە شوانێك کردووە. *نە عەیەکسەر دەزانن هەڵبەستە چونکە خۆم شوانم، با بیکەمە خزمەتکاری پاشا.* پاشا خزمەتکار دەگرێ‌و دەیکاتە سجن، *نە عەفەز. قەفەز خۆشترە* بەڵام کچی پاشا ملوانکەیەکی ئاڵتونی ملی خۆی دادەکەنێ‌و دەیداتە پاسەوانەکەو دەڵێ شەرت بێ ئەگەر بەرت دا دوو گوارەی گوێچکەی خۆمت بدەمێ، *نەخێر پێشەکی دوو گوارەکە بێ، مام عەولی یەك ددان یەکسەر دەڵی دەبێ پێشەکی شتە کەمەکەی بداتێ، ئیشی بازرگانی وا دەخوازێ.* پاسەوان لای سەیر دەبێ کچی نازداری پاشا حەز لە خزمەتکاری چڵکنی چڵمن بکات. *ئەگەر لای ئاواییش سەیر بێ پێیان دەڵێم خۆ ئێوە نەبوون لەو کونی بەخترەشییە بەردەکەتان دەرهێنا ئێوەش نەبوون لە قوڕگەوزان تا ئەو خەتە بخوێننەوە کە یەك کەس لە دونیا ناتوانێ بیخوێنێ.* هەرچۆنێك بێ پاسەوان بەقسەی کچی پاشا دەکات‌و خزمەتکار ڕزگار دەکات‌و پاسەوانەکە ملوانکەی ئاڵتوونی دەستدەکەوێ. *ئاڵتوون، ئاااخ ئاڵتوون، چۆن هەموو ئاواتەکانم بەبا چوون. ئاڵتوون بوایە ئەم ڕاوەڕێوییەی نەدەویست کە نازانم بەچی دەگات.* خزمەتکار شارەوشار گەڕاو زانین‌و عەقڵی وڵاتانی کۆکردەوەو دوایی گەڕایەوە مەملەکەتی پاشای غەددار، *بەڵام من نەحیکمەت‌و نەعەقڵم لەوڵاتان دەویست، تەنها چەند مانگێك خۆم بزر بکەم‌و دوایی دەرکەومەوەو درۆیەك بۆ دەوڵەمەندبوونم هەڵبەستم، خوای دەکرد دەموت لیرەی ئاڵتوونم لە وڵاتی باقوبریق دۆزیوەتەوە.* کەس خزمەتکاری نەناسییەوەو هەموو بۆ دەردی لەش‌و گیان‌و عەقڵیان دەچوونە کنی تا ئەو ڕۆژەی کچی پاشا نەخۆش دەکەوێ‌و پاشا بەدوای دانای میوان دەنێرێ، تومەز کچە دڵی خەبەری دابوو دانای تازەهاتوو یاری جارانەو بەدرۆ خۆی نەخۆش خستبوو)).

ئاگای لـه خـۆی نـەمابوو کاتێـك ڕانەکـە خـۆی کـردە نـاو گونـد. نەختێکی تر دەگاتە یەکەم ماڵ. چیرۆکەکەی بەخێرایی تەواو کرد:

((**ئـیتر داناکـە چـاکیکردەوەو پاشـا ڕازی بـوو شـووی پێبکـاتو تەواو**)).

بەردەکەی خێرا شاردەوە نـاو لـەپی دەسـتییەوە. سـەگەکە کـە هەمیشە نزیك گوند پێش ڕانەکە دەکەوت ئاوڕی بۆ دایـەوەو وەڕی، خاوەنەکەی وەڵامی دایەوە:

((**نازانم چیت وت بەڵام گریمان دەڵێی حیکایـەتێکی خۆشـە، ئەگـەر واش دەرنەچـوو و هیچـی بـۆ نـەکردم سـەرت دەبـڕمو شـۆرباکەی تـۆ دەخۆمەوە**)).

شارەکۆن کەوتبووە لای ڕاستی، سەربازەکە دیار نەبوو، هەستی کــرد تۆڵـــەی ئـــەوەی لێدەکاتـــەوە بـــۆ دوو جـــار شـــارەکۆنی پشتگوێخستبوو، بەڵام ئەو وای دانا دەیبـینیٚو قسـەی بـۆ دەکـات. گوێی بـۆ گـرتو هـیچ تێنەدەگەیشـت، لـەکۆتایی شـوانەکە ئـاهێکی هەڵکیشاو خۆی دواند:

((**گردەکە بەهەڵە بردمی، زۆر زوو بۆم دەرکەوت**)).

5

# چارەنووسی مرۆڤێك

شەو سیامەند چاوەڕێی بەرزبوونەوەی پرخەی جوحای هاوڕێی کرد تا بەردەکان بشارێتەوە. ئەو چاوەڕێیە بۆ یەکەم جار پێی وت چەند سەیرە ئەو کوڕە بیست ساڵە لەو تەمەنە پرخە بکات:

**((دونیایەکی سەیرە، هیچ شتێك لە جێگەی خۆی نییە، دەبوایە شاوەیس ئاغا شوانی من بوایە)).**

بەلای چەپ پاڵکەوتبوو و دەستی لەژێر سەری بوو. بژاردەکان لەبەردەمی زۆر نەبوون، تەنها یەك بژاردە بوو: وا خۆی نیشان بدات دەتوانێ ئەو لەوحانە بخوێنێتەوەو چەند چیرۆکێك هەڵبەستێ گوایە لەو لەوحانە هەن. سەرەڕای پرسیارەکانیان کە چۆن وا لەپڕ ئەم لەوحانە دەرکەوتن‌و بۆچی تا ئێستا شوانی گوندەکەیان نەدیوە شتی وا بزانێ پرۆژەکە خۆی سەری لە هیچ دەردەچوو. تەنانەت ئەگەر بتوانێ واز لە شوانێتی بێنێ‌و شاوەیس ئاغاش وازی لێ بێنێ، بوون بە حیکایەتخوان واتای مردنە لە برسا، ئەمڕۆ نا سبەی. لەوەش خراپتر" ئێستا شوانەکە دەیتوانی کاری تر بکات، هیچ نەکات بچێتە شارێك‌و ببێتە حەماڵ، بەڵام هەر ئەوەندە بوو بە حیکایەتخوان ئیتر ناتوانێ وازی لێ بێنێ‌و کاری تر بکات، حیکایەتخوان خۆی دەبێتە حیکایەتی پێکەنین ئەگەر لە چیرۆك گێڕانەوەوە ببێتە حەماڵ:

((**حیکایەتخوان نموونەیەکە لەسەر ئەو کارەی پلەو پایەیەك دەداتە خاوەنەکەی کە لەجێی نەبووانە**)).

چاوی نووقاندو چەند چرکەیەکی مابوو بنوێ، فیکرەیەکی تر دەرپەڕیو وریای کردەوە:

((**بۆ نەڵێم ئەمانە باسی دەرمان دەکەنو خۆم بکەمە حەکیمی گوند؟**)).

خێرا وازی لێهێنا:

((**کە هیچی لێ نەزانم یەکێکیش دەکوژم**)).

بەپشتا پاڵکەوتو دەستی لەو خەیاڵانە هەڵگرت:

((**یان کاری شوانیی بێ پارەو پایە، یان دانایی بە سکی برسییەوە، یان پزیشکی هیچ نەزان، شوانی ئەمینترە**)).

یەکسەر خەوی لێکەوت، ئەویش وەکو جوحا دەستی کرد بە پرخەو فووکردن.

بەیانییەکەی سیامەند ئاسایی بوو. لەگەڵ جوحای هاوڕێی خەبەری بووەوەو بەئارەزووی خۆی ڕانەکەی لە گەوڕ دەرکرد. پەلەشی لە پووری گوند نەکرد نانەکەی بۆ ئامادە بکات. لەو گوندە شتی کەم هەبوون جێگەی سەرسوڕمان بن بۆیە دەرفەت بوو بۆ پیرەژنەکە سکاڵا بکات:

((**کوڕی ئەم زەمانە سەیرن، خەمم بوو ئەم کوڕە بیکاتە خوو و هەموو بەیانییەك شپرزم بکات**)).

سیامەند گوێی لە بۆڵەکەی بوو و دڵێدایەوە:

((**خەم مەخۆ پووری هەر ئەم گوندە! بەیانییەکی ڕەش بوو خوا نەیهێنێتەوە**)).

پیرەژنەکە بڕوای نەکرد:

((**شێتی جارێك هات ناڕواتەوە**)).

سەگەکە لەپشتەوە وەڕی، سیامەند بەمۆنییەوە ئاوڕی بۆ دایەوە چونکە وایزانی دەڵێ: ((**ڕاست دەکات**)).

خۆی‌و ڕانەکەی لە ماڵی ئاغا دەرچوون‌و وەکو جاران بەدەم ڕۆشتنەوە تەماشای شارەکۆنی کرد:

((**بیربکەمەوە لە بڵاوکردنەوەی پەتایەك گوندەکە چۆڵ بکات؟**)).

بڵاوکردنەوەی پەتا زەحمەت بوو، بچێتە جێگە شاوەیس ئاغاو ئەو ئاغایە ببێتە خزمەتکاری خۆی لەوە ئاسانترە. ئەو ڕۆژە لەخۆشیی کووپەکە ئاوڕی بۆ شارەکۆن نەدابووەوە. ئەمڕۆ ناچار بوو وەکو جاران تەماشای بکاتەوە. سەربازەکەی ئەسکەندەری بینییەوە خۆی داوە بەسەر ئەو ڕمەی لە زەوییەکە چەقاندوویەتی‌و وەك بیربکاتەوە تەماشای زەوی دەکات. شوانەکە گەیشتەوە نزیك گردەکە، دەستی دا لەو شتە ڕەقەی شاردوویەتییەوە، لەوحە گەورەکەی هێناوەو ئەوانی تری لە ژوورەکەی جێهێشتووە:

((**هەقە ناوت بنێم گردی خەفەت، نەخێر، گردی شوانی مایەپووچ**)).

ئێستا حەز ناکات دەقیقەیەك زیاتر لەو شوێنە بمێنێتەوە. پێش ڕانەکە کەوت‌و هاواری لە سەگەکە کرد:

((**کە ئاویان خواردەوە تێیان خوڕە**)).

سەگەکە قبووڵی کرد هەرچەندە گوندەکەیان جێهێشتووەو کەس چاوی لێنەبوو خۆی لە بەردەمی بنوێنێ. وەڕی:

((**دەزانم**)).

ئینجا چووە دواوەو لەسەر جووتە پاشووی دانیشت‌و چاوەڕێی کرد مەڕەکان تێر ئاو بخۆن تا ڕایان بدات.

ئەو ڕۆژە لەهەموو جارێك زیاتر هەستی کرد کارەکانی ڕۆژانەی دووبارە دەبنەوە، بێتام دووبارە دەبنەوە. گەڕانەوەی کاتی چێشتەنگاو بۆ لەبێردانی مەڕو بزنەکان‌و دیسانەوە گەڕانەوە بۆ دەشت بۆ لەوەڕاندنی ڕانەکە دووبارەبوونەوەی دیکەن، نەك تەنها خۆی بەڵکو ئەوە کاری هەزاران ساڵی شوانەکان بووە. تەنها سەد

ساڵ جارێك شوانێك شتێكی لێ هەڵكەوێ لە شوانی ڕزگاری بكاتو دەستی بۆ ناو دیوەخان بگرێ، دیوەخانی خۆی بێ یان هی ئاغا.

دوانیوەڕۆی قەدپاڵەكە كەشوهەوایەكی خۆش بوو، شەماڵێكی فێنكی بەهارانە ئەنگوتو یاریی بە دەموچاوی خۆیو گیای كورتە باڵای دەوروبەری كرد، ئاسمان نیو بەنیو شینو سپی بوو و هەورەكان ئەمجارە لە پەمووی هەڵوەشاوە نەدەچوون بەڵكو لە تۆپەڵە بەفری سپیی گەورە. زەوی نیوەوشك بوو، گوندەكە لەناو تەمێكی ڕەش بوو كە لەگەڵ هەورێكی تاكی ڕەشی گەورە لەسەرروویەوە تێكەڵ ببوو. هەموو ئەوانە پێكەوە جوانییان بە جیهان دەبەخشی، شوانەكەش هیچ كام لەوانەی نەدەبینی.

شوانەكە لەجیاتی ئەوە وێنەكانی ڕۆژانی پێشووی دەهێنایە پێش چاوی خۆی: بارانێكی بەلێزمەی لەناكاو، لافاوێكی چاوەڕێنەكراو، كەندرێك لەناو گردەكە سەرەتا بایەخی پێنەدا، دۆزینەوەی كووپەكە، بێهیوایی خۆی. بیریكەوتەوە چۆن ئەوەی بڕانبووەوە كە كووپەكە لیرەی زێڕی تێیەو بەرلەوەی دڵنیا بێ نەخشەی دانابوو بۆ گەڕانی وڵاتان بۆ ئەوەی دواتر دەركەوێتەوەو سامانی خۆی پیشانی ئاوایی بدات.

ئەمجارەیان شتێكی تر لە دەرگای هۆشی دا: ((**گەڕانی وڵاتان**)). حیكایەتە هەڵبەستراوەكانی لەوحەكەی بیركەوتەوە:

**((گونجاو نییە لە پڕو لە خۆڕا بڵێم ئەو پارچە قوڕانەم دۆزیوەتەوەو دەتوانم بیانخوێنمەوە، گونجاو ئەوەیە خۆم بزر بكەمو چەند وڵاتێك بگەڕێمو دوایی بێمەوە))**.

بەڵام زوو فیكرەكەی بەتاڵكردەوە:

**((دەربەدەری لەپێناوی بوون بە حیكایەتخوان؟ ئەمجارەش دەڵێمەوە شوانی باشترە))**.

فیكرەی پەتا لەبەردەمی هەڵبەزییەوە، بەچاو شوێنیكەوت،

فیكرەكە بەرامبەری بۆ لای ڕاستو بۆ لای چەپ دەفڕی. بەسەر قەدپاڵەكە سەركەوت، چووە خوارەوەو دووركەوتەوە، گەیشتە چەم، چووە گوندو پێچی كردەوە بۆ شارەكۆن، ماوەیەك دیار نەماو جارێكیتر لەبەردەمی هەڵبەزییەوە.

((**پەتا لە خۆوە دروست نابێ، كاتێكیش بڵاوبووەوە پێویستە خەڵكی گوند ناچار بكات هەڵبێن، پێش هەموو شتێكیش دەبێ دڵنیا بی خۆت نەكوژێ**)).

ئەو پەتایە چییەو چۆن دەركەوێو بڵاوبێتەوە كێشەیەكە هێندەی زنجیرە شاخەكە قورسە. دەیویست هەموو قەدپاڵەكە بگەڕێ، بگاتە هەموو لوتكەكان، چەمەكە ژێرەوژوور بكات تا ئەگەر زێڕی نەدۆزییەوە شتێك بدۆزێتەوە گومانی گەرای پەتایەكی تێ ببینێ. بەڵام قەت شتی وا بووە؟ ((**ئەوە خەیاڵەو وازی لێبێنم بۆ عەقڵم باشترە**)). فیكرەی گەڕان بەولاتان دیسان دەرپەڕی. سەگەكەی بینی لەناو مەڕو بزنەكان:

((**دوو جۆری جیاوازی ئاژەڵن، بەڵام بەیەكەوە گونجاون" سەگو مەڕ، چۆن پەتا و گەڕان بەولاتان پێكەوە بگونجێنم؟**)).

سەری لە خۆی سوڕما:

((**چۆنم بیگونجێنم؟ چۆن قسەیەكە؟ خۆیان بێ هیچ پێكەوە گونجاون**)).

سەگەكەی بینی ڕادەكاتو لە ڕانەكە دووردەكەوێتەوە، پاشان ڕادەكاتەوەو خۆی دەكاتە ناو ڕانەكەو هەندێ مەڕو بزن ڕادەچڵەكێنێ. وەكو كۆكلەیەكی ئاڵۆزكاو سەری دەزووەكەی دۆزرابێتەوەو كۆكلەكە شیبۆتەوە گرێكان لەبەردەمی كرانەوە:

((**لە من زیرەكتری سەگی سەگزادە! پەتاو سەفەر، سەفەر دەكەم تا لەولاتێك كەسێكم لێ هەڵكەوێ فێرم بكا پەتا بڵاوبكەمەوە، یان پەتا یان ژەهر، ژەهرێك بێنم چەمەكە بكاتە ژەقنەمووت**)).

نەخشەکە وردتر بوو:

**((چەند سەرە مەڕێك ژەهراوی دەکەمو ڕادەکەم بۆ گوندو هاوار دەکەم، ئەگەر نەترسانو نەڕۆشتن مەڕی تر ژەهراوی دەکەم)).**

نەخشەکەی بەدڵ بوو و تەنها ئەوە مابوو ژەهرەکە پەیدا بکات، بەڵام بەرلەوەی زیاتر بڕوات گردەکەی بیرکەوتەوە:

**((ئەی ئەگەر ئەوان ڕۆشتنو من چوومە شارەکۆنو هیچم دەستنەکەوت)).**

لەوحەکەی دەرهێنا، لەناو لەپی دەستی هەڵیبەزاندەوە:

**((ئەو ئومێدبڕانەم لەبیر ناچێ، بەرگەی لەوە زیاتر دەگرم بەڵام ئایا ژیانەکەم بەشی ئەوە دەکات نەهامەتیی تێ تاقی بکەمەوە؟)).**

لەوحەکەی خنییەوە گیرفانی، پاڵکەوت، ڕووی لەو هەتاوە بوو کە لەپشتی هەورەکانەوە چاوشارکێی لەگەڵ زەوی دەکرد، چاوی نووقاندو دەریایەکی هێنایە پێش چاوی خۆی، دەریایەك تەنها بە بیستن بیستوویەتی، گەورەتر لەو گۆمانەی چەمە زستانییەکان دروستی دەکەن، زۆر گەورەتر بەڵام چەند گەورەتر؟ دەریایەك شەپۆلی دەدایەوە، کۆشکێکی سپی لەناوەڕاستی دەریاکە بەرزبۆتەوە، سپی وەکو ڕەنگی هەور، وەکو هەوری دوور، وەکو خەیاڵێك بەسەر ڕووی ئەو دەریایە.

وەنەوز باری بەو وێنانە کرد، وردەوردە وێنەکان ون بوون، ئینجا ئێستا شتێکە لەناو جەرگەی ئاسمان دیارە، شتێکی جیاواز، شێوەی نەخشەکان یان نووسینەکانی سەر لەوحەکە، سی گۆشەی جۆراوجۆر، بێ کلك، کلکدار، چوارو پێنج سێگۆشە تەنیشتی یەكو لەسەر یەك، زۆر گەورە، هێندەی ئاسمان گەورەنو بەسەر هەورەکان وێنە کرابوون، گوێی لە خۆی بوو وەك لە بنی دەریاوە قسە بکات:

**((شت لەو لەوحانەوە فێر دەبم، گرێکانیان دەکەمەوە،**

**زانيارييەكانيان وەردەگرمو وەكو خۆر دەيانبەخشمەوە))**.

چاوی کردەوەو زانی فیکرەیەکی نوێیە، مێشکی جەنجاڵ بوو" پەتا. ژەهر. گرێکانی لەوحەکان. هەستی کرد کاتی پاڵکەوتن نەما، سەفەرەکە هەر دەبێ بکرێ، بۆ هەرکامیان بێ، بۆ هەموویان، تا لەو گوندە بمێنێتەوە دەبێ بەدەوری خۆی بخولێتەوە:

**((شەوێك شتەكانم دەپێچمەوە، پارچە قوڕەكانیش لەگەڵ خۆم دەبەم، دەڕۆمو ناوەستم ئەگەر بشگەمە ئاخیری دونیا))**.

ئەمجارە فیکرەی سەفەر بووە هێرشێکی بێبەزەیی، لەمێشکی خۆی دووبارەی کردەوە" تا لەو گوندە بمێنێتەوە دەبێ هەر بەدەوری خۆیو ئەو بخولێتەوە:

**((گوند چیی زیاترم فێر دەكات؟ هەموو دێیەكە دە یان یانزە شتی تێیە زیاد ناكەنو ناگۆڕێن، دێیەكە بیست ماڵە، ڕەنگە هەزاران ساڵ پێش ئێستا هەر ئەو بیست ماڵە بووبن، شاوەیس ئاغا و كوڕەكانیو سەگەكانی، جوحای هاوڕێم، چەمەكە، خۆم. چی زیاتر هەیە شتم فێر بكات؟ تەنها مام سمایل ساڵی جارێك شتێكی نوێ لەشار دەهێنێتەوە، مام حەسەنیش دەچێتە لای سالەی توتنفرۆش كە دەڵێن زۆر شت دەزانێو حیكایەتی زەمانی زوو بۆ ماڵو منداڵی دێنێتەوە، تەنها ئەو شتێكی جیای پێیە بەڵام چەندم لێوە بیستووە هیچی كەڵكی پیازێكی بۆم نەبووە، تا لەم گوندە بمێنمەوە هەر دەبێ وەكو كەری ئاشخولێن بەدەوری خۆم بخولێمەوە))**.

جوحای عاشقو ڕەزێی بێئاگای بیرکەوتنەوە. جوحاش وەکو خۆی بەدەوری گوند دەخولێتەوە بۆیە هیچی بۆ ناکرێ. ئەوەی سەیرە ئاغا نە ئازاری جوحای داوەو نە هەڕەشەی لێ کردووە، ئاغای بیستووە پێی پێدەکەنیو دەڵێ تەنانەت کچێکی شێتیش بەو شوانە ڕەوا نازانێ. جوحای داماو لە کەری ئاشخولێن خراپتر بەدەوری ڕەزێ دەخولایەوە، ئاغاو کوڕەکانیشی بە شایەنی ئەوەی نازانن تەنانەت هەڕەشەشی لێبکەن.

جوحـــا جێگـــەی سەرســـوڕمانی هاوڕێکـــەی بـــوو، ســـیامەند تێنەدەگەیشت چـی وای لـە جوحـا کـردووە حـەز لـە کچـە شـێتەکە بکات، سەرەتا وایدەزانی جوحا درۆ دەکاتو تەنها مەبەسـتی ئـەوە بووە لە شوانی ڕزگاری ببیٚو ببێتە پیـاوێکی پایـەداری گونـد بـەڵام هەر زوو بۆی دەرکەوت سۆزەکەی جوحـا هەسـتێکی ڕاسـتەقینەیە، ئەو شتە نەدەشـاردرایەوە چـونکە لـە یـەك ژوور دەنوسـتنو جوحـا نەیدەتوانی تاسەر بەدرۆ دەوری عاشق بنوێنیٚ، بەڵام شاوەیس ئاغا باوەڕی بەوە بوو جوحا دوو بـاڵی خواسـتووە دەیـەویٚ بـەرز پێیـان بفڕیٚ. جگە لەو شوورەییەش کە تووشی ئاغا دەبوو ئەگەر کچەکەی بداتە شوانەکەی خۆی دەبوایە شوانێکی تری پەیدا بکردایەو هیچـی لەو مامەڵەیە قـازانج نـەدەکرد. تەنانـەت کاتێـك جوحـا پێـی وت تـا مـردن دەبێتــە خزمــەتکاری خــۆیو کوڕەکــانیو مــەڕو بزنــەکانیو لەبەردەم پیاوانی گوند ئەم بەڵێنە دەدات ئاغا باوەڕی پێنــەدەکردو دەیوت هەر ئەوەندە یەك ڕۆژ قنگـی لـە دیوەخـان گـەرم بـوو سـەد بیانوو دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بڵێ من لە ئیشی شوانی گەورەترم.

پێچەبەدەورەکەی جوحای داماو وای لێکردبوو ڕۆژێك بڵێ ڕەزێـم بۆ چییە کچـی گونـد زۆرن، ڕۆژێکـی تـریش ئـەو حـەزە دەیخسـتو زمانی دەبەستەوە، جوحا ئەو کـوڕە ئازایـە نـەبوو خـۆی لەقـەرەی چەقەڵێك بـدات چ جـای شـەڕکردن لەگـەڵ گـورگێکی برسـی، بـەڵام ئەگـەر بەڕاسـتی بەئازایـەتیی خـۆی ئـەو گورگـەی کوشـتبیٚ دیـارە حەزی ڕەزیٚ بووە کردبوویە ئەو شێرە.

جوحا ناوی دەرکرد، لەبەر ئەوەش کە لاشەی گورگ جێکەڵبـەی سەگەکەی پێوە نەبوو هەموو باوەڕیان پێکرد. بەڵام ئەو ئازایەتییـە تەنها ناوبانگی بۆ دروستکرد، لەوەش بەدوا قەناعەتی بەئاغا نـەکرد جوحا شایەنی بێکەڵکترین کچی بیٚ.

جوحا وەکو شوانێکی لێهاتوو خۆی سەلماندو لەوەوە کاری شوانی وەکو مۆرێك لە ئاسنی سوورەوەکراوە نرا بەناوچەوانییەوە. سیامەند لەو چارەنووسە دەترسا" خولانەوە بەدەوری شتێك کە جگەلە خەیاڵی بەتاڵ هیچی تری تێ نەبوو، ڕاستییەکەشی زۆر ئاشکرایە: ژیانو مردن لە ڕیزی شوانەکان.

ئێستاش کە وشەی سەفەر لە مێشکی دەنگدەداتەوە دەزانێ چارەسەری جوحا سەفەرە، تا نەچێتە دەرەوەی گوند لەو کۆتو زنجیرەی ناو دڵو مێشکی ڕزگاری نابێ. فیکرەیەکی خراپ نەبوو جوحا لەگەڵ خۆی بەرێ چونکە بۆ وڵاتانی دوور پێویستی بە هاوڕێو هاودەم هەیە.

قەناعەتکردن بە جوحا لە زەحمەت دەچوو بەڵام با هەوڵی لەگەڵ بدات. ڕەنگە شەو باش نەبێ، خۆیو جوحا ماندوون، ڕەنگە دەنگیان ببیسترێ، لەهەمووشی خراپتر جوحا لە گوندەکە بوو و هەستی دەکرد ڕەزێ زۆر لێوەی دوور نەبوو. جوحا دەگەڕایەوە بەندیخانەکە. چاکتر وابوو لە دەشت قسەی لەگەڵ بکات. چەند ڕۆژێکی تر سەرما باری دەکردو کاتی شەوێن دەهات:

((**بیانوویەك دەدۆزمەوە جارێك خۆمو ڕانەکەم لەگەڵ جوحا و ڕانەکەی پێکەوە لە شوێنێك شەوکەژ بکەین. ئەو کاتە بەدڵی خۆم قسەی لەگەڵ دەکەم**)).

بەڵام ئەو وادەیە دوور دەهاتە پێش چاویو فشاری سەفەر لەسەر دەروونی نزیکتر بوو:

((**نەخێر! هەر ئەمشەو بە جوحا دەڵێم. نەخێرێکی تر! هەر ئێستا دەبێ بیبینم**)).

زوو فیکرەکەی جیبەجێکردو ڕانەکەی کۆکردەوە، هاواری بۆ سەگەکەی کرد یارمەتیی بدات، سەگەکە غاری داو چووە بەردەمی، سەری لارکردەوەو دوو گوێچکەی قیت بوونەوەو هەر یەکێکیان

چووه لایەك، سەگەکە دەیزانی کاتی نەبوو بگەڕێنەوە دێ تا ڕانەکە بدۆشرێ. چاوەکانی پرسیارێکیان تێ بوو:

((**جارێ ماوە بۆ گوشینی سکی بەعبەعەکان**!)).

سیامەند کاتی نەبوو لەگەڵ پرسیارەکانی سەگێك بیباتە سەر، ئەو سەگەش وەکو خۆیو جوحا بەدەوری خۆیو گوندەکە دەخولێتەوە، توند ددانی بەسەر وشەکان هێنا:

((**وتم یارمەتیم بدە، دواییش ئەگەر بەشایەنم زانیت پێت دەڵێم**)).

سەگەکە نووزەیەکی کردو بەدوودڵییەوە پشتی تێکردو چوو بۆ بەجێهێنانی فەرمانە لەناکاوە سەیرەکە، چەند هەنگاوێك دوورکەوتو بەدەم ڕۆیشتنەوە ئاوڕی بۆ خاوەنەکەی دایەوە بەڵکو پەشیمان بووبێتەوە یان بڵێ بگەڕێرەوە گاڵتەم دەکرد.. بەڵام خاوەنەکەی بڕیاری دابوو.

رانەکەی ڕادا، نە بۆ ئاڕاستەی گوندی ماڵۆڵەو نە بەئاڕاستەی شامار، بەڵکو بەرەو کانی کەوە، سەگەکە دیسان گەڕایەوەو دوو جار بەدەوری خاوەنەکەی خولایەوە. بەرامبەری وەستا، ڕوویکردە شامار وەڕی، پشتی کردە گوندەکەو ڕووی کردە گوندی ماڵۆڵەو بەرەوڕووی غاری دا، ئینجا گەڕایەوە بەردەمی و یەك جار بەرەو کانی کەوە وەڕی:

((**ئەوێ نابێ**)).

سیامەند نووکی دارەکەی خستە سەر لووتی سەگەکەو بە زبری پێی وت:

((**ئەگەر نایەی لێرە بمێنەرەوە، دیارە شایەنی مانەوەی**)).

جێیهێشتو شوێنی ڕانەکە کەوت، سەگەکە چاری نەما، سەری بۆ زەوی شۆڕکردو شوێنیکەوت، لوورەیەکی خەفەتی کرد بۆ ئەو خاوەنەی ماوەیەکە شتی سەیر دەکات.

دەبوا سیامەند تا دەگاتە لای جوحا وەڵامێك ئامادە بکات بۆ

ئەو کەسانەی دەیبینن شوێنی لەوەڕی ڕانەکەی گۆڕیوە، وەڵامێکی بەهێزتریش بۆ شاوەیس ئاغا کە بێگومان کەسێك هەر دەبێ هەواڵی ئەو گەشتە سەیرەی بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام سیامەند پێویستی بە وەڵام نەبوو، ئەو دەیتوانی بڵێ: ((**هەروا! ئەمجارە حەزم کرد بچمە خوارتر**)). ئەو نیازی مانەوەی لە گوند نەبوو تا گوێ بداتە سووتانی پاپۆڕەکەی.

جوحاو ڕانەکەی بینی لەدەوری چەمەکەدان. ڕانەکەی خۆی دایە قەدپاڵی باسکە درێژە نزمەکە کە بەدرێژایی چەمەکە لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات درێژ دەبووەوەو لە ڕۆژهەڵات، لەو شوێنەی چەمەکە پێچێکی تێ دەکەوت دەوەستاو دەمی بەو چەمەوە دەنا. هاواری بۆ سەگەکە کرد:

((**نەهێڵی ڕانەکە بێتە خوارەوە. من پێم دەچێ**)).

سەگەکە کارەکەی بەدڵ بوو چونکە دەرفەت بوو خۆی لەبەردەمی جوحاو دوو سەگەکەی بنوێنێ، لوورەیەکی کرد:

((**بڕۆو خەمی بەعبەعەکان مەخۆ**)).

ئینجا سەری بەرزکردەوەو ڕوویکردە ئەوبەری چەمەکە بۆ لای ڕانەکەی جوحاو لوورەیەکی دوورودرێژی کرد، مەبەستی نەبوو هیچ بڵێ‌و تەنها ویستی سەگەکانی جوحا ببینن‌و بزانن ئەو لەوێیە. لەوبەریشەوە وەڵامی دوو سەگەکە هات، ئەویش هیچ واتایەکی نەبوو تەنها ئاگادارکردن بوو کە نامەکە گەیشت.

جوحا لەو کاتە هەوڵی لەگەڵ بلوێرەکەی دەدا بەڵکو ئاوازێکی خۆشی پێ دەربکات بەڵام تا زیاتر هەوڵی دەدا ئاوازەکە ناخۆشترو ناخۆشتر دەردەچوو. سیامەندی بینی‌و بلوێرەکە لە دوو لێوی ڕزگاری بوو. زانی شتێك هەیەو گۆڕینی شوێنی لەوەڕ بێ هۆ نییە بەڵام نەیزانی هۆکە گەورە بوو یان بچووك. هاتنی هاوڕێکەی‌و

ڕانەکەی بە هێمنی بەرەوڕووی هەردوو قەبارەکە، گەورەو بچووکی هەڵدەگرت.

((**ماندوو نەبی جوحا**))، سڵاوی خێرای سیامەند بوو.

((**خۆت ماندوو نەبی، چییە دەڵێی شاوەیس ئاغا مردووە؟**))، وەڵامی خاوی جوحا بوو.

سیامەند چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە لای:

((**خەزوورت ئەم ڕۆژانە ئیشی زۆرەو نیازی نییە بمریٚ**)).

هەر هەواڵێکی تر لای جوحا گرنگ نەبوو، بەڵام هەر دەبیٚ بپرسیٚ:

((**ئەی چی بووە؟**)).

سیامەند گەیشتە لای:

((**باش بووە. باش دەبیٚ. وابزانە ئاغات مردووە، من ڕزگارت دەکەم. با دانیشین**)).

بەکورتی فیکرەکەی خۆی بەهاوڕێکەی، ئینجا وتی:

((**کاتێکیش لەو وەزعە تازەیەمان گەڕاینەوە شاوەیس ئاغا خۆی کچەکەیت پێشکەش دەکات**)).

فیکرەکە لای جوحا یەکپارچە بێکەڵك بوو:

((**تۆ بۆ خۆت دڵنیا نیت چیمان لەو سەفەرە دەستدەکەویٚ**)).

سیامەند باسی لەوحەکانو پەتاو ژەهرو زێڕی بۆ نەکردبوو، ئەو تەنانەت نیوەی شتەکانیشی پێنەوتبوو:

((**هەرچییەکمان دەستبکەویٚ لەوە زیاترە کە شاوەیش ئاغا دەمانداتیٚ، دەوڵەمەندی لەسەفەرە جوحا**)).

نموونەی بەرجەستە لەبەردەمی جوحا هەبوو:

((**مام حەسەنو مام سمایلو کێی تر جارجار دەچنە شار کەچی هەر جارەی دەڕۆن بە پینەیەکی زیاتری جلەکانیانەوە دەگەڕێنەوە**)).

وەڵامەکە ئاسان بوو:

((**مام حەسەنو مام سمایل سەفەر ناکەن، ئەوانە لەگوندێکەوە بۆ

**گوندێکی گەورەتر دەچن، ئێمە دەچینە وڵاتان)).**

جوحا گومانی نەبوو، ئەو دڵنیا بوو پرۆژەکە مەحاڵە:

((**سەفەری دوور بە سکی خاڵی ناکرێ، چیت ئامادە کردووە؟**)).

ئەوەیان قورس بوو:

((**شتێکمان دەوێ تا دەگەینە شارێکی گەورە، لەوەش بەدواوە بازوومان خۆش بێ، خواش پەکی کەسی نەخستووە**)).

جوحا سەری بادا:

((**خۆت بڕۆ، دوعات بۆ دەکەم**)).

سیامەند بۆی دەرکەوت هاوڕێکەی تەواو چەقیوە. لێیداو ڕۆشتو خواحافیزیشی نەکرد. چووەوە ئەوبەری ئاوەکە بۆ لای ڕانەکەی:

((**جوحا بەمردن نەبێ دێ جێ ناهێڵێ، هێندە بەدەوری گوندو ڕەزێو خەفەتەکانییەوە خولاوەتەوە وڕ بووە، ئەو ڕۆژەی کەری ئاشخولێنی شار دەمرێ ئەو لەجیاتی دادەنێن**)).

وەڵامەکەی جوحا کە وتبووی با هەر خۆی بڕوات زیاتر هانی دا گوند جێبهێڵێ:

((**ماوەیەکی تر بمێنمەوە وەکو ئەوم لێ دێو ڕەنگە پێویستم بە ڕەزێیەك نەبێ بە ئێرەوە بمبەستێتەوە**)).

ڕانەکەی بردەوە شوێنەکەی خۆی، کەمێکیش بەر لە وادەی گەڕانەوە نەخشەکە بەتەواوی لەمێشکی دامەزرابوو:

((**هەر ئەم جومعەیە دەمێنمەوە، ڕۆژی ڕۆشتنم بە پووری گوند دەڵێم خواردنی زۆرترم بۆ ئامادە بکات، بەشی دوو ڕۆژ، پرسیار دەکات بۆچی منیش دەڵێم شەوکەژ دەکەم، دەڵێ شەوکەژ جارێ ماویەتی منیش دەڵێم جا با مابێتی، دەڵێ نانی دوو ڕۆژ زۆرە دەڵێم نیازمە ڕاوە گورگ بکەم، دەپرسێ گورگ بەچی دەکوژی دەڵێم بەسەری پەنجە تووتەکەم، دەپرسێتەوە کێ دەستی لێوەشاندووی تەماشای ئاسمان دەکەمو وەڵامی نادەمەوە**)).

تەنها یەك كێشەی مابوو" سەگە خۆشەویستەكەی چی لێبكات؟ ئەگەر لەگەڵ خۆی بیبات ئەركە، ئەگەرەكەی تریش واتای ئەوەیە لایەكی دڵی لەو گوندە جێدەهێڵێ:

((**خۆزگە وەكو جوحا بەشەر بوایە، یان خۆزگە جوحا هێندە سەگەكە زیرەك بوایە**)).

كێشەی سەگەكەی یەكلایی نەكردبووەوە كاتێك وادەكە هات. لەگەڵ سپاردنی ڕانەكە بە دۆشین بینی جوحا وەكو هەموو جارێك پێشی كەوتووە تا یارمەتیی ڕەزێ بدات بۆ دۆشینی ڕانەكە. جوحای بینی لەسەر داربێرەكە دانیشتووە، دوو قۆڵی كردووە بە ملی دوو مەڕداو ڕووی لە دوو كچەكە بوو، دوو چاوی وڕ ببوون‌و تەماشای ڕەزێكەی خۆی دەكرد.

سیامەند نەیزانی چی بۆ ئەو دیمەنە پێویستە" پێكەنین یان خەفەت، بەڵام زانی كەڵكی نییە بانگی هاوڕێ چاو ئەبڵەقەكەی بەدیاری خۆشەویستەكەی بكات. چووە ژوورەكەی‌و بەنیازی بیركردنەوەیەكی زیاتر لە نەخشەكەی پاڵكەوت‌و تەماشای دارەڕاكانی ژوور سەری كرد. ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە‌و جوحا چووە ژوورەوە. بەرلەوەی سیامەند بەخێرهاتنێكی پڕ توانجی لێبكات جوحا قسەی دەست پێكرد:

((**دێم لەگەڵت**)).

سیامەند بەتەمای ئەوە نەبوو" دەبێ شتێك ڕوویدابێ، جوحا لەناو گوندو لەتەنیشت ڕەزێ لاوازترە، كەمێكیش پێش ئێستا نزیكتر بوو لەو یارە بێئاگایە‌ی‌و لەخزمەتی بووە. دانیشت تا باش گوێ لە قسەكانی بێ، دڵی جوحا پڕ بوو و قسەی نەكردەوە، سیامەند لێی پرسی:

((**چۆن وا زوو؟ گوێم لە هاوار نەبووە تا بڵێم ئاغا تێی هەڵداوی. ڕەزە تەرەی كردووی؟**)).

دەنگی جوحا پڕ ئازار بوو:

**((هیچیان. گێژگێژ مەڕەکانم دەبردە بەردەمی ڕەزێ بێئەوەی بزانم سبەی دەبرێ. ڕەزێ سبەی پێش ئێوارە دەبرێ)).**

چەند مانگێك لەوەوبەر دەنگوباسی ئەوە هەبوو کوڕێکی گوندی هەڕاوە داوای ڕەزێی کردووە. دەرفەتی ئاغا بوو بۆ ڕزگار بوون لەو کچە نیوە شێتەی بەڵام کوڕەکە دەنگی نەماو هەموویان مەسەلەکەیان لەبیر چووەوە. هاتنەوەی کوڕەکە شتێکی کتوپڕ بوو. سیامەند نەیتوانی هاوبەشی خەمی هاوڕێکەی بێ. هەموو بایەخدانەکەی بریتی بوو لە هەوڵێك بۆ تەفسیر کردنی شتەکان:

**((دیارە هەمان کوڕەکەی ئەو جارەیە، چۆن بوو نەمانزانی؟ دەبوایە تۆ پێش هەموو کەسێك ئەوەت بزانیایە)).**

خەفەتو بێئومێدی جوحایان کردبووە پەڕۆیەك با یاریی پێدەکات:

**((ئەمڕۆ هاتەوە، هەر ئەمڕۆش هەموو شتێکیان بڕانۆتەوە، شاوەیس ئاغا حەز دەکات زوو پاڵ بە کچەکەیەوە بنێ، دوای ئەوەی تۆ هاتیتە ژوورەکە (تلە)ی سەپان هاتەماڵی ئاغاو کە منی بینی وەك مژدەیەکم بداتێ ئەوەی پێ وتم.. تلە چڵمن)).**

سیامەند فیکرەکەی بۆ هاوڕێکەی دووبارە کردەوە:

**((تۆ بەدەوری خۆت دەخولێیتەوە، قاچێکت لەزەوی چەقاندووە، دەخولێیتەوەو قاچەکەی تر لە خۆڵ دەخشێنێ، لیکەکەت بەجلەکانتا دێتە خوارەوەو دەگری، کەسیش ئاوڕێکی بەزەییت لێ ناداتەوە. ئەمە تۆی لە ئاوایی بەڵام هەر ئەوەندە ئاواییت جێهێشت دونیایەکی تر دەبینی، دەبیتە پیاو و ڕەزێو باوکی ڕەزێت لەبیر دەچێ)).**

جوحا گوێی لێ نەبوو و گریا:

**((ڕەزێش پێی وتم دەبێ سبەی زوو بێمەوەو باش هەڵپەڕم. ئەو شێتە)).**

سیامەند دڵی خۆش بوو:

**((ئێستا نەخۆشییەکەی ڕەزی بەری دای. یەکەم جارە پێی بڵێی شێت. وات لێکردم سبەی دەربچم نەك جومعەیەکی تر)).**

ئینجا ویستی دڵنەوایی بداتەوە:

**((مەزانە بەهیچت نازانن، ئەوەتا لەبەر دڵی تۆ یەکسەر دەیبەن، لەوانەیە هەر لەبەر تۆش شایی بۆ نەکەن و ڕەزیٚ وا دەزانیٚ بە دەهۆڵ و زوڕنا ئاواییەکەی بۆ ژێرەوژوور دەکەن. ئێستا دەبیٚ هەموو ئەو شتانە فڕێبدەیتە ئەولاوە‟ ئاوایی و ئاغا و ڕەزیٚ و ڕانەکە و ئەو دوو سەگەی بۆت ماونەتەوە)).**

سەگەکەی خۆی بیرکەوتەوە و لەسەری نەڕۆشت. کۆتایی بە قسەکانی هێنا و پێی وت چەند خۆشە ئەگەر:

**((هەردوو بڕۆین و جووتە ڕانێك بەسەر ئاغا جێبهێڵین، ئەمە باشترین تۆڵەیە لە ئاغای بکەیتەوە، ئەگەر ویستت تۆڵەکەت دەنگ بداتەوە هەر کە ڕۆشتین بە پیاوێك بڵیٚ بە ئاغا بڵیٚ جوحا وتوویەتی با خۆی ڕانەکە بلەوەڕێنیٚ، با ئەوەش لەبەردەمی هەموو شامار بڵیٚ)).**

جوحا فیکرەکەی پیٚ خۆش بوو، بۆ یەکەمجار بزە گرتی. ئەو شەوە دوو هاوڕێکە قسەی زۆریان هەبوو بیکەن، بڕیاریشیان دا سبەی دەربچن:

**((یەکەم شت کەی دەربچین، دوایی لەکوێوە. شەو گونجاوە‟ شەو دەربچین دەتوانین ڕێگەی ملەی سەر شاخەکە بگرینەبەرو بۆ هەنجیرە تل بینەوە و لەوێوە بەرەو شاری گەورە، ئەو کاتەش کەس نامانبینیٚ، بەڵام پێم باشە شەو نەبیٚ، بەیانی. بەیانیی زوو بیٚ، ڕێگە دوورەکە دەبڕین‟ بەرەو دەربەندی گەورە دەڕۆین و لەوێوە بۆ شاری گەورە، ڕانەکەش لە دەشت جێدەهێڵین)).**

جوحا یەکەم و دوایەمین پرسیاری کرد:

**((بۆچی ئەویان بیٚ و ئەویان نەبیٚ؟)).**

سیامەند سەری بادا:

**((نازانم، بەڵام ماوەیەکە ئەو شتانەی بیریان لێدەکەمەوە لە شوێنێکی ترەوە غەیری سەرم دەردەچن، شتێك هەیە پێم دەڵی وا**

**باشتره))**.

سیامەند نەخشەکەی داناو جوحا ملی بۆ کەچ کرد" سیامەند بڕیاریشی دا چی لە سەگەکان بکرێ:

((**با لێرە بمێننەوە، پەکیان ناکەوێ، کە هاتینەوە هەر هی خۆمانن**)).

دواشتیشی پێوت:

((**تەنها یەك شتت پێدەڵێم، ئەمجارەش هەستەکەم ئەوەم پێ دەڵێ، سبەی کە خەبەرت بووەوە هەست بە تامێکی تاڵ لە دەمت دەکەی و ئەهوەن دەبیتەوەو دەڵێی ڕۆشتنی چی و تەڕەپیازی چی، لەئێستاوە بڕیار بدە ئەو ترسەی سبەینێ لە دڵت دەربکەی**)).

جوحا سەری لەقاند، سیامەندیش پێی وت بنوێ چونکە سەفەرە دوورودرێژەکەیان سبەی دەست پێدەکات. جوحا پاڵکەوت، زووش کەوتە فوو کردن. سیامەند کەمێك شتی مابوو بیکات. ئینجا ئەویش پاڵکەوت بێئەوەی بزانێ خەوی لێکەوتووە یان نا.

بەیانی لەگەڵ یەکەم ڕووناکیی ئاسۆ سیامەند بەشپرزەیی هەڵسا. لە هەستەکانی ڕاما تا بزانێ هەر سوورە لەسەر ڕۆیشتن. کەمێك ناڕەحەت بوو، وەکو کەسێکی لێهاتبوو دوایەمین ڕۆژی سەربەخۆییەکەی بێ و لەمڕۆوە بۆ بێگارییەکی سەخت دەبرێ و لە کەسوکاری هەڵدەکەندرێ. لەجێگەکەی دانیشت و هەستی کرد جووڵەی بۆ ناکرێ. کەمێك وا مایەوە بەڵام ئەو دیمەنەی دەهاتە پێش چاوی بەهێزتر بوو، دیمەنی بینینی شتی سەیری وڵاتان و هێنانی سەیرتریان بۆ گوند، دیمەنی دواڕۆژێکی پڕ خۆشی و گۆڕانکاری. گورج بووەوەو دەستی بۆ هاوڕێکەی ڕاکێشاو ڕایوەشاند. جوحا چاوێکی کردەوەو نووقاندییەوە، جاجمەکەی دایەوە بەسەر دەموچاویداو ویستی بنوێتەوە بەڵام سیامەند لێی فڕاندو بیریخستەوە:

((**جوحا! سەفەرەکەمان**)).

جوحا زەق هەردوو چاوی کردنەوە، دانیشتو چاوی هەڵگلۆفت، سیامەند ویستی هەستەکانی بزانێ:

((**هەست بەچی دەکەی؟**)).

ئەو قسەیەی چاوەڕێ دەکرا وترا:

((**تامە تاڵەکەیە لە دەمم. تاڵ نییە، ژەقنەمووتە**)).

ویستی پاشگەز بێتەوە:

((**شتێکی گاڵتە نییە سیامەند، دەربەدەری شاران دەبین، لە ماڵەکەمان هەڵدەکەندرێین**)).

دوا ڕستە بۆ سیامەند گونجاو بوو:

((**کام ماڵ جوحای گورگکوژ؟ ئەم کونە گورگەی ئەگەر هەردووکمانی تیا بین و سەگێك بێتە میوانیمان دەبێ کلکەکەی لەودیو دەرگاوە جێبهێڵێ؟ ئەم گۆڕەی گەوری تەنیشت خۆمان ڕۆژی سێ جار پەنا بۆ خوا دەبات لەدەستی و دەڵێ خوایە پیشانمی مەدە؟ جوحا! من دەڕۆم و تۆ بمێنەرەوە بەڵام پێش ئەوەی کوڕو کچەکانی شاوەیس ئاغا بەریتە دەشت پەشیمان دەبیتەوە، دەڵێی بریا لەگەڵی بڕۆشتمایە. بۆیە ئێستاش ناتەوێ بڕۆی چونکە تازە لە خەو هەڵساوی و هێشتا گەرم نەبووی**)).

زیاتریش هانی دا:

((**پێویستم پێتە، گورگکوژێکم لەگەڵ بێ لە تەنیایی باشترە جوحا! لەم سەفەرە گورگکوشتن ئەو ئیشەیە کە خەڵاتی هەیە نەك گورگکوشتن لەم دێیە کە تا دەمری بەشوانی دەتهێڵێتەوە**)).

جوحا کەمێك بزوا، پێویستی بە یەك پاڵی تر بوو. نقورچێکی دەستی هاوڕێکەی دەستکەوت:

((**دیارە حەز دەکەی لە شاییەکەی ڕەزێ هەڵپەڕی**)).

جوحا ڕاپەڕی و هەڵسایە سەرپێ. سیامەند خێرا جەواڵەکەی خۆی هەڵگرت، دەستی خستە ناوییەوە تا بزانێ لەوحەکانی

لەبیرنەچووە:

((**ئەگەر نەیەی هەموو ژیانت خەفەت بۆ ئەم بەیانییە دەخۆی، شتەکانت هەڵبگرە**)).

جوحا بینی جەواڵەکەی خۆی ئامادەیە، سیامەند شەو بۆی ئامادە کردبوو تا بیدا بەکۆڵییەوەو ماوەی بیرکردنەوەیەکی ترو دوودڵییەکی تری بۆ نەمێنێتەوە.

وەکو ڕۆژانی تر" تا هەر یەکە ڕانەکەی دەرکرد پووری گوند خواردنەکەی ئامادە دەکرد. پوورە مینا لای سەیر بوو کاتێك بینی جوحا لەگەڵ هاوڕێکەی خەبەری بۆتەوە نەك وەك جاران ماوەیەك دوای ئەو، زیاتریش سەریسوڕما کاتێك سیامەند داوای لێکرد نانی زیاتری بداتێ:

((**پووری گوند هەوا خۆش بووە، نیازمانە لەمشەوەی بێتەوە شەوبەکێو بکەین، نانی دوو ڕۆژمان بدەرێ**)).

سکاڵای پوورە مینا لەدەستی هەواو هەوەسی گەنجان بەرزبووەوە:

((**شەوکەژ جومعەیەکی ماوە! جحێڵان دەست لەهەموو شتێك دەدەن**)).

باش بوو قسەیەکی تری نەکردو سیامەند پێویستی بەوە نەبوو باسی ڕاوە گورگ بکاتو پیرەژنەکە بخاتە ناو گێژاوێکی تر. پیرەژنەکە فریاکەوت هاوار بکاتو پێیان بڵێ ئەمڕۆ شایی کچی ئاغایە.

پێکەوە دەرچوون، سەرەتا سیامەند، ڕانەکەی پێشخست، پاشان جوحا لەدوایەوە. هەر لەو شوێنە لە یەکتر جیادەبنەوە، سیامەند بەرەو باکوورو جوحا بەرەو باشوور. سیامەند فریاکەوت پێی بڵێ: ((**دوا مەکەوە**)).

لەیەکتر جیابوونەوەو سەگەکەی سیامەند بۆ جوحا وەڕی،

سیامەند تێگەیشت:
((**بەهەڵە چووی ئەگەر مەبەستت خواحافیزییە**)).
سەگەکە ڕوویکردە ماڵی ئاغا وەڕی، سیامەند دووبارەی کردەوە:
((**ئەمجارەش بەهەڵە چووی ئەگەر مەبەستت خواحافیزییە، خواحافیزیان نەبیٚ**)).
ڕانەکە گەیشتە تەپۆلکەکە، سیامەند تەماشای ئەو بەرزاییەی کرد کە بینینی بۆ خۆیو ڕێبواران ناچاری بوو:
((**با تێر بتبینم، خوا دەزانیٚ چەند سالی تر دەتبینمەوە، هەرچییەکیشم لیٚ بیٚو هەرچییەکم دەستکەویٚ لەچاوی تۆی دەزانم، شوێنی دەنگی تۆ کەوتووم**)).
سەگەکە بەڕووی تەپۆلکەکە وەڕی.
سیامەند گەیشتە جیٚ، نیوەی ڕێگە لەنێوان شامارو ماڵۆڵە. سەعاتێك چاوەڕوانی نیگەرانی کرد، خۆر هەڵهاتبوو و هاکە ڕێبوارێك لەسەر ئەو ڕێگەیە دەبینریٚو دەبیٚ خۆیو هاوڕێکەی وەلامێك ئامادە بکەن یان خۆیان بشارنەوە. تا دەشگەنە دەربەندە گەورەکەی زنجیرە شاخەکە دەبیٚ خۆیان لە چەند گوند لابدەن، خواش دەزانیٚ بەلای چەند شوان تێدەپەڕن. ترسەکە تا ئەو کاتەیە دەچنە ئەودیو دەربەندەکە، لەوەش بەدواوە ناناسرێنەوەو بەئاسانی ون دەبن.
ڕەشاییەك لە دوورەوە دەرکەوت، دیاربوو بەپەلە دەڕۆیشت. جگە لە جوحا کەس پێویستی بەپەلەکردن نەبوو. ڕەشاییەکە دەرکەوتو سیامەند زانی جوحایە. سەگەکە پێی نەوەڕی، هێشتا یەك مەترسی هەیە، جوحا بۆ ئەوە هاتبیٚ پەشیمانیی خۆی ڕابگەیەنیٚ. سیامەند خۆی بۆ ئەو قسەیە ئامادە کردو گوێی لە تەپەی دڵی خۆی بوو:
((**با واش بڵیٚ، پەکم لەسەر ئەو ناکەویٚ**)).

جوحا گەیشتو یەکسەر قسەکەی وت:

((**با بڕۆین درەنگە**)).

سیامەند سەگەکەی بانگ کردو دوافەرمانی پێدا کە نەیزانی تاکەی پابەندی دەبێ:

((**من دەڕۆم، کارێکم هەیە، ئاگات لە ڕانەکە بێ. دێمەوە**)).

نیوە خورپەیەکیش بەدڵی بۆ ڕانەکە نەهات، بەردەوام دەیوت: ((**ئەوانە کوڕو کچی شاوەیس ئاغان‌و بچووکترین شوێنیان لەدڵم نییە**)).

لەناو گوندەکە تەنها سەگەکەی خۆشدەویست، جوحاش تەنها هاوڕێی ژوورەکەی بوو هیچی تر.

سەگەکە تەماشای خاوەنەکەی کرد ئینجا جوحا ئینجا خاوەنەکەی، تێنەدەگەیشت بۆچی ئەمجارە لەم شوێنە پێکەوەن‌و جوحا چیی لە ڕانەکەی کردووە، سەرەتا نیگەران بوو و هەستی بە شتێك کردبوو بەڵام ئەو کارەی خاوەنەکەی پێی سپاردبوو گیانی خۆنواندنی تێ جووڵاند. لەکۆتاییش سەری لەقاندو بەخۆشییەوە هەڵبەزییەوە:

((**بەعبەعەکان لای من دانێن، بڕۆن‌و خەم مەخۆن**)).

سیامەند پشتی تێکردو ڕۆشت، تەنها چەند هەنگاوێکیش بوون دڵی سیامەند گوشرا، تا ئەو ساتە ڕۆشتن ئاسایی بووە، تا ئێستا جێهێشتنی سەگە خۆشەویستو سەیرەکەی قوربانییەك بوو شایەنی تەنها بێتاقەتی بوو نەك دڵی توند بۆی بجووڵێ، بەڵام ئێستا کە ڕۆشتن بووە ڕاست هەموو هەستەکانی خۆشەویستی‌و خوو پێوەگرتن‌و ژیانی هاوبەشی لەدڵی وەکو ئاوێکی کوڵاو بڵقەبڵقیان بوو. گەڕایەوە لای سەگەکەو سەری گرت، سەری لە ئامێزی ناو چەند دڵۆپێك فرمێسك لەچاوییەوە بەسەر ڕوومەتی خلیسکان‌و لەوێوە کەوتنە سەر پێستی سەگەکە. یاریی بە مووی سەرپشتی

کـرد، ویسـتی بەگریانـەوە بڵـێ: ((**لەگـەڵ خۆمـان دەیبـەین**))، بـەڵام دەنگی هاوڕێکەی وریای کردەوە:

((**کاتمـان نییـە، گـەر شـاوەیس ئاغـا بمـانگرێ پێسـتمان کـەوڵ دەکات، هی من پێش تۆ**)).

ناڕەحەتترین شت بوو سیامەند کردی، ناڕەحـەتتر لـە بڕیـاری سـەفەرکردن‌و جێبـەجێ کردنـی، سـەگەکەی بـەرەڵا کـرد، پشـتی تێکردو نـەوەکو نـەرم بـێ‌و پەشـیمان بێتـەوە بڕیـاری دا ئـاوڕی بـۆ نەداتـەوە. دوو هاوڕێکـە بەڕێکـەوتن، کەوتنـە نـاو شـیوە نزمەکـە، پاشان سەرکەوتن. گەیشتبوونە لوتکـەی گـردە درێژکۆلـە نزمەکـەی بەرامبـەر. سـەگەکەو گوندەکـە دەرکەوتنـەوە. سـەگەکە وەڕی، سیامەند تێگەیشت چی دەڵێ:

((**زوو بگەڕێنەوە**)).

نـەیتوانی ئاوڕنەداتـەوەو بـۆ دواجـار تەماشـای نـەکات، ئـاوڕی دایەوەو بۆ دواجار تەماشای کرد. لەو شوێنەوە شارەکۆن دیار بوو. سەربازەکەی بینییەوە. سـەربازەکە بـە کراسـەکەی کـە دەگەیشـتە ئەژنۆی‌و شمشێرە پانـە کورتەکـەی‌و قەڵغانـە خـڕە درێژکۆلەکـەی‌و کڵاوە پەڕدارەکەی. بینی ڕمەکەی توند لە زەوی چەقاندووەو ڕووی پڕ بڕیار بوو، لەجارانیش بەهێزتر. هەستی کرد پێـی دەڵـێ: ((**بڕۆ! بڕۆو مەوەستە**!)).

سـیامەند بڕیـاری دابـوو لـە بازنەکـە دەربچـێ، پشـتی کـردە بیستویەك ساڵ خولانەوە بەدەوری خـۆی‌و ئـەو پێچـەبەدەورەیەی جێهێشت.

# بەشی دووەم

# جادووگەر

6

## جارێکی تر.. گوند

لەسەر ئەو باسکە درێژکۆلە بەرزە کە ڕێگەکەی ناچار کردووە بەدەوری بسووڕێتەوە دیمەنەکە تەواو خۆی بۆ چاوەکان کردبووەوە. لەوبەرەوە، کە بەرزاییەکان کەمترو نزمتر دەبوون تا دەشت خۆی دەگەیاندە زنجیرە شاخەکە، گوندی (شۆراوە) بێ ماندووکردنی چاو دەبینرا. لایەکی سەوزاییەکانی شۆراوە سەری لە پشتی ئەو کەلە دەرکردبوو کە بەشێکی گوندەکەی شاردبووەوە. بۆ (هەڕاوە)ش بگەڕایتایە دوور نەبوو و لەبەردەست بوو. چۆڵمەك لەویش نزیکتر بوو و لەسەر ڕێ بوو. باشتر بوو سیامەند خۆی لێ لابدایە، بەسی بوو لە خاڵدان‌و ماڵۆڵە ببینرێ.

شامار دوورترین شوێنی گرتبوو و وەکو پەڵەیەکی بچووکی بۆر بەسەر خاکێکی سورباو فلیقابوو. لای چەپ بەرزاییەك وەکو خاڵێك هەبوو. ساڵانی دووردرێژی شوانی فێریان کردبوو ئەوە تەپۆلکەکە بوو. هیچ شتێك لەو ساڵ‌و نیوە لەبەرچاوی سیامەند نەگۆڕابوو، هیچ نەگۆڕابوو بەڵام شوانەکەی شاوەیس ئاغا باوەڕی نەدەکرد:

((ڕەنگە زۆر شت گۆڕابن، خۆم گۆڕاوم، ئەو بۆ نەگۆڕێ؟)).

لە باسکەکە چووە خوارەوە‌و ڕێگە خۆڵەکەی گرتەبەر، دارەکەی بەسەر زەوییەکەی بەرپێی دەکوتا:

((بەڵام تەواو گومڕام ئەگەر باوەڕ بکەم گوند گۆڕابێ، گوند سەد ساڵی تریش بەدەوری خۆی دەخولێتەوە، گوند ناتوانێ سەفەر

**بکات**)).

ئێـره گونـدی خاڵدانـه، لێرەشـەوه پێویسـته خـۆی خـۆی بـیٚ، سـیامەندی نـویٚ بـیٚ. جەواڵەکـەی داگـرتو کردییـەوه، جلـەکانی گـۆڕینو کەوتـەوه ڕیٚ. بەدەستەڕاسـت لایـدا تـا بچـێتە گوندەکـەو پرسیارەکانی بکات، سەگەکان بە وەڕیـنو هەڕەشـەوه پێشـوازییان لێکرد، نەوەستاو بەرەو ماڵەکان چوو. هەرزەکارێکی بـینی دەرگـای ماڵەکەی کردۆتەوه، گونجاوە لەو بپرسیٚ:

((**دەمێکە خاڵدانم نەدیوە. وەکو خۆیەتی؟**)).

پرسیار تەمومژاوی بـوو و هـەرزەکار نەیـدەزانی مەبەسـت لـە چ شـتێکە وەکـو خۆیـەتی، لەگـەڵ ئـەوەش بەڵێیـەکی بـە ڕێبوارەکـە بەخشیو وای لێکرد پرسیارەکان بکاتە دووان:

((**کێشەکەی چی بەسەرهات؟**)).

کەسـێکی نـامۆ پرسـیاری وەزعـی گونـد دەکـات، وەڵامـیش بێـدەنگیو تەماشـاکردنی سەرسـوڕمانە. سـیامەند زانـی ئەوەنـدە بەسە بۆ ئەوەی هەواڵی تێپـەڕبوونی ڕێبـوارێکی سـەیری ڕەشـپۆش بڵاوبێتەوه. داری خواحـافیزی بـۆ هەرزەکارەکـە ڕاوەشـاندو پشـتی کـردە پرسـیارەکانی کـە هـەروەکو پرسـیارەکانی خـۆی بـیٚ وەڵام مانەوه:

((**تۆ کێیت؟ بۆ کویٚ دەچی؟**)).

دیمەنی ئەو ڕێبوارە هەرزەکارەکەی سەرسام کردبوو. ڕووی ئـەو کەسـە سـەیرە هـی گەنجێکـە لـە خـۆی گـەورەترە بـەڵام جلـەکانی تەمەنەکـەیان لـەوەش گـەورەتر کردبـوو" کراسـێکی ڕەشو سـوور تێکەڵاو و جلێکی ڕەش لـە شـەڕواڵ دەچـوو لـەژێر کەوایـەکی ڕەش بوون. کەوشە ڕەشەکەی تۆزێکی کەمی بەسەرەوە نیشتبوو، تـۆزی سەر جلەکانیشی هێندە لەوە کەمتر بوو کوڕەکـە نـەیزانی ئایا ئـەو ڕێبوارە لە ئاسمان دابـەزیوە یان پـێش ئـەوەی بگاتـە گونـد خـۆی

تەکانـدووە. دیـاریش نـەبوو جەواڵـە نەخشـێنراوە سـوورو ڕەشـە تێکەڵاوەکەی دەستی چ جۆرە شتێکی تێیە.

سـەردانە کورتەکـەی خاڵـدان قەناعـەتی بـە سـیامەند کـرد کـە سەردانی ماڵۆڵە پێویست نـەبووو کاتەکـەی بـەفیڕۆ دەچـێ، هـەموو پرسـیارەکانیش لـەبارەی شـامارەوە پێویسـتە بـۆ شـامار خـۆی بهێڵرێنەوە. شامار نزیکتر کەوتۆتەوەو ئێسـتا لەبەرچـاوی گـەورەتر دەنوێنێ، ئێستا خانووەکانی دەبینێ، خاکە سووربـاوەکەشی باشـتر لــە خانووەکــان جیابۆتــەوە، تەپۆلکەکــەو چــەمەکەش جــوانتر دەبینرێن.

تا گەیشتە شامار هیچ ڕێبوارێکی پێنەگەیشت، ئەو شتە بـوو کـە دەیویسـت، مـاوەی بـۆ پێداچـوونەوەی نەخشـەکانی نەدەویسـت، ماوەیەکی بێدەنگیی دەویست بۆ بۆنکردنی خاکو هەوای ناوچـەکەو بیرکردنەوە لەهەندێ دیمەنی جارانیو خەڵکی گوندەکەو گوندەکانی تر. هەفتەیەك کەمتر بۆ یەکـەم ڕۆژی پـایز مـاوە، بـەڵام لەئێسـتاوە ڕەنگی پایز لەبەرچاوی بەسەر هەموو شتێك نیشتووە:

((**ئەم پایزەش نەبێ پایزی داهاتوو شاوەیس ئاغاو دەسەڵاتەکەی دەپووکێنەوە**)).

گەیشــتە تەپۆلکەکـــەو بەرامبــەری ڕاوەســتا، ڕۆژی بیــنینو دەرهێنانی نیوەی کووپەکـە سـەدەیەك دوورکەوتۆتـەوە. بـەدەوری تەپۆلکەکە سووڕایەوە. چەم هێمن بوو، ئێستا سەرەتای پایز بوو و ئاو کەمبۆتەوە. زیاتر سـووڕایەوە، خولەکـەی تـەواو کـردو گەیشـتە ئاستی کەندڕەکە. چووە پێشەوە بۆ بینینی ئەو لایەی گردەکـە کـە لافاوەکە بنکـەنی کردبـوو، لەسـەر ئـەژنۆ چـۆکی داداو سـەری نـزم کردەوە، کەمێکی ئاودڕەکـە شـێواو بـوو و لا تیـژەکانی نـەمابوون، چەند ساڵێکی تر بەتەواوی کوێر دەبێتەوە.

هەڵسـایەوەو ئـەژنۆو دوو لـەپی دەسـتی تەکانـد. چـوو بـۆ لای چـەمەکەو بـە دوو دەسـت چـنگێك ئـاوی هـەڵگرت، ڕۆژی لافاوەکـە خۆی بە درەختەکە هەڵواسیبوو و چەمی شێت یاریی بـە قاچـەکانی دەکرد، دەبێ چەم ئەمڕۆ شـێتبوون ببەخشـێتەوە. فـووی لـە ئـاوی ناو چنگی کرد. دوو لێوی جووڵاند، فوویەکی تر بە ئاوەکـەو بـا ئـاو بڕواتەوە بۆ ناو چەم.

لەچـەم پەڕییـەوە، هەوڵیـدا قاچـی بـەر ئاوەکـەی نەکـەوێ، نەختێکی تر ئەو دڵۆپە ئاوانە دەگەنە ئاوایی. ویستی بەرەو باشـوور بـڕوات. وەسـتاو تەماشـای شـارەکۆنی کـرد، وێنـەی سـەربازەکەی بینییەوە، هەر دەڵێـی دوێنێیـە“ شمشـێری بەکەمـەر هەڵواسـراوی‌و ڕمە درێژکەی خۆی بەسەر دابوو، قەڵغانەکەی‌و کراسـە کورتەکـەی‌و کڵاوە پەڕدارە سەیرەکەی. سەربازەکە لەناو شـارەکۆن وەسـتاوەو ڕمەکەی لە زەوی چەقاندووە.

حەزی کرد منـداڵێکی پـێ بگەشـتایەو پرسـیاری سـەگەکەی لـێ بکردایـە، بـەڵام زانـی پرسـیارێکی بێمانـا دەبـێ“ بڵـێ سـەگی کـێ؟ سەگی خۆی. ئەی خۆی کێیە؟ جارێ با جوحا ببـینێ. گومـانی تـێ نییە جوحا وەکو جاران لە باشووری ئاوایی خـۆی‌و ڕانەکـەی لـەوەڕ دەکەن، سەد ساڵی تریش هەر ئەو جوحایە دەبێ.

جوحـای لەشـوێنی جـارانی بینییـەوە، لەباشـووری گوندەکـە، ڕانەکەی لەمبـەرو ئەوبـەری چـەمەکە بـوو، خۆشـی لەسـەر بـەردێك هێندەی سمتی بچووك بـوو لەوبـەری چـەمەکە دانیشـتبوو. ئاوازێـك لەدوورەوە دەهات. هەر ئاوازە ناخۆشەکەی بلـوێرە داماوەکەیـەتی، خەفـەت ئـەو ئـاوازەی ناخۆشـتر کردبـوو. سـیامەند لـە چـەمەکە نزیککەوتـەوە. سـەگەکان بینییـان‌و وەڕیـن، جوحـا زانـی ڕێبوارێـك هاتووەو دەیەوێ قسەیەکی لەگەڵ بکات، چـغەی لەسـەگەکان کـرد.

سیامەند نەوەستا:

((**جوحا سەگەکانی کردەوە بە سێ سەگ. پیرۆزە، بەڵام هیچیان سەگەکەی خۆم نین**)).

سیامەند دارەکەی بۆ بەرزکردەوە:

((**سەلام لە جوحا، سەلام لە جوحای تا مردنی هەموو شوانەکانی دونیا هەر شوانە**)).

جوحا دەنگەکەی ناسییەوە، پەشۆکاو هەڵسا، شپرز ڕۆشتو لەچەم پەڕییەوە:

((**گوێچکەم سەلامەت بێ ئەمە دەنگی سیامەندە**)).

گەیشتە بەرامبەریو هەردوو قۆڵی گرت. تەماشای خۆیو جلەکانی کرد:

((**سیامەند تۆی**؟! **ئەی ئەو جلانە چین**؟!)).

باوەشی پیا کردو توند پشتی گوشی:

((**سیامە! چیت بەسەرهات**؟)).

باوەشی یەکتریان بەرداو سیامەند دەستی خستە سەرشانی شوانەکە:

((**من چیرۆکی زۆرم هەن بیانگێڕمەوە، بەڵام با پێشتر چیرۆکەکانی تۆو گوندەکەت ببیستم**)).

دوو هاوڕێکە دانیشتن. جوحا دەستی پێکرد:

((**کە گەڕامەوەو تۆم جێهێشت شاوەیس ئاغا سزایەکی دام پێویست ناکات ئێستا باسی بکەم، ئەو ساڵە هیچی وا ڕووی نەدا، بەڵام دوای ئەوە تر شتی زۆر گۆڕان، چەند مانگێکە شاوەیس ئاغا مردووە**...)).

سیامەند پێی بڕی:

((**مرد**؟!)).

جوحا توند سەری لەقاند:

((**زۆر! بڵێم بەڵێ. مرد، ئەوەندەشی پێنەچوو ناکۆکی کەوتە نێوان**

**ڕۆستەم‌و زۆرابی دوو کوڕی ئاغا. مام سمایلیش مرد، ڕۆستەم ویستی مام سمایل دان بنێ بەو شتانەی لە شارەکۆن دەستی کەوتبوون ئەویش قسەی نەکرد، زۆرابیش تێر لێیدا ئەویش مرد)).**

سیامەند بۆی ڕاستکردەوە:

((**ڕۆستەم لێیدا**)).

ئەوەی جوحا ڕاست بوو، سەری بەنەخێر بادا:

((**نا نا، زۆراب چونکە زۆراب دەیویست پێش براکەی ئەو لیرانەی دەست بکەوێ. مام سمایلی داماوەیان بەدەما خست‌و بە دوو زەلام داریان لەپشتی ڕەقی‌و سمتی چرچی دا**)).

سیامەند:

((**کەواتە تا ئێستا بیر لە لیرەکانی شارەکۆن دەکەنەوە**)).

جوحا مابووی:

((**ئیتر مرد، مەبەستم مام سمایل، کەسیش نەیزانی شتەکانی چییان بەسەرهات. تەنها ئەو دوانە مردن**)).

جوحا قسەی تری دەکردو مێشکی سیامەند بۆ مستیلەکەی مام سمایل چوو کە وێنەی سەربازەکەی ئەسکەندەری لەسەر بوو. مام سمایل مردو نهێنییەکانی خۆی لەگەڵ خۆی بۆ گۆڕ برد. ئینجا گوێی لە جوحا بوو:

((**ئەوە مردن، شتی تریش" پووری گوند چووە دێی زەنان چونکە ڕۆستەم‌و زۆراب لەگەڵی خراپ بوون، قوتابخانەکەشیان لەوبەری ماڵی ئاغا دروست کرد**)).

ئەمەیان سەیرتر بوو:

((**قوتابخانە؟**)).

جوحا دووبارەی کردەوە:

((**بەڵی، ئەم هاوینە قوتابخانەیەکیان دروستکرد**)).

هەواڵی قوتابخانە کەمێك سەگەکەی لەبیربردەوە، ئینجا بیریکەوتەوە:

((ئەی سەگەکەم؟ ماوە یان وەکو شاوەیس ئاغا مردووە؟)).

جوحا هەواڵی پێبوو بەڵام نەیزانی سیامەند پێی ناخۆش دەبێ یان گوێی ناداتێ:

((ماوە بەڵام بۆتە سەگێکی خوێڕی، کەس نەیگرتۆتە خۆ. ئەوە هیچ کە تا ئێستا ژنی نەهێناوە)).

سیامەند هەموو شتێکی وەڵامەکەی پێخۆش بوو:

((باشتر کە ماوەو کەس نەبۆتە خاوەنی، بەڕەڵاییش لە کۆیلێتی پاراستوویەتی، بەڵام بۆچی خوێڕی بووە؟ خۆ لە زۆر پیاوی ئاوایی پیاوترو زیرەکترە)).

جوحا وەڵامی دایەوە:

((سەگێکی سەرەڕۆیەو حەز دەکات سەربەخۆ ئیش بکات، وتیان پاش ئەوەی ڕۆشتین ماوەیەك نەخۆش کەوتبوو، دوایش کە من گەڕامەوە بینیم بەگوێی کەس ناکات مەگەر خۆی حەز بەو کارە بکات کە پێی ڕادەسپێردرێ. چەند جارێك بۆ پاسی ڕانەکان بردبوویان بەڵام لەجیاتی پاس خۆی بزر دەکردو دەچووە سەر بەردێك یان بن بەردێك بیریدەکردەوە، کەس نەیدەزانی بیر لەچی دەکاتەوە)).

بزەی ڕەزامەندی دوو لێوی سیامەندی داگیرکرد:

((سەگێکی دڵسۆزە، شاوەیس ئاغاو کوڕەکانی هێندەی عەقڵ و هەستی ئەویان نییە، ئەی تۆ جوحا؟ چیت کرد؟ وابزانم هەر وەکو خۆت ماوی)).

جوحا ئاهێکی هەڵکێشا:

((من؟ دەزانی ڕەزیم لەدەست دەرچوو، بەڵام خۆزگەم بە کاتی شاوەیس ئاغا، دوای مردنی ئەو بەر زۆراب کەوتم. دوو براکە هەموو شتێکیان بەش کرد، ڕۆستەمیش منی وەك زیادە بە زۆراب بەخشی چونکە دەیوت بە کەڵکی هیچ کارێك نایەم. دوای ئەوە تەماع زۆری بۆ ڕۆستەم هێناو دەستی بەسەر ئەو ڕانە گرت و من و سەگەکانیشمی بردو وتی تەپاڵەش بی ناهێڵم بچیتەوە لای زۆراب، زۆرابیش لەڕقا گرتمی و فەلاقەی کردم، ڕۆستەمیش هەروا لێیدام، بەڵام نازانم ئەویان

**بۆچی. ڕۆستەم ئێستا بۆتە ڕۆستەمی زاڵی ڕاستو زۆرابیش زۆرابی زۆڵ، بەپێچەوانەی داستانەکە. دەبوایە شاوەیس ئاغا ناوی زاڵ پاشا بووایە. دەزانی جارێکیان دارکاریی زۆرابی کردبوو؟))**.

سیامەند:

((**زاڵ پاشا؟**)).

جوحا:

((**نەخێر، ڕۆستەم، ڕۆستەم دارکاریی کرد، دەیوت من ساڵێك لە تۆ گەورەترم. بریا تۆم جێنەهێشتایە**)).

جوحا دوو مانگ هاوڕێی گەشتە سەیرەکەی سیامەند بوو، پێکەوە گەیشتنە شارۆچکەی گوڵعەنبەر لە بنی زنجیرەی چیای بەرزی هەورامان. ئەو چەند ڕۆژەی گەشتەکەو مانەوەی دوو ڕۆژ لە گوڵعەنبەر سامەکەیان لەو پڕۆژە سەیرەی هاوڕێکەی نەڕەواندبووەوەو لەکۆتایی هێزی بەرگریی نەماو بڕیاری دا بگەڕێتەوە.

سیامەند ڕۆژانی پێشتر نیشانەکانی دوودڵیو ترسو لەرزۆکیی تێ بینیبوو بۆیە بڕیارەکە چاوەڕوانکراو بوو، بەساردییەوە هەوڵی دا قەناعەتی پێبکات بمێنێتەوە بەڵام زۆریشی لێنەکرد، سیامەند ئەو کاتە بۆی دەرکەوتبوو باش نییە کەسێك لەو جۆرە لەگەڵ خۆی بەرەو نادیار ببات. سیامەند بەتەنیا مایەوە.

نۆرەی جوحا بوو لێی بپرسێ:

((**ئەی تۆ سیامە؟ چیت کرد دوای ئەوەم تۆم جێهێشت؟ چەند لەگوڵعەنبەر مایتەوە؟**)).

وەڵام هەڵسانو خۆتەکاندن:

((**کەم مامەوە، من زۆر دوور ڕۆیشتم، وا ئێستاش گەڕاومەتەوە**)).

جوحا بەدڵی نەبوو:

((**تەواو؟ ساڵیو نیوێك گەڕان بە دوو قسە دەبڕێنیتەوە؟**)).

سیامەند پشتی تێکردو جلەکانی هەڵکرد بۆ ئەوەی لە تەنکە چەمەکە بپەڕێتەوە:

((**بۆ خاتری تۆ دوو قسەی تر: من ڕۆشتمو ڕۆشتمو گەیشتمە هیندستانو چینو ماچینو لەویۆ لە شوێنی تر فێری شت بووم، تۆش چیت دەزانی لەبیرت چوو**)).

بەدەم پەڕینەوەوە لە بەڵێنێك بێبەشی نەكرد:

((**لە مەڕو بزنەكان تەمەنمان درێژترەو ڕۆژمان زیاتر لەبەردەمە بەوردی بۆت باس بكەم، من دەچمە ئەوبەر، دوورناكەومەوەو دێمەوە لات**)).

لە چەمەكە پەڕییەوە، قۆڵی هەڵكردو چنگێك قوڕی هەڵگرت، خۆڵی وشكی تێكەڵ كردو شێلای، جوحا هاواری كرد:

((**سیامە! ئەو قوڕەت بۆ چییە؟**)).

بێئەوەی ئاوڕی بۆ بداتەوە هاوارەكەی بۆ ناردەوە:

((**پەلە مەكە وەك چۆن لەگەڕانەوە بۆ گوند پەلەت كرد، ڕۆژێك دێ دەزانی**)).

دووركەوتەوە تا گەیشتە گاشەبەردێكی پان نیوەی باڵای خۆی بەرز بوو و لەسەر قەدپاڵی باسكە نزمەكەی ئەوبەر چەم نیشتبوو. پێخوێكەی كردە چوار بەشو خستنیە سەر گاشەبەردەكە، یەكێكیانی هەڵگرتو شێلای، كردی بە ئاژەڵێكی خەیاڵی، تێكەڵەیەك لە مشكو ورچ، دوو گوێچكەی خڕی بۆ دروست كرد وەكو هی سەگی كێوی، لووتو قەپۆزی ڕاكێشاو درێژی كردەوەو سەری لووتەكە بووە لمۆزێكی تیژ، لە شوێنی دڵەكە دوو پارچە قوڕی بچووكی لێكردەوەو كردنی بە دوو چاوی ئاژەڵەكە، سكێكی خڕو قەڵەوی وەك ورچی بۆ دروست كرد، لە چوار لاوە ڕایكێشا بۆ دروستكردنی دوو دەستو دوو قاچی. پەیكەرەكەی خستە سەر بەردەكە. سێ تۆپەڵە قوڕەكەی هەڵگرتو چووە سەرووی گردەكەو

بۆ ئەو دیوی شۆڕ بووەوەو چاوی بۆ بەردێکی تر گێڕا.

بەردێکی بچووکتری بینیو بۆی کشا، پێخوێیەکی تری کردە پەیکەرێکی تر" شێوەی ڕێوی، قاچەکانی درێژ دروستکرد، لەسەر بەردەکە جێی هێشت. شێوەی دوو تۆپەڵەکەی تری گۆڕی" دوو ئاژەڵی تر: داڵێك بە کلکی شێر، ئاژەڵێکی خەیاڵی وەکو ئەوەی یەکەم بەڵام سکی درێژکۆڵەو دوو گوێچکەی بۆ سەرەوە درێژ بوونەتەوە، سەریشی وەکو سەری مشك، هەریەك لەو دوانەی خستە سەر بەردێکی گەورە:

((**هێندە بەسە بۆ ئەمڕۆ، ڕۆژانی داهاتوو بست بەبستی دەوروبەری ئاوایی پڕ دەکەم لە جێپەنجەی خۆم**)).

گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێکەیو بەدوو وشەو سێ وشە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، لەگەڵ بەڵێنێك کە دواتر شتی زیاتری بۆ باس بکات. جارێکی تر هاوڕێکەی جێهێشتو بۆ بەرزاییەك گەڕا. چووە سەر گردێکی قووچ نیوەی خۆڵ بوو و نیوەی سەرەوەی گاشە بەرد، گوندەکەی لێوە دیار بوو، گردی کافرانیش کەوتبوو پشتەوە. جوحا ئاژەڵەکانی جووڵاندو هاواری بۆ هاوڕێکەی کرد:

((**خۆت ون مەکە، ئەمڕۆ زوو مەڕەکان بۆ دۆشین دەبەمەوە**)).

ئێستا باشتر دیمەنی گوندەکەو دەوروبەری دەبینێ، ڕێگەیەکی خۆڵ بەسەر بەرزاییەکانی ڕۆژئاوا پێچاوپێچ دەڕواتو کاتێك لە ئاوایی نزیك دەبێتەوە شێوەکان ونی دەکەن، دوایی دەردەکەوێتەوەو دەگاتە تەنیشت گردی کافران، پاشان گوندەکە، چەمەکە لە کێو دێتە خوارو لەبەردەمی گوندەوە دەڕوات، ڕێگەکەش لە شامار گۆشەیەك دروست دەکاتو بۆ باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات تا دەگاتە گوندی (کانی کەوە)، ئینجا زۆر خوارتر.

شامار خاڵی نێوان ماڵۆڵەو کانی کەوەیە بەڵام قەت وەکو

قۆناغێکی سەرەڕێ بەکار نەدەهات. گوندەکانی تر ڕێگەیەکی کورتتریان هەبوو بۆ یەکترو بۆ شارۆچکەکە. بەمجۆرەش خەڵکی شامار گوندەکەی خۆیان وەکو شوێنێکی چەپەك سەر ئەنیشکە نوشتاوەکەی ڕێگەکە تەماشا دەکرد. بەلای باشووریش گوندی تر هەبوون بەڵام جگە لەوەی دووربوون گردە بەرزەکانی پشتی شامار نەیاندەهێشت ڕێگەکە بەولایە بڕوات.

تا پێش ئێوارە ماوەیەکی گونجاو بوو بۆ سیامەند بەنەخشەکانی بچێتەوە. مردنی شاوەیس ئاغا هەواڵێکی چاوەڕوانکراو نەبوو، تەمەنی شاوەیس ئاغا بەدەوری پەنجاو پێنجساڵ دەخولایەوە، پیاوێکی کەڵەگەت، سمێڵە بابڕە ڕەشەکەی هاواری دەکرد ئەو پیاو سەد ساڵ دەژی.

کتوپڕیی هەواڵەکە ئەوەی بەمێشك نەهێنا لە هۆکاری مردنەکەی بپرسێ، ئێستاش دوو کوڕەکەی پاڵەوانی گۆڕەپانەکەن، دوو شێتن مامەڵەیان لە باوکیان خراپتر بوو، پیاوی زۆردار کوڕانی شێت لەپاش خۆی جێدەهێڵێ. ڕەنگە بتوانێ یارییان پێبکات، بەتایبەت کە ئەو دوانە ناکۆکن، شاوەیس ئاغاش بمایە ململانەکە گەورەتر دەبوو.

ڕەنگە سێ خوشکەکەی ئەو دوو شێتە وەکو خۆیان مابن" بەفیز وەکو هەموو کچێکی هەموو ئاغایەکی زۆردار. مام سمایلیش مردو نهێنیی شتە گرانبەها دۆزراوەکانی شارەکۆنی لەگەڵ خۆی برد، گوند باسی کەسانی تر دەکات کە شتیان دۆزیوەتەوە بەڵام ئاوایی تەنها لە مام سمایل نیوەدڵنیا بوو کە شتی دەستکەوتبوو، بێگومان مستیلەکەی پیشانی کەسانی تر داوە.

شارەکۆن لای سیامەند وەکو جاران گرنگە، لە شارەکۆن بۆ شتێك دەگەڕاو لەوە گرنگتری لە گردی کافران دەستکەوت، بەڵام

ئەگەر گەنجینەکانی شارەکۆنی دەستکەویٚ هێزەکەی دەبێتە دوان.

کاتی ڕانەبێرەی پێش ئێوارە نزیک بووەوە بێئەوەی نەخشەیەکی نویٚ لە مێشکی گەڵاڵە بووبیٚ:

**((تا زیاتر شارەزای وەزعی گوند نەبم بیرکردنەوە زیادەیە، جوحای شوان وتی ئەمڕۆ زوو ڕانەکە دەباتەوە کەچی هێشتا لەو دوورەیەو تازە گێژ گێژ بەرەو ئێرە دیٚ)).**

لە گردەکە چووە خوارەوەو بەرەو جوحاو ڕانەکەی کشا، کە گەیشتە لایان نیازەکەی بەهاوڕێکەی وت کە شەو میوانی دەبیٚ. جوحا بەدڵی بوو:

**((هەر دەبیٚ میوانم بی، ئەگەر بتبینن دەبیٚ قسەیان لەگەڵ بکەی، ڕەنگە ئەوەی نەتویست بۆ منی بگێڕیتەوە تێڵای ڕۆستەمو زۆراب بەزۆر پێت بگێڕنەوە)).**

گاڵۆکەکەی بەنیشانەی خواحافیزی بەرزکردەوە:

**((بەختتە، چەند ڕۆژێکە شەوکەژ دەکەم، وانەبوایە لە قەبرەکەی خۆم، کە ئەوسا هی تۆش بوو، میوانداریم دەکردی. چاوەڕیٚ بکە، هەولٚ دەدەم ماڵی ئاغا دوامنەخەن)).**

جوحا گەیشتەوە گوندو ئەو کەسەی بینی کە سیامەندی بەسەر گردەکەوە بینیبوو. کابرا جوحای ڕاگرت‌وپرسیاری ئەو ڕەشپۆشەی لێکرد. جوحا خۆی لیٚ گێل کردو وای تێگەیاند کە نەیبینیوە.

دوای دۆشینی ڕانەکە ئەو و جوحا گەڕانەوە. جوحا بە سیامەندی ڕاگەیاند:

**((زانیویانە هاتویتە گوند بەڵام نەیانزانیوە کێیت، تەنها دەڵێن پیاوێکی ڕەشپۆشە هەواڵی ڕۆستەم ئاغاو زۆرابی پرسیوە)).**

ئەو زیادەیە لای سیامەند ئاسایی بوو:

**((خەڵك فێرن شت لەخۆیانەوە بڵێن)).**

جوحا بەردەوام بوو:

**((میوانداریی ئەمشەو لە میوانداریی ناو قەبرەکەم باشترە، هەموو**

**خاك ڕاخەرمانە، هەموو ئاسمانیش دەدەین بەخۆمانا. تا بەیانیش هەرخۆمانین و میوانی ترمان نایەت، ئەگەر هاتیش دەڵێم جێگەمان نییە)).**

سیامەند ویستی دواشەوی بێ:

((**جوحا، هەر ئەمشەو شوێنێکم بۆ پەیدا بکە، حەزدەکەم خانوویەك بێ، کرێش چەندە دەیدەم)).**

وشەی کرێ لەبەرگوێی جوحا وەکو خلۆربوونەوەی هەموو بەردەکانی شاخەکە بوو:

((**کرێ؟ خۆت دەزانی گوندەکانی دونیا شوێنی کرێیان تێ نییە. گوێ بگرە! قوتابخانەکە هەیە، سبەی بەخزمەتکاری قوتابخانەکە دەڵێم، قوتابخانەکە ژووری بەتاڵی هەیە، ژوورێکیان خزمەتکارەکەی تێیە، ئەوانی تر چۆڵن، ئەو دەتوانێ یەکێکیانت بداتێ و بێ کرێ، دەتوانی ژنیشی تیا بهێنی)).**

سیامەند پەنجەکانی دەستی ڕاگرت:

((**تەنها بۆ چوار یان پێنج ڕۆژ، لەوە زیاتر نامەوێ، بەکورتی خانووی سەربەخۆی خۆمم دەوێ، خوای دەکرد خۆم دروستی بکەم)).**

جوحا سەری خوراند:

((**کرێ و دروستکردنی خانوو؟ سیامەند دەوڵەمەند بووە!)).**

قسەکەی بەشێوەیەك وت شایەنی پشتگوێخستن بێ:

((**مەیخەرە سبەی، هەر ئێستا بچۆو پێی بڵێ، مەڵێ تاریکە، تەنها ئەمشەو شەریکی پێخەفی خاك و لێفەی ئاسمانی تۆ دەبم، سبەیش ئەرك لەسەر تۆو خۆڵەکەو ئەستێرەکان ناهێڵم، مەڵێ ئەرك نیت، هەندێ شتیشم لە شار جێهێشتووە دوایی دەیانهێنمەوە، مەڵێ شتی چی، ڕەنگە تۆ بنێرم، مەڵێ ئاغا ناهێڵێ، دە ئێستا بۆ ژوورەکە بچۆ)).**

سەرەڕای داواکارییە سەیرەکە جوحا بەو تاریکییە چووە قوتابخانەو بەڵێنی لە خزمەتکارەکەی وەرگرت، گەڕایەوە دەشتەو هەردووکیان لەگەڵ ڕانەکە چوونە قەدپاڵی باسکەکە. شەوەکە بە

پرسیاری بێ وەڵامو نیوە وەڵامەوە ڕابورد، لەکۆتاییشی سیامەند بە هاوڕێکەی وت:

((**با بچینە ماڵی خۆم شتی زۆرت پێ دەڵێم، لە شوانیش ڕزگارت دەکەم**)).

شتەکە وا لای جوحا ئاسان نەبوو:

((**جارێ بیر لە پێخەفو ڕاخەرو دەعبای تر بۆ ژووری قوتابخانەکە بکەینەوە، ئەی کێ خواردنت بۆ دەکات؟ ژنت بهێنایە ئەوەی بۆ دەکردی**)).

سیامەند دەستی بۆ جووڵاند بەنیشانەی گوێی مەدەرێ:

((**پێخەفو خواردن ئاسانن، ئێستا بنووین باشە، تۆ دەبێ هەڵسیتەوە**)).

جوحا فەرەنجییەکەی خۆی دایە میوانەکەی تا لەسەری بنوێ. جوحا چووە شوێنێکی بەرزترو پاڵکەوت، سیامەندیش لەسەر فەرەنجییەکە پاڵکەوتو جەواڵەکەی کردە سەرین. ڕوومەتی خستە سەر لەپی دەستیو چاوی نووقاند. کەمێك هۆشی لێبڕا ئینجا گوێی لە وەڕینێك بوو، چاوی کردەوە:

((**ئەمە سەگەکەی من نییە کە ئێستا بەرەڵا بووە؟**)).

دەنگی تری نەبیست.

وەکو نەریتی شوانەکانیش لە شەوێن دەستبێنی کاتی نوستن پێویست بوو، جوحا پەتێکی بە ملی بزنێکی هارەوە بەستو سەرەکەی تر پەتەکە، کە دارێکی پێوە بەسترابوو کردییە قۆڵی خۆی. گورگ بێت بزنی هار زوو هەستی پێدەکاتو دەجمێو شوان وریا دەبێتەوە.

جوحا لە سەرووتر بوو و دەنگی نەمابوو، ئینجا پرخەی هات، کەمێك تریش تێپەڕیو دەستی کرد بە لنگەفرتێ، لەکۆتاییش پرخەکەی بە هاوارە کۆنەکە تەواو کرد: ((**ئووووو**)).

سیامەند لای سەیر بوو چۆن جوحا ئاگای لە جووڵەی بزنەکە دەبێ کاتی ترسو نزیککەوتنی گورگ، دەبوایە بزنەکە جوحا بەئاگا بێنێ بەڵام ئەم خەوی لە بزنەکە حەرام دەکرد، ئینجا بۆ یەکەم جار زانی بۆچی گورگ ناوێرێ نزیك ڕانەکەی جوحا بکەوێ.

جارێکی تر چاوی نووقاندەوە.

7

# هاوڕێی کۆن

یەکەم شت سیامەند بەیانی لای مەبەست بوو ئەوە بوو خۆی بگەیەنێتە قوتابخانەکەو کەس نەیبینێ. تا دەهات ئاوایی ڕووناکتر دەبوو. سیامەند گەیشتە ڕۆژئاوای ئاوایی، زوو خۆی گەیاندە قوتابخانەکەو چووە حەوشەکەی کە ڕووی لە باشوور بوو. بەدەوری دوو لای حەوشەکە پێنج ژووری بچووکی گڵی بەتەنیشت یەکەوە هەبوون. دوایەمین ژوور شوێنەواری ئاوەدانیی پێوە دیاربوو. ئەوە ژووری خزمەتکاری قوتابخانەکەیە. دای لە دەرگای ژوور. پێش ئەوەی لێدانەکە بکاتە دوان دەرگا کرایەوەو پیاوێکی بچووکی کورتە باڵای کەمێك خڕ دەرکەوت، دەرپێیەکی سەرخەرمانی بۆری لەبەر بوو دەگەیشتە سەرووی قولەپێی‌و بەنەشارەزایی پینە کرابوو لەگەڵ کراسێك دیار نەبوو ڕەنگی چییەو خۆشبەختانە پینەکانی کەمتر بوون، شتێکیشی کردبووە سەر گوایە کڵاوە، چاوێکی نووقاندبوو و چاوەکەی تری نیوەکراوە بوو. سیامەند خۆی پێشکەش کرد:

((**من ئەو کەسەم کە جوحای شوان بۆ ژوورێك پێی وتبووی**)).

پیاوەکە پۆشاکە ڕەشەکەی سیامەندی بینی‌و هەردوو چاوی، کە لەناو ڕیپۆق مەلەیان دەکرد، کرانەوە. سیامەند داوای لێکرد:

((**ژوورەکەم پیشان دەدەی؟**)).

پیاوەکە بیٚ وەڵام پیٚشیکەوت، چەند هەنگاویٚك پیٚی لەزەوییەکە خشاندو دەرگای ژووری پیٚش دوایەمینی کردەوە، وشەو باویٚشك باوەشیان بەیەکتر کردبوو:

((**جوحا وتی بۆ چەند ڕۆژیٚك دەتەویٚ.. یاااھ.. من تەنها ئەو چەند ڕۆژە دەتوانم.. وااھ.. ژوورەکەت بدەمیٚ**)).

سیامەند سەری قبووڵکردنی جووڵاند.

ژوورەکە وەکو ژوورەکانی تری قوتابخانەکە بوو، دیوارەکانی لە خشتی قوڕ دروستکرابوو و دارەڕاکانی ئەمسەر بۆ ئەوسەری دوو دیوارە کورتەکە تازە بوون، دیوارەکان لە دەرەوەو ناوەوە بەقوڕ سواغ درابوون. سیامەند بەتەماشایەکی خیٚرا ژوورەکەی پشکنی، چاکیو خراپیی لا مەبەست نەبوو، ژوورەکە بۆ ئەو چەند ڕۆژە باشە:

((**ئەگەر خانوویەکی چۆڵ شك دەبەی بە کریٚ دەیگرم. تۆ لە خەڵکی ئەم گوندە ناچی**)).

پیاوەکە باویٚشکیٚکی تری داو ئەمجارە ئەو شەش ددانەی لەدەمی مابوون لەگەڵ ئاڵوویەك لەبەردەمی پیاوە غەریبەکە دەرکەوتن:

((**من لە ئاواییی هەنجیرەوە هاتووم، هەنجیرەی پشت کەژەکە، خانووی چۆڵ؟! دروستکردنی خانوو ئاسانترە، ئەی تۆ خەڵکی کویٚیو چ کاریٚکت لەم گوندە هەیە؟**)).

سیامەند دەستی کردە باخەڵیو سیٚ کاغەزی بۆ پیاوەکە دەرهیٚنا:

((**ئەم سیٚ دینارە بگرە، دەمەویٚ بچیتە شارو شتم بۆ بکڕی**)).

دوو چاوی پیاوەکە زیاتر کرانەوەو بەقوڵی کراسەکەی ڕیپۆقەکەی سڕییەوە، لەژیانی پارەی زۆری وای نەدیوە، کەسیشی نەدیوە پارەی وای دیبیٚ، تەنها یەك جار یەك دیناری بینیبوو،

ئەویش لـەناو دەسـتی ئەفسـەرێك لـەناو شـارەكە ئـیتر لـەو ڕۆژەوە كاغەزی هاوشێوەی نەدییەوە. ئـەو ڕۆژە مێژوویـەكی دوور بـوو و وا ئێستا ئەو مێژووە بەشێوەیەكی بەهێزتر دووبارە بۆتەوە:

((**ئەمە چەندە؟ چەند ڕوپێیە؟**)).

خــەڵك بــە بەشــێكی دینارێــان دەوت ڕوپــێ. ســیامەند ســێ دینارەكەی بۆ ڕاگرت:

((**ئەمە چل ڕوپییـە، پێنج ڕوپـێ بـۆ خـۆت و باقییەكـەیم بـۆ بـدە بـە شت**)).

پیاوەكــە پارەكــەی وەرگــرت، یــەك لــەدینارەكانی ڕووكــردە ڕووناكییە كزەكەی ئەو بەیانییە تا بزانێ وێنە شاردراوەكەی لـەوەی چارەكە دینارەكە دەچێ كە زیاتر پێی ئاشنا بوو، ئینجـا تەماشـای دوانەكەی ترو سەری لەو كرێیەو باقییەكەی سوڕمابوو:

((**پێنج ڕوپێ؟ بەسەرچاو. بەو پارەیە شارەكەت بۆ دەهێنمـە گونـد. شارەكەت بەخەڵكەكەیەوە دەوێ یان بێ ئەوان؟**)).

ڕێنماییەكانی غەریبە ڕەشپۆشەكە سادە بوون:

((**هەر ئەمڕۆ، قاڵی و پێخەف، با هـەموویان دوو ڕەنـگ بـن، سـوور و ڕەش، ڕەنگـی كـاڵم نـاوێ، شـار لـەو جـۆرەی تێیـە، چـراو شـتی لـەو بابەتەت لەبیر نەچێ. بزانەماڵەكەت چیی تێیە لەوەم بۆ بێنە، لەوانیش باشتر. بە سی ڕوپێ باشترین و زۆرترین شتت دەستدەكەوێ، دەزانـی چەند دەمێنێتەوە؟**)).

حسابەكە بۆ پیاوەكە لـە ژمـاردنی بـەردەكانی شـاخی هـەنجیرە قورستر بوو. بیركردنەوەو سەر خوراندن كـەڵكیان نـەبوو. سـیامەند بۆی ژمارد:

((**من پێت دەڵێم، پێنجی بۆ تۆ، سی بۆ ناومـاڵ، پێـنج دەمێنێتـەوە، بەشی ئەوە ژنەكەت خواردنم بۆ دروسـت دەكـات، دوایـی بـزانین بەشـی چەند ڕۆژ دەكات**)).

پیاوەكە پرسـیارەكەی لەبیرچـوو كـە سـیامەند خـەڵكی كوێیـەو

کاری بەو گوندە چییە، ئامادەش بوو نەپرسێتەوە. لەو کاتە کەرەکەی زەڕی. سیامەند لەبەرخۆیەوە وتی:

((**ئەمە بابەتی ئێمەیە**)).

پیاوەکە تێنەگەیشتو سیامەندیش بۆی ڕوون نەکردەوە، لێی پرسی:

((**چی بەو کەرەت دەدەی؟**)).

پیاوەکە کڵاوەکەی خوراند:

((**ئەمساڵ خێروبەرەکەت بوو، بەشی مانگێك کای زیادەم هەیە، پارەی نەکرد، کەرەکەشم پێی خۆش بوو، ئەو ڕۆژەی ئینسان زەرەر دەکات کەر دەحەسێتەوە، ئێستاش بۆ ئەو کایە دەزەڕێ**)).

پیاوەکە ئیزنی لە پیاوی پڕ بەرەکەت خواستو پیاوی پڕ بەرەکەت سەری ئیزنی بۆ جووڵاند. پیاوەکە توورەکەیەکی کای هێنا کە هی ئەسپێکی تۆپیو بوو و میراتگری نەبوو. توورەکەکەی بەکەللەی گوێدرێژەکەوە هەڵواسی:

((**تێر بخۆ، پایزەکەمان تەڕە، خوا پایزی پاری هەنجیرە نەهێنێتەوە**)).

بەڕوویەکی گەشەوە تەماشای ئەو لاوە موبارەکەی کرد:

((**دەچم پاروویەك نان دەخۆمو خۆم دەگۆڕم**)).

سیامەندو کەرەکە بەتەنیا مانەوە. دەمی گوێدرێژەکە لەناو توورەکەکە ون ببوو و دڵی ئاسوودە بوو:

((**پیاوەکە کای زۆرە..***(پێنج دەقیقە بیری لەو قسەیەو لە قسەی داهاتوو کردەوەو هیچی تری نەوت)*. **هەموو کاکە دەخۆم.** *(پێنج دەقیقەی تر بیری لەو قسەیەو قسەی دوای ئەوە کردەوە)*..**کای پیاوەکە زۆرە..***( پێنج دەقیقەی تر بیریکردەوە)*..)).

ئەو کاتەی گوێدرێژەکە بۆ بیرکردنەوەو دەربڕینی بۆچوونەکانی سەرفی کردبوو خزمەتکاری قوتابخانەکە چووبوو نان بخواتو خۆی

بگۆڕێ، سیامەندیش بەناو ژوورەکانی قوتابخانەکە دەگەڕا، پاشان گوێی بە دەرگای ژووری خزمەتکاری قوتابخانەکەوە ناو بۆڵەو قسەی بێسوودی بیست، دوایش بەحەزەرەوە چووە دەرەوەی قوتابخانەو تەماشای گوندەکەی کرد. زەڕینی کتوپڕو درەنگوەختی خۆشیی گوێدرێژەکە بۆ کاکە وریای کردەوە. چووە لای ئاژەڵەکەو بەسووکی کێشای بەڕوومەتی، ئینجا دەستی بەسەر شانیو مووی سەر پشتی هێنا:

((**سوێند بەخوا دەتوانم خۆتو خاوەنەکەت بکەمە جادووگەر بەڵام نازانم دوایی کامتان لەوی تر باشتر دەبێ**)).

گوێدرێژەکە خۆی تێک نەداو دوو چاوی نیوە داخراوی نەکردەوە، کەللەیو توورەکەکەشی بەخاوی ئاوڕیان بۆ لاوە ڕەشپۆشەکە دایەوە:

((**ئەو زەلامە دەکێشێ بەدەموچاوما**)).

بێدەنگ بوو بۆ ئەوەی پێنج دەقیقە بیربکاتەوەو شتێکی تر بڵێ. سیامەند دەستی هێنایەوە بەسەر شانو پشتیو جارێکی تر بەسووکی کێشای بە ڕوومەتی ئەو ئاژەڵەی خەریکی ڕێکخستنی قسەیەك بوو، سیامەند پێی وت:

((**دەبێ کەمێك لە بەهرەکانی خۆم پیشانی خاوەنەکەت بدەم، دڵنیاشم بۆ گوندەکەی دەگێڕێتەوە**)).

دەستی کردە ناو توورەکەکەو چنگێك کای دەرهێنا، دەمی جووڵاندو چەند وشەیەکی وتو فووی پیاداکردو کردیەوە ناو توورەکەکە:

((**ئەمرۆ تا دەگەڕێیتەوە یاری لەگەڵ خاوەنەکەت دەکەی، زۆر خەستم نەکردووە نەوەك نەگەیتە شار یان بگەیتو بارەکە نەهێنیتەوە، ژەمێکی بچووکە بەشی ئەوەی خاوەنەکەت بەحەزی من دوابخەیو بەحەزی من چیرۆکێك بۆ ئاوایی بگێڕێتەوە**)).

کەرەکە بەخاوی قەپاڵێك کای بەدەم هەڵگرتو بە دوو چاوە نیوە داخراوەکەیەوە تەماشایەکی گێژانەی لاوەکەی کرد:

((**زەلامەکە دەیەوێ کای من بخوات**..)).

دەبوایە پێنج دەقیقەی تر بۆ قسەی داهاتوو بیریبکردایەتەوە، کە بەپێی هەموو حسابێك بڵێ کە نەهێڵێ ئەو زەلامە کاکەی بخوات، بەڵام کتوپڕ دوو چاوی زەق بوونو زەردەخەنەیەکی ئاژەڵانە چووە سەر دوو لێوی زلی، دوو گوێچکەی درێژی قیتبوونەوەو بەخۆشییەوە یەك جارو بە یەك ئاواز توند لەناو تەورەکەکە زەڕی.

خزمەتکاری قوتابخانە نیوەی خۆپێچانەوەی هێنابووە دەرەوەی ژوورەکەی خۆی، ژنەکەی لەناو دەرگاکە وەستابوو. سیامەند یەکەم جاری بوو ژنێك ببینێ وا درەنگ خەبەری بێتەوە، دیارە ژنەو نەگاڵت. سیامەند چنگە ئاوەکەی دوێنێی بیرکەوتەوە کە فووی پیا کردبوو:

((**دوێنێی گوندو شەوەکەی چۆن بوون؟**)).

پیاوەکە دوا پێچی پشتێنەکەی تەواو کرد:

((**بەڵێ قوربان؟**)).

سیامەند بەشی تێگەیشتن بۆی ڕوونکردەوە:

((**دوێنێ وەکو جاران ڕابورد؟**)).

لەوە زیاتر ڕوونی بکاتەوە پیاوەکە گومانی بۆ دروست دەبێ:

((**ئەی بۆ نا؟؟ چی ڕوویداوە؟**)).

ئینجا سیامەند زانی دەتوانێ تەنانەت پێی بڵێ شتێکم لە گوند کردووە بێئەوەی ئەو پیاو هەست بەهیچ شتێك بکات:

((**ئەمشەو نەمبیست سەگ بوەڕێ، تەنها یەك سەگ نەبێ**)).

پیاوەکە تازە خەریکە تێبگات:

((**ڕاست دەکەی، ژنەکەشم وای وت، منیش وەڕینی یەك سەگی خوێڕیم بیست**)).

سـیامەند زانـی دوارۆژی کەرەکـە باشـتر دەبـێ ئەگـەر بیکاتـە شاگردی خۆی، بەڵام هێشتا هیوای بە خاوەنی ئەو کەرە مابوو:

((**دەڵێن سەگەکە هی شوانێك بوو ماوەیەکە گوندی جێهێشتووەو دیار نەماوە**)).

پیاوەکە وەڵامی نەبوو، سیامەند بیوتایە مـن ئـەو شـوانەم هـیچ لەوەزع نەدەگۆڕا.. سیامەند وازی لێهێنا.

پیاوەکە شتێکی شڕو نارێکی هەڵگرت کە کاتی خۆی کورتانێکی نازدار بوو و دای بەسەر پشتی کەرەکە. پاڵووی کورتانەکەی خستە سەر کەفەڵی ئاژەڵەکەو بەرۆکەکەی لە سنگی توند کردو تەنگەکەی لەژێر سکی بەست. بازێکی بەسەر داو ئێستا بـۆ ڕۆشـتن ئامادەیـە. لەبەرخۆیەوە هەندێ دوعای کردو بـێ خواحـافیزی پاژنـەی لەسـکی ئاژەڵەکە داو دەرچوو. کەڕەکە توند زەڕی:

((**پیاوی ناشیرین قاچی ڕەقە**)).

هەردوو ڕۆشتنو سیامەند بە زەردەخەنەی دۆستانە بـە ژنەکـەی ڕاگەیاند:

((**من دەچمە ژوورەکـەم، کەمێکی تـر دەچمە دەشت، پیـاو لـە ژوور تاقەت ناگرێ**)).

پـێش ئـەوەی ژنەکـە بـە پرسـیار دایگرێتـەوە چـووە ژوورەکـەو دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست، خێرا جەواڵەکەی کردەوە، جلێکـی سـادەی دەرکـردو کردیـە بـەری، جلـە ڕەشـەکانی خسـتە نـاو جەواڵەکەو گرێی دا. بەئەسپایی لە ژوورەکە دەرچوو.

دەموچـاوی بـە پەڕۆیـەکی ڕەش داپۆشـیو بەوریاییـەوە چـووە ئەودیو دەرگای قوتابخانەکە. هەر ئەوەنـدەش قوتابخانەکـە کەوتـە نێـوان خـۆیو گوندەکـە بـەخێرایی ڕۆشـت. زۆرتـرین مـاوە بـەرەو ڕۆژئاوا ڕۆشت تا قوتابخانە زۆرترین ماوە لە گوندەکەی بشارێتەوە، پاشان بۆ لای دەستە ڕاست وەرچەرخاو ئەو ڕێگەیەی گرتەبـەر کـە

لەبەر دوورییەکەی خەڵکی گوندەکە بۆ گەیشتن بە شار بەکاریان نەدەهێنا.

ماوەیەکی زۆر ڕۆشت، خۆی لە بەرزاییەکان دەپاراستو بەدەوریان دەسووڕایەوە:

((**ئێستا دڵنیام کەسی ئاوایی نامبینێ، خۆشم لە ڕێبواران لابدەم بەسمە، مەگەر ئەوان خووە کۆنەکانیان گۆڕیبێ، ئەمەش زەحمەتە، سەد ساڵی تریش ئەو خووانە ناگۆڕن**)).

ئەو پێچە گەورانە سەعاتێکیان لێبردو ماندوویان کرد، هێشتاش زۆری مابوو بگاتە شارۆچکەی سوڵتان ئاباد:

((**بەم شێوەیە ئەوان پێشکەوتوونو من دواکەوتووم، ئەگەر حسابی ڕۆشتنی کەری کابرا نەکەم. بەڕاست! کابرا ناوی چییە؟**)).

بەڵام دڵنیا بوو ئەگەر هیچ لەڕێگە ڕوونەدات پێش ئەو و کەرەکەی دەگات.

گوێدرێژەکە ئەو ڕۆژە ببووە بەڵایەکی گەورە بۆ خاوەنەکەی. ماوەیەکی کەم بوو گوندەکەی جێهێشتبوو کەرەکە سێ جار بەدەوری خۆی سووڕایەوەو ڕووی کردەوە گوند، پیاوەکە دابەزیو بەزەحمەت قەناعەتی پێکرد ڕووبکاتەوە شارۆچکەکە. ماوەیەکی تر ڕۆشتو دەستی کرد بە زەڕینی ناوەخت. هەر دەڕۆشتو دەزەڕی، دەڕۆشتو بۆ هەموو شتێك دەزەڕی تا وای لێهات باڵندەشی ببینیایە سەری بۆ بەرز دەکردەوە بۆی دەزەڕی، گەیشتە یەکەم هەورازو دیار بوو نیازی نەبوو سەرکەوێ. پیاوەکە دابەزییەوەو کەوتە پێشی، ڕێشمەکەی ڕاکێشا بەڵام بێسوود، پیاوەکە هێشتا لەپێشەوە بوو کاتێك کەرەکە لەپشتەوە قەپاڵی لە جلەکانی گرتو ویستی بەرزی بکاتەوە. پڕ بەدڵی ئاژەڵانەی ڕقی لە پیاوەکە هەڵسابوو، بە ددان توند جلەکانی گرتبوو و ڕایدەوەشاند:

((**بۆچی ئەوەندە ناشیرینی؟**)).

پیاوەکە هاواری کرد:

((**هەی کەر هەی کەر!**)).

کەرەکە بۆ دواجار ڕایوەشاند ئینجا بەری دا:

((**پیاوی ناشیرین دەترسیٚ پیاوی ناشیرین هاوار دەکات پیاوی ناشیرین هەموو کاکە دەخوات**)).

پیاوەکە ناچاری ستایش بوو، باوەشی بەگوێچکەی کرد:

((**کوڕە تۆ بارەبەری پاڵەوانی هەنجیرە بوویو هەموو کەرەکانی هەنجیرە حەسوودییان پیٚ دەبردی، ئێستره سووری شێخیش خۆی لێدەشاردیتەوە، عەیب نییە ئێستا دەتەویٚ لە باری شار" ئەو بارە سووکە خۆت بدزیتەوە؟**)).

خراپیش نەبوو ئەگەر یادی گۆرانییەکانی جاران لەگەڵ ستایش تێکەڵ بکرێن:

((**بیرت نایەت چۆن وەختت هاتبوو ببیتە پالانی؟ وەختی ئەوەت هاتبوو پالان یەعنی کورتان لە پشتت ببەستریٚو فیٚری سواربوونو باربردن بکریٚی؟ بیرت دیٚ خەریك بوو یاخی ببی منیش گۆرانییەکی خۆشم بۆ وتی: پالانی پالانی ماشاڵڵا چەند جوانی**)).

کەر بە لاچاو تەماشای خاوەنەکەی کردو بێئەوەی مەراییەکە کاری تێبکات یان خۆی بە وەلامدانەوەی قسەی کابرا ماندوو بکات بەهێمنی کەوتەوە جووڵە.

کەرەکە گەیشتە سەرەتای هەورازەکە، نۆرەی تاوێکی تری یاخیبوون بوو. پیاوەکە خەباتێکی پاڵەوانانەی لەگەڵی کرد تا لەو هەورازە سەریخات، لەدابەزینیش دەبوایە لەپشتەوەی کەرەکە بڕۆشتایەو پالووی سەر کەفەڵی بگرتایە تا بە مەزەندەی لاوازی خۆی بیگریٚ ئەگەر بەلەسە بوو.

ڕێگەکە ماوەیەك تەخت بووەوە پاشان هەورازێکی تر هاتە پیٚش. پیاوەکە هەولی دا لەو قۆناغە هاوڕێگەکەی بخلافیٚنیٚ"

سەرەتا ستایشی گەرمی خۆڕاگریی سالآنی ڕابـوردووی کـرد، ئینجـا باسی چـەند سـەروەرییەکی ڕۆژانـی هـەنجیرەی بـۆ کـرد، بـەهێزیو گوێڕایەڵییە بێوێنەکەی بیرخستەوە، پاشان حیکایەتی بۆ گێڕایەوە، ئینجا گۆرانییەکی کورت، دوایی بۆی باسکرد چی دەکات بـەو پێـنج ڕوپێیەی لەم گەشـتە دەسـتی دەکـەوێن، لـەکۆتاییش بـەڵێنی دایـە بەشێك لـەو پارەیـە بـۆ کـا تـەرخان بکـات، بـەمجۆرەش زەخـیرەی ساڵی داهاتوو مسۆگەر دەبێ خوای دەکرد دڵۆپێك باران نـەدەباری. پیاوەکە هەموو ئەوانەی بەگوێی کەرەکە خوێند بەڵام کەرەکە ئاڵای یاخیبوونی هەڵکردبوو و نیازی خۆبەدەستەوەدانی نەبوو" هەنگاوێك دەڕۆشتو دووەمیان دەوستا، بۆیە خاوەنەکەی ناچار کرد درۆی بۆ بکاتو کاکەی بۆ بکاتە جۆ:

**((سوێند بێ خۆتو خۆمو ژنەکەم لەسەر یەك خوان جۆ بخۆین، تـۆ بـەکاڵیو حـازریو بـێ ئـەرك ئێمـەش بـە دەردەسـەریو کـوێرەوەری بیکەینە نان)).**

حیکایەتو باسە خۆشەکانو بەڵێنەکانی پیاوەکە کاریان لەسـەر خـۆی زیـاتر بـوون وەك لـە کەرەکـە، خۆشـی دەخلآفانـد زیـاتر لـە ئاژەڵەکـە بۆیـە هـەر ئەوەنـدەی زانـی گەیشـتۆتە لوتکـە. چـوونە خوارەوە ئاسانتر بوو، پیاوەکەش کاتی تلۆربوونەوە بڕوای نەدەکرد ئەمە کاری حیکایەتو بەڵێنەکانی بوو و وای بۆچووبوو ئەو شـێتییە تازەیەی کەرەکـەی تاوتـاوە، دوعاشـی کـرد لـە بـەرزترین هـەورازی بەردەمیان تاوی عاقڵێتییەکەی بێ.

بـاری دەروونیـی گوێدرێژەکـە لـەو کاتـە بـەدڵی پیاوەکـە بـوو. لەکاتی هاتنە خوارەوە پیاوەکە بیری لەوە دەکـردەوە خـۆی هـێمن پیشان بدات. بیست هەنگاو پێش کەرەکە کەوتو بەهێمنی ڕۆشـت، جارجـاریش کتـوپڕ ئـاوڕی بـۆ دەدایـەوە نـەوەکو شـێتییەکەی بـۆ

گەڕابێتەوە. بێ ڕووداو گەیشتنە کۆتایی لێژاییەکەو کەمێکیان مابوو بچنە بنی شیوەکە کاتێك گوێدرێژەکە لەپڕ کەوتە غاردان. پیاوەکە گوێی لە تەپەتەپی دوای خۆی بوو و ئاوڕی دایەوە. گوێدرێژەکە چاوی زەق ببوو و دەمی کرابووەوە لیکیش لەو دەمە دەڕژایە سەر زەوی. پیاوەکە هەڵهاتو هاواری کرد:

((**هەی کەر هەی کەر! واز بێنە ژنت بۆ دێنم**)).

بۆ خۆشبەختیی پیاوەکە تاوێرێکی بەرز هاتە ڕێو ئەو فریا کەوت پێش گەیشتنی کەرەکەو ئەنجامدانی کارە قێزەونە ناڕەواکەی خۆی هەڵداتە سەری. کەرەکە پیاوەکەی بەبەرزییەوە بینیو زانی دەستی نایگاتێ. بەدەوری بەردەکە سووڕایەوە بەڵکو دەرگایەك بدۆزێتەوە لێوەی بچێتە ژوورەوە. کتوپڕ هێمن بووەوەو بەهێمنی کەوتەوەڕێ:

((**پیاوەکە هارە دەچێ سەر بەرد ناچێ سەر خوڵ لەوێ دەمێنێ دەچێ سەر بەرد ناچێ سەر خۆڵ با بەجێیبێڵم**)).

ماوەیەك ڕۆشت ئینجا ئاوڕی بۆ پیاوەکە دایەوە:

((**تەواو ناشیرین پیاو**)).

گوێدرێژەکە هەر بەهێمنی ڕۆشتو پیاوەکە هەر نەیدەوێرا لە بەردەکە بچێتە خوارەوە. کەرەکە ماوەیەك ڕۆشت ئینجا ملی بۆ پێشەوە درێژو ڕەپ کرد، دەمی تەواو کردەوەو بەهەموو توانایەکییەوە بە یەك ئاوازی درێژی تیژ زەڕی:

((**ئەو پیاوە ناشیرینە.. ناشیرییییینە**)).

پیاوەکە وایزانی بانگی دەکات، بەحەزەرەوە لە تاوێرەکە چووە خوارەوەو شوێنی کەوت.

گەشتەکەی سیامەند ئاسانتر بوو، ڕێگەکە هەورازی نزمتری دەبڕی، ئەو ماوەیەش کە شێتیی کەرەکە فەوتاندی بەس بوو بۆ ئەوەی نیو سەعات پێش کابراو هاوڕێکەی بگاتە سولتان ئاباد.

سـیامەند بـەدەوری شـارەکە سـوورِایەوەو چـۆلّترین کـۆلانی هەلّبـژارد، دەمو لـووتی بـە پەرۆکـە داپۆشـییەوە، کـۆلانێکی لـێ تێکچـوو ئینجـا کۆلانەکـەی دۆزییـەوە، گەیشـتە مـالّی مەبەسـتو لەدەرگاکەی دا بێئەوەی دلّنیا بێ لە هەبوونی ئـەو کەسـەی بۆ لای هاتووە. پیرەژنێك دەرچوو:

((**ها باوکەکەم، کێت دەوێ؟**)).

سیامەند دەنگی خۆی گرِکرد:

((**غەفە لەمالّە؟**)).

وەلامەکە ئەوە نەبوو کە دەیویست:

((**قوربانت بم کەی کاتی مالّەوەیە.. لە بازارِە**)).

سیامەند خواحافیزییەکەی بۆ سـەردانێکی تـر هـەلّگرتو خێـرا رۆشت. لەرِێگە سەری کز کرد تا زیاتر دەموچاوی داپۆشرێ. بازارِی شـارەکە دوو رِیـز دوکـانی بەرامبـەر یـەك بـوو، دوو رِیـز دوکـان لای راستو چەپی شەقامە سەرەکییەکە، هەروەکو بازارِی شارەکانی تر تێکەلّەیـەك دوکـانی بێنیـزام بـوو" قەسـاب تەنیشـتی تـووتنفرۆش، پینەچی تەنیشتی قوماشفرۆش.

گەیشتە دوکانێك راخەرِو پێخەفی تێ بینی، دوو دوکـانی تـری لـە سووچـی ئەوبـەرەوە بـینی، پیاوەکـەو کەرەکـە لێـی ون نـابن. نانخواردن وزەی بۆ گەرِاندەوە، کەمێکیش خلّەفانـدی تـا دوانەکـەی بـینی. پیاوەکـەی بـینی بەتەنیشـت کەرەکـەوە دەرِوات، باوەشـی بەملییەوە کردووەو بەگوێچکەی دەیخوێند. دیاربوو قسـەی خۆشـی بۆ دەکرد. گەشـتەکە هـەردووکیانی مانـدووکردبوو، بـەلام پیاوەکـە وێنـەی دوارِۆژێکـی گەشـی بـۆ کەرەکـە دەنەخشـاند. دوانەکـە لەوسەرەوە وەستان، سیامەند سووك بۆ ئەو لایە کشا، پشتی کردە پیاوەکـەو لەسـەر پەرۆکـەی سـەرلووتییەوە خـۆی بـە بـۆنکردنی

تووتنی دوکانی تەنیشت سەرقاڵ کرد. دەشبوایە وریای ئەو کەرە بوایە کە لووتی بە جلەکانییەوە ناوەو بۆنی دەکاتو دیار بوو ناسیبوویەوە. سیامەند ئاگای لە کڕینو فرۆشتنەکە بوو:

((**سێ ڕوپیێ. پێنج ڕوپیێ، دوو. چوار. زۆرە. نەخێر باشە...**)).

مامەڵەکە تەواو بوو و بڕەکە گەیشتە بیستوهەشت ڕوپیێو پیاوەکە کەرەکەی بارکرد، سیامەند چۆن چووە لای دوکانەکە وا گەڕایەوە، لە دوکانە یەکەمەکە وەستاو چاوەڕێی کرد پیاوەکە شارەکە جێبهێڵێ:

((**دوو ڕوپیێم لێ ون نابن**)).

پیاوەکە شارەکەی جێهێشت ئەویش بۆی دەرچوو" پیاوەکە خۆی دواناخاتو بێگوێدانە ماندوویی زوو دەگەڕێتەوە گوند بۆ ژماردنی دەستکەوتەکەی.

سیامەند سەری دایەوە لەو ماڵەی کەسی مەبەستی لێ نەبوو و بینی ئەمجارە هاتۆتەوە ماڵ. ماوەیەك لەگەڵ ئەو لاوە مایەوەو قسەی لەگەڵ کرد، پاشان جێیهێشتو لە شارەکە دەرچوو، هەر ئەوەندەش کەوتە چۆڵەوانی لەهەمان ڕێگەی پێشوویەوە کەوتەڕێ، ئاواتەخوازیش بوو کاری فووەکانی لە ناو گەدەو کەللەی کەرەکە مابێو پیاوەکە لەخۆی دڕەنگتر بگاتەوە تا بە پۆشاکە ڕەشەکەیەوە لەبەردەمی خۆی ببینێتەوە.

سێ سەعات بۆ ئێوارە مابوون کاتێك گەیشتەوە ئاوایی، لێرەوە وریاتر ڕۆیشت، جوحاو ڕانەکەی لەدوورەوە بینی. لە گوند نزیکتر کەوتەوە، دوو جار تارمایی بینیو خۆی شاردەوە. ڕۆشتنو گەڕانەوەی سەلامەت بوون، دەمێنێتەوە بگاتە ناو قوتابخانەکە، ئەو چەند سەد هەنگاوەی بۆ ناو گوند ماون گرانترین قۆناغ بوو.

گەیشتە ڕیزێك بەردی سروشتی نیوەی بالای مرۆڤێك لە

زەوییەکە دەرپەڕیبوون، لەناکاو هەستی بەشتێك کرد خۆی بەسەر پشتی دەدا، هاوارێکی لێهەڵساو بەدەما کەوت. شتێکی خڕی تووکن بوو بۆڵەی دەهات، بەپەلە هەڵساو پشتی بە ڕیزە بەردەکەوە نا، سەگێکی تووك بژی تووڕە مڕەی دوژمنایەتیی بوو، ئەمە کێیە؟

((**سەگ! ئەوە تۆی؟**)).

ددانەکانی سەگەکە هێشتا جیڕەیان دەهات، سەگەکە زۆر گۆڕابوو و لە سەگێکی هار دەچوو. دڕو وڕ. سیامەند دەنگی ناسك کرد:

((**سەگ! چیتە؟ نامناسی؟**)).

سەگەکە بەدەمییەوە نەچوو، خاوەنە کۆنەکەی ئەوەی بیرکەوتەوە سەگەکە تەنها چاوەکانی دەبینیٚ، دیاریشە شتێك چۆتە ناو دوو کونە لووتییەوەو بۆنی خاوەنەکەی ناناسێتەوە. پەڕۆکەی شل کردو دەموچاوی پیشان دا. سەگەکە کەمێك تەماشای کرد، ملی خوارکردەوە وەك پرسیار بکات:

((**ئەوە؟ ئەو نییە؟**)).

ناسییەوە! ملی ڕێککردەوە، هەردوو گوێچکەی قیت بوونەوە، قنج ڕاست بووەوە، کلکەکەی خێرا خێرا کەوتە جوولە، زمانەکەی خێراتر دەجووڵایەوە:

((**خۆیەتی. خۆیەتی. سەم سەمە. سەم سەم**)).

خۆی بۆ هەڵدایەوەو بەشێوازی تایبەتی ئاژەڵەکان کە هەر خۆیان دەیزانن خۆی خستە باوەشی خاوەنەکەیەوە، دەموچاوی لستەوە ئەویش بەقۆڵی دەموچاوی خۆی پاراست. سیامەند بەهەردوو دەستی دوو ڕوومەتی سەگەکەی گرت:

((**لەکەیەوە غافلگیرو غەدداری؟ یەکەم جارتە لەپشتەوە بیٚ ئاگاداری پەلامار بدەی. تۆ کە حەزت لە خۆنواندن و خۆدەرخستنە**)).

سەگەکە سەری بەرز کردەوەو لوورەیەکی دوورودرێژی کرد:

((**سەمسەم! نازانی دوای تۆ چیم بەسەر هات**)).

سیامەند دەستی هێنا بەسەر مووەکانی پشتی:

((**ڕۆژانـی ناخۆشـی ڕۆشـتن، ئەگـەر حـەز دەکـەی دەتکەمـە ئاغـای گوند**)).

هەڵساو پەنجـەی بـۆ جووڵانـد شـوێنی بکـەویٚ، ئـەمجارە گـوێی نەدایـە ئـەوەی کەسـێك ببیـنیٚ، بەرلـەوەش بگەنـە قوتابخانەکـە سـەگەکە بـە سـنگو کلـك بادانـەوە پێشـیکەوت. سـیامەند ڕۆژانـی ڕابوروودی کەوتەوە یادو پێکەنی.

ژنـی خزمـەتکاری قوتابخانەکـە لـەژوورەوە بـوو، تـا ئێسـتاش سـیامەند منـداڵێکی نـەبینیوە بچـێتە دەرەوەی ژوورەکـە، هـیچ شـوێنەوارێکی خزمەتکارەکـەش دیـار نـەبوو، دیـارە جـاری نەگەیشتۆتەوە جیٚ.

سیامەند سەگەکەی بردە ژووری خۆی:

((**تەنها ئەمشەو بە پیسی دەمێنیتەوە، هەفتەیەکی تریش ژووری تایبەتی خۆت دەبیٚ، بڕوام پێبکە کە وتم ئەگەر حەز دەکەی دەتکەمە ئاغای گوند**)).

پۆشـاکە ڕەشـەکەی کـردەوە بـەرو بەچـاوەڕوانی گەڕانـەوەی خزمـەتکاری قوتابخانەکـە دانیشـت. سـەگەکە ملـی بـۆ لای ڕاسـت خوارکردەوە، هەردوو گوێچکەی قیـت بوونـەوە، ملـی بـۆ لای چـەپ خوارکردەوە، سیامەند پرسیارو سەرسوڕمانەکەی خوێندەوە:

((**دیارە مێشکت وەکو خۆی تیژ ماوە بەڵام ماوەی دووریم ژەنگی گرتبوو. باشە بزانم بۆچی هەستی بۆنکردنت لاواز بووەو منت بە بۆن نەناسییەوە؟**)).

خزمەتکارەکە بەبۆڵەوە گەیشت، دەنگی زەڕیـنی کەرەکـە پـێش دەنگـی ئـەو بیسـترا. بەسـواری کەرەکـەو بارەکەیـەوە چـووە نـاو حەوشـی قوتابخانەکـەو خێـرا بارەکـەی داگـرت. کـە زانیشـی کـاری

ئەمڕۆی بە کەرەکە نەماوە چاوەڕێی داگـرتنی کۆپانەکـەی نـەکردو کەوتـە لێـدانی، کـەر هـاواری کـردو بەلەسـە بـوو و پیـاو بـەدارێکی تـوورەوە شـوێنیکەوت. کەرەکـە لـە سووچـی نێـوان شـوورای قوتابخانەکەو دیواری دوایەمین ژوور خـۆی حەشـار دا، شـێتییەکەی بۆ خاوەنەکە جێهێشتبوو و بە چاو و پڕ بە دڵ لێی دەپاڕایەوە:

((**کا هەمووی بۆ تۆ کا هەمووی بخۆ لێم مەدە**)).

دەنگی پیاوەکە گرمەی تۆڵـە بـوو و دوو قاچـی بـۆ ئـەو تۆڵەیـە دەیانبرد:

((**ئێستا بەشی هەورازێك خەفەتم هەیەو سبەی بە هەورازەکانی تر سەرتدەخەم، تا دوو ڕۆژیش لە خواردنی کا مەحرووموت دەکەم. جۆت بدەمێ. جۆ؟! گوو. گوو**)).

مرۆڤـی تـوورە نزیککـەوتو ئـاژەڵی ترسـاو هـەڵهات. کەرەکـە لـەدەرگای دەرەوە دەربـاز بـوو بێئـەوەی پرسـیاری بـەڵێنی ئـەو دواڕۆژە گەشە بکات کە خاوەنەکەی گوێی پێ پڕکردبوو.

ڕزگـاریی کەرەکـە لەشـوێنێکی تـرەوە هـات. ئاغـای مـاڵ لـە ژوورەکەی دەرچوو و دەبوایە خزمەتکارەکە خۆی لـەو گەردەلوولـە ڕزگار بکردبایە. ژنەکەی بۆی چوو:

((**سەلکە سەگ! بۆ وا لەو بێزمانە دەکەی؟**)).

دەبوایـە لـەماوەی ئـەو چـەند چرکەیەی پـێش ئـەوەی ژنەکـە بیگاتێ هەموو شـتێکی بـۆ ڕوون بکردایەتـەوە. پیاوەکـە فریاکـەوت بەیاننامەیەکی زۆر کورت بڵێ:

((**کەرەکە ئەمڕۆ فەوتاندمی**)).

پەلەکردن دوو قاچی ژنەکەی لەیەکتر ئاڵاندو خەریك بوو بیخات. ئەو دواکەوتنە بەشی پەراوێزێکی قسەکەی مێردەکەی کرد:

((**کـەری نانـەجیب بەڵایـەکی بەسـەر هێنـام هـەموو مـەڕەکانی گونـد بەش ناکەن بیانکەمە قوربانی ڕزگاربوونم لێی**)).

ئەو بەلاغەتە مـەنتقیو ئەدەبییـەی پیاوەكـە دادی نـەداو ژنەكـە گەیشتە سەریو یەخەو سەرشانی گرتو توند ڕایوەشاند:

((**ئەو كەرە بۆ ئێمە لە تۆ باشترە، هەی لەهەموو كەرێك كەرتر**)).

پیاوەكـە ویسـتی حەقیقـەتی ئـەو كـەرە بـۆ ژنـە خەڵەتاوەكـەی ئاشكرا بكات: ((**ئـەو كـەرە نانەجیبە**...))، بـەڵام مسـتەكۆڵەی ژن بـۆ ناو دەمی پیاو بەری بە ئاشـكراكردنی نهێنییـەكان گـرت. سـەرەڕای گورزەكـە خۆشـبەختانە پیاوەكـە هـیچ ددانێكـی لەدەسـت نـەدا. كۆڵیشی نەداو خۆی ڕاپسكاندو ویستی ڕوونكردنەوەكـەی پێشـووتر ڕوونـتر بكاتــەوە بــەڵام چـنگی ژنەكـە هــەموو دەرگاكـانی لەســەر داخستبوو. ئینجا پیاوەكە ویستی پەنا بۆ جیهانێكی تر بەرێ:

((**ژنەكە ئەو نانەجیبە ئەمڕۆ شەیتانێك چووبووە كەللەی**)).

ژنەكە بڕیاری دا گوێی لێ نەگرێو بـۆ ژوورەكـە پەلكێشـی كـرد، لــەژوورەوە دەنگــی هــاواری پیاوەكــە دەهــات. دەنگــی منــداڵ نەدەبیسـترا ئینجـا سـیامەند زانـی پیـاو و ژنەكـە منـداڵیان نـەبوو، زانیشی بوهتانی بۆ جگەرە كردبوو كاتێك وایزانیبوو ئەو بۆتـە هـۆی لەدەسـتدانی ددانـەكانی. سـەگەكە لـە خۆشـیا هەڵدەبەزییـەوەو لوورەی بوو، سیامەند زانی نامەردییە:

((**بەسە! شوورەییە بەئازاری خەڵك پێبكەنی**)).

سەگ بەگوێی نەكرد چونكە بڕوای نەكرد بەڕاستی بێ. سـیامەند چووە ژوور:

((**ئارەزووتە، هەر لەدەرەوە بمێنەرەوەو هەڵبەزەرەوە**)).

دەرگاكەی داخستو سەگەكە ڕایكردو خۆی بەدەرگاكـە خشـاند. خاوەنەكـەی درزێكـی بـاریكی دەرگاكـەی كـردەوەو پەنجـەی بـۆ دەرهێناو بـۆی جووڵانـد كـە بێتـە ژوورەوە. سـەگەكە خـۆی باریـك كردو بەو كونە دەرزییە چوو.

نیو سەعاتی نەبرد خزمەتكاری قوتابخانەكە بـە زەردەخەنەیـەك

لەسـەر لێـو و بـە چـرايەكی بـێ ئـاگر لـەناو دەسـت چـووە ژووری میوانەكـە. پیاوەكـە هـێمن بـوو، ئـەو نـەبوو پـێش ماویـەك لێـدانی خواردبوو:

((**مـن‌و شـەيتان خەجاڵـەت بين، تـۆ بارەكـەت كـردەوەو قاڵييـەكانت داخست؟**)).

سيامەند بەپۆشاكە ڕەشەكەيەوە لەسەر قاڵییە سوورو ڕەشـەكە چوار مشقی دانيشتبوو، قاچی ڕاستی خستبووە سـەر ڕانـی چـەپی، پياوەكە دانيشتنی وای نەبينيبوو، سيامەند لەناكاو لێی پرسی:

((**شتەكان چەنديان تێچوو**)).

پياوەكە كەمێك خەريكی چاككردنی چراكەو تف قووتدان بوو تـا بەتەواوی درۆكەی بهۆنێتەوە:

((**سـی. سـی ڕوپـیێ. ئـەوەی پێـت دابـووم. ئـەم چـرايەت بـا لا بـێ تـا ئەوەی خۆت بۆ ساز دەكەم**)).

سيامەند بەدەنگێكی زبرەوە فەرمانی پێدا:

((**دانيشە**)).

پياوەكە دانيشت، چراكەی خسـتە نێـوان خـۆی‌و ئـەو. سـيامەند باڵی بۆ ڕاكێشا، لەپی دەستی ڕووی تێكرد، دوو سێ جار لەبـەردەم دەموچاوی جووڵاندی، ئينجا نزميكردەوە:

((**ئەوەی ژێرم بە پێنج ڕوپیێ، دوو سەرينەكە بە دوو ڕوپیێ..**)).

هەمووی بۆ ژمارد ئينجا باقييەكە:

((**دوو ڕوپیێ ماون**)).

ئەمجارە پياوەكە تفی بۆ قووت نەدرا:

((**ڕاست دەكەی. چۆن زانيت؟**)).

نەوتنی ڕاستی يەكێكە لە مەرجەكانی پيشە نوێكەی سيامەند:

((**من زۆر لەوە زياتر دەزانم، پێت بڵێم لەكوێ شتەكانت كڕی؟**)).

چاوی نووقاند:

**((ئێستا لەسەرەوە دەتبینم دێیتە خوارەوە، یەکەم دوکان لەسەرەوە، پێش ئەوەی بگەی قسەت بۆ کەرەکە دەکرد))**.

پیاوەکە هەناسەی لەخۆی بڕیبوو، ماوەیەك حەپەسا ئینجا پەلاماری دەستی لاوەکەی داو ماچی کرد:

**((تۆ پیاوی کەراماتی))**.

وشەی کەرامات سیامەندی لەناکاو برد. کەمێك ڕاما، چاوەڕێی ئەو وشەیەی نەدەکرد، بێتاقەتی بەدەنگییەوە دیاربوو:

**((کەرامات ئیشی من نییە، دەست ماچ کردنیشم ناوێ، سەرت نەویکە، سەر نەویکردنم دەوێ، بچۆ بۆ لای ژنەکەت و دوو ڕووپێکەش بۆ خۆت هەڵبگرە بەڵام دووبارەی نەکەیتەوە))**.

پیاوەکە بڕوای نەکردو هەڵسا. تا چووشە دەرەوە دەستی بەسنگییەوە گرتبوو. سیامەند ڕەزامەند بوو کە دەورەکەی باش بینیبوو:

**((دەبێ ڕۆژانی داهاتوو بیربکەمەوە ئەو پیاوە بکەمە پیاو و لەدەسەڵاتی ژنەکەی ڕزگاری بکەم. ئەوە بکەم یان بۆ یاری پێکردن بیهێڵمەوە؟ بەڕاست! هەر نەمزانی ناوی چییە؟))**.

چووە دەرەوەو گوێی بەدەرگای ژوورەکەیەوە نا، سەگەکەش شوێنیکەوت و لاسایی کردەوە، ژنەکە هەر ناوی نەبرد. بە نەرمی ئامۆژگاریی دەکرد، ئەو نەبوو بەڵکو یەکێکی تر بوو پێش ماوەیەك ئەو پیاوەی دارکاری کردبوو. ژنەکە بیریخستەوە کە هەر ئەو کوڕەی بینی زانی کەوا:

**((لە ئێمە ناچێ، بەقسەی بکە زەرەر ناکەی))**.

سامی دیمەنەکەو قسەکانی لاوی ڕەشپۆش پیاوەکەی بەرنەدابوو و بە ژنەکەی وت ئەوەی بە چاوی خۆی بینیبووی:

**((سەیرترین شت بوو، ئەی شێتبوونی کەرەکەم بۆ ناڵێی؟ دیارە دەستی ئەوی تێیە، ژنەکە ڕاست دەکەی زەرەر ناکەم، ئەوەتا دوو ڕوپێی پێدام بۆ بازار کردنەکەم و سێ ڕوپێ تا خواردنی بۆ بکەین، لە**

**دروٚکەشم خۆش بووو یەك ڕوپێکەی ترى دایەوە بە خۆم))**.

سیامەند زانی پیاوەکە هێشتا ماویەتی قەناعەتی تەواوەتی بکات لاوە ڕەشپۆشەکە پیاوی کەراماتە. چووەوە ژوورەکەی خۆی:

((**سەگ! ترسنۆك نەبوایە بەکەڵکی ئەم کارەمان دەهات))**.

دوای کەمێك جوحا، کە دەرفەتێکی دەستکەوتبوو خۆی لەماڵی ئاغا بدزێتەوە پێش ئەوەی بچێتەوە دەشت، لەدەرگای دەداو دەچووە ژوورەوە، هەواڵەکانی ڕۆژ پێوت:

((**گوند باسی تۆیان کردووە بەڵام نەیانناسیوی، تەنها وتوویانە غەریبێك هاتۆتە ئاوایی و لە قوتابخانەکە ماوەتەوە، پرسیاری خانووی کرێشم نەکرد چونکە دەزانم نییە))**.

سیامەند دڵنیای کردەوە:

((**منیش دەزانم، ڕەنگە شاریش خانووی کرێی تێ نەبێ، بەڵام دوو ڕۆژی تر دوو سێ پیاو دەبینی ئامادە دەبن خانووەکەی خۆیان چۆڵ بکەن. پێم بڵێ! خزمەتکاری قوتابخانەکە ناوی چییە؟))**.

باسی خزمەتکارەکە شتێکی خستەوە یادی جوحا:

((**کەری کابرام لەدەرەوە بینی زۆر سەیر دەزەڕی، دەتوت گۆرانیی خەفەت و دووربوون لە یاران دەڵێ، خۆم و ڕەزێم بیرکەوتەوە))**.

سیامەندیش چنگە ئاوەکەی بیرکەوتەوە کە فووی پیاکردبوو:

((**وەزعی گوند چۆنە، کەس کێشەی نییە؟))**.

جوحا شتێکی سەیری هەبوو:

((**سەیرە، چەند ماڵێك بۆتە ئاژاوەیان و قاڵەیان تێکەوتووە، ماڵە سوور خەریك بوو ژنەکەی تەڵاق بدات))**.

سیامەند سەری ڕاوەشاند:

((**زۆر باشە. بڵێم کێشە نییە، سبەی هەموو شتێك چاك دەبێتەوە))**.

جوحا ویستی بچێتەوە تا ئاشکرا نەبووە:

((**دەبێ بچم، کارمان زۆرە))**.

سیامەند بێ جادوو دەیزانی کاری چیی هەیە. هەڵساو تا دەرگا ڕەوانەی کرد:

((**کاری زۆری چی؟ لەکۆنەوە هەمان کارە، نەزۆر نەکەم. من لە ڕۆژانی داهاتوو کاری زۆرم بەتۆ دەبێ**)).

دوای ڕۆشتنی جوحا خزمەتکاری قوتابخانە لە دەرگای دایەوەو خواردنی هێنا. سیامەندو سەگەکەی یەکەم جارە لەماوەی ساڵو نیویێك لەسەر یەك خوان کۆببنەوە. سیامەند شەکەت بوو و هێزی لێ براببوو. پاڵکەوتەوەو چاوی نووقاند، سەگەکە لەتەنیشتی پاڵکەوتو یەك چاوی داخست، تەماشای خاوەنەکەی کرد کە لەناکاو پەی بووەوە، چاوەکەی تریشی داخست، هەردوو نوستن‌و گوندەکەیان بۆ بەیانییەکی تر جێهێشت.

8

# گەمەکانی جادووگەر

پـێش گـزنگ وریـابووەوە. سـەگەکەی ئاگـادار کـردەوە، سـەگ ڕاپەڕی‌و وەوێکی بێواتای کرد. سیامەند گورج هەستا، بینی بە جلی ئیشەوە نوستبوو:

((**سەگ! تا دونیا ڕۆشن نەبۆتەوە با دەربچین**)).

چـــووە دەرەوەی ژوورەکـــە. ســـەگەکە بەســـەری کـــزەوە شوێنیکەوت، سیامەند تەماشای کرد:

((**دەبیـنم سـاڵو نیـوێکی دەربـەدەری گیـانی دەستپێشـخەریی تـیّ نەهێشـتووی. سـەگ! دەی وەکـو جـاران بیرەکـە بکـە بـە هـی خـۆت‌و پێشمبکەوە**)).

سەگەکە ملی بۆ لای ڕاست لارکردەوە:

((**بەڵام من نازانم بەتەمای چیت**)).

خاوەنەکەی پەنجەی بۆ پێشەوە درێژکردەوە:

((**پێشبکەوە، جاران نەتدەزانی بڕیاری چیم داوە کەچی وا خۆت نیشان دەدا زانیوتەو پێشدەکەوتی**)).

سەگەکە قیت بووەوەو لوورەیەکی بەڵێی کردو پێشیکەوت.

سیامەندو سەگەکەی چوونە باکووری گوندو گەیشتنە چـەمەکە، چنگێك ئاوی هەڵگرت‌و چـەند وشـەیەکی پیـا خوێنـدو فـووی لێکـرد ئینجا دیسان بۆ ناو ئاوەکە. ئەو شـتانە لای سـەگەکە سـەیر بـوون. نویّ بوون. خاوەنەکەی دەستی ڕاوەشاند بـۆ گەڕانـەوە، کەوتنـەوە

ڕیٚو هەستی بە پرسیارەکانی سەگەکەی کرد:

**((ماوەیەکی زۆرە لەیەك دابڕاوین، شتی زۆر لە ژیانم ڕوویانداوە، هەر کاتێکیش لە مرۆڤی عاقڵ بێزار بووم داتدەنیشێنمو هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە. من لەمڕۆ بەدواوە خۆم ئاشکرا دەکەم، ئەمەیان پێدەڵێم: منم سیامەندی کۆنە شوانی شاوەیش ئاغا، چوومە ولاّتانو گەڕامو لە زانیارییەکانی هەر ولاّتێك شتێکم وەرگرت. نەخێر! هەموو زانیارییەکانم وەرگرت. هیچ ولاّتێك نەیتوانی گرێکانی ئەو نووسینەی سەر قوڕەکە بکاتەوە، بەلاّم لەکۆتایی گەشتەکەم کە گەیشتمە سنووری چینو ماچین، ئەو پیاوەی یەکەم جار هاتە خەومو پێی وتم بچم ئەو لەوحانە لە ئەشکەوتێکی ئەو چیایە دەربهێنمو شوێنەکەی پیٚ پیشان دام جارێکی تر هاتەوە خەومو نهێنییەکانی پیٚ وتم، ئیستاش بەهۆی ئەوانەوە دەتوانم دۆست بکەمە دوژمنو دوژمن بکەمە دۆست، خۆشی لەماڵ نەهێڵمو دیسانەوە خۆشیی بۆ بگەڕێنمەوە، ئەوەش بچووکترین ئیشمە. گومانیش دەخەمە دڵیانو دەڵێم: وشەکانی من بوون کە لە دوورەوە بۆ ئێرە ناردمن بوونە هۆی مردنی شاوەیس ئاغا..))**

تەماشای سەگەکەی کرد:

**((بەلاّم پێویستە پێشتر بزانم بەچی مردووە. تۆ نازانی؟)).**

بەردەوام بووەوە:

**((ئێستاش ئەو وشانەم بەو مشتە ئاوە خوێند تا ئاسوودەیی بۆ ئەو ماڵانە بگەڕێنمەوە کە وشەکانی ئەو ڕۆژە ئاگری شەڕیان تێبەردان)).**

مرۆڤەکەو ئاژەڵەکە گەڕانەوە قوتابخانەو چاوەڕێی ڕۆشنبوونەوەی دەوروبەریان کرد. خزمەتکاری قوتابخانە بەڕێزێکی زۆرەوە چووە ژوورەکەو خواردنی بۆ برد. سیامەند فەرمووی دانیشتنو خواردنی لێکرد ئەویش دانیشت بەلاّم فەرمووی خواردنی قبووڵ نەکرد:

**((نەخێر قوربان، کە تەواو بووی لە پاشماوەکەت دەخۆم، خۆت**

**موبارەکی و پاشماوەکەت موفەڕکە))**.

سیامەند بۆی ڕاست کردەوە:

**((نەخێر! ئێمە جۆرێکی ترین، ئاساییە خواردن لەگەڵمان بخوریٚ بەلاّم ئەوەی پاشماوەی خواردنەکەمان بخوات خراپی بەسەردیٚ، ڕەنگە بشمریٚ))**.

پیاوەکە لە جووڵە کەوتو نەیدەزانی باسی چی دەکریٚ. سیامەند یاریی بە مستیلە نقێمە گەورەکەی پەنچەی کردو ڕێڕەوی باسەکەی گۆڕی:

**((چی بوو. دەڵێی گوێدرێژەکەت ناڕەحەتت دەکات؟))**.

پیاوەکە جوولاّیەوە:

**((کەرێکی نانەجیبە))**.

سیامەند:

**((ڕەنگە زیاد لەتوانای خۆی ئیشی پێبکەی))**.

پیاوەکە سەری ڕاوەشاند:

**((نەخێر نەخێر! بڕوا بکە من پشووی دەدەمیٚ، هەفتەی دوو ڕۆژ))**.

سیامەند باسەکەی لا خۆش بوو:

**((دوو ڕۆژ؟! زۆرە! تۆ ئەخلاقی کەرەکەت تێکدەدەی، پیاوانی میری تەنها یەك ڕۆژیان هەیە))**.

پیاوەکە شانی ڕاتەکاند:

**((ئەوەی دەیکەم کاری میری نییە بۆیە کەر دەوێریٚ یاخی ببیٚ))**.

سیامەند خزمەتکاری قوتابخانەکەی گوڵعەنبەری بیرکەوتەوە کە هێندە لەخۆی ڕادەبینی جارێکیان بەڕێوەبەرو مامۆستاکانی بۆ ماوەی هەفتەیەك ناردەوەو خۆی وانەکانی بە قوتابییەکان وتەوە.

سیامەندو سەگەکە خواردنەکەیان تەواو کرد، چاوغافڵبوونێکی پیاوەکەش بۆ لاوەکە بەس بوو بۆی نقێمی مستیلەکەی بکاتەوەو دوو سەرەدەرزی تۆزی ناو نقێمەکە بکاتە سەر پاشماوەی

خواردنەکە.

پیاوەکــە خواردنەکــەی پێچــایەوە، ســیامەندیش جــارێکی تــر ئاگاداری کردەوە خواردنی پاشماوەکەی پڕ مەترسییە.

نیو سەعاتی تر تێپەڕیو کەس نـەهات بڵـی خانووەکـەی خۆمـت بۆ چۆڵ دەکەم:

((**سـەگ! خۆمـان بەشـتێکی تـر سـەرقاڵ بکـەین باشـترە، بچـینەوە چەمو چڵکی ساڵو نیوێکت بۆ بشۆم**)).

قوتابخانەکـە چـۆڵ بـوو. ئـەوەی سـیامەند تێـی نەدەگەیشـتو پرسیاریشـــی لـــەبارەوە نـــەکردبوو هـــۆی دروســـتکردنی ئـــەو قوتابخانەیەیە. سوڵتان ئاباد کـە سـەر ڕێگـە گشـتییەکەیەو پـەنجا هێنـدەی گوندەکـەی خۆیـەتی تـەنها یـەك قوتابخانـەی تێیـە. یـەك گوندی تر لـەو دەوروبـەرە قوتابخانـەی نـەبوو. قوتابخانـە لـە وڵات دەگمــەن بــوون، ئــیتر چــۆن ئەمــە لــەم گونــدە دروســتکرا؟ هــیچ گوندێکیش نا، چەپەکترین گوند.

دوو هەفتـە مـابوو بـۆ کردنـەوەی قوتابخانـە، ڕەنگـە ئـەو کاتـە نهێنییەکە بزانێ، تا ئەو کاتەو تا زووە خانوویەکی دەست بکـەوێو لەو شوێنە دووربکەوێتەوە.

پێکەوە لەگەڵ سـەگەکە چـوونە باشـووری گونـد، دەرفـەت بـوو لەگــەڵ شــتنی ســەگەکە جوحــا ببــینێ. جوحــا وەکــو جــاران لــە شوێنەکەی جاران ڕانەکەی دەلەوەڕاند. سیامەند گەیشـتە ئەوبـەری جوحاو ڕانەکەیو بینی خـەریکی بلوێرەکەیەتیو ئـاوازێکی ناخۆشـی کەمەرشکێنی پێ دەژیقاند. سەگەکان بۆ یەکتر وەڕین پێش ئـەوەی دوو هاوڕێکە سڵاو لەیەکتر بکەن.

سیامەند قسەی دەستپێکرد:

((**نیوەڕۆ سەرم لێدەدەی؟**)).

جوحا نەیدەتوانی:

**((دەزانی پایزەو شیر کز بووەو تەنها ئێوارە بۆ بێرە دەگەڕێینەوە ئاوایی)).**

نۆرەی هەواڵ وەرگرتن بوو:

**((ئەی چیت بیستووە؟)).**

جوحا کەمی پێبوو:

**((تا ئێستا نازانن سیامەندی شوانی، هەر دەڵێن پیاوێکی غەریبی سەیرە هاتۆتە گوند)).**

سیامەند بەدەنگی بەرز بیریکردەوە:

**((دەبێ خزمەتکاری قوتابخانە بنێرم ئەو چیرۆکانەی بینیونی و بیستوونی بدات بەگوێی ئاوایی)).**

جوحا پرسیارێکی بیرکەوتەوە:

**((سیامە! زۆر گۆڕاوی، دەتوانی چیم بۆ بکەی، بەشتی خراپیش ڕازیم بەس بگۆڕێم)).**

سیامەند ئەوەی بیرخستەوە کە بیرینەکەوتبوو:

**((ئەو ڕۆژەی بڕیارت دا جێمبهێڵی پێم وتی نەڕۆی، وتم ئارامت هەبێ، وتم کە لە بنی شیو دەرچووی خلۆر مەبەرەوە بۆی، تەماشا بکە، پاش یەك ساڵو نیو هەر جوحاکەی جارانی)).**

جوحا گلەمیاندی:

**((بەڵکو خراپتر، ئەوسا شوانی پیاوێکی زاڵم بووم، ئێستاش شوانی کەسێکی زاڵمی بێعەقڵ. دەزانی کوڕانی پیاوی زاڵم زاڵمیش دەردەچن و بێعەقلیش؟ ڕۆستەم خوا بتکوژێ)).**

سیامەند ئەمجارە نەیهێشت تێپەڕێ:

**((نەمزانی شاوەیس ئاغا بەچی مرد)).**

جوحا لەسەر بەردێکی مام ناوەندیی خڕ دانیشت، گالۆکەکەی لە خۆڵەکە خشاند:

**((وەکو زۆر کەسی تر" ئەنگاوتەیەك بوو، نەخۆشییەکی کتوپڕ**

نەیهێشت شەوڕۆژێکی بەسەر تێپەڕێ، ئەوەی جیا بوو ئەوەبوو لەو شەوڕۆژە هەموو لەشی ڕەق ببوو، ڕەنگیشی شین هەڵگەڕابوو، دەیانوت خێوێکی گونزل دەستی لێوەشاندووە)).

چۆنێتیی مەرگی ئاغا تەواو بەدڵی سیامەند بوو:

((یان جادووگەرێك فوویەکی ئاگراویی بۆ ناردبوو)).

جوحا تەماشای هاوڕێکەی کردو هیچ تێنەگەیشت. سیامەند بەردەوام بوو:

((کەواتە گەر بچمەوە ناو گوند دەڵێن ئەو ڕەشپۆشە کێیە؟)).

جوحا هەناسەی دا تا وەڵام بداتەوە، سیامەند نەیهێشت:

((من دەچمە ناو گوند، جوحا! چەند کەس دەزانێ ئێمە هاوڕێین؟)).

وەڵام:

((ئەی کێ نازانێ؟ ماینەکەی زۆرابیش دەزانێ)).

پێشنیاری سیامەند:

((کەواتە ئەو دوو ڕۆژە یەکێکی گوندم بۆ بدۆزەرەوە لە سەگەکانت گوێڕایەڵتر بێ، لە مردووان کەمدووتر بێ، ئەو کەسەم بۆ بدۆزەرەوە پارەی دەدەمێو دەیکەمە خێوێکی تری خۆم. بڵێم خێوێکی خۆم، تۆش دەستەڕاستی خۆم، سەگەکەشم دەستەچەپ)).

شوانەکە هەر تێنەگەیشت، سیامەند دووبارەی کردەوە:

((یەکێکی وام بۆ بدۆزەرەوەو دوایی پێت دەڵێم بۆ چیمە)).

جوحا کەسێکی هەبوو:

((خزمەتکاری قوتابخانەکە)).

سیامەند بەدڵی نەبوو:

((ئەوەی تا ئێستا نازانم ناوی چییە؟ ناوەکەیم پێمەڵێ، کەسێك بەکەڵکم نایەت ژنەکەی لێی بدات، ئەوە دەکەمە خێوێك بەخۆڕایی. خواحافیز)).

هەڵساو ڕۆشتو دوورکەوتەوە، جوحا هاواری بۆ کرد:

((**ئەی خانووەکە؟**)).

سیامەند ئاوڕی نەدایەوە:

((**هەر ئەم نیوەڕۆیە دەستمدەکەویٚ، ئەویش ئەگەر خزمەتکاری قوتابخانەکە قسەی لەگەڵ خەڵك کردبیٚو باسی دینارەکانی کردبیٚ**)).

جوحای تەقەی سەری دەهات:

((**سیامەند شێت بووە، خێوی گونزل دەستی لەو وەشاندووە**)).

سیامەند ئەوەندە لە گوندەکە نزیککەوت جوان ببینریٚ. لای چەمەکە وەستا، جلەکانی هەڵکردو گوێچکەی سەگەکەی گرتو بۆ ناو ئاوە کەمەکە کێشی کرد. دوو پەنجەی تەڕ کردنو تنۆکی ئاوی بەسەر سەگەکە تکاند:

((**میللەتان بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە، هەر یەکێك بەجۆرێك لەگەڵ ئاو مامەڵە دەکات، ئێستا من دەمەویٚ چڵکی مووی پێستت دەربکەم بەلاّم بەجۆرێك گوند لەژیانیان نەیدیبیٚ. با دەست پێبکەین**)).

سەگەکە بەهێمنی وەڕی:

((**با دەست پێبکەین**)).

دوو مشت پڕی ئاوی هەڵگرتو کەم کەم بەسەری ڕشتنی، سەرەتا بەسەر تەپڵی سەری پاشان ملی ئینجا پشتی تا گەیشتە کلکە پانەکەی، دوایی دەستی تەڕی بەسەر ئەو شوێنانە برد، سەگەکە حەزی لە ئاوەکە نەبوو: ((وڕڕڕڕ))، بەلاّم ددانی بەخۆی گرت تا بزانیٚ ئەو یارییە بەچی دەگات.

خاوەنەکەی دوو جار نیو چنگ ئاوی بەسەر ڕشت ئینجا وەکو یەکەم جار بە دوو لەپی دەستی چنگێکی گەورەی ئاوی کرد بەسەر سەگەکە:

((وڕڕڕڕ)).

دەستی چەپی کە تەڕایی تیٚ مابوو بەسەری تکاند، ئینجا دەستی ڕاستی، لای چەپ سکی شت ئینجا لای ڕاستی. پاش چەند

جووڵەیەکی وا هەستی کرد ئەوەندە بەسە:

((**تۆ پاکبوویتەوەو من جووڵەی ترم نەما مەگەر ئەوانەی پێشوو دووبارە بکەمەوە**)).

سەگەکە خۆی ڕاتەکاند:

((**دووبارەیان مەکەرەوە**)).

سیامەند بەقسەی کردو سەگەکەی بردە دەرەوەی ئاوەکە. سەگەکە خۆی ڕاتەکاندەوە، دوو جار پژمیو شوێنیکەوت. لەناو گوندەکە چەند کەسێك دیار بوونو ئەو جووڵانەیان بینیبوو. بەرەو ڕۆژئاوای گوندەکە لەوبەری خانووەکان ڕۆشت. خزمەتکارەکەی لەبەردەم دەرگای قوتابخانە بینی، پیاوەکە پەشۆکاو نەبوو و بێباك دارجگەرەکەی دەکێشا، بێباکتریش قسەی دەستپێکرد:

((**ڕاستت کرد. نەدەبوایە**)).

سەگەکە پێش خاوەنەکەی کەوتە قسە:

((**چی؟!**)).

بەڵام سیامەند زانیبووی:

((**ژنەکەت پاشماوەی خواردنەکەی خوارد؟**)).

خەفەت بەڕووی پیاوەکەوە دیار نەبوو، ژنی ئەو نەبوو لەجێگە کەوتبوو:

((**بەڵێ لێی خوارد، چەندم پێوت..**)).

دووکەڵی دارجگەرەکەی فڕێدا. سیامەند ویستی کاری ئەو دەرمانە لەسەر ژنەکە بزانێ:

((**ئەی ئێستا باشە؟**)).

پیاوەکە باش بوو، تا ماوەیەکی تر لێدان ناخوات:

((**لەجێگەیە. ناردمەماڵێکی ئاوایی، من کەسم لێرە نییە، کەسیشم لە هەنجیرەش نییە**)).

کەواتە وەکو خۆیو جوحا بێکەس بوو. با ئەوە بۆ دوایی بێ،

ئەوەی ئێستا گرنگ بوو ئەوەیە ئەمڕۆ:

**((کێت لەخەڵکی گوند بینی؟ هیچت بۆ باسکردن؟))**.

ئەو باسە بەدڵی پیاوەکە بوو. سەری لەقاند:

**((بەڵێ، کێم بینی بۆم باسکرد، لەو سەعاتەوەی ناردمت بۆ شارو پێنج ڕوپێکەت دامیو پێنجەکەی تر بۆ خواردنو لەو دوو ڕوپێیە خۆش بووی کە شاردمنەوە. لەو سەعاتەوە تا ئەم بەیانییە))**.

سیامەند پێکەنیو وتی کاتێتی نیشانەیەکی تری تواناکەی پیشان بدات:

**((یان بڵێ کە دوو ڕوپێکەم دایتێ هەقی چوونەکە، سێ ڕوپێش بۆ خواردن، لەو یەکە خۆش بووم کە شاردبووتەوە، ئەی هەر وات بە ژنەکەت نەوت؟))**.

دەستبەجێ گومان لەدڵی پیاوەکە نەماو ئیمانی تێ دامەزراو تەوبەی کرد:

**((ڕاستە. ڕاستە. بەڕاستی پیاوی کەراماتی))**.

سیامەند جارێکیتر پێکەنی:

**((پیاوی کەرامات دەستی چەپ بەکارناهێنێ، لەدەستی چەپیشەوە دەستی پێناکات. نەریتی ئایینی داوا دەکات مرۆڤ بە دەستی چەپ دەست پێبکات))**.

قسەکە لەسەرووی توانای تێگەیشتنی پیاوەکە بوو، سیامەندیش بەردەوام بوو تا ئەو تۆزقاڵە گومانەی ناو دڵی پیاوەکە نەهێڵێ:

**((دەچمە ژوورەکەمو چاو دەنووقێنمو تەماشا دەکەم ژنەکەت سوور بوو پاشماوەکە بخوات یان تۆ خواردنەکەت دایە، دەتوانم هەر لێرە چاو بنووقێنم بەڵام پەلەم نییە))**.

پیاوەکە زیاتر پەشۆکا، دەمی کردەوەو شوێنی هەموو ددانە کەوتووەکانی دەرکەوتن، ئینجا وریا بووەوە:

**((نایەوێ. نایەوێ. ڕاستت پێ دەڵێم، من دامێ، ویستم تاقیبکەمەوە، وتم ئەگەر ڕاست بێ زەرە ناکەم، ژنەکەم دەڕواتو خۆمو**

**کەرەکەم نانەکە بەش دەکەین))**.

سیامەند ئامانجەکەی پێکا، ئامۆژگارییەکیش ئێستا بۆ ڕای خـوا خراپ نەبوو:

((**ژنەکەت بمێنێتەوە باشترە**)).

بۆ هەردووکیشیان:

((**کەستان کەسی گونجاوی خۆی دەستناکەوێ**)).

بیرخستنەوەیەکیش:

((**پـارەت بـۆ خـواردنی خـۆم وەرگرتـووە، بـە ئـافرەتێکی تـر بڵـێ بیکات**)).

چووە ناو حەوشەی قوتابخانە، سەگەکە شوێنیکەوتو ئاوڕی بـۆ خزمەتکارەکە دایەوەو وەوی کرد:

((**بەڵێ لەبیرت نەچێ**)).

سـەعاتێکی نـەبرد گومـانی سـیامەند بـووە ڕاسـتو دوو کـەس چـوونە لای، بینـینی سـیامەند بـە پۆشـاکی ڕەشـەوەو ژوورەکـەو ڕاخەرە سوورو ڕەش تێکەڵاوەکان سامی خستە دڵیان:

((**یەکی خانوویەکمان هەیە، کامیانت دەوێ بۆت چۆڵ دەکەین**)).

سیامەند دوانەکەی ناسییەوە:

((**دەڵێی نامناسنەوە**)).

سەگەکە گوێچکەی قیت کردو سەری لارکردەوە:

((**نایناسنەوە؟ ئەوە سەم سەمە**)).

دوو پیاوەکە زیاتر سەرسام بوون:

((**سیامەندی؟ سیامەندی شوان؟ سەگە خوێڕیمان ناسییەوە ئێستا پاك بۆتەوە بەڵام تۆ زۆرتر گۆڕاوی**)).

سەگەکە مڕەی کردو ددانەکانی دەرخست، سـیامەند دوو چـاوی نووقاند:

((**سەگەکەی منتان بەرەڵاکرد ئینجا پێی دەڵێن خوێڕی، زوو بڵێن چەند داوا دەکەن**)).

یەکێکیان قۆڵی لێ هەڵماڵی:

**((وتیان پیاوە غەریبەکە کە تۆی پیاوێکی دەوڵەمەندە)).**

سیامەند چاوی کردەوە:

**((بەڵێ دەوڵەمەندم بەڵام ئەگەر داوای نرخی زۆر بکەن هەمان نرخ بە کەسانی تر دەدەم، ڕەنگە زیاتریش)).**

ئەوەی تر هەستی کرد مامەڵەکە لەدەستی ئەو دەردەچێ، خانووەکەشی نەگونجاو بوو، پێشنیارەکەشی خراپ نەبوو:

**((کەس لە گوند باسی کرێ ناکات، بۆچی خانوویەك دروست ناکەی؟)).**

ڕاستە خراپ نەبوو بەڵام کۆن بوو:

**((هەر دەبێ دروستی بکەم بەڵام جارێ شوێنێکم دەوێ)).**

ئینجا پێشنیارێکی لاوازی هەمان پیاو:

**((تا ئەو کاتە ژوورێك بەس نییە؟)).**

وەڵامەکە بەهێز بوو:

**((نەخێر! کارەکەم بە ژوورێك ناڕوات)).**

دوانەکە مەبەستیان بوو مامەڵەکە تەواو بێ پاشان پرسیاری لێبکەن کاری ئێستای چییەو چیی بەسەر هاتبوو و بۆ کوێ خۆی ون کردبوو تا بزانن ئەوەی ئەوسا لە جوحایان بیستبوو ڕاستە یان جوحا پێوەی ناوە. مامەڵەکە بەسەرکەوتنی پیاوی یەکەم تەواو بوو و گەڕانەوەی پیاوی دووەم بەدەستی بەتاڵ. پیاوە دۆڕاوەکە ویستی دوایەمین گورز بوەشێنێ:

**((لەخۆشیی گەڕانەوەت هەموو کەلوپەلەکەت بۆ دەگوێزمە ماڵە تازەکەت، دروستکردنی خانووەکەی خۆتم پێ بسپێرە بەیەك مانگ بۆت دەکەمە سەرا)).**

عەرزەکە مەعقوولیش بێ پیاوەکەی تر ئامادەیە بۆی هەڵوەشێنێتەوە:

**((بەم کاتە؟ بارانێك بباری ئیشەکە دەوەستێ، ئەوە ئەگەر**

**خانووەکە نەرمیّ))**.

پیاوەکەی تر:

((**باران بەم کاتە؟ مەگەر تۆ میزی پیا بکەی**)).

دوو پیاوەکە ڕۆیشتن بیّ گەیشتنە ئەنجامێك لەمەڕ دروستکردنی خانووەکـە، لەگـەڵ ڕۆشتنیشـیان لایـەکی گوندەکـە لەبـەردەمی سـیامەند ڕۆشـن بـووەوە، گوندەکـە پـاش مردنـی شـاوەیس ئاغـا نـاکۆکیی تـیّ کـەوتووە، سـەرەتا نێـوان دوو کـوڕی ئاغـا، ئـەوەیان جوحا پێی وتبوو، پاشان نێوان باقیی خەڵکەکـە، ئەوەشـیان خـۆی بۆی دەرکەوت:

((**شاوەیس ئاغا بە زەبری کوتەك یەکڕیزیی پاراستبوو بەڵام ئەگەر زیندووبوایەتـــەوە دەیزانـــی یەکڕیزییـــەکی درۆیینـــەو بێبناغەیـــە. شاوەیس ئاغا خۆی سەرچاوەی ناکۆکییەکان بوو. ناکۆکی تۆوی ئەو بوو، بەڵام بەدبەختێ دوو کوڕەکەی شاوەیس ئاغا، لەسەر پردی ئەو ناکۆکییە دەڕۆم. سەگ! تۆ دەڵێی چی؟**)).

سـەگەکە سـەری لارکـردەوەو تەماشـای کـرد، دەیویسـت زیـاتر مێشکی بخوێنێتەوە، هیچی هەڵنەکڕاند، سیامەند بەردەوام بوو:

((**چۆن بتکەمـە دەسـتە ڕاسـتی خـۆم؟ یـان نـەخێر، وەك بـە جوحـام وت، جوحا دەستەڕاستی خۆم بیّو تۆ دەستەچەپ**)).

سەگەکە قیت بووەو کلکەکەی خێرا خێرا هەڵدەبەزییەوە:

((**ئەی بۆچی وەستاوی؟**)).

سیامەند فیکرەکەی بەدڵ بوو:

((**بـەڵام جـاریّ بچـۆ خزمـەتکاری قوتابخانەکـەم بـۆ بـانگ بکـە. بەڕاست! تۆش نەتزانیوە ناوی چییە؟**)).

9

## جادووگەرو گوندەکەی

جادووگەرەکە خۆی لەخانووی نوێی کرێ بینییەوە، لەهەمان کاتیش خانووەکەی خۆی دروست دەکرا. لاوەکە لەڕۆژانی پێشتر زیاتر لەناو گوند باس دەکرا. ئێستا ئاوایی زیاتر لەبارەیەوە دەیزانی، ئەو ڕەشپۆشە غەریبە نەبوو کە دوو کوڕەکەی شاوەیس ئاغا لەبەر ناکۆکیی خۆیان بەلایانەوە گرنگ نەبوو بزانن کێیە. ئێستا گوند دەیزانی ئەو پیاوە غەریبە لاوێکی دەوڵەمەندی بەتوانای گوندی خۆیانە، کۆنە شوانی شاوەیس ئاغا بوو کە ڕۆژێکیان لەپڕ لەگەڵ جوحا، شوانەکەی تری ئاغا، دیار نەماو دوایی تەنها جوحا گەڕایەوەو چیرۆکێکی هەبوو بیگێڕێتەوە: پێکەوە چەند شوێنێکیان کرد تا لە گوڵعەنبەر گیرسانەوە، جوحا بۆی گێڕابوونەوە کە لەیەکەم ڕۆژەوە دیار بوو سیامەند بەدوای کارێکی باشتر لە شوانی نەدەگەڕا بەڵکو شوێنی شتێکی سەیر کەوتبوو، جاروباریش قسەی سەیری دەکردو شتی سەیرتری لەژێر ڕووناکیی مانگ دەکرد. لەپڕ دەردەکەوتو لەپڕ دیار نەدەما، چەند جارێکیش لەو شوێن باڵندەیەکی گەورە دەردەکەوت، لەکۆتاییش شەوێك وتی دەڕۆمو ڕۆشتو نەگەڕایەوە، لەو کاتەشەوە باڵندە گەورەکە دەرنەکەوتەوە.

خەڵکی گوند ئەو قسانەی جوحایان لەیادچوو بوو، بەڵام دەرکەوتنەوەی سیامەند ئەو چیرۆکەی بیرخستنەوە. چیرۆکی ئەو

سێ گۆڕەشیان کەوتەوە یاد کە پێشتر بەدەگمەن دەیانگێڕایەوە" ئەو پیاوەی سەدان ساڵ لەمەوبەر ویستبووی ببێتە جادووگەرو پرسی بە شەیتان کردبوو، ئەویش پێی وتبوو سێ کەس لەسەر تەپۆلکەی گردی کافران سەرببڕێو هەر لەوێ بیاننێژێ، هەموو ڕۆژێك تا چل ڕۆژ سێ کڵاوکوڕە بەسەر ئەو سێ گۆڕە سەرببڕێ ئیتر دەبێتە جادووگەر. پیاوەکە ئەوەی کردو شەیتان خستییە سەر پشتیو بردییە وڵاتێکی دوور، دایە دەستی گەورەی جادووگەرانو لێوەی فێری جادوو بوو و گەڕایەوە ئاوایی. دە ساڵیش شتی سەیری دەکرد تا ڕۆژێکیان لەپڕ دیار نەما. لەو کاتەوە جاروبار خەڵکی ئاوایی خێوێکیان دەبینی، تومەز ئەوە خێوی جادووگەرەکەیە کە سەدان ساڵە مردووە. ئەوە چیرۆکە کۆنەکە بوو، دەرکەوتنی سیامەندیش زیادەیەکی لێ کەوتەوە: سیامەند ئەو کاتەی شوان بوو بەدزیی ئاواییەوە ڕۆژی سێ کڵاوکوڕەی سەردەبڕی، هەر یەك لەسەر گۆڕێك. چل ڕۆژەکە تەواو بوونو شەو خێوی ئەو جادووگەرە لە گۆڕە نادیارەکەیەوە هاتە دەرەوەو سیامەندی فێر کرد چی بکاتو ڕوو بکاتە کوێ تا ئەویش ببێتە جادووگەر.

خەڵك ئەوەیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، ئەوەی جوحاشیان دەخستەوە یادی یەکتر بەڵام وەکو نەریتی کۆنی مرۆڤ ئەو چیرۆکانە دە هێندەی قەبارەی خۆیان وەرگرتو چەند چیرۆکێکی تریان پێوەلکا" باسی سیامەندیان دەکرد کە لەرێگەی بۆ هیندستان گەنجینەکەی حەزرەتی سلێمانی لە ئێران دۆزییەوە، سیامەند چل شەو بە میزی خۆی دەموچاوی خۆی دەشت تا شەوی چلویەك جنوکەیەکی سەرتاپا مۆر هاتە بەردەمیو خۆی کردە خزمەتکاریو پێی وت حەزی لەچییە پێی دەدات، ئەویش داوای گەنجینەی

حــەزرەتی ســلێمانی کــرد، بــەڵام جنۆکــە مۆرەکــە وتــی تــەنها گەورەکـەیان، کـە جنۆکەیـەکی ڕەشـی قەترانییـە، دەتـوانێ ئـەوە بکات. جنۆکەی مۆر دەستی سیامەند گـرتو سـێ وشـەی فێـر کـرد بەهۆیانەوە بتوانێ بچێتە بـەردەم جنۆکـەی ڕەش بێئـەوەی زیـانی پێبگات.

سیامەند سێ وشەکەی وت، سەرۆکی جنۆکـەکانیش لێـی پرسـی بۆچی هاتۆتە ئەو شوێنەی یەك مرۆڤ نـەیزانیوەو نـەیوێراوە تـوخنی بکـەوێ، سـیامەندیش داوای گەنجینــەی حــەزرەتی سـلێمانی کـرد، جنۆکەکەش وتی گەنجینەکە لەژێر عەرشی شای جنۆکەکانەو تـەنها ئەو بۆی دەکرێ بیگەیەنێتە شوێنی ئەو شـای جنۆکانـە. جنۆکەکـە پێشیکەوتو سێ وشەی فێرکرد تا گەیشتە بەردەم شـای جنۆکـان، ئـەویش هــەمان پرسـیاری لێکـردو سـیامەند بێئـەوەی لێـی بترسـێ هــەمان وەڵامــی دایــەوە، شــای جنۆکــانیش وتــی گەنجینەکــە لــەژێر عەرشــە زێڕینەکــەی ژێــرێتی، ئــەو دەتوانــێ دەریبهێنــێ کاتێــك بــۆ نوســـتن دەچـــێ، مـــاوەی نوستنیشـــی پـــەنجا هەناســـەیە ئـــیتر دەگەڕێتەوە، ئەگەر تا ئەو کاتـە گەنجینەکـەی دەرنـەهێنا دەیکاتـە خۆراکی ئەو ئەژدیهایەی پاسەوانی گەنجینەکەیە.

ســیامەند چــاوەڕێی شــای جنۆکــانی کــرد تــا بچــێ بــۆ خــەو، کاتێکیش ڕۆشت یەکەم شت کردی عەرشەکەی لابـرد، ئینجـا سـەکۆ زێڕەکـەی ژێـری لابـردو کـونێکی بـینی. خـۆی کـردە نـاو کونەکـەو گەنجینەکەی بینی. سێ وشەی وت کە جنۆکەی ڕەش فێری کردبوو تا ئەژدیهاکە بخاتە خەو. تـا ئـەو کاتـەش بیسـت هەناسـەی مـابوو. لەماوەی نۆزدە هەناسەش ئەژدیهاکەی کوشتو تەنها یەك هەناسەی مـابوو شـای جنۆکـان دێتـەوەو دەیکـوژێ. لـەو کاتـە کچـی شـای جنۆکـان سـەری کـرد بـە کونەکـەداو هـاواری بـۆ سـیامەند کـرد

هەناسەکەی بگرێ تا گەنجینەکە دەربکات، سیامەند بەقسەی کردو هەناسەکەی بەرەڵا نەکرد، هەوا لە سییەکانی بۆ ماوەی هەزار هەناسە پەنگی خوارد ئینجا گەنجینەکەی بۆ دەرکرا. کە گەیشتە سەرەوەش لەهۆش خۆی کەوتو نەیزانی چەندی پێچوو تا شای جنۆکان خەبەری کردەوەو پێی وت گەنجینەکە حەڵاڵێتی، وتیشی ئەگەر حەز دەکات کچەکەشی دەداتێ، بەڵام سیامەند داوای دوو جنۆکەی کرد خزمەتی بکەن، ئێستاش ئەو پارەیەی سەرفی دەکات لەو گەنجینەیەیە، دوو جنۆکەکەش هەواڵی هەموو شتێكو کەسێکی بۆ دەهێنن، هەر ئەوانیش بوون ئەو شتانەیان بە سیامەند وت کە تەنها خزمەتکاری قوتابخانەکە دەیزانین، هەر ئەوانیشن دەست دەخەنە بینی ئەو کەسەی لەپاشماوەی خواردنەکەی بخوات چونکە ئەوە بەشی خۆیانە.

سەرەڕای ئەو شکۆمەندییەی چیرۆکەکە بە سیامەندی دەبەخشێ، ئەو چیرۆکە بێتاقەتی کرد، ئەو دەیویست بەرسەهاتەکانیو تواناکانی بەشێوەیەکی جیاواز بگێڕێتەوە، لەبەر ئەوەش کە خزمەتکاری قوتابخانەکە هەواڵی ئەوەی بۆ هێنابوو کە ئاوایی ئەو شتانە دەگێڕێتەوە گومانی بۆ جوحا چوو ئەو چیرۆکانەی هەڵبەستبێ. جوحا خەریکە دەبێتە حیکایەتخوانێك لەو جۆرەی سیامەند بیری لێدەکردەوە پاش ئەوەی لەوحەکانی دۆزییەوە.

بە خزمەتکارەکەی وت جوحای بۆ بانگ بکات، جوحا چووە لای سیامەند کە چوار مشقی" قاچی ڕاست لەسەر ڕانی چەپ دانیشتبوو. پۆشاکە ڕەشەکەی لەناو بەرە سوورو ڕەشە تێکەڵاوەکانی سەر زەویو سەر دیوارەکانو لەگەڵ سەرینەکانی هەمان ڕەنگ گونجاو بوو. سەگەکە لای چەپ دانیشتبوو و

کەوایەکی سووری لەبەر بوو. جوحا وەکو سەگەکە کەوایەکی سووری کردبووە بەر، پشتێنێکی سوور، شەرواڵو کراسێکی ڕەش. سیامەند بە بابەتی پۆشاکی نوێ دەستی پێکرد:

((**جوحا! جلەکانت چۆنن؟**)).

جوحا دەستی لە کەواکەی بەری دا:

(( **لە ژیانما نەلەبەرم کردووەو نەبینیومەو نەبیستوومە، ئاوایی لەژیانیا ئەوەی نەدیوە**)).

دارێکی سوورو ڕەشی تێکەڵاوی گرتبووە دەست، دارەکەی بە زەویی ژوورەکە کێشا:

((**لە گاڵۆکی شوان سامی زۆرترە. چی؟! گاڵۆکی شوان؟! تەپاڵە تەپاڵە**)).

ئامۆژگاری مابوون سەبارەت بەو پۆشاکە نوێیە. ئاغا پەنجەی ڕاوەشاند:

((**ئاگادار بە، قسەو ڕەفتارو جووڵەی کۆنت لەگەڵ ئەم جلوبەرگە ناگونجێن، دەبێ خۆت قورس ڕابگری دەنا بەو جلەوە خۆت دەکەیتە مەسخەرەو ناچار دەبم دەرت بکەم، لە ڕۆژانی داهاتووش هەندێ شتت فێردەکەم خەڵك سڵت لێبکەنەوە**)).

جوحا ویستی بڕوات، بەڵام سیامەند پەنجەی بۆ ڕاوەشاندەوە:

((**مەڕۆ! هێشتا ماومە. دانیشە**)).

جوحا دانیشت:

((**دەرسێکی ترە قوربان؟**)).

سیامەند:

((**نەخێر، گوێ بادانە، تۆیت ئەو چیرۆکە سەیرانەت لەبارەی خۆمو سەفەرەکەمەوە لەناو گوند بڵاوکردۆتەوە؟**)).

جوحا ڕاست بووەوە:

((**من نازانم چیت بیستووە، من شتێکم گێڕاوەتەوە، بەڵام دەچمە هەر شوێنێك بەجۆرێك دەیبیستمەوە**)).

سیامەند نەیزانی چی بڵێ:

**((بەهەرحاڵ کارێکی خراپت کردووە، دەبێ بیربکەمەوە چۆن ڕاستی بکەمەوە، جارێکی تر لەخۆتەوە باسی هیچ مەکە)).**

جوحا داوای لێبوردنی کرد:

**((من بەباشم زانی، ئەگەر حەز دەکەی پێیان دەڵێم ئەوە هەمووی درۆ بوو، نا. نەخێر دەڵێم هەمووی خەو بوو)).**

جوحا زۆری مابوو فێر بێ:

**((ئەگەر ئەوە بڵێی منداڵان کەواکەت ڕادەکێشن و منیش لەگەڵ تۆ دەبمە مەسخەرە)).**

ئەوەی لەمێشکی سیامەند بوو شتێکی جیاواز بوو، لاوێک شاران و وڵاتان دەگەڕێ و حەکیمان و جادووگەران دەبینێ، زمانە کۆنەکان فێردەبێ و گرێی نووسینە ئاڵۆزەکان دەکاتەوە و توانایەکی نائاسایی دەبێ، تەنها دەست جووڵاندن و چەند وشەیەکی زمانی بەسە بۆ ئەوەی ئەو کارانە بکات کە خەڵك بە هێزی بازوو دەیکەن، ئەو شتانەش دەکات کە بەوەش بۆیان ناکرێ، بەڵام باسی جنۆکەی مۆرو ڕەش و شای جنۆکان و کچەکەی چاوەڕوانکراو نەبوون و لەقسەی منداڵان دەچوون، دەبێ وێنەکە ڕاستبکرێتەوە، یان بەلای کەمەوە چیرۆکێکی نوێ بۆ چیرۆکە باوە ناماقووڵەکە زیاد بکرێ.

جوحا خەبەری کردەوە:

**((ئەو چیرۆکەی هەڵمبەستووە و ئەو توانایەی کە گوندی سەرسام کردووە هی ئەوە نین لەم گوندە بچووکە چەپەکە بەخەساریان بدەی، بۆچی نەچینە شار؟)).**

نۆرەی سەرزەنشتکردنە:

**((ئەگەر ئارامت هەبێ تا وردەوردە شتم لێوە فێربێ و ئەگەر ئەوەندە عەقڵت هەبێ لە شتەکان تێبگەی وەڵامی ئەمەت دەستدەکەوێ)).**

ئەو ماوەیەی سیامەند لەسەفەر بردییە سەر ئەوەی فێرکرد

کارەکانی پلەبەپلە ئەنجام بدات، ئەگەر یەکسەر بچێتە ناو شاری سوڵتان ئاباد ڕەنگە نەیاری زۆرتری بۆ پەیدابن، لەوە گرنگترش ئەوە بوو دەیویست بەرامبەر شاوەیس ئاغا بوەستێتەوە، ئەگەر دەریشینەپەڕێنێ بەلای کەمەوە دەسەڵاتی کەمبکاتەوە، ئەوەش کەمترین تۆڵەیە لێیبکاتەوە، لەهەمان کاتیش دەسەڵاتی گونجاو دەستگیر دەکات، ناوبانگەکە بەشەو و ڕۆژێك لەگوندە دەستیدەکەوێ، شتێکی خۆشتریش ئەو وێنەیەیە کە دێتە بەرچاوی خەڵکی شاری سوڵتان ئاباد: جادووگەرێك لەو گوندە چەپەکە هەیە، جادووگەرێکی ناو گوندێکی دوورەدەست، ئەو دوورییەی کەوتۆتە ناو تەمو هەڵم هەیبەتو سامێکی زۆرترە لەچاو ئەوەی جادووگەرەکە لەبەردەستو لەبەرچاوی شارەکە بێ. دانیشتوانی شارو ڕێبواران تەماشای لای ڕۆژهەڵات دەکەن“ لەوبەرەوە، لەڕووی ڕۆژهەڵات زنجیرە کێوەکەیەو بەردەمەکەی بەرزاییو نزماییە، ئەولاتر دەربەندی (باستەڕە)یە، چەمەکە شاخەکەی دڕیوەو دەربەندەکە ڕەشو تاریك دیارە، بەدرێژایی هەمان کەژ بۆ لای خۆیان شوێنی گوندەکەیە لەناو تەمو دووری ون بووە. خەڵکی سوڵتان ئاباد بەتایبەت مل قوتدەکەنەوەو سەیری ئەو ئاسۆیە دوورە دەکەنو دەڵێن:

((**ئا لەو ئاستە گوندی شامار هەیە کە جادووگەرێکی بەسامو بەتوانای لێیە**)).

سیامەند خۆی کە لەناو گوند دادەنیشێ دەشتەکەی لێوە دیارەو لە ڕۆژئاوای شاری سوڵتان ئاباد جوان دەبینێ هەست دەکات ئاغای دەشتو بەرزاییو نشێو و زنجیرە چیاکەیە.

جوحا بەردەوام نەخشەکانی تێکدەدا:

((**یان بچینە شاری گەورە. ئەوێ باشترە**)).

دەبوایە بیریبخستایەوە:

((**جاریٚ زۆرت ماوە، جاریٚ بستێکی ڕێگەکەت نەبڕیوە، من ناچمە شوێنێك تێی سەد شەڕ بکەم تا سەروەریم دەستبکەویٚ**)).

جوحا کێشەیەکی تری بۆ دروست کردووە، ئێستا لەناو گوند باوە کە گەنجینەی حەزرەتی سلێمانی لەبەردەستەو ڕەنگە ئەمە ژیانی بخاتە مەترسییەوە، بەلاّم لەوانەشە باسی دوو جنۆکەکەی هاوڕێی ترس بخاتە دلّی گوند بۆیە پێویستە پەلە نەکات لە بەدرۆخستنەوەی چیرۆکەکەی جوحا، لەهەموو حالّەتێکیش با گەنجینەکە تەنها گومانێك بیٚ، باشترە چەند کەسێك بانگ بکاتو بێئەوەی هەست بکەن ئەوەیان پیشان بدات کە مالّەکەی هیچ پارچە زێرێکی تیٚ نەبوو، لەهەمان کاتیش دەرفەت دەبیٚ بۆ نمایشکردنی هەندیٚ لە تواناکانی.

جوحا چوو بۆ بانگکردنی کەسە هەلّبژێردراوەکان. چوار پیاوەکە گەیشتنە مالّەکەو جوحا پێی وتن لەدەرەوەی ژوورەکە بوەستن تا مۆلّەتی چوونە ژوورەوەیان بۆ وەربگریٚ. جوحا نەیدەتوانی واز لە چیرۆکە هەلّبەستراوەکە بێنیٚ:

((**دەبیٚ پێشتر بزانم ئامادەیە، لەوانەیە ئێستا لەگەلّ دوو جنۆکە خزمەتکارەکەی قسە بکات**)).

جوحا ماوەیەکی پێچوو پێش ئەوەی دەربکەوێتەوە:

((**فەرموون چاوەڕێتانە**)).

چوار پیاوەکە چونە ژوورەوە. سیامەندیان بینی بەچوار مشقی دانیشتووە، قاچی ڕاستی لەسەر ڕانی چەپی، جادووگەرەکە بەپۆشاکە ڕەشەکەیەوە سامی خستە دلّیان، جادووگەرەکە لەبەریان هەلّنەسا:

((**فەرموون دانیشن**)).

پیاوەکان بەدەم تەماشاکردنی جادووگەرەکەوە بە دەست بۆ

زەویی گەڕانو لەسەری دانیشتن. سیامەند نەیویست کات بکوژێو یەکسەر نیشتە سەر مەبەستەکەی، سندووقێك لەپشتەوە دانرابوو، هەڵیگرت بۆ بەردەمی خۆی. سندووقەکەی کردەوەو شتەکانی ناوەوەی بەتاڵ کردەوە، شتەکانی خستە بەردەمی خۆی تا چوار پیاوەکە بیانبینن:

((**حەزتان لە بیستنی بەرسەهات هەیە؟**)).

بەڵێ پیاوەکان حەزیان لە بیستن بوو بەڵام زیاتر حەزیان لە بینین بوو" بینینی خەزنەکانی حەزرەتی سلێمان. ئەو شتانەی لەبەردەمی جادووگەرەکە دانرابوون تێگەیشتنیان دەویست، هیچیان شتی ئاسایی نەبوون، بەڵام هیچیشیان ئەو زێرو زیو و ئەڵماسو یاقووتە نەبوون کە چاوەڕێیان دەکرد لەبەردەمیان بدرەوشێنەوە.

سیامەند دەستی کرد بە گێڕانەوەی گەشتەکەی بە ئێرانو خوراسانو هیندستانو توورانو چینو ماچین کرد، ئەوەی حەزی لێبوو باسی کرد ئینجا نۆرەی باسکردنی ناواخنی سندووقەکە:

((**توانایی من لە بەگەڕخستنی ئەو شتانەیە کە دەیانبینن، ئەم شتانە لەدەستی هەر کەسێك بن ناچار دەبێ فڕێیان بدا چونکە بەکەڵکی ئەو نایەن، بەڵام ئەمە بۆ من سامانێکی گەورەیە تەنانەت ئەگەر ونیش بن تواناکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە چونکە دەتوانم شتی تر بهێنمو بەکاریان بێنم، شتی ئاسایی لەدەستی من دەبێتە یەکێك لە عاجبایەتییەکان، لەگەڵ ئەوەش ئەو شتانە ئاسایی نین دەنا دەمتوانی چەند چلکەیەك یان چەند دەنکە گەنمێك یان پێستی گایەك هەڵبگرم، تەماشای ئەمە بکەن**)).

لە کیسەیەکی بچووکی قوماش لەوحە قوڕە نووسراوەکانی دەرهێنا:

((**ئەمە قوڕە بەڵام وەکو هەموو قوڕێك نییە، وەکو بەرد**

**کوتراوەتــەوەو شــتی لەســەر نووســراوە، ئێســتا تــەنها یــەکێکیان دەخوێنمەوە))**.

دانەیــەکیان نیــوەی لــەپی دەســتی بــوو بەهــەردوو دەســتی هەڵیگرتو دەستی کرد بە خوێندنەوەی:

**((شـــەکوان، پـــەکوان، لـــەهووب، تەهتـــەهووب، دەردائیـــل، کەشکەشعەلیووش....))**.

وشە سەیرەکانو ئاوازی دەنگی جادووگەرەکە چوار پیاوەکەی سەرسام کرد، چاویان ئەبڵەق بوو و مووی پێستیان ڕەق ڕاوەستا، جادووگەرەکە لەوحەکەی خستەوە ناو کیسەکە، پیاوێك وێرای پرسیار بکات:

**((ئەمەت لە چ وڵاتێك هێناوە؟ بۆچی باشە؟))**.

ئەوەش بوو کە سیامەند دەیویست:

**((ئەم خشتانەم لە دوا شوێنی گەشتەکەم لە وڵاتی چینو ماچین دۆزییـــەوە. پـــێش ئـــەوەی ســـەفەر بکـــەم پیاوێـــك هاتـــە خـــەوم و ئەشکەوتێکی ناو چیایەکی ئەو وڵاتانەی پێ پیشان دام** *(دەبوایە سیامەند بیوتایە ئەوشکەتێکی شاخەکەی بەرامبەر شامار بەڵام زانی وا بڵێ ئیشەکەی بچووك دەبێتەوە)*. **پیاوەکە وتی خۆت بگەیەنەرە وڵاتی چینو ماچین شتێکم بۆ داناوی بڕۆ دەریبێنە، منیش وڵاتەو وڵات گەڕام تا گەیشتمە ئەوێو ئەوانەم دەرهێنا، بەڵام کەسم نەدۆزییەوە بیانخوێنێتەوە. منیش دیسان وڵاتەو وڵات گەڕام تا فێری خوێندنەوەیان بووم. بۆچی باشن؟ من پێتان ناڵێم بۆچی باشن، ئەمە نهێنیی خۆمە))**.

سیامەند هەستیکرد شتی زۆری بۆ باسکردن، لەوە زیاتر قسەیان بۆ بکات دەبێتە کەسێکی ئاسایی یان بەلای کەمەوە کەسێك شتێك، نەك هەموو شتێك، لەوان زیاتر دەزانێ.

بێدەنگ بوو و گوێی لە پیاوەکان گرت تا ئەو کاتەی خۆی مۆڵەتیدان بڕۆنەوە. چوار پیاوەکە چوونە دەرەوەو سیامەند

دڵنیـابوو گومـانێکی خسـتۆته دڵیـان لـەبارەی هـەبوونی گەنجینـە لەژوورەکەی، کەمێکی تریش ئـەو گومانـە دەگوێزنـەوە بـۆ ئـاوایی، دەشمێنێتەوە هەندێ شت وەکو ئاژاوەکانی ئەو جارەی ناو ماڵەکان بقەومێنێ تا بەکردار دەسەلاتی خۆی بسەلمێنێ. پیاوەکان لەسەری کۆلانەکە بوون کاتێـك سـیامەند دەنگـی فیشـەکێکی بیسـت، ئینجـا هاواری یەکێك لەپیاوەکان:

((**ماڵ کاول. ئەوە کێیە تەقە دەکات؟**)).

جوحا چووە دەرەوە، پرسیاری کردو هەواڵەکەی هێنا:

((**وتیان پیاوێك بوو لەدوورەوە تەقەی لێکردن و هەڵهات. دەستی شکاوی! کەسیانی نەپێکا لەدوای خۆیەوە ژنەکەی بۆ بخاتە ڕۆڕۆ!**)).

سیامەند ئەو ڕووداوەی بەهەند وەرنـەگرت و بەسـەر بـە جوحـای وت بچێتەوە سەر کاری خۆی کە جوحا نەیدەزانی ئەو کـارە چـییە. جوحا چـووە دەرەوەو پـاش کـەمێك سـەگەکە لـەدەرەوە بـە شـان پـاڵی بـە دەرگاکـەوە نـاو بـە کـەوا سـەیرەکەیەوە چـووە ژوورەوە، سیامەند بەدەرفەتی زانی:

((**بەڕای تۆ چی بقەومێنم باشە؟**)).

سەگەکە وەکو مردوو بەسەر لای چەپی کەوت، شتێکی خستەوە یادی سیامەند:

((**پەتا؟ نەخێر جارێ ماویەتی، جارێ زۆرمان بۆ پەتا ماوە**)).

جادووگەرەکە بەپشتا پاڵکەوت و سەیری دارەڕاکانی بنمیچـەکەی کرد:

((**ئەمشەوم لەبەردەستە بیری لێبکەمەوە**)).

شـەو خـەو بـەگوێی سـیامەندی نـەکرد، هەوڵەکـەی تـا درەنـگ بێســوود بــوو. لــەکاتی تــەپاوتل کوڕەکــانی شــاوەیس ئاغــای بیرکەوتـەوە کـە خۆیـان لـەوە بەگـەورەتر دەزانـی بچـنە لای کۆنـە شـوانی خۆیـان و چـاوەڕێ بـوون ئـەو بچـێتە خزمـەتیان. ڕۆسـتەم

تەنانــەت بێزیشــی نەدەهاتــەوە جوحــای کۆنــە شــوانی خــۆی داوا بکاتــەوەو لــەجیاتی ئــەوە تــەنها هەڕەشــەیەکی بــۆ نــاردبوو کــە بگەڕێتەوە.

ئەو لەوحــەی کــە بــێ مەبەســت خوێندییــەوە تــەنها نمــایش بــوو لەبــەردەم چــوار پیاوەکــە، بــەڵام دوو کوڕەکــەی ئاغــا لــە نمــایش زیاتریــان پێویســتە، دوا دەزووی خــەو لــە چــاوی نــەماو ڕاپــەڕی، پەنجــەی لــە ســکی ســەگەکە چــەقاند، ســەگەکە نووزەیــەکی کــرد، سیامەند خۆی دەگۆڕی:

((**کارێکی بچووکمان هەیە. هەڵسە زوو دەگەڕێینەوە**)).

سەگەکە باوێشکێکی دا:

((**بەم شەوە؟**)).

خاوەنەکەی بۆی ڕوونکردەوە:

((**ئیشی ڕۆژ بۆ جادووگەران ناچارییە**)).

خــانووی جادووگەرەکــە لەوپــەڕی بــاکووری گونــد بــوو، چــووە خــوارەوە بــۆ باشــوور ، گەیشــتە تەنیشــت مــاڵی ئاغــا، ســەگەکانی بــەردەرگا کەوتنــە وەڕیــن، ســەگەکەی ســیامەند وەڵامــی دانــەوە، لــەماوەی شــەڕە وەڕینــە کورتەکــە ســیامەند چــەند وشــەیەکی وتــو فووی بەماڵەکە کرد:

((**شاوەیس ئاغاو کوڕەکانیو سەگەکانی لەیەك جیاناکرێنەوە**)).

بەرەو باکووری گوند کەوتەوە جووڵەو سەگەکە کەمێك بەرامبــەر ماڵی دوو ئاغاکە وەستا. سەگەکە وەڕینێکی مابوو بـۆ ئـەو سـەگەی لــەخۆی بچــووکتر بــوو و وەکــو ئــەو زەردو قــاچ کــورت بــوو بــەڵام شێوەکەی جیاواز بوو، سەگێك بوو هەمیشـە لەمســەر تــا ئەوســەری ســەربانی مــاڵی ئاغــا ڕایــدەکردو بــە خــەڵك دەوەڕی. ســەگەکەی سیامەند دەمێك بوو حەسوودیی ئەو نازدارییەی پــێ دەبــرد کــە بــە بۆچوونی ئاژەڵانەی خۆی شایەنی نەبوو چونکە لـە خـۆڕایی فشـەی

دەكردو خۆی دەنواند. سەگەكەی سیامەند نامەی كینە خۆی بۆ نارد ئینجا شوێنی خاوەنەكەی كەوت. كەمێك ڕۆشتو دوا ئاوڕی بۆ سەگە گەورەكانی بەردەرگای ماڵی دوو ئاغاكە دایەوە:

((وەوەوەوەو.. وەوەوەوەو. وووووو.. وەوەوەوەو... ووووو)).

سیامەند ئەو وەڕینەی دوایی سەگەكەی بیستو پێی وت:

**((بەو سەگانە بڵێ هەموو وەڕینی خۆتانو شەقی ئاغاكانتان بەرگەی چەند وشەیەكی ئاغاكەی خۆم ناگرن)).**

سەگەكە ڕای كردو پێشیكەوت، تەماشای كردو وەوی كرد:

**((ئەوەم پێوتبوون سەم سەم)).**

10

## پەنجەکانی جادووگەر

بەیانییەکەی گوند قەرەباڵغیی پڕ جووڵە بوو. خۆر تازە هەڵهاتبوو و خەڵکی گوند لە ماڵی ئاغا ورووکابوون. سیامەند دەیتوانی جوحا بنێرێ، بەڵام حەزی کرد خۆی ڕووداوەکەو جێپەنجەی خۆی ببینێ، پۆشاکە ڕەشەکەی کردەبەرو دارە نەخشێنراوەکەی هەڵگرتو بە سەگەکەی وت شوێنی بکەوێ:

((هەر کە نزیك بووینەوە پێشمبکەوە)).

بەهێمنی لەماڵی ئاغا نزیککەوت، لەگەڵ ڕۆشتنی سووك دارەکەی بەزەوی دەکێشا. پەنجا هەنگاو دوور لە قەرەباڵغییەکە وەستا، گوێی لە هاوارو ناڵەی ناو ماڵەکە بوو. جوحا بە هەناسەبڕکێ لەدواوە هات:

**((کە گوێم لە هاوارەکان بوو چوومە دەرەوەو هەواڵم هێنا کەچی لەماڵ نەبووی. چۆن وا زوو دەرچووی؟)).**

جادووگەرەکە ئاوڕی بۆ نەدایەوە:

**((بەکورتی)).**

زبریی فەرمانەکە نەبوو بەڵکو هەناسەبڕکێ بوو نەیهێشت جوحا درێژدادڕی بکات:

**((ڕۆستەم ئاغاو برا بچووکەکەی وەکو جاران شەڕیان بوو، بەڵام ئەمجارە برا بچووکەکەی ڕۆستەم چەقۆی بۆ هەڵگرتو کەلەپاچەی کرد، ئێستا ڕۆستەم زامدارەو هاوارێتی، براکەشی بەری دەرگاکەی**

**گرتووەو ناهێڵێ کەس بەهانایەوە بچێ))**.

سیامەند باقییەکەی تێگەیشت“ ژن و منداڵەکان هاوار دەکەن و ناوێرن توخنی زۆراب بکەون. رووداوێکی گەورە بوو:

((**ژەمەکە چەورو قورس بوو، دەبوایە کەمێك دەستم شل بکردایە**)).

خەڵك زانییان ئەو گەیشتووە، گوێی لە چرپەی هەندێکیان بوو کە مەبەستیان نەبوو نهێنی بێ:

((**خەتای ئەمە، هەمووی خەتای ئەمە**)).

((**بەڵێ ڕاستە، لەو کاتەوەی هاتووە ئەم شتانە دەقەومێن**)).

ئەمەیە کە سیامەند دەیەوێ، ئێستاش کاتی سەلماندنی قسەکەیە. بەهێمنی لێیان نزیککەوت، ئاماژەی بۆ سەگەکە کرد بکەوێتە دوای نەوەك ڕێگەی بۆ نەکەنەوەو یەکێك شەقێکی لێبدا. بەدەستی چەپی ئاماژەی بۆ کردن ڕێگەی بۆ بکەنەوە، لەدڵی خۆی بەڵێنی پێدان:

((**زۆر لەوانە گومانیان هەیە، زۆریان وەکو شوانەکەی جاران تەماشام دەکەن، با بزانین دوای ئەمە دەڵێن چی**)).

زۆراب بە چەقۆیەکی خوێناویی گەورەو چاوێکی خوێناویترەوە لەناو دەرگاکە ڕاوەستابوو، سیامەند بەرامبەری وەستا، چەند وشەیەکی وت و فووی بەڕووی لاوە هەڵچووەکە کردو پشتی تێکردو ڕۆشت، جوحاو سەگەکەی شوێنیکەوتن و هەموو بێدەنگ چوونەوە ماڵ. جوحا چاوەڕێی ئاغا نوێکەی نەکرد دانیشێ، پەلەی بوو شتەکان بزانێ:

((**چیت وت؟ چیت لێکرد؟ تۆ وات بەسەر هێنابوو؟**)).

جوحا سەلماندوویەتی کە شایەنی ئەوە نەبوو سیامەند هەموو شتێکی پێ بڵێ:

((**سێ پرسیارت کرد ئەمەش سێ وەڵامەکەیە: شتێك. شتێك. بەڵێ**)).

جوحا سەری خولایەوە:

**((خۆزگە پرسیارم نەکردایە، هەموو جارێك پرسیارەکان زاوزێ دەکەن و وەڵامەکان دەمرن)).**

قسە زلەکە کاری لەسەر ئاغاکەی نەبوو، پێی وت دانیشێ تا بیریبخاتەوە:

**((بەئارام بوویتایەو زوو نەگەڕایتایەوە بۆ مەڕو بزنەکان و چنگی شاوەیس ئاغا و شۆربا گەرمەکەی کە هەفتەی جارێك پێت بەڕەوا دەزانرا شت فێردەبووی و خۆت سەری خەڵکت دەخولاندەوە)).**

جوحا ویستی بیبزوێنێ:

**((ئەی هیچ چاکەم لەگەڵت نەکردووە؟ کە گەڕامەوە پێت نەوتم چی بگێڕمەوە؟ ئەی یەکسەر ئەوەم نەکرد؟)).**

هەوڵەکە کاری نەبوو:

**((بەڵێ کردت و پاداشتەکەیت وەرگرت. لەبیرشت نەچێ لەم ڕۆژانە چ قسەی هەڵەق و مەڵەقت لەبارەی من و شای جنۆکان و خەزنەی حەزرەتی سلێمانت بڵاوکردۆتەوە؟)).**

جوحا شتێکی تری بیرکەوتەوە:

**((بەڕاست! دوێنێ ڕۆستەم ئاغا بەدواما ناردبووی..)).**

کێشای بە ناوچەوانی خۆی:

**((چۆن لەبیرم چوو؟ ڕۆستەم وتی ئاغا تازەکەت ئاگادار بکەرەوە چونکە زۆراب بەتەمایە شتێکی لێبکات)).**

سیامەند تەقەکەی دوێنێ بیرکەوتەوە و ددانی بەخۆی گرت تەقەی خۆی بەڕووی جوحا نەکات:

**((شوکور ئێستا بیرتکەوتەوە؟)).**

یاوەرەکە ویستی پاساو بۆ ئەو لەبیرچوونەوەیە بێنێتەوە:

**((بەڵام هەرچۆنێك بێ جنۆکەکانت پێیان وتبووی تۆش زۆرابت شێت کرد)).**

سیامەند نەیویست لەوە زیاتر قسەی بێواتای لێ ببیستێ.

بەپشت پاڵکەوتو سەری خستە ژێر سەریو ئاوڕی بۆ سەگەکەی دایەوەو بەو سەگەی وت کە لەو کاتە کلکی بادەدا:

(( **بە جوحا بڵێ بچێتە دەرەوە**)).

کلکی سەگەکە وەستاو دوو گوێچکەی قیت بوونەوە، سەری لارکردەوەو چاوەکانی پرسیاری سەرسوڕمانیان تێدابوو:

((**جووجە؟**)).

سیامەند سەری بۆ لەقاند:

((**بەڵێ**)).

سەگەکە دڵنیا بوو و ئینجا ددانەکانی بۆ جوحا جیڕکردنەوە، فەرمانەکە لەسەر دڵی جوحا گران بوو:

((**بە سەگە خوێڕی دەڵێی دەرم بکات؟**)).

مڕەی سەگەکە زیاتر بوو، جوحا دوو دەستی خستە سەر سنگیو سەری نەوی کرد:

((**دەچمە دەرەوە بەڵام پێم بڵێ چیم کردووە سەگە خوێڕی لەمن باشتر بێ. سەگێکی خوێڕی کە بە خەویش بیری لە یەك دەڵەسەگ نەکردووە**)).

سیامەند:

((**جیاوازیی نێوان ئەو و تۆ ئەوەیە ئەو فەرمانەکان جێبەجێ دەکات، جاری واشە خۆی شت پێشنیار دەکات، بەڵام تۆ تەنانەت لە فەرمانەکانیش تێناگەی. جوحا! پلەی دەستە ڕاستت لەمەترسییە**)).

جوحا جارێکی تر سەری نەوی کرد، سیامەند قسەکەی تەواو کرد:

((.. **ئەگەر خۆت چاك نەکەی**)).

ئەوەش هەر لەسەر دڵی گران بوو:

((**چیم کردووە؟ بۆچی خراپم؟**)).

لەگەڵ ئەوەش چووە دەرەوە.

سیامەند بێخەم بوو لەو فووەی بەڕووی زۆرابی تووڕەو ورووژاو

کردی. پاڵکەوتو پەلەی تێپەڕبوونی ڕۆژەکەی نەبوو:

((**هەتا کاری فووەکە دەردەکەوێ کارم هەیە بیکەم، زۆراب ئەمڕۆ یان بەیانی یەکێك لە دوو شتی بەسەر دێ، دوو شت سێیەمیان نییە، یان هێمن دەبێتەوە، یانیش بەشێتی دەمێنێتەوە، هەر کامیان بێ هەر بە کاری منی دەزانن، گرنگترین شت ئەوەیە فووی خۆت بکەی بێئەوەی پێشەکی ئەنجامەکەی بە کەس بڵێی، ئەنجام هەرچییەك بێ لە گیرفانی خۆتە، سیامەند! ئاگات لە هەڵە بێ! سیامەند! یەك هەڵە هەموو کارەکەت دەسووتێنێ، بەتایبەت ئێستا کە سەرەتاتە.. سەگ! لەوێ ماوی؟**)).

سەگەکە سکی لەسەر بەڕەکە نووساندبوو و سەری لەناو جووتە دەستی چەقاندبوو و دوو چاوی نووقاندبوون، کە ناوەکەی بیست چاوی کردەوەو وەوێکی کرد بەڵام دەنگی نەبوو:

((**سەگ! کاتی هاتووە یاریی دەموچاوەکان بکەین، بچۆ جوحا بێنەرەوە**)).

سەگەکە چووە دەرەوەو ماوەیەکی ویست تا جوحای دۆزییەوە، ماوەیەکی زیاتریشی ویست تا تێیگەیاند، کە چووشە ژوورەوە جادووگەرەکەی بینی وەکو جاران چوارمشقی دانیشتووە، بەڵام دەمامکێکی نابووە دەموچاوی، جوحا لەشوێنی خۆی ڕەق بوو، سەگەکە وەوێکی کورتی ڕاچەڵەکینێکی کتوپڕی کرد.

سیامەند دەنگی گۆڕیبوو، بەدەنگێکی گڕ فەرمانی پێدان:

((**دانیشن**)).

جوحا لەشوێنی خۆی دانیشتو سەگەکە بەحەزەرەوە بەرەو خاوەنەکەی ڕۆشتو لەتەنیشتی دانیشتو سەیری هەموو لاکانی دەموچاوی خاوەنەکەی کرد، سیامەند دەستی پێکرد:

((**دەموچاوێکی نوێم بۆ تۆ هەیە، بەڵام دەبێ بزانی بۆچی بەکار دێ**)).

جوحا لە دەمامکی ئاغاکەی وردبووەوە، دەموچاوێکی ڕەش بە

دوو لاتەنیشتەکەی پرچـێکی ڕەش ڕەق ڕاوەسـتاو، دوو ڕیـز ددانـی سپی دەرکەوتبوونو دەمێکی تووڕەو چـاوێکی زەق. سـامی جوحـا نەڕەوییبووەوە:

**((ئەگەر دەموچاوێکی وات بۆ من هەیە دەبێ کە نووستبم بیکەیتە دەموچاوم، لە ڕەزێ جوانتریشم بۆ بهێنی ناوێرم لەدەموچاوی بنێم)).**

سـەگەکە چـاوی بەهـەموو لاکـانی دەمـامکی خاوەنەکـەی گێـڕا، لەهیچ لایەکەوە دەموچاوە کۆنەکەی نەبینییەوە:

**((سەم سەم دەموچاوی نەما)).**

سیامەند دەمامکەکەی لابردو خستییە کۆشییەوە. سەگەکە قیت بووەوە، زمانی بردە دەرەوەو کلکی خێرا بادا:

**((دەموچاوی سەم سەم گەڕایەوە)).**

سیامەند کەمێکی ناو زۆری مێشکی خۆی بۆ ڕوونکردنەوە:

**((ئەگەر نەخشەی خانووە تازەکەت بیر مابێ کە خـەریکن دروسـتی دەکەن، ژوورێکی تاریکم لەپشـتی هـەموو ژوورەکـان دروسـت کـردووە. ئەوە ئەو ژوورەیە کە تێی نابێ بەبێ دەمامك کەس بمانبینێ)).**

جوحا سەری خوراند، شتەکانی کەوتەوە یاد:

**((لەبەرئەوەیـــە بـــە پیاوەکانـــت وت دیـــواری ئـــەم ژوورەم بـــۆ بەرزبکەنەوەو خۆت خێرا دەرگایەکت بۆ دانا تـا نەچنە ناویـەوە، بـەڵام ئەمە هەمووی بۆچی؟)).**

سەگەکە ویستی بوەڕێ:

**((جووجە ڕاست دەکات. بۆچی؟)).**

بەڵام سیامەند پێشکەوت:

**((جوحا پرسیار زۆر دەکەی)).**

سەگەکە سکی بە قاڵییەکە نووساندو چەناگەی خستە ناو جووتە دەستی:

**((جووجە پرسیار زۆر دەکات)).**

سیامەند کۆتایی بە گفتوگۆکە هێنا:

**((دەموچـاوێکت دەدەمـێ دەبـێ ڕێـزی لێبگـری، ئـەو دەمووچـاوە بەرزت دەکاتەوە. وریا بە نزم ڕاینەگری دەنا خۆت نزم دەبیتەوە)).**

جادووگەرەکـە هەڵسـاو چـووە ژوورەکـەی تەنیشـت، گەڕایـەوەو دەمامکێکی بۆ هاوڕێکەی هێناو دایە دەستی:

**((بیکەرە دەموچاوت)).**

جوحـا بەحـەزەرەوە وەریگـرت، چـەند جارێـك لـەناو هـەردوو دەستی ئەمدیو و ئەودیوی پێکرد:

**((بیکەمە دەموچاوم چیم لێدەکات؟)).**

سیامەند ئەوەی خۆی کردەوە دەموچاوی:

**((جوحا! تۆ لەم گوندە هیچ فێرنـەبووی، تەنانـەت وا دەزانم هـەموو شـتێکی شـوانیش فێرنـەبووی، دەمامـك بـۆ پڕکردنـەوەی کـەلێن پێویستە، بۆ بەخشینی شتێك پێمان کە هەندێ جار هەمانـە بەڵام بۆ خـەڵك ئاشـکرا نییـە، زۆر جـاریش بـۆ بەخشـینی شـتێك کـە نیمانـە، تێدەگەی؟)).**

جوحا بێ وەڵامدانەوە دەمامکەکەی خستە دەموچـاوی، هـەوڵی داو ڕێك نەوەستا، سیامەند بۆی چاك کرد:

**((ئێستا خۆت بە کەسێکی تر بزانە)).**

دەمامکەکـە شـێوەیەکی تـر بـوو، دەموچـاوێکی سـوور وەکـو کەواکەی، مووی بژو قیت وەسـتاو، گوێچـکەکەی گـەورە بەشـێوەی گوێچـکەی مشـك، دوو لێـوی گـەورە. سـەگەکە کەوتـە مڕەمـڕ، سیامەندیش ئاوێنەیـەکی بچـووکی بـۆ جوحـا ڕاگـرت. جوحـا بـڕوای نەکرد لە جیهان ناشیرینی بەو جۆرە هەبێ:

**((سـیامەند! وابـزانم دەمووچـاوەکانت لێگـۆڕاوە، ئەمـە بـۆ تـۆو ترسناکەکە بۆ من)).**

سیامەند یارمەتیی دا دەمامکەکە لێبکاتەوە:

**((لـەژووره تایبەتەکـە دەبـینی چـەند گونجـاوە، دەموچـاوێکی گونجاوە بۆ پاسەوانێك ئاغاکەی لەو زیرەکترە)).**

تەقەی دەرگای دەرەوە هەرسێکیانی وریا کردەوە، سیامەند دەمامکەکانی هەڵگرتەوە، دەنگ لەدەرەوە هات:

((**ماڵەکە! ماڵەکە!**)).

جوحا دەستی درێژکردەوە دەمامکەکەی خۆی وەربگرێتەوە:

((**ئەو دەموچاوەم بدەرێ ئەوانەی پێ بترسێنم، هێندە بەرامبەر جادووگەری گەورەی ئاواییەکەمان بێڕێزن لەسەریەك لە دەرگا دەدەن و هاواریش دەکەن، وا دەزانن لە شاییدان**)).

سیامەند چووەوە ژوورەکەی تەنیشت و دوو دەمامکەکەی برد:

((**کاتی نەهاتووە، بچۆ بزانە چییان دەوێ**)).

دیمەنی پاسەوانی پشتی ئاغا بەدڵی جوحا بوو، بەتوورەییەوە بەرەو دەرگای دەرەوە چوو، لەپشتی دەرگا نزمەکەوە سێ سەرو سێ نیو سنگ دیاربوون، جوحا لەپشتی دەرگاکەوە قسەی لەگەڵ کردن:

((**ئەو تەقەو هاوارەتان لەچییە؟ نابێ ڕێز لە جادووگەری گەورەمان بگرن؟ ناترسن فوویەکتان پیا بکات بتانکاتە سیسرك؟**)).

پەرۆشیی سێ کەسەکە کەمبووەوە:

((**جوحا، بە ئاغاکەت بڵێ دەمانەوێ بیبینین**)).

## 11
## چوارەمی پیر

سێ پیاوەکە پەیامێکی گوندیان پێبوو. دوو پیاو بوون لەگەڵ خزمەتکاری قوتابخانە هاتبوون. دوو پیاوەکە داواکەیان بەکورتی بە جادووگەرەکە وت، ئاوایی متمانەی بەو دوو پیاوە هەبوو ببنە شێری بەردەم جادووگەرەکەو ئەوەیان پێ ڕاسپاردبوون واز نەهێنن تا لەگەڵی دەگەنە ئەنجام، بەڵام سام لەو جادووگەرە پێش ئەوەی بگەنە ماڵەکەی گەیشتبووە دڵی خۆیان. ویستیان زوو ڕزگاریان بێ:

((**خەڵکی ئاوایی دەڵێن لەو کاتەوەی گەڕایتەوە شتی سەیر ڕوو دەدەن، شتی سەیرو خراپ. ئەوان دەڵێن زۆرابت شێت کردووە، دەیانەوێ چاکی بکەیتەوە تا هەموو ئاواییەکەی نەسووتاندووە**)).

سیامەند دوو چاوی نووقاندن:

((**ئەی باوکی زۆراب؟ ئەو فەوتاو هیچی بۆ نەسووتێنرا**)).

دوانەکە مابوویان تێبگەن جادووگەرەکە مەبەستێتی بڵێ ئەو شاوەیس ئاغای فەوتاندبوو.

((**چیت دەوێ؟**))، یەکێکیان وتی.

((**لەخۆتەوە ئەو شتانە ناکەی، تۆ شتێکت هەر دەوێ**))، ئەوەی تر ڕوونی کردەوە.

یەکەمیان ئەگەرێکی دوورخستەوە:

((**بڕوا ناکەین پارەت بوێ. تۆ خەزنەکانی حەزرەتی سلێمانت دۆزیوەتەوە**)).

هەموو بێدەنگ بوون. سیامەند تەماشای ئەوەی تریانی کرد:

((**تۆ دەڵێی چی؟ من چیم دەوێ؟**)).

هەردووکیان پێکەوە:

((**نازانین**)).

سیامەند چاوەڕێی نەدەکرد داواکارییەکە وا زوو بکرێ بەڵام هەلەکەی لەدەست نەدا:

((**یەکەم شت ئەوەیە نامەوێ زۆراب و ڕۆستەم لەمڕۆ بەدواوە ئاغا بن**)).

داوای ئەو لاوە شکاندنی یاسای گەردوونە:

((**شتی وا نابێ، شتی وا قەت نەبووە**)).

ئەوە ناڕەزایی یەکێکیان بوو، بەڵام ناڕەزاییەك بەهۆی ترسەوە. ئەوەی تر واقیعیتر قسەی کرد:

((**ئێستا کەسیان ئاغایەتیی بۆ ناکرێ. یەکێکیان نیوە مردووە، ئەوەی تریان نیوە شێتە**)).

جوحا لەپشتی ئاغا نوێکەیەوە بەپێوە وەستابوو. چاوێکی نووقاندو ئەوەی تری زەق کرد:

((**ئەی توتکەکانی تر؟**)).

یەکێکیان حەسوودیی بە جوحای کۆنە شوانی برد کە دەیتوانی بێباك باسی کۆنە ئاغاکانی بکات:

((**تا دوێنێ توتکە نەبوون**)).

جوحا بەفیزەوە چووە پێشەوەو تەنیشت ئاغاکەی وەستا:

((**جادووگەری مەزنی گوندەکەمان کێی بیەوێ دەیکاتە تووتکە سەگ، لەم سەگە بچووکتر**)).

پێی بەرزکردەوەو خستە سەر سەری سەگەکە. جیڕەی ددانەکانی سەگەکە بیستراو سیامەند چاوی لە جوحا داگرت بگەڕێتەوە پشتەوە. جوحا هەر بەفیزەوە جووڵاو لەگەڕانەوەی

چاوی لێی نەبوو و پێی بە کلکی سەگەکە نا. سەگەکە، کە فەرهەنگی مرۆڤ کاری تێکردبوو، لوورەی کرد:

((**وەووووو.. جووجە سەگ**!)).

دوو پیاوەکە پەیامی گوندەکەیان گەیاندو لە پەیامەکەی سیامەند تێگەیشتن. زوو هەڵسانو خواحافیزییان کرد. سیامەند بە خزمەتکاری قوتابخانەکەی وت بمێنێتەوە. خزمەتکارەکە تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو، دارجگەرەکەی بەشانازییەوە دەکێشا. ئەو زووتر بە خزمەتی ئەو جادووگەرە گەیشتووەو لەو کاتەی دوانەکە هەست بە سامو نامۆیی لەو شوێنە دەکەن ئەو هەست دەکاتماڵی خۆیەتی.

دوانەکە ڕۆشتن. جوحا چاوەڕێ بوو دیار نەمێنن بۆ ئەوەی لە ئاغاکەی بپرسێ. دیار نەمانو پرسیاری کرد:

((**چۆن بووم؟**)).

سیامەند ئاگای لێنەبوو:

((**نیو باش. نیو تەپاڵە**)).

جوحا تەماشای خزمەتکارەکەی کرد تا بزانێ چەند لای شکاوە، بەڵام خزمەتکارەکە هەر بەشانازییەوە دارجگەرەکەی دەکێشاو لەو حساباتەی جوحاوە دوور بوو.

سیامەند پرسیارێکی کتوپڕی لەو خزمەتکارە کرد کە دوو لێوی بەفیزەوە دوا مژی قووڵیان لەو دارجگەرەیە دەدا پێش ئەوەی لەیەکتر جیاببنەوە:

((**کەرەکەت بەچەند دەفرۆشی؟**)).

دوو لێوی خزمەتکارەکە دەمی دارجگەرەکەیان بەرداو پرسیارێك بەسەر دوو چاوی نیشتنەوە پێش ئەوەی لەچاوەوە بۆ سەر زمان دەرپەڕێ:

((**کەری من؟ کەری منت بۆچییە؟**)).

جوحا پرسیارێکی قووڵتری کرد:

((**ئەسڵەن کەرت بۆچییە؟**)).

دوو چاوی تووڕەی سیامەند ڕوویان تێکردو پێیـان وت: ((**لـە تۆم نەپرسیوە**)).

ئەو چەند چـرکەیەی پرسـیاری جوحـاو وەڵامـی ئاغاکـەی بـەس بـوون بـۆ خزمەتکارەکـە بزانـێ دەرفەتـە برێـك پـارەی باشـی دەستبکەوێ:

((**کەرێکی دەگمەنە، دڵم نایەت بیفرۆشم**)).

سیامەند دەرکی بە نیازە گلاوەکەی کرد، بەڵام جوحـا لـەجیاتی ئەو قسەی کرد:

((**پێی بفرۆشی باشتر نییە لەوەی بە فوویەك بۆت بتۆپێنێ؟**)).

خزمەتکارەکە ترسا بەڵام زانی نابێ وا زوو کۆڵ بدات:

((**کەر عەقڵی بە شت ناشکێ تا جادوو کاری لێبکات**)).

سیامەند بیریخستەوە:

((**ئەی ئەو ڕۆژەی تۆم بۆ شارەکە نارد؟**)).

جوحا بیریکەوتەوە کە دەبێ دەوری یاوەرو پاسـەوانو یاسـاوڵی ئاغاکەی ببینێ. خۆی تووڕە کردو بەو ئاغایەی وت:

((**واز لە کەری ئەو بێنە، مام عـەول دوو کـەری هەیـە یـەکێکیانت بـە کراسی بەرییەوە دەداتێ**)).

کەس قسەی نەکرد ئەویش ئاوازەکەی گۆڕی:

((**بیفرۆشە ئەگینا خێری لێ نابینی**)).

سەگەکە حەزی نەکرد ئاژەڵێکی تر شەریکی بێ:

((**جووجە ڕاست ناکات**)).

ئینجا جوحا مامەڵەکەی لا شیرین کرد:

((**دەتـوانی کـەرێکی تـر بکـڕیو بـە بـاقیی پارەکـە پیرەژنێکـی تـر بهێنی**)).

پیاوەکە مەسەلەکەی هێناو برد بەڵام لەکۆتایی زانی قـازانجێتی.

کەری لاسار دەفرۆشێو یەکێکی گوێڕایەڵتر دەکڕێو باقییەکی باشی بۆ دەمێنێتەوە. نرخ بەرزدەکرایەوەو دادەبەزێنرا تا گەیشتە ئاستێك لە شوێنی خۆی ڕەق بوو و نەیویست لەوە زیاتر بجووڵێ. مامەڵەکە کۆتایی پێهاتو پیاو چوو گوێدرێژ بهێنێ. گوێدرێژەکە بەڕێزێکی زۆرەوە هێنرایە ناو حەوشەی خانووەکەو خاوەنە کۆنەکەی قۆڵی خۆشەویستییەکی ساختە لە ملی ئاڵاندو وا پیشانی سیامەند دا شتێکی بەنرخی لەدەستداوە:

((**دڵم بەوە خۆشە هەموو ڕۆژێك دەتبینم**)).

گوێدرێژەکە مابووی بەو مامەڵەیە بزانێ دەنا دەیزانی ئەو هەستەی خاوەنەکەی دووڕووییە، بەڵام ئەو باوەشەی هەر لا سەیر بوو و بەپاڵ بیرکردنەوە لەو گۆڕانکارییە کتوپڕە وردە سەرنجی هەبووە:

((**پیاوی ناشیرین کای من دەخوات سەرم دەگرێ بۆ ئەوەی کای من بخوات**)).

دیمەنە پڕ سۆزەکە درێژەی کێشاو قەناعەتی ئاژەڵەکە بەو بۆچوونەی بەهێزتر بوو، خۆی بۆ بەرگری لە مافەکانی خۆی ئامادە کرد:

((**پیاوی ناشیرین لە ماڵی گەورە کای من دەخوات لە ماڵی گەورە سەرم دەگرێ بۆ ئەوەی کای من بخوات. با نەیهێڵم**)).

ملی بۆ پێشەوە ڕەپ کردو توند زەڕی. پیاوەکە ملی کەرەکەی بەرداو جادووگەرەکەی دڵنیا کردەوە:

((**ئەوەتا ئەویش پێی ناخۆشە لێ دووردەکەومەوەو دەڵێ توخوا مەمفرۆشە**)).

بەسووکی کێشای بە ڕوومەتی کەرەکەو بۆی دووبارە کردەوە:

((**دڵم بەوە خۆشە ڕۆژانە دەتبینم**)).

سیامەند ڕێوڕەسمی وەرگرتنی ئەو ئەندامە نوێیەی دەستپێکرد:

((**بەتۆوە بووینە چوار**)).

خزمەتکارەکە بە پەنجە بژاردی:

((**نەخێر قوربان بەوەوە بووینە پێنج**)).

سیامەند دەستی بەسەر ملی کەرەکە هێنا:

((**خۆتی تێمەخە. تۆ یەدەکی**)).

خزمەتکارەکە تێنەگەیشت بەڵام پارە پێی وت تێگەیشن شتێکی زیادەیە. جوحاو سەگەکە تەماشای ئاغاکەیان دەکرد، ئەوانیش هیچ تێنەگەیشتن. سووربوونی ئاغاکەیان لەسەر ئەو کەرەی کە کەرێکی ئاسایی بوو و تاکی ئاوایی نەبوو شتێکی سەیر بوو.

سیامەند کورتانی کۆنی دایەوە بە خاوەنی کۆن‌و گوێدرێژی بەرەو چەم بردو سیانەکە شوێنی کەوتن. لەناو چەم سیامەند ئاوی بەسەر مل‌و سەری کەرەکە دەکرد، ئینجا لەشی. پێستی کەرەکە بێ ئاو سەرمای بوو، ئێستاش دەلەرزی. ڕێوڕەسمی وەرگرتنەکە تەواو بوو و پێنجەکە گەڕانەوە ماڵ‌و سیامەند پارچە قوماشێکی ڕەش‌و سووری تێکەڵاوی لە سندووقەکە دەرکردو کردی بەسەر پشتی کەرەکە. دوو قوماشی درێژی دوو لێواری ئەو کورتانە تەنکە بوونە تەنگەی ئەو کورتانەو لەژێر سکی کەرەکە پێکەوە گرێی دران. ئینجا ڕووی کرد دوو مرۆڤو سەگەکە:

((**مرۆڤ بەهەڵە لە کەر تێدەگات. کەر دەرك بە زۆر شت دەکات بەڵام وەکو مرۆڤ پەلە ناکات. جگەلەوەش کەس وەکو کەر ناتوانێ ببێتە ئامێرێکی گونجاو بۆ جادوو. دەتوانم بە کەرێك شتی عاجباتیی زۆر بکەم، خاوەنە کۆنەکەی ئەمە دەزانێ‌و بەچاوی خۆی بینیویەتی**)).

خاوەنە کۆنەکەی سەری جووڵاند.

دیمەنی دوو پیاو و دوو ئاژەڵەکەی گوند سەیر بوو. ئەو ماڵەی ئەو چوار بوونەوەرەی تێ دەژیان بووە شوێنێك خەڵك سڵی لێبکەنەوە. سەرەڕای ئەو سامەش سیامەند هەستی دەکرد هێشتا

مابوو سـەرووەریی ئـەو لاوە قبـوولْ بکـەن کـە لەماوەیـەکی کـەم لـە شوانێکی ژێر دەستی شاوەیس ئاغاوە بووە جادووگەرێکی سامناك. سـیامەند لـە هـەنگاوی دوای ئـەوە دەترسـا. ئەگـەر ئـەو هـەنگاوە سـەرکەوتوو نـەبێ ماوەیـەکی زۆری دەوێ تـا ئـەو ناوبانگـەی بگەڕێنێتەوە.

سـیامەند بـیری لـەو هـەنگاوە دەکـردەوە کاتێـك زۆراب دەرفەتەکەی خستە بەردەستی. شێتییەکە زۆرابـی بـەردابوو. وەك سیامەندیش چـاوەڕێی کردبـوو" ئـاوایی چـاکبوونەوەی زۆراب هـەر وەك شـێتبوونەکەی بـۆ فـووی ئـەو جادووگـەرە گەڕانـدەوە. زۆراب هەموو شتێکی لە زمانی خەڵك بیستو بڕیاری دابـوو دەسـت بخاتـە نـاو دەسـتی ئـەو لاوەی توانایـەکی نائاسـایی سـەلماندبوو. زۆراب نۆکەرێکی بۆ لای سیامەند نارد پێـی بڵـێ سـیامەند لـە سـەردانێکی ئاغا ئاگادار بکاتەوە. سیامەند زانی ڕووداوەکان لەوە خێراتر دەڕۆن کە بەتەمای بوو. زۆراب لەوپەڕی بێهێزییە دەنا داوای دەکـرد کۆنـە شوانەکەی باوکی بچێتە لای.

((**با بێت**))، سیامەند وەڵامی خزمەتکارەکەی دا.

زۆراب هــەر ئـەو ڕۆژە گەیشـتە مـاڵی جادووگەرەکـە. جوحـا دەرگای بۆ زۆراب کردەوەو فەرمووی لێکرد. جوحـا فـەرمانی ئاغـا نوێکـەی بـەجێهێنا کـە هـیچ شـتێکی ناشایسـتە بەرامبـەر زۆراب نەوترێ :

((**شـەڕەکەمان نـەك هـەر کۆتـایی نـەهاتووە بـەڵکو دەستیشـی پـێ نەکردووە**)).

زۆراب چـووە نـاو حەوشـە گەورەکـەو گوێدرێژەکـەی بـینی کـا دەخوات. تێبینیی قوماشە ڕەشەکەی سەر پشتی کرد:

((**دونیـا دەورانـە! بـاوکی ئاغـام مـردو ڕۆسـتەم بـە بـرینو حـەیای خۆیـەوە ڕۆشـتووە، منـیش ناچـاری کۆنـە شـوانی بـاوکم بـووم. کـەری**

**ئەولاتری کەرێتیش بۆتە ئاغایەك لەوانەیە ئەمڕۆ یان سبەینێ دەبێ فەرمان لەو وەربگرم)).**

گوێدرێژەکەش ئاوڕی بۆ دایەوە:

**((ئەو زەلامە لەو پیاوە دەچێ لە خانووی گەورە بوو لە دیوار دەرچوو دەرگای سەمدەم دەخوا خاوەنەکەی گیای ناداتێ دەچێ دەرگای سەمدەم دەخوا با دەریبکەم)).**

لەو کاتەی زۆراب پێی نایە سەر هەیوانەکە بە یەك ژەمو بە لوورەوە بەرەوڕووی زەڕی:

**((ئااااااااااااا)).**

زۆراب ڕاچەنیو دوو هەنگاوی خێرای بەناو هەیوانەکە هەڵهێنا. ویستی پەشۆکاویی خۆی بە بێزاری داپۆشێ:

**((کەرەکەتان بێئەدەبە. خراپ پێشوازی لە میوان دەکات)).**

دەرفەتیش بوو بۆ جوحا کەمێك لە فەرمانەکەی ئاغاکەی لابدات کە لەژوورەوە چاوەڕێ بوو:

**((کەر هەر کەرە! وا دەزانێ جارانە کوڕانی ئاغا خاوەنماڵی هەموو ماڵەکانی گوند بن کێیان پێ خۆشە ژنی بدەنێ)).**

دیارییەکی تر چاوەڕێی زۆراب بوو. سەگەکە لەدەرگای ژووری سەر هەیوانەکە دەرچوو. خێسەی لێکردو ددانەکانی لێ جیڕکردنەوە. زۆراب هانای بۆ جوحا برد:

**((ئەو سەگەم لێ دووربخەرەوە)).**

جوحا داوای لە سەگەکە کرد:

**((ئاغا نەیوت ڕێزی لێ بگرن؟)).**

سەگەکە وازی لە مرەکەی هێناو هەڵبەزییەوەو دوو مرۆڤەکەی جێهێشتو بازی دا بۆ ناو حەوشە. بەڕووی گوێدرێژەکە وەڕی:

**((باش زەب زەب ناشیرینت ترساند)).**

گوێدرێژەکە کای لەناو دەمی دەهێناو دەبرد، نیوەی کاکە لەدەرەوەی دەمییەوە بوو:

**((پیاوەکە لە ماڵی گەورە لە دیوار دەرچوو. گیای سەمدەم دەخوات. خاوەنەکەی گیای ناداتێ. گیای سەمدەم دەخوات. دەرمکرد)).**

ئەوەی زۆراب لەپێشوازی بینیو بیستی وای لێکرد بڕیار بدات هەرچۆنێك بێ ئەو لاوە سەیرە بخاتە ڕیزی خۆیەوەو ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ئەنجام بدات ئیتر هەر جۆرە ڕێککەوتنێك بێ. زۆراب چووە ژوورەوەو سیامەندی بینی دانیشتنە سەیرەکە دانیشتووەو لەبەری هەڵناسێ. سیامەند چاوەڕێی تێپەڕبوونی ئەو چەند چرکەیە بوو" ئەو چرکە کەمانەی تێیان بۆ زۆراب هەڵناسێ پردی مەترسین" یان لێی دەپەڕێتەوە، یانیش دەکەوێتە ناو شیوەکە. زۆراب دانیشتو هیچی نەوت. سەرو سیمای زۆراب بۆ سیامەندی ئاشکرا کرد کە ئەو زەلامە جوان بەو ئاوەی خۆی دەیەوێ شێلراوە. میوانەکە یەکسەر دەستی پێکرد وەك بترسێ ڕۆستەمی برای بە زامەکانییەوە بگەڕێتەوە گوندو بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ جادووگەرەکە پێشی بکەوێ:

**((ڕێك بکەوین باشە. دەزانم تۆ بووی منت شێت کردبوو، هەر تۆش بووی چاکتکردمەوە، گوند دەڵێ ئەو خێوەی باوکی کوشتم تۆ لەو وڵاتە دوورانەوە بۆت ناردبوو)).**

سیامەند لەپڕ لە پردەکە پەڕییەوەو کەوتە سەر زەوییەکی تەختی بێ پردو بێ شیو. بەناڕەزاییەکی دەستکردەوە وەڵامی دایەوە:

**((ئەی تەقەکە؟)).**

سیامەند نەیویست بڵێ تۆ خۆت تەقەکەت کردووە نەوەکو ئەو کەسە پیاوێکی زۆراب بووبێ. زۆراب وتی من بووم:

**((شتێك بوو کردمو دووبارە نابێتەوە. چۆن زانیت؟)).**

سیامەند نەیویست بڵێ خێوەکان پێیان وتبوو، ڕەنگە زۆراب زانیبێتی ڕۆستەم بە جوحای وتووە، ئەگەر نەشیزانیبێ دەرفەتە بۆ

نانەوەی ئاژاوەیەکی تر لەنێوان دوو براکە:
((**ڕۆستەمی برات بە جوحای وتبوو. وا نییە جوحا؟**)).
جوحا سەری لەقاندو زۆراب تووڕە بوو:
((**ڕۆستەمی سەگ!**)).
**هـەموو** شـتێکی بـۆ بـاس کـرد. خـۆیو براکـەی ڕێککـەوتن ناکۆکییەکانیان وەلاوە بنێنو شتێك بەرامبەر ئەو کۆنە شوانەی باوکیان بکەن کە سەرەتا جوحای بۆ لای خۆی برد پاشان خزمەتکاری قوتابخانەکەو وا دیارە کەسی گوند لەدەوری ئەوان ناهێڵێتەوەو ئەوەندەی پێ ناچێ لە گوندەکەی باوکیان دەریانپەڕێنێ. ڕۆستەم پێی وتبوو تەقە لە سیامەند بکاتو بیکوژێ، ئەویش ڕانە مەڕەکەی بۆ دەگەڕێنێتەوە. ئێستاش دەرکەوت ڕۆستەم بە جوحای وتبوو بەڵکو سیامەند پێش ئەو دەست بوەشێنێ:
((**بەم جۆرەش لەهەردووکمان ڕزگاری دەبێ**)).
گەڕایەوە سەر باسە کۆنەکە:
((**وتم ڕێکبکەوین. ئێستا سوورم ڕێکبکەوین**)).
دڵت خۆش بێ سیامەند، بەڵام دەریمەخە:
((**چ جۆرە ڕێککەوتنێك؟**)).
زۆراب:
((**بەدڵی خۆت. حەز دەکەی تۆ ئاغاو من ئاغا**)).
سیامەند:
((**ئەی ڕۆستەمی برات؟**)).
زۆراب:
((**ڕۆستەم لەپیاوەتی کەوتووەو ڕۆشتووە، پیاویش بێ ناهێڵم بێتەوە**)).
سیامەند دوودڵیی نەماوە:

((**چۆن سەیری ڕۆستەم دەکەم وەهاش سەیری تۆ دەکەم. من حەزم لە دوو ئاغایی نییە**)).

ئەوەیان لەسەر دڵی زۆراب قورس بوو، بەڵام ویستی بزانێ چیی بۆ دەمێنێتەوە:

((**خۆ ناشێ بمخەیتە ڕیزی جوحاوە؟**)).

سیامەند بە پەنجەکانی یاریی بە نەخشەکانی سەر دارە نەخشدارەکەی دەستی کرد:

((**زۆرت بۆ دەمێنێتەوە. پارەو سامان. بەستە دەوڵەمەندی ئاوایی بی**)).

زۆراب براکەیو زەویو ڕانەمەڕەکانی بیرکەوتەوە کە ناچاربوو جێیانبهێڵێ:

((**رازیم**)).

ئومێدیشی بە داهاتوو گەورە بوو:

((**من موڵکانەو ئاغایانەو توورەکانەو چیی تری خۆم وەردەگرم، پووشانەش بۆ منو تۆ بە نیوەیی**)).

ئەو شتانە بەسن بۆ ئەوەی گوند وەك زۆرابو براکەیو باوکی ڕقی لێی بێ:

((**نە پووشانەو نە پشقلانە. ئاوی ئاسمانە دەشتو شاخ پڕ لە گیا دەکات ئیتر پووشانەی چی؟ لەوەڕگە لە ئاواییەکەم بۆ هەموو کەسێکە**)).

بە چەند ددانێکی تیژ گازی لە وشەی ((ئاواییەکەم)) گرت تا بەگوێی زۆراب بزیقێنێ. زۆراب تازە قبووڵی کردبوو، گومانیشی لەو بێتەماعییەی ئەو لاوە هەبوو:

((**بەهەر حاڵ من موڵکانەو شتەکانی تری زەوییەکانی خۆم وەردەگرم، تۆش کەیفی خۆتە ئەگەر زەویت کڕییەوە. ناشزانم چی لەگەڵ ئەو چوار چڵمنە دەکەی کە بۆمان دەرپەڕینو چەند پارچە زەوییەکیان کڕییەوە**)).

سیامەند ئەوانەی مەبەست نەبوو. جوحاش شتێکی هەبوو بە زۆرابی بڵێ:

((**سوورانەش لە کەس وەرناگری**)).

سوورانە ئەو باجەیە باوکی کچ دەیدا بە ئاغا کاتێك کچەکەی شووی کرد. جوحا نیازێتی شتێکی تر بڵێو سیامەند چۆن تووڕە دەبێ با ببێ:

((**بەڵام ئەگەر تۆ کچێکت بە شوو دا لەبیرت نەچێ سوورانە بە سیامەند ئاغا بدەی**)).

قسەکە مستەکۆڵەیەك بوو لەسەر لووتی زۆراب. زۆراب بە لمۆزی ئاوساوەوە تەماشای سیامەندی کرد بەڵام خانەخوێ دیفاعی لە کەرامەتی میوانەکەی نەکرد، جوحا بۆ یەکەم جار ناوی ((سیامەند ئاغا))ی بۆ بەکارهێنا. بۆ یەکەم جاریش سیامەند چاوێکی پێزانینی گرتە هاوڕێکەی.

مامەڵەکە لەگەڵ زۆراب بڕایەوەو لەو ساتەوە سیامەند بووە ئاغای دێکەو گەیشت بە ئامانج، زۆر لەوە خێراتر کە خەونی پێوە دەبینی، کە بینیشی گەیشتووە نەیویست دەرفەتەکە بڕوات:

((**سبەی ئاوایی کۆبکەرەوەو ئەوە بە خەڵکەکەی بڵێ**)).

زۆراب بەسەر ڕەزامەندیی ناچاریی دەربڕیو هەڵسا، بەخێراییش دەرچوو پێش ئەوەی سەگەکەو گوێدرێژەکە بە وەڕینو زەڕین بەڕێی بکەن.

سیامەند تەنیا مایەوەو دەبوایە خۆشی بەرزیبکردایەتەوەو سەری لە دارەکانی بنمیچەکە بدایە، بەڵام هەستی ئێستای جیاوازە. خۆی ئەو هەستەی خۆی لای سەیر بوو" ئەوەی دەیویست دەستیکەوت، بەڵام کوا شیرینیی ئەو سەرکەوتنە؟ ئەو وای دانابوو پاش گەڕانەوەی بکەوێتە ململانە لەگەڵ شاوەیس ئاغاو کوڕەکانی" سەرەتا ناکۆکی دەخاتە نێوان باوكو کوڕەکانییەوە، پاشان ناکۆکی

بگاتـە شـەڕ. وای دانـابوو ململانەکـە درێژخایـەن بـێ، بـەڵام ئێسـتا دەبینێ لە مانگێك کـەمتری بـرد. لاوەکـە سـەری بـاداو ویسـتی ئـەو هەستە لە مێشکی وڕی ڕاو بنێ پـێش ئـەوەی بەتـەواوەتی لـە دڵـی دەری بکات:

((**زوو هات. با زوو بێت. خەفەتی چیمە؟**)).

**هاتنە ژوورەوەی سەگەکە بەهەڵبەزینەوە زیاتر وریـای کـردەوە.** سەگەکە چاوی بەژوورەکە گێڕا:

((**زەب کوا؟**)).

سـیامەند بەپـەنجـە ئامـاژەی بـۆ سـەگەکە کـرد نزیـك بێتـەوە. سەگەکە چوو و خاوەنەکەی دەستی بەسەری هێنا:

((**زانیوتە سبەی ئاهەنگە؟**)).

بـــەخاوی دەســـتی ڕاوەشـــاندو وەك سەرچـــۆپییەکی گـــرتبێ. سەگەکە سەری لار کردەوەو سەرسوڕمانی دەربڕی:

((**سەمسەم ژن دەهێنێ**)).

سەری بە لاکەی تر لار کردەوە:

((**خوشکی زەب زەب ناشیرین دەهێنێ**)).

دوو مـرۆڤو دوو ئاژەڵەکـە خۆیـان بـۆ سـبەینێ ئامـادە کـرد. خزمـەتکاری قوتابخانەکـەیان بـانگ کـرد تـا بچـێتە شـارو شـتی پێویستی ئاهەنگەکەیان بۆ بکڕێ، قەیدیش ناکات ئەگەر بۆ سبەیش ببێتـە پێنجـەمیان. سـیامەند تـەنیا مایـەوەو ڕاکشـا. تەماشـای دارەڕاکانی بنمیچەکەی کردو دەستی کرد بە ژماردنیـان. بیستوسـێ دار بوون. زەردەخەنەیەك چووە سەر لێوییەوە:

((**بوون بە ئاغاو لە ئاغا گەورەتر.. بیستو سێ ساڵ تەمەن. لەناو هەموو دونیا تاکم. کێ بەو تەمەنە بۆتە ئاغا؟ لە ئاغاش گەورەتر؟ چەند زوو هات!!**)).

دوو چاوی نووقاندنو بیری لە سبەیو ئاهەنگەکەی کردەوە.

# بەشی سێیەم

# ئاغای نوێی شامار

# 12
# پەتا

((**چاوەڕێی گەیشتنم دەکەن. ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژووییە بۆ شامار**)).

ئـەو لاوەی تـازە گەیشـتبووە گوندەکـە پەلـەی کـرد بگاتـە ئـەو قەرەباڵغییـەی لێـوەی دیـاربوو. خـەڵکی ئـاوایی‌و چـەند ئاواییـەکی دەوروبەری لەسەر ڕاخەر لەو زەوییـە فراوانـەی نێـوان مـاڵی ئاغـای کۆن‌و قوتابخانەکە دانیشتبوون. هەموو تێکڕا" گەورەو بچووك، ژن‌و پیاو، چاوەڕێی گەیشتنی زۆراب‌و جادووگەرەکـە بـوون. پێشـوەخت هۆکـەیان دەزانـی: زۆراب ئاغـا بـەناوی هـەموو بنەماڵـەی شـاوەیس ئاغاوە لەبەردەمی گوندەکە ڕایدەگەیـەنێ کـە کۆنـە شـوانی گونـدو جادووگەری ئێستای دەبێتە گەورەی ئاوایی، ماڵی شاوەیس ئاغـاش تەنها وەکو بنەماڵەی دەوڵەمەند دەمێنێتەوە. گوندەکە لـەوە بـەدوا دوو دەوڵەمەندی تێ دەبێ، دوو دەوڵەمەند یەکێکیان ئاغایە. زۆراب پێی شەرم بوو خەڵك لە ماڵی خـۆی کۆبکاتـەوە، سـیامەندیش پێـی باشتر بوو ڕێوڕەسمەکە لەوێ نەکرێ. زەوییەکی فراوانـی نـاو گونـد بۆ نمایش گونجاوترە.

دووبارەی کـردەوە: ((**چاوەڕێی گەیشتنم دەکەن. ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژووییە بۆ شامار**))و گەیشتە ئاپۆڕەکە.

لاوەکە تێبینیی کرد کەس ئاوڕی لێنەداوەتەوە: ((**تەماشای کوێ دەکەن؟**)). تێبینیی کرد کەس تەماشـای ئـەو ناکـات، باسـی ئـەویش

ناکەن. ئەوان باسی شتی ترو کەسی تر دەکەن. لەکۆتایی پیاوێک لاوەکەی بینی:

((**تۆ خەڵکی زەنانی؟**)).

لاوەکە پێی ناخۆش بوو ئەو پیاوە نەیناسییەوە:

((**نە ء بەویٚ تێنەپەڕیوم، خەڵکی ئەوێش نیم. چۆن نازانی من کێم؟**)).

کێ بوو و کێ نەبوو بەلای ئەو پیاوەوە گرنگ نەبوو، ئەو چاوەڕێی کەسێکی گرنگتری دەکرد. دیار بوو ئەو لاوەش هەر بۆ بینینی ئەو کەسە گرنگە هاتبوو.

لاوەکە تەماشای کردنەوە" هەموو پێکەوە قسەیان دەکردو ئاگایان لە هاتنی ئەو نەبوو، هەرچییەکیشیان دەوت ناوی قوتابخانەی تێ نەبوو. لاوەکە نەیویست بڕوا بکات چاوەڕێی گەیشتنی ئەو نەبوون:

((**ئێستا نا کەمێکی تر دەزانن مامۆستای قوتابخانە هاتووە**)).

خەڵك لەناکاو بێدەنگ بوون، ئەوانەی دانیشتبوون هەڵسان ئینجا کەوتنەوە قسە:

((**هات. زۆراب ئاغا هات**)).

زۆراب گەیشتە ناوەڕاستی خەڵکە چاوەڕێکەو قاڵییەکی سەر زەویی بۆ چۆڵ کرا لەسەری دانیشێ. سیامەند خزمەتکاری قوتابخانەکەی ناردبوو ئاگاداری بکاتەوە کەی زۆراب دەگاتە جێ تا دوای ئەو بچێ. خزمەتکاری قوتابخانە زۆرابی بینیو خێرا چوو سیامەند ئاگادار بکاتەوە. سیامەند بە جوحای وت لەپێشییەوە بڕواتو گوێدرێژەکە لەگەڵ خۆی بێ. خۆی دوای جوحاو گوێدرێژەکە، سەگەکەش لەتەنیشتی خۆی.

دیمەنێکی سەیر بوو گوند بینی" دوو مرۆڤو دوو ئاژەڵ بە پۆشاکە ڕەشو سوورە سەیرەکەیانەوە هاتوون، خزمەتکاری

قوتابخانەکەش بەفیزەوە بەدوایان دەڕوات. دیمەنەکە بۆ مامۆستای قوتابخانەکە سەیرتر بوو. ئەو دیمەنی وای تەنانەت لەناو شاریش نەبینیوە. جارێك لە سینەمایەکی گەڕۆك شتی سەیری لەو جۆرە بینیبوو بەڵام ئەمە دیمەنێکی جیاوازە.

دوو مرۆڤو دوو ئاژەڵەکە، لەدوای هەمووشیان خزمەتکاری قوتابخانە گەیشتنە ناوەڕاستی قەرەباڵغییەکە. زۆراب هەڵساو پێشوازیی لێکردن. سیامەند دانیشتو بێئەوەی قسە بکات دەستی بۆ کۆنە ئاغا جووڵاند کە دەست بکات بە قسەکردنو ڕوونکردنەوە. زۆراب ڕووی کردە خەڵك:

((**ئێوەمان کۆکردۆتەوە تا ئەوەتان پێ بڵێین: خوا خۆی دەبەخشێو خۆی دەسەنێتەوە. باوکم تا مرد ئاغای ئەم دێیەو سێ دێی ئەودیو کەژ بوو. دوای مردنی باوکم کەسانێکی بێوەفا بینییان ناخۆشی کەوتۆتە بەینی خۆمو ڕۆستەم ئیتر هەر دێیەك کوێخایەکی بۆ دروست بوو. ئێستاش کە تەنها ئێرەم بەدەستەوە ماوە دەیدەمە سیامەند. زەوییەکانی خۆم بۆ خۆم دەمێننەوە ئەویش کەیفی خۆیەتی پووشانەو شتی تر وەربگرێ یان نا**)).

تەماشای سیامەندی کردو چاوەڕێ بوو ئەویش قسە بکات. سیامەند ئەوەی وت کە زۆراب دەیویست:

((**ئێمەش بۆ هێشتنەوەی ڕێزو حورمەتی ماڵی شاوەیس ئاغا بڕیارمان دا هەرچی مۆڵکی کوڕەکانی ئەو لەدەستی خۆیان بیانهێڵینەوە. ئێوە دەزانن پێویستمان بەو مۆڵکانە نییە**)).

وەکو کەسێکیش لەسەر شانۆ بێ هەردوو دەستی بەرزکردنەوە:

((**ئەوەی جادووگەری مەزنو هێزە نادیارەکان پێیان بەخشیوین زۆر لە زەویو چەمو لەوەڕگە بەنرخترە. تەهتەهووب، لەهووب، کەشکەشعەلیووش**)).

بڕیارێکی خۆخۆشەویستکردنیش لەو کاتە پێویست بوو:

((**بڕیاریشم پووشانە نەمێنێ، مۆڵکانە لەو چەند کەسە وەرناگرم**

**کــە زەوییــان هەیــە، نــە موڵکانــەو نــە ئاغایانــەو نــە توورەکانــە، هەرچییەکی تریش هەقی خۆمە دەیبەخشمەوە بە خۆتان))**.

ئەو غەڵبەغەڵبەی دوای ئەو بڕیارە لەو خەڵکەی بیست پێـی وت ئاغایەتییەکـەی ئـەمڕۆ دامـەزرا، داوای هـەر جـۆرە ڕێـزێکیش بکـات یەکسەر دەستیدەکەوێ.

مامۆستای قوتابخانە لە نیوەی نمایشەکە تێگەیشـت. قسـەکانی زۆرابو سیامەندو بەخششەکەی سەیر بـوون، هـاواری سـیامەندیش بۆ بوونەوەرە نادیارەکـان سـەرنجی ڕاکێشـا. هەسـتی کـرد درەنـگ گەیشتووەو بێئەوەی بزانێ بەرەیەکی تـری نـەزانیو خوڕافـەتی بـۆ کراوەتەوە. بۆشی دەرکەوت گوند چاوەڕێی ئەو نەبووەو ئەو هێشتا ماوێتی پێ بنێتە سـەر یەکـەم بسـتی ڕێگەکـە. بڕیـاری دا چـاوەڕێی کۆتایی ئاهەنگەکە بێ ئینجا یەکسەر دەست بکـات بەهەڵوەشـاندنی ئەو خوڕافەتەی ئاشکرا دیارە کاری لە مێشکی ئەو خەڵکە کردووە.

سـیامەند بەپەنجـە ئامـاژەی بـۆ جوحـا کـرد. جوحـا نـەیزانی ئاغاکەی چیی دەوێ. لەشوێنی خۆی بێجووڵە وەسـتاو پـڕ بـەدەمی زەردەخەنەی بوو. سـیامەند ڕووی تێکـردو خێسـەی لێکـرد. جوحـا زانی ئاغاکـەی شـتێکی تـری لـێ دەوێ. دوو بـرۆی دایـان لـە یـەکو بەخێسەوە تەماشای خەڵکی کرد. سیامەند زانـی هەڵـەی خۆیـەتی" دەبوایـە پێشـتر پێـی بوتایـە دوای ئـەو ئامارژەیـە چـی بکـات. بـە فەرمانێکی زبرەوە پێی وت:

((**بە خزمەتکاری قوتابخانەکە بڵێ شیرینییەکە ببەشێتەوە**)).

جوحــا تێگەیشــتو ئــەو توورەکەیــەی هــەڵگرت کــە پشــتی گوێدرێژەکە هەڵیگرتبوو. دایـە دەسـتی خزمـەتکاری قوتابخانەکـەو پێی وت ئـەو قەنـدە لەتکراوانـە بـەش بکـاتو یـەکی چـنگێك کلـۆی شەکریان بداتێ.

سیامەند پەرۆشیی خەڵکەکەی بینی کاتێك کلۆ شەکرەکەیان وەردەگرت. ویستی پیشانی بدات کە ئاغای نوێ دەتوانێ لەوە زیاتر ببەخشێ:

((**رۆژانی داهاتوو خواردنتان بۆ دروست دەکەم، لەجیاتی شەکر تێر گۆشت دەخۆن**)).

سەگەکە لەشوێنی خۆی هەڵبەزییەوە:

((**گۆشت. تێر بخۆن گۆشت**)).

جوحا وایزانی ئەگەر قسە بکات قسەیەکی گرنگ دەکات:

((**لەسایەی ئاغای تازەمان هەموو ڕۆژێك پیاوانی ئاوایی. بڵێم پیاوان و ژنانی ئاوایی تێر گۆشت دەخۆن، هەموو ڕۆژێك شایی دەبێ**)).

سیامەند زانی پێویست ناکات ئێستا بەدرۆی بخاتەوە کە ئەوە هەموو ڕۆژێك نابێ. گوێدرێژەکە تەماشای خەڵکەکەی دەکرد دەمیان دەجووڵێتەوە:

((**خەڵك لەماڵیان گیا ناخۆن مەڕەکان گیاکەیان خوارد خەڵك برسییانە منداڵەکانیان دەخۆن منداڵەکانیان گیاکەیان تەواو کرد سەمدەم گیای سپییان دەداتێ بۆ ئەوەی منداڵەکانیان نەخۆن**)).

مامۆستاکە جادووگەرەکەی بیست باسی خزمەتکاری قوتابخانە دەکات و زانی ئەوە یەکێکە لە کارمەندانی ئەو دەزگایەیە کە پێویست ڕووناکی بڵاوبکاتەوە کەچی ئێستا بۆتە ئامێرێکی دەستی پیاوی خوڕافەت. ویستی لێی تووڕە بێ بەڵام بیریکەوتەوە کە ئەو تەنانەت خۆشی بە کەس نەناساندووە.

خەڵك ماوەیەك لەوێ مانەوە ئینجا ویستیان پاش ڕۆشتنی ئاغای کۆن و نوێ بڵاوەی لێبکەن. مامۆستا نەیهێشت هەموو بڕۆن. چووە سەر بەردێك و هاواری کرد:

((**دانیشتوانی شامار! وەرن بۆ ڕووناکی، وەرن بۆ زانست**)).

دانیشتوانی شـامار ئـەو دیمەنـەیان لا سـەیر بـوو، یەکـەم جـارە کەسێك ببینن وتار بـدات. پیاوێـك سەرسـوڕمانی لـەو سـاڵە سـەیرە دەربڕی:

((**وەڵـڵا لـەژیانمان شـتی وامـان نـەبینیوە. جـاریٚ سـاحر. جـاریٚ یەکێکی تر هاوار دەکات. تۆ کێی کوڕەو بۆچی هاتووی؟**)).

لاوەکە هاواری کردەوە:

((**مـن مامۆسـتای قوتابخانەکـەم. هـاتووم مێشـکتان بکەمـەوە. لـە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی بتانبەم**)).

مامۆسـتاکە لـە بـەردی وتارەکـە دابـەزیو بـۆ لای خزمـەتکاری قوتابخانەکە چوو و قۆڵی گرت:

((**تـۆ خزمـەتی شـوێنێکی پـیرۆز دەکـەی چـۆن بـەڕەوای دەزانـی شوێنی دەججالێکی وەکو ئەوە بکەوی؟**)).

خزمەتکارەکە تێنەگەیشت:

((**ها؟**)).

مامۆستاکە فەرمانی پێدا:

((**تـۆ لای مـن ئـیش دەکـەی، هـەردووکمان لەخزمـەتی پێشـکەوتن کاردەکەین**)).

خزمەتکارەکە هەر تێنەگەیشت بەڵام شـوێنی مامۆسـتاکە کـەوت کە بەرەو قوتابخانەکە دەچـوو. مامۆسـتا چـووە نـاو قوتابخانەکـە. یەکەم وانەی دەستپێکرد:

((**بـەتۆوە دەسـت پێدەکـەم. پێویسـتە تـۆ یەکـەم کەسـی گونـد بـی بزانیٚ زانست ڕووناکییە**)).

مامۆستاکە پەلەی بوو شتەکان بەو پیاوە بڵیٚ کە دارجگەرەکەی دەکێشاو نەیدەزانی باس لە چی دەکریٚ:

((**تــۆ پیــاوێکی زەحمەتکێشــی. ســەدان هــەزار وەکــو تــۆ هــەن چەوساوەی دەستی شێخ‌و ئاغان، ئێسـتاش دەبیـنم لـەناو گوندەکـەتان چەوسـێنەرێك لـە جـۆرێکی تـر هەیـە. شـێخ‌و ئاغـا خوێنتـان دەمـژن،**

**جادووگەرەکەش لەهەمان چەشنە))**.

خزمەتکاری قوتابخانەکە بۆ یەکەم جار قسەی کرد:

((**با ژوورەکەت پیشان بدەم. پێشتر ژووری ساحرەکە بوو))**.

مامۆستا فەرمانی پێدا:

((**هەر ئەمڕۆ جاڕ بەناو ئاوایی بدە. سبەی یەکەم ڕۆژی قوتابخانەیە))**.

جانتا قورسەکەی دایە دەستی خزمەتکارەکە:

((**سی دەفتەری بچووك لەناو ئەم جانتایە هەن. هەر قوتابییەك دوو دەفتەری بەردەکەوێ. دواتر هی تریان بۆ دەهێنم. قەڵەمو لاستیکی خەتکوژانەوەو شتی تریشی تێیە. سبەینێ یەکەم وانە دەست پێدەکەین))**.

خزمەتکاری قوتابخانەکە جانتاکەی وەرگرتو بۆی بردە ژوورەکەی خۆی، بۆ مامۆستاکە پێکەنیو بۆی دووبارەکردەوە:

((**ئەمە ژووری ساحرەکە بوو))**.

چووە دەرەوەی قوتابخانە بۆ گەیاندنی نامەی مامۆستا. بەدەم ڕێگەوە بەپەنجە دەیژمارد:

((**با من دەرسی یەکەم دەستپێبکەم. یەك. دوو. سێ. سێ ئاغام هەیە))**.

خەریکی ژماردن بوو کاتێك دەنگێك لەپشتەوە بانگی کرد:

((**هێی تۆ))**.

خزمەتکارەکە ئاوڕیدایەوە، جوحا بوو:

((**وەرە ئاغا تۆی دەوێ))**.

سیامەند چاوەڕێی خزمەتکاری قوتابخانەکە بوو. پێش ئەوەی ئەو قسە بکات لێی پرسی:

((**ئەو کوڕە چییە کە تازە بۆ دێ هاتووە؟))**.

خزمەتکار:

((**مامۆستای قوتابخانەکەیە))**.

سیامەند ئەو ڕۆژانەی بیرکەوتەوە کە باوکی خستبوویە بەر حوجرەیەکی شار. بەرهەمی ئەو ماوەیەی حوجرەکە بوو توانی هەندێ وشە بخوێنێتەوەو بنووسێ، بەلاّم ئێستا زانیارییەکی زۆرتری دەستکەوتووە، زۆرتر لەوەی قوتابییانی حوجرەکانو قوتابخانەکان، زانیاریشو دەسەلاّتیشی دەستکەوتووە، دەوڵەمەندییەکی بێوێنەش کە چاوەڕێی دەکات.

((**قوتابخانە**؟!))، سیامەند لەبەرخۆیەوە وتی، خزمەتکارەکەش وایزانی لەگەڵ ئەویێتی:

((**بەڵێ قوتابخانە**)).

سیامەند خزمەتکارەکەی بە پەنجەیەك ڕەوانە کردەوەو بەتەنیا لەگەڵ یادی کۆنتری ژیانی مایەوە، وەکو خەونێك ببینێ دووبارەی کردەوە:

((**قوتابخانە**!!)).

* * * * *

مامۆستا پەلەی بوو. ڕۆژی دووەمی گەیشتنی کەوتە کار. هەر ئەو ڕۆژەش توانی قەناعەت بە چەند باوکێك بکات منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە بنێرن. شەش منداڵ بۆ مامۆستا کۆببوونەوە. مامۆستا یەکەم وانەی دەستپێکرد:

((**بیستووتانە ناوم چییە؟ من ناوم کەریمە بەلاّم پێم خۆشە بە ڕائد بانگم بکەن، ڕائد واتا پێشەنگ. من هاتووم لە تاریکییەوە بەرەو ڕووناکی بتانبەم. یەکەم دەرس با دەست پێبکەین: زانین ڕووناکییەو نەزانی تاریکییە. لەدوامەوە بیڵێنەوە**)).

پێویستی کرد مامۆستا چەند جارێکی تر ئەوە بڵێتەوە تا منداڵەکان فێر بن لەدوای ئەوەوە بیڵێنەوە. وانەکە دەستپێکردو تا تەواو بوو مامۆستا بەرز دەیوتو ئەوان دەیانوتەوە، سەرەتا نزم، پاشان لە مامۆستا بەرزتر:

((**زانـین ڕووناکییـه. نـهزانی تاریکییـه، زانـین ڕووناکییـه. نـهزانی تاریکییه، خوێندهواری چاوڕۆشنییه. نهخوێندهواری کوێرەوەرییە**)).

مامۆسـتا وانهکـهی کۆتـایی پێهێنـاو بڕیـاری دا وانـهی داهـاتوو هاواری تریان فێر بکات:

((**ژەنگـی سـهدان ساڵی جههالـهت لـهناوتان ماوەتـهوە. هـهمووی لێدەکەمەوە**)).

مامۆستا ڕائد کهمێك له ژوورەکهی مابووەوە کاتێك خزمـهتکاری قوتابخانهکـه لـه دەرگاکـهی دا. خزمهتکارەکـه نامهیـهکی پێبـوو بیگەیەنیٚ:

((**سیامەند ئاغا تۆی دەویٚ**)).

ڕائد نهیزانی خزمهتکار باس لهچی دەکات:

((**سیامەند ئاغا کێیه؟**)).

خزمهتکار:

((**چـۆن نایناسـی؟ سـیامەند. ئاغـای تـازەی گوندەکـهمان. جادووگەری گەورەی گوندەکەمان**)).

ڕائد:

((**ئیشم نه به ئاغایهو نه به جادووگەر، ئهگەر ئهو ئیشی به منه با ئهو بێت**)).

خزمهتکاری قوتابخانهکه ئامۆژگاریی هەبوو بۆ ئهو لاوە:

((**دوژمنایهتیی سیامەند باش نییه، ئهو دەتوانیٚ به فوویهك وات لێبکات دیارنهمێنی**)).

مامۆستا سوور بوو:

((**تاکـهی کۆنهپهرسـتان مێشـکتان بـهو توڕڕەهاتانـه دەشـۆنهوە؟ ئهوەی ئاغاکهتو هەموو ئاغاکانی جیهان دەیکهن تـهنها بۆ ئهوەیـه تـا کۆتـایی ژیانتـان بتانچهوسـێننهوە، ئینجـا دوای ئـهوە نـۆرەی منداڵهکانتان دیٚ بۆ ئهوەی بیانکهنه کۆیلهی خۆیان**)).

وەکـو قسـهکانی تـری مامۆسـتاکه، خزمهتکارەکـه لـهو قسـانه

تێنەگەیشت، سەری باداو چووە دەرەوە:
((**هەقم چییە؟ بە ئاغا دەڵێم مامۆستا نایەت**)).
دەبوایە ڕازی نەبوونی مامۆستاکە بچێتە لای ئاغای نوێ بەبێدەنگی بڕوات، ئەوە یەکەم شکستە:
((**با کەس نەزانێ ناردبووم بەدوای**)).
خزمەتکاری قوتابخانەکە سەری بۆ فەرمانی سیامەند نەوی کرد. سیامەند بیری لە ڕێگەی تر کردەوە بۆ ناسینی مامۆستاکەو تواناکانی، بەڵام پێش ئەوە پێویستە مێشکی خۆی بە شتی گرنگتر سەرقاڵ بکات، یەکەم شتیش ئاهەنگی گەورەی بوون بە ئاغا کە دەبێ بیگێڕێ. دەبێ هێندە گەورە بێ ناوبانگی بگاتە ئەولاتری شاری سولّتان ئاباد.
سیامەند بڕیاری دابوو چەند ڕۆژێکی تر ئاهەنگەکە بگێڕێ، هەموو گوندەکانی دراوسێش بانگ بکات، چەند کەسێکی ناوداری شاریش. سیامەند جوحای بانگ کردو دڵنیا نەبوو بتوانێ کارەکە بەڕێوەبەرێ:
((**ئەگەر پێت ناکرێ قسە بکە، نامەوێ دەستم ببڕی**)).
جوحا بەدڵگەرمییەوە دادکۆکیی لەسەر توانا ئیدارییەکانی کرد:
((**تاقیم بکەرەوە، ئەگەر نەمتوانی یەك کچم بۆ مەخوازە**)).
تاقیکردنەوە بەدڵی ئاغاکەی نەبوو:
((**ئاهەنگەکە وەکو تۆ پەرپووت دەربچێ ئابڕووم دەچێ، ئەو کاتەش هیچ شتێك قەرەبووی ئەو ئابڕووە تکاوە ناکات هەتا ئەگەر لەبەرچاوی خەڵك سەریشت ببڕم**)).
جوحا سوور بوو، سیامەندیش چاری نەبوو. ئەو سەرەتایەتیو نایەوێ لەیەکەم کارییەوە پشت بە کەسێکی گوندەکەوە ببەستێ.
ڕۆژی دواتر سیامەند هەموو ڕێنماییەکانی ئامادەکردبوو. خۆیو جوحا چوونە دەرەوەی ماڵ. سەگەکەو گوێدرێژەکەیان

لەگــەڵ خۆیانــد بــەرەو دەرەوەی گونــد بــرد. لــەدەرەوەی گونــد خزمەتکاری قوتابخانەکــە پێیــان گەیشــت. بڕیــار درا ببێتــە هــاوڕێی کارەکــەی جوحــا. ســیامەند هاوڕێکــەی بــەڕێکردو بــەردەوام بیریدەخستەوە:

((**جوان لە شار ڕەفتار بکە. ئابڕووی ئیشە تازەکەت و جلەکانت مەبە. نەکەی قسەی قۆڕت بۆ بکەن تۆش گێل گێل پێبکەنی**)).

دوا ئامۆژگاریشی کرد:

((**بــەردەوام تــۆ ســواری گوێدرێژەکــە بــە، تــەنها لــە چــۆڵەوانی بــا خزمەتکاری قوتابخانەکە سوار بێ. نابێ کەس بتبینێ بەپێوە دەڕۆی و خزمەتکارەکە سوار بووە**)).

جوحــا ســوار بــوو و خزمــەتکاری قوتابخانەکــە تەنیشــت گوێدرێژەکە وەستا، سیامەند زللەیەکی لە سمتی گوێدرێژەکە دا تا بکەوێتە ڕێ. کەرەکە سووک یەك جار زەڕی:

((**سەمدەم دەستی قورسە. لێم دەدا. دەستی قورسە. لێم دەدا. با بجووڵێم**)).

سیانەکە کەوتنە جووڵە و گوێدرێژەکە بۆ جاری دووەم زەڕی. سەگەکە بەڕووی پشتیان وەڕی:

((**ئاگادار بن**)).

بەڕووی خاوەنەکەشی هێواشتر وەڕی:

((**جووجە شت نازانی**)).

سیامەند تەماشای سەگەکەی کرد:

((**دەزانی تا ئێستا ناوی خزمەتکاری قوتابخانەکە نازانم؟ ئێستا ناوی کەرەکەش نازانم. ناویان بنێین چی؟**)).

* * * * *

جوحــا و خزمــەتکاری قوتابخانــە گەڕانــەوە و کەرەســتەکانی ئاهەنگەکــەیان هێنــا و هەنــدێ ڕاســپاردەیان گەیانــد. ڕۆژی

ئاهەنگەکەش میوانەکان بەڕێکەوتن بەڵام کاتێك گەیشتن بینییان گوند خرۆشاوە. نەخۆشییەکی کتوپڕ کەوتبووە ناو ئاژەڵەکانی ئاوایی‌و ژمارەیەکی لیٚ کوشتبوون. گوند هانای بۆ سیامەند برد. خەڵك ئەو نەخۆشییەیان پێشتر نەبینیبوو، هەبوونی جادووگەرێکیش لە گوندەکەیان هیوای ئەوەی بۆ هێنان چارەسەرێك بدۆزرێتەوە پێش ئەوەی نەخۆشییەکە تەشەنە بکات.

جادووگەر فەرمانی دا کە نابیٚ ئاهەنگی بوون بە ئاغا دوابخریٚ، لەگەلٚ ئەو ئاهەنگەش چارەسەری ئەو پەتایە دەکات. پێشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لەلایەکی ئاوایی خواردنی ئاهەنگ ئامادە دەکرا، لەلاکەی تریش پیاوانی ئاوایی خۆیان‌و مەڕو بزن‌و مانگاکانیان لای حەوزێك ئاوەوە کۆبببوونەوە، میوانەکانیش چاوەڕیٚ بوون بزانن جادووگەر چیی بۆ دەکریٚ.

سیامەند لە ماڵەکەی کیسەیەکی پیشانی جوحا داو پێی وت ناواخنەکەی بخاتە ناو توورەکەیەکی بچووکەوەو کە لەناو خەڵکەکە بە پەنجە ئامـاژەی بۆ کرد بیداتە دەستی. جوحا تێبینییەکی بەجێی هەبوو:

((**بێگومان وەکو کیسەکەی ئەو ڕۆژە کە لە شار بۆت هاتبوو بە سەری پەنجە بیگرم‌و نەیکەمەوەو دوایی پاك دەست بشۆم. وایە؟**)).

سیامەند بە کەللە پێی وت وا نییە:

((**حەز دەکەی ئەمەیان بکەرەوەو هەمووی بخەرە ناو دەمتەوەو بە گووپ بۆم بێنە**)).

جوحا هیچ شتێك لە ئیشەکانی جادووگەرەکە تێنەدەگەیشت. ئەو کاتە بیریکەوتەوە کە تەنانەت کاتێك هاوڕێکەی شوان بوو لە زۆر شتی تێنەدەگەیشت.

خەڵکەکە چاوەڕێیان کرد جادووگەر بێتە لایان، مامۆستاش لەگەڵیان چاوەڕیٚ بوو و هەوڵی دەدا تێیانبگەیەنیٚ زانست

چارەسەرە نەك جادوو، بەڵام دەبوایە پێشتر باسی بکردایە زانست چییە چونکە ئەوان زاراوەی ((زانست))یان نەبیستبوو بەو شێوەیەی ئەو وتبووی. مامۆستا کۆششی دەکردو ئەوان چاویان ڕووکردبووە ئەو شوێنەی جادووگەرەکەی لێوە دەردەکەوت، کاتێکیش دەرکەوت هەموو پشتیان کردە مامۆستاو بەرەوپیرییەوە چوون.

جادووگەر بەخۆیو پۆشاکی ڕەشییەوەو دەمامکی سامناکییەوە دەرکەوت. سەگەکە پێشی کەوتبوو، جوحا بە دەمامکەکەیەوەو گوێدرێژەکە شوێنی کەوتبوون. خزمەتکاری قوتابخانەکە نەیویستبوو لەو شانازییە بێبەش بێ“ ئەو ڕۆژە وازی لە مامۆستاکە هێنابوو و ڕێشمەی گوێدرێژی جادووگەرەکەی گرتبوو. سیامەند کاتی بەفیڕۆ نەداو دەستیکرد بە خوێندنەوەی چەند وشەیەك بەئەسپایی کەس نەیدەزانی واتاکەیان چییە. بێئەوەی ئاوڕبداتەوە دەستی بۆ ئاستی شانی بەرزکردەوەو بە پەنجە ئاماژەی ((**بیهێنە**))ی بۆ جوحای پشتی خۆی جووڵاند. جوحا لەشوێنی خۆی نەجووڵاو سیامەند ددانی بەخۆی گرت لێی توورە نەبێ کە لە زمانی پەنجەو ئاماژە تێناگات. بە سووکی وەرچەرخاو ڕوویکردە جوحاو بەدەنگێکی زبر پێی وت:

((**توورەکەکە**)).

ئینجا جوحا تێگەیشت، توورەکەکەی دایە دەستی ئاغاکەی. جادووگەرەکە توورەکەکەی وەرگرت. دەستیکرد بە وتنی چەند وشەیەکی نادیار. ئاردێکی سپیی ناو توورەکەکەی ڕۆکردە ناو حەوزی ئاوەکە. جارێکی تر وشەکانی وتەوەو بە خەڵکەکەی وت:

((**ئاژەڵەکان نزیك بکەنەوە**)).

ئاژەڵەکان نزیکخران، سەرەتا مەڕو بزنەکان. جادووگەر دەستی

خستە ناو حەوزەکە. دەستە تەڕەکەی دەرهێناو بەدەم وتنی وشە سەیرەکانەوە دەستی بەسەر ئاژەڵەکان تکاند. هەموو ئاژەڵەکان لە پرژەی ئەو ئاوەیان بەرکەوت. پاشان ئەوەی لەگەڵ گاو مانگاکان کرد، ئینجا ڕووکردە خەڵك‌و پێی وتن پەتا نەماو کاتێتی ئاهەنگەکەیان دەستپێبکەن.

ئاهەنگەکە سەرکەوتنی دووەمی ئەو ڕۆژەی سیامەند بوو. هەموو شتێك بەپێی نەخشەکە بەڕێوەچوو و ئاشکرا دەرکەوت میوانەکانی دێکانی ترو شارۆچکەکە بە چیرۆکێکی سەرسوڕمێنەرەوە دەگەڕێنەوە ماڵەوە.

سیامەندو پێڕەکەشی گەڕانەوە ماڵەوە، لەڕێگەش بوو کاتێك گوێی لە مامۆستاکە بوو دەیقیڕاند:

((**ئەمە خوڕافەتە، ئەمە دواکەوتنە**)).

سیامەند نیگەران نەبوو چونکە میوانەکان ڕۆشتبوو، لەگەڵ ئەوەش بۆی دەرکەوت کە دەبێ سنوورێك بۆ ئەو مامۆستایە دابنێ. ئەو لەو خەیاڵە بوو و جوحا تا گەیشتەوە ماڵ لەبارەی چارەسەری ئەو پەتایەوە دەیپرسی:

((**چیت خوێند؟ ئەو ئاردە سپییە چی بوو؟**)).

سیامەند دەترسا جوحا هەواڵی کیسەکەی تر کە جوحا بە سەری پەنجە هەڵیگرتبوو ئاشکرا بکات، ئەو کاتەش مامۆستاکە بگاتە ئەنجامێك:

((**خراپە بیزانی، زۆر خراپە بپرسی، زۆر زۆر خراپە باسی بکەی**)).

سەگەکە وەڕی:

((**جووجە زمانی ناوەستێ**)).

گوێدرێژەکە لەدڵی خۆی گلماندی:

**((سەمدەم ئاوی کرد بەسەر مەڕەکان سەمدەم مەڕەکانی کردە مناڵی خۆی مەڕەکان کاکەی دەخۆن سەمدەم لەگەڵ مەڕەکان دەنوێ**

**ئەوانیش گاز لە گوێچکەی دەگرن)).**

چارەسەری جادووگەرەکە هەروەکو ئاهەنگەکەی لەبەرچاوی ئاوایی بێوێنە بوو و نەخۆشییەکە ڕەوییەوەو هیچ ئاژەڵێکی تر مردار نەبووەوە، بەڵام مامۆستاکە نەبەزیبوو و تۆوی گومانی لەناو دڵی خەڵك دەچاند، دەیوت جادووگەر کاتی خۆی شوان بووەو دەیزانی ئاژەڵی تر مردار نابنەوەو ئەوەی کردبووە منەتی جادووەکەی. مامۆستا زۆری ئەوە وتەوە، تەنانەت ئەوەشی وت کە ژەهر مەڕەکانی کوشتبوو و ئەوە دەستی جادووگەرەکەی تێ بوو.

مامۆستاکە لە مامۆستاکانی خۆی فێر ببوو ئەو شتەی مەبەستێتی خەڵك قەناعەتی پێبکەن سەدبارەو هەزاربارە بکاتەوە تا ئەو کاتەی باوەڕی پێدەکرێ. ئەمجارەش، هەروەکو زۆر جاری تر، ئەو شێوازە سەرکەوتنی بەدەستهێناو هەندێ پیاوی گوند کەوتنە گومانو حەزیان کرد دڵنیا بن. زۆرابیش لەلای خۆیەوە هانی دەدان بچنە لای جادووگەرو ئەو قسانەی ڕووبەڕوو بکەنەوە.

دوو پیاو چوونە لای ماڵی جادووگەرو ماوەیەك وەستان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی چوونە ژوورەوە بەڵام کەس نەچوو بەدەمیانەوە، ئەوانیش بەحەزەرەوە چوونە ژوورەوە. سیامەند دەیزانی بۆچی هاتوون. دوو پیاوەکە چوونە ئەو ژوورەی جادووگەرەکە تێی دانیشتبوو و بینییان بخووردی سووتاندووەو لەسەر ئەژنۆ لەبەردەمی دانیشتووە. بەپەنجە ئاماژەی بۆ کردن دانیشنو بەردەوام بوو لەسەر وتنی وشە سەیرەکانی وەك قسە بۆ کەسێك بکات:

**((تەهتەهووب. لەهووب. کەشکەشعەلیووش. چیت پێیە پێم بۆ هەواڵی ئەمڕۆ پێم بڵێی؟)).**

ماوەیەك بێدەنگ بوو وەك گوێبگرێ، دوو پیاوەکە بێدەنگ

چاویان بڕیبووه جادووگەرو دووکەڵەکەی بەردەمی، ئینجا گوێیان لێبوو دەپرسێ:

((**کێ؟**)).

دەنگێك لەشوێنێکی نادیارەوە هات وەك دەنگێك لەناو بیرێکی قووڵەوە دەرچووبێ:

((**مامۆستاکە**)).

جادووگەرەکە سەری بادا وەك بڵێ گوێڕایەڵی فەرمانەکەیە. سەری بۆ دوو میوانەکە بەرزکردەوەو ئارەقی ناوچەوانی سڕییەوە:

((**ئینجا بەخێربێن**)).

دوو پیاوەکە تۆقیبوونو مەبەستی هاتنەکەیان لەبیرچووبووەوە:

((**قوربان ئەوە جنۆکەکە بوو قسەی کرد؟**)).

سیامەند پرسیارەکەی پشتگوێخست:

((**ببوورن کەس نەهات بەدەمتانەوە. جوحا کەرەکەی بردووەو نەگەڕاوەتەوە**)).

دوو پیاوەکە ویستیان بزانن:

((**جنۆکەکە چی وت؟ مامۆستاکەی بۆچییە؟**)).

سیامەند وەك باسی شتێکی بێ ئەهەمیەت بکات:

((**هیچ نییە، خۆم چارەسەری دەکەم**)).

پێش ئەوەی کەسیان قسەیەکی تر بکات کەرەکە لەدەرەوە زەڕی. خۆیو جوحا بوون لەدەرەوە گەڕابوونەوە ماڵەوە. جوحا چووە ژوورەکەو دوو میوانەکەی پشتگوێخست:

((**قوربان دواکەوتم، کەرەکە..**)).

سیامەند نەیهێشت تەواوی بکات چونکە دەیزانی قسەیەك دەکات بێئەوەی بیری لێبکاتەوە:

((**قەید ناکات**)).

بەڵام جوحا سوور بوو لەسەر ئەوەی بێ بیرکردنەوە قسە بکات:

((**قوربان کەسێکم بینی بەپەلە لە ژوور...**)).

دەنگی ئاغاکەی زبرتر بوو:

((**قەید ناکات. دانیشە**)).

خێرا ڕووی کردە دوو پیاوەکە:

((**مامۆستای قوتابخانە ئاغاکانی تووڕەکردووە. دەترسم ئاوایی تووشی فەتارەت بێ، مامۆستا قسە بە ئاغاگەورەکان دەڵێ**)).

دوو پیاوەکە لەوە زیاتر نەمانەوەو ڕۆشتن. ئاوایی تێگەیشت دەستێکی جانەوەرە ترسناکە نادیارەکان لەپشتی مردارەوەبوونی ئاژەڵەکانیان بوو، هۆکەش قسەکانی مامۆستاکەیە، دوو پیاوەکە زیادەیەکی خۆیان هەبوو بیخەنە سەر ئاگادارییەکەی جادووگەر: ڕەنگە سبەی ئەو دەستە بگاتە گیانی مرۆڤەکان.

ڕۆژی دواتر جادووگەرەکە خۆی چووە ناو گوند تا زانیارییەکی نوێ لەگەڵ بڕیارێك بە خەڵکە ترساوەکە بگەیەنێ" پەتاکە نەفرەتێکی جادووگەرێکی کۆنە، جادوویەکە ئەو جادووگەرە کۆنەی سەدان ساڵ لەمەوبەر ژیابوو لەشوێنێکی ئاوایی شاردبوویەوە. پێویستە زوو ئەو جادووە بدۆزرێتەوەو بسووتێنرێ. قسەکانی مامۆستا ئاغا گەورەکانیان تووڕە کردووە، ئەو ئاغایانەش ژیانیان کردۆتە بەری ئەو لەعنەتە کۆنەی کەس بەدرێژایی سەدان ساڵ نەیتوانیبوو زیندووی بکاتەوە. ئاوایی بەختەوەرە کە جێنشینێکی ئەو جادووگەرە کۆنە لەگەڵیان هەیەو دەتوانێ ئەو جادووە بەتاڵ بکاتەوە. دەبێ هەر ئەو ڕۆژە هەموو خەڵکی ئاوایی:

((**بە پیاو و ژن‌و منداڵ‌و ئاژەڵەوە بچنە دەشت، قاپ‌و مەنجەڵ بە پەڕۆ داپۆشن، هەموو دەرگاکان دابخەن، پێش ئەوەش چەند شتێك بەسەر ئاوی حەوزەکە دەخوێنمەوە، لەو ئاوە بەرن‌و لەبەردەگای ماڵەکانتان بیڕێژن**)).

ترس پاڵی بەخەڵکەوە نا گورج فەرمانەکە جێبەجێ بکەن، هەر

یەك لەو ئاوەی برد کە وشە سیحراوییەکانی پیا خوێنرابوو و لەبەردەگای ماڵەکەی ڕشتی. هەمووش خێرا چوونە سەر گردە قوتەکەی باشووری گوند بۆ تەماشاکردنو چاوەڕێکردن. جادووگەر پێی وتن ئەگەر مەترسی نەما بانگیان دەکاتەوە، بەڵام ڕەنگە مەترسییەکی گەورە هەبێو ناچار بن چەند ڕۆژێك میوانی گوندەکانی دراوسێ بن بۆیە خواردن بەشی ئەو ڕۆژانە بپێچنەوە تا نەبنە بار بەسەر شانی ئەو دراوسێیانە.

مامۆستای قوتابخانە نەیویست بڕوات، بەڵام لە حاڵەتی وا چەندین کەس ئامادەن بەپاڵو بەڕاکیشان دووریبخەنەوە. مامۆستا لەگەڵ خەڵك لەسەر گردەکەوە جادووگەرەکەی دەبینی لەناو دێ دەسووڕێتەوەو جووڵەی سەیر دەکات. مامۆستا دەیقیڕاند: ((**خورافەتە، دواکەوتنە**)). هێندە قیڕاندی تا کەسێك بەپێویستی زانی بۆ بێدەنگکردنی مستکۆڵەیەك بە دەمی ببەخشێ.

خەڵکی ئاوایی جادووگەرەکەیان بینی ئەو شتانە دەکات کە لەژیانیان نەبینیوبانەو نەبیستوویانە. سیامەند جوحاو خزمەتکاری قوتابخانەو سەگەکەو گوێدرێژەکەی لەگەڵ خۆی هێشتەوە. جادووگەرەکەو جوحا لەناو دێکە لەسەرخۆ دەسووڕانەوە، هەردووکیان لەسەر پۆشاکە سەیرەکەیانەوە عەبای ڕەشیان کردبووە بەرو لایەکی ئەو عەبایەیان دابوو بەسەر دەموچاویان. هەر یەکیان بەدەستی چەپ کەوانێکی مسی سەرەوخوار هەڵگرتبوو و بە دەسکەکەی پیای دەکێشا. هەردوو هاواریان دەکرد: ((**هۆووۆووۆووۆووۆ**))، خزمەتکاری قوتابخانەکەش بە فەرمانی جادووگەرەکە شوێنێکی بە پاچ هەڵدەکەنیو بە خاکەناز خۆڵەکەی لادەبرد، فەرمانی هاواری پێ نەدرابوو بەڵام ئەویش بۆ خۆشیو بەئاوازی هۆرە هاواری دەکرد: ((**هۆووۆووۆووۆووۆ**)).

چـاڵێك هەڵدەكـەنراو جادووگـەر دەچـووە سـەریو تەماشـای دەكرد، بەپەنجە ئاماژەی بۆ شوێنێكی تر دەكرد خزمەتكارەكـەش دەچوو ئەوێی هەڵدەكەند.

سیامەندو جوحا خـەریكی كارەكـەی خۆیـان بـوون، دەڕۆشـتنو دەیانكێشا بە كەوانی دەستیانو هاواریـان دەكـرد كاتێـك هـاوارێكی درێـژ لـە جادووگـەر بـەرزبووەوەو خێراخێـرا بـە دەسـكەكە كەوتـە لێدانی ئەو كەوانە. بۆ ئەو چاڵە نەوییەوە كە خزمەتكاری قوتابخانـە لەشوێنێكی شارەكۆن هەڵیكەنـدبوو و گـوێی پێـوە نـا. دەسـتی بـۆ جوحا بەرزكردەوە هاوارو تەقەی كەوان ڕاگرێ. ماوەیەك گوێی گرت ئینجا هەڵسا. شـتێكی بـە خزمـەتكاری قوتابخانەكـە وت كـەس لـەو دوورەوە گوێی لێ نەبوو.

خزمەتكارەكە بەهەڵەداوان بەرەو گردەكـە ڕایكـرد. گەیشـتە لای سەرسـامە ترسـاوەكانو شـەڕی لەگـەڵ هەناسـەبڕكێ كـرد تـا تێیانبگەیەنێ سەرچاوەی مەترسییەكە دۆزرایەوە. لاشەی زەلامێكە جادووگەرە كۆنەكە سەری بڕیبوو هـاوار دەكـاتو دەڵـێ لەشـوێنێك لەو دەوروبەرە نێژراوم، لەو نەفرەتە ڕزگارم بكـەن دەنـا خێوەكـەم دەردەچێو هەموو ئەو دەوروبەرە دەسووتێنێو مرۆڤو ئاژەڵ شـێت دەكات. فەرمانی سیامەندیش ئەوەیە دەبێ خـەڵكی ئـاوایی بەپەلـە بڕۆنو لەو شوێنە نـەمێنن، دەبـێ بچـنە گونـدەكانی دەوروبـەرو تـا پێیان نەڵێ نەیەنەوە دەنا ئـەو خێـوەی چـۆتە نـاو ئێسكوپروسـكی زەلامـە سـەربڕاوەكە پـەلاماریان دەدات، پێویسـتە هـەروەها پاسـی ڕێگەكە بكەنو نەهێڵن كەس بەرەو گوند بێت:

((**ئاگاتـان لـەم قۆڵـە بـێ، منـیش بـۆ پاسـی قـۆڵی خاڵـدانو ماڵۆڵـە دەچم**)).

خــەریك بــوو فــەرمانێكی گرنگــی لــەبیر بچــێ بــەڵام بــاش بــوو

بیریکەوتەوە:

**((مامۆستاکەش بەرن و بیبەستن و نەهێڵن توخنی ئێرە بکەوێ، هەموو خەتای ئەو کەرەیە *(سیامەند ئەو وشەیەی نەوتبوو)*، ئەو بوو خێوەکانی زیندووکردەوە)).**

زەبری ترس فەرمانەکانی زۆر خێرا جێبەجێ کرد. سیامەندو جوحاو سەگەکەو گوێدرێژەکە بەتەنیا مانەوە، لەبەرئەوەش کە چاڵ هەڵکەندن کاری مرۆڤە نەك ئاژەڵ سیامەند ئەوەی بە جوحا سپارد. جوحا لەیەکەم چاڵ بڕوای بۆ دروست بوو کە بەدبەختی بەری نەداوە کە ئەوی شاگردی جادووگەر ناچار بوو کاری پاچ و خاکەناز بکات.

هەموو ئەو ڕۆژەو بەیانیی ڕۆژی دواتر چاڵی هەڵکەندو هێندە ماندوو بوو ویستی نیوەڕۆی ڕۆژی دووەم یاخی ببێ. سیامەند زانی ئەو یاخیبوونە ئابڕووبەر دەبێ بۆیە ناچار بوو یارمەتیی بدات. پێکەوە بەشی گۆڕی سێ وەچەی خەڵکی ئاوایی چاڵیان هەڵکەندو دایانپۆشینەوە.

زەویی هەڵکەندراو شتی زۆری ئاشکرا کرد بەڵام هێچیان تارماییەکانی بەرچاوی سیامەند نەبوون: سواڵەتی زۆر، بەشی هەموو دێکانی ناوچەکە تا دەگاتە شار، کووپەی ساغی بەتاڵ یان پڕ لە خۆڵ وەکو خۆڵی ناو کووپەی تەپۆلکەکە کە سیامەند وایزانیبوو پڕ لیرەی ئاڵتوونە، سەرەڕم و سەرەتیری زۆری ژەنگاوی بەشی شەڕی دوو بنەماڵە، ئێسکی مرۆڤ وەکو هەموو مرۆڤەکانی تر.

سیامەند لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و دەرنەکەوتنی هیچ شتێك لەوەی ئەوسا خەونی پێوە دەبینین شێتتر دەبوو. سەرەڕای ماندوویش وەکو شێت پاچی دەوەشاند.

لەکۆتایی دوو ڕۆژیش زانی دەست هەڵبگرێ باشترە، بچێ جلە

ڕەشە خۆڵاوییەکان بتەکێنێ یان بیـانگۆڕێو تەریقبوونـەوەی خـۆی بەرامبـەر بـە خـۆی بەبێـدەنگی بخواتـەوە. ئـاواتی دەسـتکەوتنی گەنجینـەکانی شـارەکۆن بـەبا چـوو و دەبوایـە خـۆی لەسـەر قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە ڕابهێنایە کە شارەکۆن هیچ گەنجینەیـەکی لێ نەبو. مایەپووچییەکی تر بوو، ئەمجارە لە شارەکۆن، چاوی بـۆ زەقکردۆتەوە.

مانـدووبوون لـەکۆتایی ئـەو ڕۆژە سـیامەندی کوشـتبوو. لەسـەر بەردێك لەناوەڕاستی شارەکۆن دانیشتبوو و سـەری نـەوی کردبـوو، بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە کە پارەکەی تـەواو دەبـێو پێـی بزانـرێ. هەستی کرد کەسێك تەماشـای دەکـات، کەسـێك جگەلـە جوحـا کـە هێندە ماندووبوو بەپشت کەوتبوو و وەکو کوژراوێـك هـەردوو قـۆڵی لەسـەر زەوییەکـە کرابوونـەوەو ئاگـای لـەخۆی نـەمابوو. سـەری بـەرزکردەوەو تەماشـای بـەردەمی خـۆی کـرد. بینییـەوە، سەربازەکەی ئەسکەندەر بوو تەماشای دەکرد.

زەردەخەنەیـەك لەسـەر لێـوی سـەربازەکە دەرکـەوتبوو، زەردەخەنەی لاقرتیکردن ڕەنگە کەمێکیش بەزەیی. سیامەند خـۆی بـە دواهیـواوە هەڵواسـی، ویسـتی بزانـێ سـەربازەکە ڕمەکـەی ڕووکردۆتە کوێ تا ئەو شوێنە هەڵبکەنێو دواشوێن بێ ئینجا ئەگـەر هیچی نەدۆزییەوە بەتەواوی جاڕی دۆڕاندن بدات.

سیامەند بینی سەربازەکە تەماشای دەکاتو گاڵتـەی پێـدەکات، ڕمەکەشی ڕووکردۆتـە ماڵـەکانی ئـاوایی. سـیامەند تێگەیشـت بـەڵام بەدڵی نەبوو، بـۆ یەکـەم جـار زانـی ئـەو و سـەربازەکە لەیـەکترەوە دوورن، سیامەند پێی وت:

((**بیری لێمەکـەرەوە چـونکە قـەت بـیری لێناکەمـەوە، قـەت ئـەوەیان لەگەڵ ناکەم. دەتەوێ ڕقیان لێم بێ؟**)).

هەستی کرد وەڵامەکەی کاری نەکردە سەر سەربازەکەو ئەم پێی دەڵێ:

((**دڵنیای؟ دەتبینمەوە**)).

سیامەند هەڵساو پشتی تێکرد. چوو هاوڕێکەی بێداربکاتەوەو پێی بڵێ مەترسییەکە لاچووەو ئێسکی پیاوە سەربڕاوەکەی دۆزییەوە، ئەویش بچێ جلەکانی بگۆڕێ‌و ئەو شتە بە خزمەتکاری قوتابخانەکە بڵێ‌و خەڵکەکە بێننەوە گوندی خۆیان، پێشی وت یەکەمو دوایەمین جارە پاچکاریی پێبکات. جوحا هەڵساو بەڵێنەکەی بیست. بیستی‌و باوەڕی پێنەکرد.

13

## گوندو ئەفسانە

لەبــەردەمی خــەڵکی ئـاوایی‌و لـەڕێوڕەسمێکی شـکۆدار ئێسـکی پیاوە سەربڕاوەکە لەسووچێکی دووری شارەکۆن نێـژرا. جادووگـەر ئاگرێکی گەورەی کردەوە. ئێسـکەکانی خسـتە نـاو کفنێکـی ڕەش، لەکاتێك نەریتی ئاییني پێویستی دەکرد کفنەکە سپی بـێ. چـاڵێکی قــووڵیش ئامــادە بــوو بـۆ ئــەو قوربانییــەی جادووگــەرە کۆنەکـە کردبـووی. جادووگـەرە نوێکـە پـێش ناشـتنی ئـەو ئێسـکانە چـەند وشەیەك نادیاری وت. ئاوایی تەنها چەند وشەیەکی تێگەیشت:

((**نەفرەتی خۆتمان لێ لابدەو ئەو ڕازیکردنەمان لێ قبووڵ بکە**)).

دوای ناشــتنی ئێســکەکان‌و داپۆشــینی چــاڵەکەش جادووگــەر مەڕێك‌و بەرانێکی لەسەر ئەو گۆڕە سەربڕی. بە جوجاو خزمەتکاری قوتابخانەکەشی وت دوو کەلاکەکە بەرنە دەشت‌و بۆ ئاژەڵی دڕندەو باڵندەکان جێیان بێڵن.

دەبوایــە مامۆســتا قوتابخانــە ئــەو ڕۆژانــەی بــژمێرێ کــە لــەو گوندەکـە بـۆی مـاون، لەگـەڵ ئـەوەش بڕیـاری دابـوو تـا دوا سـات جەنگەکـەی دژی ئــەو جادووگــەرە بگێــڕێ، گەیشــتنی کەسـێکیش لەپایتەختەوە بۆی بووە کۆمەکی.

میوانەکە پرسیاری شوێنی قوتابخانەی کردو دۆزییەوە. پیاوەکە چەند کاغەزێکی دایە لەگەڵ پسووڵەیەك:

**((هاوڕێ ڕائد، ئەمانە بەیاننامەی نوێی حزبن. ئەمەش پسووڵەی وەرگــــرتنی ئابوونەیـــــە کـــــە دەبـــــێ بیـــــدەی. هەواڵـــەکانی وڵات دڵخۆشکەرەوەن، لەئێستاوە تا ئەو کاتەی پێت دەڵێین پێویست ناکات پێچوپەنا بۆ بانگەوازەکەت بەکار بێنی، ئێستا بەئاشکرایی خەڵك بۆ حزب و بیروباوەڕەکانی بانگ بکە)).**

مامۆستا بەشانازییەوە وتی:

**((بەڵام من لەیەکەم ڕۆژەوە باسی ئەو بیروباوەڕانەم کردووە)).**

دوو چاوی پیاوەکە کرانەوە:

**((چۆن؟! کەس بەرەوڕووت نەوەستا؟)).**

مامۆستا هێشتا باوەڕێکی تەواوی بەخۆوە هەبوو:

**((بەڵێ هاوڕێ عادل! کردیان و کردم، وەك دەزانی ژیان جەنگە، جـــەنگی چـــینی چەوســـاوەیە بەڕابەرایـــەتیی حزبـــی پێشـــڕەو بـــۆ سەرکەوتنی ئەو چینە)).**

پیاوەکە چەناگەی خوراند:

**((کارێکی مەترسیدارت کرد هاوڕێ. یەك کەس بەس بوو خەبەرت لێبدا)).**

مامۆستاکە دیاربوو بێباك بوو:

**((گرنگە نییە! لەپێناوی چینی زەحمەتکێش و حزبەکەی ئامادەم هەموو قوربانییەك بدەم)).**

دەنگی بەرپرسەکەی پێخۆشبوونی نیشان دەدا:

**((بەدڵنیاییـەوە حـزب پێـی دەزانـێ. کـە گەڕامـەوە داواکـاری بـۆ لیژنـەی مەرکـەزی بـەرز دەکەمـەوە سوپاسـنامەت ئاڕاسـتە بکـەن. ئـاوا چاونەترس بی زوو لە حزب بەرزدەبیتەوە)).**

قسـەکانی دوایـی بـەخاوی وت و جـارێکی تـر چـەناگەی خورانـد. مامۆستا ڕائد شتی زیاتری پێبوو پیشانی بەرپرسەکەی بدات:

**((یەك دوو ڕۆژ لێرە بمێنـەرەوە. با ئـەو شـەڕەم ببینی کە کەستان نەتانکردووە)).**

بەرپرسەکەی:

((**فریای شەڕیش کەوتی؟ شەڕی چی؟**)).

مامۆستاکە:

((**لەگـــەڵ جـــەهل و خوڕافـــەت، لەگـــەڵ جادووگـــەر. ئـــەم گونـــدە جادووگەرێکی لێیە**)).

دوو چاوی پیاوەکە جارێکی کرانەوە:

((**جادووگەر؟ لەم گوندە چەپەکە؟**)).

ڕائد سەری لەقاند:

((**بـــەڵی، وەك چـــۆن قوتابخانـــە لـــەم گونـــدە چـــەپەکە هەیـــە. جادووگەرەکە دەزانێ کارم کردۆتە سەر مێشکی ئەو چەوساوانە بۆیە دەیەوێ لەم گوندە دەرمپەڕێنێ**)).

مامۆســتاکە درۆی نـــەکرد، ئـــەو بـــاوەڕی وابـــوو کـــاری کردۆتـــە سەریان. بەرپرسەکەی بۆ جاری سێیەم چەناگەی خوراندو دیار بـوو ئەو ڕۆژە زۆر دەیخورێنێ:

((**گەیشـتە ئـەو ئاسـتە؟ بەداخـەوە. ئێمـە ماوەیـەکمان لـەم گونـدە پێویستەو جارێ شەڕ نەکەین باشترە. ناچارت کردم بۆ دوو ڕۆژیش بێ لێرە بمێنمەوە تا بارەکە چاك بکەم**)).

مامۆستاکە:

((**تێناگەم**)).

مامۆستاکەی:

((**ئەگەر پەلە نەکەی تێدەگەی. گرنگترین شت ئەوەیە تەماشای من بکەی چۆن لەگەڵ جەماوەر قسە دەکەم. تەماشا بکەو فێر بە**)).

هـاوڕێ عـادل ئـەو شـەوە پشـووی داو بڕیـاری دا لەبەیانییـەوە دەستبەکار بێ. دەمەو ئێوارەی ڕۆژی دواتری هەڵبژارد کە زۆرتـرین کـەس لـەئاوایی دەبـن. مامۆسـتا ڕائـد جـاڕی دا کـە پیاوێـك لەپایتەختەوە هاتووەو دەیەوێ قسەیان بۆ بکات. خـەڵك لەبـەردەم قوتابخانە کۆبوونەوەو ئەو پیاوەیان بینی کە دەیتوانی بە لەقەلـەق بـەزمانی ئـەوان قسـە بکـات. پیاوەکـە بـە مێژوویـەکی کـورتی

چەوساندنەوە دەستیپێکرد:

**((ڕۆژێك بوو مرۆڤەکان یەکسان بوون. کەس خاوەنی هیچ نەبوو بەڵام هەموویان پێکەوە خاوەنی هەموو شتەکان بوون. مرۆڤەکان ئاسوودە بوون تا ئەو ڕۆژەی هەندێك لەوان دەستیان بەسەر شتەکان گرت. زەوی‌و کەرەستەی بەرهەمهێنانیان بۆ خۆیان داگیرکرد، لەوەبەدواش مرۆڤەکانی تریان کردە پاڵەو سەپانی ژێر دەستی خۆیان. ئیتر ئەو مرۆڤانە بوونە دوو بەش: ئەوانەی هەیانەو ئەوانەی نییانە. ئەو حاڵە بەردەوام بوو و هەر ماوەیەك بەشێوەیەك خۆی نیشان دەدا تا گەیشتە حاڵی ئێستای ئەم ڕۆژگارەمان. بەڵام زەمان دەوراندەورەو ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە کە هەریەك لەئێوە وەکو ئەوانەی تر مافی زەوی‌و گاجووت‌و گاسن‌و داس‌و هەموو شتێکی تری هەبێ)).**

ئەو چەند چرکەیەی هاوڕێ عادل تێیان وەستا تا بیر لە وشەی سادەتر بکاتەوە بەس بوو بۆ کەسێك لەوانەی گوێیان دەگرت بپرسێ:

**((لەوەتەی هەین دنیا وا ڕۆشتووە. کەی ئەو ڕۆژە دێ کە باسی دەکەی؟)).**

هاوڕێ عادل گوێزێکی وشکی زڕی پێ بوو، خستییە ژێر خۆڵەکە:

**((کەی دێ؟ ئەو ڕۆژەی ئەم دەنکە گوێزە دەبێتە دارگوێزێك‌و بەر دەگرێ. وەك دەبینن ڕۆژێکی دوور نییەو لە تەمەنی خۆمان دەبێ)).**

ئینجا ڕووی کردە ئاسمان:

**((ئەو هێزەی پێشەوایەتیی خەبات بۆ بەدیهێنانی ئەو ڕۆژە پرشنگدارە دەکات شوێنێکە لەسەر ئەم زەوییە، زۆر بەهێزەو هەموو دنیا چاوەڕوانێتی. ئەو بەتەنیا نییە بەڵکو شوێنی زۆری تر دەستیان خستۆتە ناو دەستییەوە)).**

پرسیارێکی تر هات:

**((ئەو شوێنە کوێیە؟)).**

هاوڕێ دەستی بۆ لای باکوور درێژ کردەوە:

((**ئەو شوێنە پێی دەوترێ یەکێتیی صۆفیەت** *(تا توانی ددانی لەسەر دەنگی "ص" توند کرد)*. **یەکێتیی صۆفیەت گەورەترین وڵاتە. ئەو ڕۆژەی هەموومان دەست لەناودەست ئیش بکەین هەموومان دەحەسێینەوە. هەموو پێکەوە کار دەکەین و کەس زۆرمان لێناکات. هەر یەکێکیش پاش کارکردن بەخۆشییەوە دەچێتەوە ماڵەوە. بەئاسوودەیی و سەربەرزییەوە سەر دەخاتە سەر سەرینەکەی. بەیانیش کە خەبەری بووەوە دەبینێ لیرەیەکی ئاڵتوون خراوەتە ژێر سەرینەکەی**)).

مقۆمقۆ کەوتە ناو خەڵکەکە. مامۆستا ڕائد بەدوو چاوی ئەبڵەقەوە تەماشای مامۆستاکەی خۆی کرد. قسەکانی دوایی نوێ بوون. فریا نەکەوت بەزمان سەرسوڕمان دەرببڕێ. ئینجا مامۆستاکەی ئەو قسانەی کرد کە دەیناسینەوە:

((**ئەو ڕۆژەش کۆتایی پێ دێ کە کەسێك بتانچەوسێنێتەوە**)).

ڕائد بەگوێی چرپاندی:

((**ئەم گوندە کوڕە ئاغایەکی هەیە. جادووگەرێکیشی لێیە. بڵێ وەکو ئەو دوانە. وەکو ئەو دوانە هاوڕێ**)).

عادل ئەو قسەیەی پشتگوێ خست و قسەکەی دووبارە کردەوە:

((**کەسێك نامێنێ بتانچەوسێنێتەوە...**)).

ڕائد پێی بڕییەوە و بەگوێی چرپاندییەوە:

((**وەکو ئەو کوڕە ئاغایە. وەکو ئەو جادووگەرە**)).

مامۆستاکەی ئەمجارەش وەڵامی نەدایەوە و بەردەوام بوو:

((**وەك چۆن لە وڵاتانی تر ئەو دەوڵەمەندانە هەن کە لە شار دەژین و خوێنی خەڵکی شارەکان دەخۆن**)).

ڕائد ناچاری چرپەیەکی تر بوو:

((**بورجوازییەکان هاوڕێ. بورجوازییەکان**)).

مامۆستاکەی بێئەوەی ئاوڕی بۆ بداتەوە بەزبری وەڵامی دایەوە:

((**ئەوان لەو وشانە تێناگەن**)).

ئینجا دەنگی بەرزتر کردەوە:

((**ئەگەر بشتانەوێ بزانن ئەو چەوساندنەوەیەی دەوڵەمەندانی شار چۆنە تەماشای دەوروبەرتان بکەن**)).

ئاوا بە گشتیو بێ ڕوونکردنەوە. ڕائد لێرە خۆی نەگرتو هاواری کرد:

((**ئاوڕێکیش بۆ جادووگەرەکەتان بدەنەوە کە دەتانچەوسێنێتەوەو بژێویی خۆتانو منداڵەکانتان لێ دەسەنێ**)).

پیاوێك دەستی خستبووە ناو ئەو پشتێنە پەڕۆ کۆنەی چەند پێچێك بەدەوری سكو پشتی سووڕابووەوە:

((**بەڵام ئەو جادووگەرە هیچی لێ نەسەندووین**)).

یەکێکی تر ڕوونی کردەوە:

((**ئەو هیچمان لێ ناسەنێ بەڵکو جارجارەش شتێك بە یەکێکمان دەدات**)).

عادل پەشۆکاو ئەو ڕستەی بۆ نەوترا کە ئامادەی کردبوو. ئاوڕی لۆمەی بۆ ڕائد دایەوە:

((**وەك قسەت کرد دەبوایە بتزانیبایە. بۆچی بۆت باس نەکردم؟**)).

چاوەڕێی وەڵامی نەکردو ویستی خێرا بە قوماشێکی تر پینەی بکات:

((**تەماشای ئەزموونی گەلانی تر بکەن، ئێمە دەتوانین وەکو ئەوان بکەین**)).

ئەمجارەش ئاوا پڕ تەمومژو بێ ڕوونکردنەوە. ئینجا نەخشەکەی گۆڕیو دەستی کرد بە وتنەوەی وانەیەکی فەلسەفیو مێژوویی لەبارەی کرۆکی چەوساندنەوەو مێژووییەکەیەوەو پڕی کرد لە زاراوەی قورسو ناوی وڵاتو فەیلەسووفی ئاڵۆز. ڕائد خۆی بەسەر گوێچکەی مامۆستاکەی لار کردەوەو بیریخستەوە کە ئەوان لەو قسانەو لەو وشانە تێناگەن.

ژووری مامۆستا لە قوتابخانەکە کە پاش ئەو وانەیە گەڕانەوە بۆی شوێنێکی گونجاو بوو بۆ عادل وانەیەکی تر بە قوتابییەکەی بڵێ و بۆی ڕوونبکاتەوە کە پێویستە بەپێی ئاستی ئەو ڕەشوڕووت و نەخوێندەوارانە قسە بکرێ:

**((تۆ دەتوانی مارکس وەك شێخی تەریقەت پیشان بدەی، ئەنگلزیش وەك موریدێکی شێخ، لینینش تەریقەتی لەو وەرگرتووەو بۆتە جێنشینی ئەو، هاوڕێ ستالینیش ئەو کاتە ئەو جێنشینەیە کە گەیشتۆتە پلەی قوتب)).**

ئەو قسانە تامێکی تفتیان بە گەرووی ڕائد دابوو:

**((بۆیە لەجیاتی یەکێتیی سۆڤییێت وتبووت یەکێتی صۆفیەت؟)).**

**هاوڕێ عادل:**

**((بەڵێ! ئەمە لەشوێنی تر سەریگرتووە، بەڵام نازانم لێرە چەند کاریگەر دەبێ)).**

ڕائد بەخەفەتەوە:

**((بەڵام ئێمە فێری ئەو قسانە نەکراوین. هاوڕێ عادل! ئەوەی دەیڵێی ئایدیۆلۆجیای خاوێنی پرۆلیتاریا پڕ لە خەوش دەکات)).**

مامۆستاکەی بە ئاوازێك وەك پیلانی شەیتان وەڵامی دایەوە:

**((هێشتا لەم بوارە سەرەتاتە. کە وەکو من ئەزموون وەردەگری دەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان دەکەی)).**

ڕائد نووزەیەکی کردو وەڵامی نەبوو. مامۆستاکەی دەستی خستە سەرشانی:

**((پێنج کرێکارم بۆ بێنە تا ئایدیۆلۆجیای پرۆلیتاریایان پێشکەش بکەم، بەڵام یەك کرێکاریش نییە، شارۆچکەکە یەك کارگەی تێ نییە. هاوڕێ! چینی کرێکار هێندە لاوازە لەناو پایتەختیش نەبۆتە چینێك بە سیما دیارەکانی چینەکان)).**

قسەکانی مامۆستاکە کۆتاییان بەهەموو قسەکانی قوتابییەکە هێنا، عادل شتێکی مابوو بیڵێ:

((**بۆچی پێت نەوتبووم جادووگەرەکە هیچیان لێ ناسەنێ؟**)).

ڕائد دیسان وەڵامی نەبوو. ئەو زۆر شتی ناو ئاوایی نەدەزانی. مامۆستاکەی بەردەوام بوو:

((**ئەمە دیاردەیەکە پێویستی بە لێوردبوونەوەو لێکۆڵینەوە هەیە. بیگەیەنمە حزب زۆر بە وردی لێی دەکۆڵێتەوە**)).

ڕائد قسەیەکی ڕەخنەگران لە سەرکردایەتیی حزبی بیرکەوتەوە، ئەوانەی حزب پێیان دەڵێ چەپڕەوی هەرزە:

((**بۆ چەند ساڵ حزب لێی دەکۆڵێتەوە؟**)).

مامۆستاکە چەناگەی خوراند وەك پرسیارەکەی نەبیستبێ، بەڵام هەر ئەو نەختە بوو و ئەوەی لەبیرچووەوەو دەستی کرد بە پێشکەشکردنی هەندێ ڕێنمایی بۆ قوتابییەکەی تا بتوانێ بەو شێوەیە بانگەوازەکەی بگەیەنێ کە خەڵك لێی تێبگەن‌و بەدەمییەوە بچن. ڕائد بەدرێژایی ئەو ڕێنماییانە تەنها بە یەك گوێچکە قسەکانی دەبیست. ئەو هەلپەرستییە بۆ ئەو شتێکی نوێ بوو. ئەوەی لەو کاتە دەیکوشت یادی سیاسەتمەدارە بورجوازییە هەلپەرستەکان بوو کە دوودڵ نەبوون‌و دەیانویست زوو بگەن، بەڵام ئەم هەلپەرستییەی مامۆستاکەی لەگەڵ ئەو دوودڵییە نەدەگونجا کە هەندێ جار لە حزب دەیبینی‌و گوێی خۆی لێ کەڕ دەکرد.

عادل بەیانیی زووی ڕۆژی دواترماڵئاوایی کرد. ڕائد تا دەرەوەی گوند لەگەڵی چوو. عادل ویستی بۆ دواجار شێوازی گونجاوی مامەڵە بخاتەوە بیری قوتابییەکەی:

((**ئەو شتانەت لەبیر نەچێ. حزب ئەو شتانەی لەم گوند بەخۆڕایی نەکردووە، با بە هەڵچوونی منداڵانە لەدەستیان نەدەین. لەگەڵ جادووگەرەکەش مەیکەرە شەڕ**)).

ڕائد ئامۆژگارییەکەی نەبیست‌و تەنها مەبەستی حزبی لەلا گرنگ بوو:

**((ئەو پرسیارەت بیرخستمەوە کە وەڵامەکەیم نەدەزانی. ئەو کاتەی هاوڕێ سەلام منی بۆ ئێرە نارد وتی حزب لەڕێگەی پەیوەندیی شەخسییەوە ئەو قوتابخانەیەی دروستکردووە. بۆچی لەم گوندە چەپەکە؟ لە شارۆچکەکە یان لە گوندێکی نزیکترو گەورەتر بوایە باشتر نەدەبوو؟)).**

مامۆستاکەی نیگەران بوو:

**((دەبێ باوەڕت بە حیکمەتی حزب هەبێ. حزب لەخۆیەوە شت ناکات)).**

ڕائد سوور بوو بزانێ:

**((باوەڕم هەیە بەڵام ئەگەر بزانم باوەڕم پتەوتر دەبێ)).**

مامۆستا زانی پێویستە وەڵام بداتەوە:

**((بەڵێ، حزب پێویستی بە چەند شوێنێکی چەپەکە تا چەند بنکەیەکی دوورەدەستی هەبێ. خۆت دەزانی هێزەکانی کۆنەپەرستی کەوتبوونە گیانی هاوڕێکانمان و کاری ناوشار ڕۆژ بە ڕۆژ قورستر دەبوو بۆیە بیرمان لە چەند پەناگەیەك کرد. هاوڕێکانمان لە باکوور سوور بوون چەند پەناگەیەك لە باکوور هەبێ. حزب هەوڵی داو قوتابخانەکە دروست کرا. بەهۆی قوتابخانەکەوە بیروباوەڕەکانی حزب بڵاودەکەینەوەو ئەو جەماوەرە پەی دەکەین کە داڵدەی هاوڕێیان بدات. لەو کاتەش پیاوێکی گوند بەوەی زانی. ئێمە ترساین ببێتە کۆسپ کەچی بینیمان داوای مامۆستایەك بۆ قوتابخانەکە دەکات. ئێستاش حزب منی ڕاسپاردووە بەو شوێنانە بگەڕێم. ڕاستە ماوەیەکی کەمە بارودۆخی حزب باشە بەڵام نامانەوێ ئەو شوێنانە لەدەست بدەین چونکە کەس نازانێ دواڕۆژ چی لەگەڵ خۆی دەهێنێ)).**

ڕائد جگەلە یەك پرسیار پێویستی بە شتی زیاتر نەبوو بیزانێ:

**((هاوڕێ! ئەو کەسەی گوند کێیە کە داوای لە حزب کردبوو مامۆستا بۆ قوتابخانەکە بنێرێ؟ با بزانم تا تەنسیقی لەگەڵ بکەم)).**

عادل نەیتوانی ئەمجارە چەناگەی بخورێنێ:

((**باش نییە بیزانی**)).

ڕائد:

((**حەز دەکەم بیناسم**)).

عادل هەر دوودڵ بوو بەڵام لەکۆتایی ناچار بوو:

((**کەسێکە ناوی زۆرابە**)).

قوتابییە سەرسامەکەی پێی وت:

((**بەڵام ئەوە کوڕی ئاغا کۆنەکەیە**)).

ئینجا لەبەرخۆیەوە قسەی کردو مامۆستاکەی گوێی لیٚ بوو:

((**بۆیە هاوڕیٚ عادل قسەی بە ئاغا نەوت. ئەی بۆچی قسەی بە جادووگەرەکە نەوت؟**)).

لەبەرئەوەش کە ڕائد قسەی لەگەڵ خۆی دەکردو پرسیارەکەی لە خۆی کردبوو عادل بە کارێکی شەخسیی زانیو بەپێویستی نەزانی وەڵامی بداتەوە.

دوانەکە دەستی یەکتریان گرتو عادل توند دەستی قوتابییەکەی گوشیو بە بەڵێنێك لێی جیابووەوە:

((**هەوڵ دەدەم کەسانێکت بۆ بنێرم بۆ یارمەتیت. کە چوومەوە بۆ پایتەخت لەگەڵ هاوڕێیان قسە دەکەم تا بزانین چیو کیٚ باشە**)).

ڕائدیش نووزەیەکی کردو بەڵێنێکی ساردی دایە:

((**منیش تا ئەو کاتە بەردەوام دەبم**)).

عادل توندتر دەستی گوشی:

((**بەدڵنیاییەوە حزب ئەم خەباتەت پیٚ دەزانیٚ. کە گەڕامەوە داواکاری بۆ لیژنەی مەرکەزی بەرز دەکەمەوە سوپاسنامەت ئاڕاستە بکەن. دیسانەوە دەڵێم" ئاوا بەردەوام بی زوو لە حزب بەرزدەبیتەوە**)).

تامی ئەو ژەهرەی عادل بە ڕائدی دابوو هەر مابوو. کاتێك گەڕایەوە ژوورەکەی بیریکەوتەوە بەیاننامەکانی نەخوێندۆتەوە. کاغەزەکانی دەرکردو دەستی کرد بەخوێندنەوەیان. ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشا جەختکردنی بەیاننامەکانە لەسەر ڕستەی ((باڵی

چــەپڕەوی منداڵانــە)). کــاتی دەمەتــەقێی شــەو ئــەوەی لــە مامۆستاکەی دەبیست بـەڵام دەرفـەت نـەبوو لەسـەری بـڕۆن. ڕائـد کاغەزەکانی خستە لاوەو چووەوە بۆ لای ئەو منداڵانەی چاوەڕێیان دەکرد.

منداڵان هەواڵێکیان بۆ مامۆستاکە هەبوو:

**((مامۆستا مامۆستا. جوجـای لای سـاحر بـە ئێمـەی وت سـاحر بەوی وتووە ئێمە بە تۆ بڵێین ئەم عەسرە لە بەردەم قوتابخانە بی، ئەویش بە خەڵك دەڵێ)).**

مامۆســتاکە تێگەیشــت بــەڵام نــەیزانی مەبەســت چــییە، منداڵـەکانیش نەیانـدەتوانی مەبەسـتەکە بڵـێن چـونکە لـە قسـەکان تێنەگەیشتبوون. ژەهـری مامۆسـتاکەی خـۆی لـەبیر چـوو و گیـانی هێـرش چـووەوە جەسـتەی. مامۆسـتا خزمـەتکاری قوتابخانەکـەی بانگ کرد. ئەو هەواڵی نەبوو، بەڵام بەڵێنی دا هەواڵەکەی بـۆ بـێنێ. لەگەڵ ئەوەش ئەو شتەی تری پێ وت کە خۆی بیستبووی:

**((دەڵــێن جادووگەرەکــە پرســی بــە جنۆکــەکان کــردووەو ئــەوان وتوویانە مردارەوەبوونی مەڕەکان گوناهی مامۆستاکەی تێیەو دەبێ ئەو مامۆستایە گوند چۆڵ بکات)).**

مامۆستاکە گاڵتەی بەو قسانە هات:

**((بڕوا بەو قسە پڕوپووچانە مەکە، من ناڕۆمو با جادووگەرەکەتان خۆیو جنۆکەکانی بۆم بێن)).**

خزمەتکاری قوتابخانەکە ویستی ئامۆژگاری بێ نەك زانیاری:

**((باش نییە. جادووگەرەکە خێوی گونزل گونزلی هەیە. وەختێ ئەو لە چینو ماچین بوو یەکێك لەوانە بوو شاوەیس ئاغای خنکاند)).**

مامۆستاکە پشتی تێکرد:

**((ئەم خورافەتانەم بۆ باس مەکەو بچۆ بزانە چیی دەوێ)).**

زۆری پێنەچوو مامۆستاکە زانـی خزمەتکارەکـە ڕاسـت دەکـاتو

جادووگەرەکە دەیویست هەواڵی تووڕەبوونی ئاغا نادیارەکانی پـێ ڕابگەیـەنێ‌و پێـی بڵـێ گوند چـۆڵ بکـات. پـێش ئێـوارەش خـەڵك لەبەردەمی قوتابخانە کۆببوونەوە و مامۆستا قسـەی بۆ دەکـردن. جادووگـەر گەیشـتو مامۆسـتاکەی بیسـت باسـی زانسـتو زانـین دەکاتو دەڵێ قوتابخانەکە دەبێتە بناغەیەك بـۆ ڕەوانـدنی جـەهلو ئەو قوتابخانەیە دوژمنە بۆ جادووگەرو هاوشێوەکانی.

شوێن بۆ جادووگەرەکە چۆڵ کراو ئـەو لەگـەڵ سـەگەکەی نزیـك کەوتو جوحاو کەرەکە لەپشتەوە بوون. سیامەند بە زەردەخەنەوە تەعلیقی لەسەر قسەکانی مامۆستاکە دا:

((**کەس لەمنی بیستووە من دژ بەو قوتابخانەیە قسە دەکەم؟ من ئـارەزووم لێبوایـە نەمدەهێشـت یـەك کـەس منداڵەکـەی بـۆ قوتابخانـە بنێرێ**)).

قسەکەی ڕاست بـوو. مامۆسـتاکە لای سـەیر بـوو جادووگەرەکـە دوژمنایەتیی قوتابخانەکە ناکات، جادووگەر خۆشی لای سـەیر بـوو. سیامەند ڕوویکردە خەڵك:

((**ئەگـــەر پێتـــان بڵـــێم منداڵـــەکانتان لـــە قوتابخانـــە دەربێـــنن دەریاندەهێنن؟**)).

پیاوەکان هاواریان کرد:

((**بەڵێ بەڵێ دەریاندەهێنین. نایاننێرینەوە**)).

سەگ وەڕی:

((**ڕاست دەکەن**)).

جوحا هاواری کرد:

((**نایاننێرنەوە**)).

گوێدرێژ زەڕی:

((**جووحوو برسییەتی گیای بۆ بێنن با نەمرێ**)).

مامۆستا نەیتوانی قسە بکات. جادووگـەر هێرشـی هـێمنی خـۆی

دەستپێکردەوە:

((**کەواتــە تــۆو ئــەو پیــاوەی پایتــەخت بــەڵێن دەدەن ڕۆژێــك دێ خـەڵکی ئـاوایی هێنـدە دەوڵەمەنـد دەبن هـەموو بەیانییـەك کـە لـە خـەو هەڵسان لیرەیەکی ئاڵتوون لەژێر سەرینەکەیان دەبینن؟**)).

مامۆستا هەر قسەی نەکرد، جادووگەریش ڕوویکردە خەڵك:

((**قەت لە باوك و باپیرانتان بیستووە ڕۆژێك هەموو کەسێك خاوەنی هەموو شتێك بووەو کەس بەتەنیا خاوەنی هیچ نەبووە؟**)).

جارێکی تر ڕوویکردەوە مامۆستاکە:

((**زۆر جــار باســی ســەردەمێك دەکــرێ خــەڵك لــە خۆشــی و خۆشـگوزەرانی دەژیـان، هـەموو دڵخـۆش بـوون و کـەس هـەژار نـەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش باوەڕ بەو ڕۆژە ناکەن کە ئێوە بەڵێنیان دەدەنێ بەم نزیکانە دێ**)).

بێزاریی مامۆستا لە هاوڕێ عادلی مامۆستای گەیشتە لوتکەو پـڕ بەهەموو دڵی نەفرەتی لێکرد. جادووگەر بێئـەوەی تەماشـای خـەڵك بکات لێی پرسین:

((**باوەڕ بە شتی وا دەکەن؟**)).

وەڵامەکـەیان پێکـەنین بـوو، یـەکێکیش قسـەی کـردو سـەری خوراند:

((**خۆشە هەبێ**)).

جادووگەر:

((**ئەی هەیە؟**)).

کابراکە:

((**نەوەڵڵا، خۆ شێت نەبووم بڵێم هەیە**)).

پیاوەکان بەیەکەوەو یەك یەك وتیان:

((**باوەڕ ناکەین. کەی ئەوە قسەیە؟**)).

جوحا هاواری کرد:

((**ئەوە قسە نییە، ئەوە فشەیە**)).

سەگەکە تەماشای سیامەندی کرد:

((سەمەسەم! ئەو کوڕە دەڵێ چی؟)).

گوێدرێژەکە بیریکردەوە:

((ئەو کوڕە هەموو گیای خەڵکەکەی خواردووە خەڵکەکە برسییانە کوڕەکـە هـەموو گیـای خەڵکەکـەی خـواردووە خەڵکەکـە گوێچـکەی دەخۆن)).

مامۆستا زانی بێدەنگی لە بەرژەوەندیی ئەو نەبوو:

((ئەو لیرەیـە دانـرێ یـان دانـەنرێ گـرنگ ئەوەیـە بـزانن ڕۆژێـك دێ چەوسـاندنەوەی تـێ نـامێنێ، ئاغـاو سـەپان نـامێنن، شـێخ و مسـكێن نامێنن، هەموو کەسێك ئاغا دەبێ، هـەموو یەکسـان دەبن. کـەس ئیش بـۆ کــەس ناکــات، هــەموو پێکــەوە ئــیش دەکــەن و بــەروبوومی ماندووبوونیان بەپێی پێویستی هەر کەسێك دابەش دەکرێ. هـەر یـەك بەپێی توانای خۆی کاردەکات و هەر یەك بەپێی پێویستییەکانی شتی دەسـتدەکەوێ. کـەس بێکـار نـابێ و کـەس نـابێ بەتەمبـەڵی دانیشـێ و خەڵك کاری بۆ بکەن)).

جادووگەر نەیهێشت بیری لێبکەنەوە:

((ئەو بەڵێنانـە خۆشـن، بـەڵام تەنانـەت مـنی بەدەسـەڵاتیش نـاتوانم ئـەوەی دەیڵێـی بـۆ گونـدێکی بیسـت مـاڵیی وەکـو شـامار بکـەم، دوای ئــەوە کــێ دەتــوانێ چــاوەڕێی ئــەو ڕۆژە بکــات؟ ئــەی ئەگــەر هــەر چاوەڕێیان کرد و درۆ دەرچوو؟)).

مامۆستا بەوپەڕی دڵنیاییەوە وەڵامی دایەوە:

((ئەو ڕۆژە درۆ نییە، ئەو ڕۆژە هەر دێ)).

جادووگەرەکە وتی:

((کەی؟ بە خەو؟)).

پیاوێك هاواری کرد:

((بەڵێ بە خەو)).

پیــاوێکی تــر ویســتی شــتێکی تــر بڵــێ بــەڵام قســەیەکی لــەوە بەهێزتری بۆ نەدۆزرایەوە:

((**بەڵێ بە خەو**)).

سەگەکە وەڕی:

((**خەو خۆشە**)).

جوحا توند هاواری کرد:

((**کەرە مەمرە بەهارە!**)).

کەرەکە لەو کاتە بیری لە شتی تر دەکردەوە. هاوارەکەی جوحا ڕایچڵەکاندو وای لێکرد بیر لە مانای دەنگناخۆشی بکاتەوە. ماوەیەك بیریکردەوە ئینجا ماناکەی دۆزییەوە. هەرچەندە جوحای خۆشدەویست بەڵام نەیتوانی نارەزایی دەرنەبڕێ" ملی بۆ پێشەوە درێژکردەوەو بەرز زەڕی:

((**جووووحووووو دەنگی ناخۆشە. ناخۆۆۆشە**)).

خەڵکەکە پێکەنین. جادووگەر پرسیاری کردەوە:

((**کێ ئەمەی وتووە؟**)).

مامۆستا:

((**فەیلەسووفی گەورەی مرۆڤایەتیو ڕابەری شۆڕشی چینی چەوساوە" کارل مارکس**)).

خەڵکەکە تێنەگەیشتن، جادووگەرەکەش تێنەگەیشت. جادووگەرەکە ئەمجارەش پرسیاری کردەوە:

((**کاری مارگز؟ کاری مارگز چییە؟ جادووگەرە؟ پێغەمبەرە؟**)).

بەرلەوەی مامۆستاکە وەڵام بداتەوە جادووگەرەکە بەردەوام بوو:

((**نە جادووگەری وامان بیستووە نە پێغەمبەر، پیاوەکانی ئەم گوندە بڕوا بە باوكو باپیرانیان دەکەن نەك کەسێك نازانن کێیە**)).

دەنگەدەنگو پێکەنین نەیانهێشت مامۆستا قسە بکات. مامۆستا نەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ خۆیانو بێئاگاییەکەیان بکات. سیامەند زانی لەوە زیاتر پێویستی بە شکاندنی مامۆستاکە نەبوو بۆیە بە

زەردەخەنــەی ســەرکەوتنەوە گەڕایــەوە ماڵەکــەی‌و پێڕەکــەی شـوێنیکەوتن. سـیامەند لـەدڵی خـۆی دەیـوت کـە بەپێچـەوانەی ئاغاکانی تر ئامادە بووە نەك تەنها چاو لـە مامۆسـتاو قوتابخانەکـە بپۆشێ بەڵکو یارمەتیشی ئـەمیش‌و ئـەویش بـدات. خـۆی ئـەوەی لا سەیر بوو بەڵام ئەوەی بۆ ڕابوردووی خۆی گەڕاندەوە" کاتی منداڵی کـە خرابـووە حـوجرەو کـاتی سـەفەرەکەی کـە چـووە شـوێنان‌و قوتابخانــەی بــینی. مامۆســتاکە بارەکــەی تێکــداو زوو کەوتــە دوژمنایــەتی کردنــی: ((**بەڕاسـتی لـە زۆر ئاغـا جیـاوازم. مـن تـاکی ئاغاکانم**)). ئەو زانیارییە دڵی خۆش کردو زەردەخەنە چووەوە سەر لێویەوەو هەموو شتێکی تـری لـەبیر خـۆی بـردەوە، هـەموو شـتێك جگە لەو ئاغایەتییەی لەناوچەکە وێنەی نـەبوو، مامۆسـتاش کـەیفی خۆیەتی چی بڵێ.

سەگەکە پێش خاوەنەکەی کەوت‌و لەخۆشیی ئـەو گەشـتەو ئـەو قەرەباڵغییــەی بینیبــووی هەڵدەبەزییــەوە، جوحــا لەپشــتی گوێدرێژەکــەوە دەڕۆشــت‌و بــەفیزەوە شــان‌و بــاڵی بــا دەدان. گوێدرێژەکـە گۆرانییـەکی هـێمنی بـۆ خـۆی دەوت‌و مێشـکی خـۆی دەگوشی بـۆ ڕێکخسـتنی وشـەکانی. پێڕەکـە لـە مـاڵ نزیککـەوتن‌و جوحـا پــێش گوێدرێژەکـە کـەوت. لەبەرئـەوەش کـە گوێدرێژەکـە موعجەب بوو بە ناوی جوحا ناوی ئەوی خستە ناو گۆرانییەکەیەوە، وردەوردەش دەنگی گۆرانییەکەی بەرزدەبووەوە:

((**جووحــوو. جووحــوو. جووحــوو جوانــە. جووحووجووحــوو. جووحوو. جووحوو..**)).

لــەکۆتاییش کـۆنترۆڵی لـە دەسـت نـەماو گۆرانییەکـەی بـووە زەڕین:

((**جوووعااااا.. جوووعااااا.. جوووعااااا**)).

پێڕەکە گەیشتنە ماڵەکەو سیامەند دەستی لە دەرگاکە دا بیکاتەوە. ئاوڕی بۆ سەگەکە دایەوەو لێی پرسی:

((**ئەو قسانەی مامۆستای قوتابخانەکە ئەفسانە نین؟**)).

جوحا پێش سەگەکە وەڵامی دایەوە:

((**ئەفسانەن، قسەی پڕوپووچن**)).

سەگەکە وەوی کرد:

((**پڕوپووچن وەکو قسەکانی جووجە**)).

کەرەکە بەدەم بیرکردنەوەوە لەدڵی خۆی وتی:

((**کوڕەکە گیای خەڵکی خواردووە خەڵکەکە برسییانە کوڕەکە گیای خەڵکی خواردووە خەڵکەکە گوێچکەی دەخۆن**)).

هەموو چوونە ژوورەوەو سیامەند دڵنیا بوو مامۆستاکە بووە وانە بۆ ئەوانی تر، لەمڕۆشەوە کەس گوێ بۆ ناگرێ‌و پێویست بە دەرکردنی ناکات.

14

## میوانی نوێ

لەو پایزە سیامەند سەروەرییەکی دامەزراندبوو کە دیاربوو تاسەر بۆی دەمێنێ. زستانی بەهێمنی بردەسەرو بەهاریشی خستە سەر. بەهاری ئاوایی قەرەباڵغییماڵی جادووگەرەکە بوو" گوندەکانی تر بۆ چارەسەری کێشەکانیان ڕوویان دەکردە شامار.

مانگی ئایاری ئەو ساڵە گوندەکە گۆڕانکارییەکی تری بەخۆوە بینی. ئەو مانگە شەش کەس گەیشتنە گوند، چوار کەس لە پایتەختو خزمەتکارێکو وەرگێڕێك، هەردوو خەڵکی ناوچەکە بوون. هەر ئەو ڕۆژەش هەموو ئاوایی زانی میری ئەو کەسانەی بۆ پشکنینی شوێنەواری، یان بە زمانی گوندەکە گەڕان بۆ شتی کۆنی زەمانی زوو، ناردووە.

بیعسەکە قبووڵیان نەکرد ببنە میوانی هیچ ماڵێکی گوند، بە قوتابخانەش ڕازی نەبوون کە مامۆستاکەی زوو جێیهێشتبوو. دوو خێوەتیان لەناو شارەکۆن دامەزراندو بە خەڵکیان وت شەو بە موناقەشەی زانستی دەبەنە سەرو نایانەوێ کەس بێزار بکەن.

خەڵکەکە نەیزانی واتای تەکنیکیی وشەی ((زانست)) چییە بەڵام زانییان ئەو پیاوانەی پایتەخت خەریکی شتێکی گرنگ دەبن. دێکە خۆی مت کردو چاوەڕێی دەرکەوتنی ئەو گەنجینانەی کرد کە

تا ئەو کاتە تەنها چیرۆك بوون.

بەشی سیامەند تەنها چاوەڕوانیو نیگەرانی بوو. ئەو توانیبـووی خـۆی وەکـو ئاغـای گونـد بسـەلمێنێ کەچـی ئێسـتا کـەس پرسـی پێنـەکردووەو کـەس لـەو پیاوانـەی مـیری نەچـۆتە خزمـەتی وەك نیشانەیەکی پشاندانی ڕێزگرتن.

سـیامەند ویسـتی ڕۆژی دوای گەیشـتنی وەفدەکـە جوحایـان لا بنێرێ تا تێیانبگەیەنێ کە ئاوایی ئاغایـەکی هەیـەو پێویسـتە پـێش هـەموو کەسـێك سـەردانیی ئـەو بکـرێو مۆڵـەتی ئیشـکردن لـەو وەربگیرێ، بەڵام ئەو وەزعە نوێیە لەوە گرنگتر بوو لـەو ڕێوڕەسمـە بچووکی بکاتەوە. پیاوەکانی پایتـەخت لـەناو شـارەکۆن دەگـەڕێن، شت دەدۆزنەوەو ئیشەکانیان تەواو دەکـەنو دەڕۆنـەوە، خـەڵکیش دەبیـنن هـیچ شـتێکی نائاسـایی لـەو شـوێنە نـەبوو و بۆیـان دەردەکـەوێ نمایشـی پەتاکـە درۆیـەکی ڕووت بـوو. ڕەنگـە بـۆ بەدبەختیی خۆی ئەو سووچەی شارەکۆن هەڵکـەنن کـە لەبەرچـاوی خەڵك ئێسکەکانی ئـەو پیـاوەی تـێ ناشـت کـە گوایـە قوربانییـەکی جادووگـەرە کۆنەکـە بـوو، پیاوەکـان ئـەو شـوێنە هەڵدەکـەنن، خەڵکیش خۆیان مـت دەکـەن، دوای ئـەوەش هـیچ شـتێکی ئاسـایی ڕوونادات، بە شـەو و ڕۆژێکـیش ئـەو هەیبـەتو سـامەی نمایشـەکەو چیرۆکی ئێسکی قوربانییەکەی جادووگەرە کۆنەکە بە با دەچن.

ترسـی جادووگـەر نوێکـە هێنـدە زاڵ بـوو پـاڵی پێوەنـا بچـێتە دەرەوە بۆ بینینی ئـەو کەسـە نامۆیانـەی نەیـدەیزانی گەیشـتنیانو ئیشکردنیان بەچی دەگات.

سـیامەند سـەگەکەی لەگـەڵ خـۆی نـەبرد نـەوەك بـە وەڕیـنی ئاشکرای بکات. لەدوورەوە وەستاو تەماشای ئەو پیاوانەی کرد کـە خەریکی زەوییەکە بوونو چەند پیاوێکی گوندەکەیان خستبووە کار

تا زەوییان بۆ هەڵبکەنن. سیامەند هەستی کرد ئەو پاچو خاکەنازو تەشوێیانە لەشی خۆی لەتلەت دەکەن پێش ئەوەی بەر زەوییەکە بکەون.

گەڕایەوە ماڵەوەو بڕیاری دا زوو بکەوێتە کار. ڕێگەکان لەبەردەمی کراوەن بەڵام کۆتاییەکەیان نوقمی تۆزو تەمن:

((**کارێك بکەم تەرە بن‌و ئاوایی جێبهێڵن یان چاوەڕێ بکەم ؟ خۆم بە دۆست پیشان بدەم یان دوژمن؟**)).

سیامەند پەلەی بوو، شوێنەوارناسەکانیش پەلەیان بوو. ئەوان ویستیان زوو دەستپێبکەن‌و زوو تەواو بن بۆیە بەیانیی دووەم ڕۆژ دەستیان پێکردبوو. پێش نیوەڕۆ یەکێکیان ناردە ناو گوندو دەوروبەری تا بە چاو پشکنینێکی خێرا بکاتو بزانێ ئەو شوێنەوارە درێژبوونەوەیەکی هەیە یان نا.

پیاوەکە چووە ناو گوندو دوو شت سەرنجیان ڕاکێشا. سەرەتا کەسێکی بینی پۆشاکێکی ڕەشی سەیری لەبەرە، پشتی لێیەتی‌و بەدزییەوە بەپەنا دیوارەکانی خانووەکان دەڕواتو بەرەو شارەکۆن دەچێ، پاشان خانوویەکی گەورەی بینی لە خانووەکانی ئاوایی ناچێ" شوورای بەرزو دەرگایەکی بەرز ناو ماڵەکەیان لە چاوەکانی دەرەوە دەپاراست، دیوارەکانی خانووەکە لەوانەی گوند بەرزتر بوون، لەهەردوو لای هەیوانەکەش دوو کەڵەی بەرانی کێوی بە بەرزترین شوێنی دیواری سەر حەوشەوە هەڵواسراون. شاخەکان شاخی ڕاستی بوون، کەڵەکانیش دەستکرد" دوو کەڵە بەدوو چاوی زەق‌و سامناکەوە تەماشایان دەکرد.

پیاوەکە ویستی تێبگات بەڵام دەیزانی بێ وەرگێڕ تێگەیشتن زەحمەتە. خانووە سەیرەکە، هەروەکو خانووەکانی تری هەموو گوندەکان، بەتەنیا لەو بۆشاییە وەستابوو و ماڵی بەتەنیشتەوە

نەبوو. چووە لای نزیکترین ماڵو لەو کاتە ئافرەتێك هاتە دەر. بە زمانی خۆیو بە وشەی سادە لێی پرسی، پاشان بە باڵو پەنجە درێژکردن بۆ خانووەکە، ئافرەتەکە تێگەیشتو هەوڵی دا ئەو تێبگەیەنێ:

((**ساحر ساحر. ئاغا ئاغا، لەو ماڵە. خوا بدا بە دەمتانا، خۆ نازانی چی دەڵێن**)).

پیاوەکە بەهەمان ئامرازەوە قسەی لەگەڵ دوو کەسی تر کردو گەڕایەوە لای هاوڕێکانی لەو کاتەی خەریکی شارەکۆن بوون:

((**ئەبو حەمید پانتۆڵەکەت هەڵبکێشە تا کولەیەك نەچۆتە خەندەکی نێوان دوو گردی بۆرت! دەزانی ئەم گوندە جادووگەرێکی هەیە؟**)).

ئەبو حەمید لە کولە نەترساو پانتۆڵەکەی هەڵنەکێشا، سەریشی بۆ هاوڕێکەی بەرز نەکردەوە:

((**نا؟ جادووگەر؟ کرێکارەکانی گوند بۆیان باس نەکردووین**)).

پیاوەکە تەشوێیەکی هەڵگرتو بەسەر ئەژنۆ لەلایەکی تری شوێنەکە کەوتە سەر زەوی:

((**دیارە ئەوەی ناوی بەرێ دەمرێ**)).

هەر ئەوەندەی وتو هەردوو بێدەنگ بوونو دەستیان کردەوە بە ئیش، تەنها ئیشو قسەکردن لەگەڵ یەکتر. جاروباریش نوکتەیەکیان دەگێڕایەوە یان بەسەرهاتی یەکێك لە هاوڕێکانیان دەگێڕایەوەو پێدەکەنین. پشووی نیوەڕۆش دەرفەت بوو بۆ باسکردنەوەی جادووگەرەکە. یەکێکیان پرسی:

((**جادووگەر لەم گوندە چەپەکە؟ من تەنانەت نەمبیستووە جادووگەر لە سوڵتان ئابادیش هەبێ**)).

ئەوەشی هەواڵەکەی هێنا پرسی:

((**چۆن ئاگات لە شار بێ؟ خۆ تۆ تەنانەت لەم گوندەش کە ئیشی**

**تیٚ دەکەی ئەوەت نەبیستبوو))**.

قسەکە کەمێك ئاڵۆز بوو و هاوڕێکەی باش حاڵی نەبوو، ئەویش بەردەوام بوو:

**((پاشان بۆچی لات سەیرە؟ ئەی سەیر نییە لەجیاتی ئەوەی پشکنین لە گردە گەورەکەی سوڵتان ئاباد بکەین هاتووین بۆ شوێنەوارێکی پڕ گومانی ئەم گوندە چەپەکە؟))**.

هاوڕێکەی ئەمجارە تێگەیشت، یان وایزانی تێگەیشت:

**((بەڵام منیش و تۆش دەزانین کە هاتنمان بۆ ئێرە بەهۆی قسەیەکەوە بوو))**.

هاوڕێکەی:

**((کەواتە هۆیەك هەیە هەروەها لە هەبوونی ئەو جادووگەرە لەم گوندە دوورەدەستە))**.

کەسی سێیەم قسەی کرد:

**((کەواتە کەسێك ئەو جادووگەرەی بۆ ئێرە ناردووە، ناردوویەتی و ئیشی پێیەتی، وەك چۆن کەسێك ئێمەی ناردووە))**.

هەر ئەو کەسە:

**((وەك چۆنیش قوتابخانە لەم گوند دوورەدەستە دروست کراوە))**.

ئەبو حەمید چیرۆکە پۆلیسییەکانی بیرکەوتەوە:

**((کیٚ لەپشتی ئەم شتانەوەیە؟))**.

خاوەنی بۆچوونەکە:

**((کەسێکی گرنگ))**.

ئەبو حەمید:

**((کەسی وەکو کیٚ؟))**.

خاوەنی بۆچوونەکە:

**((بۆ نموونە مامۆستا شەیتان خۆی))**.

ئەوەی تریان:

**((دوور نییە، بەڵام ئەم وڵاتە بە جادوو نەناسراوە))**.

ئەبو حەمید:

((**با خەیاڵی زلزل نەکەین. ڕەنگە کەسێکی ئاسایی بیٚ‌و تەنها لای خەڵکە نەخوێندەوارەکە گەورەیە**)).

ئەوەی هەواڵەکەی هێنا:

((**قسەیەکی جوانە**)).

سێیەمیان:

((**منیش وای بۆ دەچم لەبەرئەوە با لەبیر خۆمانی بەرینەوە**)).

ئەوەی هەواڵەکەی هێنا:

((**بەلاٚم خراپ نییە بیبینین**)).

ئینجا بیریکەوتەوە:

((**دەڵێن خزمەتکاری قوتابخانەکە لەو جادووگەرە نزیکە**)).

یەك لە سیانەکەی تر:

((**ئەوەتا لەدەرەوەی خێمەکە دەسووڕێتەوە. با بانگی بکەین**)).

خزمەتکاری قوتابخانەکە لەدەرەوە لۆژەلۆژ دەسووڕایەوە، خۆی بە فەتاحی وەرگێڕو حەمەئەمینی خزمەتکاری پیاوەکانی پایتەخت ناساندبوو. خزمەتکارەکە دەیویست کاری خواردن دروستکردن بە ژنەکەی بسپێرن، بەلاٚم کەس بانگی نەکردبوو. پیاوەکە شوێنەکەی جێنەهێشتبوو، گوێی دەگرت‌و هیچ تێنەدەگەیشت، دەسووڕایەوەو هیچی دەستنەدەکەوت.

پیاوەکە بانگ کراو پرسیارو وەلاٚم دەستیپێکرد. پیاوەکە دارجگەرەکەی دەرهێناو شانازیی چووە گیانی کاتێك زانی پرسیاریان هەیەو وەکو شارەزایەك تەماشای دەکەن. دارجگەرەکەی دەکێشاو ددانە زەردەکانی لەپشتی زەردەخەنەی شانازییەوە دەردەکەوتن.

((**جادووگەرەکەتان دەتوانیٚ چی بکات؟**)).

((**زۆر. دەتوانیٚ شتی زۆر بکات**)).

((**وەکو؟**)).

((**دەتوانیٚ شەڕ بخاتە ماڵو دوایی ماڵەکە ئاشت بکاتەوە**)).

((**چیتر؟**)).

((**زۆر**)).

((**وەکو؟**)).

((**دەتوانیٚ ماڵ بەشەڕ بداتو ماڵ ئاشت بکاتەوە**)).

((**ئەوەت باس کرد**)).

((**باسم کردبوو؟ سەیرە!**)).

((**بەڵیٚ باست کردبوو. چیی تر؟**)).

((**زۆر**)).

((**وەکو**)).

((**زۆر. چیٚشتلیٚنەرتان ناویٚ؟**)).

((**سوپاس، ئەگەر ئیشت هەیە دەتوانی بڕۆی، ئەگەر حەزیش بکەی دابنیشی دابنیشە**)).

خزمەتکارەکە میٚشکی گوشی بەلاّم هیچی بیرنەکەوتەوە. پەشۆکاو شانازییەکەی بووە هەلّم، ئینجا زانی باشترە هەلّسیٚو بڕوات. هەلّساو پشتی تیٚکردن. گەیشتە دەروازەی خیٚمەکەو شتیٚکی بیرکەوتەوە:

((**شتی تریش. دەتوانیٚ کەرەکەم شیٚت بکات**)).

((**کەر جاروبار لەخۆیەوە شیٚت دەبیٚ**)).

((**کەرەکە هی خۆم بوو لیٚی کڕیمەوە**)).

((**خیٚری لیٚ ببینیٚ**)).

((**ئەویشی کردووە بە جادووگەر**)).

هەموو پیٚکەنینو پیاوەکە زانی هیچیان لیٚ هەلّناکڕیٚنیٚ، لیٚیداو ڕۆشت. ئەبو خالد کە لەهەموویان لەتوانای جادووگەرەکە بەگومان بوو بەوەی وت کە چووە ناو گوندو هەوالّەکەی هیٚناو ویستی جادووگەرەکە ببینریٚ:

((**ئەبو سەمیرە چوونەکەت بیٚسوود دەبیٚ**)).

ئەویش گومانی بۆ دروست بوو بەڵام نەیویست خۆی بشكێنێ:

((**دەچم. هیچ زەرەر ناكەم**)).

سێیەمیان پێكەنی:

((**ئەگەر كەرەكەی بخەڵەتێنێ و بیكاتە جادووگەر ئاسانترە بتكاتە جادووگەر یان بتكاتە كەر**)).

ئەبو سەمیرە بڕیاری داو ڕۆشت.

سیامەند ئومێدی نەمابوو كەس لەو پیاوانەی پایتەخت بێت، وا ئێستا كەسێكیان هاتووە. بە جوحای وت ئامادە بێ و هیچ جووڵەیەك پیشان نەدات كەسایەتییەكەی لەبەردەم میوانەكە بشكێنێ. بە خزمەتكاری قوتابخانەكەی وت دەرگای دەرەوە لە میوانەكە بكاتەوەو تا دەگاتە ناوەوە لەگەڵی بێ و پاشان بیهێنێتە ژووری پشتەوە كە ژووری دەمامكەكانە. پێشی وت كە ئەگەر بە پەنجەیەك ئاماژەی بۆ كرد بێدەنگ بێ و پاشەوپاش بگەڕێتەوە دواوەو ژوورەكە جێبهێڵێ. بیریشی خستەوە وەكو جارەكەی پێشوو نەكات دوای ئاماژەی پەنجەكە گێژگێژ پێبكەنێ و بڵێ:

((**تێگەیشتم! وتت هەر پەنجەم جووڵاند پاشەوپاش بچمە دەرەوە!**)).

پیاوەكە بەرەو دەرگای دەرەوە بۆ پێشوازی چوو لەو كاتەی سیامەندو جوحا چوونە ژوورە تاریكەكەو دەمامكەكەیان كردە دەموچاویان. خزمەتكارەكە كەوتە پشتی میوانەكەو فەتاحی وەرگێڕو سەرنجی بۆ گوێدرێژی ناو ئەو حەوشەیە ڕاكێشان كە كەوایەكی بەپشتەوە بوو:

((**ئەمە كەرەكەمە كە گرێی بەختی كرایەوەو بووە جادووگەری بچووكی خزمەتكاری جادووگەرە گەورەكە**)).

بەرلەوەی فەتاح وشەی گونجا هەڵبژێرێ و قسەكە وەربگێڕێ كەرەكە ئەو دوو كەسەی بینیبوو. پڕ قەپاڵێك كای لەناو دەم بوو و دەیجوو. دوو لچی لێك جیابوونەوە:

**((ئەو پیاوانە لەو چاڵە هاتوون گیایان بۆ سەمدەم هێناوە بیخوات سەمدەم گیاکەی بۆ خۆی بردووە ئەو پیاوانە گیاکەیان لەناو چاڵەکە شاردووە سەمدەم بە دار لەگوێچکەیان دەدات با بەخێرهاتنیان بکەم))**.

کاکەی قووت داو بەدەنگی بەرز بەڕوویان زەڕی. خزمەتکاری قوتابخانەکە بە دەرفەتی زانی:

**((ئەوەتا پشتگیریی قسەکانم دەکات!))**.

سێ پیاوەکە چوونە هەیوانەکەو خزمەتکارەکە کەمێك ڕایگرتن پێش ئەوەی مۆڵەتی چوونە ژوورەوەیان بۆ وەربگرێ. ژووری دانیشتنی جادووگەرەکە کە لەو کاتە کەسی تێ نەبوو سامی خستە دڵی دوو میوانەکە. سامەکە مووچڕکەیەك بەپشتی پیاوی پایتەختەو وەرگێڕەکەی هێنا کاتێك چوونە ژوورە تاریکەکەی پشتەوە. جگەلە دوو تارمایی هیچی تریان نەدەبینی" یەکێکیان دانیشتووەو ئەوەی تر بەپێوەیە. چاویان بە تاریکییەکە ڕاهاتو باشتر بینییانن‌و باشتر ترسان" یەکێك بە پۆشاکی ڕەشەوەو بە دانیشتنێکی چوارمشقیی سەیرەوە، ئەوەی تریش لەپشتەوە بە پۆشاکی سوورو ڕەشەوە. دەمامکی دوانەکە بەرجەستەبوونی ناشیرینیی جیهانی بوون. ئاگایان لە سەگە کەوا سوورەکە نەبوو تا نەوەڕی:

**((ڕێزی سەمسەم بگرن))**.

جادووگەرەکە بەپەنجەیەك ئاماژەی بۆ کردن کە دانیشن. خزمەتکاری قوتابخانەکە وایزانی ئاماژەکە بۆ ئەوە، پاشەوپاش گەڕایەوە دواوەو چووە دەرەوە. دوو پیاوەکە تەماشای جادووگەرەکەیان دەکردو بەدەست شوێنی دانیشتنی خۆیان دەپشکنی تا دانیشن. جادووگەرەکە بەدەنگێکی گڕ:

**((بەخێر بێن))**.

دوو میوانەکە بەدەنگێکی وڕ:

**((مەمنوون))**.

هەر ئەوەندە بوو ئینجا بێدەنگ بوونەوە. پیاوی پایتەخت بە وەرگێڕەکەی وت جادووگەرەکە بدوێنێ. فەتاح پرسیارەکانی دەستپێکرد:

((دەڵێن دەتوانی شتی زۆر بکەی)).

قسەکە ئەو سەرکۆنەیەی لە سیامەند تێکدا کە بەتەمای بوو لەمەڕ دواکەوتنی ئەو سەردانەو پرسنەکردن پێی بۆ کاری پشکنین. جادووگەر هەر بەو دەنگە گڕە پرسی:

((کێ وتوویەتی؟)).

فەتاح:

((خەڵك. خزمەتکاری قوتابخانەکە)).

سیامەند:

((دەتوانن لەوان بپرسن)).

پیاوی پایتەخت:

((پێی بڵێ حەز دەکەین لەخۆت بپرسین. پێی بڵێ چۆن بوویتە جادووگەر)).

سیامەند بەهێواشی سەری لەقاندو دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی. خەونێکی بینیبوو کە ئەو لەوحە قوڕە نووسراوانە لە ئەشکەوتێکی وڵاتی چین‌و ماچین دەربهێنێ، دوایی بەجێهێشتنی گوندەکەو گەڕان بە وڵاتان، لەکۆتاییش گەڕانەوە بۆ گوند. ناوی جادووگەرە مەزنە کۆنەکەی برد بەڵام بۆی باس نەکرد کە ئەو جادووگەرە بەشێوەیەکی کاتی زیندووبووەوە چونکە دەیزانی بەزەحمەت بڕوا بەوە دەکات. هەر ئەوەندەی پێ وت کە بەهۆیەکی سیحری ئەو جادووگەرە کە سەدان ساڵە مردووە فێری جادووی کرد، چۆن فێری کرد، ئەوە نهێنییەو ناتوانێ باسی بکات.

ئێستاش نەك تەنها فێری جادوو بووە بەڵکو هەروەها توانای هەیە ئەو توانا جادووگەرییە بەهەموو کەسێك ببەخشێ، ئەوەشی بۆ

دەرکەوتووە کە ئاژەڵەکان زیاتر دەتوانن ئەو بەهرەیە دەستگیر بکەن چونکە بەهۆی لەشی بەهێزیانەوە تەنها ئەوان دەتوانن بەرگەی ئەو ماندووبوونە بگرن کە ڕاهێنانەکە پێویستێتی، هەروەها تەنها ئەوان دەتوانن بەرگەی ئەو ترسە بگرن کە بینین‌و بیستنی شتە سەیرو سامناکەکان دروستی دەکەن.

پیاوی پایتەخت ئەوەی پێ نەوت کە تەنها مرۆڤە دەتوانی ددان بەخۆی بگرێ‌و بەسەر ترسەکەی زاڵ ببێ، ئەوەی زیاتر لای پیاوی پایتەخت گرنگ بوو ئەو لەوحانەی ئەو لاوە باسی کردن:

((**لەوحی نووسراوی چی؟**)).

سیامەند:

((**لەوحێکی زەمانی زوو، لە قوڕێکی پەستراوەوە دروستی کردوون**)).

ئەبو سەمیرە:

((**چیی لەسەر نووسراوە؟ مەبەستم بە چ جۆرە خەتێك؟ بێگومان مسمارییە**)).

سیامەند نەیدەزانی وەڵام بداتەوە یان نا، وەڵامەکەشی نەدەزانی. سەری بەرزکردەوە وەك کەسێك شتێکی نهێنیی لەسەرووی خۆیەوە بۆ دێ:

((**نهێنییەکانی جادووگەری مەزن پیرۆزن**)).

پیاوەکە:

((**باشە حەز دەکەم بیانبینم**)).

سیامەند دووبارەی کردەوە:

((**نهێنییەکان پیرۆزن**)).

پیاوەکە کۆڵی نەدا:

((**تەماشا بکە" وەکو ئەمەیە؟**)).

پارچە کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێناو چەند هێمایەکی مێخیی

لەسەر نووسین. دایە دەستی جادووگەرەکەو چاوەڕێی وەڵامی کرد. سیامەند لە کاغەزەکە ورد بووەوە تا بتوانێ تارمایی نووسینەکە لەو تاریکییە ببینێ. هێماکانی بینیو نیگەران بوو" نووسینێکە لەو خەتە نزیکە کە لەسەر لەوحەکان هەیە. سیامەند حەزی کرد ئەو لەوحانە پیشانی پیاوەکە بدات تا نهێنییەکەیان بزانێ، بەڵام ئەمە پڕ مەترسییە. دوو چاوی نووقاندنو ماوەیەك بێدەنگ بوو، سوپاسی دەمامکەکەشی کرد کە ناهێڵێ ڕەنگی تێکچووی دەربکەوێ. لەکۆتاییش ترس بەسەر حەزکردن بە زانین زاڵ بوو و هەر بەچاوی نووقاوەوە دووبارەی کردەوە:

((**نهێنییەکان پیرۆزن**)).

ئەبو سەمیرە زانی هیچی دەستناکەوێ بۆیە پرسیاری تری لێکرد" پرسیاری تواناکانی. سیامەند تازە ترسابوو بۆیە تەنها ئەوەی پێوت کە ئەگەر بمێننەوە خۆی بانگیان دەکاتو ئەو شتانەیان پیشان دەدات، ڕەنگە لەبەردەم هەموو ئاواییش.

پیاوەکە بێئەوەی پێی بوترێ کۆتایی بە سەردانەکەی هێناو خواحافیزیی کرد. لەگەڵ وەرگێڕەکەی چووە حەوشەو بینی گوێدرێژەکە بەهەمان زەوقی پێشووەوە کا دەخواتو ئەمجارە تەماشای تەنها ئەو دەکات. ئەبو سەمیرە ئەو کەرەی لا سەیر بوو. لەدڵی خۆی ئەو بۆچوونەی دەربڕی کە لەژیانی کەری لەم جۆرەی نەدیوەو ئەزموونی ژیانی پێی دەڵێ کەوا:

((**خەڵك حەزیان لە شتی جۆراوجۆرە، هەیە حەزی لە نامەگۆڕینەوەیە، هەیشە ئارەزوومەندی پوول کۆکردنەوەیە، بەڵام دیارە ئەم کەرە حەزی لە فەوتاندنی کایە**)).

کەرەکەش شێوەی ئەو پیاوەی لا سەیر بوو و وای بۆ چوو کەوا:

((**ئەو زەلامە لەو چاڵە هاتووە گیای بۆ سەمدەم هێناوە لەو پیاوە ناچێ لەناو ماڵەکە گیا دەخوات لەو چاڵە هاتووە گیای بۆ سەمدەم**

**هێناوە))**.

پێش ئەوەی لە دەرگا بەرزەکەشەوە بچێتە ناو کۆڵانو دیار نەمێنێ گوێدرێژەکە زەپینێکی بەرێکردنی گرتە پشتی ئەو و یاوەرەکەی.

پیاوەکە گەڕایەوە لای هاوڕێکانی. دوانیان لەناو خێمەکە یاریی تاوڵەیان دەکرد، سێیەمیان ئاوێنەیەکی گرتبوو و ڕیشی دەتاشی. پیاوەکە چووە ناو خێمەکەو بەرلەوەی هەواڵی جادووگەرەکەیان بۆ بگێڕێتەوە ڕووی قسەی کردە ئەو برادەرەی ڕیشی دەتاشی:

((**ئەبو خالد! بەم عەسرە ئەم ڕیشتاشینە بۆچی؟ بۆچی نەتخستە بەیانی؟**)).

ئەبو خالد کۆششی دەکرد بۆ ئەوەی ڕوومەتی لە ئاوێنە بچووکەکە ببینێ کە لەناوەڕاست درزێکی لاری تێکەوتبوو:

((**ئەم عەسرە ئاهەنگێك لە یانەی فەرمانبەران هەیە**)).

**هاوڕێکەی تری زارەکەی هەڵدا:**

((**یەك و حەوت! شێر یان ڕێوی؟**)).

**وەڵامی دایەوە:**

((**شێرەکان مردن. پیاوەکە شتی سەیر دەڵێ، لێی کەوتوومەتە گومان**)).

**ئەبو حەمید:**

((**نموونە ئازیزم. نموونە. دوو شەش**)).

**ئەبو سەمیرە:**

((**وتی گەیشتمە کۆتایی جیهان، پرسیم گەیشتیتە کوێ، وتی گەیشتمە چین و ماچین، چین واتە صین، ئەی ماچین چییە؟**)).

**ئەبو عەزیز:**

((**ماصین! منیش دوو شەش بەڵام هەر زاری پێنجی کەمە**)).

ئەبو خالد کە ڕیشی دەتاشی دەمی خواربببوو و وشەکانی خوار

دەردەچوون:

((یان دیارە وڵاتێکە نەمابیستووە)).

ئەبو سەمیرە:

((پرسیشم لەکوێوە بۆ کوێ گەشتت کرد، وتی لە ئێرانەوە بۆ توووران)).

ئەبو حەمید:

((ئێران ئەوەتا، تووورانیشت نەبیستووە گوناهی خۆتە. دەرچۆ تا نەهاتووم)).

ئەبو عەزیز:

((تۆ دەرچۆ هەرچەندە نایەم. ئەبو سەمیرە وا دەزانێ ئێمە هەموو وڵاتانی خوا دەزانین)).

ئەبو سەمیرە:

((هیندستانیشی بینیوە)).

ئەبو عەزیز:

((دەبێ بیبینێ، گوندێکە لەسەر هێڵی شەمەندەفەرەکە)).

ئەبو سەمیرە:

((شتی زۆر سەیری وت دەربارەی چین و ماچین و ئێران و تووران کە تەنها لە چیرۆکەکان هەیە)).

ئەبو حەمید:

((چۆن دەزانی؟ قەت بۆ چین و ماچین و ئێران و تووران چووی؟ گەلۆگیپاڵت کۆکەرەوە، مەرزێکی بێ غەش بەڕێوەیە)).

ئەبو سەمیرە:

((لەوحی قوڕی نووسراویشی دۆزیوەتەوە. ئێوە بەئارەزووی خۆتان ڕادەبوێرن)).

ئەبو حەمید:

((ئەی دەتەوێ بەئارەزووی تۆ ڕابوێرین؟ پێم وتی پوولی ڕەش بۆ تۆ نەهامەتییە)).

ئەبو عەزیز:

((ئـەم یارییـە بـۆت دەسـەلمێنم هەنـدێ گـەل پۆشـاکی سـپی بـۆ ماتەمینی دەپۆشن. پێم بڵێ" لەوحەکانی پیشان دای؟)).

ئەبو سەمیرە:

((بێگومان نەخێر)).

ئەبو عەزیز:

((کابرایـەکی زیرەکـە، مـن بوومایـە تەنانـەت پیشـانی خـەڵکی نەخوێنـدەواری گوندەکەشـم نـەدەدان. ئـەی نـەتزانی بـە چ خـەتێك نووسراون؟)).

ئەبو حەمید:

((دوو شـەش لـە یەکـەم زارەوە. ئێسـتا دڵنیـا بـووم ئـەبو عـەزیز بـە قۆپیە دەرچووە. لەوحی قوڕ واتە نووسینی مێخی)).

ئەبو عەزیز:

((دڵنیای چاوەکەم؟)).

ئەبو خالد کە خەریکە ڕیشتاشین تەواو دەکات:

(( کەچی ئەبو عەزیز شانازی بەوە دەکات شارەزای چین و ماچین و ئێران و توورانە. فشەکەرەکان ئەم ڕۆژانە زۆر بوون)).

ئەبو سەمیرە:

((دەڵـێ لەوحـەکانی لـە چـین و ماچـین دەسـتکەوتووە، نووسـینی مسماری لە چین؟ پەح!)).

ئەبو حەمید:

((بۆ پەح؟ ئەمە دۆزینەوەیەکی نوێیە)).

ئەبو عەزیز:

((بـە حەسحەسـەکانی شارۆچـکەکە بڵـێین بیگـرن و لەوحـەکانی لـێ بسەنن؟)).

ئەبو حەمید:

((ئەمجارە بەختت باشترە. ئۆینێك بڕۆت بۆ هەڵدەتـەکێنێ. کـەڵکی

**نییە، لەوانەیە ئەو حەسحەسانە بکاتە مشك))**.

هەر ئەبو حەمید:

**((ئەوەش ئەگەر بەڕاستی جادووگەر بێ))**.

ئەبو خالد ڕوومەتی بەرەڵا کردو ئەو ڕوومەتەی لەرییەوە. بۆی دووبارە کردەوە:

**((ئەوە ئەگەر بەڕاستی جادووگەر بێ))**.

ئەبو سەمیرە دەنگی دایەوە:

**((ئەوە ئەگەر بەڕاستی جادووگەر بێ))**.

ئەبو عەزیز حەزی کرد جیا بێ:

**((بێگومان جادووگەرە))**.

ئەبو حەمید:

**((کەواتە فەرموو بچۆ بۆ لایو لێی بپرسە کەی بارەکەمان دەگاتە جێ، مێشکم دەخولێتەوەو ئەگەر لەوە زیاتر دوابکەوێ ڕەنگە بکەومە سەر پێکانی ئەو جادووگەرەو لێی بپاڕێمەوە بتخووسێنێو بە چرکەیەك بتکاتە کوحوول))**.

ئەبو خالد دەموچاوی بە خاولییەکە دەسڕی:

**((بەپێی هەواڵەکانی ڕادیۆی بەرلین ئەمڕۆ ئێوارە یان سبەی بەیانی بارەکەتان دەگات))**.

ئەبو سەمیرە بیریکەوتەوە:

**((پۆشاکێکی ڕەشی سەیری لەبەردابوو و ناشیرینترین دەمامکی کردبووە دەموچاوی))**.

کەسیان بایەخیان بەو قسەیە نەدا.

پێش ئێوارە ئەو بارەی چاوەڕێیان دەکرد گەیشت. پیاوەکە سندووقێکی بەسەر پشتی کەرێکی وڕ هەڵگرتبوو و لەبەرخۆیەوە جنێوی دەدا:

**((ئەم گەوادانە هیچیان نەدۆزییەوە بۆ سەر پشتی ئەم کەرە ئەم گووە نەبێ؟))**.

حەمەئـەمینی خزمـەتکار گـوێی لـە بۆڵـەبۆڵی پیاوەکـە بـوو و بەدەمییەوە چوو:

((**ئەم گارەگارەت لەچییە؟**)).

پیاوەکە دەستی دایە سندووقەکە دایبگریّ:

((**بەو کەرانەی ناو خێوەتەکە بڵیّ گووەکەتان گەیشت**)).

حەمەئەمین دەستی دایە سندووقەکە:

((**گووەکە بکەرە دەستمەوەو تۆ بڕۆ**)).

لێـی وەرگـرتو بـە بـاوەش هـەڵیگرت، نقەیـەکی بـۆ کـردو دواپرسیاری لێکرد:

((**پارەی باری ئەمجارەت لە شار وەرگرت؟**)).

پیاوەکە پاش ماندووبوونو بێزاری ئاوازی ڕستەکەی بەدڵ بوو و هێـور بـووەوەو بیریکەوتـەوە بەدرێـژایی گەشـتەکەی گۆرانییەکـەی لەبەرخۆیەوە نەوتووە:

((**وتیـان لـەو گەوادانـەی بسـەنە هـەی لێلـیّ. لەبـەختی کەرەکـەم نایکەمە سکی ماڵو منداڵم. دەیدەمە کا بۆ کەرەکەم هەی لۆلۆ. پێیان بڵیّ گووەکەیان عافیەت بیّ**)).

پیاوەکانی پایتەخت ڕوویـان گـەش بـوو کاتێـك بینییـان بارەکـە گەیشت. بارەکەیان وەرگرت، خاوەنی گوێدرێژەکەش کەمێك بۆڵـەی مابوو بیکات. ئەو برە بۆڵەیەی کردو پارەکەی وەرگرتو ڕۆشت.

شـەو سـفرەکەیان لەسـەر زەوی ئامـادە بـوو. لەسـەر سـفرەکە پیاوەکـان باسـی جادووگەرەکـەیان کردبـووە بابـەتی گاڵتەوگـەپی خۆیان. جگەلە ئەبو خالـد کـە نـەدەیخواردەوە هـەموو تۆڵـەی ئـەو ماوەیەیان کردەوە کە بیّ مەشرووب مابوونەوە. کوحوول قسـەکەی ئەبو سەمیرەی خستەوە یادی ئەبو حەمید، ئەو قسەیەی بایـەخیان پێنەدابوو:

((**وتت جادووگەرەکە جلی چیی لەبەردابوو؟**)).

ئەبو سەمیرە ئەمجارە وەسفێکی وردتری جلەکانی کرد. ئەبو خالد باوەشێنی خۆی دەکردو دووکەڵی جگەرەی لەخۆی دووردەخست، وتی کاری کوحوول ئەو وەسفەی داڕشتووە:

((**باشە سینەماکە لەکام گەڕەکی ئەم گوندەیە؟**)).

سفرەکە تا درەنگ دانرابوو، پیاوەکانی پایتەختیش هێندەیان خواردەوە بەلا کەوتن‌و هۆشیان لێ بڕا. ئەبو خالد فەتاح‌و حەمەئەمینی بانگ کرد:

((**وەرن بیانخەینە جێگەی خۆیان. تا مەشرووب ماوە هەموو شەو ئەمە حاڵمانە**)).

بەدوانیان دوو قاچی یەکێکیان گرت‌و بۆ سەر جێگەکەی ڕایانکێشا، ئینجا دوانەکەی تر.

ئەوانەی خواردیانەوە بێهۆش ببوون‌و ئەوانەی نەیانخواردەوە نوستبوون، بەڵام ئەو شەوە هەموویان خەویان لە چاوی جادووگەرە لاوەکە فڕاندبوو.

# 15
## تاقیکردنەوە

ئەو قسانەی شوێنەوارناسەکان لەبارەی جادووگەرەکەوە بە وەرگێڕو خزمەتکارەکەی خۆیان وتبوو خێرا لەناو ئاوایی بڵاوبوونەوە. خەڵکی ئاوایی زانییان شوێنەوارناسەکان گاڵتەیان بە جادووگەرەکە دەهاتو دەیانوت قسەکانی بێنرخن، گومانی پیاوەکانی پایتەختیشیان بیست کە لاوەکە چووبێتە وڵات چین چونکە تەنانەت خۆشیان کە فەرمانبەری میرین زەحمەتە بگەنە ئەو وڵاتە.

جوحاو خزمەتکاری قوتابخانەکە، هەریەك بەجیا، ئەو قسانەیان گەیاندە ئاغاکەیان، سیامەند تێبینیی کرد وەکو جاران ئەو دوو کەسە قسەکان وەکو یەك ناگەیەنن، ئەوەی لاشی سەیر بوو خەیاڵ لە گێڕانەوەی خزمەتکاری قوتابخانەکە زیاتر بوو هەرچەندە جوحا بوو کە چیرۆکە خەیاڵییەکانی گەشتەکەی ئەوی هەڵبەستبوو، سیامەند ڕۆژبەرۆژ بۆی دەردەکەوت هاوڕێکەی بۆ ئەم کارە نوێیە دروست نەکراوە.

سیامەند لێکۆڵینەوەی ورد لە تواناکانی جوحای بۆ کاتێکی تر هەڵگرتو خۆی بە قسەکانی ناو گوند مەشغووڵ کرد. شتێکی تری مابوو بیزانێ، ویستی بزانی کاریگەریی قسەی پیاوەکانی پایتەخت لەسەر خەڵکەکە چەندە، خزمەتکاری قوتابخانە ئەمجارە

بەڕستەیەکی کورت بڕییەوە، دارجگەرەکەی لەدەمی دەرهێناو لەپشتی ددانە زەردو شوێنەواری ددانە کەوتووەکانییەوە ڕستەیەکی وت:

((**خەڵك قسە دەکەن**)).

جوحا وەڵامی درێژتری هەبوو. جوحا بەحەماسەتەوە بەدەنگێك هەستی بە مەترسییەکانی قسەکانی ناو گوندی کردبێ ئەوەی وت کە سیامەند نەیدەزانی ڕاستە یان موبالەغەیە:

((**قسەکان کارێکی زۆر خراپیان لەسەر کردوون، هەموویان قسەکان دووبارە دەکەنەوەو بە ژنەکانیشیان دەڵێن و لەوە دەچێ باوەڕیان پێیان کردبێ، ئەوەندەش نازانی ڕۆژێك دەچیتە دەرەوەو دەبیستی یەکێیان پێت بڵێ: سیامەند حەزت لە ئیشی شوانی هەیە بیکەیتەوە**)).

سیامەند چاوی لەو بێئەدەبییەی یاوەرەکەی پۆشیو هێزەو توانای مێشکی خستە سەر ئەو مەترسییە: ئەو شتەیە کە لێی دەترسا" ئەو پیاوانە هەیبەتی لەناو ئاوایی ناهێڵن، ئەگەر ڕاستیش بێ ئاوایی ئێستا وا بیر دەکاتەوە ئەو کاتە هیچ شتێك ئەو هەیبەتەی بۆ ناگەڕێنێتەوە تەنانەت ئەگەر ئەو پیاوانەش دەرپەڕێنێ، مەترسیی مامۆستای قوتابخانەکە لەچاو ئەوەی ئەو پیاوانە وەکو یاریی منداڵان وایە، مامۆستای قوتابخانەکە لاوێك بوو هەر هاواری دەکردو دەیزیقاند بەڵام ئەوانە دوو ئەوەندە تەمەنی ئەو مامۆستایەیان هەیەو وەکو شارەزا خۆیان سەلماندووە.

سیامەند خزمەتکاری قوتابخانەکەی ناردەوەو جوحای لای خۆی هێشتەوە:

((**جوحا، دەبێ ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ میوانەکان بکەم، قسە لەگەڵ ئاوایی بێسوودە. قسە خۆی بێسوودە، دەبێ شتێك بکەم**)).

بەرلەوەی جوحا لەبارەی ئەو شتەوە بپرسێ کە پێویستە بکرێ،

پرسیارێك بوو نەیدەكرد چونكە دەیزانی ئاغاكەی وەڵامی ناداتـەوە، دەنگی دەرگای دەرەوە هات، ئاغا سەری بۆ جووڵاند بچیٚ دەرگاكە بكاتـەوە، جوحـا چـووە دەرەوەو دەرگاكـەی كـردەوە. كچـێك بـوو هەموو دەموچاوی پێدەكەنی، جوحا هاتنەكەی لا سەیر بوو:

((**خەجە! بۆچی هاتووی؟ چۆن وێرات؟ خۆ كچانی گوند ناوێرن بەوبەریماڵەكەشەوە بڕۆن**)).

كچەكە نەدەترسا:

((**خۆ نامانخۆن؟**)).

جوحا:

((**نەخێر، خـۆ هـەموو ڕۆژێـك گۆشـتی مـرۆڤ نـاخۆین، دەی چـیت دەویٚ؟**)).

كچەكە:

((**دایكـم منـداڵێكی بـووە شـێن و ومـۆر بـووەو دەترسـیٚ بمـریٚ و دەیەویٚ سیامەند ئاغا چاكی بكاتەوە**)).

جوحا:

(( **ئەی بۆچی پێدەكەنی؟**)).

كچەكە تێنەگەیشت و جوحا بیریكەوتەوە ئەو كچە نیـوە شـێتە. سەرسـوڕمانەكەی لــە هــاتنی كچــەكە بـێترس بـۆ لای جادووگــەر ڕەوییەوەو پێـی وت خـۆی بچـیٚ و ئـەوەی پـیٚ بڵـیٚ. كچـەكە چـووە خانووەكەو جوحا شوێنیكەوت. سـەگو گوێدرێژەكـە لـە حەوشـەكە بوون. سەگەكە دوانەكەی بینی و وەڕی:

((**جووجە بەچكەی بووە**)).

كەرەكەش بیریكردەوە:

((**جووحوو ژنی هێناوە**)).

مێشكی سیامەند بە قسەی شوێنەوارناسەكان سەرقاڵ بوو بۆیـە ویسـتی داواكـاریی دایكـی كچـەكە بـە چارەسـەری مەترسـییە

هەنووکییەکە ببەستێتەوە. کچەکەی ناردەوەو پێی وت تا کەمێك پێش ئێوارە ناتوانێ هیچی بۆ بکات. کچەکە ڕۆشتو سیامەند تێبینیی کرد جوحا بە چاو شوێنی کەوتووە:

((**چییە جوحا؟ ناشێ حەزت لێکردبێ؟**)).

جوحا بەئاگاهاتەوە:

((**نەخێر! ئەم کچە هیچ لە تۆ نەترسا**)).

جوحا تێبینیی کردبوو ئەو کچە شتێك لە ڕەزێی شاوەیس ئاغا دەچێ:

((**گۆڕت پڕ مارو دووپشك بێ شاوەیس ئاغا، چۆن ڕەزیت نەدامێ. ئەم کچە لە ڕەزێ دەچێ**)).

سیامەند گوێی نەدایە هاوڕێکەیو لەجیاتی ئەوە دیسان بیریکردەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ پیاوانی پایتەخت بکات. هەموو چارەسەرەکان بێکەڵك بوون، لەکۆتاییش ئەو چارەسەری هەڵبژارد کە ئەنجامەکە لەهەموویان زیاتر جێگەی گومانە بەڵام لەهەموویان سەلامەتترە.

بەڵێنی پێش ئێوارەی خستە عەسرێکی زوو بەڵکو کەمترین کەسی ئاوایی ئامادەبن. هەواڵەکەی بۆ باوکی کچەکە ناردو خۆیو هاوڕێکانی چوونە دەرەوە. دەمامکە سامناکەکەی لەدەموچاوی ناو جوحای پێش خۆی نارد.

سیامەندو سەگەکەیو کەرەکەی چوونە بەردەم قوتابخانەکەو یەکسەر چواردەوریان بە پیاوانی گوند گیرا، جوحاو باوکی منداڵەکە گەیشتنو سیامەند خزمەتکاری قوتابخانەی بۆ لای پیاوانی پایتەخت نارد.

سیامەند بێ جووڵەو بەبێدەنگی چاوەڕێی کرد ئەو پیاوانە بگەن تا دەست پێبکات. لەگەڵ گەیشتنی پیاوەکان منداڵەکەی لە باوکی سەندو بەهەردوو دەست بەرزی کردە سەرەوەو تا توانی دەنگی

زبرو گڕ کرد:

((**خەڵکی ئاوایی! ئێوە چیتان لە پیاوانی پایتەخت بیستووە؟**)).

هەریەك قسەیەکی کردو لەو غەڵبەغەڵبە سیامەند تێگەیشت وێنە ڕەشەکەی جوحا موبالەغەی تێ نەبووە، منداڵەکە هێشتا لە بەرزی بوو کاتێك جادووگەرەکە وتی:

((**کەواتە با ئەو پیاوانەی خۆیان بە شارەزاتر دەزانن ئەم منداڵە چارەسەر بکەن**)).

سیامەند منداڵەکەی دایەوە دەستی باوکی. پیاوەکانی پایتەخت جادووگەرەکەیان بە پۆشاكو دەمامکییەوە بینیو زانییان زوڵمیان لە هاوڕێکەیان کردبوو کاتێك وایان دانابوو موبالغەکە دەکات، ئێستاش دەزانن جادووگەرەکە تەحەددایان دەکات. یەکێکیان چووە لای باوکی منداڵەکەو تەماشای ئەو ساوایەی کرد. هاواری کرد:

((**گەزازە! گەزازە! ئەم منداڵە فریای سوڵتان ئاباد نەخرێ هەر ئەمشەو دەمرێ**)).

زۆراب کە ئەو ماوەیە خۆی بزر کردبوو لەو شوێنە ئامادە بوو و فریای پیاوانی پایتەخت کەوت:

((**ئەمە دەردەکۆپانە**)).

ئەبو حەمید لە فەتاحی پرسی زۆراب چی دەڵێ، فەتاحیش پیتاوپیت بۆی وەرگێڕا:

((**هازە مەرەز مال مەلابس ئیللی ئیخەللوهە عەلا زەهر مال زمال**)).

پیاوی پایتەخت سەری سوڕما:

((**شنو؟ مرض مال ملابس اللي يخلّوهه علي ظهر الزمال؟ شنو هاذه؟**)).

وەرگێڕەکە ڕووی کردە زۆراب:

((**ماڵ کاول! چۆن دەردەکۆپانی تێبگەیەنم؟**)).

پیاوی پایتەخت تەماشای گوێدرێژەکەی کردو بینی بەهێمنی وەستاوەو تارمایی زەردەخەنەیەك بەسەر دوو لێوی گەورەیەوە دیارە، پیاوەکە لەخۆی پرسی: ((**نەخۆشیی پۆشاکی سەر پشتی کەر؟! خزمەتکاری قوتابخانەکە ڕاستی کرد، جادووگەرەکە گوێدرێژەکەشی کردۆتە جادووگەر**)).

تەماشای گوێدرێژەکەی کردەوەو هەستی کرد زەردەخەنەکەی ئاڕاستەی ئەو کردووەو گاڵتەی پێدەکات. سیامەند ڕێشمەی قسەکانی گرتەوە دەست:

((**گەزاز چییە؟ فەتاح پێی بڵێ با ڕوونی بکاتەوە**)).

فەتاح قسەکەی گەیاندو پیاوەکە دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی ئەو نەخۆشییە، بەڵام نەخۆی تواناى قەناعەت پێکردنی هەبوو، نە وەرگێڕەکەش بە باشی قسە لاوازەکانی وەرگێڕا. جادووگەر بەهێمنی ڕوویکردە خەڵك:

((**ئێوە دەڵێن چی؟**)).

هەر لەیەك لەلاوە باسی شەوەیان کرد کە منداڵان دەکوژێ. جادووگەرەکە:

((**دەی فەتاح بۆیان وەربگێڕە**)).

هەوڵی پیاوەکانی پایتەخت بۆ تێگەیاندنی خەڵکەکە بێسوود دەرچوو، لەکۆتاییش منداڵەکە هەر لەو شوێنە مرد.

سیامەند ڕوویکردە شوێنەوارناسەکانو هەر بەو دەنگە گڕە:

((**بزانن چۆن ئەو منداڵە نەگەیشتە شەو، ئەوەشتان ڕاست نەبوو**)).

جارێکی تریش ڕوویکردەوە خەڵکەکە:

((**زانیتان عاقیبەتی گوێگرتن لەو جۆرە کەسانە چییە؟ ئێوە قسەکانیان بڵێنەوەو بزانن چۆن منداڵەکانتان یەك لە دوای یەك دەمرن**)).

ئەمەی وتو تەماشای دەموچاوی کردن، زانی ئاوایی تێگەیشت

خۆی شەوەی بۆ منداڵەکە ناردووەو خۆی کوشتوویەتی. لەوەش بەدواوە کەس ناوێرێ قسە بکات. لەگەڵ ئەوەش بەشی کەمێك دۆستایەتیی باوکی منداڵەکەی هێشتەوەو مەسەلەکەی خستە بارەکەی تر:

((**شەوە بۆ ئەم منداڵە هات و بردی. من دەمتوانی فریای بکەوم بەڵام قسەی ئەو پیاوانە کە ئێوە دووبارەیان دەکەنەوە بواریان نەدام**)).

ڕوویکردە باوکەکە کە باوەشی بە کورپەلەکەی کردبوو و فرمێسکەکانی بەسەری دەتکان:

((**پێم ناخۆشە. هەمووی خەتای ئەوانە**)).

جادووگەرەکەو هاوڕێیانی گەڕانەوەماڵەوەو بۆیان دەرکەوت پیاوەکانی پایتەخت بەزین، بەڵام سیامەند هەستی کرد جارێ مابوو سەرکەوتنەکەی کەمەرشکێن بێ بۆیە بەدەم ڕۆشتنەوە بیری لە نەخشەیەك دەکردەوە لەڕێگەیەوە نەك تەنها بیانبەزێنێ بەڵکو چۆکیشیان پێ دابدا.

سیامەند ئەو شەوەو ڕۆژی دواتر مایەوەو نەخشەکەی بۆ دانەنرا، ڕۆژەکەی دوای ئەوەش شوێنەوارناسەکان خۆیان کەوتنە جووڵە، جێگەی شوێنەوارناسان لە گوند لەق ببوو و دەبوایە کارێك بکەن ئابڕووی تکاویان بگەڕێننەوە، شوێنەوارناسەکان وەرگێڕەکەیان بۆ لای سیامەند ناردو پێیان وت داوای لێبکات لەبەردەمی گوند ئەو لەوحانە بێنێ و هەردوو لا بیانخوێننەوە، سیامەند پیاوەکەی ڕەوانەکردەوەو پێی وت دوایی وەڵامیان دەداتەوە.

شەو داهات و نەیتوانی بڕیار بدات. لەسەر جێگە دەتلایەوەو دیمەنەکەی دەهاتە پێش چاو: شوێنەوارناسەکان لەوحەکان بەڕەوانی دەخوێننەوە ئەویش لەخۆیەوە شت دەڵێ. مێشکی

جەنجاڵ ببوو و هەر دەتلایەوە، لەکۆتاییش خۆی نەگرتو هەڵساو ژوورەکەی جێهێشت. چووە ژوورەکەی جوحاو بینی ئەویش لەجێگەی خۆی دەتلێتەوە. دەستی لە هاوڕێکەی داو وریای کردەوە:

((**جوحا! من هاتم چارەسەرێك لای تۆ بدۆزمەوە کەچی دەبینم تۆش تەپاوتل دەکەیو خەوت لێنەکەوتووە**)).

جوحا بەدەنگێکی پڕ ئازارەوە وەڵامی دایەوە:

((**بەدەست خۆم نییە**)).

سیامەند:

((**ڕاستە هەردووکمان پێوەی گیرۆدەین بەڵام نابێ هەردووکیشمان پەك بخات**)).

جوحا دانیشتو هەردوو چاوی زەق بوون:

((**تۆش؟ تۆش حەزت لە خەجە کردووە؟**)).

سیامەند وەك کەسێکی لێهات بزانێ هەموو کەلوپەلەکانی لە شوێنێك لەبیرچووەو تازە نایانبینێتەوە:

((**خەجێ؟ خەجێی چی؟ باسی چی دەکەی؟**)).

جوحا چاوی هەڵگلۆفت:

((**یەعنی تۆش حەزت لێنەکردووە؟**)).

سیامەند لەتەنیشتی دانیشت:

((**وڕێنەی چی دەکەی؟ من خەمی ئەو ڕۆژەمە لەبەردەمی ئاوایی ئەو بەردانە دەخوێنمەوە**)).

جوحا هێواش بووەوە:

((**لە چی دەترسی؟ ئەی تۆ نەچوویتە چینو ماچینو فێری خوێندنەوەی ئەو بەردانە نەبووی؟**)).

سیامەند بیریکەوتەوە هاوڕێکەی هەموو شتێك نازانێ. ویستی ڕێگەکەی لێ هەڵە بکات. پێی وت بەڵێ بەڵێ، هەرئەوەندە هەیە ئەو دەترسێ:

**((ئەوان لە خۆیانەوە شتێك بڵێن و ئاوایی بخەڵەتێنن)).**

سیامەند ئەمەی وت و زیاتر ترسا. بیری لەو قسەیە نەکردبووەوە کە ئێستا بە جوحای دەڵێ. دڵی ترساوی بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی: **((بەڕاست! ئەگەر لەخۆیانەوە شت بڵێن. لەخۆیانەوە بڵێن لەو بەردانە نووسراوە جادوو درۆیە. ئەو کاتە چی دەکەی؟)).**

جوحا ویستی قسە بکات، لەپڕ دەرگایەکی ڕۆشن لەبەردەمی سیامەند کرایەوە، ئەمجارە دڵی هاواری کرد: **((بەڵی! خۆشت هەر وات دەکرد. ئەوان چی دەڵێن با بیڵێن، تۆش بزانە چی دەڵێی)).**

دەستی خستە سەر دەمی هاوڕێکەی و پێی وت وەك مێشکی بە بیرکردنەوە ماندوو کردووە زمانیشی بە قسەکردن ماندوو نەکات:

**((بنوو جوحا گیان بنوو، یان بیر لە خەجێ بکەرەوە، دەمزانی چاوت لەسەرێتی)).**

گورج هەڵساو پشتی تێکرد، ئەمیان فریاکەوت پێش ئەوەی ئاغاکەی بچێتە ئەودیو دەرگاوە بڵێ:

**((لە ڕەزێ دەچێ. بەڵێ بە خوا لەو دەچێ)).**

بەڵام سیامەند قسەکەی نەبیست.

سیامەند چووەوە ژوورەکەی و بەپشت پاڵکەوت و دوو دەستی خستنە ژێر سەرییەوە. ئێستا هێمن بۆتەوە و دەیتوانی باشتر بیربکاتەوە:

**((چۆن بیرم لێنەکردەوە؟ هەرچییەك بڵێن کێ دەزانێ ڕاستە یان درۆ؟ شتی باش بڵێن سەر دەلەقێنم خراپیش بڵێن دەڵێم درۆ دەکەن)).**

بەلای چەپی تلایەوە:

**((گرنگ ئەوەیە ئەوان پێش من بەردەکان بخوێننەوە، کە نۆرەی منیش هات بەئارەزووی خۆم قسە بکەم. بەڵێ بە ئارەزووی خۆم)).**

ئەوەی وت و یەکسەر خەوی لێکەوت.

کات و شوێن دیاری کران. کات وەکو هەموو جارێك عەسر بوو،

شوێنیش وەکو هەموو جارێك بۆشاییە فراوانەکەی نێوان قوتابخانەو ماڵی زۆراب بوو. ئەمجارە جادووگەر بە دەمامکە ناشیرینەکەیەوە لەسەر کورسییەك دانیشتبوو“ کورسییەکی نوێ وەکو عەرشی پادشا لەشارەوە بۆی هاتبوو. تەختەی دوو ڕەنگی سوورو ڕەش لەگەڵ نەخشی جۆراوجۆرو وێنەی چاوی گەورەو مارو دووپشكو هێمای نادیاری تر سامی خاوەن ئەو عەرشەیان گەورەتر کردبوو. خۆی لەسەر عەرش‌و سەگەکەی لەبەر پێی‌و جوحا بە دەمامکەکەیەوە لەپشتی عەرش‌و کەرەکە لە پشتەوەتر. چوار پیاوەکەی پایتەخت‌و وەرگێڕو خزمەتکارەکەیان لەبەرامبەر وەستابوون. بەچواردەوری ئەو دوو تاقمەش خەڵك کۆببوونەوە. ژنان چووبوونە سەربانی ماڵەکان، منداڵانیش لەسەربانی قوتابخانەکە خڕ ببوون.

شوێنەوارناسەکان تەماشای جادووگەرو تیمەکەیان دەکرد کە دیمەنەکەیان تاکی ژیانیان بوو. بایی هەموو ئەو ژیانەشیان لەو تیمەی ناو ئەو گوندە چەپەکە سەرسام بوون. جادووگەر لەپی دەست درێژکردەوە بە نیشانەی ((فەرموون)). پیاوەکان تەماشای یەکتریان کردو هیچیان نەوت، سیامەند بە فەتاحی وت پێیان بڵێ چییان هەیە ڕووبەڕوو بیڵێن. پیاوەکان جارێکی تر تەماشای یەکتریان کرد، ئەبو حەمید قسەی کردو بە زەردەخەنەکەی‌و بە ئاوازی دەنگییەوە دیاربوو پەشیمان بۆتەوەو دەیویست مەرایی بۆ ئەو دەعبایەی بەرامبەری بکات‌و بەخۆشی کۆتایی بەم شەڕەی دوورەوڵات بهێنێ:

((**چاوەکەم! ئێمە هیچمان نییە، ئێمە میوانین، چەند ڕۆژێك لێرە دەمێنینەوەو دەڕۆین. وا نییە کاکە حەمە ئەمین؟ وا نییە کاکە فەتاح؟**)).

نـه حەمـه ئـەمین‌و نـه فـەتاح وەڵامیـان نەدایـەوە، ئـەبو عـەزیز جەختی لەسەر قسەکانی هاوڕێکەی کرد:

((**بەڵێ گیانەکەم! ئێمە لێرە کاتین**)).

دوودڵیی پیاوەکان هێزێکی دایە سیامەند، بـەڵام دەیزانـی کـاتی نـەهاتووە سـەرکەوتنی خـۆی ڕابگەیـەنێ. بێئـەوەی ئـاوڕ بداتـەوە دەستی بۆ دواوە ڕاکێشا. جوحا کیسەیەکی بنباخەڵی دەرکردو دایە دەسـتی. سـیامەند بـەدەم تەماشـاکردنی پیاوەکانـەوە کیسـەکەی کـردەوەو لـەوحێکی دەرکـرد. دایـە جوحـا بیداتـە پیاوەکـان، ئـەبو حەمید وەریگرت:

((**من شارەزای ئەوەم**)).

لەدەموچاوی نزیکی کردەوەو بەچەند بارێك سووڕاندییەوە:

((**کاکـه فـەتاح بۆیـان وەربگێـڕە، ئەمـه نووسـینی مسـمارییه، بـەپێی جـۆری خەتەکـەو بـەپێی بەڵگـەی تـرەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـێ هـەزارو حەوت سەد ساڵ پێش ئێستا، یان زیاتر یان کەمتر. سەردەمێك بوو ئێمـه پێـی دەڵـێن سـەردەمی بـابلیی کـۆن. باسـی. باسـی. بـا بـزانم. ١ (گـور)و ٢ (پـی)و ٤ (بـان) جـۆ دراون بـه کەسـێك بـەناوی (زیـزی)، هەمووی بەپێوانەی ئەمڕۆ. بەپێوانەی ئەمڕۆ. *(هەنـدێ بۆڵـەی لەگـەڵ خۆی کردو بڕەکەی ژمارد)* سێسەدو هەشتاو شتێك لتر. نازانم ئێوە دەزانن یان نازانن لتر چەندە، بەڵام ئەو بڕە پانزە تا شانزە تەنەکەیە. ئەمە ئەو. ئینجا شتی تر نووسراوە: ١(گور)و ١ (پی)و ٥ (بان)و ٣ (سیلا) جۆ دراوە بە کەسێك بە ناوی (دادی)...**)).

پیاوەکـه لیسـتەکەی بـه خـاوی خوێنـدەوە، لـه هەنـدێ شـوێن دەوەستاو دەیویست لـەو شـوێنه چـەپەکەی جیهانـداو لەبـەردەمی ئەو دەمامکانه زانستییانه قسـه بکـات. پیاوەکـه جارێـك دەقەکـەی شی دەکردەوە، جارێکی تریش دەیـوت نووسـینەکه لێـرە شـکاوەو ناخوێنرێتەوە، لەوێش خۆڵی ڕەقبوو و خوێ دایانپۆشیوە.

سیامەند سێ لەوحەکەی تری دایە جوحاو ئەمیان گەیاندییە دەستی پیاوەکە. بابەتەکان وەکو ئەوەی پێشوو بوون. سیامەند جوحای بۆ وەرگرتنەوەی لەوحەکان ناردەوە. بە زەردەخەنەی سەرکەوتنیشەوە ڕووی گەشی پشتی دەمامکی بەناو ئامادەبووان گێڕا:

((**کەستان بیستووە لە باوکانتان یان باپیرانتان ناوی زیزی بووبێ؟ کەس جگەلە خۆم ڕۆژێك هاتووە لەخۆیەوە نیو جەواڵ جۆتان بداتێ؟**)).

جادووگەر بەدڵخۆشییەوە تەماشای ئەو خەڵکەی کرد کە گومانی تەواویان بۆ دروست ببوو لە قسەکانی پیاوی پایتەخت، ئینجا نۆرەی خۆی بوو لەوحەکان بخوێنێتەوە:

((**گوێتان لێبوو ئەو پیاوە چۆن باسی ئەو نووسینەی کرد، ئەو وای وت ئەمەش ڕاستییەکەیە. گوێ بگرن، فەتاح تۆش وەریبگێڕە: بەناوی شای جنــ** *(ویستی بڵێ شای جنۆکان بەڵام شتێك لەدڵی پێی وت وشەی جنۆکە لەبەردەم ئەو پیاوانە نەڵێ)* **بەناوی جادووگەری مەزنی دێرین، بەناوی تەهتەهووب و لەهووب و کەشکەشعەلیووش. ئەو کەسەی ئەم بەردە دەدۆزێتەوە عەقڵ و زانیاری هاوڕێی دەبن، هێزو توانا پۆشاکی بەری دەبن، خۆشبەختە ئەوەی ئەم بەردە دەدۆزێتەوە، بەدبەختە ئەوەی دوژمنایەتیی دەکات**)).

سێ بەردەکەی تری خوێندەوەو گوێی لە تەعلیقی خەڵکەکە بوو کە دەیانوت: ((**باوکم. ئەمە قسەیە**)). تەواو بوو و بە جوحای وت بەردەکان بەناو خەڵك بگێڕێ:

((**با ئێوەش بزانن ئەو نووسینە سەیرەی سەریان هی ئەوەیە باسی جۆو جەواڵ بکات یان شتی گەورەو نهێنیی سەرسوڕهێنەر**)).

پیاوەکان پاڵەپەستۆیان کرد بۆ بینینی بەردەکان کە هیچیان لە نیو لەپی دەستیان گەورەتر نەبوو و دەبوایە بەچەند لایەك

بیانسووڕاندنایه تا نەخشەکانیان ببینن، تەماشایان دەکردن‌و پەنجەیان دەخستنە سەرو دەیانوت: ((**ڕاست دەکات! ئا ئەوەتا! دەیبینن؟!**)).

ئەبو خالد بۆ چرکەیەك وازی لە مەرایی هێناو هاواری کرد:

((**خەڵکینە! ئەمە قسە نییە...**)).

ئەبو حەمید دەستی گرت:

((**بێسوودە، دۆڕاین، ئێمە دۆڕاین‌و دواکەوتن بردییەوە**)).

دوو لەپی دەستی لەبەردەم دەموچاوی بەیەکتر نووساندو لەسەر ئەژنۆی چەپی چۆکی دادا، وەکو ئەکتەرەکانی شانۆش ڕووی قسەی کردە جادووگەر:

((**گەورەمان‌و گەورەی گوند، گەورەی تەهتەهووب‌و لەهووب، ددان بە گەور.. لەبیرم چوو ناوی کەشکەشەعلیووش بڵێم. ددان بە گەورەییت دەنێین، وەکو خزمەتکارو قوتابی قبووڵمان بکەن**)).

نیوەی دەرەوونی هاوڕێکانی شەرمەزاری بوو، نیوەکەی تریش پێکەنینێك بوو بەخۆیان. سیامەند ویستی زیاتریان پیشان بدات، مەبەستیشی خەڵکەکە بوو:

((**لەبەر ئەوەی نازانن چی لەسەر ئەو لەوحانە نووسراوە ناشزانن بۆچی باشن. من ئێستا تەنها یەك نموونەتان پیشان دەدەم. ئێستا کەسێك لەمێشکم هەیە زیانێکی گەورەی پێدەگەیەنم. هەر بەهۆی ئەم بەردانەوە**)).

لەوحێکی گرت‌و خوێندییەوە، چەند وشەیەکی وت هی ئەوە نەبوون کەس لێیان تێبگات. ئەبو حەمید بە هاوڕێکانی ڕاگەیاند:

((**تێبینیتان کرد؟ بەشی ئەوە عەقڵم ماوە بزانم هەر ئەوەیە کە پێشتر خوێندبوویەوە بەڵام ئەمجارە بەپێچەوانەوە، واتە لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا**)).

بەرلەوەی هاوڕێکانیشی تەعلیقێك بدەن ڕوونی کردەوە:

((**وەك دەزانن دەقی سیحری هەن بە نووسینی میخی بەپێچەوانەوە**

**نووسراون. نووسین یان خوێندنەوە بەپێچەوانەوە یەکێکە لە کارەکانی جادووگەران لەکۆنی کۆنەوە تا ئێستای ئێستا. لەم ئێستایەش کە ئێمە وەکو کەر بەرامبەر ئەو و بەرامبەر خەڵکە نەخوێندەوارەکە وەستاوین باوەڕ دەکەم ئەم کابرایە چین و ماچینی بینیوە، شت لە ئێران و تووران فێربووە. دەی هەر لەبەردەمی ئەو یەکی شەقێك لە قنگی خۆتان بدەن و بڕۆن)).**

سیامەند بێ خواحافیزی لە میوانەکان گەڕایەوە ماڵەوەو ئەوان بێ شەقهەڵدان لەخۆیان گەڕانەوە خیمەکەیان.

شەوی میوانەکان بووە شەوی گاڵتەوگەپ، بەیەکتر پێدەکەنین:

((**تەهتەهووب سفرەکە ئامادە بکە، تا دەتۆپین ئەمشەو دەخۆینەوە**)).

یەکێکی تر:

((**بەناوی لەهووبی گڕگرتوو فەرمان دەدەم سفرەکە بەیەك چرکە لەبەردەممان ڕابخرێ**)).

سفرەکە ڕاخراو مەشروب لەسەری دانرا. ئەبو حەمید بتلێکی بچووکی هەڵگرت و سەرەکەی لێکردەوەو ناواخنەکەی بەسەر زەویی خیمەکە ڕشت:

((**یەك چارەك عەرەق بۆ سەر ئەرزەکە تا بۆن بڵاوبێتەوەو خێمەکەمان لەباڕ بچێ**)).

پێڕەکە دانیشتن و تا درەنگ دەیانخواردەوەو گاڵتەیان بەیەکتر دەکرد، ئەبو حەمید بە دەم خواردن و خواردنەوەوە ئەزموونێکی خۆی بۆ گێڕانەوە:

((**گوندێکی باشوور یەکەم جاری بوو شوێنەوارناس بەخۆیەوە ببینێ. لە زمانم دەرچوو وتم ئەو گردانە ئاسارن کەچی ئەو پیاوەی میوانی بووین وتی ئەوە گردێکە پاشایەك وەکو بورجی چاودێری دروستی کردووە، چەند هەوڵم دا تێیبگەیەنم ئەو گردە لە ئەنجامی چینەکانی نیشتەجێ کە بەدوای یەك هاتبوون دروستبووە کەچی**

کابرا هەر باوەڕی نەکرد، ناچار کوڵم داو وتم بەراستی پاشایەکی بەتوانا بوو)).

ئەبو سەمیرەش شتی خۆی هەبوو:

((من شتێکی سەیرترم بەسەر هاتووە. دوای کۆششێکی زۆر قەناعەتم بە گوندنشینێك کرد ئەو گردانە نیشتەجێی چەند سەردەمێکن. کابرا هەر لەگەڵ خۆمان بوو کاتێك چەند کەسێکی گوندی خۆی بینیو ویستی فەلسەفە لێبداتو خۆی وەك شارەزا پیشان بدات. چوو و ئەوەی بۆ هاوڕێکانی باسکرد ئەوانیش باوەڕیان نەکردو وتیان هەر بورجی پاشایە، کابراش لەبەرئەوەی تازە شتەکە فێرببووو ئیمانەکەی لەق بوو دوودڵی هێرشی بۆ بردو زوو ئیمانەکەی دۆڕاند. کابرا نەیتوانی لەوەبەدوا دیفاع لەو شتە بکات کە زانیبووی‌و لێی کەوتە گومان)).

ئەبو خالد شتێکی سەیرتری پێبوو:

((دە گوێ بگرن! لاوێکمان لەگەڵ بوو چووبووە قوتابخانەو شتێك فێرببوو. ئەو بە خەڵکی دەوت ئەو گردانە سەکۆی دانیشتنی (طەنطەل)ن. دوایی بەتەنیا بەخۆیم وت کەی شتی وایەو کوا تەنتەڵو دێو هەیە کەچی جرتێکی بۆ لێدامو وتی خەڵك نەخوێندەوارن، قسەکانی منو تۆ لایان وەکو یەکە، بگرە ئەوەی من لایان پەسەندترە چونکە مرۆڤ حەزی لە چیرۆکی تەنتەڵو دێو و جنۆکەو (سعلووە) هەیەو باوەڕیشی پێیان هەیە بۆیە قسەکانی تۆ بێتامن. وای وت، بەوپەڕی باوەڕیشەوە جرتەکەی لێدا، زۆر موعجەب بووم پێی)).

ئەبو حەمید گەیشتە ئەنجامێك:

((کەواتە.. پاش وەرگرتنی بیروڕای هەموو تەهتەهووبەکان بۆمان دەرکەوت لەکۆتایی جەهل سەردەکەوێو زانست وەکو کەر دەتۆپێ)).

ئەبو خالد ناڕەزایی دەربڕی:

((بەڵام نەك تاسەر ئوستاز لەهووب)).

لەهووب قسەکەی بۆ تەواو کرد:

((بەلای کەمەوە تا ئێمە لە ژیاندین تەهتەهووب گیان، تا دەشمرین

**دەبێ سەر بۆ کەسانی وەکو جادووگەری ئەم گوندە بلەقێنین))**.

ئینجا ڕوویکردە ئەبو عەزیز:

((**ئەی تۆ دەڵێی چی ئوستاز کەشکەشعەلیووش؟**)).

کەشکەشعەلیووش سەری لەقاندو بە دەمی پڕ لە خواردن فلْتاندی:

((**قسەتە لەهووب**)).

ئەبو سەمیرە وتی :

((**دەترسم هێندە ناوی ئەو بوونەوەرانە دەهێنین لە خەو بۆمان دەرپەڕن**)).

لەو کاتە سەگێك لەناکاو لەپەنا خێمەکەیان وەڕی، هەموو ڕاچەڵەکینو بەدەما کەوتنە سەر سفرەکە، ئینجا دانیشتنەوەو دایانە قاقای پێکەنین، دەستیان کردەوە بە خواردنەوە، هەر دەیانخواردەوەو پێدەکەنین، پێدەکەنینو دەیانخواردەوە تا لەکۆتایی هەر یەك لە شوێنی خۆی کەوتو هۆشی لێبڕا. ئەبو خالد وەکو جاران هەڵساو بە وەرگێڕو خزمەتکارەکەی وت یارمەتیی بدەن. ڕۆژی فەتاح بوو:

((**هێندەی کەرێك لەوەڕیان کردووە**)).

هی حەمەئەمینیش بوو:

((**دەڵێ گای گێژن کەوتوون**)).

دەستیان دایە قاچی سێ پیاوە کەوتووەکەو بۆ سەر جێگە ڕایانکێشان.

* * * * *

بیعسە شوێنەوارییەکە کۆتایی بەکارەکانی هێناو بۆ سبەی ئامادەی ڕۆشتن بوو. سیامەند نەویست دەرفەتی بینینەوەیان لەدەست بدات بۆیە بەدزییەوە چووە لایانو لەگەڵیان دانیشت. بۆ یەکەم جاریش بێ دەمامك بینییانو زانییان لاوێکە لە تەمەنی

کوڕەکانیانە. هەموو سەیری یەکتریان کردو تەریقبوونەوەی خۆیان خواردەوە.

پیاوەکان بۆ سیامەندیان ئاشکرا کرد ئەوان لەخۆیانەوە نەهاتبوون. ئاغایەکی ناوچەکە داواکارییەکی بۆ پایتەخت بەرزکردبووەوەو وتبووی ڕۆژ نییە شتی گرانبەهای زۆر لە شارەکۆن نەدۆزرێنەوە. سەرەتا گوێیان نەدایە هەواڵەکە چونکە بەردەوام شتی زۆری وایان دەبیست لە سەرانسەری وڵاتو هەندێکیان درۆ دەردەچوون. هەروەها سەدان گردی شوێنەواریی گرنگ هەن‌و پێویست ناکات کاتی خۆیان بە شوێنێکی دووری وا ببەنە سەر، بەڵام ئاغاکە قسەی لەگەڵ ئاغای گەورەتر کردو ئەوان کەسانی دەستڕۆشتووی پایتەختیان هان دا بۆ چەند ڕۆژێکیش بێ شارەزایانی بۆ بنێرن. ئەوان ئاوا هاتن، پاش پشکنینیش بۆیان دەرکەوت ئەو قسانەی لەبارەی شارەکۆنەوە کراون نەك تەنها موبالەغە بوون بەڵکو درۆیەکی ڕووت بوون.

سیامەند تەماشای ئەو بەشەی شارەکۆنی کرد کە لەو شوێنەی لەناو خێمەکە لێوەی دیار بوو. وێنەی سەربازەکە هاتەوە پێش چاوی، هەر سەربازەکەی جارانە، هەر وەستانەکەی جارانێتی. سیامەند خۆی چاڵی هەڵکەندبوو، پیاوانی پایتەختیش دوای ئەو چاڵیان هەڵکەند، نە ئەویش‌و نە ئەوانیش ئەو زێڕو زیوەیان نەدۆزییەوە. سیامەند بە دڵ لێی پرسی:

**((ئەی چی بوو؟ ئەی تۆ لەوێ نەبووی؟ ئەی تۆ لەوێ نەدۆزرابوویتەوە؟)).**

سەربازەکە وەڵامی نەبوو. سیامەند هەستی کرد دەبێ وەڵامەکە وا بێ:

**((بەڵێ من لێرە بووم بەڵام کێ دەزانێ چۆن گەیشتمە ئێرە؟)).**

مابووی بۆ سیامەند بڕوا بکات جگە لەو مستیلەیەی مام سمایل هەموو شتێك درۆ بووەو کەس هیچی لە شارەکۆن نەدۆزیوەتەوە، زۆر لەسەر دڵی گران بوو بڕوا بکات ئەو هەموو ماوەیە خەڵەتابوو.

سیامەند ویستی لە شوێنەوارناسان بپرسیٚ ئەو ئاغایە کیٚ بوو داواکەی بۆ پایتەخت بەرزکردبووەوە بەڵام زانی پرسیار بێسوودە، ڕەنگە ئەوان نەزانن، بشزانن نایڵێن. بۆچیش پرسیار بکات لەکاتێك ئەو دەزانیٚ جگەلە زۆراب کەس قازانج لە هاتنی ئەو پیاوانە ناکات.

تا ئێستا زۆراب لەدەستچوونی ئاغایەتییەکەی بۆ قووت نەدرابوو. شتەکان دەستی زۆرابیان لەپشتەوە بوو: لە یەکێك لەو جارە کەمانەی سیامەند دەچووە دەشت ئەو فیشەکەی بەلای ویزەی کردو سەرچاوەکەی دیار نەبوو هەرچەندە زەحمەت بوو بڕوا بکات لەخۆوە هاتبیٚ. ئەو پیاوە شڵەژاوەی بۆ داواکارییەك بۆ لای هاتبوو کەچی دەرکەوت خەنجەرێکی لەژێر جلەکانییەوە شاردۆتەوەو بەپەشۆکاوییەوە وتی دوژمندارەو خەنجەرەکەی بۆ دوژمنەکانی هەڵگرتووە. هاتنی پیاوانی میری بۆ بردنی جادووگەرەکە بۆ خزمەتی سەربازی. هەر زۆراب بوو کە لەژیانی نەیزانیوە مەلا چییەو مزگەوت بۆچی باشە بە مەلایەکی شارەکەی وتبوو کەسێك هەیە جادوو دەکات، ئەویش فەتوای دابوو ئەوەی بچێتە لای بێباوەڕ دەبیٚ. تومەز لەهەر هەنگاوێکی چاوێکی پڕ لە قین شوێنی کەوتبوو. سیامەند زانی ئەو بڕیارە چەند دانا بوو کە هیچ جۆرە سەرانەیەك لە ئاوایی وەرنەگریٚو خەڵك نەکاتە دوژمنی خۆی.

شوێنەوارناسەکان ئاگایان لەناخی ئەو لاوە نەبوو و تەنها ئەوەیان دەزانی کە پێویستە قەرەبووی دۆڕانەکەیان بکەنەوە. پیاوەکان دەرفەتی گەیشتنی فەرمانبەرێك میری ناردبووی بۆ

ئەوەی هاوڕێی گەڕانەوەیان بێ بە هەل زانی بۆ ئـەوەی وەرگێڕێکـی باشیان هەبێ، باشتر لە فەتاح کە لەو قسە زانسـتییانە تـەنها چـەند وشــەیەك لەگــەڵ ئامرازەکــانی گەیانــدن‌و پێوەلکانــدن‌و ڕاکێشــان تێدەگەیشت. پیاوەکان ویستیان سوودێکی زانسـتی بـەو جادووگـەر لاوە بگەیەنن بەتایبەت کە ئەوان لەگەڵی تەنها بوون‌و کەسی ئـاوایی لەگەڵیان نەبوو تا ناچار بێ لەبەردەمی خۆی بنوێنێ.

پیاوەکان باسی شتی زۆریان کردو سیامەند هەر گـوێی دەگـرت. ئەوان نەیاندەزانی بێدەنگییەکەی لەبـەر چییە، تـەنها موجامەلەیـە یان بەڕاستی گوێ دەگرێ‌و دەبیستێ. باسە زانستییەکان درێـژەیان کێشاو گەیشتە بابەتی دروستبوونی ژیـان لەسـەر زەوی. پیاوەکـان باسی زیندەوەری تاکە خانەو گەشەسەندنیان کرد، دوایـیش بـوونی بـــە زینـــدەوەرێکی ئـــاڵۆزتر، ئـــەو گەشەســـەندنەش نەوەســـتاو توخمــەکانی لــێ دروســت بــوو تــا گەیشــتە مرۆڤــ کــە ئــەویش لەگەشەسەندن نەوەستا تا گەیشتە ئەم مرۆڤـەی ئێسـتا. پیاوەکـان زۆریـان وتبـوو بۆیـە ویسـتیان بوەسـتن‌و کاردانـەوەی جادووگـەرە لاوەکە بزانن. یەکێیان بە چاوێکی پڕ شانازییەوە تەماشای کرد:

((**ها .. دەڵێی چی؟**)).

پیاوەکان بـزەی لاقرتیکردنـی لاوەکـەیان بـینی کـە پرسـیارێکی هەبوو بیکات. سیامەند بەمێشکێکی سافەوە شتەکانی وەرگرتبوو:

((**ئێسـتاش پـاش ئــەو هــەزاران سـاڵە هــەموو شـتێك تـەواوە. وا نییە؟**)).

**هەر ئەو کەسە:**

((**بـەڵێ تـەواوە، بـەڵام هـەزاران سـاڵ نییـە بـەڵکو زۆر لـەو زۆرتـرە. سوودی نییە ژمارەکان بڵێین**)).

**سیامەند:**

(( **با ژمارەکـان بـە ئـارەزووی ئێـوە بـن. ئـەو زیندەوەرانـەش شـێت**

**بوون بەو شێوەیە گەشەیان سەند ئینجا لەپڕ هەموو شتێك تەواو بوو و هەموو وتیان بەس!))**.

**پیاوەکە پەشۆکا:**

((**نەخێر . گەشەسەندن هەر دەمێنێ**)).

**سیامەند:**

((**زۆر باشە. مرۆڤی پێش دە هەزار ساڵو مرۆڤی ئێستا چەندیان فەرقە؟**)).

**پیاوەکە:**

((**هیچ**)).

**سیامەند.**

((**بۆچی؟**)).

**پیاوەکە:**

((**چونکە ماوەکە کەمە، مرۆڤی پێش سی هەزار ساڵیش هەر وەکو ئەوەی ئێستایە**)).

**سیامەند:**

((**قەید ناکات، بەڵام تۆ باسی زیندەوەری زۆرت کرد، دیارە هی زۆرتریش هەبوو باست نەکردوون، ئەگەر لەماوەی دە هەزار ساڵ. تۆ دەڵێی سی هەزار ساڵ مرۆڤ هیچ شتێکی نەگۆڕابێ کەواتە پێویستمان بەسەد هەزار ساڵ هەیە هەتا مرۆڤ شتێکی کەمی بگۆڕێ. ئەی چۆن دەتەوێ باوەڕ بکەم لەو زیندەوەرە زۆرە بچووکەی باست کرد ئەو هەموو ئاژەڵانەو مرۆڤ دروست بوون کە زۆر زۆر لەیەك جیاواز، خۆ بەم جۆرە نەك سەد هەزار ساڵ بەڵکو سەد هەزار سەد هەزار سەد هەزار سەد هەزار . دە جار دەچمە ماڵەوەو دەگەڕێمەوەو ئەوەندە سەد هەزار ساڵ دەژمێرم ئینجا بەشی ئەو هەموو گۆڕانە ناکات**)).

فەرمانبەرەکە توانی قسەکە بەئەمانەتەوە وەربگێڕێ، پیاوەکانیش بیستیانو بێدەنگ بوون. تەماشای فەرمانبەرەکەیان کردو بەچاو لێیان پرسی ئەمە قسەی ئەو لاوەیە یان وەرگێڕەکە

خۆی خنیوەتە موناقەشەکەو قسەی خۆی دەکات. وەرگێڕەکە لە پرسیارەکەیان تێگەیشتو هەر بە زمانی چاو سەرسوڕمانی خۆی لەو لاوە دەربڕی. سیامەند چاوەڕێی وەلامێك بوو بەلام وەلامەکە نەهات. لەکۆتاییش یەکێك ددانی پێ نا:

**((لەڕاستی ڕەخنەی وا هەیەو خوێندوومانەتەوە)).**

هەر ئەوەندەی وتو بێدەنگ بووەوە. سیامەندیش بۆی تەواو کرد:

**((خوێندووتانەتەوە بەلام باوەڕتان پێنەهێناوە، یان ڕاستتر بلێم حەزتان نەکردووە باوەڕی پێبهێنن. بەڕێزان ئەوانەی ئێوە پێیان دەڵێن نەخوێندەوارو دواکەوتوو هەر وەکو ئێوە باوەڕیان بە هەندێ شت هەیە، باوەڕیان پێیانەو حەز دەکەن ئەو باوەڕەیان هەبێ. بەختتانە ئەو قسانەتان لەبەردەمی ئەو نەخوێندەوارانە نەوت)).**

ئینجا هەڵساو جلە ڕەشەکانی تەکاند:

**((بەڕێزان! ئێوە بەوەی من دەڵێن خوڕافەت، بەلام ئەوەی باستان کرد خوڕافەتێکە هیچی لەوەی خۆم کەمتر نییە، هیچیشی لە خوڕافەتەکانی مامۆستای قوتابخانەو مامۆستاکەی کەمتر نییە)).**

کەسیان هیچی نەوتو ئەو لاوەی پیاوەکانی پایتەخت ویستبوویان سوودی پێبگەیەنن و هەندێ ڕاستیی زانستیی فێر بکەن پێی وتن:

**((هیوادارم توانیبێتم سوودێکتان پێبگەیەنم)).**

وەکو گاڵتەپێکردنیش پێکەنی، لەگەڵ ئەوەش دڵنەوایی کردن:

**((دوو سبەی بەیانییەکەی ئاهەنگێکی گونجاو بۆ خواحافیزی بۆ ئێوەی بەڕێز دەگێڕم. دووسبەی ئێوەش و هەموو گوندیش میوانی خۆمن، گوندە نزیکەکانیش بانگ دەکەم، دەزانم نیازتانە سبەی بگەڕێنەوە بەلام سبەی دەمێننەوە. ئاغاو جادووگەری گەورەی گوند منم، منیش فەرمانم دا)).**

پیاوەکانی جێهێشتو ئەوان پاش قووتدانی تەریقبوونەوەی

دووەمیـان زانییـان کـە پێویسـتە بـەگوێی بکـەن‌و سـەفەرەکەیان دوابخەن.

* * * * *

دەبوایـە سـیامەند زۆرابـی لـەو ئاهەنگـە دووربخسـتایەتەوە. پێویسـت بـوو نامەیـەکی تایبـەتی بـۆ بنێـرێ. هـەر ئـەو نیوەڕۆیـە دەرفەتێکی زانی کاتێك بینی ئاوایی چۆڵە. چـووە دەغڵێکـی زۆراب. بە پەلە خۆی لەناوی ونکرد، گەیشـتە ئەوسـەر دەغڵەکـەو ئـاگرێکی کردەوە. هەنـدێ گـۆگردی ڕشـت‌و سـووتاندنی: ((**تا دەگەمە ماڵـەوە ئـاگر دەگاتـە دەغڵەکـە**)). هەڵسـایەوەو لـەپڕ تەقەیـەك‌و ویـزەی فیشـەکێك بـەلای گـوێی بیسـت. خێـرا دانیشـتەوە. بەچیچـکان دانیشت‌و چاوی بەو ناوە گێڕا. تارماییەکی بینی پشـتی تێکـردووەو ڕادەکات. سیامەند هەڵساو گورج بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

زۆراب لەنامەکە تێگەیشت‌و بۆ خۆدزینەوە لە ئاهەنگەکە بۆ شـار چوو. کەس نەبوو ئاهەنگ لە سیامەند تێك بدات‌و ئـەو ئاهەنگـە لـەو شێوەیە باشتر دەرچوو کە ویسـتبووی. دانیشـتوانی شـامارو چـەند گوندێکی تر بانگ کرابوون. خواردن بۆ هەموویان ئامادە دەکـرا لـەو کاتـەی ئاهەنگەکـە بەڕێوەدەچـوو. سـیامەند بـێ دەمامـك لەسـەر عەرشە نوێکەی دانیشتبوو و جوحا بەپێوە لەپشتەوە. گوێدرێژەکە وەکو جاران لەپشـتی هـەموویان، سـەگەکەش لەبـەرپێی ئاغاکـەی. پیاوەکـانی پایتـەخت نزیـك جادووگەرەکـە دانیشـتبوون‌و تەماشـای هەڵپەڕکێی پیاوانیان دەکرد.

ماوەی پشووی پیاوەکان بە حیکایەت گێڕانەوە پڕکرایەوە، ئاغا فەرمانی دا هەر کەسێك بەسـەرهاتێك یـان قسـەیەکی خۆشـی هەیـە بیڵێ، بەڵێنی خەڵاتێکیشـی دا بـەو کەسـەی سـەیرترین‌و خۆشـترین بەسەرهاتی هەیە.

بەسەرهاتەکانو قسە خۆشەکان دەوترانو خەڵك پێدەکەنین یان سەرسوڕمانیان دەردەبڕی یان هیچیان نەدەکرد، دوایی نۆرەی شیعر وتن هات. جادووگەر خۆشی نمایشێکی خۆی کرد. خەیارێکی بەدەست گرت، چەند وشەیەکی وت کەس لێیان تێنەگەیشتو خەیار دیار نەما. چەند وشەیەکی تری وتو لەناو جلەکانییەوە دەریهێنا. دوو شووشەی ئاوی هەڵگرت:

((**ئاوی چەم سپیە، ئاوی دەریا شینە، ئەم دوو شووشەیەش ئاوی چەمیان تێیە تێکەڵیان دەکەمو بەیەك قسە دەیانکەمە ئاوی دەریا**)).

ئاوی شووشەیەکیانی کردە ئەوەی ترو یەك وشەی وت دوو ئاوەکە تێکەڵ بەیەك بوونو ڕەنگی هەردووکیان بووە شین.

ئەو ئیشانە بۆ پیاوانی پایتەخت ئاسایی بوون، بەڵام تازە لاوەکە لای ئەوان هەیبەتی بۆ دروست ببوو و ئەوان بە جادووگەرێکی ڕاستەقینە تەماشایان دەکرد، دیمەنی لاوەکەش لەسەر کورسییەکەی سامێکی زیاتری خستە دڵیان. تەماشای دەموچاوی ئامادەبووانیشیان دەکردو دوو وەرگێڕەکەیان ئەو تەعلیقانەیان بۆ وەردەگێڕان کە دەیانبیست، ئینجا بۆیان دەرکەوت سامی ئەو لاوە لای ئەو خەڵکە لەوە گەورەترە کە بتوانن بە دروستی بیخەمڵێنن. دیمەنی نانخواردنی ئەو ژمارە زۆرەش بەس بوو بۆ شوێنەوارناسەکان بزانن ئەو لاوە تازە پایەکی بەرزی وای دەستکەوتووەو کە نەك تەنها لەو گوندە بەڵکو ڕەنگە زوو بگاتە شاری سوڵتان ئابادیش.

ئەو مەسرەفەی جادووگەر کردبووی مامۆستای قوتابخانەکەی بیرخستنەوە کە بۆیان باسکرابوو چۆن نەیدەتوانی وەڵامی ئەوە بداتەوە ئەگەر لاوەکە ئەو جادووە بۆ دەستکەوتنی سامان بەکاردەهێنێ یان نا. بەسەرهاتی مامۆستاکەیان بیستبوو و

زانیبوویـــان دوای ڕۆشـــتنی نامەیـــەکی بەدەســـت خزمـــەتکاری قوتابخانەکەوە بۆ قوتابییەکانی ناردبوو کە بەهـەر هـەموویان تـەنها یەك ڕستەیان بۆ خوێنرابووەوە: ((**من ڕۆشتمو ئیتر ناگەڕێمەوە**)).

مامۆسـتاکە بـەزیبوو، ئـەوەتاش دوای مامۆسـتا جادووگەرەکـە ئەوانیشی بەزاندووەو ئێستا ئەوانی خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی بـەرز وەکو ڕەعیەت لە ئاهەنگی ئاغا دانیشـتوون ئەگـەر چـی ئاهەنگەکـە لەسەر شەرەفی ئەوان کراوە.

ئاهەنگەکـە نزیکـی کۆتـایی بـوو کاتێـك سـیامەند هەسـتی بـە جووڵـەجووڵی جوحـای کـرد. جوحـا هێمنیـی لەدەسـتدابوو پـاش ئـــەوەی لـــەدوورەوە خـــەجێی خـــۆی لەســـەربانەکەیانەوە بـــینی، سیامەندیش خەجێی بینیو بە جوحای وت:

((**حەز دەکەی بیهێنی؟**)).

جوحا بەگەرمییەوە بەڵێی کرد، سیامەندیش بەساردییەوە پێـی وت:

((**دەبینی ئەمڕۆ ئیشی گرنگترمان هەیە بیکەین، گرنگتر لەوەی ژن بهێنین**)).

جوحا ئومێدی بە ئاغاکەی گەورە بوو:

((**من پیاوی تۆم. نەك خـەجێ، داوای بـاوکی خـەجێش بکـەم کـەس ناتوانێ بڵێ نا**)).

ئاهەنگەکە تەواو بوو و هەر یەك چووەوە ماڵی خۆی. سـیامەندو جوحـاش گەڕانـەوە. کـەمێك نیگـەرانی بـە سـیامەندەوە دیـار بـوو. هێشتا لەناو هەیوانەکە بوون بە هاوڕێکەی وت:

((**ئاهەنگەکـە پێویسـت بـوو بـەڵام لایـەکی ئـەو پارەیـەی بـرد کـە مابوومان**)).

جوحا لەشوێنێکی ترەوە قسەی دەکرد:

((**دەچی بۆ داوای خەجێ بۆم؟**)).

سیامەند:

**((ئەوەی ماومانە بەشی زۆر ناکات، دەبێ هەوڵ بۆ پارە بدەین)).**

جوحا نەیدەبیست:

**((تەنها قسەیەك بکە ئیتر باوك‌و دایکی ناڵێن نا)).**

سیامەند:

**((دەبێ هەر ئەمشەو بیربکەینەوە چۆن پارەی تر پەی بکەین)).**

جوحا:

**((ڕاستە براکەی تازە مردووە بەڵام شیرەخۆرەیەکی جیقنە خەفەتی کەمە)).**

هەنسکێکی جوحا سیامەندی وریاکردەوە:

**((چیتە جوحا؟ دیسان ڕەزێیەکی تر؟ بزانە ڕەزێکەی تر چیی بەسەر هێنای، بینیت ئەمڕۆ چۆن سەروەرییەکت دەستکەوت. با بیر لەوە بکەینەوە چۆن ئەم سەروەرییە بهێڵینەوە، واز لە خەجێ بێنە)).**

جوحا وایزانی ئاغاکەی قسەیەکی ئاسایی کردووە:

**((ناتوانم، هەر دەبێ بۆم داوا بکەی)).**

سیامەند بەتەواوی وریا بووەوە:

**((دەزانی باسی شتی سەیر دەکەی؟ ئەوەی دەتدەمێ خەریکە نامێنێ؟ چۆن خەجێ بەخێو دەکەی؟ دوای ئەوە ئەگەر تۆ بەم پلە بەرزەی ئێستا دەستت کەوتووە کچێکی نیوە شێت بهێنی خۆت ناکەیتە بابەتی گاڵتەی ئاوایی؟)).**

ئینجا زبر بوو:

**((نەخێر! ڕازی نیم‌و ناشتوانم)).**

جوحاش وریا بووەوە‌و یاخی بوو:

**((کەواتە وازت لێدەهێنم‌و دەبمەوە بە شوان)).**

سیامەند تووڕە بوو:

**((ناهێڵم دڵت پێی خۆش بێ)).**

جوحاش هەر تووڕە بوو:

((**بەزۆرە؟**)).

**سیامەند پێی وتو پشتی تێکردو چووە ژوورەکەی:**

((**بەڵێ بەزۆرە، ناهێڵم کچەکەت بدەنێ، ناشهێڵم کەس بە شوانت ڕابگرێ**)).

**جوحا سەری نەوی کرد:**

((**سیامەند گۆڕاوە. سیامەند دڵی نەماوە. سیامەند قەت دڵی نەبووە**)).

**ئەو شەوە دوو ئاژەڵەکە لەسەر ئاوازی خەونی خۆش خەویان لێکەوت، دوو مرۆڤەکەش هەر یەك لە ژوورەکەی خەو لەچاوی هەڵهاتبوو و لەسەر جێگە دەتلایەوە، هەر یەك بە خەمێكو بە خەوێك.**

# بەشی چوارەم

## مرۆڤ و سروشت

16

## دڵی جادووگەر

پاش سەرکەوتن بەسەر مامۆستاو بیعسەکە جادووگەرەکە سەروەریی تەواوەتیی دەستکەوتبوو. پیاوانی پایتەخت ڕۆشتن‌و نەگەڕانەوە وەك چۆن مامۆستاکە پێش ئەوان ڕۆشت‌و نەگەڕایەوە. بەسەرهاتی بیعسەکە بووە بابەتی گاڵتەو ڕابواردنی شوێنەوارناسانی پایتەخت، مامۆستاکەش بەرپرسەکەی نەدۆزییەوەو دوایی زانی ئەو ڕەخنانەی لە حزب دەگیران ڕاستن " حزب بەدوودڵییەوە هەنگاوی دەناو موغامەرەی پێ خۆش نەبوو. لەجیاتی دەستخۆشی کردنیش لە مامۆستاکە حزب بڕیاری دا وانەی تەنزیمی‌و فەلسەفیی تری پێ بوترێتەوە تا لە ئاستی ئەو قۆناغە بێ کە حزب پێی تێدەپەڕێ. شوێنەوارناسەکان‌و مامۆستاکە وەکو شتێکی کاتی هاتن‌و ڕۆشتن، سیامەندو جادووەکەی‌و سەروەرییەکەشی مانەوەو گەورەتر بوون.

سەرەتای هاوین بوو و سیامەند ناوبانگێکی گەورەی لەناوچەکە دەرکردبوو و کەسانێکی زۆر ڕوویان دەکردە دێکەو جادووگەرەکەی. جوحا لەجیهانێکی تر دەژیا" موعاناتی پیاوی دەستەڕاستی جادووگەر تەشەنەی کردبوو و نەیدەیهێشت کارەکانی بۆ ئاغاکەی بەباشی بکات. ئەرکەکانی جادووگەر تا دەهات زۆرترو گرانتر دەبوون، لەجارانیش زیاتر پێویستی بە جوحای هاوڕێی

هەبوو، بەڵام جوحا لەجاران زیاتر بێتوانایی خۆی دەسەلماند تا ئەو ڕۆژەی جوحا تەنانەت قسەکردنیشی بەزەحمەت بۆ دەکرا.

سیامەند زانی پێویستە زوو فریای خۆی بکەوێ، دوو لاوی بەکرێ گرت بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشەکانی، بەڵام ئەمانە تەنها وەکو خزمەتکار بوون نەك وەکو جوحا شەریکی پرۆژە یان ئاگاداری هەندێ نهێنی بن. سیامەند وازی لە هاوڕێکەی نەهێنا:

((**یەکەم جار ڕەزێ تۆی فەوتاند، ئێستاش خەجێ. وەرەوە هۆش خۆت! ئافرەتی لەو جۆرە پیاو دەکاتە خزمەتکاری خزمەتکاران**)).

جوحا موناقەشەی نەکرد بەڵکو تەنها سکاڵایەکی کرد لەدڵێکەوە خوێنی لێ دەتکا:

((**بۆچی ناهێڵی بیهێنم؟**)).

ئەویش بۆی دووبارە کردەوە:

((**خەجێ بێنی ئەو نەختە قورسییەی لەدەست دەدی کە دەستت کەوتبوو. پاشان ئەو کچە عەقڵی تەواو نییە، ئەگەر بیهێنی هەرچییەك دەیکەین و دەیڵێین دەیزانێ و دەیبیستێ و یەکسەر دەیگێڕێتەوە. دەزانی ئەو کاتە چیمان لێ دێ؟ ئەو کاتە وەکو ئەوەیە لەبەردەمی خەڵك پاشەڵ ڕووت بکەینەوە و بەبەرچاوی ئەوانەوە سەر ئاو بکەین**)).

سیامەند دەیویست چارەسەرێك بۆ هاوڕێکەی بدۆزێتەوە، بەڵام زەحمەتی چارەسەر لەلایەك و ئەو قەرەباڵغییەی لە شوێنەکانی ترەوە ڕووی تێکردبوو لەلاکەی تر دوو دەستی بەستبوونەوە.

شتێکی گرنگتریش سەرقاڵی کردبوو" ئەو مەسرەفە زۆرەی لە ئاهەنگی خواحافیزی لە شوێنەوارناسەکانی کردبوو ناچاری کردبوو دەست لە خزمەتی بێ بەرامبەر هەڵبگرێ. ئێستا ناچار بوو ئەو چارەسەرە بەکار بێنێ کە سەربازەکەی شارەکۆن ڕۆژی دەرکردنی خێوەکە لە گوند پێشنیاری کردبوو" شت وەرگرتن بەرامبەر بە خزمەتەکان. دەبوایە دەوڵەمەند بوایە تا هەیبەتی خۆی بهێڵێتەوە.

لەگەڵ ئەوەش لە یەك شت بەقسەی سەربازەکەی نەکرد" هیچی لە گوندەکەی خۆی وەرنەگرتو هەرچییەکی بۆ دەکردن دەیکردە بەخششی خۆی. جگەلەوەش پێشنیارەکانی مرۆڤە زیندووەکانی ڕەتکردەوە کە پووشانە وەربگرێو دەست بگرێ بەسەر ئەو زەوییە کەمانەی چەند کەسێکی کەم هەیانبوو و موڵکانەو جۆرەکانی تری باجیان لێ بسەنێ. ئەو دەیویست بەهێزی جادوو ئاغا بێ، ئەگەر باجیش بسەنێ پێویستی بە نۆکەرو پاسەوان دەبێ.

شێوازی بەجێهێنانی داواکارییەکانی خەڵك سەرەتا ئاڵۆز بوون، سیامەند ئەو ئاڵۆزییەی مەبەست بوو تا کارەکەی وەك ئیشێکی ئاسان تەماشا نەکرێ، بەڵام لەگەڵ گەرمبوونی بازاڕەکەی وازی لەو ئاڵۆزکردنە هێنا. بەمجۆرەش خەڵك دەهاتنو هەمان داواکاریی دووبارەکراوی ئەوانەی پێشوویان دەخستە بەردەمی" ئافرەتێك داوا دەکات لای مێردەکەی خۆشەویست بکرێ، ئافرەتێکی تر حەزی لەمنداڵە، پیاوێك سەفەرێکی بەدەستەوەیەو دەیەوێ بزانێ سەفەر بکات یان نا، پیاوێکی تر پرۆژەیەکی هەیەو پێویستی بەوەیە بەرەکەت بکەوێتە ئەو پرۆژەیەی، خێزانێك دەهاتنو دەیانوت شتیان لێ ونبووە یان شت لەماڵیان دیار نامێنێ.

سیامەند ئیشی بۆ هەموو ئەوانە دەکرد: بە ئافرەتەکەی دەوت فلانە باڵندە سەربیڕێو بیکوڵێنێو فلانە ئێسکی بدات لە پۆشاکی مێردەکەی، بۆ ئەو ئافرەتەش کە منداڵی دەویست چەند وشەیەکی بە جامێك ئاو دەخوێندو دەیکردە شووشەیەكو بە ئافرەتەکەی دەوت تێکەڵاوی ئاوی زۆرتری بکاتو خۆی پێ بشوات، بخوردی دادەگیرساند لەبەردەمی ئەو پیاوەی نیازی سەفەری هەبووەو چەند وشەیەکی سەیری لەگەڵ بوونەوەرێکی نادیار دەوت پاشان بە پیاوەکەی دەوت سەفەرەکەی بکات یان دوایبخات، چەند

تەلیسـمێکی لەسـەر دیـوی نـاوەوەی جامێـك دەنووسـیو ئـاوی تێدەکرد، جامەکـەی دەدایـە ئـەو کەسـەی پرۆژەکـەی هەیـەو پێـی دەوت مەرەکەباوی ناوی بخواتەوە، لەبیریشـی نەدەچـوو پێـی بڵـێ جادووگـەران بەرەکـەت نابەخشـن بـەڵکو سـەرکەوتن، وەڵامـە دووبارەکراوەکەشی بەو خێزانە دەوت کـە شـتیان دیـار نـامێنێ کـە بکەر خزمێکی خۆیانە، ئەگەر داوای نـاوی ئـەو خزمەشـیان بکردایـە دەچووە ژوورەکـەی پشـتەوە کـە تـاریکترین ژوور بـوو، دوو چـاوی دەنووقاندنو کەمێك قوڕی دەشێلاو دەیکـردە پەیکـەرێکی بچـووك، پاشان دەیبردەوە لای ئەو کەسانەو پیشانی دەدان تا بزانن لـە کـێ دەچـێ. میوانـەکان وێنـەی کەسـێکیان لـەو پەیکـەرە دەبینییـەوە، کەسێکە دەیناسن، زۆربەی کاتیش ئەو وێنەیـەیان دەبـردەوە سـەر خزمێکی خۆیان. نرخی ئەو خزمەتەی دوایی لەهـەموو خزمەتـەکانی تر بەرزتر بوو.

ئـەو کارانـە جگەلـە دەسـتکەوتەکەیان خۆشـییان بـە سـیامەند دەبەخشـی، ئـەو وایـدەزانی گەمەیەکـەو دەیکـات، بـەڵام جـۆرە خزمەتێکی تر هەبوو نیگەرانی دەکردو دەبوایە بڕیاری بدایە بیکـات یان نا.

کەسـانێکی زۆر داوای ئـەو شـتەیان دەکـرد کـە نیـازێکی پـاکی لەپشتەوە نەبوو: زیانگەیاندن بە کەسانی تر. ئەوانە ڕۆژانـە ڕێگـەی دووریـان بـۆ ئـەو مەبەسـتە دەبـڕی: تەڵاقـدانی فڵانـە ئـافرەت یـان ئیفلیجکردنی فڵانە کەس یان دەمبەستنی خزمێك یـان دراوسـێیەك. ڕۆژبەڕۆژیش ئەو جۆرە داواکارییانە زۆرتر دەبوون.

سیامەند سەرەتا ڕازی نەدەبوو، پاشان دوودڵ بوو، دواتریش بە جیـددی بـیری لێکـردەوە. ئـەو دەیبیـنی دەسـتکەوتی خزمەتـە سپییەکان دەوڵەمەنـدیی بـەدواوە نـەبوو لـەکاتێك ئەوانـەی بـەدوای

زیانی مێملّەکانیان دەگەڕان ئامادە بوون زۆرتر بدەن.

خزمەتکاری قوتابخانەکە بەم شتانەی زانیبوو و تێبینیی دوودڵییەکەی سیامەندی کردبوو بۆیە بەساردیو بێباکییەوە بە ئاغاکەی وت گوێی نەداتێ چونکە هەر خۆی دەتوانێ ئەو جادووەی لەو کەسانەی کردووە بەتاڵی بکاتەوە. فیکرەکە لای سیامەند نوێ نەبوو، کەمبوونەوەی ژمارەی ئەو کەسانەش کە سەردانییان دەکرد پاش ئەوەی ئاشکرای کردبوو کە ئەو جادووە ڕەشە ناکات هانی دا لەوە زیاتر مەسەلەکە لەناو گێژاوی دوودڵی نەهێڵێتەوە. پاش هەر ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە داوایانەش نرخەکەی بۆ بەرزتر دەکرایەوە. لەوەش بەدواوە هەردوو ترسو تەماع پێکەوە کۆبوونەوە بۆ ئەوەی دوا سەنگەری بەرگرییەکەی بشکێنن. لەکۆتاییش بڕیاری خۆی دا. چاوەڕێی یەکەم کەسی لەو جۆرە کرد. دوای ئەوەی یەکەم کەس دێو ئیشی بۆ دەکرێو دەڕواتەوە دەنگ بڵاو دەبێتەوە کە جادووگەر ئێستا ڕازییە ئەو کارانە بکات.

یەکەم کەس ئافرەتێکی شار بوو ڕق لە کەسوکاری مێردەکەی لای ببووە نەخۆشیو دەیویست ئاگرێك بەرداتەماڵیان ئەو ڕقەی بکوژێنێتەوە. ڕەشیی مەبەستەکەو گەرمیی خستنەڕووەکە جارێکی تر سیامەندیان دوودڵ کرد: ((**گوناهە. ئەو شتەی ئەو ژنە دەیەوێ تاوانە**)). بەڵام پاش کەمێك لێی پرسی:

((**دەزانی ئەوە پارەی زۆری دەوێ؟**)).

ئافرەتەکە ئامادەبوو هەرچییەك داوابکرێ بیدات. کینی دڵی هێندە گەورە بوو هەرچییەکی کۆکردبووەوە لەگەڵ خۆی هێنابووی:

((**دوو ساڵە پارە کۆدەکەمەوە، هەموویم بۆ هێنای**)).

جادووگەر بە بەپەنجە ئاماژەی بۆ سووچێکی بەڕەکەی کرد:

((**بیخەرە ژێرەوە، لەدەرەوەش چاوەڕێ بکە**)).

ژنەکە پارەکەی داناو ڕۆشت. جادووگەرەکە چووە ژوورەکەی پشتەوەو ئاردو ئاوی تێکەڵ کردو کردییە هەویر، شێوەی کەسێکی لێ دروستکردو چەند وشەیەکی پیا خوێندو فووی پیاکرد ئینجا ژنەکەی بانگ کردەوە:

((**ئەمە بخەرە خواردنەکەیان**)).

ژنەکە هەویرەکەی خستە کیسە پارەکەی‌و بەخۆشییەوە هەڵسا. پێش ئەوەی بشرواتە جادووگەرەکە ویستی دیعایەکی بازرگانی بۆ کارەکەی بکات بەڵام فریای قسەکە کەوتو نەیوت، ئافرەتەکە بێ پێوتن ئەوە دەکات. ژنەکە ڕۆشت بەڵام هێشتا شتێك لە دڵی سیامەند مابوو. پارەکەی هەڵگرتو تەماشای کرد: ((**رەنگە ئەمە ماڵێك کاول بکات**)). پارەکە زۆر بوو، ڕۆژانی داهاتووش زۆری تر دێنە بەرپێی‌و خۆی لە ئابڕووچوونی هەژاری دەپارێزێ: ((**رەنگە ماڵەکە فریای کاول بوون نەکەوێ‌و مەلایەك بە خۆڕایی ئەو جادووە بەتاڵ بکاتەوە**)).

دڵی بەوە خۆش بوو و بیریکردەوە چەند خۆش دەبێ ئەگەر لەگەڵ مەلایەك ڕێك بکەوێ، خۆی جادوو بکاتو ئەو بەتاڵی بکاتەوە، داهاتیش بەنیوەیی. خزمەتکاری قوتابخانەکە ژنەکەی بینی‌و قسەکانی ناو ژوورەکەی لێ بیست. چووە ژوورەوە بۆ لای ئاغاکەی:

((**زوو پێموتبووی ئەو سحرە بکەو هەر خۆت بەتاڵی بکەرەوە، ئەمجارەش دەڵێم هەر خۆت بەتاڵی بکەرەوە. کەس مەکە بە شەریك**)).

سیامەند تۆقی، ئەو پیاوە چۆن زانی؟

((**کەسی وەکو کێ؟**)).

خزمەتکارەکە دانیشت، نەفەسێکی قووڵی لە دارجگەرەکەی وەرگرت، بەئارەزووی خۆی دووکەڵی جگەرەکەی لە سییەکانی

بەگیر هێنا، ئینجا کە ئیشی پێی نەما کردیە دەرەوە:

((**مەسەلەن مەلا**)).

چاوەکانی سیامەند زەق ببوون:

((**چۆن زانیت؟**)).

خزمەتکارەکە دارجگەرەکەی لەدەم دەرهێناو بە سەرسوڕمانەوە تەماشای سەرسوڕمانی سیامەندی کرد، سیامەند بەچاوێکی گومانەوە تەماشای کرد:

((**دەڵیی فێربووی ناو دڵەکان بخوێنیتەوە**)).

خزمەتکارەکە هیچی نەوت، سیامەند بەردەوام بوو:

((**دەترسم تۆ شەیتانێك بی چووبیتە لەشی مرۆڤ!**)).

خزمەتکارەکە هەر هیچی نەوت. سیامەند قسەی کردەوە:

((**نازانم بۆچی هەست دەکەم جاروبار شەیتان دەچێتە لەشی گوێدرێژەکان، بەڵام ئەمجارە هەست دەکەم چۆتە لەشی تۆوە**)).

خزمەتکارەکە وەك ئەوەی هیچ نەوترابێ:

((**مەلات دەست ناکەوێ ئەوەت بۆ بکات، بۆشت بکات شەریکت دەبێ، بۆشت نەکات باسی دەکات، باسیشی بکات زەرەر دەکەی**)).

پیاوەکە حیکمەتێکی گەورەی وت، سیامەندیش دەستی جووڵاند بەواتای فەرموو بۆ دەرەوە:

(( **بیری لێدەکەمەوە**)).

پیاوەکە ڕۆشتو بۆ یەکەم جار سیامەند ترسی لەو پیاوە نیشت:

((**تۆ بڵێی بەڕاستی شەیتان نەبێ؟**)).

سیامەند ئینجا زانی ئەو هەستە ترس نەبوو لەو پیاوە، سیامەند زانی ترسەکە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە هاتووە کە ئێستا دەستیکەوتووە: ترسی لەدەستدانی ئەو دەسەڵاتە. ترسی ئەوەو ترسی هەژاریی پاش دەوڵەمەندبوون.

ڕۆژی دواتر ئافرەتێکی تر لەشارەوە هات، دیار بوو ئافرەتەکەی دوێنێ قسەی بۆ کردبوو. سیامەند گەیشتە قەناعەتێك کە جادوو بۆ دوو مەبەست داهێنراوە: دەستگیرکردنی قازانجو خۆپاراستن لە زیان، بەهەڵەش چووبوو کاتێك وایدەزانی دەتوانێ بە یەك لاق بەرەو ئاواتەکانی بڕواتو تەنها سوود بگەیەنێ، بەپاڵ ئەو باوەڕەیشەوە نیوە قەناعەتێکی بۆ دروست بوو جادوو داهێنانێکە ئافرەتی لەدواوە بوو، داهێنانێکی ڕەشەو بەتایبەت بۆ سەربڕینی ئافرەتانی تر ڕووناکیی بینیوە، دوایش هەر ئەو داهێنانە بووە هۆی ئەوەی خۆیان ئاوەڕووت بکرێن. ئافرەت ماسولکەی نییە تا لەڕێیەوە بگاتە ئامانجەکانی بۆیە هەر دەبوایە جادوو دابهێنرایە.

هاتنی ئافرەتانو داوای زیانگەیاندن بە ئافرەتانی تر سیامەندی زیاتر بێتاقەت دەکرد" ئەو بەرلەوەی بگەڕێتەوە گوند خۆی بۆ ململانەی خۆیو شاوەیس ئاغا ئامادە کردبوو. ئەو وای دانابوو شەڕێکی مەردانە بەکەرەسەیەکی نوێوە بکات، وەکو پیاوێکی بەسامو بەهەیبەت لە گوند بژی، یاری بە شاوەیس ئاغاو کوڕەکانی بکات، خێوەکان ڕاوبنێ بشیانهێنێتە سەر ڕێگەی خەڵك، ئاژەڵ بۆ دەسەڵاتەکەیو بۆ گەمەکانی موسەخخەر بکات، خەڵك ببینن لەپڕ دەردەکەوێو لەپڕ دیارنامێنێ، ئەمڕۆ لەبەرچاویان دەچێتە گوندێکی دوورو هەر ئەمڕۆ لەناو ئاوایی دەنگی ببیستن. سیامەند دەیویست ئەمانەو لەوانە گەورەتر بکات بەڵام ئێستا دەبینێ لەگەڵ جیهانی لاوازو بێدەسەلاتی ئافرەتان مامەڵە دەکاتو دەکەوێتە ناو گێژاوێك خۆی تێی بەبچووکی دەبینێتەوە. سیامەند ناڕەحەت بوو، ناڕەحەت بوو و جگە لە بەردەوامبوون ڕێگەیەکی تری لەبەردەم نەدەبینی.

سیامەند بەردەوام بوو بەڵام وەکو قەرەبوو پەنای بردە بەر

ڕێگـەی تـر کـە کـاتی خـۆی فێریـان ببـوو" ڕێگـەی سـامناکتر بـۆ میوانەکانو زبرتر لە دروستکردنی پەیکەری هـەویر، ئاسـانتریش لـە خسـتنی لــەناو خــواردنی قوربانییەکـە. ئافرەتێـك داوای کردبــوو مێردەکەی لەبەردەم ژنە تازەکەی وەکو کەری خەسێنراوی لێ بـێ. سیامەند پێی وت دەتوانێ مێردەکەی بەڕاستی بخەسێنێ، ژنەکـەش لاریی نـەبوو. سیامەند پەیکـەرێکی بچووك هێنـدەی لـەپی دەست بەشێوەی ئەو پیاوە بە قوڕ دروست کرد، چەند جارێك دەرزییـەکی لەناوگــەڵی چــەقاند لەگــەڵ وتــنی چــەند وشــەیەکی پێویســتو دووبارەکردنەوەیان. لەوەش بەدوا پەیکەری ئەو کەسانەی دروست دەکردو دەرزیی دەکرد بەو شوێنەی مەبەست بوو زیانی پێبگات.

ئەو شێوازە نوێیـە ماوەیـەك دڵـی خـۆش کـرد بـەڵام ئەوەنـدەی پێنەچوو ناڕەحەتی کرد، لە شێوازە کۆنەکە زیاتر. ئەو لەگـەڵ هـەر دەرزییـەك هەسـتی دەکـرد نێچـیرەکە بۆتـە لاشـەیەکی بـێ دیفـاع بەرامبـەری کـەوتووە، هـاوار دەکـاتو دەگـریو ئـەو بێبەزەییانـەو نامەردانــە بــە دەرزییەکــە تێــی کــەوتووە، هــەر دەرزییــەکیش بــە ئەندامێکی ئەو پەیکـەرەی دەکـرد هەسـتی دەکـرد هـەمان ئەنـدامی لەشـی خـۆی وەکـو هـەمان ئەنـدامی لەشـی شـەیتانی لـێ هـاتووە، لەکۆتاییش هەسـتی دەکـرد هـەموو لەشـی بۆتـە لەشـی شـەیتانێك، دوای ئەوەش دوومەڵێك لـە پاشـەڵییەوە دەرچـوو" ئـەوە سـەرەتای کلکـێتی، دەردەچـێو گـەورەتر دەبـێ تـا دوایـی دەبێتـە کلکێکـی دڕکاوی وەکو کلکی شەیتان.

کـاری جادووگـەری هـەموو کاتێـك ئـەنجامی داواکـراوی نـەبوو. ڕۆژێك لەو جۆرە کەسانە هـاتن کـە زانیارییـان دەویسـت، زانیارییـە کۆنەکان: ئەو کەسە کێیە پیلان لەدژیان دەگێڕێو کۆسـپ دەخاتـە کارەکانیانو زیانیان پێدەگەیەنێ، هەروەها کێیە بەردەوام شت لـە

ماڵیـان دەدزێ. سـیامەند ڕێگـە کۆنەکـەی بەکارهێنایـەوە" چـووە ژوورەکــەی پشــتەوە، دوو چــاوی نووقانــدن‌و قوڕەکــەی کــردە پەیکەرێکی بچووکی دزە نادیارەکەی نـاو مـاڵ، پەیکەرەکـەی بـردە لای میوانـەکان‌و پیشـانی دان. میوانـەکان تەماشـایان کـردو دوودڵ بوون، یەکێکیان وتی فلانی ئامۆزایە، یەکێکی تر وتی ئـامۆزا نییـەو زاوای ئامۆزایە. جادووگەرەکە قوڕەکەی بردەوە ژووری پشتەوە بـۆ ئـەوەی ئـەمجارە پەیکـەری ئـەو کەسـە بکـات کـە پـیلان لـەدژیان دەگێڕێ‌و زیانیان پێدەگەیـەنێ. بـەخۆی‌و پەیکەرەکـەوە گەڕایـەوە لای میوانـەکان. ئـەوان تەماشـایان کـردو نەیانناسـییەوە، بەهـەموو بارەکان سووڕاندیانەوەو هەر بـێ ئـەنجام بـوو، لـەکۆتاییش هـەموو وتیان نایناسنەوە. سیامەند تەماشـای پەیکەرەکـەی کـردو پێسـتی گرژ بوو و قژی ڕەپ ڕاوەستا" بینی پەیکەرەکە لە خۆی دەچێ.

سیامەند لە ترسی ئەوەی هەموو جارێك خۆی لە ئاوێنە ببینێ بۆ ماوەیـەك وازی لـەو ڕێگەیـە هێنـا، بـۆ ماوەیـەکیش وازی هێنـا لـە دەرزی کردن بە پەیکەر بۆ زیاندان‌و لەجیاتی ئەوە پەنای بردە بـەر شێوەکەی تر: لەوحەکانی دەردەهێناو ئەو کەسەی دەهێنایە پـێش چــاوی کــە داوای لــێ دەکــرا زیــانی پێبگەیــەنرێ، لەوحــەکانی بەپێچـەوانەوە دەیخوێنـدەوەو دوایـی فوویـەکی ڕوو دەکـردە ئـەو لایەی ئەو کەسەی لێبوو.

خوێندنەوەی لەوحـەکان بەپێچـەوانەوە بـۆ ماوەیـەك سـیامەندی ئاسوودە کرد، بـەڵام لەهـەمان کـات ئـەو هەسـتەی دایـە کـە سـام‌و دەسەڵاتی کەم دەکاتـەوە. وەکـو هـەموو جـارێکی تـریش بـیری لـە قەرەبوو کردەوە، قەرەبووش ئەمجارە کارێك بوو دەبوایە بـەردەوام بیکردایە. یەك لەو دوو لاوەی بانگ کرد کە خزمەتیان دەکـردو پێـی وت خۆڵی زۆری بۆ ببێژێ:

**((پێویستە زۆر ورد بێ، وردو پاك. دوایی خۆڵەکە بۆ ئێرە دەهێنیو زۆر زۆر بە ئاو دەیشێلی)).**

لاوەکە ڕۆشتو ئەوەی کرد. قوڕەکە ئامادە بوو. پێی وت ئەو قوڕە بخاتە توورەکەیەکو بیخاتە سەر پشتی گوێدرێژەکەو ئەو بڕواتەوە. سیامەند ڕێگەی گوندی خاڵدانی گرتەبەر. تەپۆلکەکەی تێپەڕاندو گەیشتە ئەو بەشەی ڕێگەکە کە لە لای چەپییەوە ڕیزێك بەردو تاوێر بە باڵای مرۆڤێك بۆتە پەرژینێکی سروشتی بەدرێژایی ڕێگەکە. لە یەکەم قۆناغ وەستا. کەمێك قوڕی هێندەی لەپی دەستی لە توورەکەکەی سەر پشتی گوێدرێژەکە دەرکرد. قوڕەکەی لەناو لەپی دەستی فلیقاند:

**((صاحب وتبووی جادوو سەرچاوەیەکی هونەرە. صاحب هونەرمەندەو وێنەی زۆری پیشان دامو وتی ئەمە پێی دەوترێ هونەر. ئێستاش دەزانم کە منیش هونەرمەندم)).**

پێخوێکەی کردە شێوەی ئاژەڵێك، مشکێك بە گوێچکەی گەورەو پانو لمۆزی درێژ. مشکەکەی خستە سەر تاوێرێکو چەند وشەیەکی وتو فووی پیا کرد. سەد هەنگاوی تر ڕۆشتو تۆپەڵێکی تری قوڕی لە توورەکەکە دەرکرد. کردییە شێوەی ئاژەڵێکی ترو لەسەر تاوێرێکی تر داینا. هەر سەد هەنگاو دەڕۆشتو شێوەیەکی تری دەکردو دەیخستە سەر بەردێك. تا هەموو قوڕی سەر پشتی کەرەکە تەواو بوو دەیان پەیکەری دروست کرد: مشکی گوێ خڕو گەورەو لووت تیژ، پشیلەی توورە، شەمشەمە کوێرە، بەرازی کێوی، گوێدرێژ شێوەی لە شەیتان دەچوو وەك لە گوێدرێژ. ئەوانەی بەدرێژایی ڕێگەکە داناو گەڕایەوە ئاوایی، بە لاوەکەی وت:

**((سبەینێ ئەوەندەی ترم بۆ بشێلە)).**

کوڕەکەی پرسیاری کرد بۆچیو سیامەند بەکورتی وەڵامی دایەوە:

((**ئەگەر حەز دەکەی عەقڵت تێك بچێ پێت دەڵێم**)).

لە ڕۆژانی دواترو لەو کاتانەی میوانی نـەدەبوو ئـەو پەیکەرانـەی دروست دەکردو لەسەر ڕێگەکان بڵاوی دەکردنەوە:

((**دەبێ جێپەنجەو سامی خۆم لەهەموو شوێنێك دابنێم**)).

پەیکەرەکانی سیامەند سامیان دەخستە دڵـی ئەوانـەی بـۆ لای ئەو بۆ گوندەکە دەچوون. میوانەکان بـەر لـە گەیشتنیان پەیکـەرە بچـووکەکانیان دەبـینیو بێئـەوەی کـەس پێیـان بڵـێ نەیانـدەوێرا نزیکیـان بکەونــەوە یـان دەســتیان لێبــدەن. ســەرباری ئــەوەش سـیامەند بـە دوو کوڕەکـەی وت ئـەو قسـانە بڵاوبکەنـەوە کـە هـەر کەسێك دەست لەو پەیکەرانە بدات تووشی نەهامەتی دەبێ، ئەگـەر سووکایەتیشـیان پێبکـات دەبێتـە ئـەو ئاژەڵـەی ئـەو پەیکـەرەی لەشێوەی دروست کراوە.

ڕۆژێك لاوێك لە سوڵتان ئابادەوە لەگەڵ چەند کەسێك لەسەر ئەو ڕێگەیە بوون. گاڵتەی بە پەیکەرەکان دەکردو یەکێکیانی شکاند کە لە شـێوەی سـەگی کێـوی بـوو. بەرلـەوەش بگەنـە ئـاوایی دەسـتی بەسـەریەوە گـرتو کەوتـە هـاوار کـردن، پاشـان هاوارەکـەی بـووە وەڕین. هاوڕێکانی پەلـەیان کـرد تـا بیگەیەننـە لای جادووگەرەکـە. جادووگەر لاوەکەی بینیو بەرلەوەی کەس قسـەیەك بکـات پێـی وت چــی کــردووەو تەنانــەت ناوەکەشــی پێــوت چــییە. ســەرەتای چارەسەرەکە بیرخستنەوە بوو کە دەستدان لـەو پەیکەرانـە چـەند ترسناکە، دوایـی چـەند وشـەیەکی بەسـەر لاوەکـە خوێنـد، ئـەویش دەستبەجێ چاك بووەوەو بەپێکەنینەوە هەڵسا. جادووگەرەکە پێی وت چەند ڕۆژێکی تر سەری لێبداتەوە.

چەند ڕۆژێك پاش ئەوە وردە هەویر لەچواردەوری ئەو پەیکەرانە دانرابوون. کەسانێکی تر بەو ڕێگەیە دەڕۆشتنو چۆلەکەیان دەبینی

نزیك ئەو پەیكەرانە بەمردوویی كەوتوون. جاری تریش پاشماوەی خواردن لەسەر ڕێگەكە دەبینرا، پاشماوەی خواردنەكە لە خۆشترین خواردنی خۆیان باشتر بوو، ڕێبوارێك تێدەپەڕیو خۆی نەدەگرتو لێی دەخواردو پاش ماوەیەك تووشی ئازارەسكێكی گەورە دەبوو. دەیانپرسیو دەیانزانی ئەوە پاشماوەی خواردنی جادووگەر بوو. جاری تر دەیانبینی ئاژەڵێك دەهاتو دەیخواردو دەمرد. سامی جادووگەرەكە گەیشتە ئەوەی دەیانوت نەك تەنها پەیكەرەكانی سەر ڕێگەو نەك تەنها پاشماوەی خواردنەكەی ترسناكن بەڵكو تەنانەت ئەگەر لەبەر هەتاو بینرا پێویستە مرۆڤ خۆی لە سێبەرەكەی بپارێزێ.

سیامەند وەك سامیشی هەبوو سەلماندبووی كە دەتوانێ مەترسی لەسەر مرۆڤەكان لابەرێ. شەوێكیان ئاوایی گوێی لە هاواری سامناكی وەك هاواری خێوێك بوو. هاوارەكان شەوی دوای ئەوە بیسترانەوە. خەڵك ناچار بوون پەنا بۆ جادووگەرەكەیان بەرن. جادووگەر بە پۆشاكەكەیو دەمامكەكەیەوە ئەوانی كۆكردەوە، بە قوڕ پەیكەرێكی ناشیرینی دروست كرد، سووژنی كرد بە پەیكەرەكەو كوناودەری كردو وشەی نادیاری وت، پاشان پێی وتن ئەوە ئاغا گەورەكان بوون كەسێك لە شار قسەی پێوتوونو ئەو پەیكەرە ئەو كەسەیەو ئەوەندەی پێ ناچێ تووشی نەهامەتی دەبێ، ئاغاكانیش ئێستا ئاسوودەنو چیتر هاوار ناكەن. هەر ئەو شەوەش دەنگی هاوار نەما.

لەكۆتایی هەموو ئەمانەش سیامەند بەسەر ترسەكەی سەركەوتو گەڕایەوە بۆ دروستكردنی پەیكەری هەویری ناسینەوەی كەسانی نەناسراو و دەرزی كردن بە پەیكەری قوڕی مێملێ نەویستراو. سیامەند بێباكتر ئەوانەی كردو زانی ئەگەر خۆی بۆ

هەســـتەكانی شـــل بكـــات دەبـــێ چـــاوەڕێی ڕۆژانـــی دوایـــەمینی سەروەرییەكەی بكات. خـۆی بـۆ ئـەو هەسـتانە شـل نـەكردو وەكـو شێت پەلاماری هۆكارەكانی دەسەڵاتی دا.

ناوبانگی سیامەند لە ئاستێك نەوەستا" شتەكانیش خۆبەخشـانە هەڵدەبەسـتران. ئەوەندەشـی پـێ نەچـوو هەرچـییەك جادووگــەر دەیوت یـان دەیكـرد ئاكـامێكی لـێ دەبـووەوە، بـەزۆری ئاكـامێكی خــراپ. بــەم جــۆرەش سـامی جادووگەرەكــە هــەموو ناوچــەكەی گرتەوەو گەیشـتە شـاری سـوڵتان ئابـاد. خەیاڵـەكانی سـیامەندیش بوونە ڕاست: خەڵكی شارەكە تەماشای زنجیرە كێوەكەیان دەكـردو دەربەندی باستەڕەیان ڕەشو تاریك دەبینی، شاخەكە دڕاوەو چـەم بەناوی دەڕوات، چەند دێیەكیان بەرەو دەربەندی گـەورە دەژمـارد: ئەو ژاڵەی دەربەنـدە، ئـەوە سـۆڤ حەسـەنە، كـانی مسـتەفا ئینجـا بەرزایی ئینجا شامارە كەوتۆتە گۆشەی نێوان ماڵۆڵەو كـانی كـەوە. ئا لەو گۆشەیەو لەبناری شاخەكە گوندێك لـەناو تـەمو هـەڵمو لێڵـی ون بـووە، جادووگـەرێكی سـامناكی تـێ دەژیو لـەوێوە دەڕوانێتـە شارەكەیانو دەشتو گردەكانی بەردەمی گوندەكەی، جادووگـەرێك كاتی خۆی شوان بوو بەڵام جادووگەرێكی كۆنی مەزن سەدان سـاڵە مردووە لە گۆڕەكەی هاتە دەرەوەو ئەو شوانەی فێری جادوو كرد.

تەماعی سیامەند بۆ پلەیەكی بەرزترو سامی زیاتر سنووری نـەما تــا ئــەو شــەوەی خــەونێكی بــینی پێــی وت دەسـەڵاتێك هەیـە ئـەو سـنوورەش تێپـەڕ دەكـات، پێشـی وت ئەگـەر شـوێنی ئـەو خەونـە نەكەوێ ئەو دەسەڵاتەی ئێستا هەیـەتی تیـا دەچـێو دەبێتـەوە بـە شوانەكەی جاران. سیامەند لە خەو ڕاچەنیو ترس كەوتە دڵییەوە.

17

## ماڵئاوا هاوڕێی ئازیز

سیامەند پاش دوودڵییەکی زۆر جوحای هاوڕێی بانگکرد، پێی وت بەرامبەری دانیشێ، جوحا دانیشتو سەری داخست، سیامەند دەیویست شتێك بڵێ، جوحاش دەیویست شتێك لە ئاغاکەیەوە ببیستێ، سیامەند نەیتوانی پێشەکی بۆ قسەکەی دابڕێژێ، یەکسەر هەواڵەکەی پێ وت:

((شەو خەوێکی ناخۆشم بینی، ناخۆشترین خەو)).

جوحا وریابووەوەو سەری بەرزکردەوە، هیوایەکی بۆ دروست بوو و لەدڵی خۆی مژدەی بەخۆی دا: ((سیامەند حاڵی خراپی منی بە خەو بینیوە، سیامەند ئێستا دڵی نەرمەو وازم لێدێنێ خەجێ بهێنم)).

یەکسەریش سیامەند خەونەکەی وت، خەونەکەی بەردێك بوو لەدەمییەوە بۆ سەر تەوقی سەری جوحا:

((خەوم بینی کە دەبێ خۆشەویستترین کەس بکەمە قوربانی. پێم وترا خۆشەویستترین کەس سەرببڕم ئەگەر بمەوێ دەسەڵاتی خۆم بپارێزم)).

جوحا دەمی داچەقاندو دوو چاوی ئەبڵەق بوون، ماوەیەك وا تەماشای ئاغاکەی کرد ئینجا توانی قسە بکات:

((من بەتەما بووم دڵت نەرم بووبێو بهێڵی خەجێ بهێنم کەچی دەبینم دەتەوێ سەرم ببڕی)).

بەرلەوەی ئاغاکەشی هیچ بڵێ شتێکی کۆنی بیرخستەوە:

**((تۆ لە شاوەیس ئاغا دڵڕەقتری، شاوەیس ئاغا ڕەزێی نەدامیٚ، بەڵام نەیوت سەرت دەبڕم بۆ ئەوەی هەر ئاغا بم)).**

دڵی پڕبوو و قسەکەی بۆ تەواو نەکرا. ئاغاکەی نەیتوانی تێبگات ئەو هەموو خەفەتەی جوحا بۆچییە، لەگەڵ ئەوەش دڵنەوایی کرد:

**((تۆ لای من خۆشەویستترین کەس نیت جوحا، لەبەرئەوە پێویست ناکات تۆ سەر ببڕم)).**

جوحا جارێکی تر سەری هەڵبڕییەوە:

**((من خۆشەویستترین کەس نیم؟ ئەگەر من نەبم کەواتە کەست خۆش ناویٚ)).**

سیامەند:

**((بەڵیٚ کەسێك هەیە خۆشەویستترین کەسە لای من، بەڵام دیارە تۆ نازانی)).**

دڵی جوحا کەوتە تەپەتەپو ئەو دڵە پێی وت وا زوو کۆڵ نەدا: **((سیامەند حەزی لە کچێکەو نەمزانیوە، ئەو حەزی لیٚ کردبیٚ وازم لیٚ دەهێنیٚ خەجیٚ بخوازم)).** بەڵام بەردی دووەم بۆ تەپڵی سەری گەورەتر بوو:

**((بەڵیٚ، کەسێك هەیە لەهەموو کەسێکی تر لام خۆشەویستترە. سەگەکەم)).**

جوحا کەمێك ڕاما تا ئەو کاتەی لە قسەکە تێگەیشت، کە تێشگەیشت زانی شتێکی بێمانایە دانیشیٚو گویٚ لەو جۆرە قسانە بگریٚ. بێئەوەی قسەیەك بکات هەڵساو ویستی ژوورەکەی بۆ جێبهێڵیٚ. ئاغا تووڕە بوو و نەیهێشت:

**((دانیشە! من بۆ ئەوە بانگم نەکردووی باسی دڵداریی خۆتو خەجێم بۆ بکەی...)).**

جوحا پێی بڕی:

**((بەڵام بۆ ئەوە بانگت کردووم باسی دڵداریی خۆتو سەگەکەتم بۆ بکەی)).**

سیامەند:

((**سەگی من‌و تۆشە**)).

نۆرەی تووڕەبوونی جوحایە:

((**سەگی من؟! بە گووشی نازانم. ئەگەر پێت خۆشە شووی پێبکە**)).

سیامەند:

((**پێت دەڵێم پێویستە سەری ببڕم**)).

جوحا دانیشتەوە:

((**دە سەری ببڕە**)).

دەنگی سیامەند کزۆڵە بوو:

((**ناتوانم**)).

دوو هاوڕێکە لەناو ژوورێکی بێدەنگ مانەوە، سیامەند خەفەتی هەبوو، جوحاش سەری سوڕمابوو. ئەو دەیزانی هاوڕێکەی لەکۆنەوە سەگەکەی خۆش دەوێ بەڵام تا ئەو ڕادەیە؟ هەردوو تەماشای زەوییان دەکردو بێدەنگ بوون. بێدەنگی درێژەی کێشا تا لەپڕ شتێك لەناو مێشکی جوحا تەقییەوە، دڵی تەپەتەپی کردو حەزی کرد پێبکەنێ بەڵام خۆی گرت، خۆشی دەنگی خستە لەرزەو بەو دەنگەوە قسەی کرد:

((**بەقسەم دەکەی سیامەند؟ سەری ببڕە. سەگێکی خوێڕی چیت بۆ دەکات ئەگەر هەموو ئەم دەسەڵاتەت نەمێنێ**)).

وەکو خۆشیی دڕندەکانیش لەکاتی پەلاماری نێچیر لەدڵی خۆی هاواری کرد: ((**ئێستا دەتوانم هەقت لێبکەمەوە، هەر زوو حەزم دەکرد سەگەکەتم بکوشتایە، ئەوەتا خۆت هێناتە بەردەمم. ئەو سەگە خوێڕییە خۆشەویستەت پێ سەردەبڕم‌و ئەو خەفەتە دەخەمە دڵە ڕەقەکەتەوە**)).

بەدەنگێکی بەرزیش کە نەیتوانی ئاوازی خوشیی تێ بشارێتەوە:

((**ئارەزووی خۆتە بەڵام تەماشای حاڵی خۆت بکە ئەگەر دەسەڵاتت نەما، بزانە چۆن گاڵتەت پێدەکرێ‌و لەوانەیە ئیشی شوانیشت دەستنەکەوێ**)).

ئەوەبوو سیامەند لێی دەترسا“ لەپڕ ئاگر بەردەبێتە هەموو خەرمانەکەی، هەمووی لەبەر سەگەکەی، هەردوو قوربانییەکە گەورەن، تازە سەگەکە بۆتە بەشێك لە گیانی، جوحا ویستی ڕاببوێریٚ:

**((ئەگەر سەگەکەشت پێنەکوژرا، وا بخەرە مێشکت کەرەکە خۆشەویستترین کەسە لەلاتو سەری ببڕە)).**

سیامەند بەچاوێکی تووڕەوە تەماشای کردو زانی ڕادەبوێریٚ:

**((بۆچی کەرەکە؟ تۆ پیش کەرەکە)).**

مژدەشی دایە:

**((هەر لە خەوەکە پێم وترا دەبیٚ دوای سەگەکە کەسێکی تر سەرببڕم، کەسێك هەر وەك ئەو لەخۆمەوە نزیك بیٚ)).**

تازە جوحا خەفەت بەو شتانە ناخوات:

**((ئەوە من ناگرێتەوە، ئەی نابینی من چەند لەتۆوە دوورکەوتوومەتەوە؟ خۆت ئاشکرات کرد کە من خۆشەویستترین کەس نیم لەلات. نەخێر نەخێر! کەرەکە نزیکترین کەسە. بێگومان دوای سەگەکە. دوای سەگەکە. پێش من. زۆر پێش من)).**

نەشیتوانی خەفەتی خۆی لەو گاڵتەجاڕییە بشارێتەوە کە بەگوێی خۆی دەیبیستیٚو باوەڕ ناکات لە جیهان بێمانایی لەو جۆرە هەبیٚ:

**((سەگو کەر! هەر ئەوانە لای تۆ شتن. گووش بەدەمی هەموو مرۆڤەکان)).**

لەبەر خۆشیەوە گلٚماندیو کەرەکەی لە سیامەندو سەگەکەی بە باشتر دەزانی:

**((سیامەندو سەگەکەی دڵیان نییە. کەسیان بیر لە ژنهێنان ناکەنەوە، بەڵام کەرەکە ئەوەندە بلیمەتە ئاوڕ لە ماکەر ناداتەوەو ماین لە شامارو دێکانی تر نەماوە دەستی نەیگاتیٚ. ئافەرین نێرکەری قارەمان ماینت لە ئەسپەکانی ئەم دەوروبەرە حەرام کردووەو ئەگەر وازت لیٚ بێنن سەد وەچە ئێستر دەخەیتەوە. بە تۆش دەڵێن کەر.**

**نەخێر! کەر ئەم دوانەن))**.

سیامەند باش گوێی لە قسەکەی جوحا نەبوو و پێی وت بڕواتە دەرەوە چونکە دەیەوێ بەتەنیا بێ کاتێك بڕیار دەدات. سیامەند پاڵکەوتو نەیتوانی بەیەك بار پاڵبکەوێ، دەتلایەوەو دەتلایەوە تا کات گەیشتە ئێوارە.

ئێوارە سەگەکەو کەرەکە لەگەڵ یەکێك لەو دوو خزمەتکارە گەڕانەوە. سەیرانێك بوو بە فەرمانی ئاغا بۆ دوو ئاژەڵەکە. سیامەند ویستی ئەو دوو ئاژەڵە ئەو سەیرانو گەڕانو تێکەڵبوونە لەگەڵ سروشتە بکەن کە خۆی ماوەیەکە لێیان بێبەشە، دەشیویست سەگەکە لەبەرچاوی نەبێ تا بتوانێ بڕیار بدات.

جوحا لەسەر پلیکانەی هەیوانەکە دانیشتبوو و چاوەڕێی بڕیاری ئاغاکەی بوو، بیریشیدەکردەوە چی بکات ئەگەر ئاغا بڕیاری سەگەکە سەرنەبڕێ.

سەگەکە بەزمانێك لەدەرەوەو کلکێك لە حەوا چووە ناو حەوشەکە، جوحای بینیو ویستی باسی خۆشیی سەیرانەکەی بۆ بکات، وەڕی:

((**نەهاتی بۆ ئەم گەڕانە**)).

کەرەکەش بەرلەوەی بچێتە ژوورەوە زەڕی، بەزەوقەوە چووە حەوشەکەو جووتەیەکی خۆشیی لە دەرگاکە داو تەقەی لێهەڵساند:

((**زۆر خۆش بوو**)).

سیامەند گوێی لە وەڕینو زەڕینو دەنگی دەرگاکە بوو، سەگەکەش بەرلەوەی بانگ بکرێ بازێکی بەسەر جوحا داو بەپەلە چووە لای خاوەنەکەی. جوحا بەدەنگی شەیتانێك دڵی بە ئازاری بوونەوەرەکان خۆش بێ پێی وت:

((**خێرا بچۆ! خاوەنەکەت مژدەیەکی خۆشی پێیە**)).

هەڵساو چووە لای کەرەکەو گوێچکەی بەرزکردەوەو دەمی لێ

نزیك كردەوەو هاواری كرد:

((**ئەمشەو خواحافیزی لە سەگەكە بكە**)).

كەرەكە دوو لچی لەیەكتر جیاكردنەوە:

((**جووحوو دەزەڕێ وا دەزانێ گوێم لێ نییە دەزەڕێ وا دەزانێ گوێم لێ نییە**)).

سیامەند باوەشی بۆ سەگەكەی گرتەوەو دەستی هێنا بەسەر پشتی، یاری بە دەموچاوی كرد، سەگەكە فرمێسكی لە چاوی بینی:

((**سەمسەم پێی ناخۆشە لێی دوور بووم**)).

ئەو شەوە سەگەكە لە باوەشی خاوەنەكەی نوست، بۆ ڕۆژی دواتریش هێشتا خاوەنەكەی نەیتوانیبوو بڕیار بدات. سێ ڕۆژ وا مایەوەو بە جوحاو دوو كوڕەكەی وت نایەوێ كەس ببینێ. ئەو سێ ڕۆژە خەڵكێكی زۆر دەهاتنە ئاوایی‌و چاوەڕێیان دەكردو پێیان دەوترا جادووگەر كەس نابینێ، زۆر چاوەڕێیان دەكردو دەگەڕانەوە، جوحا ئەوەی كردبووە دەرفەت" دەچووە لای‌و بۆی باس دەكرد چەند كەس دێن‌و بەبێئومێدی دەگەڕێنەوە، موبالەغەشی دەكرد لە ژمارەی ئەو كەسانەو لەخۆیەوە دەیوت ئەوانە بڕیاریان داوە جارێكی تر نەیەنەوە:

((**مانگێك نابات لەهەموو ناوچەكە هەواڵ بڵاودەبێتەوە جادووگەرەكە چیتر ئیش بۆ كەس ناكات**)).

لەكۆتایی ئەو قسانەش پێشبینییەكی كرد:

((**دوای یەك مانگی تر ئەگەر سەریشی ببڕی هەر كەس نایەتەوە لات**)).

جوحا بەوە نەوەستاو درێژەی بە تۆڵەكەی لە ئاغاكەی داو كەوتە بڵاوكردنەوەی هەندێ قسە تا خەڵك تێبگەن جادووگەرەكە توانای نەماوە بۆیە نایەوێ كەس ببینێ. هەندێ قسەشی هەڵدەبەست گوایە جادووگەر بە فلان‌و فیساری ئاوایی وتوونی، لەكۆتاییش‌و بەپێی

قسەکانی جوحا کەس نەما جادووگەرەکە قسەی پێ نەوتبێ.

جوحا ویستی خەفەتێکی زیاتر بداتە ئاغاکەی، ڕۆژی چوارەم پێی وت باشترە کەمێك بچیتە دەرەوەو بایەکی باڵی خۆی بدات. سیامەند بەقسەی کردو چووە دەرەوەی ماڵەکەی. لەبەردەرگا کەسی نەبینی چاوەڕێ بکات. جوحا بێئەوەی پرسیاری لێ بکرێ وەڵامی دایەوە:

((..**لەبەرئەوەی ئەم چەند ڕۆژە ڕازی نەبووی کەس ببینی**)).

سیامەند بەگوند گەڕاو بینی زۆر کەس لالووتن، کەمێکی تر گەڕاو خراپتری بینیو بیست، لاقرتیشی بەڕووی هەندێ کەس بینی. بەلای پیاوێك لایان دانیشتبوو، پیاوەکە هەڵنەساو سڵاوی لێنەکردن، کە تێشپەڕین بیستیان ڕادەبوێرێ:

((**تووکی بنباخەڵم زۆر بووەو تاقەتم نییە لێی بکەمەوە، بە سحربازێك بڵێن بە دوعایەك بۆم لێبکاتەوە**)).

سیامەند زانی لەماوەی ئەو چەند ڕۆژە شتی خراپ ڕوویانداوە، گەشتەکەی تەواو نەکردو گەڕایەوە ماڵەوە، لەماڵەوە لە جوحای پرسی:

((**بۆچی وایان لێهاتووە؟**)).

جوحا:

((**وابزانم کاری خەوەکەتە، ئەی خەوەکە پێی نەوتی ئەگەر خۆشەویستترین کەس سەرنەبڕی دەسەڵاتت نامێنێ؟**)).

سیامەند وەڵامی نەبوو، جوحا پەلەی بوو ئەو ئاسنە بکوتێتەوە کە ماویەتی گەرم بێ:

((**وا بزانم بەڕاستی دەسەڵاتت نەماوە**)).

سیامەند ڕاپەڕی:

((**قسەی هیچ مەکە، دەسەڵاتم هەر ماوە**)).

گوێیان لەتەقەیەك بوو، جوحا بەدەم چوونە دەرەوە وتی:

((**یاخوا وابێو کەسێك هاتبێ**)).

چووە حەوشەو دەرگاکەی کردەوەو بینی کەسێکە لە شار هاتووەو پێویستی بە خزمەتێکی جادووگەرەکە هەیە. جوحا وەکو کەسانی تری پێش ئەو بە دەستبەتاڵی ناردییەوە. بەئەسپایی پێی وت:

((**ئەی نەمانوت نایەوێ کەس ببینێ؟**)).

ئینجا گەڕایەوە لای ئاغاکەی:

((**هیچ نەبوو! سەگێکی گەڕ بوو هێندە لەشی دەخورا خۆی بە دەرگاکە دەکێشا**)).

ئەوەی سیامەند بینیو بیستی بەس بوو بۆ ترساندنی، ئێستا دەتوانێ بڕیار بدات:

((**جوحا! سەری دەبڕم**)).

جوحا ویستی دڵنیابێ:

((**دەتوانی؟**)).

سیامەند وەڵامی نەبوو، جوحا هانی دا:

((**دەبێ بتوانی!**)).

سیامەند دووبارەی کردەوە:

((**دەبێ بتوانم!**)).

ڕۆژی دواتر خۆیان بۆ ئەو قوربانییە ئامادە کرد، خۆیانو سەگەکەو کەرەکە چوونە دەرەوەو گەیشتنە گردی کافران. سیامەند هیچی بە جوحا نەوتو ئەم بەلایەوە گرنگ نەبوو هیچی پێ بڵێ. تەنیشتی چەمەکە سیامەند کەوای سەگەکەی داکەندو باوەشی بەئاژەڵەکە کرد، پێکەوە چوونە ناو ئاوەکە. بەچنگ ئاوی هەڵگرتو کردی بەسەری سەگەکە:

((**بیرت دێ کە هاتمەوەو تۆم دۆزییەوە؟ بیرت دێ کەتۆم شت؟ پایزێك بوو وەك ئەم پایزە**)).

سەگەکە مڕەی کرد:

**((وەکو ئەو جارە مەکەرەوە)).**

**چنگێکی تری هەڵگرتو ئاوەکەی پیاکردەوە:**

**((ئەو ڕۆژەم زۆر لاخۆش بوو، لای تۆش هەر خۆش بوو، بەڵام تازە هەموو شتێك تەواو)).**

**سەگەکەی شتو لە ئاوەکە چوونە دەرەوە، سەگەکە خۆی ڕاتەکاند:**

**((با یارییەکی خۆشتر بکەین)).**

**خاوەنەکەی بە جوحای وت گوێدرێژەکە لەخوارەوە جێبهێڵنو هەرسێکیان بچنە سەر تەپۆلکەکە. دوو مرۆڤ و ئاژەڵەکە چوونە سەر تەختایی سەرووی گردەکە. سیامەند سێ گۆڕی سێ کەسە غەریبەکەی بینیو ئەو چیرۆکانەی بیرکەوتنەوە کە خەڵك لەبارەی جادووگەری کۆنەوە دەیانوتەوە، تۆ بڵێی ڕاست بێو سەربڕینی مرۆڤی بەنرخو ئاژەڵی خۆشەویست باجی ئەو دەسەڵاتە بێ؟ سێ گۆڕەکە ئێستا بەچاوێکی تر دەبینێ، زەحمەتی قوربانیدانیان تێ دەبینێ. پشتی کردە سێ گۆڕەکەو ڕوویکردە ڕۆژئاوا، باوەشی کردەوە بە سەگەکەی، ڕوومەتی خستە سەرپشتیو یادی جارانی بۆ باسکرد:**

**((ڕۆژی بارانەکەت بیر دێ؟ ئەو ڕۆژە وامزانی لافاو بردیتی، واشمزانی بێوەفایی ڕووی تێکردبوویو منت جێهێشتووە، بەڵام دوایی بەو بارانە زۆرە هاتیتە لێژاییە خزەکەی تێی گیرم خواردبوو و هەر ئەوەندەت پێکرا خۆتم پیا بکێشی تا پێم بڵێی ماویو من بزانم هیچت بۆ ناکرێ بۆ ڕزگارکردنم)).**

**ڕوومەتی هێشتا لەسەر پشتی هاوڕێکەی بوو، دەستی هێنا بەسەر ئەو پشتە:**

**((دوایی زانیم بێوەفایی نەبووە کە جێتهێشبووم. بێدەسەڵاتی بووە، ئێستاش من لەنێوان دوو ئاگردام، یان بێدەسەڵاتی یان بێوەفایی، هەروەکو یەکەم جار، ئەوجارەی بۆ سەروەری سەفەرم کردو تۆم**

**جێهێشت. بەڵام ئەمجارە بۆ تاهەتا. بۆ تاهەتا. تۆیت دەڕۆیو ناتبینمەوە))**.

فرمێسکێك کەوتە خوارەوە:

((**من هەڵمبژارد، تۆش لەمن باشتر بووی، ئێستاش هەموو ئەو یادانە تەواو**)).

هەڵساو بە جوحای وت پەتەکانی بداتێ، دانیشتو دوو دەستی سەگی بەست:

((**ئەمڕۆ بۆ دوایەمین جار یاری دەکەین. دوایەمین یاری**)).

سەگەکە سەری سوڕمابوو بەڵام بەخۆشییەوە کلکی بادەدا:

((**سەمسەم خەفەتی هەیە، بەڵام یارییەکی تازەم لەگەڵ دەکات**)).

دوو قاچیشی بەستنەوە، بەهێواشیو بەخۆشەویستییەوە سەگەکەی بە لاتەنیشتا پاڵخست. سەگەکە زمانی دەرهێنابوو:

((**یارییەکی سەیرە**)).

سیامەند داوای کێردەکەی لە جوحا کرد، جوحا کێردەکەی دایە، سیامەند لمۆزی سەگەکەی گرتو سەری بردە دواوە، کێردەکەی خستەسەر ملیو دوو چاوی خۆی نووقاند:

((**ماڵئاوا هاوڕێکەم. ماڵئاوا. چەند ڕۆژێکە بەم خەفەتە دەتلێمەوەو نەمدەویست ئەوە بکەم، بەڵام نەمتوانی کەوتنی خۆم ببینم، ئەگەر وەکو مرۆڤ بیربکەیتەوە بەخۆشحاڵییەوە قبووڵی ئەم قوربانیدانە بۆ خۆشەویستی خۆت دەکەی. ئەم قوربانییەی خۆتو ئەم بێوەفاییەی خۆم**)).

نووزەیەك لە سەگەکە دەرچوو و سیامەند چاوی کردەوە، سەگەکەی بینی بەپرسیارو سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکات:

((**سەمسەم!**)).

یەکەمجارە فرمێسك ببینێ دوو چاوی ئاژەڵە دەمبەپێکەنینەکە پڕ بکاتو پیایان بێتە خوارەوە. کێردەکەی لابردو بینی قورسایی ئەو کێردە پێستی ملی سەگەکەی کەمێك بڕیوەو چەند دڵۆپێك خوێن

دەرچووبوون. سەگەکە دوو چاوی نووقاندن‌و لوورەیەکی بەرزترو بەئازارتری کرد:

**((سەمسەم! مەیکە!)).**

تەماشای ئەو هێڵە سوورەی کرد:

**((بەڵام ناتوانم. نەخێر ناتوانم)).**

جوحاش ویستی بڵێ: **((مەیکە..))**، بەڵام نەیتوانی قسە بکات. سیامەند ڕاست بووەوەو کێردەکەی دایە دەست جوحا:

**((دەزانم ڕقت لێیەتی‌و حەسوودیی پێ دەبەی. تۆ بیکوژە)).**

جوحا کێردەکەی لێوەرگرت:

**((تۆ بڕۆ، مەزانە منت خەساندووە، ئەوەندە پیاوەتیم تێ ماوە قبووڵی نەکەم لەبەرچاوی تۆ یارە خۆشەویستەکەت سەرببڕم)).**

لەدڵی خۆشی: **((سیامەند دەڵنەرمە، سیامەند دڵڕەقە، دڵی بۆ سەگەکە نەرم بوو، بەڵام بۆ من ڕەق بوو، بەڵام من مرۆڤم، مرۆڤیش لە ئاژەڵ گرنگترە، کەواتە دڵنەرم نییە، کەواتە پێویستە ئاژەڵەکە بمرێ، با ئاژەڵەکە بمرێ‌و مرۆڤ بمێنێ)).**

سیامەند پشتی تێکردو چووە خوارەوە. سواری کەرەکەی بوو و بێئەوەی ئاوڕبداتەوە هاواری بۆ کرد:

**((هەر لەسەر گردەکە بینێژە)).**

قاچی بەسەر ورگی ئەو گوێدرێژە شۆڕ کردەوە کە لەو شتانەی تێنەدەگەیشت‌و نەیدەزانی دووەم قوربانی خۆی دەبێ. کەرەکە سەری بۆ گوندەکە هەڵبڕی‌و بەڕووی زەڕیی:

**((وا هاتینەوە)).**

* * * * *

جوحا شەو نەچووەوە ماڵەکەو ئەوەی خستە ڕۆژی دواتر. لاشی سەیر بوو کاتێك بینی ژمارەیەك کەسی گوندەکانی تر گەیشتوونەتە شامارو داوایان دەکرد جادووگەرەکە ببینن. ئەوە لای جادووگەرەکە

ZAGROS WEBSITE

ئاسایی بوو، ئەو یەکەم قوربانیی خۆی کرد.

جوحا ئەو ڕۆژە گەرمتر خزمەتی ئاغاکەی دەکرد بەڵکو ئەمجارە ڕێگەی پێب خەجێ بخوازێ. سەرەتا هیچی نەوت، دواتریش خۆی نەگرت و لێی پرسی:

((**ئێستا دەهێڵی خەجێ بهێنم؟**)).

ڕووی ئاغا ڕەقتر دیاربوو:

((**من خۆشەویستترین کەسم کردە قوربانی دەسەڵاتەکەم ئێستا چۆن شوێنی حەزێکی بێعەقڵانەی تۆ دەکەوم؟**)).

دڵی جوحا پڕ بوو:

((**بەڵام..**)).

هیچی بۆ نەوترا، ئاغاکەشی سوور بوو:

((**تۆ ئەو سەگەت سەربڕی ئیتر چۆن دڵنیابم سبەی ئەگەر تووڕە بووی ئەو کچە سەرنابڕی**)).

جوحا چووە دەرەوەو بەدەنگێك خەریك بوو دەگریا نووزەیەکی کرد:

((**خەتای خۆمە**)).

ئاغا فریاکەوت پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە پێی بڵێ:

((**ئەگەر خەجێت دەوێ ئەو جلانە دابکەنەو جلی شوانی بکەرەوە بەر**)).

جوحا چووە حەوشەکەو بە ڕقو خەفەتەوە دارەکەی بەسەر زەوی دەکێشا، بەدەنگێکی پڕ گریانەوە لەبەرخۆیەوە سکاڵای دووبارە دەکردەوە:

((**کەس هەستم پێ ناکات، کەس منی خۆش ناوێ**)).

گوێدرێژەکە جوحای بینیو بەسۆزەوە تەماشای کردو لەبەرخۆیەوە دەستی کرد بە هۆنینەوەی گۆرانییەك بۆ خۆشەویستیی جوحا:

((**جووحوو. جووحوو. جوانه. جووحوو جوانه..**)).

ناوی جوحا بەسەر گۆرانیی گوێدرێژەکە زاڵ بوو و تا دەهات گۆرانییەکە خێراتر دەبوو:

((**جووحوو جووحوو جووحوو جوحوو..**)).

کەمێك مابوو کەرەکە کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بداو گۆرانییەکەی ببێتە زەڕین کاتێك جوحا تێبینیی کرد ئاژەڵەکە تەماشای دەکاتو هەناسەی پێش زەڕینێتی. گوێدرێژەکە نزیکترین کەس بوو لەو کاتە ڕقی خۆی بەسەر برێژێ:

((**بۆچی سەیرم دەکەی؟ ها؟ هەر تۆ ماوی گاڵتەم پێبکەی؟**)).

بەرەو ئاژەڵەکە ڕۆشتو بە دارەکەی کەوتە لێدانی. کەرەکە لەناکاو براو نەیزانی بۆ کام لا ڕابکات. جوحا لێی دە ئەویش بەدەوری خۆی دەسووڕایەوەو نەیدەزانی بۆ کوێ ڕابکات. مرۆڤەکە کەمێك دامرکایەوەو پشتی کردە ئاژەڵەکە:

((**تەڕەماشە گەورەکەی گوندەکەمان ئێوەی لا گرنگترە. مرۆڤی بۆچییە. مرۆڤ لای ئەو لە تەرسەقولی کەری نەوەی کەر بێنرخترە. ئەو کەسی خۆشناوێ. کەس منی خۆشناوێ**)).

گوێدرێژەکەش دامرکایەوەو بە دوو چاوی پڕ گریانەوە تەماشای جوحای کرد:

((**جووحوو لێم دەدا جووحوو بەدار لێم دەدا جووحووم خۆشدەوێ ئەو لێم دەدا ئەو بەدار لێم دەدا**)).

جوحا بڕیاری دا دەست لە تۆڵە هەڵنەگرێ. بڕیاری دا ئەو شتانە بکاتەوەو ئەو شتانە بڵێتەوە کە ئاغاکەی ناشیرین دەکەن هەتا ئەگەر زیانی خۆشی تێ بێ. وەکو پێشتر چووە ناو خەڵكو ناڕاستەوخۆ تێیگەیاندن کە جادووگەرەکە توانای جارانی نەماوە، دیسانەوەش وتییەوە جادووگەرەکە قسەی بە فلانو فیسار وتووە، لەکۆتاییش بەبیانووی وتنی قسەیەکی بێڕێزی بەرامبەر جادووگەرەکە لە یەکێك

لەو دوو کوڕەی دا کە خزمەتی سیامەندیان دەکردو تەرەی کرد. بەوەش نەوەستاو بە ئاوایی وت:

((**هەرکەس قسەی خراپ بە ئاغا بڵێ، وای لێدەکرێ. دەبێ لەگەڵتان لە شاوەیس ئاغا خراپتر بێ**)).

هێشتاش مابووی بۆ تۆڵەکەی ، هەر ئەو ڕۆژەی لە خزمەتکارەکەی دا چووە لای ئاغاکەی بیریخستەوە کە دەبێ کەسی دووەم بکاتە قوربانی. سیامەند پرسی:

((**ناترسی تۆ بی؟**)).

جوحا کێردەکەی لە باخەڵی دەرهێنا، خستییە بەردەم دەموچاوی خۆیو بە پەڕۆیەك بەهێواشی چەند جارێك لەسەر تا خوار سڕییەوە تا بریسکەی بکوژی پێبەخشی:

((**ئەو کاتەش هەر نەترسابووم ئەو بم، دەزانم منت خۆشناوێ**)).

کێردەکەی سووڕاندەوەو وەك لەبەرخۆی قسە بکات وتی:

((**سەگەکە خوێنی زۆر بوو، دەبێ کەرەکە خوێنی چەند بێ؟**)).

سیامەند بێباکیی نواند، بەڵام نەیتوانی پێی نەڵێ:

((**دڵت زۆر خۆش بوو کە سەرتبڕی چونکە لە تۆ زیرەکتر بوو. حەسوودیت پێ دەبرد چونکە ئەو بووە ژمارە دوو تۆش بوویتە ژمارە سێ**)).

جوحا لەدڵی خۆی وەڵامی دایەوە: ((**ئەو وا دەزانێ، دەبا هەر وا بزانێ. ئەو نازانێ من تۆڵەی لێدەکەمەوە**)).

ئینجا بەدەنگی بەرز:

((**چیت وت بۆ کەرەکە؟ جادووگەران ئامادەن هەموو شتێك بکەنە قوربانیی مەرامەکانیان**)).

سیامەند بە لاقرتیی دەستکردەوە وەڵامی دایەوە:

((**تۆی شوانی فاشل چی لەبارەی جادووگەرانەوە دەزانی؟**)).

جوحا لەو سووکایەتییە بێباك بوو و دەستی بەسەر کەواکەی هێنا:

((دەزانم جادووگەران تەنها دەتوانن خەڵك بكەنە دوژمنی یەكتر. دەشزانم زۆر لە كارەكانیان فرتوفێڵن. من بەشداریی هەندێك لەو فیلانەم كردووە، ئاگاشم لە كەسی تریش بووە. بەڕاست! ماوەیەكە غەفە نابینم، تۆ بڵێی دیسانەوە پەیكەری سەگو گورگو چەقەڵو پشیلە جارێكی تر شێتیان نەكردبێ؟ بەڵام بڕوا ناكەم، كەسێك دەنگی لە دەنگی خێو بچێ سەگو پشیلەی لە قوڕ دروستكراو زەفەری پێ نابەن. بەڕاستێكی تر! دەزانی دەنگی غەفە لە دەنگی خێوەكەی تۆ دەچێ؟)).

سیامەند گازی لە لێوی گرتو پڕبەدڵ پەشیمان بوو: ((بریا جوحام نەكردایە شاگردی خۆم. ئێستا پێی ئاساییە ئەوەی دەیزانێ باسی بكات)). لەگەڵ ئەوەش ترسەكەی ئاشكرا نەكرد:

((ناترسی وەكو كەر داركاریی بكرێیو وەك سەگ دەربكرێی؟ ناترسی بتكەمە كرم؟)).

بەڵام تازە جوحا ناترسێ:

((ئەوانە بە خەڵكی ئاوایی بڵێ. ڕەنگە دەبێ تۆ لە من بترسی)).

ڕووشی مۆن كردو پشتی تێكردو لێداو ڕۆشتو دوا وتەی وت:

((كە ویستت كەرەكە سەربڕی بانگم بكە)).

جوحا چووە دەرەوەو سیامەند زانی دەبێ ئەو قوربانییە هەر بكات، ئەمڕۆ لە سبەی باشترە. كەرەكە بێنێ جوحا ڕۆژ نا ڕۆژێك دێتو بیریدەخاتەوەو ئەو قسانە بەگوێی دەدات كە چەند ڕۆژێكە فێر بووە دەیانكات. سیامەند بانگی كردو بێتەوەی تەماشای بكات بڕیارەكەی پێوت، ئەویش بە یەك وشە وەڵامی دایەوە:

((با بڕۆین)).

بڕیاری ئەمجارە سەخت نەبوو بەڵام بەشی خۆی خەفەتی تێبوو، دوو مرۆڤ و ئاژەڵەكە چوونە تەنیشت تەپۆلكەكە، سیامەند ویستی سەربكەوێ، جوحاش بیریخستەوە:

((ئەی وەكو سەگەكە نایشۆی؟)).

شتنی سەگەکە تەنها یادکردنەوەیەکی جاران بوو. وەڵامی نەدایەوەو کەرەکەی تاودا تا سەربکەوێ.

گەیشتنە سەرەوەو سیامەند گۆڕی سەگەکەی لەلایەکی تری گردەکە بینی. ئێستا چوار گۆڕ بەسەر گردەکەوەن، سێ کەسە غەریبەکەو سەگە خۆشەویستەکەی. ڕووی کردە لاکەی ترو بە جوحای وت دەستو قاچی کەر ببەستێتەوە:

((**تازە شارەزای ئەم ئیشە بووی**)).

جوحا دەستو قاچی بەستنەوەو بەزەحمەتەوە توانی کەرەکە بەلاتەنیشت بخات. کە خستیشی، دەستێکی لەسەر ئاژەڵەکە بوو و ئەوەی تری بۆ ئاغاکەی ڕاکێشا:

((**کێردەکەم بدەری**)).

کەرەکە پرسیاری کرد:

((**کەی گیاکەم دەدەنی؟**)).

سیامەند بیریخستەوە:

((**کێردەکە بە تۆیە**)).

جوحا بیریکەوتەوە:

((**باشە کەر تێناگات دەنا گاڵتەی پێدەکردین**)).

هەردوو گوێچکەی کەر ڕەپ بوون:

((**سەمدەمو جووحوو دەمبەستنەوە بۆ ئەوەی هەموو گیاکە بخۆن**)).

سیامەند پەلەی لێکرد:

((**زوو سەری ببڕەو بگەڕێینەوە**)).

جوحا کاتی دەویست:

((**سەربڕینی کەر وەکو تێگەیاندنی زەحمەتە**)).

کەرەکە ناڕەزایی دەربڕی:

((**گیا خواردن وا نابێ**)).

سیامەند ڕووی کردە لاکەی تر:
((**ناتوانم سەیری چاوی بکەم، کەر بێ سەربڕین خەفەتبارە**)).
جوحا بۆ شوێنێکی گونجاوی ملی کەرەکە گەڕا:
((**هەر ئێستا خەفەتی نامێنێو دەبێتە دڵخۆشی ئاژەڵەکان**)).
کەرەکە سەیری هەردووکیانی کرد:
((**سەمدەمو جووحوو شێت بوون**)).
سیامەند پشتی تێکردنو چووە خوارەوە:
((**بەزەییم بەو ئاژەڵە دێتەوە، دەڕۆم**)).
جوحا لەدڵی خۆی گلەمانەی:
((**بەڵام بەزەیی بە منی مرۆڤا نایەتەوە**)).
کەرەکە لەخۆی پرسی:
((**جووحوو چی دەکات؟**)).
سیامەند ڕۆیشت:
((**تەنیشتی گۆڕی سەگەکە بینێژە**)).
جوحا پێکەنی:
((**یەکەم کەری دونیایە گۆڕی هەبێ**)).
کەرەکە خۆی ڕاپسکاند:
((**وازم لێ بێنن گیا ناخۆم**)).
سیامەند بۆ خۆی قسەی کرد:
((**هەر وەکو سەگەکە بیریدەکەم**)).
جوحا گوێی لێ بوو:
((**ماینەکانیش بیریدەکەن**)).
کەرەکە ترسا:
((**سەمدەم مەڕۆ!**)).
دەنگی سیامەند لەدوورەوە هات:
((**ئەمڕۆ نەتبینم**)).
جوحا هاوارەکەی گەڕاندەوە:

**((من یان کەرەکە؟))**.

سیامەند گەیشتەوە گوندو چاوەڕێی جوحای نەکرد، جوحا ئێوارە گەڕایەوەو گوێی نەدایە فەرمانی ئاغاکەی کە ئەو ڕۆژە نەیبینیٚ. جوحا مەبەستی بوو هەر ئەو ڕۆژە سیامەند بەئازارەوە ببینیٚ. زەحمەتی ئیشەکەی بۆ باس کرد:

**((نەمزانی ناشتنی کەر هێندەی پیٚ دەچیٚ))**.

دەستیشی کرد بە باسکردنی ئەو ئیشەو چۆن ناشتنی مرۆڤ ئاسانترە:

**((مرۆڤ لەشی ڕێکەو دەستو قاچی بەنەرمی دەچنە تەنیشتی لەشی بۆیە زەویی زۆر داگیر ناکات بەڵام کەر نەك هەر گەورەو قەڵەوە، بەڵکو لەشیشی ئەوەندە بۆ گۆڕ ناڕێکە زەوییەکی زۆر دەبات" سكو پشتی ڕێك درێژدەبنەوەو دوو قاچو دوو دەستی بۆ خوارەوە، سەرو ملی گەورەشی بۆ سەرەوە. ئەگەر کەریان بناشتایە لەجیاتی گەنمو جۆ بەردمان دەخوارد))**.

ئینجا بایدایەوە سەر باسی ژنهێنان، ئەمجارە بۆ بێتاقەتکردنی ئاغاکەی:

**((دەبیٚ گۆڕەکەی پیشانی ماینەکانی ئەو دەوروبەرە بدەین تا جومعان بچنە سەری. بەڕاستی نێرێکی بێهاوتایان لەدەستچوو، کەس ناتوانیٚ جێی بگرێتەوە. ماینەکان دەچنە سەر گۆڕەکەیو بەکولٚ بۆی دەگرینو دەڵێن: ئای نێرکەری بلیمەت، چی لە ئەسپە خوێڕییەکانی ئەو دێیانە بکەین))**.

سیامەند هیچی نەوت جوحاش چووەوە سەر باسی قوربانی:

**((ئەگەر خەوت بەکەسێکی ترەوە بینی بانگم بکە هەرچەندە کەس نەما خۆشتبویٚ تا بیکەتە قوربانیی دەسەڵاتەکەت، ئەو دەسەڵاتەی لەهەموو شتێك لەلات گرنگترە))**.

سیامەند بەلالووتییەوە پێی وت:

**((پیشەی سەربڕین لات ئاسان بووە، دەترسم ئەو دوو کوڕەی لای**

خۆم سەرببڕی بۆ ئەوەی هەر خۆت بمێنیتەوەو منیش ناچار بم ڕازیت بکەم)).

جوحا چووە دەرەوەو وەڵامەکەی بۆ ناو دڵی خۆی هێشتەوە:

((خەم مەخۆ! لەیەکێکیانم داوەو ڕۆشتەو نایەتەوە، خواش گەورەیە بۆ ئەوەی تر)).

## 18

# بانگەوازی دڵ

یادی سەگەکە لەدڵی سیامەند نەدەسڕایەوە. دیارنەمانی دوو ئاژەڵەکە بۆشاییەك بوو کاتێکی زۆری دەویست تا پڕ بێتەوە. سیامەند پاش ئەوەی ئەو دوو ئاژەڵەی کردە قوربانیی دەسەڵاتی خۆی نەك تەنها دەسەڵاتەکەی پاراست، بەڵکو ڕۆژبەڕۆژ ئەو دەسەڵاتەی لەجاران گەورەترو بەسامتر دەبوو، ئێستاش حەز کردن بە دەسەڵات لای بۆتە حەزێکی شێتانە، لەجاران شێتانەتر، بەشێکی ئەو حەزەش قەرەبووکردنی ئەو قوربانییە قورسە بوو، ئەو هەستە بوو کە سیامەند دەرکی پێنەدەکرد.

حەزی شێتانەی دەسەڵات هەر جارەی بەشێوەیەك خۆی دەنواند. ناوەڕاستی پایز بوو و باران دواکەوتبوو. دوانیوەڕۆ بوو چەند منداڵێکی بینی خەریکی دڕینی پەڕۆی شڕ بوون:

((**منداڵینە خەریکی چین؟**)).

خۆشیی کارەکە بەری بە سامی جادووگەر گرتبوو بچێتە دڵیان:

((**بووکە بەبارانێ دەکەین**)).

وشەی بووکەبەبارانێ ساڵانی ڕابوردووی خستەوە یاد، لەکۆتایی ئەو یادانەش خەیاڵێك بەمێشکی هاتو بە منداڵەکانی ڕاگەیاند:

((**دەزانم! بووکەکە بە پەڕۆ دروست دەکەنو بە بووکی دەیبەن بۆ باران بۆ ئەوەی بێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی. حەز دەکەم ئەمجارە ئەو بووکە بۆ من بهێنن، بووك لە ئێوە، بارانیش لە من**)).

منداڵەکان پێکەنین، سیامەندیش وتی گاڵتە ناکاتو لە پاداشتی ئەو بووکەیان:

((**دەستتان پڕ لە حەڵوا دەکەم**)).

وشەی حەڵوا کاری لەسەر ئەو منداڵانە لە جادوو بەهێزتر بوو، هەموو کردیانە هاوارو بە جادووگەرەکەیان وت بووکێکی بۆ دروست دەکەن:

((**جوانترین کچی دونیا بێ**)).

سیامەندیش دووبارەی کردەوە کە دەستو گیرفانیان پڕ دەکات لە:

((**خۆشترین حەڵوای شار**)).

داواکارییەکی تایبەتیشی هەبوو:

((**لەوەم ناوێ کە جاری تر دروستتان دەکرد" هێندە بچووك بێ لایەلایەی بۆ بکەم، دەمەوێ وەکو شەنگەی مام غەریب باڵای بەرز بێ. پەڕۆی زۆرتان دەدەمێ، کێشتان پێ خۆشە بانگی دەکەم یارمەتیتان بدات**)).

منداڵەکان هاواریان کرد کە کەسیان ناوێ یارمەتییان بداتو دەیانەوێ هەموو حەڵواکە بۆ ئەوان بێ. گورجیش کەوتنە ئیش" بەدزییەوە چوونە ماڵی یەکێکیانو دارێکی گەورەیان لێ دزی، لەگەڵ دارێکی کورتتریش ڕاستو چەپیان کرد. دوو سەعاتیشیان پێ چوو تا ئەو خاچە بە پەڕۆ داپۆشن، سەعاتێك بۆ کۆکردنەوەو دڕینو تێوەپێچان، سەعاتێکیش بۆ شەڕ کردن لەگەڵ یەکتر لەسەر چۆنێتیی ئەو تێوەپێچانە. لەکۆتاییش، سوپاس بۆ حەڵوا، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بووکەکەیان تەواو کردو بەهەموو ڕاستیان کردەوە. سێ منداڵ دارەکەیان گرتو بەزەحمەتەوە کەوتنە جووڵە، سیانەکە بەبووکەکەوەو ئەوانی تر لای ڕاستو چەپو لەپشتەوە. لەساڵانی پێشووش بەرزتر دەیانقیڕاند، مەبەستیان بوو جادووگەرەکە

بیبیستیٚ:

((**بووکە بەبارانیٚ. ئاوی بن دەغلاٚنیٚ. سەعاتی جارانیٚ. هەیاران‌و بەیاران. بۆ فەقیرو هەژاران. یاخوا دایکاتە باران**)).

چوونە نزیکترین ماڵ‌و هاوارەکەیان توندتر کرد تا ماڵەکە زوو بێنە دەرەوەو ئاوەکە بەسەر ئەو بووکە بڕێژن‌و ئەو ماڵەو ماڵەکانی تر زوو تەواو بکەن‌و بۆ حەڵواکە بگەنە ماڵی جادووگەر. دیمەنی ئەو بووکەی کە هێندەی کچێکی بالاٚبەرز گەورە بوو ژن‌و کچەکانی ئەو ماڵەی ڕاچڵەکاند. ژنەکە وەك لەگەڵ کچێکی خۆی قسە بکات:

((**سەرتان بەتاشین بچیٚ! چیتان دروستکردووە!**)).

منداڵەکان هاواریان کرد:

((**سیامەند ئاغا سەرمان ناتاشیٚ. حەڵوامان دەداتیٚ**)).

منداڵێك بە زۆر خۆی کردبووە پێشەوای ئەو تاقمە هەر بەو هاوارە بۆ ئافرەتە واقوڕماوەکانی ڕوونکردەوە:

((**ئەم جارە بووك بۆ باران نابەین. ئەمجارە بۆ سیامەندی دەبەین بۆ ئەوەی باران بباریٚنیٚ**)).

دایکەکە ئەستەغفیرولَّلای کرد، لەگەڵ ئەوەش ئاوڕی بۆ کچێکی خۆی دایەوەو دوعای سەر بەتاشین چوونی لیٚ کردو پێی وت ئاوەکە بێنیٚ تا بەسەر ئەو بووکە بیڕێژیٚ. کچەکە یارییەکەی پیٚ خۆش بوو و بە هەڵەداوان ڕۆشت‌و بە ڕاکردن هاتەوە. ئاوەکە پێویستی بەوە بوو توند بەسەر بووکە بالاٚبەرزەکە هەڵبدریٚ. بووکەکە کەمێك ئاوی بەرکەوت‌و زۆری ئاوەکە منداڵەکانی تەڕ کرد. منداڵان پێکەنین‌و گوێیان نەدایە. حەڵواکە دەیهێنیٚ، خوای دەکرد دڵۆپێك بەر بووك نەکەویٚ‌و قەترەیەك ئاو نەباریٚ.

پاش چەند ماڵێك‌و چەند پرسیارو سەرسوڕمانێك، بە ژمارەی ئەو ماڵانەش وەڵامی ئەو سەرسوڕمانانە منداڵان گەیشتنە ماڵی جادووگەر. سیامەند بە سەتڵێك ئاوەوە لەگەڵ جوحا هاتنە دەرەوە.

سیامەند بە منداڵەکانی وت بووکەکە داگرنو بەپێوە بیخەنە سەر زەوی:

((**هێواش. هێواش دایگرن. ئاگاتان لە بووکەکەم بێ**)).

زمانی منداڵەکان لەنێوان ددانەکانیانەوە دەرچووبوو کاتێك کۆششیان دەکرد تا ئەو بووکە گەورەیە لە کەوتن بپارێزن لەو کاتەی بەپێوە لەسەر زەوی لەبەردەمی خاوەنی حەڵواکە دایدەنێن. سیامەند بەهێمنی سەتڵە ئاوەکەی بەرز کردەوەو هەر بەهێمنی بەسەر سەرو قژی بووکەکە ڕشتیو بە منداڵەکانی ڕاگەیاند:

((**بووکەکەم قبووڵ کرد، ئێوەش شایەنی شیرینیی ئەم شاییەن**)).

داواشی کرد ساڵی داهاتوو:

((**بووکێکی هاوشێوەم بۆ بکەن. بووك بۆ من، باران بۆ ئاوایی، شیرینیش بۆ ئێوە**)).

منداڵەکان هەڵبەزینەوە: ((**یێێێێێێـ**))، سیامەندیش پڕ بەهەموو دڵییەوە پێکەنی. بۆ یەکەم جاریش شتێك هەبوو خۆشییەکی ڕاستەقینەی پێ ببەخشێو خەفەتی لەدەستدانی سەگەکەیو گوێدرێژەکەی لەبیر بەرێتەوە.

جوحا دیمەنەکەی بینی، پێکەنینەکەی سیامەندیشی بیست. پێکەنینەکە خەنجەرێك بوو لەدڵی درا:

((**سیامەند دڵی بە بووکی پەڕۆ خۆشە. سیامەند گوێ ناداتە دڵی من. سیامەند دڵی بۆتە بەرد. سیامەند دڵی نەماوە**)).

خەفەت پێی وت کاتی تۆڵەیەکی ترە ئەم خۆشییەی ئاغای دڵڕەقی بکاتە ترس:

((**ناترسی باران نەباریێ؟ ئەگەر باران نەباری دەبێ تۆ لەم دێیە بار بکەی**)).

ڕووی سیامەند گرژ بوو:

((**دە جار پێیان دووبارە دەکەمەوە تا دەباریێ. تۆ بۆچی پێت**

**ناخۆشه؟**)).

جوحا پشتی کرده سیامەندو چووەوه ژوورەوه. هەموو گیانی خەفەتو بێزاری بوو لەو هاوڕێیەی بڕیاری داوه تا مردن هەستی پێ نەکات. سیامەند ماوەیەك لەدەرەوه مایەوەو تەماشای منداڵەکانی دەکرد دەچوونه ماڵەکانی تر. وەستاو تەماشای کردن تا دیار نەمان. چووه ژوورەوه بۆ ئەوەی بە جوحا بڵێ سبەی خزمەتکاری قوتابخانەکه بۆ شارەکه بنێرێ حەڵوا بۆ منداڵان بکڕێ.. منداڵەکان ماڵەکانیان تەواو کردو هەر ئەو ئێوارەیه باران گەیشت.

* * * * *

خۆشییەکەی سیامەند کاتی بوو و دیسانەوه سەرقاڵبوون بەکاری جادووگەرییەوه سەگەکەی لەبیر نەبردەوه، تەنانەت گوێدرێژەکەشی لەبیر نەبردەوه، ئێستاش ئەو سەرکەوتنەی کە له خەونەکانی گەورەتر دەرچوو لەلای بێتام بووه، بێتام و بێواتا، تەنانەت شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتیش ئەو تامەیان بەو ژیانه نەدەبەخشی:

((**چی لەوه زیاتر بکەم؟ خۆ ناچم خۆم بکەمه خوای ئەو خەڵکه. بشمەوێ ڕازی نابن، بشیانەوێ ڕازی نابم**)).

لەگەڵ گەورەتربوونی دەسەڵاتەکەشیو لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی میوانەکانی پرسیارەکان لەبارەی کۆتایی ڕێگەکه لەهەموو قسەیەکی تر زیاتر لەناو مێشکی دەزرنگانەوه:

((**تاکەی؟ بەرەو کوێ؟**)).

ئێستا له پشووی دەروونی بێبەش بووەو دەزانێ ئەو پشووه چەند پێویسته، ئێستا بۆته دیلی کارەکەیو ناوبانگەکەیو دەسەڵاتەکەیو خانووەکەیو پۆشاکه نائاساییەکەی، ئێستاش هەست دەکات چەند له سروشت دوورکەوتۆتەوه، ئەو سروشتەی کاتی شوانێتی ببووه بەشێك له گیانی پێش ئەوەی خەونبینین بەپلەو پایەی بەرزی ناو گوند هێرشی بۆ بەرێ. ئێستا خەون بە دیمەنه

کۆنەکانی جارانی شوانێتی دەبینیّ" دیمەنی تەمی سەر لوتکەکان، بارانی زستانو خۆشاردنەوە لە بن تاوێرەکان، بارانی بەهارانو ڕاکردن بەخۆشییەوە لەگەڵ سەگەکەی لەژێر لێزمەکەی، هەوای فێنکی پاش ئەو بارانەی بەهارو مانەوەی نیوەی هەوری ئاسمان بە شێوەی لۆکەی سپی لەناو دەریایەکی شینی ڕوون. ئێستا سروشت لێوەی دوور بوو، کەسیش لە چواردەوری نەمابوو خۆشی بویّ، سەگە زیرەکەکە ڕۆشت، گوێدرێژە سەیرەکە ڕۆشت، جوجا بۆتە کەسێکی نامۆ، خزمەتکاری قوتابخانەکەش کارەکەی لای ئەو وەکو پەیوەندییەکی بارزگانییەو هیچ سۆزێکی لەو پەیوەندییە نەدەبینی.

سروشت لەدەرەوە بانگی سیامەندی دەکرد، بەڵام ئەو ناچار بوو پێشوازی لە میوانەکانی بکات کە بە دەسەڵاتەکەی سەرسام ببوون. چەند جارێك گوێی لە باران بووە لەدەرەوە دەکەوێتە سەر زەوی. باران بیّ ئەو دەکەویّو زەوی بیّ ئەو باوەش بۆ ئەو بارانە دەگرێتەوە. هەموو شتێکی سروشت بیّ ئەو، بیّ سیامەند، دێنو دەچن. چەندین جار حەزی دەکرد ئەو کەسانە ڕەوانە بکاتو لە گوند بچێتە دەرەوەو دووربکەوێتەوەو بچێتە ژێر ئەو بارانە، ڕابکاتو پێبکەنیّو یاری بکات، بەڵام بیریدەکەوتەوە:

((لەگەڵ کیّ ڕابکەمو یاری بکەم؟ بۆ کیّ پێبکەنم؟)).

هەموو پایز ڕۆیشتو دوو مانگی زستان ڕۆشتن سیامەندیش لە ناو ململانە دەژیاو نەیدەتوانی بەدەم بانگەوازی سروشتەوە بچیّ.

زستان هاتوچۆی زەحمەت کرد، لەکۆتاییش نەیهێشت. میوانەکانیش کەمتر دەبوونەوەو جاری وا بووە هەفتەی یەك کەس نەدەهات، لەگەڵ ئەوەش سیامەند نەیدەتوانی بچێتە ئەودیو دەرگاوە، لەکۆتایش زانی گەر وا بمێنێتەوە زستان دەڕواتو بەهاریش دەڕواتو ئەو هێشتا دیلی ماڵەکەی دەبیّ، بۆیە بڕیاری دا

بەلای کەمەوە بچێتە بەر دەرگایماڵەکە.

باران ئەو ڕۆژە بەخوڕ دەباری‌و گوند خزابووەوە ماڵ. سیامەند چووە بەردەرگاو بینی کەس دیار نەبوو. ئازایەتی چووە گیانی‌و توانی لە ماڵ دووربکەوێتەوە، چووە شارە کۆن کە سامانەکانی خەونێکی کۆنی بوون‌و ئێستا لەبیری چۆتەوە چونکە سامان بەپێی خۆی دێتە بەردەرگای ماڵەکەی. ماوەیەك لەوێ وەستاو وێنەی ئەو سەربازەی هاتەوە پێش چاوی کە لەسەر نقێمی ئەو مستیلە بچووکە نەخشێنرابوو کە مام سمایل دۆزیبوویەوە. سەربازەکەی ئەسکەندەر یان ئەسکەندەر خۆی بەو کڵاوەی پەڕی پێوەیەو بەو کراسە کورتەی‌و قەڵغانەکەی‌و شمشێرە کورتەکەو ئەو ڕمەی لەزەوی چەقاندبووی. ماوەیەك بوو پێویستی پێی نەمابوو، ئێستاش دەیەوێ وەکو جاران لەدوورەوە تەماشای بکات، تەنها وەکو خەیاڵ تەماشای بکات‌و چیرۆك لەناو مێشکی لەبارەیەوە بهۆنێتەوە.. هەر ئەوەندەو بەس بێ بیرکردنەوە لە سامان یان دەسەڵاتێك وەکو ئەوەی ئەسکەندەر.

هەر لەو شوێنەی ڕوانییە ئەو لایەی تەپۆلکەکەی لێیەو ئێستا وێنەکەی لەگەڵ ڕەنگی باران تێکەڵ بووە. تەماشای زنجیرە چیاکەی کرد نوقمی تەم‌و باران بووە. باران بەسەر دەشتە بەردەڵانییەکە دەکەوێ‌و ئەو دەشتە بەهێمنی کەوتنەکە قبووڵ دەکات‌و گوێ بۆ ئاوازی ئەو کەوتنە بەسەری شل دەکات، پاشان هەمووی دەبێتە ئامێز بۆ ئەو تنۆکانەو دەیانکاتە جۆگەی بچووك لەملاو لەولا. خامۆشییە جگەلە دەنگی ماچی باران بۆ سەر گۆنای زەوی‌و گۆرانیی جۆگەلەکان‌و سەماکەیان بەسەر ئەو زەوییە، تەنیاییەو تەنیا ئەو دوو بوونەوەرە ڕەسەنەی تێیە، تەنیاییەو مرۆڤی لێ نییە، ئەو مرۆڤەی لە دێرزەمانەوە لەڕەگەوە هەڵکەندراوەو خۆی لێ ونبووە. تەنیایی

باران‌و زەوی بانگی سیامەندی کرد، زەوی‌و باران سیامەندیان بانگ کرد بچێ بەدەمیانەوەو ببێتە سێیەمیان. وەرە. وەرە. دوور مەوەستە. وەرە. سیامەند دڵی بۆ ئەو بانگە شل کرد، بەدەمییەوە چوو و بەگوێی کرد. ڕۆشت. بەرەو ئەو تەنیاییە خۆش‌و خۆشەویستە ڕۆشت.

لەژێر بارانەکە ڕۆشت، لەگوند دوورکەوتەوەو گەیشتە ئەو شوێنەی جارێکیان تێی چاوەڕێی مام سمایلی دەکرد تا لەبارەی شارەکۆنەوە پرسیاری لێبکات. لەوێش نەمایەوەو بەرەو قەدپاڵەکە ڕۆشت. گەیشتە تاوێرێك لە هەموو ئەوانەی دەوروبەری گەورەتر بوو، چووە سەری و لەسەری وەستا. وا مایەوە تا هەستی کرد هەموو گیانی لەو بارانە تێری خواردووە، ئینجا کەوتە جووڵەو گەڕایەوە.

لە گەڕانەوەی‌و لەو چۆڵەوانییە ئەو پەیکەرە بچووکە قوڕە بەسامانەی بینی کە دروستی کردبوون‌و لەسەر بەردەکان دایناببوون. کەمێکی پەیکەرەکان بەپێوە مابوون، زۆربەیان باران بەلا خستبوونی، هەندێکیان هەڵوەشابوونەوەو ببوون بە قوڕێکی بێ شێوەو بێ واتا. مرۆڤەکان نەیاندەوێرا دەستیان لێ بدەن بەڵام زەمەن‌و باران پێیان وێرابوون، بەرلەوەی ئەم زستانەش تێپەڕێ هیچیان نامێنن.

هەوڵی دا پێش ئەوەی بگاتەوە گوند تێر لەو دیمەنەی چواردەوری بخوات، دەڕۆشت‌و ئاوڕی بۆ هەموو لایەك دەدایەوە، بۆ زنجیرە شاخەکەی دەستەچەپ، بۆ دەشتاییە بەردەڵانییەکەی دەستە ڕاستی، بۆ ڕێگا قوڕاوییە پێچاوپێچەکە، ڕێگەکە ماوەیەك لەناو تەختایی دەڕوات‌و پاشان بەسەر بەرزاییەکان سەردەکەوێ ئینجا ون دەبێ. لەکۆتاییش تەماشای ئەو گوندەی بەرامبەری کرد کە باران بۆتە تەمێك نێوان خۆی‌و ئەو.

ئەو ڕۆژەو شەوەکەی لەخۆشی ژیا، تەنانەت خۆشیی لەو سەرمایە بینی کە چووبووە لەشییەوە، خۆوشککردنەوەو خۆ گەرمکردن لەبەر سۆپای داری ژوورەکەی خۆشییەکی تر بوو. نیازیشی دامەزراند ئەو گەشتە دووبارەو سێبارە بکاتەوە. چەند ڕۆژێك مایەوە ئینجا ئەمجارە بڕیاری دا بەشەو بچێتە دەرەوە، مانگەشەو بوو و پەڵە هەوری زیوینی زۆر لە ناو ئەو ئاسمانەی مانگ ڕۆشنی کردبوو مەلەیان دەکرد.

دارێکی هەڵگرتبوو و بەخاوی لەسەر زەوییە تەڕو بەردەڵانەکە دەڕۆشت، دارەکەی لە قوڕەکە دەچەقاندو بەسەر بەردەکان دەیکێشا. تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد، زنجیرە کێوەکە، ئاسمانو پەڵەهەورەکانو مانگەکەی، ئاسۆی ڕۆژئاوا کە لەئاستی زەویو ئاسمان باوەش بەیەکتر دەکەن. بایەکی هێمن لە بەرزاییەکانی ئاسمان بەهێواشی پاڵی بە پەڵە هەورەکان دەنا کە وەکو پاپۆڕی ناو دەریایەکی هێمن لەسەر ئاوازێکی هێمن ئاسمانیان دەبڕی.

ئەو هێمنییە ئەوەی خستەوە بیری سیامەند کە ژیانێکی تر هەیە جگە لەو ژیانی سەرقاڵییەی ئێستا خەریکێتی، ژیانێك ئەوسا هەر هەمووی لەبەردەستی بوو بەڵام لەبەرئەوەی تەنها شوان بوو و خاوەنی خۆی نەبوو نەیدەتوانی هەموو کاتێك لەناو چێژەکەی خۆی نوقم بکات. ئێستاش خۆی خاوەنی خۆی بوو بەڵام ئەو تامە ڕۆشتو پێویست بوو دیلی ماڵەکەیو پیشە نوێیە سەیرەکەی بێ، بەڵام ئەو ئێستا تەنانەت خاوەنی خۆشی نەبوو، ئێستا دیلێك بوو قاچو دەستی لەجاران توندتر بەسترابوونەوە.

ئەوسا ئازادتر بوو و ئەو هەستکردنە بە نامۆیی کە ئێستا دڵی تەنگ کردبوو شتێك بوو دەتوانرا بەئاسانی لێی دەرباز بێ. ئێستا

سەر بەو ژیانە نەمابوو کە لەگەڵ چیاو دەشتو بارانو هەورو خۆرو مانگ یەکی دەگرتو هەموو دەبوونە یەك پارچە، یەك جەستەو یەك گیان. دوو وشەی ئەوساو ئێستا هێندە لەبەرچاوی دەهاتنو دەڕۆشتن وایزانی دەبێ تا کۆتایی ژیانی بیریان لێبکاتەوەو بیانلێێتەوە.

لەژێر ڕووناکیی مانگی دەمبەخەندە لەسەر بەردێك دانیشتو بیری لەو ماوەیە کردەوە کە لەگەڵ شتی بێمانا بردوویەتییەسەر. هەستی کرد لەپشتی پەڵە هەورەکانەوە، لەبەرزاییی، دەنگێکی پڕ شکۆمەندی لێی دەپرسی:

((**سیامەند تاکەی؟ سیامەند بەرەو کوی؟ سیامەند وەڵامەکەت دۆزییەوە؟**)).

ئینجا ڕوانییە نزیکتر، ڕوانییە ئەو هەورانەی بەهێمنی دەڕۆن، جارێك دەچوونە بەر مانگەکەو جارێك ڕوویان بەر دەدا.

سیامەند مایەوەو مایەوەو پێش کازیوە گەڕایەوە، حەزیشی نەکرد کە گەڕایەوە. دەیویست تا هەڵاتنی خۆر بمێنێتەوە بەڵام ئەوەندەی نەمابوو شوانەکان دەربچنو بیبینن. خەمی بوو قەت نەتوانێ ئەو ساتە ببینێ، قەت خۆرهەڵاتن لەدەشت نەبینێ، مەگەر ببێتەوە بە شوانەکەی جاران.

گەڕایەوەو لەکاتی گەڕانەوەی تێبینیی کرد ئەو دارەی لەگەڵ خۆی هێنابووی دارە پڕ نەخشەکەی نەبوو کە ببووە یەکێك لە پێداویستییەکانی کارە نوێکەی. دارەکەی بینی گاڵۆکە سادەکەی شوانە. کام شوان؟ چۆن گەیشتە دەستی؟ لە هی جوحای هاوڕێی دەچێ، بەڵام جوحا ئەو دارەی بۆچی هەڵگرتووە؟ تۆ بڵێی ئەو زووتر هەستی بەو ژیانە ناسروشتییە نوێیەی کردبوو و ئەو دارەی بۆ کاتێك هەڵگرتووە بڕیار بدات پشت بکاتە ئەو ژیانەو بگەڕێتەوە بۆ ژیانی

سروشتو سادەیی، بگەڕێتەوە بۆ لای دڵی دوور لە خۆنواندنو گەورەیی بەتاڵ؟ سەری بۆ هەورەکان بەرزکردەوەو گوێ بۆ دەنگەکە شل کرد، بیستییەوەو وەڵامەکەی دۆزییەوە: ئەوە بانگی سروشتو ئاوازەکەی بوو، سروشت بوو بانگی دەکرد، ئاوازێکی خۆشیی ڕوونو بێگەرد، ئاوازێکی خۆشەویستیی بێ ڕیای بۆ دەوت، باوەشی بۆ دەگرتەوەو پێی دەوت بگەڕێتەوە.

ئەو شەوەش هەر لەگەڵ خۆشییەکەی مایەوە، بەیانیی پاش ئەو شەوەش حەزی کرد بچێتە دەرەوە بەڵام زانی کەسانێك دەبینێ دەپرسنو ئەو سافییەی دڵو مێشکی لێ تێکدەدەن. لەماڵ مایەوەو گوێی لە باران دەگرت. نێوەڕۆ باران وەستاو تا دوانیوەڕۆ دەنگی نەمابوو. دوانیوەڕۆ لەپڕ دەنگی باران هاتەوە، ئەویش چووە دەرەوە. لە ماڵەکان دوورکەوتەوەو گەیشتە تەپۆلکەکە، تەنیشت چەمەکە دانیشت، هەڵساو لەچەمەکە پەڕییەوە، چووە لای ئەو کەندرەی لافاوەی ئەو ڕۆژەی لەیاد دەرناچێ لە جەستەی گردەکە هەڵیدڕیبوو. کونەکە کوێر ببووەوەو کەمێکی مابوو، لەوێوە قەدەر پێچێکی بەژیانی هێنا، لەوێوە بووە سیامەندێکی تر. نەیدەوێرا بەسەر تەپۆلکەکە سەربکەوێ. لە دیمەنی دوو گۆڕەکە دەترسا، بەڵام زانی ئەو بێوەفاییەی نواندبووی دووبارە دەبێتەوە ئەگەر نەچێتە سەر دوو گۆڕی دوو ئاژەڵە بەوەفاکە. سەرکەوتو گەیشت، چۆکی داداو سەری نەوی کرد. دیمەنی گۆڕی سەگەکەو گوێدرێژەکە دڵی گوشی. یەکەم جارە هەست بە گەورەیی تاوانەکەی دەکات، تاوانی بێوەفاییو خۆپەرستی پێش ئەوەی تاوانی کوشتن بێ.

دوو گۆڕەکەی بینیو ویستی بگری. دوو گۆڕ لەتەنیشتی یەك" گەورەیەكو بچووکێك. دوو گۆڕەکە بێدەنگ لەولای سێ گوڕە بێدەنگەکەی تری سێ کەسە غەریبەکە ڕاکشابوون، گۆڕی سەگەکەو

گوێدرێژەکە بێدەنگ بوون بەڵام لەناو دڵی چرپەی گلەیی بێوەفاییان دەکرد، دەنگێکی هێمن بەڵام خەفەتبارو پڕ گلەیی پێی دەڵێ:

((**بۆچی؟ بۆچی؟**)).

وەکو باوکێك بوو هەستی کردووە دوو منداڵی خۆشەویستی خۆی لەبەر خۆشییەکی خۆی زیندەبەچاڵ کردووە. دوو گۆڕەکە وەکو دوو کەسی ڕاکشاو هاتنە پێش چاوی، دوو کەس بە خۆشەویستیو پێکەنینەوە بەرەوڕووی دێنو باوەشی بۆ دەگرنەوە بەڵام ئەو بەڕوویەکی مۆنەوە پەلیان دەگرێو دەیانداتە دەستی ئەو قەسابەی چاوەڕێیان دەکات، قەسابەکە کێشیان دەکات ئەوانیش بەچاوێکی پڕ گریانو پرسیارو سەرسوڕمانەوە ئاوڕی بۆ دەدەنەوەو بەو چاوە لێی دەپرسن:

((**بۆچی؟**)).

پرسیاری خەمناك دەوترا، دڵیش زمانی دەبەستو وەڵام نەدەهات، پرسیاریش بێئومێد دەبوو و بێدەنگی باڵە گەورەکانی بەسەر دوو گۆڕەکە کردەوەوو لەناو سێبەرەکەیان ونی دەکردن. ئێستاش هێمنی بوو، هێمنیو بێدەنگی. دوو گۆڕەکە خامۆشو لەناو تەنیایی بێجووڵە ڕاکشابوون. ئێستا سیامەند دەزایزانی خامۆشیی گۆڕستان چییە.

سیامەند هەڵساو بەدڵ خواحافیزیی لێکردنو پێی شەرم بوو بە زمان بیڵێ. لە گردەکە چووە خوارەوەو لە چەمەکە پەڕییەوە. هەستکردن بە تەنیایی گەیشتە لوتکەکان، ئەو لوتکانەی دوای یەك هەنگاو دەبنە شیوێکی بێ قەرار، تەنیاییەك مەرگی بەدواوە دێ نەك ژیانەوەو نوێبوونەوە، تەنیاییەك هیچ تامو واتایەك بۆ ژیان ناهێڵێ. هەڕەشەش لەو ژیانە دەکات.

*  *  *  *  *

سیامەند گەشتی ئەو ڕۆژەی بەرەو کۆتایی بردو ڕێگەی گوندی گرتەوە بەر. نەیزانی ئەو ڕۆژە تەنیا نەبوو. دوو چاوی پڕ ترس‌و کین لەدوورەوە تەماشایان دەکرد. هەستی بەو دوو چاوە نەکرد تا لەسەر ڕێگەکە تەڵەیەکی نەبینی گوایە بۆ گورگ دانراوە. ئەو کاتەی هاتبوو تەڵەکەی نەبینیبوو. بەپەلەو بەنەشارەزایی دانرابوو. تەماشای کردو زانی ئیشی کێیە. چاوەڕێشی کرد" تەڵەکە نەیگرت، دەبێ گوێی لە دەنگی تفەنگ بێ ئەو ئیشە بکات کە تەڵە نەیتوانیبوو بیکات.

گەیشتەوە ماڵ‌و جوحای بەدوای زۆراب نارد. زۆراب بەترس‌و خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ یان بۆ درۆکردن چوو. چاوەڕێی توورەبوونێکی سەخت بوو بەڵام جادووگەر سەریسوڕماند کاتێك بینی لەجیاتی خێسەکردنی چاوی تووڕە ئەو دوو چاوە تەماشای زەوی دەکەن‌و خاوەنە بەسامەکەیان بەدەنگێکی کز دەڵێ:

((**دەزانم دەتەوێ نەمێنم**)).

سیامەند گوێی نەدایە نەخێرە یەك بەدوا یەکەکان‌و سوێندەکانی زۆراب‌و بەردەوام بوو:

((**دەتوانی کارێك بکەی نەمێنم. تەنها یەك قسەیە. یەك قسەیە بیڵێ ئیتر لەبەرچاوتا نامێنم**)).

سەری بەرزکردەوە بەڵام تەماشای چاوی نەکرد:

((**تەنها یەك قسەیە. یەك قسەیە بیڵێ. بڵێ: مەمێنە**)).

سیامەند بێدەنگ بوو و خۆی‌و زۆرابی لەناو بێدەنگییەکی درێژخایەن هێشتەوە. زۆراب هیچی نەبوو بیڵێ. دەترسا فێڵێك بێ‌و لەجیاتی نەمانی جادووگەرەکە خۆی نەمێنێ. لەکۆتاییش زۆراب وشەکەی نەوت‌و چووە دەرەوە. جوحاش لەوێ بوو. دوو کەسەکەی بینی‌و قسەکانی بیست. ئەو لە زۆراب زیاتر سەرسام بوو:

((**چۆن شتێکی فێردەکەی دژی خۆت بەکاریبێنی؟**)).

هێندەشی پێنەچوو بەمەکرەوە لێی پرسی:

((**ئەگەر منیش ئەو قسەیە بڵێم هەر دەبیٚ؟**)).

سیامەند قسەکەی نەبیستو خۆی دواند:

((**زۆراب ئەو هەموو شتانەی کردووە تا لەبەرچاوی نەمێنم. ئێستاش وشەکە ناڵیٚ**)).

جوحا کاری بەو قسانە نەبوو، دووبارەی کردەوە:

((**منیش بیڵێم هەر دەخوات؟**)).

سیامەند وریابووەوەو خاو سەری بەرزکردەوە:

((**بۆچییتە؟ ئەگەر دەتەویٚ ڕزگارت بیٚ لێم بۆ ناچی دەست بخەیتە ناو دەستی زۆراب؟**)).

جوحا پشتی تێکردو چووە دەرەوە:

((**من خیانەت ناکەم**)).

سیامەند لێوی گەزتو بێوەفاییەکەی بەرامبەر دوو ئاژەڵەکەی بیرکەوتەوە. جوحا دیار نەماو خەفەتی ئەو زیادی کرد:

((**نەمتوانی وەکو جوحا بم. جوحا لەمن باشترە، سەگەکە لە من باشتر بوو**)).

ویستی زیاتر قسە بکات بەڵام دەنگی باران هات. سیامەند بێدەنگ بوو. هەموو شتێك بێدەنگ بوو و باران قسەی کرد.

زستان هێرشی بردو سەرماکەی بەفری لەگەڵ خۆی هێنا. بەفر دیمەنێکی نوێی بە زەوی بەخشی. سیامەند دەستی لە گەڕانەکانی هەڵنەگرت، وەکو نەخۆشێك بەدوای دەرمانێك دەگەڕیٚ ڕۆژو شەو دەچووە دەشتو بەناو بەفرەکە دەڕۆشت. ئەوسا ئاوازی بارانی دەبیست، ئێستاش دیمەنی بەهێزی بەفر دەبینیٚ، کەژی پڕ لە بەفریش لوتکەی هێزی سروشت بوو لەو دەوروبەرە. لەبەردەمی ئەو دیمەنەش سیامەند دەیزانی چەند بێهێزە، بێهێزە سەرەڕای ئەو دەسەڵاتەی دەستی کەوتبوو و لەناوچەکە وێنەی نەبوو.

زستانو بارانو بەفریو سەرمایو ڕێگە قوڕاوییەکانی خەڵکیان لە

شامار دوورخستبوو، بەڵام شت هەر هەبوون ئەو تەنیاییەی سیامەند تێکبدەن. ئافرەتێكو دوو پیاو بەزەحمەتێکی زۆرەوە لە شارەکەوە گەیشتنە گوند. منداڵێکی شەشساڵانیان لەگەڵدابوو. ئافرەتەکە چووە لای جادووگەرەکەو بەدەم گریانو دوعاکردن لێی پێی وت کە کارە ڕەشەکانی ئەو بوون بوونە هۆی مەرگی باوکی ئەو منداڵە، ژنەکە بۆی باسکرد چۆن لەبەر کێشەی خێزانی کەسانێك هاتبوونە لایو داوایان کرد زیان بە دایکی ئەو کوڕە بگەیەنن، بەڵام کارەساتەکە ڕووی کردە باوکەکەو ئەو مرد.

سیامەند نەیزانی بۆچی خێوەکەی شار لەو ڕووداوە ئاگاداری نەکردبوو. ویستیشی تۆمەتەکە لەسەر خۆی لابەرێ بەڵام نەیتوانی درۆ بکات، ویستی بڵێ هەندێ جار هەڵە دەکرێو ئامانجەکە کەسێکی تر دەپێکێ، بەڵام ئەوە دووبارەکردنەوەی قسەی ئەوانەو شتێکی نوێیان پێ نابەخشێ، ویستی بڵێ زۆر جار جادووگەران هەڵە دەکەنو کەم جار ئاشکرا دەبن، نەیتوانی ڕاستی بڵێ. هەر ئەوەندەی توانی بڵێ خەتای هەر کەسێکە ئەو ئامادەیە مەسرەفی ئەو منداڵە بکات تا گەورە دەبی. یەك لەو دوو پیاوەی لەگەڵ ئافرەتەکە بوون لێی پرسی:

((**ئەوە مەسرەفی ئەو منداڵەت کرد، ئەی چۆن فریای ئەو هەمووە دەکەوی کە زەرەریان لێکەوتووە؟ دەزانی هەر ئێمە نین**)).

سیامەند تۆقی:

((**دەزانم؟! هەموو؟! کێن ئەو هەمووە؟**)).

پیاوەکە بەڕقەوە قسەی دەکرد، دەشترسا:

((**بەڵێ، زۆرن، بنەماڵەیەك لەشار نەماوە تووشی شتێکی خراپ نەبووبێ**)).

سیامەند داوای لێکرد بۆی باس بکات، پیاوەکە قسەی کرد ئینجا هەرسێیان بۆیان باسکرد چیی بەسەر گوندەکانو شارەکە هێناوە،

بەرلەوەش ئەو سێ کەسە کۆتایی بە قسەکانیان بهێنن سیامەند خۆی لا ببووە شەیتانێکی ترسناك، شەیتانێك چەند جارێك لە ئاوێنە بینیبووی‌و خۆی لی نەبان کردبوو، ئێستاش دەبینێ زۆر لەوە ناشیرینترو سامناکترە.

سێ کەس‌و منداڵەکە ڕۆیشتن، سیامەندیش خۆی‌و خەفەت‌و ترسەکەی مایەوە. ئەو ڕۆژە نیازی بوو بچێتە دەرەوە، بەڵام ئێستا ناتوانێ، ئێستا لە ڕۆژانی پێشوو زیاتر هەست دەکات بەهەموو شتێك نامۆیە، بە ماڵەکەی، بە کارەکەی، بە پۆشاکەکەی، بە خودی خۆی، دیسانەوەش پرسیارەکان لەگوێی زرنگانەوە، ئەمجارە بەهێزتر. سەدایەك سەرزەنشتکردنێکی تاڵی هەڵگرتبوو:

((**تاکەی؟ بەرەو کوی؟**)).

پرسیارێکی تریش، پرسیارێك لەسەریەك هاواری دەکرد:

((**بۆچی؟ بۆچی؟ بۆچی؟**..)).

فشارەکە زۆری لێکرد لە ماڵ بچێتە دەرەوە، ئەمجارە لەجیاتی دەشت بەناو گوندەکە بگەڕێ بەڵکو کەسێك ببینێ پێی بڵێ ئاوایی ئەوی ناوێ‌و دەبێ بڕوات‌و جێیبهێڵێ. ئێستا تەواو دڵنیایە کە چارەسەری ئەو سەفەرێکی ترە، جێهێشتنی گوند چارەسەری ئەوە. زۆرابی بینی بەردەم ماڵەکەی خۆی خەریکی زینی ماینەکەیەتی. مەبەستی بوو نزیك ماڵی زۆراب بکەوێ. سیامەند پێی وتەوە:

((**تەنها یەك قسەیە بیڵێ، بیڵێ‌و ئیتر نامبینیتەوە. بیڵێ‌و دەبیتەوە بە ئاغای ئاوایی، تەنها یەك قسەیە، تەنها بڵێ: مەمێنە**)).

زۆراب ترسەکەی مابوو. خۆی بە زینەکە خلافاندو وشەکەی نەوت.

سیامەند گەڕایەوە ماڵ. لەژوورەکەی نوقمی خەفەت بوو. زۆر وا مایەوە تا جوحا هاتە لای. جوحا ئاغاکەی بینی دەموچاوی لەناو لەپی دەستی ون کردووە، جوحا بێئەوەی سلاوی لێبکات‌و بێئەوەی

دابنیشێ بڕیاری خۆی وت:

((**تەواو. ئیتر دەڕۆم**)).

سیامەند سەری هەڵبڕی:

((**تۆش دەڕۆی؟ دەڕۆی بۆ لای خەجی؟**)).

جوحا نەترسا نەهێڵێ بڕوات، ئەو بڕیاری دابوو:

((**بەڵێ. بۆ لای خەجێ**)).

سیامەند سەری هاوڕێکەی سوڕماند کاتێك بەدەنگێك لێی پرسی سۆزو خەمخۆری تێی ئاشکرا دیاربوون:

((**ئەی چۆن دەژی هاوڕێکەم؟**)).

جوحا هێمنتر بووەوە:

((**ئەو خودایە لەمنداڵییەوە منی ژیاندووە. شوانییەکەی خۆم دەکەمەوە**)).

سیامەند سەری هاوڕێکەی زیاتر سوڕماند کاتێك پێی وت:

((**ئەگەر حەزدەکەی دەتوانی خەجێ بهێنیو هەر لای خۆم بمێنیتەوە**)).

جوحا کەمێك ڕاما، ئەو قسەیە بوو کە دەبوایە دەمێکە بوترایە، بەڵام ئێستا ڕۆژێکی ترە، حاڵێکی ترە، تازە ناتوانێ بمێنێتەوە، تازە ئەو ژیانەی لەلا قێزەون بووە:

((**نەخێر. دەڕۆم**)).

سیامەند سەری بۆ لەقاند:

((**بڕۆ هاوڕێکەم، خێر بێتە ڕێت**)).

جوحا لەشوێنێ خۆی بێجووڵە وەستا، پاشان بیریکەوتەوە کە دەبێ بڕوات. چووە دەرەوەو بڕوای نەدەکرد ئەوە سیامەندە پێش کەمێك ئەو قسانەی کردووە. تەماشای حەوشەکەی کرد کە چەند مانگێك لەوەوبەر دوو زیندەوەری سەیری تێ دەوەستانو دەهاتنو دەچوون ئێستاش ساردو چۆڵە هەروەکو گۆڕستانی گوندێکی

خاپوور:

((**ئەگەر سەگەکەو کەرەکە لێرە بوونایە لێم دەپرسین سیامەند چی بەسەر هاتووە، ماوەیەکە سیامەند تەواو نییە، سەگو کەرەکە باشتر لە سیامەند تێدەگەیشتن و دەیانزانی چیی لەدڵە**)).

سیامەند بێ جوحا مایەوە، ئەو کوڕەشی ڕەوانە کرد کە لای مابوو و خزمەتی دەکرد. بڕێك پارەی دایەو پێی وت کارێکی باشتر لە خزمەتکردنی جادووگەران بکات. سیامەند تەنیا مایەوە، هەر خۆیو پۆشاكو کەلوپەلەکانی پیشەکەی. خۆیو دیوارەکانیش کە تەماشای دەکردن و تەماشایان دەکردو هەستی دەکرد پێی دەڵێن: ((**چی دەکەی لێرە؟ بۆچی تۆش ناڕۆی؟**)).

ڕۆژانی داهاتوو هەواڵەکانی جوحایان بۆ هێنا. جوحای بەدبەخت ئەو ڕۆژەی دەستیکردەوە بە کاری شوانی بیستی خەجێکەی خۆی شوو دەکاتو ئەوەندەشی پێنەچوو شووی کردو جوحا بووە بابەتی گاڵتەجاڕیی ئاوایی، خەڵك دەیانوت هەر کچێك هیوای شووکردنی نییە با حوحا حەزی لێ بکات.

سیامەند چووە دەرەوە بۆ لای جوحا. خۆر گەرمایی بە زەویی تەڕ دەبەخشیو بۆی پێدەکەنی، شەماڵێکی ساردیش یاریی لەگەڵ ئەو زەوییە دەکردو بۆی پێدەکەنیو پێی دەوت بەهارێکی خۆش بەڕێوەیە هەواکەی زوو وشکی بکاتەوە.

سیامەند گەیشتە باشووری گوند کە وەکو جاران شوێنی جوحاو ڕانە مەڕەکەی بوو. جوحا هاوڕێکەی بە پۆشاکە ڕەشەکەیەوە بینیو ئەو ڕۆژەی بیرکەوتەوە کە پاش ئەو سەفەرە سەیرە بەهەمان پۆشاکەوە دەرکەوت.

سیامەندیش بینی وەکو جارەکەی تر سەگەکان پێی دەوەڕن بەڵام ئێستا سەگەکەی لەگەڵ نەبوو وەڵامیان بداتەوە. سیامەند لەسەر ئەو بەردە دانیشت کە هاوڕێکەی لەسەری دانیشتبوو، پشتیان

له یەك بوو:

((**جوحا! بیستمو پێم ناخۆش بوو، دەتوانم چیت بۆ بکەم؟**)).

جوحا هیچی نەوت. سیامەند دڵنیای کردەوە. تەماشای زەوییەکەی دەکردو دارەکەی لە قوڕەکە دەچەقاند، دووبارەی کردەوە:

((**هەرچییەکم بۆ بکرێ بۆتی دەکەم، ئەگەر حەز دەکەی دەچمە لای ئەو کوڕەو داوای لێدەکەم واز لە خەجێ بێنێ، چەندیش پارەی دەوێ دەیدەمی**)).

نەوەکو بیری هاوڕێکەش بۆ شتی تر بچی، شتێك کە تازە نایکاتەوە:

((**تەنها یەك شت نەبێ، جادووی لێبکەم یان زیانی پێبگەیەنم، حەز دەکەم بەپێکەنینەوە واز لە خەجێ بێنی، ئەو پێبکەنێ تۆش پێبکەنی خەجێش پێبکەنێ**)).

ئەمجارەیان جوحا سەری هاوڕێکەی سوڕماند:

((**ئیستا خەجێم لا مەبەست نییە، ئەو بیری لێنەکردمەوە، ئیتر بۆچی بیری لێبکەمەوە؟ ئەو تەنها لە ڕەزی دەچوو، ڕەزێ ڕۆشت با ئەویش بڕوات. سیامەند! من چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟**)).

سیامەند سەری هەڵبڕیو تەماشای ئاسمانی کرد، سەری داخستەوەو کەمێك وا مایەوە. ئینجا هەڵسا، ڕووی کردە هاوڕێکەی کە لەسەر بەردەکە دانیشتبوو و پشتی لێی بوو. ویستی شتێك بڵێ بەڵام نەیزانی چی بڵێ، لەکۆتاییش بەبێدەنگی پشتی تێکردو ڕۆشت.

چووە ئەوبەر چەمەکەو دەنگی بلوێرەکەی جوحای بیست، ئەمجارە دەنگێکی ناسك بوو، خۆشو هێمن، ئاوازێك بوو سروشتی تێ بەرجەستەببوو، ئاوازی سروشتی جوان لەگەڵ خەفەتی دڵێك دەمێکە خەفەتبارە. سیامەند هەستی کرد ئەوە خەفەتی دڵی خۆیەتی، خۆشیی ئاوازەکەش بانگەوازی سروشتە.

دەروونی بۆ خۆیو بۆ جوحا هەڵکفاو ویستی بگەڕێتەوە لای هاوڕێکەیو باوەشی پیا بکات، بەڵام تازە هەر دەبوایە جێیبهێشتایە، هەر دەبوایە شوێنەکەی جێبهێشتایە تا تەنیا لەگەڵ تەنیاییەکەی خۆی بگەڕێتەوە.

## 19

# سڵاو هاوڕێیانی ژیان

سیامەند بڕیاری تەواوی داو چاوەڕێی وشەکەی زۆرابی نەکرد. زستان کۆتایی پێهاتو سیامەند زانی سەرقاڵی دەست پێدەکاتەوە. ئەو قەرەباڵغییەش هێمنییەکەی تێکدەداتو ناهێڵێ خۆشی لەو بەهارە ببینێ، ڕەنگە بیشیکەنەوە بەو سیامەندەی خۆی نایەوێ تەنانەت بیریشی لێبکاتەوە.

سیامەند جوحاو خزمەتکاری قوتابخانەکەی بانگکردو پێی وتن نیازێتی گوند جێبهێڵێ، پرسیاری هۆکەیان لێکردو ئەو پێی نەوتن، تەنها ئەوەی وت: دەڕواتو نازانێ کەی دەگەڕێتەوە، دەڕواتو نازانێ دەگەڕێتەوە یان نا. بە جوحای وت دەیەوێ لە خانووەکەی بمێنێتەوە، بەویش‌و بە خزمەتکاری قوتابخانەکەشی وت بە گوندو میوانەکانی بڵێن ئاوایی چیتر جادووگەری نەماوە. دوا ڕاسپاردەش بۆ جوحا بوو:

**((ڕەنگە ماوەیەکی تر کوڕێك لەشارەوە بێتە ئێرە. کوڕەکە ناوی غەفەیە، دەیناسی‌و بینیوتە بەدزییەوە دێ‌و بەدزییەوە دەڕواتەوە. پێی بڵێی سیامەند ڕۆشت‌و چیتر پێویستی بە خێو نییە. زەرەری زۆرمان لە خەڵك داوەو تا ئێرە بەسە)).**

سیامەند بەیانی زوو ڕۆشت. جوحاو خزمەتکاری قوتابخانەکە ماوەیەك لەگەڵی ڕۆشتن. جوحا ئامادە بوو تا دوورترین شوێن بەڕێی بکات هەتا ئەگەر هەفتەیەکیش خۆی لە شوانی بدزێتەوە. سیامەند

نەیهێشت دوورتر لە تەپۆلکەکە بڕواتو پێی وت بگەڕێتەوە، پێشی وت وەکو سەفەرە یەکەمەکە ڕێگە کورتەکەی سەر شاخەکە ناگرێتەبەر بەڵکو بەرەو دەربەندی گەورە دەچیٚو هەروەکو جارەکەی تر خۆی لە گوندەکانی سەر ڕێگەو لە شوانەکانو ڕێبوارەکان دەشارێتەوە، دەیەویٚ ئەو سەفەرەی نهێنی بیٚ، نایەویٚ کەس ببینیٚو وەڵامی کەس بداتەوە، لەو نهێنییەش بەدوا بەپێویستی نازانیٚ نهێنییەکانی تر بپارێزرێن. ئەو ڕۆژەی جوحا هاتە لایو وتی نۆرەی گوێدرێژەکەیە سەری ببڕیٚ جوحا قسەیەکی کرد بۆنی هەڕەشەی شتێکی وای لێدەکرا، بەڵام سیامەند ئێستا لە ئاشکرابوونی ئەو شتانە بێباکە، تازە ئەو بەرەو جیهانێکی تر دەڕواتو ڕەنگە ئەوەندەی پیٚ نەچیٚ نەفرەت لەو جیهانە کۆنەی بکات کە ناوبانگو سامو سامانی پێبەخشیبوو. جوحا چی باس دەکات با بیکات.

جوحا گەڕایەوەو سیامەند ئاوڕی بۆ دواوە دایەوە. تەماشای شارەکۆنی کردو وێنەی سەربازەکەی بینییەوە، بەهەمان پۆشاکو چەکەوە لەسەر زەوییەکە وەستاوەو پێی دەڵیٚ: ((**سەفەر چارەسەرە. بڕۆ. بڕۆ. مەمێنەرەوە**)).

تێر لەو دیمەنەو لە دیمەنی گوندەکەی خواردو گورج بەسەر تەپۆلکەکە سەرکەوت. بۆ دواجار چووە سەر گۆڕی سەگەکەو گوێدرێژەکە. دوو بەرزایی خۆڵ بەسەر ئەو گردە" گەورەیەکو بچووکێك. دوو گۆڕی تەنیشت یەك" بچووکێك کاتی خۆی هاوڕێی ژیانی بوو و ئەم و ئەو لە مرۆڤەکان زیاتر هەستیان بەیەکتر دەکرد، گەورەیەکیش ماوەیەك بوو ببووە هاوڕێیو تا تیا نەچوو نەیزانی چەند قایم جێگەی لەناو ژیانی کردبووەوە.

سیامەند بەشی پشووی دڵی لەسەر گردەکە مایەوە، کە داشبەزی

گورجتر ڕۆشتو ئاوڕی نەدایەوە، لەسەر ڕێگەکە دەڕۆشتو دڵی دوو کەرت بوو، کەرتێکی لە گوندەکە جێهێشتووە، کەرتێکیش لەسەر لەپی دەستی هەڵیگرتووە، شوێنی لێدانەکەی کەوتووەو تەماشای دەکاتو دەپرسێ: دەبێ بەرەو کوێم بەرێ؟

ئاوایی هەر ئەو ڕۆژە لەڕێگەی خزمەتکاری قوتابخانەکەوە زانی جادووگەرەکە ڕۆشتووە. گوندەکانی ترو شارەکە دواتر زانییان. جادووگەر کتوپڕ ڕۆشتو کەس نەیزانی بۆچی، بەڵام هیچ شتێك بێ هۆ نییە، چیرۆکیش بۆ شتی بێ هۆی زانراو پێویستە.

دوای ڕۆشتنی سیامەند چیرۆكو ئەفسانەی سەیر لەبارەیەوە دەوتران. هەندێك دەیانوت جادووگەرەکە بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، هەندێکی تر دەیانوت سیمرخێك هاتو جادووگەرەکەی خستە سەر پشتی خۆیو پێکەوە بەرەو ئەو کێوە فڕین کە کەس نەگەیشتۆتە لوتکەکەی. چیرۆکێکی تر باسی ئەژدیهای دەکرد، ئەژدیهایەك بەچەند وشەیەکی جادووگەرەکە گەیشتە بەردەرگاکەی، ئەویش سواری پشتی بوو و پێکەوە چوونە وڵاتی چینو ماچین بۆ لای شای جنۆکان تا جادووگەرەکە فێری شتی سەیرترو گەورەتر بێ. دەیانوت ئەوەندەی پێ ناچێ جادووگەرەکە دێتەوەو دەسەڵاتێك لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە نەبیستراوەو نەبینراوە.. دەیانوتو دەیانوت، خەیاڵیان دەکردەوەو چیرۆکیان دەهۆنییەوە، تەنهاش جوحا بێدەنگ بوو، لەهەموویان کەمتر قسەی دەکرد.

ماڵەکەی سیامەند بەڕووی میوانەکان داخراو هاتوچۆ بۆ گوندەکە کەمبووەوە، گوندەکەش لە سوڵتان ئابادەوە هەر دەبینراو هەر ئەو گوندە ئەفسانەییە مایەوە کە ڕۆژێك بوو جادووگەرێکی بەخۆوە بینیبوو.

گوند تا چەند مانگێك چاوەڕێی دەکرد جادووگەرەکە بگەڕێتەوەو

وەکو جارەکەی تر لەپڕ بە پۆشاکە ڕەشەکەیەوە دەربکەوێ، ئەمجارە لەسەر باڵی سیمرخێك یان ئەژدیهایەك، بەڵام مانگەکان بوونە دوانزەو دوای دوانزەکەش دوانزەی تر هاتن‌و جادووگەر نەگەڕایەوە. یادی ئەو جادووگەرە کاڵ بووەوەو کەمتر باس دەکرا. خەڵك وردەوردە سیامەندیان لەبیردەچووەوەو یادەکەی تەنها لای دوو کەس وەکو خۆی بەهێز مایەوە“ جوحاو خزمەتکاری قوتابخانەکە. یەکەمیان یادی دەکردەوەو باسی نەدەکرد، دووەمیشیان دەیگێڕایەوە چەند لێوەی نزیك بوو و چۆن ببووە دەستی ڕاستی لەگەڵ چەند چیرۆکێکی سەیر، هەندێکیان ڕاست بوون‌و زۆربەیان دەستکرد. یادی سیامەند بۆ جوحا توێشوویەکی دڵ بوو، بۆ خزمەتکاری قوتابخانەکەش دەرفەت بوو بۆ ناو و پلەی بەرزی ناو گوند.

جوحا باشووری گوندەکەی بۆ شوانی تر جێهێشتبوو و ئەو شوێنەی هەڵبژارد کە سیامەند مەڕەکانی تێ دەلەوەڕاند“ قۆڵی تەپۆلکەکەو گوندی ماڵۆڵە. جوحا زۆر لای تەپۆلکەکە دەمایەوەو یادی ئەو قسە کەمانەی دەکردەوە کە هاوڕێکەی لەبارەی ئەو تەپۆلکەیەوە بۆی دەکردن. جوحا بەردەوام سەیری ڕێگەکەی دەکرد، هەستی دەکرد هاوڕێکەی دەبینێتەوە، وەکو جارەکەی تر لەپڕ دەردەکەوێتەوەو دەیبینێتەوە، بەڵام ئەو کاتە ئەو سیامەندە سیامەندێکی تر دەبێ.

* * * * *

پاش دوو ساڵی دیار نەمانی سیامەند جوحا هێشتا دڵی ڕێی پێ نەدەدا باسی بکات چونکە دەیزانی بەو وشانەی خۆی هەرچییەك لەبارەیەوە بڵێ هەر شتێکی ئاسایی دەڵێ. ئەو جارە کەمانەش کە حەزی دەکرد باسی بکات ددانی بەخۆی دەگرت بۆ ئەوەی هیچ نەڵێ،

بەڵام گوند دەپرسێ، ئەویش ناتوانێ بەردەوام بێدەنگ بێ، هەموو جارێکیش وەڵامەکەی تەنها چەند ڕستەیەك بوو: ((**لاوێك بوو عەقڵی لە دڵی گەورەتر بوو، بەڵام دوایی‌و بێئەوەی بە خۆی بزانێ دڵی سەرکەوت**))، بەڵام هەندێ جار ڕستەکان زۆرتر دەبوون‌و جوحا باسی دڵ‌و خۆشەویستیی دەکرد، بە وشە سادەکانی خۆی باسی دەکردو دەیزانی سیامەند لەوێ بوایەو لەجیاتی ئەو قسەی بکردایە هەر وەکو کاری جادوو گوندی وڕو سەرسام دەکرد.

پاش ئەو دوو ساڵە سەرەتای بەهارێك بوو وەکو ئەو بەهارەی سیامەند گوندەکەی تێ جێهێشت. بەیانییەك بوو ڕووناکی هێرشی دەبردە سەر تاریکیی شەو جوحا خۆی‌و مەڕەکانی‌و سەگەکەی لە گوند دەرچوبوو. سەیری زەویی دەکردو دارەکەی لێ دەخشاند. لەناکاو شتێك لەدڵی پێی وت سەربەرز بکاتەوەو تەماشا بکات. سەری بۆ شاخەکە بەرزکردەوە. ڕانەمەڕێکە بەو ڕێگەیە دێتە خوارەوە کە بەسەر کێوەکە دەڕوات‌و لەکۆنەوە ڕێگەی کورتی هاتوچۆی خەڵکی ئاوایی بوو بۆ گوندەکانی پشت کێوەکەو لەوێوە بۆ شاری گەورە. کەس لەو لایەوە بەو بەیانییە نایەتە ئەمدیو، ڕانەمەڕێکەو هاتووە، دەبێ هی کێ بێ؟

((**تۆ بڵێی شوانێك ئاوا ڕۆشتبێ‌و شەو لەودیو مابێتەوە؟**)).

ڕانە مەڕەکەو شوانەکەیان پێش جوحاو ڕانە مەڕەکەی گەیشتنە تەپۆلکەکە، جوحا بینی شوانەکە گورج بەسەر تەپۆلکەکە هەڵدەگەڕی‌و دەگاتە لوتکەکە، جوحا لای سەیر بوو، کەسی نەبینیوە بەسەر ئەو گردە سەربکەوێ.

جوحا گەیشت‌و دوو ڕانە مەڕەکە تێکەڵ بەیەك بوون، جوحا تێبینیی کرد ڕانە مەڕەکە سەگی لەگەڵ نەبوو، وەستاو چاوەڕێی کرد شوانەکە لەو گردە بێتە خوارەوە. شوانەکە لەسەرەوە بوو و

نەدەبینرا. جوحا لەسەر بەردێك دانیشتبوو و تەماشای زەوی دەکردو بە دارەکەی دیشێواند کاتێك دەنگێکی لەسەرەوە بیست، دەنگێکی ئاشنا کە بەس بوو بۆ ئەوەی دڵی لەپشتی پەراسووەکانییەوە دەرپەڕێنێ. دەنگەکە بانگی کرد:

((**جوحا**)).

سەری بەرز کردەوەو تەماشای کرد. کێیە! لێی وردبووەوەو بڕوای نەکرد. تۆ بڵێی سیامەند بێ؟ شوانەکە جارێکی تر هاواری بۆ جوحا نارد:

((**هەڵیبیێنە کێم**)).

جوحا هەڵساو هاوارەکەی بۆ ناردەوە:

((**هەڵیبیێنە کێیە لەناو دڵما**)).

شوانە نامۆکە یەکەم پیتی ناوی وت:

((**س..س..س..**)).

جوحا خێرا لەچەمەکە پەڕییەوەو بە ڕاکردن بەسەر تەپۆلکەکە سەرکەوت:

((**مەجووڵێ! ئەگەر سیامەند نەبی لەو گردە هەڵتدەدەمە خوارەوە**)).

گەیشتە لوتکەکەو تەماشای شوانەکەی کرد. ئەوە! سیامەندە! هەناسەبڕکێی سەرکەوتنەکەی هەناسەبڕکێی خۆشییەکەی چووە پاڵ. دوو چاوی ئەبڵەق ببوون:

((**تۆی؟ تۆی؟ تو خوا تۆی؟**)).

شوانەکە دوو دەستی بۆ کردنەوە:

((**منم . بەخوا منم**)).

دوو هاوڕێکە توند باوەشیان بەیەکتر کردو لەبیریان چووبووەوە لەسەر قەراغی گردەکە وەستاون. قاچیان ترازاو پێکەوە تلیان دایەوە، تا بنی گردەکە نەگیرسانەوە بەڵام یەکتریان بەرنەدا، پێکەوە کەوتنە ناو چەمەکەو قوڕی بۆری جلەکانیان لەگەڵ ئاوی ساردی

ڕوونی چەمەکە تێکەڵ بوو.

پێکەوە لەناو ئاوە ساردەکە مانەوە، سیامەند قۆڵی هاوڕێکەی گرتو ویستی بەرزی بکاتەوە:

((**جوحا سەرمات دەبی**)).

جوحا هەڵنەسا:

((**با جوحا سەرمای بێ، با سەرمای بێ. با لەناو ئاوە ساردەکە بمێنمەوە تا باوەڕ بکەم تۆی**)).

سیامەند:

((**خۆمم هاوڕێکەم. خۆمم. باوەڕ بکە**)).

جوحا ویستی پێکەوە بگەڕێنەوە ئاواییو هەواڵەکە بگەیەنێ بەڵام سیامەند ڕازی نەبوو:

((**ئەی چی لە مەڕەکان بکەین؟ نابێ بلەوەڕن؟ ئەی خۆمان؟ نابێ ماوەیەك پێکەوە دانیشینو قسە بکەین**)).

دوو ڕانە مەڕەکەیان ڕاداو ڕۆشتن. سیامەند حەزی کرد لەسەر ئەو بەردە دانیشێ کە زۆر جار شوێنی فڕینی خەیاڵی بوو بەرەو ئەو جیهانانەی نەیدەزانی چەندنو چۆنن. چووە لای بەردەکەو لەسەری دانیشتو تێبینیی شوێنی نوێی لەوەڕی ڕانەکەی جوحای کرد:

(( **هاتوویتە شوێنە کۆنەکەی خۆم؟**)).

جوحا:

((**هێندەم بیر دەکردی نەمدەتوانی نەیەمە ئێرە، لەدوای ڕۆشتنتەوە هەر ئێرە شوێنمە**)).

سیامەند بەچاوی پێزانین ڕوانییە هاوڕێکەی، ئەویش بەچاوی دووپاتکردنی خۆشەویستییەکەی تەماشای کرد. کەمێك لەناو بێدەنگی مانەوە. جوحا لەناکاو هاواری کرد:

((**سیامە! بەرخەکان!**)).

سیامەند هێمن بوو:

((**چییانه؟**)).

جوحا هەر هاوار دەکات:

((**لە دایکان دووریان بخەرەوە، هەموو شیرەکەیان خوارد**)).

سیامەند پێکەنی:

((**وازیان لێ بێنە، من بەئارەزوو سارەمام کردوون. جوحا نازانی دیمەنی سارەما چەند خۆشە؟ چەند خۆشە بەرخەکان ببینی بەپەرۆشن گوانی دایکیان بدۆزنەوەو بەپەرۆشن بیمژن، دایکیش دڵی خۆشترە، بۆی دەوەستێ‌و ناجووڵێ**)).

جوحا دووبارەی کردەوە:

((**بەڵام بەشی تۆ شیری مەڕەکان نامێنێ**)).

ئەوە مەڕی خەڵك، یەك مەڕی سیامەند شیری کەم نەکردووە:

((**یەکسەر ئەوندەی تر دەچێتەوە گوانەکانیان**)).

جوحا لەژیانی شتی وای نەبیستووە، کڵاوەکەی جووڵاندو سەری خوراند:

((**خێوە گونزلەکە ئەمجارە جۆرێکی ترە**)).

جوحا ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە سەیرانەی بیرکەوتەوە:

((**جاری یەکەم ڕۆشتی‌و ڕۆشتم بەڵام من گەڕامەوە، جاری دووەم ڕۆشتی‌و منت نەبرد**)).

سیامەندیش بیریخستەوە:

((**نەتوت بمبە، بشموتایە نەدەهاتی**)).

جوحا:

((**ئێستا حەز ناکەم بڕۆم بەڵام ئەگەر ویستت بڕۆی ناهێڵم تەنیا بی**)).

سیامەند نەیویست جارێ پێی بڵێ کە ئیتر قەت ناڕواتەوە، جوحا بەردەوام بوو:

((**دێم لەگەڵت، دەچم بۆ وڵاتی چین‌و ماچین**)).

سیامەند پێکەنی:

((**چین‌و ماچینت بیرماوە؟ گویێ شل بکە!**)).

گوێی شل کردو سیامەند ڕازەکانی ماوەی ڕابوردووی بۆ خستە سەر زەوییەکەی بەردەمیان:

((**جوحا گیان! بۆ هیچ شوێنێك نەچووبووم، نە چین‌و نە ماچین، نە هندستان‌و نە ئێران‌و نە تووران، دوای ئەوەی گەڕایتەوە من لە گوڵعەنبەر مامەوەو بستێك نەچوومە ئەودیو**)).

زانیارییەکی نویێ بوو بۆ جوحا:

((**چۆن؟ من وا تێنگەیشتم‌و وات تێنەگەیاندم؟**)).

سیامەند نوێتری پێبوو:

((**دوای گەڕانەوەت لای چەند ئەفسەرێکی ئینگلیز کارم کرد، ئەوانە سەربازی هیندیشیان لەگەڵ بوو، ماوەیەك ئیشم بۆ کردن ئینجا ئەو بەردانەم پیشانی هیندییەك دا ئەویش وتی: صاحب بەدوای شتی وا دەگەڕێ بەڵام وتی ئاگات لە صاحب بێ چونکە گرەوی لە ڕێوی بردۆتەوە، ئەوان هەوڵ دەدەن بە هەرزان شتیان دەستبکەوێ، وتی داوای زۆر لە صاحب بکە چونکە ئەو بەردانە گرانبەهان، ئەوان بە گرانتریش بە شوێنی خۆیان دەیانفرۆشن. نازانم کوێی وت بەڵام وا تێگەیشتم شوێنێکی گەورەیە ئەو شتە کۆنانەی تێیەو پیشانی خەڵك دەدرێن. بەشی زۆری ئەو بەردانەم فرۆشت، بە پارەیەکی زۆر پێم فرۆشتن. بەختی خۆم چەند ئینگلیزێکی تر هاتبوون‌و وتم بەوانی دەفرۆشم بۆیە نەیانتوانی بمخەڵەتێنن، دوایی پارەم بەو هینیدییە دا، ئەویش هەندێ شتی فێر کردم. هەندێ فێڵ بوون وەك شاردنەوەی شتێك لەباخەڵ‌و دەرخستنەوەی، هەندێکی تریش جادووی ڕاست بوون. نیازم بوو کە بێمەوە باسی ئەم شتانە بکەم‌و ئەو لەوحانەی مابوون پیشانی خەڵك بدەم‌و بڵێم بەوە دەوڵەمەند بووم، بەڵام تا گەیشتمە ئێرە زانیم ئەگەر بمەوێ گەورەتر بم پێویستە شتی گەورە هەڵبەستم بۆیە وتم چووم بۆ چین‌و ماچین‌و ئێران‌و تووران**)).

جوحا سەری خوراندەوە:

((**سیامەند فێڵبازە!**)).

سیامەندو جوحا پێکەوە مانەوە، هەر یەکێکیان هەرچییەکی هەبوو بۆ هاوڕێکەی گێڕایەوە، جوحا هەواڵی ئاسایی هەبوو:

((**خزمەتکاری قوتابخانەکە چەند مانگێکە چۆتەوە هەنجیرە**)).

جوحا ڕاستی کرد، هەواڵێکی ئاسایی بوو. هەواڵێکی ناخۆشیشی هەبوو:

((**دەزانی زۆراب بووەوە بە ئاغای دێ؟ بەزۆر بووەوە بە ئاغا**)).

ئەوەش لای سیامەند هەر ئاسایی بوو:

((**پیرۆزی بێ**)).

جوحا ترسا:

((**زۆراب وازی لێهێناوم بەڵام دەترسم تۆڵە لە تۆ بکاتەوە**)).

سیامەند هەر بەلایەوە گرنگ نەبوو:

((**بۆچی؟ من ئاغایەتیم بۆ جێهێشت. مەترسە! ڕەنگە بترسێو وابزانێ ئیشی جادوو هەر دەکەم**)).

جوحا باسەکەی گۆڕی:

((**دەزانی یەکەم جار پێکەوە ڕۆشتین نەورۆز بوو؟ هەر نەورۆزیش بوو دووەم جار ڕۆشتیتەوە، ئێستاش هەر نەورۆزە. دەترسم نەورۆزەکەی تر بڕۆیتەوە**)).

سیامەند بۆنێکی تری بەهاری کردو دڵنیای کردەوە:

((**ئەمجارە مەبەستم بوو نەورۆز بێمەوە. بەهاری ئێرە بەهەشتی من. جوحا! کەی شەوبەکێو دەکەی؟**)).

پرسیارەکە جوحای لەناکاو برد، کەمێك بێدەنگ بوو و ناوچەوانی خوراند:

((**لەوەتەی. لەوەتەی. لەو کاتەوە شەوکەژم نەکردووە. خاوەنی مەڕەکانیش، مام عەولی یەك ددان، دەیناسی، هەر ماوە بەڵام ئەو ددانەشی کەوتووە، دەنگ ناکات. بەڵام ئەمساڵ پێکەوە لە کەژ دەمێنینەوە**)).

سیامەند دەستی بەسەر گیا کورتە تەڕەکە هێنا:

((**حەز دەکەم، بەڵام ئەگەر نەتتوانی بێی من دەمێنمەوە. ئەو کاتەش هەر تەنیا نابم**)).

جوحا لەو قسەیەی نەکۆڵییەوەو بڕیاری دا زوو بگەڕێنەوە تا هاوڕێکەی پشوو بدات.

دوو هاوڕێکە خۆیانو دوو ڕانە بزنو مەڕە تێکەڵەکەیان گەڕانەوە، هەندێ کەسی گوند ئەمەیان لەدوورەوە بینیو تێبینییان کرد مەڕەکانی جوحا زۆر بوون، بەڵام سیامەندیان نەناسییەوە. جوحا ڕانە مەڕەکەی بردە گەوڕی خاوەنەکەیو ڕانە مەڕەکەی سیامەندی بردە خانووەکەی سیامەند کە ئێستا جوحای تیا دەژیا.

سیامەند پێی وت هەرچییەکی هەبوو لەو سەفەرەی دووەمی سەرفیکرد، بەڵام دوایەمین لیرەی پێ مابوون کە لە پارەی لەوحەکان مابوونەوە بەو لیرانەش ئەو چەند مەڕەی کڕی.

لەناو حەوشەکە منداڵێك بۆ پێشوازیی جوحا هات. منداڵەکە ڕایکردو هەوڵی دا هاوسەنگی خۆی ڕابگرێ تا نەکەوێ. منداڵەکە نەیتوانیو بەرلەوەی بەدەما بکەوێ جوحا باوەشی بۆ گرتەوەو هەڵیگرت. سیامەند لە هاوڕێکەی پرسی:

((**ئەم شتە بچووکە چییە؟**)).

جوحا منداڵەکەی بۆ سەرەوە بەرزکردەوە:

((**ئەمە خزمەتکاری تۆیە**)).

دەموچاوی سیامەند پێکەنینو خۆشیو سەرسوڕمان بوو:

((**جوحا!**)).

جوحا:

((**بەخوا!**)).

سیامەند:

((**باسی ئەمەت بۆ نەکردم**)).

جوحا:

((هەڵمگرت بۆ دوایی. بۆ ئێستا. شتی تریش هەیە بۆ دوایی هەڵمگرتووە)).

سیامەند منداڵەکەی لە جوحا وەرگرت:

((ناوت ناوە چی؟)).

جوحا:

((هەڵیبێنە)).

سیامەند:

((ئەگەر کچ بوایە دەموت ڕەزێ. یان خەجێ)).

جوحا:

((بەڵام ئەمە کوڕێکە وەکو خێوە گونزلەکەی تۆ)).

سیامەند:

(( نازانم ناوی چییە، کەس ناناسم پیاو بوو بێ و خۆشتویستبێ)).

جوحا:

((بەڵێ هەیە! پیاوێك هەیەو خۆشمویستووە. سیامەند! دەزانی ناوی چییە؟ ئەم کوڕەم ناو ناوە سیامەند!)).

سیامەند بە سەرسوڕمانو خۆشیو پێزانینەوە ڕوانییە هاوڕێکەیو نەیتوانی هیچ بڵێ. جوحا سەری بەڵێی لەقاند:

((ئەی واتزانی ناوی دەنێم چی؟ هەر سیامەندو هەر سیامەند)).

منداڵەکەی لە هاوڕێکەی وەرگرتو داینا. قۆڵی سیامەندی گرتو بەدەم ڕۆشتنەوە بۆ هەیوانەکە قسەی بۆ کرد:

((دوای ڕۆشتنی تۆ هێندە بیرم دەکردی وەکو هیچ جارێکی تر نەبوو. ئەو جارە لەهەموو جارانی تر زیاتر خۆشمویستبووی چونکە هەستم دەکرد سیامەند دڵی گەورە بووە. سیامە! کە ڕۆشتی هەستم کرد شوێنی دەنگی دڵ کەوتووی ئیتر نەمتوانی خۆشمنەوێی، باوەڕم هەبوو دێیتەوەو چاوەڕێم دەکردی)).

گەیشتنە هەیوانەکەو لەو هەیوانە ئافرەتێك دەرکەوت مەنجەڵێکی مسی هەڵگرتبوو. سیامەند تەماشای ئافرەتەکەی کردو تەماشای

جوحای کرد. سیامەند پرسی:

((**براژنە؟**)).

هەر سیامەند:

((**جامباز! لەبەرئەوەیە شەوبەکێو ناکەی**)).

جوحا ئەمجارەش سەری خوراندەوە، ئەمجارە بەزەردەخەنەی کەسێك کەتنێکی کردبێ:

((**بەڵێ**)).

ئافرەتەکە بە زمان بەخێربێی بە سیامەندی وتو بەچاو پرسیاری لە مێردەکەی کرد. جوحا دڵی پڕ بوو و بەحاڵ توانی پێی بڵێ:

((**سیامەندە. سیامەیە کەژە**)).

دوا وشەی جوحا بوو بە دەنگێك گریاو، مەنجەڵەکەش لەدەستی ژنەکە کەوتو ژن کێشای بەڕوومەت خۆی. ئینجا بەپەلە لە هەیوانەکەوە چووە ناو حەوشەو ڕێگەکەی بۆ چۆڵ کردن. کچەکە زمانی تەتەڵەی دەکردو تا دوو هاوڕێکە چوونە ژوورەکە دەیان جار بەخێرهاتیی پێ وت. جوحا بەزەردەخەنەی شانازییەوە تەماشای سیامەندی کرد وەك پێی بڵێ: ((**تەماشا بکە چۆن خۆشەویستیی تۆم چاندووە**)).

شەو دوو هاوڕێکە شتی تریان مابوو باسی بکەن، جوحا باسی ژنەکەی کرد کە وەکو ڕەزێو خەجێی بەسەر نەهێنابوو. کەمێك پاش ڕۆشتنی سیامەند ئەو کچەی لە گوندی (ماڵۆڵە) بینیبوو. کچەکە وەکو خۆیو سیامەند بێکەس بوو، لەوەش گرنگتر کچەکە سەنگین هاتە پێش چاوی. ئەمجارە عەقڵی جوحا پێشکەوت، دڵیشی بەغاردان شوێنیکەوت. کچێکە هاوشانی خۆیەتی، کچێکە پێویست ناکات خەونی پێوە ببینێ، پرسیاریشی کردو زانی لە ڕووەکانی تریشەوە گونجاوە، ئەمجارە دوودڵیی نەکردو خۆی نەخستە گێژاوی بیرکردنەوەو خەفەتی ڕۆژانو شەوان، کەسێکی ڕاسپارد لەو ماڵەی

داوا بکات کە بەخێویان کردووە، ئەوانیش ڕازی بوون، هەموو شتێکیشی خێرا براندەوە:

((ئیتر ڕەزیٚو باوکی ڕەزیٚو خەجیٚو دایکی خەجێم لەبیرچوو)).

سیامەند دڵنیا نەبوو:

((بەڕاستە لەبیرت چوون؟)).

جوحا لەودیو دڵنیاییشەوە وەستابوو. شتێکی تری پیٚ وت:

**((زانیم ئەو ماڵەی کەژەی لێبوو بەتەمابوون ئەم ئیشەی شوانێتییەم بۆ ماوەیەك بیٚو دوایی تۆ بێیتەوەو ببمەوە خزمەتکارەکەی جارانت ئیتر خێر بەسەر منو ئەوان بڕژیٚ، بەڵام من ئەو شتەم بەوان وت کە بە هەموو ئاواییەکەی خۆمانم وتبوو، وتم هەموو شتێك تەواو، سیامەند دەگەڕێتەوە بەڵام جادوو لەگەڵ خۆی ناهێنێتەوە. لێم خۆش بە، ماوەیەکە باسی تۆ دەکەمو دەڵێم ئیتر سیامەند ناتوانیٚ هیچ شتێك لەوانەی جاران بکات)).**

ئەوە لای کۆنە جادووگەر ئەو جیهانە کۆنە بوو کە وەکو پۆشاکێکی شڕ فڕێی دابوو:

**((باشت کرد. نەتوتایە ناچار دەبووم خۆم بیڵێم)).**

جوحا هەڵساو دیار نەما، دوایی بە توورەکەیەکی بچووکەوە گەڕایەوە. ئەو لەوحە کەمانەی لیٚ دەرهێنا کە سیامەند لەسەفەرەکەی جێی هێشتبوون:

**((شتێکی تر هەیە لات سەیر دەبیٚ ئەگەر بیڵێم)).**

سیامەند:

**((بیڵیٚ)).**

جوحا:

**((ئێستا نا. با سبەینیٚ بیٚ. سبەینی، پێکەوە بزنو مەڕەکانمان دەبەینە دەرەوەو دەزانی)).**

سیامەند:

**((ئەی ئێستا بۆ نایڵێی؟ یان نەخێر! دەتوانم چاوەڕیٚ بکەم، دوو**

**سەفەر فێریان کردم بەئارام بم))**.

تووڕەکەکەشی لێ وەرگرت:

**((سبەی دەیانخەمە گیرفانمو لەدەشت بەیادی جاران دەیانخوێنمەوە، ئەمجارە بەشێوەیەکی تر، وەك حیکایەتێکی خۆش‌و شیعرێکی خۆشتر. دەمامکەکان ماون؟))**.

بەڵێ ماون:

**((دەستم لەهیچ شتێك نەداوە))**.

جوحا پرسیارێکی هەبوو بیکات:

**((ئەی پێم ناڵێی کەی تۆ ژن دەهێنی؟))**.

سیامەند:

**((ئەوسا خەونم بە تەنیا یەك شتەوە دەبینی. خەونم دەبینی دەوڵەمەندی گوند بم، یان ئاغای گوند، من لەوە زیاترم دەستکەوت بەڵام هەر ئەو کاتە زانیم ئەو ژیانە چەند بەتاڵە. ئێستا حەزێکی ترم هەیە، خۆشەویستییەکە، هەر ئەو خۆشەویستییە پێم دەڵێ ژن بێنم بەڵام من پێی دەڵێم با جارێ تێر لە تۆ بخۆم ئینجا ژن دەهێنم))**.

جوحا پاڵکەوت‌و بەچاوێکی زەقەوە تەماشای هاوڕێکەی کرد:

**((ئەمجارە پەرییە دەستی لە سیامەند وەشاندووە نەك خێوی گونزل. سیامەند خێوەکانی بەخۆی فێرکردووە دەستی لێ بوەشێنن))**.

سیامەندیش پاڵکەوت، بەپەنجە ئاماژەی بۆ هاوڕێکەی کرد بچێتە لای ژنەکەی بنوێ، فریای قسە نەکەوت‌و هێندە ماندوو بوو خەوی لێکەوت، جوحاش ماوەیەك بەپاڵکەوتنەوە تەماشای دەکردو باوەڕی نەدەکرد ئەوە هاوڕێکەیەتی گەڕاوەتەوە، پاشان ئەویش خەوی لێکەوت.

لەگەڵ کازیوە دوو هاوڕێکە پێکەوە دەرچوون، بزن‌و مەڕەکانیان تێکەڵبوون‌و خۆیان پێکەوە دەڕۆیشتن، یادەکانی جاران هێرشیان بۆ سیامەند بردو دونیا هێشتا ڕۆشن نەببوو تا جوحا فرمێسکەکانی هاورێکەی ببینێ، سیامەند سەری هەڵبڕی‌و هەورەکانی بینی کە

شەوی گوندەکەیان باراناوی کردبوو و بەڵێنی بارانێکی نوێیان دەدا. ئەو بەهارەی بیرکەوتەوە کە لەوحەکانی قەدەر کەوتنە دەستیو ژیانی سەرتاپا گۆڕا.

دوو هاوڕێکە گەیشتنە تەپۆلکەکەو هێرشی یادەکان زیادیان کرد. سیامەند بە هاوڕێکەی وت کەمێك دەچێتەوە سەرەوە. بەسەر تەپۆلکەکە سەرکەوت. سیامەند چووە سەر گۆڕی سەگەکەو گوێدرێژەکە. دوو گڵکۆ بوون لەسەر ڕووە تەختەکەی سەرەوەی تەپۆلکەکە، وەکو جاران“ یەکێك بچووكو یەکێك گەورە. باران دوو گڵکۆکەی نزمکردبووەوەو ڕەنگە ساڵێکی تر تەختی زەوی بن. سێ گۆڕی سێ کەسە غەریبەکەش ساڵانێکی زۆر بوو لەگەڵ زەوییەکە یەکسان ببوونو تەنها هێندەی پەنجەیەك لەتە کێل مابوون کەللەڕەقییان لەگەڵ باران دەکرد. جوحا بەهێواشی بەسەر تەپۆلکەکە سەرکەوتو هاوڕێکەی بینی پشتی لێیەتیو ڕووی لە گۆڕەکانە. لێی نزیك کەوتەوەو پێی وت کە دوێنێ کاتێك ئەوی بینی بەسەر ئەو گردە سەردەکەوت نەیناسییەوە:

((**دەنا دەمزانی بۆ لای ئەم دوو گۆڕە هاتووی**)).

سیامەند بێئەوەی ڕووبکاتە هاوڕێکەی پێی وت کە یادیان لەدڵ دەرناچێ:

((**بەتایبەت سەگەکە، دوای تیاچوونی کەرەکەش هەستمکرد ئەویشم خۆشدەوێ، هەست دەکەم دوو هاوڕێی خۆشەویستم لێرە ڕاکشاونو چاوەڕێن یارمەتیان بدەم بەڵام من هیچم بۆ ناکرێ**)).

سیامەند ماوەیەك لەسەر ئەژنۆ بەرامبەر دوو گڵکۆکە چۆکی دادابوو، دوایی هەڵساو ڕوویکردە هاوڕێکەی، دەستی خستە سەر شانیو قسەکەی تەواو کرد:

((**بەڵام ئێستا هەست دەکەم جوحا نزیکترین هاوڕێمە، جوحا نزیکترین هاوڕێم بوو بەڵام ئەو کاتە هەستم پێنەدەکرد. ئەوسا دەنگی**

**دڵەکانم نەدەبیست ئەگینا دەمزانی جوحا دڵی چەند گەورەیە))**.

پێکەوە چوونە خوارەوەو کەوتنەوە ڕێ. گوندی خاڵدان کەوتە لای دەستەچەپیانو بڕیاریان دا لەو شوێنە پشوو بدەن. خۆر بەرزبووەوەو دوو هاوڕێکە دانیشتن تا پێکەوە ژەمی چێشتەنگاو بخۆن. سیامەند تێبینیی کرد هاوڕێکەی تەنها یەك سەگی هەیە، جوحاش وەڵامی هەبوو:

((**ناتوانی هەموو خۆشەویستیی خۆت بەهەموو کەسێك بدەی، دەبێ یەکێکیان تۆزقاڵێکیش بێ خۆشەویستتر بێ بۆیە زانیم ناتوانم هەموو ئەو سەگانەم وەکو یەك خۆشبوێ))**.

نانەکەیان تەواو کردو جوحا بە هاوڕێکەی وت:

((**لێت نەپرسیم ئەو شتەی شاردوومەتەوەو وتم ئەمڕۆ پێت دەڵێم چییە. چییە))**.

سیامەند:

((**دە ئێستا دەپرسم ئەوەی وتت ئەمڕۆ پێم دەڵێی چییە. چییە))**.

جوحا گورج هەڵسا:

((**ئاگات لە مەڕەکان بێ دەڕۆمو دێمەوە، پێم دەچێ))**.

سیامەند تەماشای ئاسمانی کرد:

((**بۆ کوێ؟ ڕەنگە بارانێکی بەخوڕ بباریێ))**.

جوحاش تەماشای ئاسمانی کرد:

((**ناتوانم بڵێم بۆ کوێ. گوێ مەدەرە باران، ڕەنگە لە نمە زیاتر نەبێ))**.

جوحا ڕۆشتو سیامەند بەناو بزنو مەڕەکان گەڕا، بزنەکانی بینی بزێونو بەسەر قەدپاڵەکە سەردەکەوتن، لەو بزنانە بەهێزیی سروشتی دەبینی، مەڕەکانیش هێمن بوونو حیکمەتی مرۆڤی دانایان هەبوو. ئەوسا لە ڕقی شاوەیس ئاغاو لە ڕقی شوانێتیی خۆی بەو بزنو مەڕانەی دەکێشاو تۆڵەی هەموو شتێکی لێ دەسەندن کە ئەو

حەزی لێی نەبوو و ناچاربوو قبووڵی بکات، لێیدەدان‌و هاواری دەکرد: ((**کوڕو کچەکانی شاوەیس ئاغا**))، بەڵام ئێستا هەست بە خۆشویستنی ئەو ئاژەڵانە دەکات، بیریکردەوە ئێستا ئەگەر تەنانەت هی شاوەیس ئاغاش بوونایە هەر خۆشیدەویستن، ئەو ئاژەڵانە زۆر لەو شاوەیسە جیاوازن، ئێستا مەڕەکانی جوحاشی خۆش دەویَ کە هی جوحا نین.

سیامەند بەرەو بەردێکی گەورەو تەخت رۆشت کە جاروبار بەپشت لەسەری پاڵدەکەوت‌و تەماشای ئاسمان‌و هەوری دەکرد. چووە سەری‌و بەپشت پاڵکەوت‌و وەکو جاران تەماشای هەورە چڕە بۆرەکەی کرد. ئەو پیاوە هیندییەی بیرکەوتەوە کە سەفەری دووەمی چوو بۆ بینینەوەی بەڵام پێیان وت ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕۆشتۆتەوە، سەفەری یەکەم ئەو بوو ئەو فێڵانەی فێر کرد لەگەڵ ئەو جادووەی پێکەوە بوونە هۆی هێنانەدیی خەونەکانی‌و بەرزبوونەوەی پلەی لەناو گوند، هەر لەو سەفەرە یەکەمە ئەو پیاوە هیندییە هەندیَ شتی تری پێوت لە مێشکی سڕابوونەوەو لە سەفەری دووەمی بەسەری زاڵ ببوون. پیاوە هیندییەکە باسی جوانیی بۆ کرد، جوانی‌و خۆشی:

**((مرۆڤ وا دەزانیَ خۆشی تەنها ئافرەتە، تەنها خواردن‌و خواردنەوەیە، تەنها سامانە، بەڵام ئەگەر تەماشای دەوروبەرمان بکەین جوانی‌و خۆشی لەزۆر شت دەبینین. بەهار یەکێکە لە جوانییەکان‌و خۆشییەکانی، بەهار دیَ‌و تێپەڕ دەبیَ‌و ئێمە بەکاروباری خۆمان سەرقاڵین‌و تەنها جارێك یان دوان تێبینیی جوانییەکەی دەکەین. خۆشیی بەهاریش لای ئێمە تەنها ئەو کاتانەیە هەتاو هەیەو دنیا فێنکەو زەوی ئەوپەڕی سەوزیی وەرگرتووە، بەڵام جوانییەکانی بەهار هەر ئەوە نین، هەوری پڕ ئاسمان‌و بارانی بەخوڕ جوانییەك دەبەخشن کەم کەس دەیبینیَ. سەرەتای بەهار دنیا هێشتا ساردە بەڵام هەر**

جوانە، بای وەشت کە مزگێنیی باران دەهێنیٚو بارانی بەلێزمەو ئەو گیایە تازە سەری دەرکردووەو فریا نەکەوتووە هەموو زەوی بکاتە سەوز جوانییەکن خۆشییەك بەدەروون دەبەخشن هەموو کەس تامەکەی نازانیٚ، جوانیو خۆشییەکەش زیاترو زیاتر دەبن کاتێك لەناو کوێستان دەبی، بەلاٚم سیامەند! جوانی تەنها لە کوێستان نییە، مرۆڤ دەتوانیٚ جوانیو خۆشی تەنانەت لە بیابانیش ببینیٚ، کوێستانو بەهار بەشی گەورەی جوانییان بردووە بەلاٚم بەشی دەشتو بیابانو زستانو پایزو هاوینیشیان هێشتۆتەوە. بۆیە ئێمەش هەست بەجوانیی بەهار دەکەین چونکە جوانییەکە لەدەرەوەی ئێمەیەو زۆر بەهێزە، بەلاٚم دەتوانین لەهەموو شوێنەکانو لەهەموو وەرزەکان جوانی بدۆزینەوە کاتێك ناوەوەمان جوان بیٚ، کاتێك ناوەوەمان بەدوای جوانی بگەڕیٚ)).

نمەی بارانی سەرەتای لێزمە سیامەندی وریاکردەوە، وەکو جاران دەستی بۆ سەرەوە بەرزکردەوە بۆ ئەوەی هەورەکان بگریٚ، قوولٚ هەناسەی بەهاری دا، بۆ یەکەم جار هەستی کرد ئازادی چەند گرانبەهایە، هەموو کەس دەستیناکەویٚ، ئەو کەسەشی دەستیکەوتووە نرخی نازانیٚ. دەنگی هاواری جوحا لەدوورەوە تەواو وریای کردەوە، هێشتا پالٚکەوتبوو:

((سیامەند! وتم پێت دەلٚێم. ئەوەتا پێت دەلٚێم)).

دوای هاوارەکەشی دەنگێکی بیست پێی ئاشنا بوو، دەنگی وەڕینێك بوو. توند دانیشتو ڕووی کردە شوێنی وەڕینەکە. هاواری جوحا هاتەوە، ئەمجارە نزیکتر:

((ئەوەتا سەگە خۆشەویستەکەی خۆت)).

سەگەکەی بینی لەسەر بەردێك وەستاوە، زمانی دەرهێناوەو کلکی خێر بادەدا، جوحا نزیکتر کەوتو پێویستی بە هاوارکردن نەبوو:

((سەگەکەت وەکو جاران بزێوو وریایە)).

سیامەند هەردوو چاوی هەڵگلۆفت. تەماشای سەگەکەی کرد. خۆیەتی! دەڵێی دوێنێ جێیهیشتووە، سەگەکە بەڕووی سیامەند وەڕی:

((**سەمسەم! خۆمم**)).

لەیەك کات ڕوویان لەیەکتر کردو بەیەکگەیشتن. سەگەکە خۆی هەڵ ئەویش باوەشی بۆ گرتەوە. پێکەوە کەوتنە سەر زەوی‌و پێکەوە تلانەوە. سەگەکە دەموچاوی لە دەموچاوی خاوەنەکەی نزیککردەوە:

((**سەمسەم! زۆرت پێچوو**)).

سیامەند پێکەنی‌و ئاوڕی بۆ جوحا دایەوە:

((**جوحا! سەگەکەم ئەوەی لەبیرچوو کە ویستبووم سەری ببڕم، جوحا! سەگەکەم لێم خۆش بووە. جوحا! دەڵێی خەو دەبینم**)).

جوحا بۆی ڕوونکردەوە:

((**کاتێك دڵت شکاندم‌و نەتهێشت خەجێ بخوازم وتم دەبێ تۆڵەت لێبکەمەوە، بیرم لەوە کردەوە بەدزییەوە ئەو سەگەت بکوژم کە لە من زیاتر نازت هەڵدەگرت، کەچی بینیم تۆ دەتەوێ سەری ببڕی بۆیە پەشیمانم نەکردیتەوە، کە بینیشم ناتوانی خۆت سەری ببڕی وتم من بۆت سەردەبڕم، بەڵام زۆر سەیرە سیامەند! لەو کاتە چاوی سەگ پڕ فرمێسك بوو، هەستم کرد پێم دەڵێ: دەسەڵات سیامەندی شێت کردووە، جوحا تۆش شێت بووی؟ ئینجا بیرمکردەوە: من کە خۆشەویستی لەدڵمەو ئازاری ئەو خۆشەیستییە دەمکوژێ چۆن دەتوانم تاوانێکی وا بکەم، بۆیە هەر ئەو ڕۆژە بردم بۆ شارو دامە برادەرێکی خۆم‌و پێم وت بیبەستێتەوە تا ئەو کاتەی پێی دەڵێم بەرەڵای بکات، دوایی ئەفسەرێکی ئینگلیز حەزی لێکردبوو و بردبووی بەڵام سەگی زیرەك پاش ماوەیەك هەڵهات‌و دوای ڕۆیشتنت هاتەوە گوند. سەگەکە زۆر بۆت گەڕا، هەمیشە لەبەر دەرگایماڵەکەت دادەنیشت بەڵکو ڕۆژێك بێیتەوەو ئەو یەکەم کەس بێ پێشوازیت لێ بکات، بەڵام تۆ هەر نەهاتی. زۆر سەیریش بوو! ئەو سەگە ئاوایی**

جێهێشت‌و نەگەڕایەوە، لە دێی خاڵدان گیرسایەوەو وەك بڵێی حەز نەکات لەشوێنێك بمێنێتەوە تۆی لێ بووبی‌و تازە ناگەڕێیتەوە بۆی، بەڵام زۆر جار لەو گوندە خۆی دەدزییەوەو دەچووە سەر ڕێگەکەو چاوەڕێی دەکردی، چاوەڕێی دەکرد بەڵکو وەکو جارەکەی تر لەپڕ دەرکەویتەوە، جاری واش بووە دەهاتە لای ڕانەکەم‌و سەری کز دەکردو دوایی سەری هەڵدەبڕی‌و بە چاو لێی دەپرسیم. من پێم دەوت هیچ نازانم ئەویش سەری کز دەکردەوەو دەگەڕایەوە سەر ڕێگەکە، ماوەیەك دەمایەوەو دوایی لوورەیەکی دەکردو دەگەڕایەوە خاڵدان)).

سیامەند دوو گۆڕی سەر تەپۆلکەکەی بیرکەوتەوە:

((ئەی کەرەکە؟)).

جوحا:

((مەبەستم بوو تۆڵەت لێبکەمەوە بەڵام نەك بە خوێن بەڵکو بە دوورخستنەوەی هەموو شتێك‌و هەموو کەسێك لێت بۆیە ئەوم بردە خاڵدان‌و بە برادەرێکم وت بۆم بەرێتە شار. کەری وریاش هەروا ڕۆژێك هەڵهات‌و گەڕایەوە شامار، دوایی ئەویش بێئومێد مایەوە منیش بردمەوە خاڵدان)).

هاوڕێکەی باقیی چیرۆکەکەی هەڵهێنا:

((دوو گۆڕەکەش خۆڵی شوێنی تر بوون کردتن بە گۆڕی ساختە)).

جوحا بە بزەیەکی بەمەکرەوە سەری لەژێر کڵاوەکەیەوە خوراند:

((بەڵێ)).

سیامەند بەدەوری خۆی سووڕایەوە تا کەرەکە ببینێ، بینی لەدوورەوە لۆژەلۆژ دێ، سەگەکە خۆی هەڵدایە سەر گاشەبەردێك‌و بە کەرەکە وەڕی:

((خێرابکە! سەمسەم هاتەوە)).

کەرەکە خاوەنەکەی نەناسییەوە. نزیکترکەوتەوەو وەستاو دەمی بەڕووی سیامەندو دوو هاوڕێکەی کردەوەو بەدەنگێکی بەرزی تیژ زەڕی:

((**بەشی من گیا بهێڵنەوە**)).

تەماشای پێشەوەی کردو کەمێك سەوزایی سەر چیاکەی بینی، هێور بووەوەو لەو قسەیە پەشیمان بووەوە:

((**گیا زۆرە دەچم بۆ شاخەکە گیا دەخۆم گیا لە شاخ زۆرە با بچمە سەر شاخ گیا بخۆم**)).

سیامەند چوو بۆ لایو دەستی خستە سەر ملیو پشتی، کێشای بە سکیداو یاریی بە گوێچکەی کرد. کەرەکە تەماشای سیامەندی کردو بۆنی جلەکانی کرد. سەری داخستو بیریکردەوە، جارێکی تر تەماشای کرد، بەخاوی سوورِایەوەو لایەکی تری جلەکانی بۆن کرد. سەری داخستەوەو کەمێکی تر بیریکردەوە.. تەواو! زانی! لەپڕ هەردوو گوێچکەی قیت بوونەوەو دوو چاوی زەق بوونو دەمی بەشێوەی زەردەخەنەیەکی گەورە کرایەوە:

((**ئەوە سەمدەمە! سەمدەم زۆری پێچوو سەمدەم گیای شاخەکەی خواردو زۆری پێچوو**)).

سەری بەهەموو لایەك بادا وەك خۆشیی بینینی خاوەنی کۆنی دەربڕِێ، ئینجا توند زەڕی. سیامەند پێکەنی. لەو کاتە باران دایکرد لەو هەورە بۆرانەی هەموو دەوروبەریان کردبووە ڕەنگی خۆڵ، دیار بوو بارانێکی بەخوڕەو لە بارانی لافاوەکەی ئەو ڕۆژە دەچوو. جوحا تەماشای سیامەندی کرد، جوحاش ڕۆژی لافاوەکەی بیرکەوتبوو. بە چاو لێی پرسی چی بکەن. سیامەند دەستی بۆ لای تەپۆلکەکە ڕاکێشاو هاواری کرد:

((**ئەوێ. ئەوێ. بۆ لای گردەکە ڕابکەین**)).

هەموو پێکەوە دەستیان کرد بە ڕاکردن بەرەو تەپۆلکەکە، بارانەکەش، تێکەڵ بە تۆز، لەپشتەوە لوولی دەخواردو ڕاوی دەنان. مابوویان بگەنە تەپۆلکەکەو لەپڕ بارانەکە وەستا، کەمێکیشی پێچوو و هەور لاچوو. ئاسمان بووە شین شینێکی ڕوون ڕوونی پڕ بریسکەو

ئەو هەورە دێزەی پێش کەمێك هەمووی داپۆشیبوو بوو بە پەڵەی هەوری سپی لە ڕەنگی بەفر. هەتاوێکی بێتینی دەمبەپێکەنین هەورەکانی کردە تاراو پەچە، سەری دەرکردو خۆی شاردەوە“ ڕووی دەرخستو بە تاراکەی داپۆشییەوە. شەماڵێکی فینك هەڵیکردو هەموو شتێك بووە فێنکیو ڕەنگی ڕوونو بێگەرد. پێکەنینو قریوە هێرشی بۆ سیامەند بردو دەستی کردەوە بە ڕاکردن بەرەو تەپۆلکەکە. لەوحە قوڕە نووسراوەکانی لە گیرفانی دەرهێنا، بەدەم ڕاکردنەوە توند یەك یەك بۆ پێشەوە بەرەوڕووی تەپۆلکەکە هەڵیدان، هاواری کرد:

((**بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان، بڕۆنو بەسەرهاتی نووسراوی سەر ڕووتان بۆ خەڵكو بۆ وەچەکانیان بگێڕنەوە، بۆیان باس بکەنو خۆشییان پێ ببەخشن**)).

سیامەند بەرەو تەپۆلکەکە ڕایدەکردو پێدەکەنی. جوحا بەدوای قریوەی دەکردو ڕایدەکردو بازی دەدا، سەگەکە شوێنیان کەوتبوو و هەڵدەبەزییەوە، مەڕەکان دەستیان کرد بەسەربادانو دەستو قاچ کوتین بەسەر زەوی، بزنەکان جیابوونەوەو لای چەپیان گرتو بەرەو قەدپاڵەکە هەڵزنان. گوێدرێژەکە تەماشای ئەو مرۆڤو ئاژەڵە ورووژاوانەی کرد، ماوەیەك بیریکردەوە تا تێبگات، تێگەیشت ئینجا ماوەیەك بیریکردەوە تا بزانێ چی بکات. لەکۆتایی زانی بەشی ئەو لەو خۆشییە هەیە، دوو چاوی بریسکانەوەو زەردەخەنە چووە سەر دوو لێوی گەورەی، ئەویش وەکو ئەوانی تر جما“ دەستو قاچی بەسەر زەوییەکە کوتی، کلکی بەرزبووەوەو غاری دا، وەستاو کەوتە جووتەوەشاندنو زەڕینو جارێکی تر غاری دا. هەموو شتێكو هەموو کەسێك لەو شوێنە پێدەکەنیو هەڵدەبەزییەوەو سەمای دەکرد.

## بەشی پێنجەم

# بانگەوازی ئاسمان

20

## پرسیاری ژیان‌و مردن

بەهاری سیامەندی درێژەی کێشاو خۆشییەکەی نەدەبڕایەوە، هەموو دەوروبەری ببووە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ‌و پڕ بریسکەی ژیان‌و جوانی. سیامەند جوانیی لە شەویش دەبینی، تەنانەت ئەو شەوانەش کە مانگ پشتی دەکردە زەوی‌و چاو چاوی نەدەبینی. جوحا دەیویست بەزۆر لەگەڵ سیامەند شەوێن بکات بەڵام ئەو حەزی نەدەکرد جوحا لە ژنەکەی‌و منداڵەکەی دووربخاتەوەو دەیوت نەك تەنها ژنەکەی‌و منداڵەکەی زەرەر دەکەن بەڵکو خودی سیامەند خۆشی زەرەر دەکات چونکە خۆشییە گەورەکەی لە تەنیاییە، تەنیاییەك هەموو تەنیاییەکی ڕۆح‌و جەستە دەڕەوێنێتەوە، تەنها بە ناویش تەنیایە ئەگینا لەگەڵ هەموو سروشتە، سروشت‌و ئاژەڵەکانی‌و باڵندەکانی.

سیامەند ڕانەکەی خۆی‌و ئەوەی جوحای پێکەوە بۆ دەرەوە دەبردو وەکو نەریتی شوانەکان شەوانی بەهاری لەوێ دەبردە سەر تا ئەو کاتە وەرزی گەرما دەهات‌و مەڕو بزنەکان تینوویان دەبوو و نەیاندەتوانی لەدەشت بمێننەوە. دوو ڕانەکەی بۆ لەوەڕ دەبرد پاشان لە شوێنێکی تەلان مۆڵی دەدان‌و خۆی دەچووە سەرووتر. دادەنیشت‌و پاڵدەکەوت، هەڵدەستاو دەسووڕایەوە، گۆرانییەکی هێمنی دەوت، گوێی لە کاوێژی ئاژەڵەکان دەگرت، کاتی خەویش

دەستبێن شتێکی زیادە بوو و پاسی دوو ڕانەکەی بە سەگەکەی خۆیو ئەوەی جوحاو بزنە وریاکان دەسپارد. دەیوت من چاو غافڵ دەکەمو ئێوە وریا بن، ئاگاتان لە زۆرابو مام گورگ بێ. نەیدەتوانی بەڕقەوە باسیان بکات:

((**بە مام گورگ بڵێن دەمانەوێ شەوێکی هێمن بەرینە سەر. زۆرابیش ڕەنگە بێو لێمان تێك بدات، بەویش بڵێن بڕواتەوە**)).

ئاژەڵەکان کاوێژی خۆیان دەکەن، دوای ئەوە شوانەکە دەیانباتەوە لەوەڕ، بەرەبەیانیش بەرەو چەم تا ئاویان بدا. لەو کاتەش جوحا پەیدا دەبێو دێتەوە لای ڕانەکەی خۆی.

سیامەند گوێی نەدەدایە ئەو یەك دوو پیاوەی زۆراب کە جاروبار دەیبینین سیخۆڕیی بەسەرەوە دەکەن، ئەوەی بێتاقەتی دەکرد تێکدانی تەنیایی ناو دەشتەکە بوو. چەند جارێکیش ویستبووی بانگیان بکاتو پێیان بڵی بە زۆراب بڵێن چیتر ئیشی بە ئاغایەتی نەماوەو ئامادەیە لەگەڵی ئاشت بێتەوە بەڵام دەترسا زۆراب ئەوە بە نیشانەی بێهێزی بزانێو زەفەری پێ بەرێ. لەجیاتی ئەوەش ناچار بوو قسەیەك ناڕاستەوخۆ بۆ زۆراب ڕەوانە بکات گوایە ئەو جنۆکانەی لا ماونو ڕۆژانە هەواڵی بۆ دەهێنن.

هاوینو گەرماییەکەی دەهاتو جوانییەکی لەجۆرێکی تر لەگەڵ خۆی دەهێنا، لەو کاتەوەی سیامەند گەڕاوەتەوە شامار چەند جارێك بە جوحای هاوڕێیو ژنەکەی دەوت هەفتەی ڕۆژێك تەرخان بکەن بۆ پشوو و گەڕانو نوێکردنەوەی عیشقی سروشت. هەموو جارێکیش پێی دەوتن کە ئەو هێشتا منداڵ بوو دایكو باوکی لەدەست دابوو، بەڵام دایکێکی تری دۆزیوەتەوە، دایکێك مرۆڤەکانی لێ دروست بوون، دایکەکە بە خەندەی ڕەزامەندییەوەماڵئاوایی کردو لەشوێنی خۆی یارێکی خۆشەویستی جێهێشت کە هەر خۆیەتی، هەموو

جارێکیش ناوی ئەو یارەی دەبرد:

**((سروشت. سروشت دایکێك بوو ئەو کاتەی ئێمەی بوو گیانی لەدەست دا، بەڵام هەر ئەوەندە ئێمەی بوو زیندووبووەوەو بووە شەنگەکچێکی دەنگخۆشی دەمبەپێکەنین)).**

سیامەند بە جوحای هاوڕێی نەوەستاو فەلسەفە نوێکەی گەیاندە گوێی ئاوایی، ئەو سەرنجی ڕادەکێشان تەنانەت بۆ ئەو شتانەی نەك تەنها بوونەتە شتێکی ئاسایی بەڵکو بوونەتە مایەی بێزاربوونیشیان.

سیامەند پێی دەوتن کە نەك تەنها ڕەنگی گوڵاڵەسوورەو بۆنی نێرگز جیهانێك لە خەیاڵ دەخەنە ڕۆحی مرۆڤ، بەڵکو تەنانەت ڕەنگی پشقڵو بۆنی ڕیخیش ئەو جیهانە دروست دەکەن، مرۆڤ تەنانەت دەتوانێ لەگەڵ مێشو مێشوولەش هەڵبکات، فەلسەفەی نوێی سیامەند ئەوە بوو مرۆڤ جوانی لەهەموو شتێك ببینێو سنووری شتە خۆشەکان فراوان بکات، بێزاریش بۆ هەتاهەتایە وەلاوە بنێو ئەو ڕاستییە بزانێ کە لەئاستی جوانیو خۆشی دونیا هیچ شتێك نییە شایەنی بێزاری بێ. هیچ شتێك تەنانەت مەرگیش.

مەرگ. ئەو وشەیەی سیامەند لەو چەند مانگە لای بچووك ببووەوە تا بووە خەیاڵێك، ڕووداوێکە قەت ڕوونادات‌و هەرگیز نایەت، بەتایبەت بۆ ئەوی لاو، لەبەرئەوەش بوو کاتێك لەو هاوینە مینا، پووری گوند کە تازە گەڕابووەوە ئاوایی مرد سیامەند هیچ شتێکی لەو مردنە نەبینی خەفەتو بیرکردنەوە بهێنێ. پووری گوند پیر ببوو، لەو تەمەنەش ئەوەی دەستکەوت کە دەیویست: لەو گوندەی خۆی بمرێ، لەوێش بنێژرێ، ئێستاش سیامەند کە بە چاوی دڵ گۆڕەکەی دەبینێ هەست دەکات پووری گوند لەو چاڵە پشوو دەدات، پشوویەك خۆشییەکانی هەموو جۆرە پشوویەکی تێیە.

سیامەند تەنانەت دەرفەتیشی دۆزیبووەوە بە زۆراب بڵێ فێر بێ

خۆشەویستی بە سروشت ببەخشیٚ. زۆراب ئەو قسانەی لەلا پووچو بێکەڵك بوونو لەناو گوند دەیوت شوانەکە گەڕاوەتەو بۆ ئەسڵی خۆی، سیامەندیش ئەوەی دەبیستەوەو پێدەکەنی:

((ئەسڵی هەموومان ئەو دایکەیە کە بەشێوەی یارێکی جوان زیندووبۆتەوە)).

زۆراب حەزی دەکرد پووشانە لە سیامەند وەربگریٚ تا بزانیٚ دوای ئەوەی شوانەکە پارەی گیای سروشت دەدا بەهەمان چاو تەماشای ئەو سروشتە دەکات، بەڵام هێشتا سامی ئەو کۆنە جادووگەرە لەدڵی زۆراب مابوو، سامێك سیامەند نەیدەزانی چەند گەورەیە.

خەڵکی ئاوایی سیامەندیان خۆشدەویست چونکە لەبیریان نەچووبووەوە کە لەو کاتەی جادووگەرو ئاغا بوو لەژێر هیچ ناوێکەوە هیچ شتێکی لیٚ نەدەسەندن، لەگەڵ ئەوەش ئەو فەلسەفەیەی دەیوت نەدەچووە گوێیان. بەڵام جوحاو ژنەکەی باوەڕیان بە کەسایەتیی هاوڕێکەیان هەبوو، باوەڕێك ئامادە بوو گویٚ لە شتە هەرە سەیرەکان بگریٚ.

سیامەند لای جوحا ئەو لاوە بوو کە هێندەی دە پیاوی بەتەمەن دونیای دیوە. لاوێکی دانا بوو و حەزی لەچی بوو دەستیدەکەوت. کەژەی ژنی جوحاش ناوبانگی سیامەندی لە مێردەکەی بیستبوو. جوحا لەو ڕۆژانەی سیامەند گەشتی دووەمی کردبوو باسی ئەو هاوڕێیەی بۆ ژنەکەی دەکرد، تەنها بۆ ئەو بەردەوامو بەردەوام باسی دەکرد تا لەبەرچاوی کردییە کەسێکی خاوەن توانای ئەفسانەیی. لەو دواییەش کە سیامەند گەڕایەوەو ئەو فەلسەفە نوێیەی بۆ گوندەکە هێنا خەڵك جاروبار لە جوحایان دەپرسی ئەگەر هاوڕێکەی ئەو قسانەی بەڕاست بیٚ. جوحا توند سەری دەلەقاندو گەرمتر دەیوت:

((سیامەند هەمیشە ئەو شتە دەڵیٚ کە باوەڕی پێیەتی. سیامەند لەخۆوە شت ناڵیٚ)).

ئەو ژیانە خۆشەی جوحا کە لەگەڵ ژنەکەو منداڵەکەی دەیبردە سەر وای لێکردبوو باوەش بۆ ئەو فەلسەفەیە بکاتەوەو هەروەکو سیامەند بانگەشەی بۆ بکات ئەگەرچیش وەکو هاوڕێکەی نەیدەتوانی بە بەڵگەی بەهێزەوە قسە بکات.

مردنی پووری گوند، کە یەکەم ڕووداوی مردنە ئاوایی پاش گەڕانەوەی سیامەند بیبینێ، پرسیاری لەبارەی کۆتاییەوە لای جوحا دروست کرد. بە هاوڕێکەی وت:

((**نازانم پووری گوند چەند خۆش ژیابێ و چەند ناخۆش، بەڵام ئەگەر هەمووشی خۆشی بووبێ کۆتاییەکەی هەر هات**)).

سیامەند پێی وت ناخۆشی وجوودی نییە بەڵکو مێشکە ژیانی مرۆڤ ناخۆش دەکات:

((**ژیانی مرۆڤ بە هەژاری یان نەخۆشی تاڵ نابێ ئەگەر هەژاری و نەخۆشی بە کێشەیەکی گەورە نەزانێ، بەڵام مرۆڤ نەك تەنها بە کێشەیەکی گەورەیان دەزانێ بەڵکو ژیانی خۆشی بە بیرکردنەوە لە ناخۆشییەك کە نەهاتووەو کۆتاییەك کە هەر دەبێ بێ تاڵ دەکات**)).

سیامەند چارەسەرەکەی ڕوونتر دەکردەوە:

((**من دەڵێم ژیان بەشی ئەوەی تێ ماوە لە نەخۆشی چاك ببمەوەو جارێکی تر بەپێوە بوەستم، ژیانیش هێندە کورت نییە تاکو تاسەر هەر هەژاری بێ، ژیان گەورەترین کێشە کۆن دەکات و دەیکات بە نەبوو**)).

سیامەند خۆشیی لەهەموو شتێك دەدۆزییەوە. ڕۆژێکی ئەو هاوینە منداڵان چوونە لایو بە یادی حەڵوای ئەو ساڵە پێیان وت کە ئەم پایزە بووکەبەبارانێی بۆ دەکەن، بێگومان بەرامبەر بڕێکی زۆری حەڵوا. سیامەند پێکەنی و پێی وتن وەکو جاران بەدوای مەزنێتی ناگەڕێ لەبەرئەوە با بووکێکی بچووك بێ، هەر وەکو نەریتی کۆنیش بووکەکە بۆ باران ببەن نەك بۆ خۆی:

((**دەزانن ئێستا باران بۆتە هاوڕێم؟**)).

منداڵەکان پێکەنین. سیامەند بەردەوام بوو:

**((بەڵام پێش ئەوەی بووکەکە بۆ باران بەرن بیبەن بۆ خەسووی ئەو بووکە)).**

منداڵان هاواری سەرسوڕمانیان کرد:

**((خەسووووووو؟؟!!)).**

سیامەند:

**((بەڵی. دایکی باران. بووکەکە پێشتر بۆ دایکی باران بەرن)).**

منداڵەکان هاواریان کردەوە:

**((دایکی بارااااااااان؟!!)).**

سیامەند:

**((بەڵێ دایکی بارااااان! سروشت دایکی بارانە. دەی! حەڵواتان ناویێ؟)).**

منداڵان تەماشای یەکتریان کرد" بێگومان حەڵوایان دەویێ بەڵام بەم هاوینە؟ سیامەند پرسیاری ناو چاوە بچووکو بزێوەکانیانی خوێندەوە:

**((بەڵێ ئێستا! هەر ئێستا! چاوەڕێی پایز ناکەم)).**

منداڵەکان هیچ تێنەگەیشتن، جارێکی تر تەماشای یەکتریان کرد ئینجا لەپڕ کردیانە هاوارو بەهەموو لایەك بۆ کۆکردنەوەی پەڕۆ ڕایانکرد.

گوندەکە ئەو دیمەنە سەیرەی بینی، دیمەنێك بوو یەکەمی هەموو تەمەنی بەتەمەنترینیان بوو. منداڵان لەو هاوینە بووکە بەبارانێ دەکەن، بەماڵان دەگەڕێنو هاوار دەکەنو داوای ڕشتنی ئاو بەسەر ئەو بووکەی پێشوەخت بەبووکی بۆ باران دەبرێ، بێگومان پاش ئەوەی دەبرێتە بەردەمی دایکی باران. سروشتە خۆشەویستەکەی شوانەکە. سیامەند ئەوەی دەبینیو دڵی لەخۆشییا دەفڕی.

*    *    *    *    *

دەكرا سیامەند چەند مانگێكی تر ژیانی بەو جۆرە ببردایەتە سەر ئەگەر ئەو ڕۆژەی كۆتایی هاوین ڕووداوێك ورِی نەكردبایە. سیامەندو جوحا لەیەكتر جیا نەدەبوونەوە، پێكەوە مەڕەكانیان لە یەك شوێن دەلەوەڕاند، ئەو ڕۆژە وەكو هەموو ڕۆژێكی تر پێكەوە دەرچوون. پێش ئەوەی لەماڵ دەربچن سیامەند بە كەژەی ژنی جوحای وت ئێوارە كە گەڕانەوە ماڵ:

((**خۆشترین خواردنت بۆ ئامادە كردبین**)).

كەژە مەنجەڵێكی بەدەستەوە بوو، كەژە پێكەنیو وتی خواردنێكیان بۆ ئامادە دەكات:

((**لەژیانتان نەتانخواردبێ**)).

دوو هاوڕێكە كەوتنە جووڵەو سەگەكە وەڕی:

((**با بزانین**)).

دەمی گوێدرێژەكە دەجوولا:

((**دەشتەكە گیای زۆرە**)).

مەنجەڵ لەناو دەستی كەژە بە سیامەندی وت:

((**دەتوانێ. كەژە زیرەكە**)).

هەموو چوونە دەرەوە. سیامەند حەزی كرد لەگەڵ ئاژەڵەكان بچنە خوارەوەو سەری شارەكۆن بدەن پاشان بەرەو باكوور بگەڕێنەوە. گەیشتنە شارەكۆن. سیامەند چیتر سەربازەكەی ئەسكەندەری نەدەبینی، سلاوی لە شارەكۆن كرد:

((**دەبێ چەند نەوە لەسەر زەوییەكەت ژیابن، خۆشییان لەو ژیانە بینیبێ یان بەلایانەوە گرنگ نەبووبێ كەی تەواو دەبێ**)).

شارەكۆنی بیست وەڵامی دەداتەوە:

((**تۆ بژیو گوێ مەدەرێ**)).

دوو هاوڕێكە گەیشتنە تەپۆلكەكەو چەمەكەی تەنیشتی. ڕۆژێكی دوور بوو بە سیامەندی وت بیرم لێبكەرەوە. سیامەند بەقسەی كرد:

**((سەگ! بیرت دێ ئەو ڕۆژەی هاتمەوەو لەخوار ئاوایی لەو چەمە تۆم شت؟)).**

سەگەکەی وەڕی:

**((ئەی تۆ بیرت ماوە؟)).**

گوێدرێژەکە بیریکردەوە:

**((ئەم دوانە باسی چی دەکەن؟)).**

چەمەکە پرسی:

**((ئەم دوانە باسی چی دەکەن؟)).**

تەپۆلکەکە پرسی:

**((ئەم دوانە باسی چی دەکەن؟)).**

سیامەند:

**((ئەی بیرت دێ کە لەم شوێنە تۆم شت پێش ئەوەی ببتمە سەرەوە بۆ ئەوەی سەرت بڕم؟)).**

سەگەکە دوو چاوی نووقاندن‌و لووراندی:

**((باسی مەکە)).**

چەمەکە لە سیامەندی پرسی:

**((ئەوە کەی بوو؟)).**

تەپۆلکەکە لەجیاتی سیامەند وەڵامی چەمەکەی دایەوە:

**((من بیرم ماوە، ئەو ئاوەی سەگەکەی پێ شۆرابوو چووە دوور.. زۆر دوور)).**

سەربڕینەکە درۆ دەرچوو، لەوەشەوە هەموو یادەکە لای سیامەند خۆش بوو. سیامەند یادە تاڵترەکانیشی لەلا خۆش بوون چونکە هەموویان ڕۆشتن‌و تێپەڕین، نە بەترس‌و نە بەخەفەتەوە بیری لەهیچ شتێکی ڕابوردووی نەدەکردەوە، هەر هەموو لەلای خۆش بوون.

سیامەند لەگەڵ جوحاو ئاژەڵەکان کەوتە جووڵەو گۆرانییەکی بۆ وتن، دەڕۆشت‌و تەماشای دەوروبەری دەکرد، هەناسەی دەداو بۆنی دەکرد. دوو هاوڕێکە پێکەوە گەیشتنە قۆناغی دوای ئەو. سیامەند لە

هاوڕێکەی جیابووەوەو چووە یەکێك لەو شوێنانەی بۆ خۆی هەڵیبژاردبوون.

سیامەند چووە ژێر سێبەری ژاڵەیەك کە یەکێك بوو لە چەندین درەختی تر کە هەڵیپەرداوتوون تا هەموو هێز بدەنە قەدو سێبەری فراوان ببەخشن، درەختەکە پێی وت کە بیری دەکات چونکە:

((دوو ڕۆژە دەچیتە ژێر درەختێکی تر)).

سیامەند پێی وت ئەمڕۆ بۆ ئەوە، با باوەشی بۆ بگرێتەوەو شیری خۆشەویستیی خۆیو خۆشەویستیی ژیانی بداتێ. ماوەیەك دانیشتو تەماشای کرد ئینجا پاڵکەوت، پێشی وت لایەلایەی بۆ بکات تا کەمێك چاو بنووقێنێ. درەخت لایەلایەی بۆ کرد ئەویش تەماشای کردو تەماشای کرد، کەمێکیش بە بیر لەگەڵ خەیاڵ فڕی، دواییش پێڵووەکانی بەسەر ئەو دیمەنە خۆشەویستانە شۆڕبوونەوە.

سیامەند نەیزانی چەند وا مایەوە کاتێك لەرزەیەکی درەختەکە وریای کردەوە. بەخاوی چاوی کردەوەو وەڕینی سەگەکەی بیست، بینی سەگەکە ڕوویکردۆتە گوندو دەوەڕێ. تەماشای گوندە دوورەکەی کرد بەڵام هیچی نەبینی:

((سەگ! چیت بینیوە پێم بڵێ)).

سەگەکە ڕوویکردە خاوەنەکەی، سەری داخستو نووزەیەکی کرد، سیامەند هەستی کرد سەگەکە دەڵێ:

((تەواو. ڕووی داو تەواو)).

بەهەمان پرسیارەوە سەری بۆ درەختەکە بەرز کردەوە. هەستی کرد درەختەکە بەترسەوە دەڵێ:

((نازانم. شتێکە)).

جارێکی تر تەماشای گوندەکەی کردو ئەمجارە قەرەباڵغیی بینی، هەڵساو بۆ لای هاوڕێکەی ڕۆشت.

ئەو ماوەیەی سیامەند پێی چوو تا گەیشتە لای جوحا ئەو

قەرەباڵغییەو هۆکەی لەبیربردەوە، تەماشای زنجیرە کێوەکەی کرد، کێوەکە بەدەنگێکی هێمنو بەهێز پێی وت:

((**وەکو من بەهێز بە**)).

کیسەڵێکی بینی زۆری مابوو بگاتە شوێنێکی تەڕ:

((**تا دەگەمە جێ شتێ زۆر هەیە بیکەم**)).

سیامەند بۆی پێکەنیو بۆی تەواو کرد:

((**خۆشییەکی زۆریش هەیە ببینیو هەستی پێبکەی**)).

گەیشتە لای جوحاو بزنو مەڕێکی بینی شەڕەقۆچیان دەکرد. بزنەکە خوێنی لە کەلـلەی مەڕەکە هێنابوو و بۆ شۆقێکی بەهێزی تر خۆی ئامادە کردبوو. سیامەند هەستی کرد مەڕەکە دەڵێ:

((**یارییەکەمان خۆشە**)).

سیامەند لەبیری چووبوو چ کارێکی بە هاوڕێکەی هەبوو، بەڵام جوحا قەرەباڵغییەکەی بینیبوو، جوحا دەستی کردبووە چەتری ژێر خۆری سەر دوو چاوی، ئەو دوو چاوەی لەسەر وێنەی دووری گوندەکە چەقاندبوو بەڵکو شتێك تێبگات:

((**دەڵێی شتێك لە ئاوایی قەوماوە**)).

سیامەند:

((**لەوانەیە شایی بێو نەمانزانیوە**)).

جوحا:

((**چۆن نازانین؟ هەموو کەس دەزانێ کەی ڕۆژی شاییە بەڵام مردن تا نەیەت کەس پێی نازانێ. دەترسم کەژە شتێکی لێ هاتبێ**)).

سیامەند:

((**کەژە وەکو گوڵ وایە، ئێوارەش خواردنی خۆشمان دەداتێ**)).

جوحا:

((**سیامەند! بۆ نەچم؟**)).

سیامەند:

((**بیر لە شتی خراپ مەکەرەوە**)).

جوحا:

((**ناتوانم، سیامەند! ئاگات لە ڕانەکەم بێ، خێرا دەچم‌و خێرا دەگەڕێمەوە**)).

چاوەڕێی وەڵام نەبوو و بەپەلە ڕۆشت‌و قسەکەی تەواو کرد:

((**ئەگەر نەهاتمەوە کەژەیە یان سیامەندی بچووکە**)).

سیامەند کەمێك نیگەران بوو:

((**ئەگەر کەژە بێ چی بکەین؟**)).

هەر ئەوەندەی وت‌و دیسان هەموو شتێکی لەبیرچووەوە.

سیامەند گەڕابووەوە باوەشی یارەکەی‌و گوێی بۆ گۆرانی‌و چیرۆکە خۆشەکانی دەگرت کاتێك جوحای لەدوورەوە بینی بەرەو شوێنەکەی دێ. سیامەند نیگەران بوو، دەترسا جوحا هەواڵێکی ناخۆشی پێ بێ، هەواڵێك پەیوەست بێ بە کەژ یان بە سیامەندی بچووکەوە. دەیزانی دەبێ چاوەڕێ بکات‌و هەواڵەکە لە جوحا ببیستێ دەنا حەزی دەکرد لەدەستی هەڵبێ نەوەکو ئەو هەواڵەی هێنابێ کە لێی دەترسا.

جوحا هەناسەبڕکێی بوو و بەرلەوەی بگاتە لای هاوڕێ چاوەڕوانەکەی دڵی خۆش کرد:

((**شوکر کەژە نەبوو، نازانم بۆچی ترسام**)).

خەم‌و ترسی سیامەند بە چرکەیەك ڕەوینەوە، ئاهێکی پشووی هەڵکێشا، بە زەردەخەنەیەك پێشوازیی لێکردو دەستی خستە سەرشانی‌و بۆی دووبارە کردەوە:

((**شوکر ئەو نەبوو**)).

سیامەند دەیزانی ئەو قەرەباڵغییە بۆ شتێکی خراپ بوو. نەیویست بپرسێ بەڵام دەیزانی هەر دەبێ جوحا پێی بڵێ. جوحا دوانەکەوت‌و بەخەفەتەوە هەواڵەکەی وت:

((**دەزانی تلە بوو؟ تلە چڵمن گوناهە**)).

سیامەند حەزی لێبوو جوحا هەواڵەکە بەیەك جار بڵێ‌و کۆتایی پێ بێنێ بەڵام جوحا جارێ چاوەڕێی خاوبوونەوەی هەناسەکانێتی.

((**چیی لێهات؟**))، پرسیاری ناچاریی سیامەند بوو.

((**مار پێوەی دا**))، وەڵامی جوحا بوو، ((**نەگبەتە یەکسەر کوشتی**)).

سیامەند زانی ئەو ڕووداوە خۆشییەکەی لێ تێکدەدات:

((**کەواتە دەبێ ئەمڕۆ زوو بگەڕێینەوە**)).

جوحا سەری بەڵێی جووڵاندو هیچی نەوت.

دوو هاوڕێکە زوو گەڕانەوەو بەدەم ڕۆشتنەوە جوحا پرسیاری کرد:

((**سیامەند! چۆن دەتوانین ئەمڕۆ بە ئاوایی بڵێین کە دەتوانین خۆشی لەهەموو شتێك ببینین؟**)).

سیامەند بەسەر بەڵێی بەنیشانەی دەتوانین کرد. جوحا قەناعەتی نەبوو:

((**دیارە لەبەر ئەوەی تلە چڵمن بوو. سیامەند! ئەگەر من بوومایە هەر ئەوەت دەوت؟**)).

ناڕەحەتی بەڕووی سیامەند دەرکەوت:

((**باسی ئەو مەکە، بەهەرحاڵ دەبێ ڕێز لە خەفەتی مرۆڤ بگرین‌و لە کاتی وا ئەو جۆرە قسانە نەکەین. تلە مرۆڤ بوو وەکو من‌و تۆ. ئێستا دایکی خۆڵ دەکات بەسەری خۆیو بە پاشاکانی هەموو دونیای ناگۆڕێتەوە**)).

((**ئەی ژنەکەی بۆ ناڵێی**))، جوحا کەژەی ژنی خۆی بیرکەوتبووەوە.

خەفەتو ترسی لەدەستدانی ژنەکەی ئەو ساتە درزێکی گەورەی خستە ئەو باوەڕەی بە قسەکانی سیامەند هەیبوو، بەڵام ئەوەی بۆ هاوڕێکەی نەدرکاند.

دوو هاوڕێکە گەیشتنەوە گوندو سیامەند بڕیاری دا ڕووداوەکە بەشتێکی ئاسایی تەماشا بکات. دوو ڕانەکەیان گەیاندەوە جێگەی خۆیان‌و خۆیان گەیاندە ماڵی تلە، سیامەند گەیشتە ماڵەکەو دیمەنێکی بینی دڵی گوشی. دوو منداڵەکەی تلەی بینی، دوانەیەکی دوو ساڵان لەناو خۆڵ‌و گریانی ژنان‌و قەرەباڵغیی پیاوان‌و ژنان بۆ گریانی ژنان دەگرین‌و بێئاگان لەو کارەساتەی ڕووی کردۆتە ئەوان پێش ئەوەی ڕووی کردبێتە باوکیان. سیامەند دەریایەکی بێسنووری بینی لەناو تاریکی خنکاوە، هەورێکی تاریك خۆی بەسەر شۆڕکردۆتەوە، تەنها دەنگی هاژەی شەپۆلی شێت دەبیسترێ‌و نازانرێ کامە سەرەتای دەریاکەیەو کامەیە کۆتاییەکەی. لەساتێك ئەو ئێستا ڕۆشنەی بەردەمی سیامەند بوو بە دواڕۆژێکی ترسناك، ترسناك چونکە نازانرێ چی لەگەڵ خۆی دەهێنێ. بۆ یەکەم جاریشە ئەو ڕاستییەی بۆ دەربکەوێ کە گەشبینییە زێڕینەکەی لەبەرئەوەیە کە تەنها بوو، ژن‌و منداڵی نەبوو خەمیان بخوات یان ئەوان پاش ڕۆشتنی بۆی بگرین.

بۆ یەکەمجاریش پاش گەڕانەوەی دووەمی حەسوودی بەکەسێك بەرێ. ئەو منداڵانەی بینی کە یارییان دەکردو ئاگایان لە هیچ نەبوو:

((**بریا هەر منداڵ بوومایەو ئاگام لە هیچ نەبووایە**)).

بەڵام ئەو ئاواتە تەنها ساتێك بوو:

((**سوودی چییە؟ خۆ ئەوانیش دوایی فام دەکەن**)).

سەرەڕای کارەساتەکە، کەژە فریاکەوت خواردنە خۆشەکەی ئێوارە بۆ مێردەکەی‌و هاوڕێکەی بکات. سیامەند زەردەخەنەیەکی پێشکەش کرد:

((**جوحا تەماشا! کەژە زانی کە نابێ لەبەر هیچ شتێك خۆشییەکانی خۆمان تێکبدەین. کەژە قوتابییەکی نەجیبە**)).

بەڵام جوحا تازە لەگەڵ هاوڕێکەی لە ماڵی تلەوە هاتبوون:

ZAGROS WEBSITE

((**ئایا ئەمە ڕاستە؟**)).

وشەی ڕاست ڕابوردوویەکی هێنایە پێش چاوی سیامەند، ڕابوردوویەك شتی ناڕاستی تێ دەکردو دەیوت ئەوە دوائاواتە. سیامەند بەپێویستی زانی ئەو هەستانە بشارێتەوە. جوحا کاتی نانخواردن حەزێکی هەبوو دەریببڕێ:

((**خۆزگە ئەو دوو منداڵەی کە ئەمڕۆ بێ باوك کەوتن لێرە بوونایەو لەگەڵمان ئەم خواردنە بەتامەیان بخواردایە**)).

جوحا پارووەکەی بۆ دەمی دەبرد کاتێك بیستی سیامەند بەخەفەتەوە شتێك دەڵێ‌و سەری لێی سوڕما:

((**خواردنێکی بەتامی پڕ فرمێسك**)).

جوحا پارووەکەی نەخواردو داینایەوە، سەیری سیامەندی کرد ئینجا دەستی بەسەر سەری منداڵەکەی خۆی هێنا:

((**سیامەند! ئەگەر بمرم ئاگات لە منداڵەکەم دەبێ؟**)).

وشەی مردن ئەوەی خستەوە یادی سیامەند کە لەو کاتەوەی خۆی‌و جوحا بەدەم کارەساتەکەوە هاتنەوە ناو گوند جگەلە مرۆڤەکان هیچ شتێکی نەبیست قسەی لەگەڵ بکات. نە دەنگی زەویی بیست، نە هی سەگەکەی، نە گوێدرێژەکە، تەنانەت شارەکۆنیش قسەیەکی بۆ نەکرد یان بەخێرهاتنی گەڕانەوەی نەکرد.

ئەو ڕۆژە دیمەنی ئەو هاوینەی بەچاوێکی تر بینی. ئێستا گەڵای درەختەکان ئەو بوونەوەرە زیتەڵە نین کە تا دوێنێ بەپێکەنینەوە خۆیان بە لقەکانەوە هەڵواسیبوو و لەگەڵ با یارییان دەکرد. هەر ئەو گەڵایانە ئێستا لە نشونما وەستاون‌و وڕ و بێدەنگ بە لقەکانەوە هەڵواسراون‌و چاوەڕێی وەرزی هەڵوەرینیانن. گیا زەردەکان ئەو منداڵە بزێوانە نین کە سەریان لە زەوی دەرکردووەو تەماشای یەکتر دەکەن‌و بۆ یەکتر پێدەکەنن، گیایەکی زەردهەڵگەڕاون وەکو گەڵاکان وڕن‌و لەژێر سمی ئاژەڵەکان تێکدەشکێن. ئەمڕۆ لەجیاتی ئاوازی

عیشقی سروشت دەنگی تێکشکانی گیا زەردە بێ گیانەکە دەبیستێ.

ئەو ڕۆژە تێپەڕیو ڕۆژی تری بەدواوە هاتو سیامەند تێبینیی دەکرد کاری ئەو قسانەی بۆ جوحاو ژنەکەی لەبارەی خۆشیو جوانییەوە دەیکردن لە هەڵکشانو داکشان بوو. جوحا کاتێك ڕۆژانی خۆشیی بەسەر تێدەپەڕین دەیوت سیامەند ڕاست دەکات، دەستی بەسەر سەری سیامەندی بچووك دەهێناو بە چاوی خەیاڵ دەیبینی لەبەردەمی گەورە دەبێو دەبێتە پیاو، دەیبینی خوشكو براکانی سیامەندی بچووك، کە جارێ نەهاتوون، شوێنی برا گەورەکەیان دەکەونو دەورەی دەدەن، بەڵام ئەو ڕۆژانەی ناخۆشی ڕووی تێدەکرد“ منداڵەکەی نەخۆش دەکەوت یان کیسەکەی خاڵی دەبوو یان ناخۆشی دەکەوتە نێوان خۆیو ژنەکەی. ئەو ڕۆژانە دەیوت هەموو شتێك بەتاڵەو سیامەند لەخۆیەوە قسە دەکات. سیامەند هەستی بەوە دەکرد بەڵام بەردەوام هەوڵی دەدا گەشبینی بچێنێ، بەردەوام دەیوت ژیان هی ئەوە نییە لە خەفەتو بیرکردنەوە لە خەفەت ببرێتە سەر، بەڵام جوحا تێبینیی دەکرد سیامەند وەکو جاران بەگەرمییەوە ئەو قسانەی نەدەکرد.

ترسی لەدەستدانی کەژەو سیامەندی بچووك جوحای خەفەتبار کردبوو، شتێکیش لەناو دڵی سیامەند بزوابوو. سیامەند بۆ یەکەم جار پاش گەڕانەوەی دەیزانی ترسی ماڵئاوایی چۆنە. لەدوای تیاچوونی تلەشەوە چەندین جار ئاگاداری جوحای دەکرد ئاگای لە مارو دووپشك بێ، پێی دەوت نەچێتە شوێنێکی بەرزی سەر شاخەکە، تکای لێدەکرد خۆی نەخاتە ناو هیچ ناکۆکییەکی گوند. ڕۆژبەڕۆژیش ئەو ئاوی ڕوونی ناودڵی سیامەند لێڵ دەبوو و ئەو ئاسمانە شینەی شەماڵی فێنك تێی پاڵی بە هەورە سپییە جوانەکانی دەنا دێز دادەگەڕا. تا دەهات سیامەند کەمترو کەمتر هەناسەی درەختو

ئاوازی باڵندەکانو سلاوی شاخەکەی دەبیست تا ئەو ڕۆژەی هەموو لە گۆ کەوتنو ئەو هیچی نەدەبیست.

دوو هاوڕێکە لەو ڕۆژە وەکو جاران گەیشتنە ئەو شوێنەی لەیەك جیادەبنەوەو سیامەند دەچێتە ژێر سێبەری درەختێکی دۆستی خۆی. ئەو ڕۆژە جوحا بەناو ژاڵەکان ڕۆشتو سیامەند وەکو جاران، لەجارانیش نیگەرانتر، ئاگاداری کردەوە:

((**ئاگات لە خۆت بێ. ئاگات لە مارو دوو پشك بێ**)).

بەڵام جوحا هەر دەڕۆشتو نەدەوەستا. سیامەند کەمێك لێی بێئاگا بوو. چووە ژێر درەختێكو لەژێری پاڵکەوت. حەزی بە پاڵکەوتن نەبوو و دانیشت. سەری بۆ لقەکانی درەختەکە بەرزکردەوەو گوێی شل کرد. چاوەڕێی سلاوێکی کرد بەڵام هیچی نەبیست. درەختەکە سەوز بوو، بەڵام دڵی سیامەند دەیبینی وشکە، درەختێکە ژیانی تێ نەماوە، دەموچاوێکی زەردهەڵگەڕاو و پووکاو دواوشەکانی ماڵئاوایی دەڵێو دەنگی نابیسترێ. ترس لە نەمانی ژیانو فەنا دڵی لەرزاند. هەستی کرد لەناو بیابانێکە تەنانەت دڕکیشی تێ ناڕوێ. ویستی ئەو قسەیەی هەمیشە دەیوت ئێستا لەناو ئەو بیابانە بیڵێو خۆشی لەو بیابانە وشکە ببینێو بەدوای جوانییەکەی بگەڕێ بەڵام لوورەی ڕەشەبای گەرمی لماوی چاوی پێ دادەخستو بیستنی لە گوێچکەی زەوت دەکرد. بۆ یەکەم جاریشی بوو بیەوێ لە پارچەیەکی سروشت هەڵبێ. ویستی هەڵسێو ڕابکاتو ئاوڕ بۆ بیابانەکە نەداتەوە بەڵام ڕەشەباکە بووە گێژەڵووکەی لەو دەورەی داو لەشوێنی خۆی هێشتییەوە. پەلی هاویشت بەڵام نەیزانی دەست بەکوێوە بگرێ. لەناو لوورەی بای لماویو گێژەڵووکە مایەوە تا ئەو کاتەی جوحای هاوڕێی بیرکەوتەوە.

چاوی بۆ جوحا گێڕاو بینی لەناو دەوەنێك دانیشتووە، جوحا

لەناو درەختە کورتە باڵاکان دانیشتبوو و جووڵەی نەبوو. سیامەند چاورەپێی کرد هەڵسێتەوە، بەڵام جوحا زۆری پێچوو و هەڵنەسایەوە. دڵی سیامەند داخورپا. هاواری کرد:

((**جوحا**!)).

جوحا وەڵامی نەبوو. دڵی سیامەند پڕ گریان بوو و ویستی هاوارەکە بکاتە دوان، ویستی هاوار بکات: ((**جوحا گیاااااان**))و شاخەکە دەنگی هاوارەکەی بداتەوەو بیگەیەنێتە کەژەو سیامەندی بچووك، بەڵام گریان زمانی لەگۆ خست. هەڵساو بە دوو قاچی لەرزۆکەوە بۆ لای ڕۆشت، گەیشتە لایو بینی بەدانیشتنەوە خۆی داوە بەسەر درەختێکی دەوەنەکەو جووڵەی لێبڕاوەو دووچاوی زەق ببوون. یەکسەر تێگەیشت، تێگەیشت ئەمە کۆتایی سەفەرەکەیە، ئەمە ڕۆژی ڕووخانو داڕمانە، مارێك یان دووپشکێکی لەعنەتی هەموو شتێکی ڕماند.

سیامەند دەستەوەستان مایەوە، نەیدەتوانی شتێك لەو شوێنە بۆ هاوڕێکەی بکات، نەیدەتوانی بیگەیەنێتە گوند، ماوەیەك لەتەنیشتی دانیشت ئینجا هەستی کرد شەرمەزارییە وا هێندە بێدەسەڵات بمێنێتەوە. هاوڕێکەی هەڵگرتو لەو شوێنە دووریخستەوەو لەسەر خۆڵەکە پاڵیخست. سیامەند سەری جوحای خستە کۆشییەوە. جوحا چەند هەناسەی مابوون، چەند هەناسەیەك بەشی ئەوەی دوا وشە بە هاوڕێکەی بڵێ، وشەیەك. تکایەك:

((**ئاگات لە کەژەو سیامەندی بچووك بێ**)).

کتوپڕ جوحا ڕووبەڕووی مەرگ بووەوە، کتوپڕیش مرد، جوحا ماوەی نەدرا بۆ کەمێکیش یادە کۆنەکانی لەگەڵ سیامەند بکاتەوە، چەند ساتێك مۆڵەتی نەدرا بە هاوڕێکەی بڵێ: ((**بیرت دێ کە پێکەوە شوان بووین، ڕۆشتیو هاتیتەوەو ڕۆشتی هاتیتەوەو لەکۆتایی هەر پێکەوە شوان بووین؟ بیرت دێ کە ڕۆشتیو لە گەڵت ڕۆشتم دوایی تۆ**

مایەتەوەو من گەڕامەوە؟ ئەی بیرت دێ کە پێکەوە ئەو شتانەمان دەکرد کە لای گوندەکە سەیرو نوێ بوون؟ ئەی سەفەری دووەمت؟ ئەی گەڕانەوەی دووەمت؟ ئەی ژیانەوەی دووەمت؟)).

جوحا کتوپڕ ڕۆشتو فریای نیوە یادکردنەوەیەکیش نەکەوت. فریای تەنها ئەوە کەوت ترسی خۆی لە دواڕۆژێکی نادیاری ژنەکەیو منداڵەکەی دەربڕێ. هەموو شتێك لە چەند چرکەیەك تەواو بوونو پەردە بەسەر هەموو شتێك درا. پەردە بەسەر شتەکان درا؟ ڕەنگە پەردە قورسەکە هەر لەوێ بووبێو ئێستا ئینجا لابراوەو ڕووی ڕاستەقینە هەموو شتێك دەرکەوتووە: فەنا. فەنا ڕووی ڕاستەقینەی شتەکانە کە پەردەکە تا ئەو کاتە لە سیامەندی دەشاردەوە. غافڵگیرییەك هاتو پەردەکەی لادا، غافڵگیرییەك هەموو ئەو گەشبینییە کەمەی لەو ڕۆژانە مابوو زیندەبەچاڵ کرد. تەواو. هەموو شتێك تەواو.

سیامەند لاشەی هاوڕێکەی هەڵگرتو دای بەسەر پشتی گوێدرێژەکەو بەڕێکەوت. دوو ڕانە مەڕەکەی بەسەگەکەی خۆیو سەگەکەی جوحا سپارد، کاروانە خەمبارەکە خاوخاو بەرەو ئاوایی گەڕایەوە. هەموو خەمناكو بێدەنگ.

لاشەی جوحا بەسکا بەسەر پشتی گوێدرێژەکە نوشتابووەوە، دوو قۆڵی لەلایەكو دوو قاچی لەلاکەی تر شۆڕ ببوونەوەو لە هەموو توانایەك بڕابوو. ئێستا دەبرێ. دەبرێو خۆی بەپێی خۆی ناڕوات.

هەموو شتێك لەدەوری سیامەند بێدەنگ بوو، هەموو لە قسە کەوتبوون. هەمووش مردوو. بەتاڵیو بۆشایی دەورەیان دابوو، خۆی وەکو ئەوان بەتاڵو بۆش، تەنانەت نەیدەتوانی دەرك بەوە بکات چەند هەڵەیە کتوپڕ جوحا بەو شێوەیە بباتە بەردەم ژنەکەی.

گەیشتە نزیك گوند. تەماشای شارەکۆنی کردو ئەو سەربازەی

ئەسکەندەر کە چەندین مانگ بزربببوو دەرکەوتەوە. ئەمجارە مرۆڤێکی بەهێز نەبوو بە چەکەکانییەوە لەسەر زەوییەکە بوەستێ، ئەمجارە ئێسکێك بوو لەسەر ئەو زەوییە ڕاکشاوە. هیچ لەدەوری ئەو لاشەیە نەبوو. لاشەیەك تەنها ئێسکەکانی ماون، نیوەی ئێسکەکان ماون و نیوەیان خەریکن دەبنەوە بە خۆڵ.

کەس نەبوو لەو دێیە پیشوازی لەو کاروانە خەمناکە کۆستکەوتووە بکات جگە لەو ئێسکانە، جگە لەو کەوتووەی کاتی خۆی سەربازێکی بەهێز بوو. سیامەند گەیشتە بەردەرگای ماڵەکەو گوێدرێژەکەی لەبەردەگا بەلاشەی هاوڕێکەیەوە ڕاگرت. نەیتوانی هەواڵەکە بۆ ناو ژوور بەرێ. بە سەگەکەی خۆی وت بچێ. سەگەکە سەری کز کردو چوو. لە ژنەکە نزیك کەوت و بەکەساسییەوە بەدەروی سووڕایەوە، نەیتوانی نووزەیەکیش بکات.

# 21
## مردن و ژیانەوە

سیامەند نەیتوانی لە گوند بمێنێتەوە، کەژەش نەیدەزانی بچێتە کوێ، لەهیچ شوێنێك کەسوکاری نەبوو، نەشیویست بگەڕێتەوە مالۆڵە. کەژە دەیویست نزیك گۆڕی هاوسەرەکەی بمێنێتەوە کە لەهەموو ئەو دەوروبەرە کەسی لەو جۆرەی تێ نەبوو. کەس لەشێوەی مێردەکە نەبوو جگە لە سیامەند. جوحاو سیامەند لای ئەو لە خەڵکی ئەو ناوچەیەو هەموو کەسێکی ئەم دونیایە جیاوازبوون. ئەو و جوحاو سیامەند سێ غەریبی ئەو ئاواییە بوون وەك چۆن سێ گۆڕەکەی سەر گردەکە سێ غەریبی ئەو چۆڵەوانییە بوون.

جوحا لە گۆڕستانی گوندەکە نەنێژرا. سیامەند جوحای بردە سەر تەپۆلکەکەو تەنیشت گۆڕی سێ کەسە غەریبەکە ناشتی، ویستی ببێتە چوارەم غەریبی ناوچەکە. بوونە چوار گۆڕ، بەڕیز یەك لەتەنیشتی ئەوی تر. شوێن بۆ سیامەندیش هەبوو، شوێنێك تەنیشت جوحا، خۆی بۆ شوێنی پێنجەمی غەریبان دانا. ئەگەر لە سەفەرەکەی گەڕایەوە.

چاوەڕێی تەواوبوونی پرسەو سەردانی خەڵکی نەکرد بۆ ئەوەی ئەویش وەکو جوحا بەرەو نادیار بڕوات. بەپێی نەریتی باویش پرسەکە زۆری دەخایاندو ئەو ناتوانێ ئەوەندە بمێنێتەوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە سەفەرێکی نوێ دەست پێبکات. دەبێ تا زووە

بڕوات.

ڕۆژێك پێش ئەوەی بۆ جارێكی تر ماڵئاوایی بكات خۆیو و كەژەو منداڵەكەیو دوو ئافرەتی ئاوایی لەو ژووره دانیشتبوون كه شوێنی نانخواردنیان بوو. سیامەند تەماشای دەرگاكەی دەكردو چاوەڕێی دەكرد بەڵكو لەپڕ جوحا بەپێكەنینەوە خۆی بكاتە ژوورەوەو بڵێ من نەمردبوومو هەموو ئەو شتانە خەو بوون. ماوەیەك بێدەنگ بوو بەڵكو بێدەنگی جوحا بێنێتەوە. دەرگاكە بەتاڵ مایەوەو كەسی لێوە دەرنەكەوت.

سیامەند چاوەڕێی نەكرد كەژە هیچ بڵێ، ئێستا دەبێ ئەو قسە بكات. ئەو كارەساتە پێش ئەوەی لە كەژەو منداڵەكەی كەوتبێ لەخۆی كەوتووە. كەژەو سیامەندی بچووك خۆشەویستێكیان لەدەستداوە، سیامەند ئەویشو خۆشی لەدەستداوە. هاوڕێكەی لەدەست دەرچوو، خۆشی خۆی لێ ون بووە. بڕیارەكەی بە كەژە وت:

**((تۆ بڕیارت داوە لێرە بمێنیتەوە، دەبێ بمێنیتەوە. من دەڕۆمو ڕەنگە ئەمجارە نەگەڕێمەوە. كەسێكم دۆزییەوە شوانیی مەڕەكانی خۆمت بۆ بكات، كەسێكە دڵنیام زوڵمت لێناكات، دەتوانن بژینو پێویستتان بەكەس نەبێ، جوحا یەك شتی پێوتم: ئاگات لە كەژەو سیامەندی بچووك بێ، بەڵام من تازە ناتوانم بمێنمەوە، هەر ئەوەندە دەتوانم خانووەكەو مەڕەكانتان بۆ جێبێڵم)).**

شتەكانی كۆكردەوەو خۆی بۆ سەفەری سبەینێ ئامادە كرد. ڕۆژانی دوای مەرگی جوحا لەماڵی دراوسێكەیان دەمایەوە تا كەس گومانی خراپ بە خۆیو براژنەكەی نەبات، ئاوایی هەر گومانی دەبردو دەیوت سیامەند ژنەكەی هاوڕێكەی دەخوازێ، بەڵام سیامەندێك لەسەر لێواری تەلاقدانی سروشت بوو چۆن دەیتوانی بیر لە ژنهێنان بكاتەوە؟

بەیانی زوو سیامەند ئامادە بوو و یەکەم شت کردی ماچێکی سەری سیامەندی بچووك بوو. کاتێکیش خواحافیزیی کرد هەستی نەکرد کەسێکی ترسنۆكو بێدەسەلاتە کە ناتوانی بمێنێتەوە. ئەو دەیتوانی لەسەر وێرانەی هەموو گوندەکە بمێنێتەوە بەلآم شتێکی گەورەتر لەترسو بێدەسەلآتی پەلی ڕادەکێشا تا گوندەکە جێبهێڵێ، هێزێك بوو دەیویست سیامەند سەرلەنوێ پرسیار بکاتەوەو وەلآمی نوێ بدۆزێتەوە.

باوەشی بە سەگەکەو گوێدرێژەکە کرد:

((ئەمجارە بەڕاستی ناتانبینمەوە. ئەگەر هاتمەوە جوحا نایەت پێم بڵێ ئێوە گوندەکەتان جێهێشتووەو نەمردوون. جوحا خۆی ڕۆشتو تازە بۆ پێشوازیم نایەتەوە. ئەویش ئەگەر گەڕامەوە.بەڵێ، ئەگەر گەڕامەوە)).

گریان پێی وت هێندە قسە بەسەو بەشی فرمێسك بهێڵێتەوە. گریانی سیامەند بە کەژەی وت لەگەڵی بگری.

سیامەند شتێکی مابوو لە ئاوایی بیکات:

((ئەو کوڕەی پێم وتووە شوانیتان بۆ بکات ئێستا دێو کۆتەڵ بۆ جوحا دەکات. جوحا لای من هیچی کەمتر نەبوو لەو ئاغاو دەستڕۆشتووانەی کۆتەڵیان بۆ دەکرێ)).

دڵ جارێکی تر ڕێگەی بە زمان گرتو نەیهێشت زۆر لەسەری بڕوات، ماوەیەکی پێچوو ئینجا بەری دا:

((بەلآم من ناتوانم ئەو کۆتەڵە ببینم، ئەو کاتەی دەکرێ من دەڕۆم)).

دانەوییەوەو دەستی بەسەر پشتی سەگەکە هێنا، ڕاستبووەوەو گوێچکەی گوێدرێژەکەی ماچ کرد:

((ئەم دوو ئاژەڵە دڵسۆزە لەگەڵ تۆو شوانەکە کۆتەڵەکە دەکەن)).

یەکەم مانگی پایز بوو و ئاوایی ئەو ڕۆژەی بۆ بەرانپەڕ دەستنیشان کردبوو. سیامەند ئەو ڕۆژەی هەڵبژارد تا هەموو ئاوایی

کۆتەڵەکە ببینن. شوانەکە گەیشتو پێکەوە کۆتەڵەکەیان ساز کرد. دوو داری ڕاستو چەپ بوون وەکو خاچ، خاچێك بەباڵای مرۆڤێك بوو. جلەکانی جوحای کردە بەری ئەو دوو دارە. فەرەنجییەکەی کردە سەر جلەکان کڵاوەکەی کردە شوێنی سەرەکە. گالۆکەکەی بەشانی ئەو وێنەیەی جوحا هەڵواسیو توورەکە بچووکە نەخشدارەکەی کردە ملی. لەگەڵ شوانەکە لەسەر کۆپانی گوێدرێژەکە قایمی کرد. وەکو مرۆڤێکی لێهات بەپێوە سواری گوێدرێژەکە بووبێ. کۆتەڵەکە ئامادە بوو بەناو گوند بسووڕێتەوە. سیامەند بۆ دواجار خواحافیزیی کردو هەوڵی دا زۆر بەکورتی بێ. سووك کێشای بەسمتی گوێدرێژەکە بۆ ئەوەی بجووڵێ. ئاژەڵەکە بەخاوی کەوتە جووڵە، کەژەو سیامەندی بچووکو شوانەکەو سەگەکە لەگەڵی جووڵان. سیامەند تەماشای کردن کە پشتی تێکردنو دەڕۆن، نەیتوانی زۆر تەماشایان بکاتو خۆی ڕۆشت.

گوێدرێژەکە بەهێواشی بەناو ئاوایی دەڕۆشت، کەژە دەستی سیامەندی بچووکی گرتبوو و لەدواوە بوون. شوانەکە لەسەرخۆ دەڕۆشت، ڕێشمەی گوێدرێژەکەی گرتبوو و پێشی کەوتبوو. سەگەکە سەرکزو پێشی هەموویان بوو، جارجارەش ئاوڕێکی کەساسیی بۆ دواوە دەدایەوە. بەناو گوندەکە دەڕۆشتنو شیوەنیان دەکردو جوحاڕۆیان دەوت. خەڵك لەناو گوند بوونو نەچووبوونە سەر کارەکانیان، لە زەوییە فراوانەکەی بەردەم قوتابخانەکە لەگەڵ ڕانە مەڕو بزنەکان کۆببوونەوە. ماڵەکانیان ڕازاندبووەوەو پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگیان کردبووە لەشی بەرانەکانو مووروویان کردبووە ملیانەوە، خواردن دروستکرابوو و وەکو جەژنێك خۆیانو گوندەکەیان بۆ ئاهەنگی تێکبەردانی مەڕو بەرانەکان سازکردبوو. لەمڕۆوە تا پێنج مانگی تر چاوەڕێ دەکەن تا بەرەکەتی ئەو زاوزێیە ببیننو بەهار

لەگەڵ ژیانەوەی زەوی بەرخەکانیان بۆ بێنێتە بوون.

هێشتا ئافرەتانێك لە ماڵ مابوونو بۆ تەماشای دیمەنی بەرانپەڕ نەچووبوون. دەنگی شیوەنی کەژاوە خەمبارەکەیان بیستو چوونە دەرەوە، لەبەردەگاکانیان وەستابوونو دەگریان، چاوەڕێیان دەکردن تا دەگەنە لایان بۆ ئەوەی گریانەکە بکەنە شیوەن. شیوەنەکەیان بەدڵ دەکردو نەیانتوانی بەدڵ نەیکەن.

کەژاوەکە گەیشتە شوێنی بۆشاییەکەی نێوان قوتابخانەو ماڵی زۆراب. خەڵك هەموو خەریکی ئاهەنگی بەرانپەڕ بوونو بەپێکەنینو بەکەیفەوە تەماشای تێکبەردانی بەرانو مەڕەکانیان دەکرد. ئەوسا جوحا هەر لەو شوێن وەکو دەستەڕاستی جادووگەرە گەورەکەی گوند چەند ڕێوڕەسمو ئاهەنگێکی بینیبوو، لەو شوێنە سەرکەوتنی ئاغاکەی بەسەر مێملەکانی بینیبوو.

کەژاوەکە بەشیوەنەوە گەیشتە ئەو قەرەباڵغییەی لەپڕ لە پێکەنینو هاوارو قسە کەوت. هەموو تەماشای ئەو کۆتەڵەیان کرد. یەکەمو دوایەمین کۆتەڵ بیریان مابێ ئەوەی بۆ شاوەیس ئاغا کرابوو. کۆتەڵێك بوو سەرەڕای ئەو ڕقەی بەرامبەر ئاغاکەیان هەیانبوو توانیبووی بەدڵ بیانخاتە گریان. قەرەباڵغییەکە ماوەیەك بێدەنگ بوو و ئاهەنگەکەی لەبیر چوو، لەپڕ هەموو گریان. هەموو شیوەنیان کرد، مەڕو بەرانەکانیان جێهێشتو شوێنی کەژاوەکە کەوتن.

کەژە وانەیەکی بیرکەوتەوە سیامەندی مامۆستای بە ئەو و بە جوحای وتبووەوە، یەکێك بوو لەو وانانەی لەبارەی خۆشی وەرگرتن لە ژیانەوە بوون. سیامەند وتبووی:

((**خۆشی لە ژیان وەربگرەو هەمووان لەگەڵ خۆت بەشدار بکە. مەگری بەڵام کە گریای بچۆرە پەنایەكو کەس لەگەڵ خۆت مەگریێنە**)).

ئەو بیرکردنەوەیە تازە لەگۆڕ نرابوو، ژەهری ئەو مارەی جوحای

کوشت دوای مەرگی چووە گیانی بیرکردنەوەکەی سیامەندو ئیفلیجی کردو شەوو ڕۆژێکی نەبرد ئەویشی کوشت. دوای مەرگی جوحا ئەو وانەیەو هەموو وانەکانی سیامەندی مامۆستا وەکو کای ناو پەرێز هاتبوونە پێش چاوی کەژەوە. ڕەشەبایەك لە کێوەکە هەڵیکردووەو ئەو کایە دەشێوێنێتو کویَ ئارەزوو دەکات بۆ ئەو لایە دەیبات. کەژە خۆشی ئێستا لەو کایە بێکێشترو بێهێزترە، بەرگەی تەنانەت شەماڵێکیش ناکات ئەگەر ئەو شەماڵە کەمێك ڕووی مۆن کردبێ.

لەگەڵ ئەوەشو بەدەر لە وانەکەی سیامەند ئافرەتەکە بە ئەرکی خۆی بەرامبەر خەڵك زانی لەوە زیاتر خۆشییەکەیان لیَ تێکنەدات. بە شوانەکەی وت بەرەو ماڵ بچنەوە. لەوێش ئافرەتەکە بەدڵو بەزمان سوپاسی کردنو داوای لێکردن بگەڕێنەوە ئاهەنگەکەیان.

سیامەند پشتی کردبووە گوندەکەو دەڕۆشت. لەدوورەوە هەردوو دەنگەکەی دەبیست. شیوەنی کەژەو ئەوانەی لەگەڵێدان لەلایەکی ئاواییی، پێکەنینو هاواری خەڵکەکەش لەلاکەی تر. پاشان هەردوو دەنگەکە بوونە یەك، دەنگی شیوەن، شیوەن بۆ هاوڕێکەی. هاوڕێکەی؟ جوحا هاوڕێی بوو بەڵام بێئەوەی بزانیَ خۆیو ژنەکەی خەڵەتاندبوو:

((ئەی خۆم؟ خۆم نەخەڵەتابووم؟ بەڵیَ. من پێش ئەوان)).

ئەوەی ئێستا دەیبیستیَ دوا لاپەڕەی ئەو کتێبەیە کە ماوەیەك بوو سەرەوخوار گرتبوویو لنگەوقووچ دەیخوێندەوە، ئەو خوێندنەوەیەی تا ڕادەی بێهۆشی خەڵەتاندبووی:

((ژیان ئەوەیە کە لەپشتمەوە دەنگی دیَ. گریانو پێکەنین، هەردووکیانن، هەردوو پێکەوە، هەر یەکێکیان لەلایەك، دوایی کە مرۆڤ تێر پێکەنی نۆرەی گریان دیَ. منی خەڵەتاو تەنها پێکەنینەکەم دەبینیو دەبیست. منی خەڵەتاو)).

بڕیاری دا پێش ئەوەی بگاتە تەپۆلکەکە هەرچییەك لەژیانی

ڕوویداوە بهێنێتە پێش چاوییەوە تا بزانێ ئەو درزە کامەیە ئەو بایەی لێوەی هات کە ژیانی تێکدا. بیرکردنەوەکە قورس بوو" ژیانی منداڵی کە بیرینەماوە، ژیانی شوانی کە بۆتە ڕابوردوویەکی دوور، دوو سەفەرەکەی، خەونەکانیو ئەو فەلسەفەیەی پاش هەرەسی ئەو خەونانە باوەشی بۆ گرتەوە، هەرەسی هەموو شتێك. هەموو شتێك بە یەك جار.

شتێك ون ببوو نەیزانی چییە، شتێك بوو هەستی دەکرد هێندە گرنگە دەیتوانی هیوایەکی پێ ببەستێ. تەماشای تەپۆلکەکەی کرد کە بەرەوڕووی دەچوو یان ئەو بەرەوڕووی دەهات. شتەکەی بیرکەوتەوەو بۆی دەرکەوت بەهەڵە چووەو ئەو شتە گرنگە نییە کە دڵی پێی وتبوو. شارەکۆن بوو کە بیریکەوتەوە، شارەکۆن کە ئیلهامبەخشی بوو. ویستی ئاوڕی بۆ بداتەوە تا بزانێ چی پێ دەڵێ بەڵام هەموو سەری پڕ گومان بوو لەو ئیلهامبەخشە کۆنە. دوا دیمەنی سەربازە بەهێزەکە کە لەو ماوەیە بینیبووی بۆ چەند ئێسکێك کورت ببووەوە. لاشەیەك بەسەر زەوی کەوتووە نیوەکەی ئێسکەو نیوەکەی تری خۆڵ. ئەوە ڕاستییەکەیە ئیتر ئەو ئاوڕە چ شتێکی بۆ زیاد دەکات؟ لەگەڵ ئەوەش وەستاو ئاوڕی بۆ دایەوە. هەرواش دەرچوو" وەکو جارەکەی تر لەگەڵ یەك گۆڕانکاری، گۆڕانێکی خراپ. خراپ یان باش؟ نازانێ.

سەربازەکەی بینی وەکو جارەکەی تر لەسەر زەوی کەوتووە، ئەمجارە هەمووی بۆتە خۆڵ. وەکو کەسێکیش لەسەرەمەرگەو هێشتا ئازاری گیانکێشانێتی ئازار لوولی داوە.

گەیشتە تەپۆلکەکەو بەسەری سەرکەوت. لەسەر ئەژنۆ بەرامبەر چوار گۆڕە غەریبەکە چۆکی دادا. لە هاوڕێکەی پرسی کە لەبەردەمی ڕاکشاوە:

((**بۆچی دەمرین؟**)).

لەژێر گڵەوە وەڵامەکە پێی وت پرسیار لەو سێ کەسە بکە کە پێش خۆم مردوون، ئەوان کۆنترن‌و باشتر دەزانن. پرسیاری کردەوە:

((**ئێوەی سێ کەسی غەریب کە کەس ناویشتان نازانێ، پێم بڵێن بۆچی دەمرین؟**)).

وەك بڵێی وەڵام بدەنەوەو بڵێن:

((**هەریەك لەمردنی خۆی بەرپرسە، هەر یەك دەبێ پرسیاری خۆی لەخۆی بکات‌و وەڵامی بداتەوە**)).

زانی گڵ ناتوانێ وەڵامی بداتەوە، هەر گڵ و بەردو چیاو چەم بوون خەڵەتاندبوویان‌و بەدەمییەوە پێدەکەنین تا ئەو ڕۆژەی شتێك جوحای بۆ ناو دەوەنەکە بانگ کرد، بۆ وەڵامی پرسیارێك بانگی کرد کە سیامەند نەیدەزانی جوحا لەو کاتە لە خۆی کردبوو یان نەیکردبوو. سیامەند زانی بە شەوق‌و کەیف‌و پیکەنینەوە بەسەر زەوی دەڕۆشت بێئەوەی بزانێ بەسەر وێرانە دەڕوات، دەڕۆشت‌و نەیدەزانی بەسەر گۆڕستان دەسووڕێتەوە. ئێستا هەموو شتێك ڕووی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا کردووە. زۆر کەم بوو. زۆر کەم وا ژیاو وا پێکەنی. هەر زوو هەموو شتێك ڕووی مۆنی خۆی دەرخست. ڕوویەکی مۆن‌و بۆرو تۆزاوی. ئێستا نابێ لەوە زیاتر بمێنێتەوە، نابێ چیتر لەناو تۆز بژی، نابێ خۆی بە گڵەوە ببەستێتەوە.

ماوەیەك بەسەر ئەژنۆ چۆکی دادا، ئینجا سەری هەڵبڕی‌و تەماشای دەوروبەری کرد. گیاکان زەردببوون‌و لەناوقەد شکابوون، نیوەی قەد ڕووەو ئاسمان‌و نیوەکەی تر لووتی بەزەوییەوە ناوە. گیاو دڕك بۆرو زەردو تێکشکاو، ماوەیەکی تر بای پایز هەمووی دەکاتە کا، بارانیش دوایی دەبارێ‌و تێکەڵ بە کا دەبێ. کاو خۆڵ دەبن بە یەك‌و چاوەڕێی بەهارێکی تر دەبن تا جارێکی تر بێدارببنەوەو بۆ جارێکی ترو تا پایزێکی تر مرۆڤو ئاژەڵ بخەڵەتێنن.

خۆڵو گیای تێکشکاو پێیان وت تەماشای گڵکۆی هاوڕێکەت بکەرەوە، لێیان پرسی ڕۆژی ناشتنیت ماوە؟ بیرت ماوە ئەو ڕۆژە جوحا لەناو کفنە سپییەکەی بوو، تەرمێك شێوەکەی لەناو قوماشێکی سپی دیار بوو، قوماشێکی سپی بە ڕەنگی بێخەوشیی مێشك لە زانینی واتای مردنو ژیان، سپی بە ڕەنگی بێخەوشیی دڵ لە خەڵەتان بە دیمەنە کاتییەکانی ژیان. بیرت دێ ئەو تەرمە خرایە ناو چاڵێکی تەسك، چاڵێك لە خۆڵ، ڕاخەرێك لە خۆڵ، چواردەوری دیواری خۆڵ. کەمێکی تر هاوڕێکەت بەتەنیا جێدەهێڵێو ئەویش دەبێتە خۆڵ. سیامەند نووزەیەکی کردو بە دڵ وتی بیرم ماوە. بیرمە خەریك بوو هاوار بکەم فریای هاوڕێکەم بکەون چواردەوری هەر خۆڵە، ماوەیەکی تریش خۆشی دەبێتە خۆڵ، خەریك بوو هاوار بکەم منم ئەو کەسەی خۆڵ خەڵەتاندبووی، خەونم دەبینیو حەزم دەکرد بەڵام نەمدەزانی کۆتاییەکە هەر خۆڵە. سیامەند گریاو بیریکەوتەوە چۆن ئەو کاتە ویستی هاوار بکات بەڵام نەیتوانیو لەجیاتی هاوار بەتاسەوە پرسی: ((**بۆچی؟**))، ترساو ئاگای لەوانە نەما کە خەریکن هاوڕێکەی دەنێژن.

ئەو ڕۆژە ترساو هەڵساو پشتی تێکردنو بەگریانو بەڕاکردنەوە لە تەپۆلکەکە چووە خوارەوە، ئینجا دڵی قورگی بەرداو توانی هاوار بکات، بەرز هاواری کرد: ((**بۆ؟ بۆ؟ بۆ دەمرین؟ بۆچی دەبینە خۆڵ؟**)).

توندتر ڕایکردو بەرزتر هاواری کرد: ((**نامەوێ بمرم. نامەوێ بخرێمە ناو چاڵێکی تەسك. نامەوێ ببمە خۆڵ**)). گەیشتە بنی تەپۆلکەکە. بەسەر ئەژنۆ چۆکی دادا، ئینجا بەسەر خۆڵەکە خۆی بەدەما خست، گریایەوەو بە خۆڵەکەی ژێری وت: ((**بۆچی ؟ بۆچی دەبم بە خۆڵ؟ بۆچی دەبم بە تۆ؟**)).

جوحا نێژراو هەموو چوونە خوارەوە. ویستیان هەڵیسێننە سەر

پێو وەك چۆن مەرگ شتێکی ئاسایی بێ سەرزەنشتی بکەن. کەژە نەیهێشتو پێی وتن ئەوەی سیامەندی خستۆتە گریان ئەوە نییە کە ئێمە بۆی دەگرین، سیامەند ئەودیوی خەفەتی ئێمە دەبینێ، خەفەتێك دەبینێ گریانی هەموو ژیان نایکوژێنێتەوە، فرمێسکی هەموو مرۆڤەکان ناتوانێ ئاگرەکەی دامرکێنێتەوە.

سیامەند ئەو ڕۆژە تەنیا مایەوەو نەیزانی چەند وا ماوەتەوە، لەکۆتاییش دانیشتو ڕوانییە دەوروبەری تا بزانێ لەکوێیە. یەکەم شت چاوی پێی کەوت ئەو کەندڕە بوو کە ڕۆژێکیان کووپەڵەکەی تێ دۆزییەوە، ئەو لەوحە خۆڵانەی تێ دۆزییەوە. ئەو کاتە ویستی هەموو شتەکان پێکەوە گرێ بدات تا وەڵامی ئەو پرسیارە نوێیانە بدۆزێتەوە: ((**بۆچی دەمرین؟ بۆچی دەبینە خۆڵ؟**))، بەڵام چۆن لەو شوێنەداو بەو دڵە پڕ لە کەفوکوڵەو بەو مێشکە شێواوە نیوە وەڵامێکیشی دەستدەکەوێ؟ هەر ئەو ساتە بڕیاری دا بڕوات. سەفەرێکی تر بکاتو لەو دەوروبەرە دووربکەوێتەوە.

سەفەر کۆتایین وشە بوو لەو یادانەی سیامەند لەبەردەمی گڵکۆی جوحا لەناو سەری دەنگ بداتەوە. ئەوە.. ئەوە. ئەو چارەسەرێتی، هەروەك چۆن ڕۆژێك کووپەڵەکەی دۆزییەوەو زانی دەبێ سەفەر بکات.

سیامەند هەڵساو بڕیاری دا تا گوندەکەو تەپۆلکەکە لەبەرچاوی ون نەبن بیر لەو یادانە نەکاتەوە. بۆ دواجار تەماشای گۆڕی هاوڕێکەی کرد، تەماشای گۆڕی سێ کەسە غەریبەکەی کرد. ڕوانییە دوو گۆڕە ساختەکەی سەگەکەو گوێدرێژەکە، جوحا خەڵەتاندبووی‌و وتبووی سەرمبڕیون. ئەوانە گۆڕی ساختەن بەڵام گۆڕی هاوڕێکەی ڕاستییە، ڕاستی ئەوە. خواحافیزیی لەو ڕاستییە کردو پشتی تێکرد.

لەلاکەی تری تەپۆلکەکە چووە خوارەوە. نەیویست گوندەکە

ببینێ. ئەمجارە پێویست ناکات بەدزییەوە سەفەر بکاتو ڕێگە دوورودرێژەکە بگرێتەبەر. بەرەو چیاکە ڕۆشتو بەسەری سەرکەوت، گەیشتە بەرزترین شوێنی ئەو ڕێگەیەی بەسەر کێوەکە هەڵدەگەڕا. نەیویست ئاوڕبداتەوە، بەڵام جارێکی تر نەیتوانی ئاوڕ نەداتەوە. تەماشای گوندەکەی کردەوە، پەڵە ڕەشەکەیە لەسەر خاکە سوورباوەکە، لەو بەرزاییەوە بچووك دیارە.

دەنگەکان کز دەگەیشتنە لای، دیمەنەکەشی دەبینی، هێشتا ئاهەنگی بەرانپەرە. بەرانو مەڕەکان زاوزێ دەکەن تا وەچەیەکی نوێ بۆ سەربڕین بخەنەوە. مرۆڤ ملیان دەگرێو بۆ سەربڕین دەیانبات. مرۆڤ ئاژەڵ سەردەبڕێ تا ئەو ڕۆژەی مەرگ ملی ئەو مرۆڤە دەگرێو نۆرەی ئەو دەبێ سەری ببڕدرێ. مەرگ سەری دەبڕێو دەیکاتە خۆڵ. دەیکاتەوە بە خۆڵ. ئەی مرۆڤ لەو خۆڵەوە نەهاتووە؟ با مل نەدا، هەر دەبێ بۆ ئەو خۆڵە بگەڕێتەوە: ((**با هەزار هاواریش بکات. خۆڵ کۆتایی هەموو شتێکە**)).

تەماشای خانووەکەی کرد. لەپاش خۆی دوو مرۆڤی جێهێشتووە، گەورەیەکو بچووکێك، دوو مرۆڤ ڕەنگە کەم لەخۆیان بپرسن ژیانو مردن چین. سەگو گوێدرێژێکیشی جێهێشتووە کە ڕەنگە قەت ئەو پرسیارە نەکەن. خەڵکێکی زۆرتریش بیر لە شتی بچووك دەکەنەوە، شتی لەوەش بچووکتر دەڵێنو دووبارەی دەکەنەوە: سیامەند جوحای بەکوشت دا تاکو ژنەکەی بهێنێ. قسەیەك بە ئەندازەی هەموو بەتاڵییەك بەتاڵو بێ بەهایە. ئەوان ئەوە دەڵێن بەڵام نازانن بۆچی ئەو سیامەندە ڕۆشتووە، لەگەڵ ئەوەش هەر دەیڵێنەوە. پێویست بە زۆراب ناکات ئەو قسەیە بڵاوبکاتەوە تا ئەوان زیاتر بڵاویبکەنەوە، ڕەنگە زۆراب کە ماوەیەك بوو ململانەی ئاغایەتیی لەگەڵ کردبوو ئەو قسەیەی کردبێ، بەڵام زۆراب هەبێو نەبێ قسەکە

هەر دەوترێ. بەتاڵی واتە هیچ، واتە نەبوو، بەڵام هێندەی هەموو هەبوویەك بەهێزە، هێندەش بەهێزە ڕەگی لە دڵی مرۆڤ داکوتیوە. ئێستاش لەدەست ئەو بەتاڵییە هەڵهاتووە.

سیامەند، بێئەوەی کەس هەستی پێبکات، پشتی کردۆتە جیهانێك پڕ لە بێئاگایی، بێئاگایی‌و غەفڵەتێك تا مرۆڤ بڕوات‌و شوێن ببینێ هەر دەیانبینێ‌و دەیانبینێ. پشتی کردۆتە ئەوانەی پرسیار ناکەن، ئەوانەی بەپێویستی نازانن پرسیار لەبارەی ژیان‌و مەرگەوە بکەن. بەڵام تۆ بڵێی وا بێ؟ ((**یان ڕەنگە بەهەڵە چووبم‌و کەسانێکی زۆر لەو جیهانەی جێمهێشتووە ئەو پرسیارانە بکەن؟**)).

ڕەنگە ئەو پرسیارانە بکەن، یان تەنها لەناو دڵ دەپرسن‌و کە دەپرسن بۆ وەڵام ناگەڕێن، یان لەوانەیە بەدوای وەڵام بگەڕێن، یان وەڵامەکەشیان دەستکەوتبێ، یان‌و یان. نازانێ. ڕەنگە قەت نەزانێ.

گەیشتە ئەو خاڵەی سەر بەرزاییەکە کە دەیزانی هەنگاوێك لەودیوەوە گوندەکەی لێوە دیار نامێنێ. وتی با بۆ دوایەمین جار بێ، وتی ئەمجارە بەڕاستمە بۆ دوایەمین جار ئاوڕی بۆ دەدەمەوە چونکە بەناچاری دوایەمین جارە. گوند وەکو خۆی مابوو، ڕەنگە هەزار ساڵی تر زەوی پڕ لە خۆڵ‌و ئێسکی وەچەکان بێ‌و شوێنی گوندەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە. تەماشای شارەکۆنی کرد. سەربازەکەی بینییەوە. ئەمجارە خۆڵ نەبوو، ئێسکیش نەبوو، ئەمجارە مرۆڤێك بوو، مرۆڤێك وەکو جارەکانی تر، سەربازەکە بوو بە پۆشاکی جارانییەوە، بە چەکەکانییەوە، وەکو جاران بەپێوە وەستابوو، بەڵام ئەمجارە نووکی ڕمەکەی لەزەوی نەچەقاندبوو، کلکی ڕمەکەی لە زەوی توند کردبوو و نووکەکەی ڕووکردبووە ئاسمان. سیامەند تەماشای ئاسمانی کرد تا ببینێ ئەو نووکە ڕووی لەکوێیە‌و دەگاتە کوێ. هەر ئەو چرکەیە بوو ئینجا پشتی کردە هەموو شتێك‌و ڕۆشت.

*    *    *    *    *

سەفەری ئەمجارەی سیامەند بۆ شوێنێکی دیایکراو نەبوو. ئەوەی بەدوای دەگەڕا لەهەموو شوێنێك هەبوو، پرسیارەکە بۆی هەبوو لە گوندێك وەڵام بدرێتەوە، بۆی هەبوو لە شارێك بدۆزرێتەوە، ڕەنگە لە نزیکترین گوند. بەڵام هەبوونی وەڵامەکە مەرجی هەبوو، ئەو مەرجەی لە گوندەکەی خۆی نەیدەبینی. دەبێ دوور بێ لەهەموو پەیوەندییەك لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی دەیانناسێ. ئەو وا مەرجەکەی دەبینی، دەشیوت ڕەنگە هەڵە بم، بەڵام هەر بڕیاری دابوو لەو پەیوەندییانە دووربکەوێتەوە. سیامەند ویستی دوور بکەوێتەوە. زۆر دوور بکەوێتەوە تا هیچ شوێنێك نەبینێ یادێکی جارانی بۆ دووبارە بکاتەوە، یادێك بۆ زەوی ڕابیکێشێ، ئەو زەوییەی کە سیامەند لەوە دەترسا ڕۆژێك خۆی بێجووڵەو بێهەناسە لەسەری تەخت بکەوێ بێئەوەی بزانی بۆچی؟ ئێستا زەوی نابینێ بۆی پێکەنێ، زەوی وەکو بەندیخانەیەك دەبینێ، ئێستا چیا نابینێ بەهێزو بەدەسەڵاتو جێگیر بێ، چیا ئێستا سەری کز کردووەو دەترسێ ڕۆژێك، دوور بێ یان نزیك، وەکو مروڤەکان تەختی زەوی بێ. خوڕەی ئاوی چەم ئێستا لای ئەو ئاوازی خۆشی نییە، خوڕەی ئاو بۆتە گریان، گریانی ماڵئاوایی لەزەویو ونبوون لەناو دەریا. سیامەند چیتر ئەو لاوە مەستە نییە کە ئەو هەموو ناڵەو گریانە نەبیستێ. گوێی لەو پرسیارانەی نەبێ کە بەدوای وەڵامێك وێڵن.

سیامەند ڕۆشتو ڕۆشت، هیچ پارەیەکی لەگەڵ خۆشی نەبرد، هەرچییەکی هەبوو بۆ کەژەو منداڵەکەی جێهێشت. سیامەند چیتر پێویستی بە هیچ نەبوو. لاوەکە بووە قەڵەندەرێك ڕۆژی لەتەنانێکی وشکی بەسە، شوێنی نوستنیش دوا شت بوو پێویست بێ، ژیان هێندە کورت بووە گەڕان بەدوای نانو جێگە کورتتری دەکات. ئێستا

هەموو شتێك بچووكتر بۆتەوە، هەموو شتێك كورتتر بۆتەوە، هاوارێك لەناخی هانی دەدا:

((**سیامەند پەلە بكە. سیامەند پەلە بكە. سیامەند كات نەماوە**)).

جارێكی تر هاواری دەكرد:

((**پشت بكەرە هەموو شتە بچووكەكانو بۆ گەورەتر بگەڕێ**)).

ئەویش بڕیاری دابوو مانایەك لە هەموو ماناكان گەورەتر بدۆزێتەوە. چیتر ناگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو قەفەسەی خۆی تێیان بەند كردبوو، ئەوسا كە خەونی بە گەنجینەكانی شارەكۆن دەكرد، ئەوسا كە بووە جادووگەرو توانای بەسەر زۆر شت شكاو بووە ئاغای گوند، ئەو ئەوسایە كردبوویە بەندكراوی ئەو گوندە. دڵی بە ئاغاییی گوندو هەیبەتی لەناوچەكە خۆش بوو تا ئەو ڕۆژەی بۆی دەركەوت كە بێئەوەی بزانێ لەبەر پاراستنی ئەو هەیبەتە ناچار بووە بخزێتە ماڵەكەی خۆیو لەهەموو شتێكی جوان دووركەوێتەوە. ئەو هەیبەتە لە سروشتو جوانییەكەیو خۆشییەكەی دووری خستبوو.

دوایی ئەو كۆتەی شكاندو خۆی ئازاد كردو چووەوە ناو باوەشی سروشت، سروشتێكی فراوانو جوانییەكی هەمەجۆر، بەڵام مەرگی هاوڕێكەی دەریخست ئەو فراوانییە جۆرێكی ترە لە كۆتو زنجیر، جۆرێكی ترە لە بەرتەسكی، قەفەسێكی ترە بەشێوەیەكی تر، ئێستاش بەدوای فراوان، فراوان بەواتا تەواوەكەی دەگەڕێ، چیتر نایەوێ كۆتو زنجیر ببینێ. دەسەڵاتو ئاغایەتی با بڕۆن، دەشتو چیاو چەم با بڕۆن، گوند با بۆ خەڵكی گوند بێ، دەشتو چیاو چەم با بۆ ڕێبواران بن. ئەو گەورەتر. فراوانتری دەوێ، بڕیاری داوە بڕواتو نەوەستێ، بیربكاتەوەو بێئاگا نەمێنێتەوە، پرسیار بكاتو چاوەڕێی وەڵام بكات هەتا ئەگەر ژیانیش لەو پێناوە سەرف بكات. ئەو ژیانە كورتە. ئەو ژیانەی ئەگەر وەڵامەكانی تێ نەدۆزێتەوە بێماناو بێتام

دەبێ، دۆزەخی پێشوەخت دەبێ.

سیامەند ڕۆشتو گەڕا، بینیو بیستی، پرسیاری کردو گوێی گرت، بیریکردەوەو ڕاما، ئینجا گەیشتو هێمنی بۆ دڵی گەڕایەوە. دیسانەوە گەڕاو بیستیو بینیو پرسیاری کردو بیریکردەوە تا دڵنیابوو. لەپاش هەموو ئەوانەش زانی کاتێتی بگەڕێتەوە گوند.

22

## مرۆڤو ئاسمان

بۆ جاری سێیەم سیامەند گەشتەکەی کردو بۆ جاری سێیەم گەڕایەوە. ئەو ڕێگەیەی دەیگەیاندە شامار وەکو خۆی ماوە، ڕێگە بەرزەکەی سەر شاخەکە.

گەیشتە ئەو هەنگاوەی لەودیوییەوە گوند لەخوارەوە دەردەکەوێ. ئەمجارە دڵنیابوو هیچ نەگۆڕاوە. دڵنیابوو ئەو خەڵکە چۆن ژیابوون ئێستا هەر بەو جۆرە دەژیان.

چووە خوارەوەو دەیتوانی یەکسەر بۆ ئاوایی بچێ، بەڵام حەزی کرد پێشتر بچێتەوە ئەو شوێنەی ڕێڕەوی ژیانی گۆڕی. تەپۆلکەکە. بیری تەپۆلکەکەی دەکرد، بیری ئەو چەمەی دەکرد کە ڕۆژێك هێندەی نەمابوو لەگەڵی بیبات، ئێستاش بەچاوێکی ترەوە تەماشایان دەکات، چاوێکی جیاواز لەهەموو ڕۆژێکی تری ژیان، ئێستا لەلای ئەو شتێکی ترن. بەڵام هێشتا بیریدەکردنو دڵی بە بینینەوەیان خۆش بوو.

سیامەند بەسەر تەپۆلکەکە سەرکەوت، بۆ بینینی گۆڕی جوحای هاوڕێی سەرکەوت. گۆڕەکە لەشوێنی خۆی بوو، مابوو و لانەچووبوو، سێ گۆڕی سێ کەسە غەریبەکە مابوون، دوو گۆڕە ساختەکەی سەگەکەو گوێدرێژەکەش مابوون.

لەسەر ئەژنۆ چۆکی داداو حەزی کرد ئەوە خەون بووبێ، حەزی

کرد چاو بنووقێنێو بیکاتەوەو ببینی جوحا لەبەردەمێتی پێدەکەنێو دەڵێ ئەو گۆڕە خۆڵی گردەکەیە بەرزی کردۆتەوە هەر وەکو گۆڕی سەگەکەو گوێدرێژەکە کە سیامەند وایزانبوو جوحا بەڕاستی سەری بڕیبوونو ناشتبوونی. حەزی کرد نقورچێك لەخۆی بگرێ تا خەبەری بێتەوەو ببینێ هەرچییەك ڕوویداوبوو خەوێکی دوورودرێژ بوو، بەڵام سیامەند دەیزانی ئەو هیوایەی ئێستا دەیخوازێ خۆی خەونە، خەونێك قەت نابێتە ڕاست:

((**ناخۆشترین خەون ئەوەیە کە هیوایەکی خۆتی تێ دەبینی. جارێ خەبەرت نەبۆتەوەو هەر لە خەوەکە دەڵێی کارەساتەکە ڕاست نییە بەڵکو خەونە، بەڵام کاتێك خەبەرت دەبێتەوە دەزانی کارەساتەکە ڕاستەو هیواکە خەون بووە، تامێکی تاڵ لەناو دەمت دەمێنێو هیوای ئەوە دەخوازی جارێکی تر ئەو خەونە نەبینیتەوە**)).

سیامەند ویستی بڵێ: ((**هەڵسە جوحا! هەڵسەو ببینە ئەمجارە چیم لەگەڵ خۆم هێناوە**))، بەڵام زمانی ناو دەم نەیتوانی بەقسەی هاواری ناو مێشكو دڵی بکات. دڵ توند گوشراو زمانی لە گۆ خستبوو. ویستی بڵێ: ((**جوحای خۆشەویست ئەوەی ئەمجارە هێناومە حەزی لێدەکەی، دڵنیام حەزی لێدەکەی**))، دڵ هێرشە خەمناکەکەی توندتر کرد.

هەموو دڵی خەفەت بوو، هەموو دڵی هەستکردن بوو بە تاوانباری:

((**جوحا! شوان بووم هەستم پێ نەدەکردی، جادووگەرو ئاغا بووم سووکایەتیم پێ دەکردی، کاتێکیش خۆشەویستیی سروشتم هێناو هەستم بە لێدانی دڵی گەورەت کرد نەمزانی تۆم دەخەڵەتاند. من تۆم دەخەڵەتاند، خۆشم خەڵەتابووم**)).

ماوەیەك لەسەر گۆڕی هاوڕێکەی مایەوە، دەبێ بشڕوات، زۆری لەخۆی کرد بڕوات. دەمی بە چەند وشەیەك جووڵاند، هەڵساو لە تەپۆلکەکە چووە خوارەوە. ویستی بەئاوی چەمەکە پاکیی لەشیو دەروونی نوێ بکاتەوە، دەستو دەموچاو و قاچی شتو ئەو ڕۆژەی

بیرکەوتەوە کە لە باشووری گوندەکە ئاوی چەمەکەی دەکرد بەسەر پشتی سەگەکەی‌و پێی دەوت هەر میللەتێك بەشێوەیەك لەگەڵ ئاو مامەڵە دەکات، ئەوەی ئەو ڕۆژە کردبووی بەتاڵی بوو و ئێستا هەست دەکات لەگەڵ ڕووناکی مامەڵە دەکات.

سیامەند ڕۆژی لافاوەکەی لەبیر نەچووبوو. کەمێك بەدەم تەماشاکردنی تەپۆلکەکە لەگەڵ وێنەکانی ڕابوردوو ڕۆشت. تازە ئەوە بۆتە ڕابوردوو. نەوەکو ڕۆژێکیش وا بیربکاتەوە ئەوە خەون بووە چووە بنی گردەکە تا ئەو ئاودڕە ببینێ کە لافاو دروستی کردبوو. بینی شوێنەکەی کوێر بۆتەوەو شوێنەوارێکی زۆر بچووکی مابوو. لای سەیر بوو چۆن ئەو کونەی کە باران کەم دەیگرتەوە، باو هەوایش لێوەی دووربوون، وا زوو کوێر ببووەوە. دەبوایە چەندین ساڵی تر بمایە. دیارە ئیشی مرۆڤ نەبوو، دیارە ئیشی ئەو چەمە بوو. چەمەکە جارێك ئەو برینەی کردە جەستەی گردەکە تا نهێنییەکی ئاشکرا بکات. نهێنییەکە ئاشکرا بوو و چەمەکە ئیشی خۆی کرد، دواییش هەر خۆی شوێنەکەی شاردەوە.

لە ئاوایی نزیك کەوت‌و دیمەنێکی بەهارانەی ئەو ئاواییەی بینییەوە. وەکو جارەکەی تر بەهارە. بەهار ئەمجارە دیمەنێکی جیاوازی هەیە. بەهار لای ئەو ئێستا خۆشییەك‌و جوانییەك نییە بۆ ئەم ئێستایەی کە هێندە کورتە لەبەینی پەنجەکانەوە دزە دەکات‌و هاوارە خەمناکەکان نایگەڕێننەوە، بەهار لای ئەو ئێستا مژدەیەکە بۆ سەوزاییەك‌و فێنکییەکی هەمیشەیی، بەهارێکە لە ڕۆژێك دێ هەموو بەهارەکان‌و هاوینەکان‌و هەموو وەرزەکان باریان کردووەو تەنها یەك وەرز دەمێنێ، بەهارێك دەمێنێتەوە سەرماو تینی خۆری نییە، گوڵستانێکی پاراوە وشکبوونەوەی نییە.

جارێ ماوبووی بگاتە ئاوایی، ئەوەتاش شارەکۆن دیاربوو. چاوی

بۆ سەربازەکە گێڕاو نەیبینییەوە. هەستی کرد ئەو ڕۆژەی دواسەفەری کردو بینی نووکی ڕمەکەی ڕووکردۆتە ئاسمان دوادیمەنی بووە. سەربازەکە پەیامەکەی گەیاندبوو و پێویست بە بینینەوەی نەدەکرد.

یەکەم شوێنی ئاوایی ڕووی تێکرد ئەو خانووە بچووکە بوو کە ساڵانێکی دوورودرێژ بوو، بەر لەوەی سەفەری یەکەمی بکات، ڕووخابوو و کەس تازەی نەکردبووەوە. گەیشتە شوێنەکەی‌و بینی هەر ڕووخاوە، لەسەر وێرانەکەی وەستاو ڕوویکردە باشووری ڕۆژئاوا، کڕنووشی بردو هەڵسایەوەو کڕنووشی بردەوەو هەڵسایەوە، بەر لەوەی کەسیش هەستی پێبکات ڕۆشت‌و چووە خانووەکەی خۆی‌و لەدەرگاکەی دا.

یەکتربینینەوەی سیامەندو کەژە زامەکەی کولانەوە، کەژە جوحای بیرکەوتەوەو سیامەند چاوی بۆ سیامەندی بچووکی گێڕا. سیامەند چووە حەوشەکەو قبووڵی نەکرد بچێتە ژوورەکەی جاران. سیامەندی گەورە سیامەندی بچووکی بینی‌و چوو بۆ لای. تەنها کەمێك لەجاران گەورەتر بووە وەك چۆن دووری لە باوکەکەی گەشەکردنی وەستاندبێ.

کەژە ویستی شانازی بەوە بکات چۆن بۆ جوحا بەوەفا بووە، پێی وت لەماوەی چەند مانگێکی ڕابردوو چەند کەسێك هاتبوونە داخوازیی، بەڵام تا مردن کەسی تری ناوێ جگە لە جوحا. کەژە سەری داخست‌و بەشەرمێك لە قووڵترین شوێنی دڵییەوە پێی وت کە شوونەکردنەوەی هەروەها لەبەر وەفا بووە بۆ ئەو، بۆ سیامەند، چونکە گومانی هەبوو ئەو پیاوانە تەماعیان لە خانووە خۆش‌و گەورەکەی‌و لە ڕانەمەڕەکەی بووە.

سیامەند ئافرەتەکەی سەرسام کرد کاتێك وەڵامی دایەوە کە وەفا

بۆ مێردەکەی ئەوەیە بەتەنیا نەمێنێتەوە، کەژە زیاتر شەرمی کردو وایزانی سیامەند مەبەستی لەخۆیەتیو چاوی لەسەرێتی، بەڵام سیامەند لەشوێنێکی ترەوە قسەی دەکرد، لەشوێنێکەوە خۆی تێی بەتەنها دەبینی. سیامەند بڕیاری دابوو پەیوەندییە دونیاییەکانی لەگەڵ مرۆڤەکان لاواز بکات، پەیوەندییەکانی خۆی لەشوێنێکی تر دەبینییەوە. سیامەند نەیزانی ئافرەتەکە وا تێگەیشتووە:

((**مانەوەی ئافرەت بەتەنیا هەڵەیە، بریا یەکێك لەو کەسانەت قبووڵ بکردایە، یەکێکی باشو گونجاو**)).

((**چۆن بزانم پیاوێکی باشە؟**))، پرسیارێکی شەرمنانەی کەژە بوو پاش چاوهەڵبڕینێك.

((**جوحات دەناسیو دەتزانی چۆن پیاوێك بوو، ئاواش خەڵك دەناسی**))، وەڵامی سیامەند بوو پاش سەربەرزکردنەوەیەك بۆ ئاسمان.

ئەوە لای کەژە خواحافیزیکردن بوو:

((**من شوێنێك بۆ خۆم دەدۆزمەوە. ئەم خانووە هی تۆیە، مەڕەکانیش هی تۆن**)).

سیامەند سەری باداو لە جیهانەکەی خۆیەوە هاتەوە سەر زەوی:

((**من خاوەنی هیچ نیم، من لەتەنانێك دەمگەیەنێتە ئێوارە، لەتەکەی تریش دەمگەیەنێتە دوا جێگە**)).

ئافرەتەکە سوور بوو خانووەکەو ڕانە مەڕەکەی بداتەوە، لەکۆتایش ڕێککەوتن سیامەند خانووەکە بکاتە دوو بەشو خۆی بچێتە بەشێکی، ڕانەمەڕەکەش لای شوانەکە بمێنێتەوەو چییان دەستکەوێ لەگەڵ کەژە بەشی بکەن. سیامەند دوایی ئەوەی جێبەجێ نەکردو بەشی زیاتری بۆ کەژەو منداڵەکەی دەنارد.

شەو لە ماڵی دراوسێیەك مایەوەو بۆ ڕۆژانی دواتر دیواری نێوان دوو بەشەکەی دروست کرد" حەوشەکەی کردە دوو نیو، هەیوانەکەش

هەروا، دەرگای ئەو ژوورەشی هەڵچنی کە دەچووە سەر بەشە هەیوانی خۆیو کونێکی کردە ژوورەکە لەلا دوورەکەیو کردیە شوێنی دەرگاو ئەو ژوورەی خستە سەر بەشی کەژە. بەمجۆرەش تەنها نیو هەیوانو نیو حەوشەی بۆ مانەوە.

ئافرەتەکە لای سەیر بوو سیامەند ئەوەندە کەم بۆ خۆی دەهێڵێتەوە، بەڵام سیامەند پێی وت ئەگەر بکرایە تەنها نیوەی هەیوانەکەی هەڵدەگرتەوەو هەموو حەوشەکەی بۆ ئەو جێدەهێشت، کەژە تێبینیی ئەوەشی کرد دەرگای بۆ بەشەکەی خۆی دانەنا. دەرگا بۆ سیامەند شتێکی زیادە بوو، ئەو هیچی نەبوو لە گورگو ڕێوی بیپارێزێ، ئەگەر مرۆڤەکانی ئاواییش وەکو خۆیان مابن ترسی لەوانیش نییە.

یەکەم ڕۆژی سیامەند لەگوند دەیزانی پێویستە پرسیاری سەگەکەو گوێدرێژەکەی بکات، بەڵام دوو ئاژەڵەکەی نەبینیو حەزی نەکرد ڕۆژی یەکەم بەخەفەتەوە دەست پێبکات. کەژە خۆی کاتێك نیوەی کاری جیاکردنەوەی خانووەکە تەواو ببوو پێی وت:

((**هیچ ئیشێکم بە کەرەکە نەدەکرد، هەستم دەکرد پێویستە تا دواڕۆژی لەبەر خاتری تۆ نازی هەڵبگرم، وەکو منداڵێك خزمەتم دەکرد تا ئەو کاتەی مرد. سەگەکەش مرد. ئاشکرا بوو دووری لە تۆ خەفەتی دابوویە، مردنی کەرەکە بێ هاوڕێ هێشتییەوە. من پارەم بە گەنجانی دێیەکە دا تا کەرەکە لەسەر گردەکە بنێژن، دوایی هەر بە پارە گەنجێك سەگەکەی لە تەنیشت ئەو ناشت**)).

بەڵام سیامەند هەر گۆڕە کۆنەکانی لەسەر گردەکە بینیبوو، لێی پرسی:

((**گردی کافران دەڵێی؟**)).

کەژە:

((**بەڵێ، لەهەمان شوێنی دوو گۆڕە ساختەکە کە جوجا** *(دڵی پڕبوو*

**_بەڵام ددانی بەخۆی گرت‌و نەگریا)_ هەڵیکەندبوون))**.

**مردنی دوو ئاژەڵەکە خەفەتی هەبوو، بەڵام ئەو ئێستا دەتوانی بەرگەی خەفەتی کۆچی خۆشەویستان بگرێ:**

**((من شوێنەکەی تەنیشت جوحام بۆ خۆم داناوە. من خۆم بۆ کۆچ داناوە. کەژە! دەبێ هەموومان کۆچ بکەین))**.

**باسی کۆچ ئەو باسە بوو کە ڕۆژانی دواتر سیامەند بەردەوام بۆ کەژەو بۆ گوندی دەکرد. سیامەند بەردەوام کۆچی بیردەخستنەوە. کۆیدەکردنەوەو قسەی بۆ دەکردن، یان خۆی دەچووە شوێنی کۆبوونەوەیان‌و ئامۆژگاریی دەکردن، سیامەند ئەو شتەی لە گوند تێبینی دەکرد کە لەهەموو شوێنێك بینیبووی: بیرکردنەوە لە ئێستا پەتایەك بوو نەك تەنها ئەو شوێنانەی گرتبووەوە کە ڕووی تێکردبوون بەڵکو تەنانەت خەڵکی ئەو گوندە چەپەکەش گیرۆدەی ببوون. مرۆڤ بەزۆری بیر لە ئێستا دەکاتەوە، کەمتر لەڕابوردوو. زۆر کەمتر لە داوڕۆژ. ڕابوردوو باس دەکات بەڵام بەحەسرەتەوە بۆ تەمەنی تێپەڕبووی، بۆ ڕۆژانێك وایدەزانی لە ئێستای باشتر بوون، بیریش لە دواڕۆژ دەکاتەوە بەڵام بەترسەوە، ترس لە هەژاری‌وساڵی بێ باران‌و نەهامەتییە جۆراوجۆرەکانی زەوی‌و ئاسمان. مرۆڤ کەوتۆتە نێوان دوو بەرداش: ترس‌و خەفەت. خەفەت بۆ ڕابوردوو و ترس لە دواڕۆژ.**

**ئەو ترس‌و خەفەتە لای سیامەند بایی ئەوە نەبوو تەنانەت باسیش بکرێ. سیامەند بەردەوام بۆی باس دەکردن ئەو جۆرە ترس‌و خەفەتە ئیفلیجی‌و بێدەسەڵاتی نەبێ هیچی تریان بەدوا نایەت، عەیب نییەو خراپ نییە بترسن‌و خەفەت بخۆن بەڵام دەبێ بزانن بۆ چ شتێك، دەبێ بۆ شتی گەورە بێ، دەبێ ڕابوردوو بۆ ئەوان بابەتی عەقڵ‌و دەرس بێ، دواڕۆژیش هاندەری کارکردن بێ بۆ ئەمڕۆ. سیامەند**

بەردەوام پێی دەوتن عەقڵیان ئیفلیج بووەو دڵیان ڕەش داگەڕاوە.

دەشبوایە ماوەیەك خەریکی ڕاستکردنەوەی ئەو ڕابوردووە بوایە کە خۆی تێی ئەکتەرێکی سەرەکی بوو. جادوو و چوون بۆ لای جادووگەران ئەو شتەیە کە پێویستە لێی پەشیمان ببنەوە وەك چۆن خۆی لێی پەشیمانە. ململانە بۆ دەسەڵاتو خۆسەپاندن بکوژی شتە جوانەکانی مرۆڤن. بەڵام ئەم ئێستایەش بەشی خۆی ترسی هەڵەی تێیە، ئەو ئێستا کە ڕێگەیەکی گرتۆتە بەر دەزانێ بەشی لاڕێی تێ هەیە، دەبێ لە هەڵەی داهاتووش وریایان بکاتەوە: بەرزکردنەوەی مرۆڤێك بۆ ئاستی سەرووی مرۆڤەکان، تەنانەت ئەگەر پیاوچاکێکیش بێ، نزمبوونی خۆیانی تێیە، چاوەڕێکردنو ئیشنەکردن ئیشی مرۆڤی بێهیممەتە:

**((یەکێکتان وتی سیامەند بۆتە پیاوچاك، هەر یەك لەئێوە ڕێگەکە بگرێتەبەر دەبێتە پیاوچاك، واز لە تەمبەڵیو بێدەسەڵاتی بێنن‌و دەبنە پیاوچاکێك لەو جۆرەی لەبەرچاوتان وەکو ئەستێرەی ئاسمان بەرزە. یەکێکتانم بیست سوێند بە گۆڕی پیاوچاکێك دەخوات. ئەو تاوانە دەکەن‌و سوێند بە مرۆڤێکی وەکو خۆتان دەخۆن‌و بۆ ئاستی خاوەنەکەتان بەرزی دەکەنەوە، تاوانیش بەرامبەر بە خۆتان دەکەن کاتێك دەزانن تاوانبارن بەڵام ڕێگەی پیاوچاکان ناگرنەبەرو هەر چاوەڕێی دەستی ئەوانن، دەستان داوەتە تەمبەڵیو چاوەڕێکردنی دەستی کەسانی تر، هەوڵ نادەن لە خاوەنەکەتان نزیك ببنەوەو پەنا بۆ مردووان دەبەن، لە خاوەنەکەتان دووردەکەونەوەو دەڵێن ئەوان لەوەوە نزیك بوون، داوا لە مردووان دەکەن‌و وازدەهێنن لەو زیندووەی قەت نامرێ))**.

قسەکان بۆ خەڵك نوێ بوون، بەڵام ئەوەی ئەوانیش‌و سیامەندیش نەیاندەزانی ئەوە بوو سیامەند دیسانەوە بۆتە جادووگەر، جادووگەر لەشێوەیەکی تر. قسەکانی لەدڵەوە دەردەچوون‌و کاری جادوویان لەسەر دڵی مرۆڤەکان هەبوو، تەنها ئەوەیان دەزانی کە بە

کەسایەتییە نوێکەی سەرسامن.

سیامەند کارێکی تری هەبوو لە ئاوایی بیکات. ڕۆژێك بینییان بەردی دەهێناو قوڕی دەشێلا. زانییان دەیەوێ خانووی خاوەنەکەی دروست بکاتەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو ڕووخابوو و کەس بیری لەوە نەکردبووەوە دروستی بکاتەوە:

((**یان لەوانەیە کەسێك بیری لێکردبێتەوە، لەوانەشە هەمووتان بیرتان لێکردبێتەوە بەڵام کەستان هیممەتی ئەوەتان نەبوو ببێتە یەکەم کەس‌و یەکەم بەرد دابنێ. من دروستی دەکەمەوە، دەشمەوێ چاوم لێبکەن‌و بۆ هەموو کارێکی چاك یەکەم کەس بن. دەمەوێ هەر یەك لە ئێوە بڵێ: خۆم دەست پێدەکەم‌و چاوەڕێی کەس ناکەم**)).

سیامەند خانووەکەی تەواو کرد، ئەوانیش یارمەتییان دا، لەوەش بەدوا لەو خانووە قسەی بۆ دەکردن، قسەی بەردەوامیشی ئەم ژیانە یەکەمەیە کە مرۆڤ نازانێ چۆن دەگوزەرێ‌و کەی کۆتایی دێ. ئەو ژیانە یەکەمەی گەورەترین سەرمایەیەو کاتێك ڕۆشت هیچ شتێك قەرەبووی ناکاتەوە:

((**یەك شتم پێ بڵێن قەرەبووی لەدەستچوونی ئەو سەرمایەیە بداتەوە، ناوەکەیم پێ بڵێن‌و ئامادەم تا دوورتر لە چین‌و ماچین بە سکەخشێ بۆی بچم**)).

جادووگەری ڕۆح لەسەر ئەو ئاوازە دەیخوێندو چاوەڕێ بوو دڵەکان ژەنگەکەیان فڕێ بدەن وەك چۆن دڵی خۆی ژەنگەکەی فڕێدابوو. ڕۆژبەڕۆژیش ژمارەی ئەوانەی گوێیان لێدەگرت زیادی دەکرد تا ئەو ڕۆژە هات هەموو بۆ گوێگرتن دەچوون، پاشان خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر، لەکۆتاییش لە سوڵتان ئابادیشەوە دەچوون.

ڕۆژێك زۆرابی بینی. سیامەند بیریکەوتەوە چۆن هەوڵی تۆڵەی دابوو و چۆن تۆڵەی خۆی سەندبوو و چەند زیانی بە زۆراب گەیاندبوو، چەندیش زۆراب لەلای خۆیەوە ویستبووی تۆڵە بکاتەوە.

باسەکەی دامەزراند:

**((لەپێناوی ئەم ژیانە کورتە بێبایەخە زەرەر بە یەکتر دەگەیەنن. تەماشای من بکەن. من بەشی خۆم زەرەرم گەیاندبوو بەڵام دوایی زانیم ئەوەی بەدوای ڕامدەکرد بەتاڵەو ئەوە ناهێنێ مرۆڤ لەپێناوی تەنانەت زیان بە ئاژەڵیش بگەیەنێ)).**

کاتی خۆشی بیری لەوە دەکردەوە پەتایەك بڵاوبکاتەوە:

**((پەرستنی ئەم ژیانی دونیایە نەخۆشییە، پەتایە، دەبێ لەدەستی هەڵبێن، هەڵبێن‌و خۆتان ڕزگار بکەن)).**

بڵاوکردنەوەی پەتا بۆ ئەوە بووە گوند چۆڵ بێ ئەویش گەنجینەکانی شارەکۆن دەربێنێ:

**((لەدەستی ئەو پەتایە ڕابکەن گەنجینەکانی ئاسمانتان بۆ دەکرێنەوە)).**

سیامەند چاوەڕێی کرد وشەکانی بچنە بەردەم دەرگایەکی کراوەی دڵی زۆراب‌و لەوێوە بۆ ناو ئەو دڵە، بەڵام شتێکی تر هێرشی بۆ زۆراب دەبرد. ئاغا لەو دەسەڵاتە ڕۆحییەی ئەو لاوە دەترسا، ئەو خۆشەویستییەش کە ئاوایی هەیبوو دیارە نەکوژاوەتەوە. زۆراب دەیبینی ڕێگەکانی ئاغایەتی لەبەردەمی سیامەند خۆش‌و تەختن، ئەمجارەیان دەسەڵات بگرێتە دەست هێز نییە لێی بسەنێتەوە. زۆراب وا بیریدەکردەوە، سیامەندیش لە جیهانە تایبەتەکەی خۆی دەژیا. زۆراب وایدەزانی سیامەند درۆ دەکات‌و بەدوای سەروەرییەکی نوێ دەگەڕێ، سیامەندیش دەیزانی شەڕ دژی درۆ دەبێ یەکێك بێ لە جەنگە گەورەکانی مرۆڤ، سیامەند دەیزانی سەرەتا درۆیەك بوو، پەیمانێکی درۆیینەی شەیتان بوو داهێنانێکی شەیتانیی هێنایە بوون: خەڵەتاندن.

ئەو ڕۆژە دوای وانەکە چووەوەماڵەوە. مۆڵەتی لە کەژە وەرگرت بچێتە بەشەکەی ئەو. سیامەند چووە ژوورەکەی پشتەوە کە

دەمامکەکانی تیٚ دانابوو. دەمامکەکەی خۆیو جوحای بینی وەکو خۆیان مابوونو دەستیان لیٚ نەدرابوو ئەوە نەبیٚ نوقمی تۆز ببوون. سیامەند دەمامکەکانی هەڵگرتو هەردووکیانی دڕاند:

**((هەموو شتێك دەبیٚ لەژێر ڕۆژی ڕووناك بیٚ)).**

ڕووی کردە کەژە:

**((دەمامك بۆ ترساندنە، بەڵام زیاتر بۆ شاردنەوەی ڕاستییە. خێویش بۆ خەڵەتاندنە. دەبیٚ درۆ کۆتایی پیٚ بیٚ)).**

سیامەند هەفتەی یەك ڕۆژی بۆ وانەکان دانابوو، کاتەکانی نێوانیش دەچووە چۆڵەوانیو بەتەنیا دەمایەوە، وەکو ئاژەڵی کێوی لە مرۆڤەکان دووردەکەوتەوەو خۆی لیٚ دەشاردنەوە. بەسەر خۆڵەکە دەڕۆشتو بیری لە خۆڵ دەکردەوە. بیریدەکەوتەوە چۆن دوای سەفەری دووەم خۆی خستبووە باوەشی سروشتو چۆن بەزەوقو کەیفەوە بەسەر خۆڵ دەگەڕا. ئێستا دەبینیٚ کە لەو کاتەی بەو شەوقو کەیفەوە بەسەر زەوی دەگەڕا ئەو لەڕاستی بەسەر وێرانە دەڕۆشت، لەناو گۆڕستان دەسووڕایەوە، پێی بە مرۆڤ دەنا:

**((بەڵیٚ مرۆڤـ . ئەو خۆڵەی لەژێر پێمانە تێکەڵەی خۆڵی سروشتو خۆڵی پاش ڕزینی گۆشتو ئێسکی مردووانە. مردووش کێیە؟ ئەوانی مرۆڤ. ئەوان. ئەوان نەك من. بەڵام دوای ئەوان من. منی وەکو ئەوان مرۆڤ)).**

ئەو شیعرەی بیرکەوتەوە کە لە کابرا هیندییەکەی گوڵعەنبەر بیستبوویو بیرینەمابوو شاعیرەکە کێیەو خەڵکی کوێیەو تەنها دەیزانی زۆر پێش ئێستا مردووە. شاعیرەکە بە مرۆڤی دەیوت بەئەسپایی پیٚ بەسەر زەوی بنیٚ چونکە ڕەنگە لەو کاتە بەسەر لاشەی کچێکی شۆخوشەنگ دەڕوات کە دەمێکە مردووەو ئێستا بۆتە خۆڵ. بەدەم ڕۆشتنەوە بیری لەو لاشانە دەکردەوە کە ئێستا بەسەریان دەڕوات:

**((ئاااخ مرۆڤـ! دەڕۆیو نازانی بەسەر چیو کیٚ دەڕۆی، چەند بێئاگای! بەڕاستی بێئاگای. ئەو مرۆڤەی بەتەوسو کەیفەوە دەڕواتو تەنها بیر لەم ژیانە دەکاتەوە زاڵمە، دەڕواتو پیٚ بەسەر براو خوشکەکانی دەنیٚ، براو خوشکو باوکو دایکو باپیران. مرۆڤ چەند بێئاگای!))**.

دەڕۆشتو جار بووە پێی هەڵدەبڕیو بەرلەوەی دایبنێتەوە وریا دەبووەوەو بەهێواشی دەیخستە سەر شوێنێکی تر. هەستی دەکرد خەریکە پیٚ بە چاوی کوڕێك یان کچێکەوە بنیٚ زۆر پێش ئەو ڕۆژە مردوونو ئەو دوو چاوەیان بوونەتە خۆڵ. دیمەنی ئەو هەموو مرۆڤەی ژێر پێی، وێنەی ئەو کوڕە بەگوڕانەو ئەو شەنگەکچانەی بوونەتە خۆڵو خۆی لێیان لا دەدات دڵی زامدار دەکردو ئەو دڵە بەگریانەوە هاواری لێدەکردو لێی دەپاڕایەوە:

**((بڕۆ. بڕۆ. دووربکەوە. لەسەر ئەم خۆڵە مەمێنەرەوە))**.

سیامەند تازە گەڕابووەوە بەڵام هاواری دوورکەوتنەوە بەردەوام ڕاوی دەنا. ئەمجارە شوێن گرنگ نەبوو، گرنگ تەنیا بوو، گرنگ نەمانی پەیوەندییە دونیاییەکان بوو، دەیتوانی هەر کوڕی گوند بیٚ، لەهەمان کاتیش دوورکەوێتەوە:

**((مرۆڤەکان تووشی غەفڵەتمان دەکەن، لە شتە گرنگەکان بێئاگامان دەکەن))**.

شاخەکە بووە باشترین دۆستی، تەنیایی ئەویٚ بێخەوشە، ئەویٚ گوناهی لەسەر نەکراوە، ئەوێش پاشماوەی مرۆڤێکی پێش خۆی لیٚ نەبوو بترسیٚ پێی پیا بنیٚ.

جارێك ئەشکەوتێکی بچووکی بینی کە تا ئەو کاتە نەیدیبوو، ئەشکەوتێك بەشی تەنها دانیشتنی دەکرد، ئاوایی لێوە دیار نەبوو، هیچ ئاواییەکیش جگەلە سوڵتان ئابادو چەند گوندێکی دوور. حەزی کرد بڕیار بدات ئەو ئەشکەوتە بکاتە ماڵی خۆی. چاوی بە خوار

شاخەکە گێڕاو بەشێکی شارەکۆنی بینی. سەربازەکەی نەبینی. چاوی نووقاند بۆ ئەوەی بە دڵ بیبینێتەوە. بینی دەمی کردۆتەوە بۆ ئەوەی قسە بکات. سیامەند دەنگی نەبیست بەڵام زانی باسی چی دەکات، ئەوەی پێ نەوت کە ئێستا حەزی دەکرد بیبیستێ. سەربازەکە وتی مرۆڤ باوەڕی بە هەرچییەك هەیە با باوەڕی پێی هەبێ، بەڵام بۆچی ئەو باوەڕە وەکو باڵندە دەخاتە ناو قەفەزەوە لەجیاتی ئەوەی لەناو خەڵك بەرەڵای بکات؟ سیامەندیش ئەوەی دەزانی، دەشیزانی لەزەتێکی گەورەیە مرۆڤ ئەوە نەکاتو تەنیا بێ، دەشیزانی ئەمە خۆپەرستییە، دەشیزانی تەنیایی سەلامەتییە، دەشیزانی خۆدزینەوەیە لە ئەرکو لە بەخشین. دەیزانی ئەگەر باوەڕە نوێکەی بەڕاست دەزانێ ئیتر بۆچی خەڵکی سەرگەردانی لێ بێبەش بکات، بەڵام دەشیزانی ئەو بێدەسەڵاتەو ئەو ئەرکەی پێ هەڵناگیرێ. یان وای بۆدەچوو بێدەسەڵاتە: ((**چیم بۆ دەکرێ بۆ ئەو مرۆڤانە؟**)).

حەزی لە تەنیاییەکی بێسنوور بوو، حەزی لە پچڕاندنی هەموو پەیوەندییەکی دونیایی بوو، دەبێ حەز لەوەش نەکات خەڵك چاوی لێبکەنو ئەو پەیوەندییانە بپچڕێنن:

((**سیامەندی کۆنە شوان! ئەگەر بڵێی حەز ناکەم چاوم لێ بکەن ئەی بۆ خۆت دەیکەی؟ ئەگەر حەزیش دەکەی بچۆو پێیان بڵێن وەکو گورگو ڕیوی بچنە کونەکانو ئەشکەوتەکان، لەسەر گیا بخۆنو با برسێتی منداڵەکانتان بکوژێ**)).

پرسیارەکەی لێ کرابوو، ئەویش نەیدەزانی چی بڵێ:

((**وا من دەستم لەم جیهانە هەڵگرت، وا کەژەش چاوی لە من کرد، بەڵام دەکرێ هەموو خەڵك وا بکەن؟**)).

دەیزانی ناتوانن وەکو خۆی بکەن، دەشیبینی ئازار دەیانگوشێ چونکە ناتوانن وەکو خۆی بکەن، خۆی ڕێگە سەختەکەی گرتۆتەبەرو

ئەوانی لەناو هەستی تاوانباری جێهێشتووە:

((**ئەی بۆچی گەڕامەوە گوند؟ بۆ ئەوەی پێیان بڵێم تەماشا بکەن چەند بەرزمو تەماشا بکەن چەند نزمن؟**)).

سیامەند چاوی بەناو ئەو ئەشکەوتەی هێندەی گۆڕێکی گەورە بوو گێڕا. بە ئاوێنەی بەزەیی بە خەڵك وێنەی خۆی لەو ئەشکەوتە بینیو بۆی دەرکەوت خۆی پێش هەموو کەسێك شایەنی بەزەییە" لەسەر ئەو شاخە چەند بچووك بۆتەوە:

((**منم جەنگاوەری هەڵهاتوو لە گۆڕەپانی جەنگ، منم ئەو کەسەی هاواری بەرامبەرەکانی زەرنەقی بردووەو بۆ سەلامەتی هەڵهاتووە. ئەگەر ئەوە سەلامەتی بێ**)).

سەیرێکی تری دەشتەکەی بەرپێی کردەوەو هەزاران تارمایی ڕەشی ناشیرینی بینی، تارمایی ڕەشی ناشیرین دێنو دەچنو ڕادەکەنو پێدەکەننو پیلان دەگێڕنو خەڵکی دەخەنە داوەوە، سەریش بۆ ئەوی هەڵهاتوو هەڵدەبڕنو پێدەکەنن. پەنجەی بۆ درێژ دەکەنەوەو پێی پێدەکەنن، ئەوان کاردەکەن، ئەویش خۆی دزیوەتەوە. ئەوان کار بۆ تاریکی دەکەن ئەویش دوو لەپی لەیەك توندکردووەو کردوونی بە بەندیخانە بۆ ڕووناکییەکەی دڵی. دەبێ ئەویش کار بکات، دەبێ بۆیان دابەزێ، دەبێ لەو دەشتە ڕاویان بنێو دەریان بکات، دەبێ بۆ ناو دڵەکان شوێنیان بکەوێ.

هێواش هەڵساو لە کونەکە دەرچوو. چووە خوارەوەو ئاوڕێکی بۆ ئەشکەوتەکە دایەوە:

((**حەزم لێیە بچمە باوەشتەوەو لە مرۆڤەکان دووربکەومەوە. حەزم لێیە، بەخوا حەزم لێیە، بەڵام دەزانم نابێ. بەخوا دەزانم نابێ**)).

سیامەند گەڕایەوە گوندو بڕیارەکەی بە کەژە وت، بڕیاری داوە بگەڕێتەوەو بجەنگێ، بڕیاریشی داوە خۆی بکاتە نموونە، نە هەڵهاتن لە ژیانو نە خەڵەتان پێی، دەبێتەوە بە شوانو بۆیان دەسەلمێنێ کە

پیاوچاکان ئەشکەوتەکانیان جێهێشتووەو بۆ دەشت دابەزیوەو ئەویش چاویان لێدەکات.

سیامەند فیکرەکەی پێ وت: شوانی فێرکردنی خەڵکە کار بکەن‌و نەبنە بار بەسەر کەسەوە، هاوسەنگییەك دروست دەکات لەنێوان حەزکردن بە تەنیاییو خەمخواردنی خەڵك، ڕزگارکردنیانە لە لەتبوون لەنێوان نموونەیەك بەرز دێتە پێش چاویان‌و ژیانێك داواکاریی خۆی هەیە، لەتبوون لەنێوان پشتکردنە هەموو شتێکی دونیاو داواکارییە پێویستەکانی ئەو دونیایە. سیامەند دەبێتەوە بە شوان، بەڵام کە دەشبێتەوە بە شوان تەنیایی هەر لەدەست نادات، لەو تەنیاییەو لەو چۆڵەوانییە شتی نوێ فێر دەبێ، خۆی بەهێز دەکات، پاشان دەگەڕێتەوەو چی فێر بووە دەیبەخشێ. زانین‌و هێزیان پێدەبەخشێ.

بڕیارەکە بەدڵی کەژە نەبوو. کەژە نەیدەزانی بۆچی، نەدەیزانی هۆکەی ئەوەیە تا ئێستا ڕۆژانە سیامەندی دەبینی، سیامەند کاتێك بەدوای تەنیایی دەگەڕا ڕۆژانە لەو ماڵە لەبەرچاوی دەهات‌و دەڕۆشت‌و دەیبینی ئەگەرچیش بۆ ماوەیەکی کەم بێ، بەڵام ئێستا دەبێتەوە بە شوان‌و لەجاران کەمتر دەیبینێتەوە. کەژە ئەوەی نەدەزانی، سیامەندیش لەو هەستەی بێئاگاتر بوو.

سیامەند مەڕەکانی بردو چووەوە دەشت، بەڵام خەڵك لە دەشتیش دەچوونە لای‌و ئەو تەنیاییە کاتییەیان لێ تێکدەدا. زانییان بۆتەوە بە شوان‌و زانییان لەکوێ ڕانەکەی دەباتە لەوەڕو دەچوونە ئەو شوێنە. سیامەند لایان پایەبەرزتر بوو. ئەوان دەیانوت با بچین بۆ لای ئەو پیاوە موبارەکەی وەکو پێغەمبەران شوانی دەکات. دەچوون‌و نەیاندەهێشت خۆشی لەو تەنیاییە ببینێ‌و زیاترو زیاتر ناڕەحەتیان دەکرد. ئەو ڕووی لە کەس وەرنەدەگێڕا. وەڵامی هەموو

پرسیارێکی دەدایەوە، ئەگەر وەڵامەکەی بزانیبایە، زۆرتریش وەڵامەکانی نەدەزانی:

((**نازانم. من تازە بوومەتە قوتابی**))، وەڵامی زۆربەی پرسیارەکان بوو.

ئەو دەیویست تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵك بەئەندازەیەك بێ، بەشی ڕزگاریی خۆیو ئەوان، ئەوانیش بەو هاتنە بەردەوامەیان ناچاریان دەکرد بیر لە تەنیاییەکی تەواو بکاتەوە، بەڵکو جارێکی تر بیر لە هەڵهاتن بکاتەوە. ئەو هەستی دەکرد قەرەباڵغییەکەی چواردەوری بەرەو لەخۆبایی بوون دەیبرد، ئەو کاتەش لەجیاتی خۆساغکردنەوە بۆ بیروباوەڕەکانی حەزکردن بە ناو و دەستکەوتنی پلەوپایە دەچێتە دڵییەوە، ڕێك وەکو جاران کاتێك جادووگەر بوو، ڕێك وەکو جاران پێش ئەوەی ببێتە جادووگەر.

چەندین جار پێی دەوتن ئەو کەسێکی ئاساییە، کەسێکی ئاساییە بەڵام ڕێگەکەی گرتۆتە بەر، ئەوانیش ئەگەر ڕێگەکە بگرنە بەر دەتوانن بگەنو پێش ئەویش بدەنەوە. زووتر کاتێك بیری لە گەنجینەکانی شارەکۆن دەکردەوە وا تەماشای خۆی دەکرد: ((**خەڵك لەدوورەوە شامار دەبینن،و دەڵێن ئەوە گوندی سیامەند ئاغایە**))، دواییش کە بووە جادووگەر دیمەنەکەی وا دەبینی: ((**لەدوورەوە شامار دەبینن،و دەڵێن جادووگەرێك لەو گوندە هەیە بەتواناو بەسامە**))، ئێستاش دەیەوێ لەهەموو ناوو ناوبانگێك دووربکەوێتەوەو دیمەنی پیاو و ئافرەتەکانی گوندەکانی ترو شارەکە بێتاقەتی دەکرد کە لەدوورەوە تەماشای گوندەکە دەکەن،و دەڵێن شامار لاوێکی موبارەکی لێیە.

سیامەند زانی، یان وای بۆچوو، کە ئەو هاوسەنگییەی نێوان تەنیاییو تێکەڵاوی کە بەدوای دەگەڕا نایدۆزێتەوە، موعاناتیشی

بەردەوام بوو تا ئەو ڕۆژەی بڕیاری دا بێ پێچوپەنا بەزینی خۆی ڕابگەیەنیێو کۆتایی بەو ئازارە بێنێو جارێکی تر هەڵبێتەوە. ئەو ڕۆژە مەڕەکانی بردەوە ماڵەوەو لەو دیو دەرگاوە بانگی کەژەی کرد. کەژە چووە دەرەوەو لێی پرسی چۆنە وا زوو گەڕاوەتەوە. سیامەند بەخەفەتەوە پێی وت کە دەبێ دیسان سەفەر بکاتەوە. کەژە لەگۆ کەوتو سیامەند سکاڵای دڵی خۆی هەڵڕشت:

**((من لاوازم، لەوە بێهێزترم بتوانم بۆ خۆشمو بۆ ئەوانیش بژیم، دەچمە شوێنێك کەس تێی نەمناسێتەوە. ئەوان بەردەوام دێن، دێن بۆ لای منی تاوانباری لاوازو داوا دەکەن دوعایان بۆ بکەمو داوای هێزو لەشساغیو دەوڵەمەندیو لێخۆشبوونی خودام لێدەکەن. من کێم؟ بۆچی وازم لێ ناهێنن؟ ئەوان بەردەوام بەدوامەوەن تا ئەو کاتەی قەناعەتم پێدەکەن بەڕاستی کەسێکی موبارەکم. منی تاوانبار)).**

کەژە بێدەنگ بوو پاشان گریا. ئەو گریانە لای سیامەند سەیر بوو. وایزانی کەژە سوودی لە وانەکانی پشتبەستن بە خاوەنەکەی وەرنەگرتووەو لە دواڕۆژی هەژاری دەترسێ:

**((مەترسە! هەموو مەڕەکانت بۆ جێدەهێڵم، شوانێکیشت بۆ ڕادەگرم)).**

گریانەکەی کەژە وەستا:

**((بۆچی وا دەزانی خەفەتی ئەوەمە؟)).**

ئەو وتی هەر دەبێ بڕۆم. کەژەش زانی پەشیمان نابێتەوە، زانی هەر دەڕوات بۆیە نەیتوانی هاوار نەکات:

**((ئەوان پێویستیان بە تۆیە. من پێویستم بە تۆیە)).**

هەر ئەوەندەی وتو شەرم زمانی بەستو پەشیمان بووەوە. پشتی تێکردو بۆ ژوورەوە هەڵهات. لاوەکە لەشوێنی خۆی وەك بتی لێهات، یەکەم جارە ئافرەتێك پێی بڵێ ئەوی دەوێ. لەوانەیە چەندین ئافرەت ویستبێتیان ئەوەی پێ بڵێنو شەرمیان دەکرد، ئەو هەر

جارەی خولیای شتێك بووەو دەیوت پەلەی ئافرەتم نییە. ئەمجارە نەیتوانی هیچ بڵێ، بێدەنگو ڕوو لە زەوی لەو شوێنە ترازا، مەڕەكانی ڕاداو دووركەوتەوە، لەڕێگە بڕیاری دا نە سبەیو نە دوو سبەی، ئەمڕۆ دوایەمین شەو لە گوند بەرێتە سەر، ڕانەكە دەباتە لەوەڕو زوو دەیانهێنێتەوە، بیر لە كەسێكی گونجاو دەكات شوانی بۆ كەژە بكاتو سبەی زوو بۆی دەربچێ.

لەگەڵ ئەوەش نەیتوانی لۆمەی خۆی نەكات:

((**كەژە ڕاست دەكات. چۆن واز لەو خەڵكە بێنم؟ چۆن وا زوو و بۆ دووەمین جار لە شەڕەكە هەڵهاتم، ڕاست دەكات. بەڵام..**)).

نەشیتوانی قسەكەی كەژە لە مێشكی دەربكات: ((**پێویستم پێتە**)).

جوحای بیركەوتەوە:

((**چۆن بێوەفاییە بەرامبەر جوحا ئەگەر ژنەكەی بخوازم**)).

بەڵام دەنگێكی تر هەبوو خۆی بۆ ماتدابوو، دەنگەكە توند هێرشی بۆ برد، هێرشێكی پڕ لە گاڵتەجاڕی:

((**ئەی بێوەفایی نییە ژنەكەی بەتەنیا جێبهێڵی؟ دیارە بێوەفایی چۆتە خوێنتەوە**)).

سیامەند وەڵامی دەنگەكەی دایەوە:

((**كەژە تەنیا نییە، سیامەندی بچووكی لەگەڵە، خوای ئەویشو سیامەندی بچووكیشی لەگەڵە**)).

دەنگەكە بە لاقرتییەوە پێی وت كە خۆی لە ڕاستییەكە دەدزێتەوە:

((**كەواتە بچۆ بە خاوەنەكەیان بڵێ منداڵان چیتر پێویستیان بە باوك نییە**)).

ئەو دەیویست دەرگا دونیاییەكانی تر دابخات كەچی دەرگایەكی تری بۆ كراوەتەوە، دەرگایەك بیری لێنەكردۆتەوە:

((**دەمویست لە پەیوەندییەکانی هاوڕێتی و دراوسێتی دووربکەمەوە کەچی پەیوەندییەکی گەورەترم بۆ دەرپەڕی پێم دەڵێ وەرە، پێم دەڵێ پێویستم پێتە**)).

دەنگەکە گاڵتەی پێکردەوەو پێی وت چاوەڕێی چی دەکات؟

((**بۆچی هەڵنایەی؟ یان خۆت بشارەوە هەروەك ئەو وشترمەلەی جارێکیان لە وێنەیەك بینیت لە ترسا سەری لەناو خۆڵ شاردبووەوەو وایدەزانی دوژمن نایبینێ**)).

دەنگەکە زیاتر گاڵتەی پێکردو نەیهێشت قسەیەکی تر بکات:

((**بێگومان ئەوەش نابینی کە کەژە گەنجەو دەبێ شوو بکاتەوە. گوێ لە هاوارەکەی کەڕ دەکەی و لەبیرت چووە خۆت پێت وتووە نابێ ئافرەت بەتەنیا بمێنێتەوە**)).

سیامەند چارەسەرەکەی وت:

((**من نا. کەسێکی باشی بۆ دەدۆزمەوە**)).

لاقرتیی دەنگەکە لەگوێی دەنگیدایەوە:

((**بۆی بدۆزەرەوە! بزانە جوحا کێی خۆشدەویست، کەسێك لە تۆ زیاتر خۆشیدەویست و بۆ کەژەی بدۆزەرەوە**)).

بەڵام جوحا کێی لە سیامەند زیاتر خۆشدەویست؟ کەس.

سیامەند نەیزانی کامەیان زوڵمە لە هاوڕێکەی" ژنەکەی بخوازێ یان ژنەکەی جێبێڵێ. پێش ئەوەی ببێتە جادووگەر، دوای ئەوەش هەروا، گوێی نەدەدایە ئەو حەزەی جوحا کە بە ڕەزێی بەخشیبوو. ڕەزێ ڕۆشت و دڵی جوحا بۆ خەجێ لێیدا دڵی ئەویش هەر بەردە ڕەقەکەی جاران بوو، دڵی رەق بوو، گاڵتەشی بەو هەستانە دەکرد کە نیازێکی خراپی لەپشتەوە نەبوو. نەخێر! هەستەکانی جوحا لە ئاوی ڕوون پاکتر بوون. ئەو زوڵمەی لە جوحای هاوڕێی کردی لەو ئاستە نەوەستا، ئەو کاتێك لە سەفەری دووەمی گەڕایەوەو عیشقی سروشت و توانەوە لەناوی لەگەڵ خۆی هێنا جوحای نوقمی خەیاڵێك کرد، ڕەنگە ئەگەر جوحا تا ئەو کاتە کەژەی نەهێنایە پێی دەوت بیر

لە ئافرەت نەکاتەوەو لەجیاتی ئەوە سروشت بخوازێ. جوحا ژیاو مردو ئەو هەر زوڵمی لێدەکرد، ڕاستە ئێستا وەکو هەموو ترسنۆکێك لە شەڕەکە هەڵبێ‌و کەژەو منداڵەکەی وەکو جارەکەی تر بەتەنیا جێبهێڵێ؟ خەڵك تەنیاییەکەی دەشێوێنن؟ بەڵام کەی خاوەنی خەڵك ئەو جۆرە تەنیاییەی ویستووە؟

ئێستا دەیزانی چەند ترسنۆکە، بەپاڵ ترسنۆکیش خۆپەرستییەکەی جارانی تێ مابوو. ئێستا ژیانێکی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو گوایە خۆپەرستیی تێ نەبوو، ژیانێکە تا کۆتاییەکەی دێ هەر فێربوون‌و فێرکردنی کەسانی تر بوو کەچی دەیویست لەو ژیانە تەنیا بێ. دەیویست بۆ خۆی بژی لەو کاتەی کەسانی تر پێویستیان پێی بوو، لەو کاتەی هەموو کەسێك پێویستی پێی بوو" ئاواییەکەی خۆی پێویستی پێی بوو، ئاواییەکانی تر، شارەکە، سیامەندی بچووك.... و دایکی.

کتوپڕ هەستی کرد دڵی یەکلابۆتەوە" دەبێ بۆ ئەوانی تریش بژی، ئێستا لەجاران دڵنیاتر بوو کە دەبێ زیاتر بۆیان بژی، زیاتر لەو بڕە کەمەی بە ڕەوای دەزانی. ئێستا ئەو ڕۆژەی باشتر لەبیرە کە کتوپڕ بە کارێك گەڕایەوە ماڵەوەو خۆتەرخانکردن بۆ ئەوانی تر لەبەرچاوی لە کەژە بەرجەستە ببوو. ئەو ڕۆژە کەژەی بینی قسە بۆ ژنان دەکات. چەند ئافرەتێك لەدەوری کەژە کۆببوونەوەو ئەو بەو وشە سادانەی دەیزانین ئەو قسانەی بۆ دەکردن کە لە خۆی بیستبوونی، خەریك بوو دیمەنەکە دوو باڵی پێ بدات لەخۆشییا پێیان بۆ ئاسمان بفڕێ" ئەوەتا بەرهەمێکی دەستی خۆی دەبینێ. کەژە تا ئێستا تەنها گوێگر بوو و لەم ئێستایە بۆتە قسەکەر، تا ئەو کاتە وەرگر بوو و لەم کاتە خۆی دەبەخشێ. هەر ئەو ڕۆژەش زانی کەژە ماوەیەکە خەریکەو کارێکی باشی کردۆتە سەر ئافرەتانی گوند.

دڵی سیامەند بۆ ئەو یادە کرایەوەو بڕیاری دا سەفەر نەکاتو بە کەژە بڵێ نیازێتی تەنیا نەبێ. زەردەخەنەیەك چووە سەر لێوی‌و زانی ئەو هەوایەی دەی لە دەموچاوی شەماڵێکی فێنکە، ئێستا هەست بەو فێنکییە دەکات، ئێستا هەردوو جوانی‌و ڕاستی پێکەوە دەبینێ. سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی‌و تەماشای پەڵە هەورەکانی کرد. سوپاسی خاوەنەکەی کرد کە دەرگاکانی لەبەردەم مرۆڤ دانەخستووە. بەر لە وادەی گەڕانەوە ڕانەکەی بەرەو گوند وەرچەرخاند. هەر ئەوەندە بگاتەوە ئاوایی بە کەژە دەڵێ بڕیاری داوە دیواری نێوان دوو بەشی خانووەکە بڕووخێنێ.

## 23

# مرۆڤو گورگ

سیامەند ئاگای لەو ورتەورتە نەبوو کە چەند ڕۆژێك بوو لەناو گوند دەستی پێکردبوو و ئەو ڕۆژە گەشتبووە ئەوەی ببێتە قسەی ئاشکراو بەرەوڕووی خۆی بکرێتەوە. هەستیشی بە ساردبوونەوەی بەشێکی خەڵکەکە بەرامبەری نەکردبوو، تێبینیشی نەکردبوو کە ئەو چەند ڕۆژە کەسی ئاوایی بۆ لای نەهاتووە.

سیامەند خۆیو مەڕەکانی گەیشتنە لای سێ کەس لەبەردەمی ماڵێك دانیشتبوون. سڵاوی لێکردنو تێپەڕی. وەڵامە ساردەکەیان ئەمجارە سەرنجی ڕاکێشا، گوێشی لە قسەکەیان بوو کە مەبەستیان نەبوو بەئەسپایی بێ:

((هەتا ئەمانەش شتی خراپ دەکەن)).

((هەموو درۆ دەکەن)).

یەکێکیشیان:

((دە با بیهێنایە. باشتر نەدەبوو لەوەی بەدزیی دێکەوە لە دیوارەکە خۆی هەڵداتە ماڵەکەی؟)).

خوێن لەناو کەلـلەی سیامەند قوڵپی دا" ئەو قسانە ڕوویان لە خۆیەتی، خۆیو کەژە. بەرلەوەی بگاتە ماڵەکەی بەلای چەند ئافرەتێك تێپەڕی کە ئەوانیش لەبەردەگای ماڵێك وەستابوون وەك چۆن چاوەڕێی گەڕانەوەی بن تا ئەو قسانە بدەن بەگوێی:

((ئەو کەژەیەی وامانزانی مەلایکەتی خوایە))، باوەڕی نوێی

یەکەمیان بوو.

((**بۆیە نەیدەیوست بچێتەوەماڵۆڵە**))، ئەو ئەنجامەی لای دووەمیان بوو.

((**چۆن دڵی دێ بەجێیبێڵێ**))، مۆرکردنی سێیەمیان بوو.

سیامەند هەموو شتێك تێگەیشت. زانی شتێك لەبارەی خۆیو کەژەوە دەوترا، شتێکی خراپ، شتێکی زۆر خراپ، مابوو دڵنیا بێ، مابوو وردەکاری بزانێ.

لەدەرگایماڵەکەی داو چاوەڕێ بوو کەژە بێتە دەرەوە. کەژە دەرگاکەی بۆ کردەوەو دیار بوو هیچی نەبیستبوو. سیامەند شتێکی لێ پرسی نیوەدڵنیا بوو وەڵامەکەی نەخێر دەبێ:

((**ئەمڕۆ ئەو ژنانە هاتن بۆ گوێگرتن ؟**)).

کەژە وایزانی سیامەند هۆکەی دەزانێ:

((**سەیرە! ئەمڕۆ بڕیار بوو بێن بەڵام نەهاتن. تەنها کچێك هاتو هەندێ قسەی کردو لێی تێنەگەیشتم، ئەویش دایکی خێرا بەدوای هاتو بەتووڕەییەوە بردییەوە. چی ڕووی داوە؟**)).

سیامەند دڵی پڕ بوو و بەحاڵ توانی وەڵامی بداتەوە:

((**شتی خراپ. شتی زۆر خراپ**)).

پشتی تێکردو ڕۆشتو ئافرەتەکەو دوو چاوی سەرسامی جێهێشت.

سیامەند شەو لەماڵ مایەوەو سەرەتای ئەو شەوە لەناو گێژاو بردەسەر. جارێك دەیوت دەچمە دەرەوەو ئاوایی کۆدەکەمەوەو دەپرسم تا بزانم چی وتراوەو هەمووی بەدرۆ دەخەمەوە، جارێکی تریش لە ڕووبەڕووبوونەوە دەترسا. هەر سەرەتای شەو بوو ئەوانە هاتن کە سیامەند دەیویست بۆ لایان بچێ. پێنج پیاوی گوند لەپشتی دیوارەکەوە کە دەرگای نەبوو هاواریان دەکرد:

((**سیامەند! سیامەند! ئیشمان پێتە**)).

کەژە گوێی لەوە بوو و زانی بەڕاستی شتێکی خراپ ڕوویداوە. سیامەند چووە دەرەوەو فەرمووی لەو پیاوانە کرد بچنە ژوورەوە بەڵام ئەوان ویستیان هەر لەدەرەوە بیبڕێننەوە:

((**دەبێ کەژە بێنی یان خۆت و ئەو لە ئاوایی نەمێنن**)).

سیامەند لێی پرسین:

((**ئەوەیە کە من دەمویست بیزانم. چی ڕوویداوە؟**)).

یەکێکیان بەخێسەوە سیامەند توانی لەو تاریکییە هەستی پێبکات:

((**خۆتی لێ گێل مەکە. تۆ دەزانی لەوەتەی هاتووی بە قسەی زل دەمانخەڵەتێنی، بەڵام خوا سڕی هەڵماڵیت**)).

سیامەند سوور بوو بزانێ چی وتراوە:

((**یەك بست لەم دێیە دوورناکەومەوە تا نەزانم چی بووە**)).

ماوەیەك دووبارەی دەکردەوەو دووبارەیان دەکردەوە. لەکۆتاییش پێیان وت. بۆیان باس کرد چۆن شەوانە لەسەر دیوارەکەوە خۆی بۆ لای کەژە هەڵدەدات و شەو پێکەوە دەمێننەوە. وتیشیان کە ئەو و کەژە هێندە لەو پەیوەندییە ڕۆچوون تەنانەت بەڕۆژیش دەچێتە لای و ئەمڕۆ چەند کەسێك بینییان ناوەخت گەڕاوەتەوە ماڵەوە. لەکۆتاییش دووبارەیان کردەوە کە دەبێ چارەسەری ئەو تاوانەی بکات و کەژە بێنێ یان خۆی و کەژە بۆ سبەی لە گوند نەمێنن. سیامەند نەیتوانی بەرگری لەخۆی بکات، نەیتوانی هیچ بڵێ ئەوە نەبێ تا سبەی لەسەری بوەستن و ئەگەر نەیتوانی بێتاوانیی خۆیان بسەلمێنێ ئەو کاتە حەزیان لەچییە با بیکەن.

کەژە لەحەوشەکەی خۆیەوە گوێی لەهەموو شتێك بوو. پێش ئەوەی پیاوەکانیش بڕۆن هەناسەی سوار ببوو. دەستی خستە سەر سنگی و ویستی هاوار بکات بەڵام نەیتوانی. پاشەوپاش گەڕایەوە هەیوانەکە. زۆری لەخۆی کرد تا گەیشتە ژوورەکە و بێجووڵە کەوتە

سەر جێگە. سیامەند کە ئاگای لە کەژە نەبوو بەپێویستی نەزانی بەو شەوە هیچی پێ بڵێ، پێویستیش بوایە نەیدەتوانی هیچ بڵێ، چی بڵێ؟ چۆن بیڵێ؟ دونیا لەبەرچاوی بووە دۆزەخ، ئەو ساتەش حەزی کرد ڕۆژی بارانەکە لافاو بیبردایە، حەزی کرد هەر بەمنداڵی بمردایە. شەو وەکو پەڕۆ بەسەر جێگەکەی کەوتبوو و تا کازیوە هەڵنەسا. دوێنێ بڕیاری دابوو کەژە لەخۆی بخوازێ بەڵام دەبێ واز لەو فیکرەیە بێنێ، کەژە بخوازێ واتای ئەوەیە ددان بەتاوانەکەی دەهێنێ، گوندیش جێبێڵێ هەمان شتە.

بەیانی وەکو جاران ڕانەکەی بردە دەرەوە. دەنگی کەژەی نەبیست. ماوەیەك خۆی دواخست بەڵکو بێتە دەرەوە تا پێی بڵێ چ کارەساتێك ڕووی تێکردوون. کەژە هەر دەنگی نەبوو ئەویش ناچار بوو هەندێ تەقەتەق بکات، بەڵام کەژە هەر دەنگی نەبوو. سەری کز کردو ڕۆشت. مەڕو بزنەکان ڕێگەکەیان دەزانیو پێویستیان بە شوانەکە نەبوو، خەمبارییەکە هەر وەکو ئەو ڕۆژەی جوحای بەمردوویی بەسەر پشتی گوێدرێژەکەوە هێنابووەوە ئاوایی، ڕۆژێکە لەوەش خەمناکتر.

سیامەندو و ڕانەکەی گەیشتنە چەمەکە. ماوەیەك بوو ئاوی چەم کەم ببووەوەو خەڵك لەوە دەترسان بەتەواوی وشك بکات. قسەی پیاوێکی شەوی بیرکەوتەوە کە وتبووی سیامەند ئاوی لە گوند بڕی. کەواتە گوند وا دەزانێ ئەو گوناهەی سیامەندو کەژە دەیکەن هۆی کەمبوونەوەی ئاوی چەمەکەیە، کەواتە ئەو و کەژە لەبەرچاوی گوند زۆر گوناهبارن، کەواتە گوند باوەڕی تەواویان بەو درۆیە هەیە.. درۆ! کێ ئەو درۆیەی هەڵبەستووە؟ کێ بۆتە دوژمن؟ یان کێ دوژمنەو سیامەند نەیزانیوە؟ زۆراب؟ بەڵگە چییە ئەوە؟

سیامەندو ڕانەکەی چەمەکەیان جێهێشت. سەری بۆ ئاسمان

بەرزكردەوەو لەناخەوە گریا:

**((بەلایەکە ناردووتە بۆمان. دەتتوانی نەیهێڵی بەڵام هێشتت، شتێکە تۆ دەیزانیو ئێمە نایزانین، دەترسم تا بیزانین ئێمە بمرین، بەڵام نە ئێستاو نە هیچ کاتێکی تر لە بەزەیی تۆ بێئومێد نەبووم)).**

ئاوڕی بۆ تەپۆلکەکە دایەوە. بە چاوی دڵ گۆڕی جوحای هاوڕێی خۆشەویستی بینی. لەپڕ گریا. گریاو گریاو نەیتوانی قسە بکات، ئینجا قسەی کرد، هەر بەگریانەوە لەدوورەوە قسەی لەگەڵ ئەو گۆڕە کرد:

**((جوحا گیان! بمردمایەو نەهاتمایەوە گوند. بۆچی هاتمەوە؟ بۆ ئەوەی تا بمرم زوڵمت لێ بکەم؟ کەژەی داماو ئێستا لە ماڵە. ماوەیەکی تر چاوەڕێی ئەو ئافرەتانە دەکات بچنە ماڵەکەیو گوێ لە ئامۆژگاریی پاکی بگرن. ئامۆژگارییەکانی پاراستنی لەشو دڵو زمان لە گوناه. چاوەڕێیە بچن تا پێیان بڵێ دانایی یەك وشەیە: هەڵنەخەڵەتان بەم ژیانە کورتە. کەژە چاوەڕێ دەکاتو چاوەڕێ دەکات بەڵام کەسیان ناچن، کە خۆشی دەچێو هەواڵیان دەپرسێ دەبینێ لاشەی لەبەردەمیان ئەنجن ئەنجن کراوە)).**

سیامەند ئەو ڕۆژەی لەسەر ئاگر بردە سەر. نەیدەزانی چۆن بێتاوانیی خۆیو کەژە بسەلمێنێ. زۆر بیریکردەوە. هێندە بیریکردەوە ماندوو بوو. هەموو ڕێگەکان لەبەردەمی داخرابوون. چەند سەعاتێك بۆ وادەی گەڕانەوە مابوونو ئەو نەیتوانیبوو هیچ چارەسەرێك بدۆزێتەوە. بیریدەکردەوەو تەماشای ئاسمانی دەکرد، بیریدەکردەوەو دەپاڕایەوە، لەکۆتاییش بەدەما کەوتە سەر زەویو خۆڵەکەی تێر فرمێسکی خۆی کرد:

**((لێم خۆش بە لە هەرچییەك کردوومەو پێم نەزانیوە یان لێی پەشیمان نەبووم، هەقی تاوانەکانم بەم ئاگرە لێ مەکەرەوە)).**

سیامەند پێشتر لە وادەی خۆی گەڕایەوە گوند. گەیشتەوە لای تەپۆلکەکە. تەماشای کردو قسەی لەگەڵ گۆڕی جوحا کرد:

((**خەم مەخۆ براکەم! بە مردنی خۆشم بێ دەبێ پاکیی ژنەکەت بسەلمێنم**)).

وشەی ((ژنەکەت))ی وتو دڵی وتی تازە بەهیچ جۆرێك بیر لەوە ناکاتەوە کەژە بێنێ. چووە بەردرەگای کەژە. ویستی بزانێ هەواڵەکەی پێ وتراوە یان هێشتا نەیزانیوە. دەنگ لە ماڵەکە نەدەهات. سیامەندی بچووکی بینی لەوبەرەوە لەبەردەگای ماڵی دراوسێیە. نەیتوانی هیچ بخەملێنێ. ناچاربوو لەو ژنە دراوسێیە بپرسێ. لە ژنەکەی پرسیو ژنەکە دڵی داخورپاند:

((**کەژە لەجێگە کەوتبوو و منداڵەکەی دەگریا. ئێمەش هێنامانە لای خۆمان**)).

ئافرەتەکە دەرگاکەی بەڕوو داخست:

((**تۆ بەڵای بووی بۆ خۆیومێردەکەی**)).

کەواتە هەواڵەکە گەیشتە کەژە، هەواڵەکەش لەسەری سەخت بوو، ڕەنگە کوشندەش بێ، ئێستا پێویست بوو پەلەتر بێ بۆ سەلماندنی بێتاوانییەکەی. بەڕاکردن چووە ناوەڕاستی گوند. هاواری ناردە ناو هەموو ئاوایی:

((**خەڵکینە وەرن. وەرن. کێ دەیەوێ بزانێ با بێ**)).

چەند کەسێك لێی کۆبوونەوە. لەناوەڕاستیان وەستاو ویستی هاوار بکاتەوە. هیچی نەبوو بیڵێ جگەلەوەی نەفرەت بەسەر ئەو کەسانە ببارێنێ کە ئەو قسەیەیان هەڵبەستووە، دەمی کردەوە تا توند ئەو نەفرەتە ببارێنێو هاوار بکات. هەرزەکارێك لەو کاتە بە هەڵەداوان گەیشت. ئەو بوو هاواری کرد:

((**مالە سوور گورگێکی گرت. بەخوا گورگێکی گرت**)).

سیامەند وایزانی ئەمە توانجە لەو، بەڵام کوڕەکە ڕووی لەشوێنێکی تر بوو، کوڕەکە هاواری کردەوە:

((**بەخوا بەڕاستمە. مالە سوور بە تەڵەکەی گورگێکی کوشت**)).

ئەو چەند کەسە بەپەلە شوێنی کوڕەکە کەوتن، پاشان هەموو گوندەکە چووە ئەو شوێنە. ئەو مالەیەیان بینی لەگەڵ هاوڕێیەکی گورگێکی زامداری دەستو قاچ بەستراویان ڕادەکێشا. ماله بەخۆشییەوە هاواری دەکرد:

((**کێ لێم دەکڕێ؟ کێ لێم دەکڕێ؟**)).

گورگی بردە بەردەم ماڵی خۆی. سیامەندیش چوو و گورگی بینی. زەردەخەنەیەك بازیدایە سەر لێوی، گەورەترین زەردەخەنە لەوەتەی فامی کردووە:

((**جوحا گیان! جوحای گورگکوژ! بێتاوانیی ژنەکەت وا ئاشکرا دەبێ**)).

سیامەند وازی لێهێنان تێر تەماشای گورگ بکەن. لەپشتەوە وەستابوو و ئەوان لێی بێئاگا بوون. پیاوەکان باسیان دەکرد چی لەو گورگە بکەن، زۆربەیان دەیانوت هەر ئێستا بکوژرێ، ئینجا گوێیان لە دەنگی سیامەند بوو لەپشتەوە دەڵێ:

((**ئەم گورگە بدەنە من**)).

ئاوڕیان بۆ دایەوەو ئەو قسەکەی تەواو کرد:

((**بیدەنە منو کەژە. بەو گورگە بۆتان دەسەلمێنم بێتاوانین**)).

بەکورتی فیکرەکەی پێوتن:

((**ئەمڕۆو سبەینێ ئەم گورگە برسی بکەن. وای لێبکەن لەبرسانا بەردیش بخوات. دووسبەی منو کەژە پێکەوە دەچینە لایو دوعا دەکەین ئەگەر تاوانمان کردووە گورگەکە هەردووکمان بخوات**)).

ئەو فیکرەیە جگەلەوەی گونجاو بوو خۆشیش بوو. هەموو پەسەندیان کرد. داواشی کرد هەواڵ بۆ گوندەکانی تر بنێرنو مەلایەك لە شارەکە بۆ شایەتی بانگ بکەن.

گەڕایەوەو چووە ماڵی دراوسێ. ویستی کەژە ببینێ. ژنەکە نەیهێشت ئەویش سوور بوو و وتی هەر ئەم جارە دەبێ، تازە هیچیش

نەمابوو لێی بترسێ. سیامەند کەژەی بینی لەجێگە کەوتووەو سێ کچی ژنەکە دەورەیان داوە. کەژە دوو چاوی وڕی ڕووکردبووە بنمیچو قسەی بۆ نەدەکرا. سیامەند سەری داخست. ویستی وشەکان هەڵبژێرێ بەڵام هیچی بۆ ڕێکنەخرا. وازی لەخۆی هێنا چی دەڵێ با بیڵێ:

((**براژن! ئەمڕۆ بڕیارێکم دا. بڕیارێك بۆ خۆمو خۆت. دووسبەی هەردووکمان خۆمانە دەدەینە دەستی خوا تا خۆی بێتاوانیی خۆمان بسەلمێنێ. منو تۆ پێکەوە دەچینە بەردەستی گورگێکی برسی. دەچینە بەردەمیو هاوار بۆ خوا دەکەین ئەگەر تاوانبارین بەزیندوویی دەرنەچین**)).

ماوەیەك پێویست بوو پێش ئەوەی کەژە بتوانێ ڕەزامەندی دەرببڕێ. بێئەوەی چاو لە بنمیچەکە دووربخاتەوە توانی پرسیارێك بکات:

((**بۆچی هەر ئەمڕۆ نەبێ؟**)).

((**دووسبەی. دووسبەی بۆ منو تۆ ئێستایە**))، وەڵامی دڵنیاو کورتی ئەو بوو.

ژنی ماڵەکە پرسیاری کرد:

((**ئەگەر گورگەکە بتخوات منداڵەکەت چی لێدەکەی؟**)).

گورگ نایانخوات، کەژە دڵنیا بوو، ئێستا دەیتوانی زیاتر قسە بکات:

((**منداڵەکەم؟ هەر ئەو ڕۆژە دەگەڕێمەوە بۆ لای، بە ساغی. لەئێوە ساغتر**)).

ژنەکە گریا، کچەکانیشی گریان. دواوتەی سیامەندیش ئامۆژگارییەك بوو کە هەڵسێو ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر خاوەنەکەی لەیاد نەچێ. ڕۆشتو ئەو شەوەو رۆژی دواتر لەگەڵ مەڕەکانی تەنیشت تەپۆلکەکەو چەمی هاوڕێی مایەوە.

بەیانیی ڕۆژەکە گوند قەرەباڵغ بوو. گورگ خرابووە ناو تەیمانی ماڵی ئەو ماڵەسوورە کە خەریك بوو ببێتە یەکێك لە قوربانییە یەکەمەکانی سیامەندی جادووگەر. جوحا بوو کە ڕۆژی دوای ئەوەی سیامەندی جادووگەر شتی بەئاوی چەمەکە خوێندبوو پێی ڕاگەیاندبوو ئەو ماڵەیە خەریك بوو ژنەکەی تەڵاق بدات.

پەرژینی تەیمانەکە ڕاستو چەپ بە داری بی چنرابوو و لە باڵای مرۆڤێك بەرزتر بوو، بەهەمان داریش چەپەرێك بۆ چوونە ژوورەوە دروست کرابوو. تەیمانەکە بۆ پاراستنی ئاژەڵی ماڵیو بەسوود لە ئاژەڵی دڕندەو زیانبەخش بوو بەڵام ئەمجارە ئاژەڵە دڕندەکە خۆی لەناوی بوو. خەڵك تەماشای ئەو گورگەیان دەکرد کە برسێتی هاری کردبوو و زامەکەی لەبیربردبووەوە، بە قاچێکی لەنگەوە بەدەوری پەرژینەکە دەسووڕایەوەو خۆی پیا دەکێشاو دەیلووراند.

بەرلەوەی بچێتە ئەو شوێنە سیامەند لای تەپۆلکەکە بوو. سەرکەوتو لەبەردەم گۆڕەکەی جوحا دانیشت. دەستی بەسەر خۆڵی تەنیشت کێلی لای سەرەکە هێنا وەك چۆن دەست بەسەری هاوڕێکەی بهێنێ. بزەی دڵنیایی لە ئاکامی ئەو ڕۆژە لەسەر لێوی ببوو و بەری نەدەدا. هەر بە زەردەخەنەوە قسەی لەگەڵ کرد:

((**جوحای هاوڕێم، جوحای گورگکوژ، ئەمڕۆ گورگ بێتاوانیی ژنەکەت بەگوێی ئەو خەڵکە دەدات کە قسەکردنو بێدەنگی لایان وەکو یەکە، جوحای هاوڕێم، بڕیارم دابوو ژنەکەتو منداڵەکەت بەتەنیا جێنەهێڵم بەڵام تازە ناتوانم، تازە تا مردن کەژە خوشکمە**)).

ماوەیەك وا مایەوە ئینجا چووە خوارەوە. چووە ناو ئاوی چەمەکەو خۆی پاککردەوە. گەڕایەوە گوندو لەدوورەوە قەرەباڵغییەکەی بینی. قەرەباڵغییەك بوو وەك ڕۆژانی جادووگەری کە تێیان ئاواییو ئاواییەکانی تری کۆدەکردەوە. ڕۆژانی جادووگەری لەبەردەمی خەڵکی ناوچەکە سەروەریو دەسەڵاتی خۆی

دەسەلماند، بەسەر مێملّەکانی سەردەکەوتو ئاهەنگی دەگێڕا، نمایشی تواناکانی دەکردو دەستی بەخششی دەکردەوە. شامار بەدرێژایی مێژووی دەسەلاّتدارێکی وەکو ئەوی نەدیبوو، ئەمڕۆش وەکو جاران هەستی دەکرد بەهێزە، وەکو جاران بەدەسەلاّتە، سەرچاوەکەش شوێنێکە سەرچاوەی هەموو دەسەلاّتەکانە، ئەمڕۆ ئاهەنگی سەروەری بوو وەکو ڕۆژانی دەسەلاّتی جادووگەرە مەزنەکەی شامار.

گەیشتە مالّە دراوسێکەو لەپشتی دەرگاوە هاواری بۆ کەژە کرد کە ئەو ئامادەیەو ئێستا دەڕوات با ئەویش بێ:

((**کاتێتی بچین، سێ کەس بەرامبەر ئاوایی دەبین، دوو مرۆڤی بێتاوان و ئاژەلێکی دڕندەو بێئاگا**)).

دەنگی کەژە لەژوورەوە هات، دەنگێك ماندووبوون و لاوازیی فرێدابوو و دلّخۆشیی دەناردە ئەودیو دیوار بۆ لای بێتاوانی دووەمی چاوەڕێ:

((**چوارەمیشمان لەگەلّە" خاوەنێکی بەئاگاو بەبەزەیی**)).

پیاوەکان لەدەوری مەلای شار دانیشتبوون و چاوەڕێی هاتنی سیامەندو کەژەیان دەکرد. کۆبوونەوەی هەموویان لەیەك شوێن ئەو ناکۆکییەی باشتر دەرخستبوو کە سیامەند لێی بێئاگا بوو. پیاوەکان مقۆمقۆیان بوو و بەشی ئەوە کەسانێك هەبوون گومانی خۆیان لەو تۆمەتە دەربڕن، بەشی ئەوە دەروونی ساف هەبوو بزانرێ قسە نابێ وا بەخۆڕایی بوترێتەوەو بلاّوبکرێتەوە. سیامەند ئاگای لەوانە نەبوو چونکە هەموو گوند لەبەرچاوی ببووە دوژمن، دوژمنێك بە یەك قسە بڕیارێکی گەورەی دابوو.

زۆرابیش لەوێ بوو و چاوەڕێی دەکرد، تەنیشت مەلاکە بەڕوویەکی بۆرو بەتفەنگێك لەکۆش دانیشتبوو، دوو نۆکەریش

بەتفەنگو فیشەكو فیشەكدانەوە بەسەر سەرییەوە وەستابوون. زۆراب لەگەڵ مەلاكە قسەی دەكرد:

((**گورگ بیانخوات یان ئەوان گورگ بخۆن من هەر ئاگری خۆمیان پێوە دەنێم**)).

بەڵام ئەوان بۆ ئەو ئاگرەی زۆراب كۆنەبوونەتەوە:

((**ئەوە لەدەستی تۆ نەماوە**))، مەلاكە تێیگەیاند.

سیامەند دەركەوت، گەیشتو سڵاوی كرد. وەڵامی مەلاكەی بیست:

((**سەلام كوڕم. وەرە تەنیشتم دانیشە**)).

سیامەند بەرامبەری دانیشتو مەلا قسەی دەستپێكرد:

((**من باوكتم دەناسی، پیاوێكی چاك بوو. كە بیستم دەستت داوەتە جادوو خەڵكم ئاگادار كردەوەو پێم وتن یەكێك لە دوو شت هەڵبژێرن" یان بچن بۆ لات یان باوەڕی خۆیان بپارێزن. دواییش بیستم بوویتە پیاوچاكێكو ئەمجارە بۆ پیاوچاكیت ڕوویان تێكردووی. ئێستاش ئەوەم بیستووە كە بیستوومە. تۆ داوای مەلایەكت كرد شایەت بێ، منیش لەبەر تۆو لەبەر باوكت هاتم**)).

سیامەند بێ پێشەكی پرسیاری كرد:

((**ئەو كارەم كردبێ سزاكەم چییە؟**)).

ڕەنگی مەلا گۆڕا. دیاربوو سیامەند تاوانەكەی كردبوو:

((**لەدەستی ئێمە نییە. ئەگەر دەسەڵات پێشتر ڕایگەیاندبوو سزای ئەو كەسانە بدات ئەو كاتە ئەو دەسەڵاتە فەرمان دەدات كە تۆ و كچەكە سەد دارتان لێ بدرێ**)).

یەك لە دوو پێكوڕەی تفەنگبەدەست، پاش خێسەیەكی زۆراب لەخۆیو لە هاوڕێكەی، بەتووڕەییەوە نەڕاندی:

((**دار چییە؟ تفەنگ تفەنگ. فیشەك فیشەك**)).

تفەنگی خستە سەر سەری سیامەندو تەماشای زۆرابی كردو چاوەڕێی خێسەیەكی تر بوو. ئەمجارە مەلاكە تووڕە بوو، جلەكانی

ڕاکێشان:

**((دانیشه! به تفەنگی قۆڕەکەت بەرەوڕووی وشەکانی خوا دەبیتەوە؟)).**

سیامەند پرسیارەکەی تری کرد:

**((ئەی ئەگەر ئێمە وتمان لەو کارە بێئاگاین‌و چی وتراوە درۆ بووە؟)).**

مەلاکە چاوی بەناو خەڵك گێڕاو سەری بۆ ئەوانە بەرزکردەوە کە بەپێوە وەستابوون:

**((هەر کەس ئەو قسەیەی وتووە دەبێ لەگەڵ خۆی سێ شایەت بێنێ. ئەو چوارە دەبێ بڵێن ئەو دوو کەسەمان بینیوە ئەو کارەیان کردووە ئینجا سیامەندو کەژە ئەو سەد داری حەدەیان لێدەدرێ، ئەگەر ئەو سێ شایەتەشی نەهێنا خۆی هەشتا داری لێدەدرێ‌و لەوەبەدوا شایەتیی ئەو وەرناگیرێ)).**

سیامەند:

**((ئەی ئەگەر دوو کەس بوون؟)).**

مەلا:

**((نابێ. هەر چوار)).**

پیاوێك لەوانەی بەپێوە وەستابوون وەك سەودای کاڵایەك بکات دەستێکی لەناو پشتێنەکەی بوو و هاواری کرد:

**((ئەی سێ کەس؟)).**

مەلا توندتر قسەی کرد:

**((هەر نابێ. خۆ بازاڕی جەڵەب نییە)).**

سیامەند سەری نەوی کرد:

**((ئەوە گەردنم، لێشیان بپرسە کێ خۆی دەکاتە خاوەنی ئەو قسەیە، ئینجا یان پشتی خۆمان یان پشتی ئەو)).**

مەلا سەری بەرزکردەوەو بەچاو لێی پرسین. کەس قسەی نەکرد. ئەو قسەی کرد:

((**کەس نایەوێ بڵێ، کەواتە وەك ئەوەیە هیچ شتێك نەوترابێ. تەنها بوهتانێکە خوا تۆڵە لەو کەسە بکاتەوە کە کردوویەتی. دەی بڵاوەی لێبکەن**)).

**بەڵام سیامەند بڕیاری خۆی دابوو:**

((**با کەس نەیڵێ، ئێمە دەچینە بەردەم گورگ، دەچین تا بزانرێ کێ دڕندەترە، گورگی برسی یان ئەوانەی گۆشتی مرۆڤ دەخۆنو بە گورگ دەڵێن دڕندە**)).

مەلاکە هەوڵی داو سیامەند پەشیمان نەبووەوە. زۆراب بیری لەوە دەکردەوە بڵێ من بینیومن بەڵام لەو کاتە تەنها ئەو دوو نۆکەرەی بەدەستەوە بوو. زۆراب لە داری حەد نەدەترسا چونکە ئامادە بوو مەلاکە لەجیاتی خۆی دارکاری بکاتو تۆمەتی ئەوەشی بخاتە پاڵ کە پەیوەندیی لەگەڵ کەژە هەبووە بەڵام ئەو لە ئابڕووچوون دەترسا، ئەو تەنها دوو شایەتی هەیە، هەردووش نۆکەری خۆین.

مەلاو سیامەند قسەیان دەکردو زۆراب بیریدەکردەوەو خەڵکەکە مقۆمقۆیان بوو، گورگەکەش دەیلووراند، دیاریش بوو ئەوە تا ماوەیەکی تر بەردەوام دەبێ، بەڵام دەرکەوتنی کەژە هەموو شتێکی پێ بڕین. کەژە دەرکەوتو لەپڕ دەنگی ژنان لەو بەرەوە بەرز بووەوە:

((**کەژە هات. کەژە هات**)).

هەموو کردیانە هەراو ڕوویان کردە ئەو لایە. وەك چۆنیش کتوپڕ دەنگ بەرزبووەوە کتوپڕ هەموو بێدەنگ بوون. کەژە بەو جلی بووکێنییەوە هاتبوو کە بۆ هەموو گوند تەرخان کرابوو و ئەو کچەی شووی بکردایە دەیکردە بەری. جلەکەی کردبووە بەرو تارایەك دەموچاوی داپۆشیبوو، بووکێك بوو ئامادە بوو بۆ هاوسەری ببرێ. ژنە دراوسێکە پێشیکەوتبوو و سێ کچەکەی لای ڕاستو لای چەپیان گرتبوو، دوانیان قۆڵی بووکیان گرتبوو و لەگەڵی دەڕۆشتن.

نزیککەوتن‌و ژنە دراوسێکەو سێ کچەکەی هەلهەلەی شاییان نارده بۆشاییی نێوان خۆیان‌و ئاپۆڕەکە، ئاپۆڕەش سەرسام. گەیشتنە شوێنەکەو وەستان. کەژە ڕووی قسەی کرده مەلاکە:

((**من خۆمم پێشکەش بە سیامەند کردووە. کە تەواو بووین بمدە بە سیامەند**)).

چوار ئافرەتەکە هەلهەلەیان کێشایەوەو دەنگەدەنگ بەرزبووەوەو مەلاکە دوای هەوڵێکی زۆر توانی شوێنەکە هێمن بکاتەوە:

((**کچی خۆم ئەی ئەگەر گورگەکە خواردیتی؟**)).

کەژە پێکەنی‌و بەیەك وشەی دڵنیاوە وەڵامی دایەوەو دڵنیای کردەوە:

((**ناتوانێ!**)).

سیامەند هەڵساو بەرەو تەیمانەکە چوو. چەپەرەکەی کردەوەو پێش ئەوەی بچێتە ناوە دەستی بۆ کەژە ڕاوەشاندو هاواری بۆ کرد شوێنی بکەوێ. چەپەرەکەی داخستەوەو کەژە بەهێمنی بەرەو تەیمانەکە چوو. ئاوایی بە دەیان چاوی ئەبلەقەوە تەماشای ئەوی دەکرد کە بەجلی بووکێنییەوە دەڕوات، بە سەرێك ڕوو لە ئاسمان‌و بە دڵێك ترسی لەسەر زەویی ژێر پێیان فڕێدابوو. ئاوایی گورگی لەبیرچووبووەوە کە ئێستا هێمن بۆتەوەو لە لایەکەی تەیمانەکە دانیشتووە.

چەپەر بۆ دەستی کەژە کرایەوەو ڕێگەی چوونەناوەوەی داو خۆی داخستەوە، لەدەرەوەش ترس زمانی مرۆڤەکانی بەستبوو. کەژە تەنیشت سیامەند وەستاو پێکەوە هێمن چاوەڕێی گورگیان کردو دەیانزانی چی دەکات، ئەوانەی دەرەوەش هەناسەیان لەخۆیان بڕیبوو و چاوەڕێی بڕیاری گورگی برسییان دەکرد، نیوەیان دەیانوت ئێستا دەیانخوات‌و نیوەکەی تر نەیاندەزانی گورگ چی دەکات.

گورگ دەیزانی ئەو مرۆڤانە بۆ شتێك كۆبوونەتەوە، ئەو شتە چییە؟ نەیدەزانی. گورگ پێش دیلێتییەكەی مرۆڤەكانی لەدوورەوە دەبینی‌و فیكرەیەكی لەبارەیانەوە بۆ دروست ببوو، فیكرەیەكی باش نەبوو، خۆی‌و گەلەكەی مرۆڤیان دەبینی‌و بەیەكتریان دەوت: ئەوە ئەو ئاژەڵەیە كە خۆی لە ئاژەڵەكانی تر جیاكردۆتەوە، وەكو ئەوان لەشی درێژی ڕێكی زەوی نەبوو بەڵكو بەستوونی لەسەر ئەو زەوییە جێگیر بووە، درێژییەكی سامناك تەنها لەو بوونەوەرە تاكە بینیویانە. ئاژەڵێكە یەك جارو دوو جار نەبوو بینیویانە بەرگی ئەوانی پۆشیوە، مرۆڤ ئەو بوونەوەرە بوو كە پێویست بوو خۆیانی لێ بپارێزن هەرچەند یەك جارو دوو جار نەبوو بینیبوویان ترسی لێنیشتووە. ئێستاش گورگ دەیبینی دوو ئاژەڵی لەهەمان جۆر لەناو هەمان تەیمان هەبوون. دیار بوو ئاژەڵەكانی دەرەوە وەكو خۆی ئەو دوو هاوڕەگەزەی خۆیانیان گرتبوو.

گورگ لەلایەكی تری تەیمانەكە چەناگەی خستبووە ناو جووتەدەستی‌و تەماشای مرۆڤەكانی دەرەوەی دەكرد، بیریدەكردەوە خۆی‌و گەلەكەی تەنها بۆ مەڕەكان‌و ئاژەڵەكان زیانیان هەیە، بەڵام مرۆڤ زیانی بۆ هاوڕەگەزی خۆیشی هەیە:

((**مرۆڤ زاڵم مرۆڤ دڕندە**)).

هێمنیی ئاژەڵی ناو تەیمان درێژەی كێشاو خەڵك كەوتنە ورتەورت، ورتەورتیش بووە هاواری سەرسوڕمان، گورگەكەش سەریسوڕمابوو:

((**مرۆڤ زوڵم دڕندە هاوار زوڵم دڕندە هاوار مرۆڤ دڕندە**)).

زۆراب وەكو ئەوانی تر ئەوەی بینی‌و ورتەورت‌و هاوارەكانی بیست، زانی لەسەر لێواری دۆڕانە، دەیدۆڕێنی‌و تا هەتا ئاغایەتی نابینێتەوە. تفەنگەكەی هەڵگرت‌و خنییە نێوان دارەكانی تەیمانەكەو

هاواری لە گورگ کرد. گورگ لوورەی زۆرابی بیستو خۆی لوورەیەکی کردو ڕاپەڕی. ئاوڕی دایەوەو زۆرابی بینی، نەیناسییەوە بەڵام بینینی بەس بوو بۆ شێتبوونێکی کتوپڕی. دوو چاوی زەقکردنەوەو پەلاماری ئەو لایەی تەیمانەکەی دا. ئاغا لەترسا بەپشتا کەوتو زەوی جەلدەیەکی دا لەو پشتەی. هەموو ئاوایی پێکەنی، تەیمانەکەو چەپەرەکەش پێکەنین. زۆراب هەڵسایەوەو هاواری کرد:

((**سیحرە. جادووە.. ئەی لەبیرتان چووە سیامەند ساحرە؟**)).

کەس ئەو دڵگەرمییەی بۆ نەسەندەوە، مەلای هێمن چارەسەری هەبوو:

((**ئەگەر سیحر بێ ئیشەکەمان ئاسانە. سیحر بەتاڵ دەخوێنم**)).

بەدەنگی بەرز چەند ئایەتێکی خوێندو بە خەڵکی وت وەك چۆن لە بڵاوکردنەوەی تۆمەتەکە بەشدارییان کردبوو ئەمجارەش بەشداری بکەنو هەر کەس چەند ئایەتی لەبەرە:

((**با بیانخوێنێ. سیامەند تۆش بەدەنگی بەرز بخوێنە تا گوێمان لێت بێ**)).

هەموو دەنگیان بەرزکردەوە، شوێنەکە بووە کوورەی هەنگ. گورگ هێمن بووەوە، وەکو پێشتر سکی بەزەوییەکە نووساندو چەناگەی خستەوە نێوان دوو دەستی. سیامەند بەدەست ئاماژەی بۆی کرد وەرە نزیکمان، ئاژەڵەکە بەهێمنیو بەسەری کزەوە چوو بۆ لایان، بەزەلیلییەوە لەبەردەمیان دانیشتو سەری لەگەڵ زەوی جووت کرد. سیامەند دەستی بەسەر هێناو بەدەنگی بەرز ئایەتی خوێند.

ئەو دیمەنە دوا بەرگریی دڵەکانی بەزاندو خەڵك بە گەورەو بچووکەوە گریان، جگە لە زۆرابەکەیان گریان تا گوێیان لە کەژە بوو هاوار بۆ مەلا دەکات:

((**هەر لێرە بمدە بە سیامەند**)).

داواکە بێ ناڕەزایی کەس تێپەڕی، ئاوایی پێیان باش بوو، باش‌و سەیرو خۆش، بەڵام ئەوە بۆ مەلاکە شێوازێکی نوێ بوو، شوێنەکەش لای ئەو گونجا نەبوو، لای کەژەش لەو شوێنە گونجاوتر نەبوو:

((**بەڵێ هەر لێرە، دوو شایەتمان دەوێ، گورگ یەکێکیانە**)).

ژنی دراوسێ‌و کچەکانی هاواریان کرد:

((**ئێمە شایەتین**)).

پیاوێك هاواری کرد:

((**منیش**)).

پیاوەکانی تریش:

((**هەموومان شایەتین**)).

هەر لەوێداو لە سەیرترین دیمەنی سەدانساڵی ناوچەکە مەلاکە لەودیو تەیمانەکەوە کەژەی بە سیامەند دا.

سیامەندو کەژە چوونە دەرەوە. دوو پێکوڕەکە تفەنگەکانیان لەبەر پێی کەژە فڕێدا، لەبەردەمی وەکو منداڵ وەستان تا بیریانکەوتەوە تفەنگ بۆ چیی تر جگەلە کوشتنی مرۆڤ دەست دەدات، دانەوینەوەو دوو تفەنگەکەیان هەڵگرتەوەو هاواریان کرد:

((**هەر ئەمڕۆ شاییەکە دەکەین**)).

فیشەکیان بەئاسمان تەقاند. ئەمجارە تێکڕای ژنانی گوند هەلهەلەیان کێشا. زۆراب هاواری ئاوایی بیست داوای کوشتنی دەکات، کەژەش بەهاوارێکی خۆی شوێنەکەی بێدەنگ کرد:

((**ئێمە لێی خۆش بووین، من لێی خۆش بووم، سیامەندیش لێی خۆش دەبێ**)).

یەك لە دوو نۆکەرەکەی زۆراب خۆی بەسەر گوێچکەی مەلاکە شوڕکردەوەو چرپاندی:

((**حەزت لە کامیانە لە زۆرابی بکەم" بیکوژم یان فەلاقەی بکەم؟**)).

مەلا سەری نەخێری بۆ هەردووکیان بادا. نۆکەرەکە پرسییەوە:

((**مامۆستا! شایەتیی گورگ وەردەگیرێ؟**)).

**مەلا ئەمجارە سەری بەڵێی لەقاند:**

((**بۆ نا؟ با گورگ شایەت بێ لەسەر زوڵم و بێئاگایی مرۆڤ**)).

# 24
# ڕێگە بەرەو ئەودیوی ژیان

سیامەندو کەژە ماوەیەك پێکەوە ژیان، پێکەوەش قسەیان بۆ خەڵك دەکرد“ سیامەند بۆ پیاوانو کەژە بۆ ژنان. سیامەند زووتر لەوە دەیزانی زۆر کەس قسەکانی بەهەڵە وەردەگرن، ئەوی نموونەی بەرزی پێش چاوان ئەوانی لاوازی خستبووە داوی ئازارێكو لەتبوونێك: لەتبوون لەنێوان بەرزاییەکانو نشێوەکان، لەنێوان ئەو نموونە بەرزەی بانگهێشتی بۆ دەکردو ئەو ژیانەی لەکۆنەوە دەیانبردە سەرو نەیاندەتوانی بۆ ئاستی ژیانەکەی ئەو بەرزی بکەنەوە. خەڵك حەزیان بەو ژیانە بێگەردە دەکرد کە لەو بەرجەستە دەیانبینی، ئەو حەزەش بووە هەستێك بە تاوانباری، تاوانباریی کەسانێك لەبنی شیوەکەوە لوتکەکانیان دەبینی، تەماشای لوتکەکان دەکەنو ئاواتەخواز دەبن بیانگەنێ، تەماشا دەکەنو تەماشا دەکەن تا ماندوو دەبنو دەگەڕێنەوە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، ئینجا تەماشای خۆیان دەکەنو دەبینن خەریکی کاری دونیایین، دەبینن دڵیان بەو شتانە خۆشە کە پێش کەمێك بچووك دەهاتنە پێش چاویان: دەغڵو ئاژەڵو ژنو منداڵەکانیان.

مامۆستاکەیان ئەو ئازارەی دەبینی، ئازاریشی بۆ ئەو ئازارە دەچەشت. دەیزانی کەلێنێك هەبووە زووتر لەدڵی خۆی بینیبووی، لەتبوون بوو لەنێوان دوو شتی بەڕواڵەت دژ بەیەك: تەنیاییەك تێی

لەگەڵ ژیانی ڕۆح دەژی. لەلاکەی تریش داواکارییەکانی ژیان. لەتبوونێك بوو لەساتێك وایزانی دەبێ لەبەرامبەری جاڕی شکستو دۆڕان بدات.

بەڵام هەر خۆشی بوو زانیبووی کە ژیان هاوسەنگییە، هاوسەنگییە لەنێوان داواکارییەکانی ئاسمانو زەوی. هەر خۆی بوو کە بەخۆی دەوت خاوەنی مرۆڤەکان ئەو مرۆڤانەی بۆ ئەشکەوت دروست نەکردووە، ئەو مرۆڤانەی بۆ تەنیایی نەویستووە.

مامۆستاکەیان زانی کە دەبێ پێش ئەوان لەو لەتبوونە ڕزگاری ببێ، پێش ئەوان ئەو هاوسەنگییە بەجێبێنێ، ئەو ڕێگەکەی گرتۆتە بەرو دەبێ تا کۆتاییەکەی بڕوات، پاش خۆشی نۆرەی ئەوانە بزانن‌و کار بەو زانینە بکەن.

ڕۆژێك بە گوندی وت لەو شوێنەی خۆی کە هەزاران ساڵە تێی گیری خواردووە کەمێك بجووڵێتەوەو بۆ دەشت بچێ. خواردنی دروست کردو کردییە سەیرانێکی بچووك.

هەر لەوێ پێی وتن ئەو ڕێگەیەی گرتوویەتیەبەر ڕێگە بە مرۆڤ نادات دەستبەرداری ژن‌و منداڵو بژێوییەکەی بێ. خۆشی کردە نموونە بۆیان، خۆی کە کاری شوانی دەکات. بۆ ئەوەی لەو ئازارەش زیاتر ڕزگاریان بکات قسەکانی جارانی بۆ کردنەوە. باسی سروشتو جوانییەکەی بۆ کردنەوە کە بەخششەو خۆشییەکی ڕەوا بە مرۆڤ دەبەخشێ. باسی ئەو خۆشییە ڕەوایەی بۆ کردن:

**((ئەم خۆشی‌و جوانییە بەخششێکی خاوەنەکەمانە، بەرامبەر بەوەش داوای دوو شتمان لێدەکات" داوا دەکات پێی بزانین، داواش دەکات ئەو خۆشییە نەمانخەڵەتێنێ‌و وا بزانین ژیان هەر ئەوەیەو هەر بۆ ئەوەیە بژین. ئەم خۆشییە بەشێکە لە دەرمانی ماندووان بەڵام کە لەڕێگەکە لایدا دەبێتە نەخۆشی، نەخۆشیی باوەش کردن بە فەناو تێاچوون‌و پشتکردنە ئەوەی تا هەتا دەمێنێ، ئەو نەخۆشییەش**



جادووگەری گوند

ئەوەندە قووڵ ڕەگەکانی لە دڵی مرۆڤ داکوتیوە بۆ مرۆڤایەتی بۆتە پەتا)).

ڕۆژێکی سەیر بوو، هەر وەکو ئەو ڕۆژە سەیرانەی جادووگەرەکە دەیکردنە ئاهەنگو خواردنی تێ دەبەخشین، ئینجا خەڵکەکە دڵنیا بوون سیامەند بۆتەوە بە جادووگەر، جادوویەکی لەجۆرێکی تر هێناوە، جادوویەك دڵ دەکاتە ئاوێنەو مێشك لە خەوش پاکدەکاتەوە.

سیامەند ڕۆژانی دواتر لەسەر ئەو هاوسەنگییەی نێوان داواکارییەکانی ئاسمانو زەوی دڕۆشت، لەکۆتایی هەموو قسەکانیش دووبارەی دەکردەوە کە ئاگایان لەو پەتایە بێ کە مرۆڤایەتیی لەکۆنەوە هاڕیوە: خەڵەتان بەو ژیانە یەکەمە کورتە، کردنی ئەو ژیانە بە دوائاواتو دوائامانج.

سیامەند لەو ماوەیە زۆرتر باسی ئەو پەتایەی بۆ دەکردن، پەتایەکی جیا لەو پەتایەی دەیویست خەڵکی پێ بترسێنێ تا گوند چۆڵ بێ ئەویش گەنجینەکانی شارەکۆن دەربکات. ئێستا خەڵك لەو پەتایە دەترسێنێ تا گەنجینەکانی دڵی خۆیان بدۆزنەوە. سیامەند دەستی خستە سەر گەورەترین سەرمایە بۆ خۆیو بۆ ئەوان" دڵ.. ئەو دڵەی بۆ یەکەم جارە هەست بکات بەڕێگەی دروستی خۆی دەڕوات.

* * * * *

خەڵك لە واتای پەتا تێگەیشتن بەڵام کەس نەیدەزانی پەتایەك بە واتا ناسراوەکەی خۆی بۆ ناوچەکە حەشارداوەو چاوەڕێیە ئاشەکەی خۆی بگێڕێ. پەتاکە لە گەرمەی هاوین ڕووی گرژی خۆی نیشان دا، سیامەندی بچووکیش بووە یەکەم قوربانیی.

سیامەندی بچووك گیانی دەدا کاتێك پەتاکە کەژەشی گرتەوە.

کەژە لەجێگەی سەرەمەرگ کەوتبوو کاتێك سیامەند منداڵەکەی هەڵگرت تا لەتەنیشتی باوکییەوە لەسەر گردەکە بینێژێ. کەژە بەچاوێکی پووکاوەوە تەماشای لاشەی منداڵەکەی کرد، دەستی بۆ بەرز کردەوەو تەنها یەك ڕستەی بۆ وترا:

((**خواحافیز سیامەندی بچووك**)).

سیامەند منداڵەکەی ناشت. کاتی ئەوەش نەبوو لای گۆڕی جوحا دانیشێ و کارەساتەکەی بۆ بگێڕێتەوە، پەتاکە وەکو ئاش مرۆڤەکانی دەهاڕیو کاتی ئەوە نەبوو بە جوحا بڵێ چۆن سیامەندی بچووکی وەکو منداڵی خۆی خۆشدەویست، کاتی هیچ باسێك نەبوو، کەژە تەنیایەو مەرگ لەدەوری درەوی خۆی دەکات.

سیامەند لە گردەکە چووە خوارەوە، ڕایکردو خۆی گەیاندە کەژە، نەیویست کەژە بەتەنیا ڕووبەڕووی مەرگ بێتەوە، دەیزانی مەرگی کەسی تەنیا سەختترین مەرگە. ویستی بۆ دواجار ئەو قسانەی بخاتەوە یاد کە دەیان جار بۆ خۆیو بۆ خەڵکەکە وتبوونی: مرۆڤ بۆچی هاتۆتە سەر زەوی، بۆچی دەڕوات، کۆتایی گەشتەکە کوێیە. ویستی پێی بڵێ هەرچییەکی وتووە تەنها قسە نەبووە، وەکو قسەی ئەو کەسانە نییە دانایی دەنوێننو لەکاتی کارەسات خۆیان لەناو خۆڵ دەگەوزێنن. ئەو ڕەزامەندیی فێری خەڵك دەکرد، ئێستاش خۆی ڕەزامەندە.

گەیشتە لای کەژەو زانی پێویستی نەدەکرد پەلە بکات. کەژە بەتەنیا بوو کاتێك ئەمانەتەکەی دایەوە دەستی خاوەنەکەی، بەتەنیا بوو و دوو چاوی نیوە داخراو بوون. دیار بوو چاوەڕێی ئەو بوو دوا وشەی پێ بڵێ. وشەکەی نەوت، بەڵام زەردەخەنەی ڕەزامەندیو دڵنیایی بەسەر دوو لێوییەوە دیار بوو.. سیامەند قبووڵی کرد، بەدڵێکی پڕ گریانەوە ئەو کۆتاییەی قبووڵ کرد، شەڕێکی



ZAGROS WEBSITE

دەستەویەخەشی لەگەڵ ئەو هاوارەی کرد کە ویستی سنگی بکاتە دوو کەرتەوەو دەربچێ. هاوارەکە کپ بوو و لەجیاتی خۆی دوو فرمێسکی نارد. یەك بۆ کەژەو یەك بۆ سیامەندی بچووك. سیامەند کەژەی لەسەر گردەکە تەنیشت منداڵەکەی ناشت. ئێستا بوونە شەش کەسی غەریب، شەش گۆڕ بەتەنیشت یەکەوە، یەك لەپشتی ئەوی تر. سێ کۆنەکە لەدوای هەموویان، کەژە لەپێش هەموویان، شوێنیش بۆ غەریبان لەپێشەوە زۆر ماوە. تەماشای گۆڕی کەژەی کردو تەماشای شوێنی بەردەمی کرد: تۆ بڵێی خۆی لەغەریبی بمرێ؟ تۆ بڵێی ئەو شوێنەی دەستبکەوێ؟ تۆ بڵێی ببێتە حەوتەمی غەریبان؟

ئاوایی چۆڵ بوو، کەسانێکی تاکوتەراش مانەوە، ئەوانە بوون کە پەتا خستبوونیو چاوەڕێی ساتی خۆیان دەکرد. لەگەڵ ئەوانە مایەوە. دەیزانی هیچی بۆ ناکرێ، بەڵام با بەلای کەمەوە بەتەنیا نەمرن، با تروسکاییەك بەر لە کۆچ ببینن. سیامەند مایەوەو ئەوانە یەك یەك دەمردن. تەنها یەك کەس مایەوە. سیامەندیش پەتاکەی گرتو کەوت. تەنیشت ئەو کەسە ڕاکشا. تا دواهەناسە قسەی بۆ کردو باسی ئەو جیهانەی بۆ کرد کە چاوەڕێی هەردووکیانە. پیاوەکە لە مردن دەترساو دەگریا، سیامەندیش ئەو جیهانەی لای ئاشناو خۆشەویست دەکرد کە وان بۆی دەچن:

**((تا ئێستا لەم ژیانە یەکەمەمان غەریبین. ئەم زەوییە وڵاتی ئێمە نییە. وڵاتی ئێمە ئەو زەوییەیە کە لەئاسمانەو ماوەیەکی دوورودرێژ لەمەوبەر، ماوەیەکە خۆشمان بیرمان نەماوە، جێمان هێشتبوو، نەخێر! لێی دەرکراین، لێی دەرکراینو ئێستا بانگمان دەکات بۆی بگەڕێینەوە)).**

پیاوەکە مردو سیامەند چاوەڕێی ساتی خۆی بوو. پەتا تەنها چەند پیاوێکی گوندی بەزیندوویی هێشتەوە، ئەو پیاوانە مەردایەتی

هاواری بۆ کردن ئەو هەڵهاتنە قبووڵ نەکەن‌و بۆ ناشتنی مردووەکان بگەڕێنەوە. پیاوەکان گەیشتنە لای سیامەندو بینییان دەیەوێ بەدەستی بێهێزی ئەو کەمتیارانە دووربخاتەوە کە لەوبەرەوە هاتوون بۆ خواردنی لاشەی هاوڕێکەی.

سیامەند بەشی چەند وتەیەك هەناسەی مابوو. سیامەند پێی وتن خۆی‌و ئەو پیاوە لەشوێنی خۆیان بنێژن‌و خۆیان دەرباز بن. پیاوەکان قبووڵیان نەکردو پێیان وت کە ئەوان دەزانن شوێنێکی بۆ خۆی لەسەر گردەکە داناوە. پیاوەکەیان بردە گۆڕستانی گوندو ناشتیان‌و سیامەندیان بردە سەر گردەکە. سیامەند لەسەر ڕووی گردەکە ڕاکشابوو و تەماشای ئاسمانی دەکرد، ئینجا داوای لێکردن بەسەر لاتەنیشت پاڵی بخەن. سیامەند تەماشای گۆڕەکانی کرد. سێ کەسە غەریبەکە، جوحا، سیامەندی بچووك، کەژە، لەولاشەوە سەگەکەو گوێدرێژەکە. زەردەخەنەیەك چووە سەر لێوی ساردی:

((**ئەوسا نەماندەزانی ئەو سێ کەسە کێ بوون‌و دەمانوت سێ کەسی غەریبن لەکۆنی کۆنەوە نیژراون، تومەز هەموومان هەر غەریبین، هەموومان دەنێژرێین‌و دوای ماوەیەك کەس ناماننناسێتەوەو لە ناوی خۆمان‌و باوك‌و باپیرمان، لە ژیان‌و گوزەران‌و بەسەرهاتەکانمان تەنها گۆڕێك دەمێنێتەوە، ئەویش دوای ماوەیەك کوێر دەبێتەوە**)).

شت زۆر بوون جێگەی خەفەتی ئەو کاتەی سیامەند بن:

((**باو وایە ئەوەی لە سەرەمەرگە کەلوپەلەکانی کارەکەی لای سەرییەوە دابنێن، پەتا ئاواییی لەناکاو برد. هەموو مردن یان ڕایانکرد، ئەوەی مرد نەمانتوانی ئەوەی بۆ بکەین**)).

لاوێك لەناو ئەو پیاوانە ئامادە بوو ئەوە لەگەڵ سیامەند بکات:

((**دەچمە ماڵتان‌و شتەکانت دەهێنم**)).

لێی پرسی:

((**چی دەهێنی؟**)).

لاوەکە:

**((جلوبەرگی کاتی جادووگەری)).**

ئەو ڕابوردووە ڕۆشتو بڕایەوە:

**((نەخێر! ئەوانەم زوو گەیاندە ئاکامی خۆیان، ئەگەر شتم بۆ دەهێنی گالۆکەکەم بۆ بێنە. گالۆکی شوانی، تا دەیهێنی گۆڕەکەم ئامادە دەبێ)).**

سیامەند لەسەر لێواری ئەو کۆتاییە وەستاوە کە پاش دواسەفەری لای ببووە ڕووداوێکی ئاسایی. ئەوسا مردن سامو خەفەتی هەبوو، پاش دواسەفەرو دواگەڕانەوەش بووە ئەو ڕووداوەی پێویستە لەولای سامو خەفەتەوە بوەستێ.

سالآنێکی زۆر لەمەوبەر دەهاتە ئەو شوێنەو گۆڕەکانی دەبینی. ڕاکشاوەکان سەر بە زەمانێکی دوور بوون، وا ئیستاش خۆی دەچێتە پالّیان. دوای سالآنێکی زۆری تر خەلك دێنو گۆڕەکەی ئەو و جوحاو کەژەو سیامەندی بچووك دەبیننو دەلّێن ئەمانە هی زەمانێکی کۆنن. پێدەکەنن و یاری دەکەنو دەلّێن ئەوانە مردوونو ئێمە زیندوو.. پێدەکەننو یاری دەکەن تا ئەو ڕۆژەی خۆشیان دەڕۆن. هەموو کەسێك کاتێك گۆڕێك دەبینیّ دەلّیّ ئەوە گۆڕی کەسانی ترە نەك هی من وەك چۆن خۆی خاوەنی گۆڕێك نەبیّ کە جاریّ هەلّنەکەندراوە. هەموو کەسێك مردن وەکو مردنی ئەوانی تر دەبینیّ.

ئەو هەستە خەلّەتێنەرە لای سیامەند پاش دواسەفەر نەما، وا ئێستاش بەهێمنییەوە ئەو ڕاستییە قبوولّ دەکات کە پێش ئەم ساتە بە دلّو بە عەقلّ قبوولّی کردبوو: مەرگ بۆ منیشە، منیش خاوەنی گۆڕم، ئەوەندە هەیە جاریّ گۆڕەکەم هەلّنەکەندراوە. ئەو ڕاستییەی بەهێمنیو بەدلّێکی ڕازییەوە وەرگرت لەو کاتەی خەلّکی تر بە سامو خەفەتەوە بەرەوڕووی دەبنەوە، دەترسن بەلآم خۆیان دەخلآفێنن تا لەناکاو دەبرێنو وتەی لوتکەی غەفلّەت دەلّێن: نەمزانی ئەو ڕۆژە

دەبینم.

لاوەکە بۆ ئەو گوند چۆڵە ڕۆشت کە کەمتیارەکان تێی دەسووڕانەوە، خێرا ڕۆشتو خێرا گەڕایەوە. لاوەکە وەستاو گالۆکی شوانییەکەی سیامەندی بەدەستەوە بوو. سیامەند دەستی بۆ درێژکردو ویستی وەریبگرێو ماچی بکات، نەیتوانیو وتی با لای سەرییەوە دایبنێن، وتی سەد ساڵی تریش بژیایە:

((**هەر دەبوومە شوان. هەر دەبمەوە بە شوان**)).

گالۆکەکە چووە نێوان خۆیو گۆڕەکان. تەماشای ئەویشو ئەوانیشی کردو دوا قسەی بۆ پیاوەکان وت:

((**ئەم پەتایە هات، وەك چۆنیش هات دەڕوات. ئاگاتان لە پەتا گەورەکە بێ کە لەوەتەی مرۆڤ هەیە ئەویش هەیە. ئاگات لە خەڵەتان بێ بەم ژیانە کورتە، ئەم ژیانەی چەند درێژ بێتەوە هەر کورتە. پەتا ئەوەیە**)).

تەماشای گۆڕەکانی کردو قسەی لەگەڵ کردن:

((**دەتوانم بڵێم کاتێتی هەموو شتێك تەواو بێ. من هاتمو لای ئێوە دەست پێدەکەمەوە**)).

تەماشای ئاسمانی کردو قسەی لەگەڵ کرد:

((**من ئامادەم**)).

سیامەند بێدەنگ دواهەناسەی دا. سی ساڵی تەواو نەکردبوو. سی ساڵ کۆتاییەکەیان چەند ساڵێکی پڕ لە ڕووداو و سەفەرو گۆڕان بوون. پێڵووەکانی بەسەر چاوەکانی شۆڕ بوونەوەو جگەلە پەڵەیەکی پەرشوبڵاوی ئاسمانی هاوین هیچی تری نەبینی.

*   *   *   *   *

پاش مردنی سیامەندو ناشتنی لەتەنیشت کەژەوە کەس بۆ گوند نەگەڕایەوە. تەنها ئەو چەند پیاوە بوون پەتا نەیکوشتبوون. کەسیان حەزی نەکرد بگەڕێتەوە، هەموو لەو شوێنەو یادە تاڵەکەی

دوورکەوتنەوە، بۆ زۆر دوور ڕۆشتن، شاماریش بووە وێرانە. پەتا کەسانێکی زۆری گوندەکانی تریشی خست، پەتا لەدوای خۆی بیابانێکی چۆڵی جێهێشت. دواتر ئەو چەند پیاوە گەڕانەوەو گالۆکەکەی سیامەندیان بینییەوە، گالۆکەکەیان بە کێلەکەی هەڵواسی، جارێکی تر چوونو درەختێکیان لەسەر گۆڕی چاندو بەو درەختە ڕاپانگەیاند لەم شوێنە پیاوچاکێك نێژراوە. هەر ئەو جارە بوو ئیتر قەت نەگەڕانەوە. درەختەکە دوایی بووە دوو و سیٚو زۆرتر. گۆڕی سیامەند بووە قسنو ئەو قسنە بووە زیارەتگەی خەڵکی ئەو دەوروبەرە. ئەوان تەنها ئەو چیرۆکەیان بیر مابوو: پیاوچاکێك خۆیو ئافرەتێکی داوێن پاك بوختانیان بۆ کرابوو بەڵام لەسەر دەستی گورگێکی دڕندە بێتاوانییان ئاشکرا بوو.

پاش دەیان ساڵی تر کەسانێکی تر هاتن ناوی سیامەندیان نەبیستبوو، بە وشکەکەڵەك شوورایەکیان بەدەوری ئەو حەوت گۆڕەی بەتەنیشت یەکەوە بوون دروست کرد، دەشیانوت جگەلە پیاوچاکەکە شەشەکەی تر منداڵێكو پێنج موریدی بوون، گۆڕی پیاوچاکەکە لەپێش هەموویانو ئەوانەی تر لەدواوەی. دوو گۆڕە دوورەکەش بوونە قسنی دوو موریدی تری پیاوچاکەکەو ئەوانیش دوایی خرانە ناو شووراکە. خەڵکەکە وتیان یەکێك لەو دوو گۆڕە دوورە زۆر قەڵەو بوو و ئەوەی تریان زۆر کورتە باڵا. قەڵەوەکەیان پاش ماوەیەك بووە جێگە نەزرو دوعای کوڕو کچە لاوازەکانو ناویان نا پیری قەڵەوی. نۆ گۆڕ بوون، شێخێكو هەشت مورید، شێخی پیرۆزی ئەو هەشت موریدە ناوێکی پیرۆزی هەبوو: پیر خدری شامار.

* * * * *

ئەو ڕۆژەی دوو ڕێبوارەکە پێش ئێوارە بەرەو (ماڵۆڵە) دەڕۆشتن بەهارێك بوو وەکو ئەو بەهارانەی سیامەند سەفەری تیٚ دەکردنو

دەگەڕایەوە، وەکو ئەو بەهارەی بۆ سیامەند پێکەنیو پێی وت بڕۆو چیتر بەدەوری خۆتو گوندەکە مەخولێوە، وەکو ئەو بەهارەی سیامەند بە دڵێکی دووکەرتەوە گوندەکەی جێهێشتەوە تا لەوە زیاتر بەدەوری بەتاڵی نەخولێتەوە، هەر وەکو ئەو بەهارەش بوو کە جارێکی تر گەڕایەوەو عیشقی سروشتی لەگەڵ خۆی هێنا، هەروەکو ئەو دوابەهارەش بوو کە واتاکانی ژیانو ئەودیو ژیانی بۆ خەڵك هێنا، بەڵام هەروەها بەهارێك بوو وەکو ئەو بەهارانەی تێپەڕیونو هەزاران وەچەی مرۆڤایەتی بینیویانن.

دوو ڕێبوارەکە کارێکیان لەو گوندە هەبووە دەبوایە زوو بەئەنجامیان بگەیەندایە پاشان بۆ گوندی کانی کەوە شۆڕبوونایەتەوەو دواتر بۆ خوارتر بۆ ئەوەی دوای تاریکی بگەنە دێی زەنان. ئەو لاوەی چەند مانگێکی مابوو ببێتە سی ساڵو پیاوە بەتەمەنەکە پەلەیان بوو بگەنە گوندەکە، بەڵام پیاوە بەتەمەنەکە نەیدەویست ئەو دەرفەتە لەدەست بداتو دەیویست بچێتە سەر ئەو قسنە.

دوانەکە دوو ئێسترەکەیان لەبنی تەپۆلکەکە جێهێشتو سەرکەوتن. باران بەسەر تەپۆلکەکە باریبوو و درەختەکانو گۆڕەکانو شوورای وشکەکەڵەکی چواردەوریان تەڕ ببوون. هەورەکان کەمێك لاچووبوونو خۆرێکی زەردی بەهاری لەنێوان ئەو هەورانە دەرکەوتبوو، پەلکەزێڕینە بەرزتر لە زنجیرە کێوەکەی بەرامبەریان بەسەر هەورەکان هەڵگەڕابوو. پیاوەکە بەرامبەر گۆڕی سیامەند بەپێوە وەستاو لاوەکە لەبەردەمی لەسەر ئەژنۆ بەرامبەر گۆڕەکە چۆکی دادا. لاوەکە سەری نەوی کردو پاڕایەوە:

**((پیر خدری شامار، پیری غەریبان، کەسێکی غەریبم، دوعام بۆ بکە سەلامەت بڕۆمو سەلامەت بگەڕێمەوەو ئیشەکانم ئاسان بن)).**

پیاوە بەتەمەنەکە ئەو پیرەی دەناسیو دەیزانی پێویستە دوعاکە بۆ ئەو لاوە ڕاست بکاتەوە:

((**پیر خدر هەمیشە دەیوت ڕاستەوخۆ داوا لە خاوەنەکەتان بکەن. دەگریاو دەیوت من کێم تا بمخەنە نێوان خۆتانو خوا؟**)).

لاوەکە حەزی کرد بزانێ پیاوە بەتەمەنەکە پیر خدری بینیوە، پیاوەکەش پێی وت کە بینیبوویو قسەکانی بیستبوو ئەوەندە هەبوو:

((**شەرمم لێدەکردو دەچوومە پشتی ئەو خەڵکەی گوێیان لێدەگرت، بەدزییەوە دەچوومو قسەکانیم دەبیست**)).

لاوەکە هەستاو دوعای بۆ نۆ ڕاکشاوەکەی کرد. دەستی بۆ پەڕۆیەکی سەوزی سەر لقێکی نزیك بردو لە وەڵامی پرسیاری چی دەکەیی هاوڕێکەی وتی دەیەوێ پارچەیەکی ئەو پەڕۆ موبارەکە هاوڕێی سەفەرەکەی بێ. پیاوە بەتەمەنەکە ئەوەی پێ وت کە لەو پیر خدرە بیستبووی:

((**سەوزایی بەهار زیندووبوونەوەی پاش مردنە، موعجیزەیەکی خاوەنی ئەو بەهارەیە، موعجیزەیەکە ئەوەندە دووبارە بۆتەوە لای خەڵك بۆتە شتێکی ئاسایی، ئەو ڕووداوە گەورەیە بۆتە شتێکی ئاسایی، پەڕۆیەکی سەوزی مردووی سەر گۆڕی مردووانیشیان لەلا بۆتە شتێکی گەورە**)).

لاوەکە تەماشای ئاسمانی کردو وازی لە پەڕۆ هێنا. ئەو و هاوڕێکەی چوونە خوارەوەو سواری دوو ئێسترەکەیان بوونەوە. هەر لەو شوێنە بوونو لە وڵاخەکانیان نەخوڕیبوو کاتێك پیاوەکە سەری بۆ تەپۆلکەکە بەرز کردەوە، لقەکانی سەرەوەی درەختەکانی لێوە دیاربوون. لە لاوەکەی پرسی:

((**سیامەند! دەزانی باوکت بۆچی ئەو ناوەی لێ نابووی؟**)).

پیاوەکە خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە سەیرەی ئەو کاتە

نەگونجاوەی دایەوە:

((**باوکت بەناوی کەسێکەوە ناوی نابووی سیامەند، منداڵ بووی باوکت مرد، بمایە باسی ئەو سیامەندەی بۆ دەکردی**)).

لاوەکە پرسی:

((**ئەو سیامەندە وەکو تۆو باوکم خەڵکی شامار بوو؟**)).

زەردەخەنەی پیاوە بەتەمەنەکە هی کەسێك بوو یادەوەریی زۆر بەمێشکی هاتبن، زەردەخەنەیەکی خۆشیی تێکەڵ بەخەفەت. قسەی تریان کرد پاشان پیاوەکە پرسییەوەو لاوەکەی سەرسوڕماندەوە:

((**شێوەی ئەم پیر خدرە چۆن دێتە پێش چاوت؟**)).

پرسیارەکە هی ئەوە نەبوو بکرێ، دەبێ چۆن بێ؟

((**بێگومان پیاوێکی موبارەك بووە، وەکو هەموو پیاوێکی موبارەکی تر**)).

پیاوە بەتەمەنەکە وردەکاریی دەویست، لاوەکەش نەیدەزانی بۆچی:

((**بەڵێ وا بوو، بەڵام شێوەو جلوبەرگی چۆن بوون؟**)).

لاوەکە سەری بەرز کردەوە بۆ ئەو پەڕۆ سەوزانەی لقەکانی سەرەوەی درەختەکانو وتی ئەو پیر خدرە وا دێتە پێش چاوی کە پیاوێك بوو:

((**هەشتا یان نەوەد ساڵ تەمەنی بوو، ڕیشێکی سپیی درێژی موبارەکی هەبوو، پۆشاکێکی سەوزی لەبەردابوو عەبایەکی سەوزی لەسەر شان بوو، مێزەرێکی سەوزیش، ئەو گۆچانەی بەکێلەکەیەوە هەڵواسراوە بەدەستەوە دەگرتو هێدی هێدی ڕێی دەکرد، خەڵك بەرەو پیریەوە دەچوون یان زیارەتیان دەکردو دەستو قاچیان ماچ دەکرد**)).

زەردەخەنەی پیاوەکە بووە پێکەنین. پێکەنینەکەی بووەوە بە زەردەخەنە، تەماشای زنجیرە شاخەکەی بەرامبەری کرد. پەلکەزێڕنەی سەرووی لوتکەکانی زنجیرە شاخەکە لەبەرچاوی وەکو لاوێکی بەگوڕ بەشەوقو بەکەیفەوە دەدرەوشایەوە، ئاوازی بلوێری



ZAGROS WEBSITE

شوانێکە بەرەو ئاسمان بەرزبۆتەوەو لەو بەرزاییە گیرساوەتەوەو دەنگی خۆش بۆتە ڕەنگی قەشەنگ:

((**ئێێی سیامەند! چۆن کوڕێك بووی!**)).

پرسیارو سەرسوڕمان بەشی ئەو ڕۆژەی ئەو لاوە بوو:

((**ئەوە دەڵێی چی ئاغا گیان؟**)).

پیاوەکە پاژنەی لە سکی ئێسترەکەی داو خستییە جووڵە:

((**هیچ کوڕم. هیچ. زۆراب ئاغا پیر بووەو وڕێنە دەکات**)).

پێکەوە ڕۆشتن‌و لە تەپۆلکەکەو نۆ ڕاکشاوەکەی سەری دوورکەوتنەوە. زۆراب دوائاوڕی بۆ تەپۆلکەکە دایەوە کە ئێستا هەموو درەختەکانی‌و شوورای وشکەکەڵەکی دەوری گۆڕەکانی لێوەی دیاربوون:

((**ئێێی سیامەند! بەڕاستی چۆن کوڕێك بووی!**)).

زۆراب دەموچاوی بە جامانەکەی داپۆشی بەڵکو ئەو چەند دڵۆپە فرمێسکە بشارێتەوە کە خەریکن دوو چاوی جێبێڵن‌و بچنە سەر ڕوومەتی. زۆراب بە لاوەکەی نەوت ئەوان دەیانتوانی ڕێگەیەکی کورتتر بگرنەبەرو بە مالۆڵە تێنەپەڕن. ئەو نەیتوانی پێی بڵێ هیچ ئیشێکی لە مالۆڵە نەبوو جگەلەوەی دەیویست بیکاتە بەهانەیەك بۆ سەردانی تەپۆلکەکەو شاماری وێران تا سڵاوێکیان لێبکات‌و بەشی چەند هەناسەیەك‌و چەند فرمێسکێك یادێکی جاران بکاتەوە.

لاوەکەو پیرەکە ڕۆشتن‌و دوورکەوتنەوە. ڕۆشتن‌و دوورکەوتنەوە، تەپۆلکەکەو نۆ ڕاکشاوەکەی سەری لە شوێنی خۆیان مانەوە.